# خەبات بۆ ئازادی

نوسینی: ئیڤان ئیفریمۆڤ

وەرگێڕانی: حامید گەوهەری

هەولێر: ٢٠١٧

# خەبات بۆ ئازادی

نوسینی: ئیڤان ئیفریمۆڤ

وەرگێڕانی: حامید گەوهەری

هەولێر: ٢٠١٧

ناوی کتێب : خەبات بۆ ئازادی
نوسین : ئیڤان ئیفریمۆڤ
وەرگێڕانی حامید گەوهەری
تایپ: حامید گەوهەری
هەڵەبڕ: کەمال گروێسی
دیزاین : هەژار گەوهەری
ڕازاندنەوە و دیزاینی بەرگ: هەولێر
چاپی یەکەم : ٢٠١٧
تیراژ : ١٠٠٠ دانە
بڵاوکراوەی: هەولێر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات
ژمارەی سپاردن :

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێرست | 5 |
| چەند وتەیەک | 7 |
| پێشەکی نوسەر | 17 |
| شاگرد پەیکەرتاش | 24 |
| وڵاتی کەف | 51 |
| کۆیلەی فیرعەون | 81 |
| خەبات بۆ ئازادی | 109 |
| دەشتی زێڕین | 155 |
| جادەی ستەم | 191 |
| هێزی دارستان | 224 |
| کوڕانی با | 260 |
| بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر | 303 |

# چەند وتەیەک

خەبات بۆ ئازادی داستانی "پاندیۆن" کوڕێکی یۆنانیی خەڵکی "**ئۆنیادا**"یە کە جگە لە باپیرەیەکی "باوکی باوکی" کەسێکی تری نییە. ئەو لەکن مامۆستایەکی پەیکەرتاشی گوندەکەیان شاگرد پەیکەرتاشە و بەو ئاواتەوە دەژی کە ببێت بە پەیکەرتاشێکی ناسراو لە جیهاندا، بەڵام باپیرەی بە ئەزموونێک کە لە ژیانی کەسان و گەلانی لاواز و بێدەسەلاتی ئەو سەردەمە هەیەتی، پێی خۆشە نەوەکەی لە بواری جەستەوە بەهێز و ئازا پەروەردە بکات و دواتر کە لە تاقیکردنەوەکانیدا سەرکەوت، بۆ پارێزگاری کردن لە خۆی و خەڵک و نیشتمانەکەی بچێتە لای سەرۆکی گوندەکەیان و لە پلەی سەربازێکدا خزمەت بکات.

**پاندیۆن** لە هەموو تاقیکردنەوەکانی بابە گەورەی سەردەکەوێت، بەڵام بەرگی سەربازیی ناپۆشێ و دەگەڕێتەوە لای مامۆستا "**ئاگنر**"ی پەیکەرتاش و درێژە بە فێربوونەکانی دەدات. ئاگنر و "**ئەگیونێر**"ی هاوژینی، کچێکیان هەیە بە ناوی "**تسا**" کە ئاشقی پاندیۆنە و مامۆستا "ئاگنر" و ئەگیونێری هاوژینشی، پاندیۆنیان وەک کوڕی خۆیان خۆش دەوێت.

پاندیۆن، سەوداسەری فێربوونی زیاترە و تاقەتی مانەوە لە گوند ناهێنێ و سەرئەنجام بە ڕەزامەندی تسا و ئاگنری باوکی و ئەگیونێری دایکی، واز لە ئەشقی تسا دێنێت و بۆ فێربوونی زیاتر بە لۆتکەیەکی بچووک بەرەو دوورگەی "کرێت" وەرێدەکەوێ. ئەو دەیەوێ دوای شەش مانگ بگەڕێتەوە، بەڵام لە ڕێگەی گەشتەکەیدا توشی ڕووداوێکی نەخوازراو دەبێت و لە میسر "وڵاتی ڕەش" بە دیلی دەگرن و دەیکەن بە کۆیلە. لە کۆمەڵگایەکدا کە ٥٠٠ کۆیلەی تری لێیە، دەیکەن بە کۆیلەی فیرعەون و کاری کەناڵ کێشان، بیناسازی، پەیکەرتاشی و .... تد پێدەکەن.

پاندیۆن، لە کۆمەڵگای کۆیلەکاندا، لەگەڵ کۆیلەیەکی ڕەش پێست بەناوی "**کیدیگۆ**" و پیرە پیاوێکی خەڵکی "**وتروسک**" بەناوی "**کاڤیۆس**" و میسرییەک کە ئەویش کۆیلە بووە، بەناوی "**یاخمۆس**" دەبێتە هاوڕێ. ئەو بە هۆی ئەشقێک کە بە نیشتمانەکەیو تسای هەیەتی، لەگەڵ کیدیگۆ و کاڤیۆس بڕیاری ڕاپەڕاندنی کۆیلەکان و ڕاکردن لە کۆمەڵگای کۆیلەکان دەدەن. میسرییەکە بەردێکی کریستاڵی ڕەنگ سەوزی نزیک بە شینی زۆر ڕونی دەداتێ، تا بەڵکوو لە ڕێگادا شانسی بۆ بێنێت و بیگەیەنێتەوە دەریای شین.

٥٠٠ کـۆیلە ڕادەپەڕن. ئەوان لە بیابانەکـان و دارسـتانە چڕەکانـدا توشـی تـونییەتی، برسـییەتی و دەیـان مەترسـی و کێشـە دەبـنەوە و لەو ژمـارەیە، تەنیـا ١١٤ کەسـیان بە زیندوویی دەمێننەوە کە ئەوانیش سـەرلەنوێ دەسـتگیر دەکرێنەوە. حاکمـانی تـاکیوم، ئەو ١١٤ کـۆیلەیە دەبەن بـۆ ڕاوی کەرگەدەن و بەڵێنیـان دەدەنـێ ئەگەر کەرگەدەنێـک بە زیندوویی بۆ فیرعەون بگرن، لە کۆیلەتی ئازادیان دەکەن، بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانیان. نزیک بە نیوەی ئەو ژمارەیە لە ڕاوی کەرگەدەندا دەکوژرێن، پاندیۆن توشی بێ توانایی مێشک دەبێت و هاوڕێکانی ناچار دەبن، ئەو بە دارەمەیت بەرەو وڵاتەکەی بگوازنەوە.

کۆیلە ئازاد کراوەکان سـەرلەنوێ توشـی ڕووداو و کارەسـاتی سەرسـوڕهێنەری وەک شـەڕ لەگەڵ ئـاژەڵی دڕنـدە، دارسـتانی چـڕ، زەلکـاوی پـڕ لە دڕنـدە، گەرمـای سـوتێنەر و تـونییەتی، سـەرما و نەبـوونی خـواردن، تۆفـان و ڕەشـەبای دژوار دەبـنەوە و سـەرئەنجام دەگەنە ڕەشـــماڵێک. خەڵکـــی هـــۆبەکە پێشـــوازییان لـــێ دەکەن و بە دەرمـــانێکی سەرسوڕهێنەری ناوچەیی کە لە فستق دروستیان کرد، توانایی بۆ دەگەڕێننەوە.

لە ١١٤ کەسـەکە تەنیـا ١٩ کەسـیان دەمێـنن. ئەو ١٩ کەسـە دەڕۆن و دەگەنە گونـدێکی ٣٠٠ مـاڵە کە فیـل بەخێـو دەکەن، لەوێ پانـدیۆن پەیکەرێـک لە قـوڕ بـۆ سـەرۆکی گونـد دەتاشـێ و ئەویـش کـۆمەڵێکی بەردی ئەڵمـاس دەداتـێ. جـگە لەوەش یارمەتیـان دەکەن و بگەنە گوندی کیدیگۆ.

لەو گوندەدا، کیـدیگۆ و خزمـانی زۆر ڕێـزی پانـدیۆن و کـاڤیۆس و هاوڕێیـانی دەگـرن. لەوێ پاندیۆن یەکێک لە بەردە ئەڵماسـەکان دەشـکێنێ و قەڵەمـی بەرد تاشینی"ئەسکەنە"ی لێ دروست دەکات و بەو ئەسـکەنەیە، کـار لەسـەر بەردە کریسـتاڵەکە دەکـات. لە بەشـێکیدا وێنەی تسـا و لە بەشـەکەی تـری بەردەکەدا وێـنەی خـۆی کیـدیگۆ و کـاڤیۆس دەتاشـێت. ئەوان لەگەڵ کۆمەڵێـک بازرگـانی دەریـایی کە گونـدییەکانی کیـدیگۆ نـاوی "کـوڕانی با"یـان لەسەر داناون، دەگەنەوە بۆ وڵاتەکەیان و...

ئەو ڕۆمـانە شـاکارێکی "**ئیڤـان ئیفریمـۆڤ**"ی ڕوسـییە، بەڵام مـن تەنیـا لەبەر بەرزیـی ڕۆمانەکە، ئەوم وەرنەگێڕاوەتەوە سـەر زمـانی کوردی، بەڵکوو ویسـتم بە وەرگێڕانـی ئەم شاکارە ئەدەبیە، دەسـت و قەڵەمـی قارەمـانێکی کوردسـتانیش بە خوێنەرانم بناسـێنم کە بە سـاڵانە دەمەوێـت لە بەرامـبەر خزمەتەکـانی بە کـورد و کوردسـتان، ئەرکـی خـۆم لە

بەرامبەریدا بەجێ بگەیەنم. لە کتێبی "ئەزموون- چەند لاپەڕەیەک لە بەسەرهاتەکانی ژیانم"دا نوسیومە:

- زۆرم هەوڵدا کتێبێک لەسەر تێکۆشەری ناوداری کورد، ڕەوانشاد عەزیز یوسفی بنوسم، بەڵام بەڵگە و دیکۆمێنتی پێویستم چنگ نەکەوت و کەسێکیش لە بنەماڵەکەیدا نەبوو کە یارمەتیم بدات. تەنیا سێ نامەی کاک عەزیزم چنگ کەوت کە ئەوانیشم ڕۆژی ٢٠٠٩/٩/٢٨ لەم وتارەی خوارەوەدا، بڵاوکردەوە:

**عەزیز یوسفی قارەمانێک کە ناوی بۆ هەمیشە لە دڵی نیشتمانپەروەراندا زیندوە:** عەزیز یوسفی ناوێکی ئاشنایە بۆ ئەو کەسانەی کە دڵیان بۆ ئازادیی لێدەدات و بۆ ڕزگاریی نەتەوەکەیان لە ستەمی داگیرکەران و دیکتاتۆرەکان تێکۆشاون. کاک عەزیز یەکێک بوو لەو کەسایەتییە شۆڕشگێڕانەی کە بە دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستاندا لەگەڵ ڕەوانشاد غەنی بلوریان و ڕەوانشاد سەدیق خاتەمی و گروپێکی تر لە هەڤاڵانی، لەساڵی ١٣٢٧هە- ١٩٤٨ز دا بە تاوانی ئەندام بوون لە حیزبی دیموکراتی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی "ڕێگا"، چوار ساڵ زیندانی کرا و دواتر سێ جاری تریش گیرا و بە گشتی ٢٥ ساڵ لە زیندانەکانی ڕژێمی پەهلەویدا ڕاگیرا.

دوای کودەتای ٢٨ی گەلاوێژی شا و زاهیدی لە ساڵی ١٣٣٢هە- ١٩٥٣ز و لە دەسەڵات کەوتنی دوکتۆر محەمەد موسەدیق، عەزیز یوسفی لەگەڵ غەنی بلوریان، سەدیق خاتەمی، شەهید هاشم حەق تەلەب "قادر شەریف"، محەمەد ئەمین ڕاتبی و ژمارەیەکی تر، مهابادی بەجێهێشت و پەنای بۆ گوندی چوارگا برد و لە لای قادر ئاغای چوارگا کە ئەویش ئەندامێکی چالاکی حیزبی دیموکرات بوو، درێژەی بە چالاکییەکانی دا.

ساڵی ١٩٥٤ لەگەڵ شەهید دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو، شەهید سدیق ئەنجیری و ڕەوانشاد غەنی بلوریان و بە هاوکاریی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان و حیزبی تودەی ئێران لە تەورێز خەریکی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان بووە کە بە پێی نوسینی غەنی بلوریان لە لاپەڕەی ١٥٣ی ئاڵەکۆک دا، چاپخانەی فیرقەی دیموکرات ئاشکرا بووە و جەعفەر قەوسی سەرنوسەری ڕۆژنامەی ئازربایجان و عەزیز یوسفی دەستگیر کراون و سەرلەنوێ یوسفی خراوەتە زیندان.

نزیکەی سێ ساڵ لە زینداندا ڕاگیرا و ساڵی ١٩٥٧ ئازادیان کرد، بەڵام بەهۆی گوشاری پۆلیس، مهابادی بەجێهێشت و چووە تاران و لەوێ بە هاوکاریی دۆست و

ئاشـنایانی لـە بەشـی ئەرشـیڤی زانکـۆی کشـتوکاڵی کـەرەج دامـەزرا. بەرلـە گەڕانـەوەی سەرۆک مستەفا بارزانی لە سۆڤیەت ڕا بۆ عێراق، لـە ٢٣ی گـەلاوێژی سـاڵی ١٩٥٨، عـەزیز یوسـفی و عەبـدوڵا ئیسـحاقی "ئەحمـەد تۆفیـق" لەسـەر گەڵاڵەیـەک بـۆ دواڕۆژی حیزبـی دیمـوکرات نـاکۆکی پەیدا دەکەن. بە ڕووخـانی ڕژێمی فەیسـەڵ لـە عێراق، عـەزیز یوسـفی دەرفەت پەیدا دەکات کە بچێتە باشـوری کوردسـتان و دەقی گەڵاڵەکەی خـۆی ئاراسـتەی هەڤاڵانی لە باشوری کوردستان بکات و ڕای ئەوانی بۆ ڕاکێشێت. بەو ئومێدەوە لـە شـاری کەرەج سواری ئوتوبـوس بـووە و بێخەبـەر لـەوە کە سـاواک بـە شـوێنییەوە، بـەرەو ورمـێ چـووە. لـە ورمـێ جلـو و بـەرگی گۆڕیـوە و بـەرگی کـوردیی و بـە شـێوەیەکی نـەناس ویستویەتی بچێ بۆ مهاباد و لـەوێوە دەربـازی باشـوری کوردسـتان بێت کە لـە پاسگای "باڵانیش" لـە بیسـت کیلۆمـەتری جادەی ورمێ بۆ مهاباد گرتوویـانە. کاک عـەزیز بـە پەلـە گەڵاڵەی پرۆگرامەکە خستوەتە ناو زاری و کە قوتی بدات، بەڵام ژاندارمەکان بە مستەکۆڵە لـە زار و ئـەوکیان دەرهێنـاوەتەوە و بردویـانەتە ژاندارمـەریی ورمـێ. لـەوێوە بـەڕێکراوەتە تاران و سـەرهەنگ زالتاش و سـەرهەنگ عیسـا پژمـان کـە هـەردوو کـورد و خـەڵکی سـنە و ئەفسـەری ساواک بوون، کراون بە مەئموری پشکنینی و سەرئەنجام بە لێدان و ئەشکەنجە ناچاریان کردوە ڕاستییەکان بدرکێنێت.

ساڵی ١٩٦٣ لەگەڵ بەڕێزان غەنی بلوریان و جەلیل گادانی لە زیندانی قەسـری تارانـەوە بۆ زینـدانی بـەرازجان دوور خراوەتـەوە و لـەوێ بـەهۆی خراپیی هـەوا و نـەبوونی ئـاوی خاوێن و خۆراکی خراپ، گەلێک ئازاری بینیوە و توشی نەخۆشیی گورچیلە و دڵ بووە.

سـاڵی ١٩٦٧ لـە زینـدانی بەرازجانـەوە ڕەوانـەی زینـدانی "ئـامول" کـراوە و لـە زینـدانی ئـامول بـەهۆی پێڕانەگەیشـتن بـە بـاری تەندروسـتیی و ڕەوانـە نـەکردنی نامەکـەکانی بـۆ براکـەی، شـکاتی لـە بەرپرسـانی زینـدان کـردوە. بـۆ پێڕاگەیشـتن بـە شـکاتەکەی ڕۆژی ١٩٧٢/٥/٦ لە ئامولەوە بردویانە بۆ "ساری" کە چاوی بە دادیاری سەربازیی بکەوێت. وەک بۆخـۆی لـە نامەیەکدا ئامـاژەی بـۆ دەکـات بـۆ ئـەو دیـدارەی لـە ژوورێکـی چـوار مـەترەوە دەیبەن بۆ ساری و دوای گەڕاندنەوەی بۆ زیندان دیتنەکانی خۆی لەو نامەیەی خـوارەوەدا بۆ کاک عوسمانی برای نوسیوە کە وەک بیرەوەرییەک بمێنێتەوە. ئـەو نامەیـە کە بە زمـانی فارسی نوسراوە، نزیکەی ٣٧ ساڵە لە لایەن برادەرێک کە نـاوی لای مـن پـارێزراوە، ڕاگیـرا و دواتـر بەمنـی سـپارد کە لە نوسـینەکانمدا کەڵکی لێـوەرگرم. ئـەوە بـۆ یەکـەم جـارە ئەم

نامەیەی کاک عەزیز یوسفی دەکەویتە بەر دیدی خوینەران. بەرلە بلاوکردنەوەی، پڕبە دڵ سوپاسی ئەو دۆستە خۆشەویستەم لە مهاباد دەکەم کە نامەکەی بۆ بلاوکردنەوە دامێ.

**برای ئازیزم**

**ئومێدەوارم ئێوە و هەموو ئەندامانی بنەماڵە باش بن. پارەکەت گەیشتووە، بەڵام هەواڵێکم لە نامەکەت نییە. ئەمڕۆ شانزدەی گوڵانی ١٣٥١ه، ئاسمان بەرگی سپی لە هەور پۆشیوە و خۆر لەژێر ئەو بەرگە نەرمەدا ڕەنگی گۆڕاوە. سروشت بە دەست و دڵی ئاوەڵەوە، هەموو لوتف و مەرحەمەتی خۆی بە هەرێمی جوانی مازندران بەخشیوە و بە هەموو توانایەوە ڕازاندوویەتەوە. دارستانە سەرسەوزەکان، کێڵگە نوێیەکان، زەوییە بە پیتەکانی گەنم و ڕوبارە سەرکێشەکان و خەزەری ڕەنگ زمورود هەموویان دەستیان داوەتە دەست یەکتر و دیمەنی ئەم ناوچەیەیان وەک تابڵۆیەک جوان و زەوق هێنەر کردوە. تا چاو هێزی بینینی هەیە، هەموو جێیەک سەوزە و بە دەرخت و گوڵ داپۆشراوە. زەوی مەخمەری سەوزی پۆشیوە و لە ترۆپکی چیاکاندا دار و درەختی مەزن دەبیندرێت کە سەر لە ئاسمان دەسوون. گەنمی دێمەکارەکان لە بناری بەرزاییەکان، بە شنەبای بەهاریی کەروێشکە دەکەن.**

**پەڕەسلێرە تیژباڵەکان بە توندی لە ئاسمان دەسوڕێنەوە، بە خێرایی شۆڕدەبنەوە و سنگیان لە ئاوی ڕوباری "تالدر" دەخشێنن و بە باڵە نەرمەکانیان کەوانە سازدەکەن، کەوانەکان گەورە و گەورەتر دەبن و تا ماوەیەک دەمێننەوە. تالدر ڕوبارێکی بە شەپۆلە، لە بناری چیا سەربەرزەکانی فیروز و سوار سەرچاوە دەگرێت و لە ڕێگای هەمیشەیی خۆیدا پێچان دەخوات و کێڵگەکانی هەردوو لای خۆی تێرئاو دەکات و سەرئەنجام دەچێتە ناو خەزەری ڕەنگ شینی فیروزەیی. لەو ڕوبارە ڕەوانە، خۆشتامە، بەرهەم بەدی دێت و کاتێک بەفرەکان دەتوێنەوە و هەورەکان بە فرمێسکی وەک گوڵاویی خۆیان پەل و گەڵای دارەکان و سیمای چەمەنزارەکان دەشۆنەوە، ڕوباری تالدر لەو ئاوە ساف و ڕەوانانە، بژیوی جوتیاران پاشەکەوت دەکات و لە کێڵگە و دەشتە سەرسەوزەکانی دەوێت کە پڕبار و مێهرەبان بن.**

**خەزەر، خەزەری جوان کە وەک ئەڵقەیەکی پیرۆزەیی لە پەنجەی وڵاتەکەماندایە. کاتی شەو، ئەوکاتەی کە ڕۆشنایی مانگ بەسەر چڵی درەختەکاندا دەبیندرێت و ڕوناکیی بەسەر کێڵگەکان و ئاوی دەریادا بڵاودەکاتەوە، لە ئاوێنەیەک دەچێت کە باڵندە و ئەستێرەکانی**

تێدا دەردەکەون و وێنەکان بەرەو سەما و هەڵپەرکێ ڕادەکێشێت. لەوکاتەدا دنگی قازە کێوییەکان تێکەڵاوی دەنگی شەپۆلەکان دەبێت و سەمفۆنییەکی ئارام و دڵنەواز پێکدێنن.

لۆتکە "بەلەم"ی ڕاوکەران کە شەوانە بە قاچاخ بۆ ڕاوە ماسی دەچن، وەک "قو"ی سەرخۆش، باڵەکانیان لەسەر ئاوی خەزەر دەکەنەوە و تا قوڵایی دەریا بە فەرمانی بێڵی خاوەنەکانیان بەرەو شوێنی ماسییەکان دەچن. هەندێک جار ئەو هەوڵانە کە بۆ بەدەستخستنی بژێوی ژیان بە ئەنجام دەگەن، کارەساتیان لێدەکەوێتەوە و خەم و پەژارە دەخولقێنن، چونکە خەزەری جوان کاتێک تورە دەبێت و شەپۆلان دەدات، ژیان و ئومێد و ئارەزووەکان لەناو شەپۆلەکانیدا دەخنکێنێ و دەبێتە گۆڕستانی هەمیشەیی مرۆڤەکان.

مازندەرانی جوان بە ئاسمانی ساف و پڕ ئەستێرەی، بە دارستانە سروشتییەکانی و ڕوبارە پڕ لە ئاوەکانی، بە کێڵگە بەپیتەکانی و بۆنی خۆشی گوڵە کێوییەکانی، بە خەزەری شین و خەڵکی مێهرەبانییەوە، تا ئێستا هاندەری گەلێک نیگارکێش. شاعیر و داستان نووس بووە.

ئەو هەمووە جوانییەی کە چاو و دڵ دەلاوێنێتەوە، خەریکە من بەرەوخۆی دەبات و گڕی خامۆشی زەوق لە جەستە و گیانمدا بەرز دەکاتەوە. لەو حاڵەتەدا کە پاسەوانە چاودێرەکانم بە ئوتومبێلی زیندان من بەروە ساری دەبەن کە چاوم بە دادیاری سەربازیی بکەوێت، لە کەسێکی تونیی دەچم کە تینی زۆری تونییەتی لە جەستەیدا ڕاپەریوە. هەرچی دەبینم زەوقم زیاتر دەکات، بەڵام ڕێگا کورتە و مەودای دیتنم کەم

کاتژمێر دوانزدە و نیوە، دیدارەکە بە جوانی بەڕێوەچوو، بڕیارە دەربارەی هۆی وەپاشکەوتنی وێنەگرتن لە گورچیلەکانم پرسیار بکەن و سەبارەت بە سلامەتیی ژیانم و درەنگ ڕەوانە کردنی نامەکانم بپرسنەوە. چاوەڕوانی هاتنی ئوتومبێلی زیندان دەکەین، لەوکاتەدا دیوارەکانی بەهەشتی بەڵێندراو دەروخێن و فریشتەکان ڕادەکەنە دەرەوە! ئێستا بەهار هاتووەتە ناو شەقامەکانەوە! گوڵەکان دیمەنی شاریان ڕازاندووەتەوە و گوڵە سونبولەکان پرچیان بەبا داوە.

ئێستا لەسەر شەقامە قیلەتاوە پینەکراوەکانی ساری، ئافرەتێکی جوانی خەزپۆش بە قاقای پێکەنینەکانی، گوێی پاسەوانەکانی بەرەوخۆی بردووە! ئوتومبێل بەڕێدەکەوێت و زۆری پێناچێت کە دەگەڕێمەوە ناو کولانە چوار مەترییەکەمەوە. دیسانیش وەک هەمیشە ساتەکانی ژیانم وەک دڵۆپی باران لە دەریای بێ بنی زەماندا، ون دەبن و بەهار لە دوای

**پانزده ساڵ، به مەودای دوو کاتژمێر بۆ من دێت و تەواو دەبێت. دیسانیش جێی شوکرە، لە خەرمانێک، کایەک! بەهەر حاڵ .....**

**ئەمڕۆ بۆ شکایەت لە کەمتەرخەمیی کردنی بەرپرسان سەبارەت بە وێنە نەگرتن لە گورچیلەکانم کە ماوەی هەشت مانگە وەپشتگوێی دەخەن و دۆخی ژیانم و دەرەنگ ڕەوانەکردنی نامەکانم، بۆ بینینی دادیاری سەربازیی چوومە ساری و بەڵێنیان دامێ کە بە شکایەتەکەم ڕابگەن. با بزانین لە داهاتوودا چەندە بەڵێنەکانیان بەجێدەگەیەنن. ویستم ڕووداوی ئەم سەفەرەت بۆ بنووسم کە دوور لە خۆشیی نەبوو، تا هەم بیرەوەرییەک بێت و هەم باسێک لە جوانییەکانی مازندەران. من زۆر باشم. دەستی دایکم و ڕووی منالەکانت ماچ دەکەم و سلاو لە خێزانت دەکەم:**

**بە سلاوی زۆر: برات ۱۳۵۱/۲/۱٦**

دەزگای هەواڵگریی شا "ساواک" دواتر کاک عەزیزی لە ئامولەوە گواستەوە زیندانی "قەسر" لە تاران و ساڵی ۱۹۷۷ کە حکوومەتی شا بەرەو ئاڵۆزیی و ڕووخان دەچوو، شا ئیزنی بە ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ "ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانیی"دا کە نوێنەریان سەردانی زیندانە سیاسییەکان بکەن، ئەوە لە کاتێکدابوو کە شا پێشتر ڕایدەگەیاندبوو: **(لە ئێراندا زیندانیی سیاسی نییە.)**

بەرلەوەی کە نوێنەرانی ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ سەردانی زیندانی قەسر بکەن و هەندێک بەرلە ئازادبوونی کاک عەزیز لە زیندان هەواڵنێرێکی بلژیکی بۆ وتووێژ کردن لەگەڵ عەزیز یوسفی سەردانی زیندانی کرد. بەرلە چوونی ئەو هەواڵنێرە بۆ زیندان، بەرپرسانی زیندان لە عەزیزیان ویست کە لە درکاندنی ئەشکەنجە و ڕاستییەکانی ناو زیندان بۆ هەواڵنێری بلژیکی خۆبپارێزێت و شتێک بە زمان نەهێنێت، بەڵام کاک عەزیز دەڵێت: **(مەگەر ئێوە زیندانییەکان ئەشکەنجە ناکەن؟ کاتێک ئێوە بە هەموو بێبەزەیی خۆتان، شێتانە منداڵانی خەڵک و نیشتمان قەسابیی دەکەن، حەقتانە لە ئاشکرا بوونی بترسن.)** بەرپرسی زیندان پێی دەڵێت: **(ئاخر ئابرووی وڵات لە مەترسیی دایە.)** یوسفی لە وەڵامیدا دەڵێت:

**- (کام وڵات؟ وڵاتی تۆ، یان وڵاتی ئێمە؟ وڵاتی زیندان سازان، زاڵمان، درۆزنان، ڕێگران، یان وڵاتی زیندانییەکان، خەباتکاران، زەحمەتکێشان؟ بەڕێزان، وڵاتی ئێمە و ئێوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. لە زەوییەوە تا ئاسمان پێکەوە جیاوازن. ئێمە بۆ نیشتمانی**

**خۆمان لە ئەشکەنجە و زیندان و مەرگ ناترسین، بەڵام ئێوە ئەو نیشتمانە دیلکراوەتان تەنیا بۆ دۆشینی پتر، مژینی پتر و مژتنی پتری شیرەی دەرونی ئەو دەوێت. هەر ڕۆژێک کە هەست بە مەترسییەکی چوک بکەن، لەو نیشتمانە ڕادەکەن! نیشتمانی ڕاستینی ئێوە لە گیرفان و هەگبەکانتاندا لەگەڵ خۆتان دەبەن.)**

بەرپرسانی زیندان هەرەشەیان لێکرد، بەڵام سودی نەبوو، ئەو لە بەرامبەر هەواڵنێری بلژیکیدا هەموو تاوانە سامناکەکانی زیندانەکانی شای ئاشکرا کرد.

کاک عەزیز یوسفی لە زینداندا دوو کتێبی بەو ناوانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. کتێبی یەکەم: "یادداشتهای یک معلم مدرسە" لە نوسینی "ف. ڤیگدورڤوا" کە ساڵی ١٩٥٧ بە دوای ئازادبوونی لە زیندان چاپی کردوە و کتێبی دووەم: "سرزمین کف" لە نوسینی "ئیڤان ئیفریمۆڤ"ە و ساڵی ١٩٦٨، لە زیندانەوە ناردویە بۆ چاپخانەی روز "ڕۆژ" بۆیان چاپ کردوە.


سەرئەنجام کاک عەزیز یوسفی ئەم جارەشیان دوای نزیکەی ١٩ ساڵ، لەسەر داوای ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، بە هۆی نەخۆشیی دڵەوە لە پاییزی ساڵی ١٩٧٧ لە زیندان ئازادکرا و گەڕایەوە مهاباد. ناوبراو کە سەرجەم ٢٥ ساڵی ژیانی خۆی لە زیندانەکانی شادا بەسەربردبوو، دوای ئازادبوونی بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەوڵیدەدا بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێبخات، بەڵام مەرگ مەودای پێنەدا و ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٥ بە نەخۆشیی دڵ لە تاران کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٦ کۆمەڵێک دۆست، هاوڕێ، نووسەر و خەباتگێڕی کورد و ئێرانیی، تەرمی کاک عەزیزیان لەناو ئاپۆرای خەڵکدا گەڕاندەوە بۆ مهاباد. هەزاران کەس لە مهابادەوە بەرەوپیری تەرمەکەی چوونە میاندواو و "مەلیک کەندی" و پێشوازییان لێ کرد و دوای گەیشتنەوەی، ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٧ لە گۆڕستانی مهاباد بە خاکیان سپارد. بەخاکسپاردنی تەرمی کاک عەزیز بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مهاباد و بەشداریی ئایەتوڵا مکارمی شیرازی کە لەو سەردەمەدا حکومەتی شا دوریخستبووەوە بۆ مهاباد، بە شێوەیەکی ئارام بەڕێوەچوو. مامۆستا شێخ عیزەدینی حوسێنی تەلقینی دادا و پۆلیس و ساواک ڕێگر نەبوون لە بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکەدا، بەڵام ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٠ دوای سێ ڕۆژ ماتەمینیی لە خانەقای "سەید نیزام"ی کە لە حەوشەی مزگەوتی هەباس ئاغای بوو، خەڵک بە خۆپیشاندانێکی ئارام کە چەند تاجە گوڵ و وێنەی کاک عەزیزیان

لەســەر شــان بــوو، بــە شــەقامی شــاپووردا بــەرەو "گومبــەزان" واتــە گۆڕســتانی مهابــاد کەوتینەڕێ. لە دەوری گڵکۆی کاک عەزیز کۆبوینەوە. کاک جەلیل گادانی وتارێکی لەسەر ژیان و بەسەرهاتەکانی کاک عەزیز پێشکەش کرد.

لەو ڕۆژەدا یەکەم خۆپێشاندانی جەماوەریی بە دروشمی **"مەرگ بەر شا"**، **"بژی کورد-بژی کوردستان"**، **"یان کوردستان یان کورد نەمان"** و **"بمرێ شا"** لە گۆرستانی مهاباد ســەریهەڵدا و دواتــر شــاری ورمــێ و ســنە و شــارەکانیتری کوردســتان و ئازەربایجــانی گرتەوە. ڕۆژانی هەینی ژمارەیەک تورک بە ناوی یەکیەتی کورد و تورکانەوە لە ورمێ و میانــدواو و نەغــەدەوە دەهاتنــە مهابــاد و دوای تــەواوبوونی نــوێژی هــەینی، بەشــداریی خۆپێشاندانەکانی خەڵکی مهابادیان دەکرد.

دوای ئازاد بوونی لە زیندان، کاک عەزیر یوسفی کتێبە وەرگێڕاوەکەی "سرزمین کف" دەخــوێنێتەوە و تێــدەگات، چەنــد هەڵەی ئیملایــی تێــدایە. ئەو بە قەڵەمێکــی ســور، هەڵەکــان ڕاســت دەکاتەوە و کتێبەکە دەدات بە کــاک عەزیــز یوســفی کوڕی ســەعید کە وەک یادگــار لای بمێنێتەوە. کاتێک من بەو ڕووداوەم زانی، داوام لە کــاک عەزیــز کــرد کە کتێبەکە بەمــن بســپێرێت کە وەریگێڕمەوە ســەر زمــانی کــورد، تــا ئاشــقانی عەزیــز یوســفی خەباتکــار بیخــوێننەوە. کــاک عەزیــز بەم چەنــد دێــڕە کتێــبەکەی پێشــکەش بەمــن کرد و منیش بەڵێنی خۆم بەجێ گەیاند. سوپاس بۆ کاک عەزیز یوسفی.



لە کۆتاییــدا، لەگەڵ ســوپاس و ڕێــزم بــۆ کــاک کەمــال گروێســی کە وەک هەمیشــــە ئەرکــــی پێــــداچوونەوەی کتێبەکەمــی خســتە سەرشــانی و کــاک هەژار گەوهەری بــۆ دیــزاین کردنــی. هەروەهــا ڕۆحەنگیــز خــانمی هــاوژینم لە دۆزینــەوەی وشــەی جــوان بــۆ وەرگێــڕانەکەم یارمەتی کردوم. جگە لەوە، پێویستە ئاماژە بۆ دوو خاڵی گرنگی ئەم وەرگێڕاوە بکەم:

١- زیاتر لە نیو سەدەیە، کاک عەزیز ئەم کتێبەی وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی فارسی. لەو سەردەمدا، لە نێو نوسەرانی ئێران دا باو بووە کە لە نوسینەکانیاندا لە وشەی قەبە و سەختی تێکەڵاو بە زمانی عەرەبی کەڵک وەرگرن. لەبەر ئەوە خوێندنەوە و تێگەیشتنی دروست لە وەرگێڕاوەکەی کاک عەزیز، ڕەنگە بۆ هەندێک خوێنەر دژوار بێت و من خۆشم وەرگێرانەکەم بۆ دژوار بوو.

٢- ناوی ئەسڵی کتێبی **ئیڤان ئانتۆنڤیچ ئیفریمۆڤ**،Ivan Antonovic Efremov "تروسکەیەک لە تەم" دایە. "**جۆرج هانا**" George H. Hanna لە وەرگێرانە ئینگلیزییەکەیدا، ناوی ناوە "وڵاتی کەف" و کاک عەزیزیش هەمان ناوی لەسەر وەرگێڕاوە فارسییەکەی داناوە کە ئەم ناوە پێوەندییەکی زۆر کەمی بە نێوەڕۆکی کتێبەکەوە هەیە. چونکە هەموو هەوڵی قارەمانەکانی ئەو ڕۆمانە لە پێناو ئازادی دایە، من لە وەرگێڕاوەکەمدا بۆسەر زمانی کوردی "خەبات بۆ ئازادی"م هەڵبژارد کە لەگەڵ نێوەڕۆکی کتێبەکە دەگونجێت. هیوادارم خەبات بۆ ئازادی بە دڵی خوێنەران بێت.

حامید گەوهەری

ستۆکهۆڵم: ٢٠١٧/١/١

# پێشەکی نوسەر

کزە بای پاییز، بەسەر شەپۆلەکانی "**نێڤا**"[١]دا تێدەپەڕی. میلەیەکی باریکی قەڵای "**پێتێر پاول**"[٢]، لە بەرامبەر تیشکی خۆردا وەک هێڵێکی زێڕینی نزیک بە شین بەرەو ئاسمان بەرز ببووەوە. لە خوارەوەیدا، "**پالیس بریج**"[٣] قورس و سەخت پشتی پانی خۆی بەسەر پلەکانە دڕو گرتووەکانی جێی دابەزاندنی باری کەشتییەکان "بارانداز" کە شەپۆلە درەوشێنەرەکانی دەریای لێ دەکەوت، خوار کردبۆوە.

مەلەوانێکی گەنج، کە لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و لە جێی خۆی هەستا و بە پەلە بە درێژایی بەندەر و شوێنی دابەزاندنی بارەکان، وەڕێکەوت. لە بینای ئیدارەی هێزی دەریایی تێپەڕی. ڕەنگی دیوارەکانی ئەو ئیدارەیە نارنجی بوون و بە تاجێک لەسەر ئەستونە سپییەکانی، بەرەو بەرزایی ئاسمانی ڕونی پاییز بەرز ببوونەوە. گەنجەکە، بەبێ ئەوەی کە سەرنج بداتە دەور و بەری خۆی کە بەهۆی ڕۆژی پشودان چۆل بوو، بە هەنگاوی ورد و ئارام دەچووە پێشەوە و چونکە لەشی بە ڕۆیشتن گەرم ببوو، کڵاوە مەلەوانییەکەی بەرەو تۆقی سەری هەڵکێشا. لە باخێکدا کە دارەکانی بە ڕەنگی پاییزی دەدرەوشانەوە، تێپەڕی. بە شوێنێکی بەرفرەواندا چووە پێشەوە و هەندێک لە بەر دەرگای موزەخانەی "**ئەرمیتاژ**" ڕاوەستا و تەماشای دوو پەیکەری گەورە و سەختی وەک دێوی کرد کە لە هەیوانێکی گەورەوە بەسەر پیادەڕەودا خوار ببوونەوە. لەسەر پەیکەرە لە دێو چووەکاندا، هێشتا ئاسەواری بۆمبەکانی ئەڵمانیا دەبیندرا. گەنجەکە، بە دەرگایەکی گەورەدا چووە ژورەوە. پاڵتۆکەی دەرهێنا و بە پەلە بەرەو ڕیزە پلەکانێکی مەرمەڕی سپی چووە پێشەوە. پلەکانەکان دەگەیشتنە دالانێکی نیوە تاریک کە ڕیزێک ئەستونی ڕەنگ ڕونی هەبوو، و کۆمەڵێک پەیکەری بەردی مەڕ مەڕی لێ داندرابوو.

کچێکی جوان و باڵابەرز، بە خۆشحاڵییەوە بۆ پێشوازییکردنی گەنجەکە هات. چاوە وردبینەکانی، کە هەندێک مەودایان لەیەکتر هەبوو، هەردەهات و گەش و خۆشحاڵتر دەبوون. مەلەوانەکە بە شلەژاوی تەماشای کچەکەی کرد، بەڵام کاتێک بینی ئەویش بلێتی سپاردنی پاڵتۆکەی لە هەگبە سەر ئاوەڵاکەی نا، تێگەیشت لە هاتندا پاش نەکەوتووە. سیمای گەشایەوە و بە متمانەوە پێشنیازی بە کچەکە کرد لە گالێری عەنتیکەخانەوە تەماشای کەل و پەلەکان بکەن. گەنجەکان، بە نێوان جەماورەدا تێدەپەڕین و بە درێژایی

ئەستونەکانی هەڵگری میچی ڕەوشەنی هۆڵەکەدا دەچوونە پێش و تەماشای عەنتیکەکانیان دەکرد. دوای بینینی قاپ و قاچاخەکان، تاشە بەردە نوسراوەکان بە زمانێکی بێگانە، پەیکەری ڕەش و خەمباری میسرییەکانی کۆن، تابووتە بەردییەکان و مۆمیاییەکان و کەرەستەکانی پەیوەندیدار بە ڕێوڕەسمی بە خاک سپاردنیان بینی. ئەوانە بەشێوەیەکی خەمناک لە قاتی خوارەوەی موزەکە بوون و پێویستیان بە ڕەنگی ڕون و تیشکی خۆر هەبوو. کوڕ و کچە گەنجەکە، بۆ ئەوەی خۆیان بگەیننە ژوورەکانی قاتی سەرەوە، پەلەیان بوو. دوای دەرچوون لە دوو ژووریتر، بەرەو پلەکانەکانی ئیحتیات چوون کە ژوورێکی چکۆلەی بە پەنجەری تەسک و درێژ هەبوو، و لەو پەنجەرانەوە، ئاسمانی بێڕەنگ دیار بوو. ئەو ژوورە دەچوو بۆ ژوورەکانی قاتی سەروو. ژمارەیەک ویترینی درێژی هەشت سوچ لەنێوان ئەستونەکانی دانرابوون، بەڵام لەوە نەدەچوو کە عەنتیکە بچووکە هونەرییەکانی نێو ئەو ویترینانە، سەرنجی تەماشاکەران ڕاکێشن.

لە پڕ، کچەکە لە ویترینی سێیەمدا چاوی بە بەردێکی ڕونی درەوشاوەی سەرسوڕهێنەر کەوت کە ڕەنگی سەوزی نزیک بە شین بوو. ئەو بەردە بە جۆرێک دەدرەوشایەوە کە لەوە دەچوو کۆگایەک ڕوناکیی تێدا کۆ بووەتەوە. کچ، داوای لە هاوڕێکەی کرد، بێتە لای ویترینەکە. بەردێکی لوس و دەور خڕ، لەسەر لێژایی قوماشێکی مەخمەری زێو ڕەنگی درەوشاوە دانرابوو. بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەدرەوشایەوە و ڕەنگەکەی لە ڕادە بەدەر شاد و جوان و درەوشێنەر بوو. لە بەشی سەرووی بەردەکەوە دیار بوو کە بە دەستی مرۆڤ، نیگار کراوە. وێنەی ڕونی مرۆڤ بوو. وێنەکان، لە سەری قامکی پەنجەی مرۆڤ، بچووکتر و بەرجەستە و زۆر ڕون بوون.

ڕوناکی زۆر و درەوشێنەری ئەو بەردە لە بەرامبەر ڕەنگی مۆر و تاریکی گالێرییەکە و تارمایی زەردی ئاسمانی پاییزدا، جیاوازییەکی زۆری پێکهێنابوو.

کچەکە ئاخێکی قوڵی بیست کە لە هەناوی هاوڕێکەی هاتەدەر. لە چاوەکانیدا، کاردانەوەی خەونێکی دی کە لە بیرەوەریی پێکهاتووی ئەو بەردە هەڵقووڵی بوو. مەلەوانی گەنج، بە ئارامیی و متمانەوە باسی لە دیتنەکانی کرد و گوتی:

– **(ئەوە بە تەواوتی وەک دەریای باشورە لە پاشنیوەڕۆیەکی هەتاوییدا.)** کچەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: **(ئەوە شتێکە کە من هەرگیز نەمدیوە، تەنیا و تەنیا تێیدا هەست بە**

**شێوازێکی قوڵ و ڕەوشەن و شاد دەکەی.... بە دروستی ناتوانم ڕونی بکەمەوە... خەڵک ئەو جۆرە بەردانە لە کوێ دەدۆزنەوە؟)**

**- (نە، ناسنامەی گشتیی سەر چوارچێوەی ویترین:**

**Antae Bnriais: 7 Th Century Middle Dnieper, River Ros و نە نوسراوەی خودی ویترین: Grebenets Burial Mound, Ancient Clan Shrin شتێکیان لێ ڕون نەکردوەتەوە. عەنتیکەکانی دەوروبەری ئەو بەردە سەرسوڕهێنەرە برتین لە: کێردی شکاو، سەری نێزە کە بە ڕادەیەک ژەنگیان هێناوە و ناشیرین و خراپ بوون کە ناناسرێنەوە، قاپی پان و جۆرێک ئاوێزەی ئاسن و زێوی ڕەشهەڵگەڕاوی چوار سوچی ناڕێک.)**

پیاوە گەنجەکە هەستی کرد، هەمووی ئەوانە لە هەڵکەندنەکانی ناوچەی **"کیف"**(٤) دۆزراونەتەوە، بەڵام مـن هەرگیز نەمبیستوە: **(بەردی بەم شێوەیە لە هیچ جێیەکی "ئۆکراین"**(٥) **دۆزرابنەوە.. لە کێ بپرسین؟)** گەنجەکە چاوی بە دەوروبەریدا گێڕا، لە بێ بەختی، جگە لە ژنێک کە خزمەتکاری مۆزەکە بوو، و لەسەر سەندەڵییەکی نزیک پلەکانەکان دانیشتبوو، هیچ ڕێنمایەک وەبەرچاو نەدەکەوت.

لە پلەکانەوە، دەنگی پێ هات و پیاوێکی باڵا بەرز بە قاتێکی ڕەشی ئوتوکراو، هاتە ئەو ژوورە. چونکە ژنە خزمەتکارەکە لەپێشی هەستا و بە ڕێزەوە سڵاوی لێ کرد، کچە تەماشاکەرەکە بە دروستی هەستی کرد کە ئەو پیاوە کەسێکی گرنگی مۆزەکەیە. لەبەرئەوە، بە سوکی ئانیشکێکی لە تەنیشتی هاورێیەکەی کوتا، بەڵام چونکە کوڕەکە خەریکی قسەکردن لەگەڵ کەسێکی تازە هاتوو بۆ مۆزەکە بوو، و وەک مەلەوانەکان قیت لە بەرامبەریدا ڕاوەستابوو، بە لێدانی کچەکەی نەزانی. لەو پیاوەی پرسی:

- **(دەکرێ شتێکت لێ بپرسم؟)** دانیشمەند چاوە نزیک بینەکانی تەنگ کردەوە کە تەماشای ئەو کوڕ و کچە گەنجە بکات و دواتر گوتی:

- **(دەتانەوێت چ شتێک بزانن؟)** مەلەوانەکە پێی گوت کە کام شت، سەرنجی ڕاکێشاون. دانیشمەند بە پێکەنینەوە گوتی:

**- (کوڕە، بۆن کردنت بۆ شتی باش، بە هێزە! ئێوە توشی یەکێک لە سەرنجراکێشترین شوێنەواری مۆزەی ئێمە بوون! ئایا بە وردی چاوتان لەو بەرد تاشییە کردوە؟ نا، زۆر چکۆلەیە؟ و بە گومانتان ئەو شتە بۆ چییە؟ بنواڕە!)**

دەستی درێژ کرد و چوارچێوەی سەر ویترینەکەی گرت کە بە لێواری بەشی سەرووی ویترینەکەوە لوول کرا بوو، و بەسەر شوشەکەدا کێشایە خوارەوە. زەرەبینێکی گەورە بە دروستی هاتە سەر بەردەکە. پەنجەی بە کلیلی کارەباکەوە نا و ڕوناکییەکی شەفاف کەوتە سەر بەردەکە. کچ و کوڕە گەنجەکە، لەسەر زەرەبینەکەوە، وردتر لە بەردەکەیان ڕوانی. جێی هەڵکەندنەکان گەورە بوونەوە و حاڵەتێکی زیندووی بەخۆیەوە گرت. لە سەر بەشی ڕون و شەفافی بەردەکە، بە چەند هێڵی قوڵە و جوان، وێنەی ڕووتی کچێک بە ڕاوەستاویی هەبوو کە دەستی ڕاستەی بەرەو ڕوومەتی بردبوو. تاڵە موویەکانی قژی پڕ و ئالۆزی بەسەر شانە جوان و زەریفەکانیدا شۆڕ ببوونەوە و سیمای جوانی زۆر بە وردی هەڵکەندرابوو.

بەشەکەی تری بەردەکە، بە وێنەی سێ پیاو پڕ کرابووەوە. ئەوان باسکیان لە سەر شانی یەکتر گرێدابوو. لەم وێنانەدا لێزانییەکی زیاتر لە وێنەی کچەکە بەکار هێنرابوو. ئەوان زۆر جوان و پڕ ماسولکە پێشان درابوون. لە پەیکەری بەتوانا و لە هەمانکاتیشدا خۆڕاگریاندا، جووڵەیەکی زیندوو دەبیندرا. پیاوە بە هێز و باڵا بەرزەکەی نێوەڕاست، باسکە بەهێزەکانی خستبووە سەر شانی دوو کەسەکەی تەنیشتی. دوو کەسەکەی تریان کە نێزەیان پێبوو، ئامادە ڕاوەستابوون و سەریان خوار کردبۆوە و شێوازیان هۆشیاریی بە هەژانی سەربازێکیان بەبیر دەهێنایەوە کە ئامادەی پوچەڵ کردنەوەی پەلاماری دوژمن بن. ئەو سێ وێنە بچووکانە، بەرهەمی هونەریی هونەرمەندێکی گەورە بوو. فیکری سەرەکی وێنەکە، لە برایەتی، دۆستی و هەوڵ و تێکۆشانی لەبن نەهاتوو دەدوا.

لە جیاتی جوانیی و شەفافیەتی زەمینەی بەردەکە، سەرنج بە کەندەکاری و زەق کاریی بەردەکە درابوو. ڕەنگی ڕەوشەن و زیندووی، لەوە دەچوو لە ساردی بەردەکەوە بێت. جەستەی سێ پیاوکان کە باسکیان لە یەکتر هاڵاندبوو، بە شێوازێکی شاد و ڕەنگی زێڕینی تیشکی خۆر ڕازابوونەوە.... لەژێر وێنەکان، لە بەشی لوسی خوارەوەی بەردەکەدا هێڵێکی بەپەلە و ناڕون هەڵکەندرابوو.

**(ئایا باشتان سەرنج داوەتێ؟ دەبینم ئێوەی وەلەرزین خستوە؟)** دەنگی شوێنەوارناس، کچ و کوڕە گەنجەکەی لەرزاند:

**– (باشە ئەگەر بخوازن، شتێکتان دەربارەی ئەم بەردە پێدەڵێم، ئەوەش یەکێکە لەو نهێنیانەی کە هەندێک جار لە بەڵگەنامەکانی مێژووی کوندا بەرچاو دەکەوێت. تا ئەو**

کاتەی نهێنییەکەتان بۆ شی دەکەمەوە، گوێ بدەنێ. ئەمە بەردی یاقوتە، هەرچەندە بەردی یاقوتی خالیسی سەوزی نزیک بە شین کەمن، بەڵام بەگشتی لە کانگاکاندا هەن. ئەوانە جگە لە ئەفریقای باشور لە جێیەکی تر نین. ئەوە یەکەم نمونەیە. کاری هەڵکەندنی سەر بەردەکە، زەق کارییە. ئەو شێوازە جوانکارییە، لەو سەردەمانەدا باو، و بەرچاو بوو کە هونەری یۆنان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی، بەڵام ئەم بەردە یاقوتە، زۆر سەختە و کارێکی بەم جۆرە، جگە بە ئەڵماس ناکرێت کە پەیکەرتاشەکانی یۆنان نەیانبوو. ئەمە دووەم بابەتە. ئێستا سەرنج بدەنە وێنەی سێ پیاوەکە. کەسی نێوەڕاستیان، بێگومان ڕەش پێستە، ئەوەی باسکی ڕاست، یۆنانیە و پیاوەکەی باسکی چەپەیان، کەسێکە لە دانیشتوانی ناوچەی مەدیتەرانە، ڕەنگە خەڵکی کریت بێت، یان وتروسک. هەروەها، کەیفیەت و تیکنێکی کارەکە لەوە دەدوێت کە ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شکۆدارترین قۆناخی مێژووی یۆنان. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک تایبەتمەندی هەیە کە پێشاندەدات لە مێژوویەکی زووتردا بەرهەم هاتووە. جگە لەوە، نێزەکانیان شێوازێکی تایبەتیان هەیە و لە یۆنان و میسردا بوونیان ئاسایی نەبووە.... لەبەر ئەوە، دەبینن جیاوازیی و ناهەمئاهەنگیەکی زۆری تیدایە... لەگەڵ ئەو جیاوازیانەشدا، شاکارێک دەبیندرێت کە ئێستا لە بەرامبەر چاوی ئێوەدایە...) شوێنەوارناس، هەندێک بێدەنگ بوو، و دواتر بە هەمان شێوە، لە ناکاو درێژەی بە وتەکانیدا: (زۆر نهێنی مێژوویی هەن و هەمووشیان شتێکمان پێدەڵێن کە زانیاریەکانی ئێمە ناتەواون. ئێمە دەربارەی چۆنیەتی ژیانی خەڵکانی کۆن زۆر کەم دەزانین. بۆ نمونە لە نێوان شوێنەوارە هونەرییەکانی "سیتی"یەکاندا، ئێمە خەزێنەی هونەری زێڕمان هەیە کە تەمەنیان بۆ ٢٦٠٠ ساڵ دەگەڕێتەوە. ئەوە، بەورێکە بە ددانی تیژ و درێژ کە تۆرەمەیان نەماوە و هەموو وردەکاریەکانی لەسەرە. بەڵێ، بەڵێ، شوێنەوار ناسان بە ئێوە دەڵێن کە ئەم بەور ددان تیژە، ٣٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر لەنێو چووە.... بەڵێ! لە قەبرەکانی میسری ئێوەدا، لەسەر گەچکارییەکان، نیگاری ئاوڕەنگ لە ئاژەڵی جۆراوجۆر دەبینین کە لە میسر هەبوون و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر نیگار کراون. لە نێوانیاندا، ئاژەڵێکی نەناسراوی زۆر گەورە هەیە کە لە کەمتیاری گەورە دەچێت. ئاژەڵێکی بەم جۆرە لە ڕاستیدا لە میسر و هەموو ئەفریقادا نەناسراوە. دواتر لە موزەی قاهیرەدا پەیکەری کچێک هەیە کە لە شارە وێرانەکراوەکەی "ئەختاتون" دۆزراوەتەوە. ئەو شارە لە سەدەی ١٤ی پێش زایین دروست کراوە. کچەکە لە میسرییەکان ناچێت و هونەرەکەش هی هونەرمەندانی میسر نییە. لەوە

دەچێ سەر بە دنیایەکی تر بێت. هاوکارەکانم بە ئێوە دەڵێن کە ئەوە "نموونەیەکی بەڵێندراوە".) شوێنەوارناس، بە تەوسەوە پێداگری لەسەر وشەی "نمونەی بەڵێندراو- قەرارداد" کرد و گوتی:

- (لەم بارەیەوە، هەمیشە دەمەوێ داستانێکی تر بگێڕمەوە. سەبارەت بە نیگارەکانی سەر دیوارەکانی میسر، مرۆڤ زۆر جار چاوی بە وێنەی ماسی بچووک دەکەوێت. ماسییەکی چکۆلە تایبەتمەندییەکی نیە، جگە لەوە کە هەمیشە ئەویان بە جۆرێک نیگار کردوە کە ماسییەکە لەسەر پشت مەلە دەکات و زگی لە سەرەوەیە. میسریەکان کە نیگارەکانیان ورد و شەفافە، چۆن دەبێ بەو جۆرە ماسی ناسروشتی نیگار بکەن؟ دیارە ڕونکردنەوەکانیان بەم جۆرە بوو: سەرچاوەی ئەو کارەیان بۆ پرنسیپی بەڵێن دەگەڕێننەوە کە بەهۆی کاریگەریی ئایین و نفوزی ئایینی بەرزی "ئامون"(٦)، خودای ژیان و زیاد کردنی نفوزە بە ئەنجام دەگات. ئاکام بە تەواوی سەلمێنەر بوو، و هەموو کەسێکیش پێی ڕازی بوو. دواتر دەرکەوت کە ئەمڕۆ لە ڕوباری نیلدا ماسی هەیە، بە دروستی لە نیگاری ئەو ماسیانە دەچن! واتا بەسەر پشتیاندا مەلە دەکەن، بەڵام منیش بە توندی قبووڵی دەکەم و ماڵئاوا. نهێنیەکانی مێژوو بۆ ئێوە سەرنجڕاکێش دەبن؟) کچەکە گوتی: (پرۆفیسۆر! ببوورە تەنیا خولەکێکی تر بمێنەوە. دەکرێ تۆ خۆت دەربارەی ئەو نهێنیە ڕونکردنەوەیەکمان بدەیەی؟ بڵێن خۆتان دەربارەی ئەم بەردە چۆن فیکر دەکەنەوە...) کچەکە بە شڵەژاوی قسەکەی بڕی. شوێنەوارناس گوتی:

- (مرۆڤ لە دەست ئێوە ڕزگاریی نابێت. هەرچییەک لەم بارەیەوە بە ئێوە بڵێم، بیرکردنەوەیەکی کاتییە. هەروەها شتێک ڕونە کە هونەری ڕاستین هەڵقوڵاوی ژیانە. هونەر بۆ خۆی زیندووە و تەنیا لە خەبات بە دژی کۆنەدا بە پلەی نوێ دەگات. لە ڕابردوویەکی دووردا کە ئەو زەق کارییە سەری هەڵدا، سەردەمی کۆیلایەتی بوو، ستەم و دەستدرێژیی لەوپەڕی خۆیدا حوکمی دەکرد. خەڵکێکی زۆر لە هەژاریی بەردەوامدا دەژیان، لەو سەردەمدا کۆیلەکان بۆ ئازادی خۆیان خەباتیان دەکرد. هەروەها ستەم لێکراوان بە چەک دژی ستەمکاران ڕادەپەڕین. کاتێک مرۆڤ لەم زەق کارییە دەڕوانێت، هەست دەکات کە دۆستایەتی ئەو سێ پیاوە شەڕکەرە لە خەبات بۆ ئازادیی سەرچاوەی وەرگرتووە.... ڕەنگە ئەوانە خۆیان کۆیلە بووبن و ڕایانکردبێتەوە بۆ وڵاتی خۆیان.... لاموایە ئەو زەق کارییە شایەتێکیترە لە خەباتێک کە لە سەردەمانی دووردا ئەنجامی

**گرتووە و بە تێپەڕبوونی زەمان، لە لای ئێمە بە نهێنی ماوەتەوە. تەنانەت، ڕەنگە خودی هونەرمەندە نەناسەکەش بەشداریی لەو خەباتەدا کردبێت.... بەڵێ، بە لێکۆڵینەوە دەبێ لەوێ بووبێت. تەماشا کەن ئێوە دوو کەس چۆن سەرنجتان بەو زەق کارییە[٧] داوە.)**

کچ و کوڕەکە، لە کاتێکدا بە تەواوی لەنێو زانیارییەکاندا نوقم ببوون، جارێکی تریش لە زەڕەبینەکە نزیک بوونەوە. ئەم جارەیان، بەردەکە زیاتر لە پێشوو ئەوانی ڕوو بە ڕووی نهێنیە شاراوەکانی کرد. ڕەنگی ڕون، ڕەوشەن و قوڵی ئەو دەریایە.... و لەسەر ئەو، وێنەی سێ پیاو کە برایانە یەکتریان لە ئامێز گرتبوو، و بەردە شەفاف و درەوشاوەکە و ڕەنگی زێڕینی سەر لەشی ڕووت و زۆر بە هێزیان، دیسانیش لەنێو هۆڵی سارد و مۆری موزەکەدا، زیاتر خۆیان دەردەخست. کچە گەنجەکە، بە شادمانیی و جوولەی زەریفی ژنانەی، لەوە دەچوو خۆی لە کەنارە "ساحل"ی دەریا ڕاوەستا بێت. مەلەوانە گەنجەکە، ئاخێکی هەڵکێشا و پشتی ماندوو بووی ڕاست کردەوە. کچەکە هێشتا خەریکی تەماشا کردنی بەردەکە بوو. دەنگی پێ و هاتنی خەڵکێک کە نزیک دەبوونەوە، لەژێر دالانەکە بەرز بووەوە. چوارچێوەکە بەرز بووەوە و بەردە کریستاڵە سەوزە نزیک بە شینەکە لە جێی داندراو لەسەر مەخمەرەکە بە ڕەوشەنی مایەوە. مەلەوانە گەنجەکە پرسی: (**جارێکی تریش دێینەوە بۆ ئێرە؟**) کچەکە وەڵامی دایەوە: (**بێگومان دێینەوە.**) گەنجەکە بە ئارامی باسکی کچەکەی گرت و لە قوڵایی بیرکردنەوەدا، بە پلەکانە سپییە مەڕمەڕەکاندا چوونە خوارەوە.

---

١- Neva
٢- Peter and Paul
٣- Palce Bridge
٤- Kiev
٥- Ukraine
٦- Amon
٧- زەق کارییەکی بەم جۆرە، جگە لە موزەی "ئەرمیتاڵ"ی لێنینگراد لە هیچ موزەیەکی تردا نییە.

# شاگرد پەیکەرتاش

## ١

کەنداڵێکی پان، بە مەودایەکی زۆر لە دەریادا چووبووە پێشەوە و تینی خۆری لەخۆیدا کۆ دەکردەوە. لاوێک لەوێ دانیشتبوو، و چێژی لەو شنە بایە وەردەگرت کە خێرا و فێنک بە نێوان هەڵدێرگەکاندا تێدەپەڕی. دەریای بێ مەودا، لە تاریکی شەودا، شەپۆلەکانی لە کەنداڵەکە دەکەوت، بە ئارامی بڵاودەبوونەوە.

کوڕە گەنجەکە چاوی لە خاڵێکی دوور بڕیبوو، و دەیڕوانیە جێیەک کە پاشکۆی زەوینی وەچە بچووکەکانی کاکێشانی پێدەڵێن و لە تاریکی شەودا ون دەبوو. تەماشای ئەستێرەکانی دەکرد، بەشێکیان دەدرەوشانەوە و بەشێکی تریان بە تیری ئاگرینی خۆیان سنگی ئاسمانیان دەدڕی و وەک بروسکێکی ئاگر، دەکەوتنە نێو دەریا و ون دەبوون. دیسانیش بروسکی ئاگرین لە پانتایی ئاسماندا درەوشانەوە و بەرەو خاڵێکی نادیار لە وڵاتی ئەفسانەیی ئەو بەری دەریا، بە سنوری ئۆیکیۆمێنی[١]دا دەخوشین.

گەنجەکە بیری کردەوە: (**لە باوکە گەورەم دەپرسم کە ئەوانە لە کوێ دەکەون.**) بە خۆی دەگوت، چەندە سەرنجڕاکێشە کە مرۆڤ وەک ئەوانە بە ئاسماندا بەرەو شوێنێکی نادیار بفڕێت. بەڵام ئیتر ئەو گەنج نەبوو، زۆری نەمابوو ببێت بە سەرباز، کەچی ئەو هەرگیز نەدەچوو بۆ سەربازیی، بەڵکوو دەبوو بە هونەرمەندێکی ناسراو و پەیکەرتاشێکی بەناوبانگ. زەوقی دەرونی ئەو بۆ دیتنی وێنە ڕاستینەکانی سروشت و هەست پێکردنیان، ئەوی لە زۆربەی خەڵک جیا دەکردەوە. ... ئەوە دەربڕینێک بوو کە "**ئاگنر**"[٢] مامۆستا پەیکەرتاشەکەی پێی گوتبوو. چونکە، جێیەک کە کەسانیتر بەبێ سەرنجدان بەلایدا تێدەپەڕین، ئەو بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە، لەوێ ڕادەوەستا و دیاردەیەکی دەدی، هەرچەندە توانای دەرک و تێگەیشتن و لێکدانەوەی نەبوو.

گۆڕانکاریە بەردەوام و لە ژمار نەهاتووەکانی سروشت، ئەویان سەرسام دەکرد. دواتر بیر کردنەوە خەیاڵیەکانی ڕونتر بوونەوە و هەستی ناسینی جوانیەکان و شێوازی بە مێشک سپاردنیانی فێر بوو. لە هەموو شتێکدا، لە کووڕیی شەپۆلە پەیتا پەیتاکانەوە بگرە، تا تاڵە موویەکانی قژی "تسا"[٣]، کە با یاری پێدەکردن، لە ئەستونی بەشکۆی قەدی دارە

کاجەکان و سەرئەنجام لە کەنداڵە سەرکێشەکانەوە کە بە غرورەوە لە کەنارەکانی دەریادا سەریان بەرز کردبۆوە، جوانییەکی هەڵخەڵەتێنەری بینی. بۆ یەکەم جار کە بەو هەستەی زانی، دروست کردنی وێنەی جوانییەکانی لە ژیانی خۆیدا کردبووە ئامانج. دەیویست جوانییەکان بە کەسانێک پێشان بدات کە خۆیان توانای دیتنی ئەوانیان نەبوو. ڕاستی کام دیمەن دەیتوانی جوانتر لە پەیکەری مرۆڤ بێت، بەڵام قالب هەڵگرتنەوە لێیان لە هەموو هونەرەکانیتر دژوارتر بوو.

ئەو دیاردانە بۆیان ڕون دەکردەوە کە بۆچی پەیکەری خوداکان و قارەمانەکانی دەوروبەری، خاوەنی ئەو تایبەتمەندییە زیندوویە نین کە لە زەینی ئەودا هەیە. تەنانەت لێزانترین پەیکەرتاشی "**ئۆنیادا**"(٤)ش نەیتوانیبوو بە دروستی قالب لە دیمەنی مرۆڤێکی زیندوو هەڵبگرێت. گەنجەکە بە غەریزە تێگەیشت، لە دەربڕینی تایبەتمەندییە دیارەکانی دەرخەری شادی، هێز و ئیرادە، تورەیی یان مێهرەبانیدا، بەشێوەیەکی ناحەز و تورە، زیادەڕۆیی کراوە و هونەرمەند هەموو تایبەتمەندییەکانی تری قوربانی کردوە، بەڵام ئەو دەبێ فێر بێت کە ژیان وێنە بکات! ئەوەش ئەم کاتەیە کە دەتوانێ لە وڵاتەکەیدا ببێتە گەورەترین پەیکەرتاش و ئەوکاتە خەڵک دەبن بە هاندەری و بەرهەمەکانی پەسند دەکەن. کارەکانی دەبن بە یەکەم شوێنەواری هونەری سەر ئاسن و بەرد و بۆ هەمیشە زیندوو دەمێننەوە.

پاندیۆن، کە لە دنیایەکی خەیاڵاویدا نوقم ببوو، بە چەند پریشک ئاوی شەپۆلێکی گەورە کە لە کەنداڵەکە کەوت، وەخۆ هاتەوە. پاندیۆن Pandion لەرزی و چاوەکانی کردەوە. بزەیەکی هاتێ و لە تاریکیدا شڵەژا. ئاخ خودایە! ڕەنگە بەدیهاتنی ئەو خەونە هێشتا دوور بێت.... "ئاگنر"ی مامۆستای بە بەردەوامی ڕەخنەی لە کاڵ بوونی کارەکەی دەگرت و حەقیشی بوو... بەڵام باوکە گەورەی.... باوکە گەورەشی نەیدەویست ئەو ببێت بە هونەرمەند و نەوەکەی پەروەردە دەکرد کە ببێت بە زۆرانبازێکی ناسراو. لەوە دەچوو هونەرمەندیش پێویستی بە هێز و توانا بێت! بە پێچەوانەوە، ئەوە کارێکی باشبوو کە بابە گەورەی ئەوی زیاتر لە ڕادەی ئاسایی بەهێز و دلێر بارهێنابوو. پاندیۆن بەوە خۆشحاڵ بوو کە هێز و ئازایەتی خۆی لە پێشبڕکێی ئێوارانی گوند، کاتێک تسا کچی مامۆستاکەی لەوێ دەبێ، پێشان بدات و لە بریسکەی چاوی ئەودا دەستخۆشی ببینێت.

پانـدیۆن، بە شـادمانییەوە لە جێـی خـۆی هەسـتا. هەمـوو ماسـولکەکانی هەژان، سـنگی هێنــایە پێشــەوە و دەتگــوت خەریــکە داوای بەربەرەکــانی لە بــا دەکــات، ســەری بەرەو ئەستێرەکان بەرز کردەوە و بە ئارامی پێکەنی و هێدی هێدی بەرەو ڕۆخی دەریـا چـوو، لە تاریکیـدا چــاوی لە دەریــای بــێ کۆتــایی بــڕی. بە دەنگێکــی بەرز لە کەنــداڵەکەوە خــۆی هاویشــتە خــوارێ. شــەوی تاریــک و بێــدەنگ ســەرلەنوێ جــووڵەی تــێکەوتەوە. لەژێــر کەنداڵەکەدا، دەریا بە ئارامی لەشی شڵەژاوی ئەوی لە باوەشی تەنگی خۆی گرت. پڕیشکی ئاو لە سەر باسک و شانەکانیدا دەدرەوشایەوە.

شــەپۆلەکان، گەنجەکەیــان بەرز دەکــردەوە و لە داکشــانیاندا، ئەویــان بەرەو پاشــەوە دەکشــاندەوە. پانــدیۆن کــاتی مەلە کــردن ڕادەی جــووڵەی ئــاوەکەی بەراورد کــرد و بە دڵنیــاییەوە خــۆی خســتە ســەر پشــتی ئەو شــەپۆلانەی کە لەپــڕ لە بەرامبەریــدا بەرز دەبوونەوە. بە ڕای ئەو، لەوە دەچوو کە دەریا بێ مەودا و بێ کۆتا بێت و تێکەلی ئاسمانی ڕەش دەبێتەوە. شەپۆلێکی گەورە پاندیۆنی بە ڕادەیەکی زۆر لە دەریـا بەرز کـردەوە و ئەو لە دوورەوە ڕونـاکییەکی سـوری لە کەنـارەی دەریـا دی. بە باسـک لێدانێکی ئـارام بەسـەر شەپۆلەکاندا بەرەو ئەو ڕوناکییە سورە چوو کە بە زەحمەت  دەدیترا.

پانـدیۆن لە کاتێکـدا لەبەر سـاردی ئـاو هەنـدێک دەلەرزی، سـەرلەنوێ گەڕایەوە سـەر کەنداڵەکە و کراسـە خورییە ئەسـتورەکەی لـول کـرد و بە ڕاکردن بەرەو ڕونـاکی ئـاگرەکە چوو. بۆنی خۆشـی دوکەڵـی دار و دەوەنـی سـوتاو بەنێو دارسـتانەکەدا بڵاوبۆوە. دیـواری کــۆخێکی بچــووکی بەردیــن کە گوێســوانەکانی بە لــق و گەڵای دار چنــار بــۆ پارســتن لە بەرامبەر ڕەشە بادا داپۆشرابوو، بە شۆقی ئاگرەکە هەندێک ڕوناک ببۆوە. پیرە پیاوێک، بە کراسێکی بۆرەوە، لەوێ لە تەنیشت ئاگرەکە چوو بوو لە فیکرەوە. ئەو بە دەنگی پێ کە لێـی نزیـک دەبـووەوە، ڕووی وەرسـوڕاند و بە بـزەیەک ڕوخسـاری ڕەشئەسـمەری کە بە ڕیشێکی ڕەش و ئاڵۆز، ڕەشتر و چرچ و لۆچ تر کردبوو، گەشایەوە.

پیرە پیـاوەکە بە شـێوەیەکی ڕەخنەگرانە، پرسـی: (**پانـدیۆن، تـا ئێسـتا لە کوێ بـووی؟ مــاوەیەکی زۆرە مــن گەڕاومەتەوە و دەمویســت قســەت لەگەڵ بــکەم.**) پانـدیۆن وەڵامــی دایەوە: (**نەمدەزانی ئـاوا زوو دەگەڕێیەوە، چووم مەلەم کرد و ئێسـتا ئەگەر بخـوازی تـا بەیانی دادەنیشم و گوێ لە قسەکانت دەگرم.**) پیرە پیاو بە سەر پێی گوت نا: (**نا، بابەتەکە درێژە و تۆ دەبێ سبەینێ زوو لە خەو هەستی. دەمەوێ تاقیت بکەمەوە و تـۆ پێویسـتیت

به هەموو هێزت دەبێ. لێرە هەندێک کەیکی تازە هەیە، لەگەڵ خۆم هێناوە و هەنگوینیش هەیە، ئەمشەو نانێکی باش بخۆ، ئەوەندە بخۆ کە بۆ سەربازێکی جەنگاوەر پێویستە، بەبێ ترس و تەماح بخۆ.) پاندیۆن بە خۆشحاڵییەوە کەیکەکەی لەت کرد، هەندێکی لە قاپێکی گڵی هەنگوین خست. کاتێ خەریکی خواردن بوو، باوکە گەورەی بێدەنگ و ئارام، لە خۆشەویستیان چاوی لە نەوەکەی بڕیبوو. چاوی هەردوویان وەک یەک نائاسایی و وەک تیشکی خۆر دەدرەوشانەوە. بۆچوونێک هەبوو کە دەگوترا، کەسانی خاوەن ئەوجۆرە چاوانە، خەڵکی وڵاتی خۆشەویستیی "هیپێریۆن" Hyperion، کوڕی ئاسمان و خوداوەندی خۆرن.

پاندیۆن گوتی: (بابە گەورە، ئەمڕۆ کە ڕۆیشتی دەربارەی تۆ فیکرم کردەوە، بۆچی ئاوازدانەرەکانی تر کە جگەلە دانانی ئاواز شتێکی تر نازانن، لە خانوبەرەی باشدا دەژین و بە ویستی خۆیان دەخۆن و دەژین؟ بەڵام تۆ کە ئەو هەمووە دەزانی و ئاواز و گۆرانی سەرسوڕهێنەر دەهۆنیەوە، بۆ دابینکردنی ژیانت ناچاری لە سەر دریادا کار بکەی و زەحمەت بکێشی؟ ئاژۆتنی لۆتکە بۆ تۆ لەو تەمەنەدا زۆر قورسە و من تەنیا یار و یاوەری تۆم، ئێمە تەنانەت کۆیلەیەکیشمان نییە.)

پیرە پیاو پێکەنی و دەستی قەڵشیوی خستە سەر پرچی ئاڵۆزی نەوەکەی و گوتی: (ئەوە بابەتێکە کە دەمەوێ سبەینێ لە سەری بدوێم. ئەمشەو تەنیا شتێکت پێ دەڵێم، زۆر گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر هەن کە دەربارەی خوداکان، ئاواز دادەنێن و گۆرانی دەچڕن، بەڵام ئەگەر مرۆڤ سادق و باش بێت و چاوی دروست ببینێت، بەڵام گورانی بەسەر دەرەبەگو لوت بەرزەکانو فەرماندەکانی باڵا هەڵنەڵێ، بایەخی نابێت. ئەوکاتەیە کە لە یارمەتی و دیاریی بە نرخ بێبەش دەبێت و کۆیلەی نابێت و ناویش دەرناکات. لە کۆڕەکاندا ناناسرێت و ناتوانێ بە ڕێگەی هۆندنەوەی ئاواز و گوتنی گۆرانی بژی... ئێستا ئیتر کاتی خەوە، با بنوین.) پیرە پیاو، قسەکانی بەو دێڕە تەواو کرد: (بنوارە هەر ئێستا ڕەوتی "ورچە بچووکەکە"[٥] لە کاکێشانەوە بەرەو بۆشایی ئاسمان هاتە خوارەوە. ئەسپە ڕەشەکانی بە توندی دەڕۆن و پیاوێک کە دەیەوێ خاوەنی هێز بێت، پێویستە پشو بدات، دە بنو دەی.) و بەرەو دەرگای تەنگ و باریکی کۆخەکەی وەڕێکەوت.

******

ڕۆژی دوایی، پیرە پیاو سەرلەبەیانی زوو پاندیۆنی لە خەو هەستاند. پاییزی سارد بەرەبەرە نزیک دەبووەوە. ئاسمان بە هەوری ڕەش داپۆشرابوو. بایەکی توند بە نێوان قامیشەلانێکی وشک و چەند گەلای هێشتا نەوەریوی دار چنارەکاندا بە خشە خش تێدەپەڕی.

پاندیۆن لەژێر چاودێری و ڕێنوێنی باپیریدا دەستی کرد بە ڕاهێنانە وەرزیشیەکەی. هەزاران جار، لە منداڵییەوە هەموو ڕۆژێ لەگەڵ دەرکەوتنی خۆر ئەو ڕاهێنانەی دووپات کردبۆوە، بەڵام ئەمڕۆ باوکە گەورەی، دژوارترین ڕاهێنانی بۆ دانابوو، و ماوەکەشی بۆ زۆر کردبوو.

پاندیۆن، نێزەیەکی دوو سەری هاویشت، کۆمەڵێک بەردی فڕێدا و لە کاتێکدا هەگبەیەکی پڕ لە خیز" زیخ"ی لەسەر شان بوو، لە چەند لەمپەران تێپەڕی. دواجار باوکە گەورەی کۆلکەدارێکی گوێزی لە سەر شانی چەپەی دانا و گۆپاڵێکیشی لە دەستی ڕاست نا و چەند لەتە قاپی شکاویشی لەسەر سەری دانا. ئەو کە لە ترسی ماندوو بوونی، خۆی لە پێکەنین دەپاراست، چاوەڕوانی ئاماژەی بابە گەورەی بوو، و بە فەرمانی ئەو بە خێرایی بەرەو باکور بە ڕێگەیەکدا ڕایکرد کە لە کەنارەی دەریادا بە دەوری گردێکی بەردەڵانی لێژدا دەسوڕایەوە. پاندیۆن بە توندی کارەبا درێژایی جادەکەی بڕی و وەسەر یەکەم بەرزایی هەڵدێرگەیەک کەوت و تەنانەت توندتر گەڕایەوە خوارەوە.

پیرە پیاو، لە کۆخەکەیدا نەوەکەی دی، بارەکەی لە سەر و شانی کردەوە و گوێی بە سنگیەوە نا کە بە رادەی پشولێدانەکەی بزانێت. دوای چەند چرکەیەک، پاندیۆن گوتی: **(بەبێ پشودان، دەمتوانی چەند دەوری تر بچم و بگەڕێمەوە.)** پیرە پیاو بە غرورەوە پشتی ڕاست کردەوە و بە ئارامی وەڵامی دایەوە: **(بەڵێ، بێگومان دەتوانی، تۆ لێهاتوویی سەربازێکی جەنگاوەرت هەیە و دەتوانی بەبێ هەستکردن بە ماندوویی شەڕ بکەی و چەک و کەرەستەی قورسی سەربازیی هەڵگری. کوڕم، باوکت تەندروستی و هێزی بە تۆ بەخشی و منیش لەتۆدا گەشەم پێدان و تۆم ئازا و چاونەترس بارهێنا.)**

پیرە پیاو لە جەستەی نەوەکەی ڕوانی و چاوی لە سنگی پان و بەهێز و ماسولکە بەتواناکانی کرد کە لەژێر پێستی یەک ڕەنگیدا گرمۆڵە ببوون و گوتی: **(تەنیا کەسی تۆ منم و منیش پیر و بێ توانام. ئێمە نە سەروەتمان هەیە و نە خزمەتکار و هۆزی ئێمە لە سێ گوندی بەردەڵانی کەنارەی دەریادا دەژین.... دنیا، دنیایەکی گەورەیە و لەودا مەترسی زۆر**

**مرۆڤیان گەمارۆ داوە. گەورەترینیان لە دەستدانی ئازادی و دیلیی و کۆیلایەتیە. لەبەر ئەوەیە من هەوڵمدا و هەموو کاتی خۆمم بۆ تەرخان کردی کە ببیت بە سەربازێکی ئازا و تێکنیکەکانی شەڕ بزانی. ئێستا بۆ خزمەتکردن بە خەڵکەکەت ئازادی. وەرە بۆ ڕێزگرتن لە "هێپریۆن"ی پشتیوانمان و بە شانازی پێگەیشتنت بە پلەی پیاوێکی ئازا، قوربانی بدەین.)**

بابە گەورە و نەوەکەی بە نێوان دەشتێکی سەوز و قامیشەڵانێکدا چوونە سەر لمبۆزەیەک "دماغە" کە بە مەودایەکی زۆر وەک دیوار خوشیبووە نێو دەریا. لە کۆتایی لمبۆزەکەدا، دوو دار بەڕوی ئەستور بە لق و پۆی زۆر و بلاو شین ببوون. لە نێوان ئەو دوو دارانەدا مێحرابێکیان لە بەردی قسڵ دروست کردبوو. لە پشت ئەودا پەیکەری مرۆڤێکیان لەسەر کۆلکە دارێکی ئەستور و ڕەشکراو هەڵکەندبوو. ئەوە پەرستگەی خوای ناوچەکە بوو کە لە تەنیشت ڕوباری "ئاچیلۆس"(٦) داندرابوو.

زاری ڕوبارەکە بە قامیشی سەوز و دەوەن و باڵندە کۆچەرەکانی باکور داپۆشرابوو. لە بەرامبەریاندا، تەم و مژ سەر ئاوی دەریای گرتبوو. شەپۆلەکان توند و شڵپە شڵپ لە لمبۆزەکە دەکەوتن و بلاودەبوونەوە. زارکی لمبۆزەکە لەملی ئاژەڵێک دەچوو کە سەری بردبێتە نێو ئاو. دەنگی شڵپەی شەپۆل و چریکەی تیژی باڵندەکان و دەنگی وزەی با کە بەنێو قامیشەکاندا دەرۆیشت و خشە خشی گەلای دارە بەڕۆکان بە ئارامی تێکەلاوی یەکتر دەبوون و بەتێکڕا لە مۆسیقایەکی بەهێز دەچوون.

پیرە پیاو، لەسەر مێحرابی ناڕێکی پەرستگەکە ئاگری کردەوە و لەتە گۆشتێکی خستە نێوی. کاتێک قوربانی ئەنجامی گرت، پاندیۆنی بەرەو گاشە بەردێکی قەوزە گرتووی ژێر هەڵدێرگەکە نارد و پێی گوت بەردەکە لا بدات. ئەو بەبێ گرفت بەردەکەی هەندێک لادا و دواتر دەستی لە قەڵشی نێوان دوو بەردە قسڵ نا و لە قولایی قەڵشەکەدا زرنگە زرنگی ئاسنەواڵە هات. شمشێرێکی برۆنز، کلاوێکی ئاسنی جەنگی، قایشێکی پانی مس و چەند سینی بۆ داپۆشینی سنگ و خوار پشتێندی لە کونەکە هێنادەر. کەرەستەکان هەندێکیان ژەنگیان هەڵێنا بوو. باوکە گەورە بە دەنگێکی ئارام گوتی: **(ئەوانە چەکی باوکتن کە لە سەردەمی گەنجایەتیدا کۆچی دوایی کرد. خۆت دەبێ کەوان و مەتاڵیش پەیدا بکەیت.)**

پاندیۆن، بە هەژانەوە بەسەر کەرەستەکاندا خوار بووەوە و بە وردی خەریکی خاوێن کردنەوەی ژەنگەکانیان بوو. پیرە پیاو لەسەر گاشە بەردێک دانیشت و پشتی بە کەندالێکەوە نا و نوقمی تەماشاکردنی نەوەکەی بوو، و هەوڵی شاردنەوەی خەمەکانی

دەدا. پاندیۆن لە چەکەکان دوورکەوتەوە و چوو باوکە گەورەی لە ئامێز گرت و ئەویش دەستی لە دەوری کەمەری نەوەکەی هاڵاند و هەستی بە ماسولکە بەهێزەکانی کرد. لەوکاتەدا، پیرە پیاو هەرچەندە ماوەیەک بەسەر مردنی کوڕەکەیدا تێپەڕیبوو، بە مێشکیدا هات کە سەرلەنوێ زیندوو بووەتەوە و دەیەوێ بەسەر کێشەکاندا زاڵ بێت. ئەو ڕووی نەوەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشا و بۆ ماوەیەک چاوی لە چاوە ڕونە خورماییەکانی بڕی و گوتی:

- **(پاندیۆن! ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بڕیار بدەی، ئایا دەچی بۆلای سەرۆک هۆزەکەمان کە ببی بە سەربازێکی جەنگاوەر و لە خزمەت ئەودا بی، یان دەگەڕێیەوە لای ئەگیونێر و وەک شاگرد لای ئەو دەمێنییەوە؟)** پاندیۆن دەستبەجێ و بەبێ بیرکردنەوە، وەڵامی دایەوە و گوتی:

- **(لەکن ئەگیونێر دەمێنمەوە. ئەگەر ئێستا بچم بۆلای سەرۆک هۆزەکەمان و لای ئەو بمێنمەوە، تۆ لێرە بەتەنیا دەبی، من لەتۆ جیا نابمەوە و لات دەمێنمەوە و یارمەتیت دەدەم.)** پیرە پیاوەکە ڕاشکاوانە و بە جددی گوتی:

- **(نا! پاندیۆن، ئێمە دەبێ لە یەکتر جودا بینەوە.)** کوڕە گەنجەکە بە سەرسوڕمانەوە هەستا سەر پێ، بەڵام پیرە پیاوەکە ڕایگرت و درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

- **(پاندیۆن بەڵێنێکم بە کوڕەکەم واتا باوکت داوە و ئێستا دەمەوێ بەڕێوەی بەرم. ئێستا تۆ دەبێ ڕێگەی خۆت لە ژیاندا دەستنیشان بکەیت. دەبێ ئازادانە ڕێی ژیانت هەڵبژێری و بۆمن بە پەرۆش نەبی. من لە "ئۆنیادا" دەڕۆم و دەچم بۆ "ئالیس"[(٧)]، ئەو جێیەی کچەکانم لەگەڵ مێردەکانیان لەوێ دەژین. کاتێک بووی بە پەیکەرتاشێکی ناسراو، دەتوانی ئێمە بدۆزییەوە....)**

لە بەرامبەر ڕەخنەی تێکەڵاو بە هەژانی کوڕەکەدا، باوکە پیرە تەنیا سەری بۆ دەلەقاند و ئەویش بە هەموو هەستییەوە قسەی دەکرد. دەپاڕایەوە و دژی ڕاوەستا. سەرئەنجام تێگەیشت کە بە ساڵانە بابە گەورەی بڕیاری خۆیداوە و ئەزموونی ژیان حوکمی پێدەکات کە بڕیارەکەی بەجێ بگەیەنێت. گەنجی دڵشکاو و دڵ پڕلە خەم، هەموو ڕۆژەکەی لەگەڵ بابە گەورەی تێپەڕ کرد و لە ئامادەکردنی پێداویستیەکانی سەفەرەکەیدا یارمەتیدا.

کاتی ئێوارە پێکەوە سواری لۆتکەیەک بوون کە بۆ ئەو سەفەرە ئامادە کرابوو. بابە گەورە، ئامێرێکی چەنگی دەرهێنا کە لە ژیانیدا گەلێک بەسەرهاتی بینیبوو. دەنگی بەهێز و

بە توانای بلاوێن "ڕامشگەر"ی پیر کەنارەی دەریای داگرت. چەند گۆرانی خەمهێنەری چڕی کە شەپۆلە ڕێکەکانی کەنارەی دەریای بەبیر دەهێنایەوە. باوکە گەورە لەسەر داوای پاندیۆن چەند گۆرانیشی دەربارەی سەرچاوەی ڕەگەز و وڵاتەکەی و وڵاتە دراوسێیەکانی و خەڵکەکانی خوێند.

گەنجەکە چونکە دەیزانی بۆ دواجار ئەو وشانە دەبیسێت، هەوڵیدا ئەوان لە مێشکیدا ڕابگرێت. هەروەها هەوڵیدا چەند گۆرانییەک بە بیر بێنێتەوە کە پێوەندییان بە سەردەمی منداڵی خۆی و ئەو کاتەی بابە گەورەیەوە هەبوو. پاندیۆن ئەو قارەمانە کۆنانەی هێنایە پێش چاوی خۆی کە یەکیەتی و یەکڕیزییان لەنێوان تایەفەکاندا پێکهێنابوو.

پیری بلاوێن، لە جوانی وڵاتەکەی و سروشتەکەی دوا کە هێمای بینینی خوداکان بوو، و دەربارەی گەورەیی کەسانێک گۆرانی چڕی کە ژیانیان خۆش دەوێت و لە جیاتی خۆشاردنەوەیان لە پەرستگەکان و شاردنەوەی خەم و ئازاری سەردەم، خەریکی ڕامکردنی سروشت بوون. دڵی گەنجەکە بە توندی لێیدەدا و دەتگوت لە سەر چەند ڕێیانێکدا ماوەتەوە کە هەر ڕێیەکی بۆ وڵاتێکی نادیار دەچێت و هەرکامەیان خاوەنی دیمەنێکی نوێن لە بەرامبەر مرۆڤدا.

******

لەو بەیانییەدا دەتگوت هاوین گەڕاوەتەوە، ڕەنگی ڕونی ئاسمانی شین هاڵاوی گەرمای لێ دەباری. هەوای ئارام پڕبوو لە دەنگ و ئاوازی کوللەی جۆراوجۆر و هەڵدێرگە سپییەکان و تاشە بەردەکان گەرمای خۆریان بلاودەکردەوە. ئاوی دەریا ڕون و شەفاف بوو، و وەک شەڕابی کۆن لە پەراخێکی گەورەدا، بە ئارامی لە کەنارەکەدا پێچی دەخواردەوە. کاتێک لۆتکەی بابە گەورە دوور کەوتەوە و لەبەر چاو ونبوو، پەرۆشی وەک پەنجەیەکی ئاسن دڵی پاندیۆنی کوشی. ئەو کەوتە سەر عەرز و سەری خۆی خستە سەر باسکەکانی و خۆی بێکەس و تەنیا دیتەوە. لە منداڵێک دەچوو کە بە ڕۆیشتنی بابە گەورەی بەشێکی دڵی لە دەست دابێت. فرمێسک بەسەر باسکەکانیدا ڕێچکەی کرد، بەڵام ئەوە فرمێسکی منداڵێکی بچووک نەبوو، لافاوێک بوو کە لە چاوەکانی دەهات و هیچ ئارامییەکەی لەگەڵ نەبوو.

خەونی کارێکی گەورە کە بڕیار بوو ئەنجامی بدات، لە مێشکی پاک بووەوە و دواتر، ئەوە شتێک نەبوو کە بتوانێ ئارامی پێببەخشێت. ئەو دەیویست لەگەڵ بابە گەورەی لە جێیەک بژی.

بەرەبەرە پاندیۆن بۆی دەرکەوت کە ئەو بۆشاییەی بۆ پڕ نابێتەوە و هەوڵیدا هەستی خۆی کۆنترۆڵ بکات. لە شەرمان لێوی خۆی گەست. سەری خۆی بەرز کردەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر چاوی لە دەریای بێ مەودا بڕی، تا سەرئەنجام مێشکی ئارا بووەوە. لە جێی خۆی هەستا و چاوی بەرەو کەنارەی خۆر گرتوو، و کۆخی ژێر دارەکە چوو، و سەرلەنوێ خەم بەسەر مێشکیدا زاڵ بووەوە. تێگەیشت کە دەورانی خۆشی گەنجایەتی بەکۆتا هاتووە و ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە سەر خەونەکانی سەردەمی منداڵی.

پاندیۆن بە ئارامی و بە زەحمەت بەرەو کۆخەکە ڕۆیشت. لەوێ شمشێرەکەی لە خۆی بەست و کەرەستەکانیشی لە شانی هاڵاند و بۆ ئەوەی کە باو و باهۆز نەچێتە ناو کۆخەکەوە، دەرگاکەی داخست و بەرەو جادەیەکی بەردەڵانی کەنارەکە چوو کە بای دەریای پێدا تێدەپەڕی. گیا وشکەکان بەشێوەیەکی خەمناک لەژێر پێیدا خشەیان دەهات. جادە، دەگەیشتە تەپۆڵکەیەکی داپۆشراو لە دەوەنی سەوز. لەژێر تەپۆلکەکەدا، دوو ڕێیانێک هەبوو. یەکێکیان دەچوو بۆ کۆخی ماسیگیرەکانی کەنارەی دەریا و ئەویتریان لەگەڵ ڕەوتی ئاوی ڕووبارەکە دەچوو بۆ شار. پاندیۆن ڕێگەی لای چەپی هەڵبژارد و لە تەپۆڵکەکە تێپەڕی. لەو ڕێگەیەدا لاقی چوو لە خۆڵێکی سپی و گەرمەوە. دەنگی کۆمەڵێکی زۆر کوللە بەسەر دەنگی دەریادا زاڵ بوو. بناری بەردینی تەپۆڵکەکە لە جێیەک دەگەیشتە ڕووبار و لەنێو کۆمەڵێک داردا ون دەبوو. گەڵای باریک و درێژی پێچوکە، ڕووەک و ڕەنگی بۆری دار مازوو لە نێوان پەل و پۆی دارە گوێزاندا مۆرتر دەبیندران. هەمووی ئەوانە لە دارستانێکدا لەسەر زەوییەکی سپی بەردە قسڵ، بە ڕەنگی ڕەش و مۆر دەبیندران.

ئەو جادەیەی پاندیۆن پێیدا دەڕۆیشت لەژێر سێبەری دارستان دابوو، و دوای بڕینی قۆرتێک "لۆفە" گەیشتە زەوییەکی ساف کە ژمارەیەک خانوبەرەی بچووکی لە بناری گردێکی ڕەزدا لێبوو. گەنجەکە هەنگاوەکانی بەرەو یەکێک لەو خانوبەرانە خێراتر کرد کە بە ڕەنگی سپی و لە پشت پۆلێک داری زەیتون دابوو، و چووە ژێر کەپرێکەوە. پیاوێکی تەمەن نێونجی بە ڕیشێکی ڕەش و لەشێکی مام ناوەندی لەوێ دانیشتبوو. بە هاتنی پاندیۆن لە جێیەکەی هەستا. ئەو ئەگیونێر مامۆستا پەیکەرتاشەکەی بوو.

پەیکەرتاش بە شاگردەکەی گوت: (**سەرئەنجام هاتی، من لەو فیکرەدا بووم کەسێک بە شوێنتدا بنێرم. ئەوە چییە؟**) ئەگیونێر کە دیتی پاندیۆن خۆی پڕچەک کردوە، گوتی: (**ئیزن بدە کوڕەکەم لە ئامێزت بگرم.**) و دواتر بانگی تسای کرد و گوتی: (**تسا وەرە سەربازەکەمان ببینە!**) پاندیۆن سەری وەرگێڕایەوە و بە نێوان قەڵشتی دەرگای ژوری ماڵەکەوە، تسای دیت. دەسرۆکەیەکی سووری تۆخی بەسەر کراسێکی شینی بێ قۆڵ و درێژدا شۆڕببووەوە. تسا بە زەردە خەنەیەک ددانە سپییە جوانەکانی دەرخست، بەڵام لەپڕ خەندەکەی بەکۆتا هات و بە ساردی و توڕەیی تەماشای پاندیۆنی کرد. مامۆستا پەیکەرتاشەکەی بە شێوەی سەرکۆنە کردن، بە ئارامی گوتی: (**بنواڕە، تسا لە تۆ توڕەیە. دوو ڕۆژە نەهاتوویە ئێرە کە تەنانەت بە ئێمە بڵێی ئیتر کار ناکەی.**) گەنجەکە لە هەمان کاتدا کە لە ژێرەوە تەماشای تسای دەکرد، سەری داخست و چاوی لە مامۆستاکەی کرد. ئەگیونێر گوتی: (**چیتە؟ نا کوڕە، نا، سەربازێکی جەنگاوەر، ئەو بیرە چییە و ئەو هەگبەیە چییە لەگەڵ خۆت هێناوتە.**)

پاندیۆن، سەرلەنوێ بە خەمی دوورکەوتنەوەی بابە گەورەی بە پەرۆش بوو، و بە دوور لە باسەکە، لە ڕۆیشتنی باوکە گەورەی دوا. هاوژینی ئەگیونێر واتا دایکی تسا لێیان نزیک بووەوە. پەیکەرتاش دەستی خستە سەر شانی گەنجەکە و گوتی: (**پاندیۆن دەمێکە لای ئێمە خۆشەویستی، خۆشحاڵم کە تۆ ژیانی هونەریت لە بەرامبەر ژیانی سەربازێکی جەنگاوەردا هەڵبژاردوە. کاتی شەڕ کردن دەگات و تۆ ناتوانی خۆتی لێ بدزیەوە، بەڵام ئێستا زۆر شتی تر هەیە کە تۆ دەبێ بە مێشک و هەوڵدانی بەردەوام بەدەستی بێنیت.**) پاندیۆن بە پەیڕەوی کردن لە داب و نەریتی ئەوکاتە، لە بەرامبەر هاوژینی ئەگیونێردا سەری هێنایە خوارێ و ئەویش بە گۆشەیەکی کراسەکەی سەری پاندیۆنی داپۆشی و بە مێهرەوە بە سنگی خۆیەوە نا.

کچەکە دەنگێکی بچووکی لێ بەرز بووەوە و لە خۆشیان شڵەژا. لە کاتێکدا باوکی بە بزەوە تەماشای دەکرد، ئەو خۆی لە ماڵەکەدا شاردەوە. ئەگیونێر، بۆ حەسانەوە لەکن دەرگای ژووری کارەکەی پاڵیدایەوە. ژمارەیەک دار زەیتونی پیر لە باسکی چەپی خانووەکە بوون. قەدی ئەستور و لق و چڵی ناهەمواریان، بە دیدی خەیاڵاوی هونەرمەندێک لە مرۆڤ و ئاژەڵ دەچوون. یەکێک لە دارەکان، وەک دێو چۆکی دادابوو و دەستەکانی بەرەو سەری بەرز کردبۆوە. دارێکی نارێک و ناحەز کە ڕەنجی ڕۆژگار تێکی

شکاندبێت، خوار ببووەوە. شیمای ئەوە دەکرا، هەموو ئەو دارانە لە هەوڵی ئەوەدا بن کە لق و پۆ و گەڵا لە ژمار نەهاتووەکانیان بەرز رابگرن.

ژنێک کە چارشێوشانێکی شینی گوڵینگەداری زەردی بەسەر شانیەوە بوو، لەوبەری ماڵەکەوە هاتەدەر و لەسەر لێژایی گردەکە ون بوو. پەیکەرتاش کچەکەی ناسیەوە. هاوژینی ئەگیونێر کە بەبێ پێڵاو، بە ئارامی هەنگاوی هەڵدەگرت، هات لەلای مێردەکەی دانیشت. پەیکەرتاش گوتی:

- **(تسا دووبارە بۆ بینینی پاندیۆن چووەتە نێو دارستانی کاجەکان.)** هەروەها گوتی: **(ئەو منداڵانە لایان وایە کە ئێمە لە نیازی بچووکی ئەوان ناگەین.)** هاوژینەکەی پێکەنی، بەڵام لەپڕ روخسارێکی جددی بەخۆیەوە گرت و پرسی:

- **(دەربارەی پاندیۆن کە ساڵێکە لای ئێمەیە، چۆن بیر دەکەیەوە؟)** ئەگیونێر وەڵامی دایەوە:

- **(من هەر رۆژەی زیاتر لە رۆژی پێشوو خۆشم دەوێ.)** و هاوژینەکەشی بە لەقاندنی سەری، وتەکەی بۆ سەلماند: **(بەڵام...)** هونەمەرمەند بەرلە هەڵبژاردنی وشەکانی دواتری، بێدەنگ بوو:

- **(ئەو زۆر شتی دەوێ.)** هاوژینەکەی دێڕەکەی بۆ تەواو کرد و گوتی:

- **(بەڵێ، ئەو خوازیاری زۆر شتە و خوداکانیش شتی زۆریان پێ بەخشیوە، بەڵام کەسێک نییە کە ئەو پەروەردە بکات و منیش ناتوانم خواستەکانی بەراورد بکەم.)** ژنەکە بە ئارامی گوتی:

- **(بە رای من، ئەو زۆر واز وازیە و ناتوانێ رێگەی خۆی بدۆزێتەوە، ئەو وەک منداڵەکانی تر نییە و ناتوانم بزانم چی دەوێت و هەندێک جار بۆی بە پەرۆشم.)**

- **(حەق بە تۆیە ئازیزەکەم، ئەو هەندێک کاری بۆ دەکرێت کە کەسی تر بۆی نەکراوە، بەختەوەرە و تۆ بۆی بەپەرۆشی و من بە هۆیەکەی دەزانم، لە راستیدا تۆ نیگەرانی دۆخی تسای.)**

- **(نا، من ناترسم، کچەکەم سەربڵند و ئازایە، بەڵام هەست ناکەم خۆشویستنی پاندیۆن کێشەی بۆ بخوڵقێنێت. بۆ پیاوێکی وەک پاندیۆن کە تێکەڵاوی تویژینەوە دەبێت، وای لێ دێت کە تەنانەت ئەشقیش نەتوانێ هەستی بەردەوامی دامرکێنێت.)** پەیکەرتاش بە هەژانەوە پێکەنی و بە هاوژینەکەی گوت:

- **(منت ئارام کردەوە. بە گومانم منیش وەک پاندیۆن بووم، کاتێ....)** هاوژینەکەی دەستی بەسەر قژی مێردەکەیدا هێنا و گوتی:

- **(ئاخ، نا، تۆ هەمیشە کەسێکی بەهێز و باوەڕ بەخۆ بووی.)**

هونەرمەند چاوی لەو کاجانە بڕیبوو کە تسا تێیاندا ون بوو. کچەکەی بە توندی بەرەو دەریا ڕایکرد. هەرچەندە دەیزانی بەو بەیانییە، ئەویش بە ڕۆژی هەینی، کەس ناچێتە ژێر داری پیرۆز، بەڵام ئەو چەند جار ئاوڕی دایەوە و تەماشای پشت سەری خۆی کرد. کەش فێنک بوو، جادە سەرەتا بە نێو درک و دالاندا تێدەپەڕی. تسا بۆ ئەوەی کراسە هەرە جوانە ڕەوشەنەکەی نەدڕێت کە لە ولاتێکی دوورەوە بۆی هاتبوو، لەسەرەخۆ هەنگاوی هەڵدەگرت. لەوبەری، گردێکی بچووک بە گوڵی خاش خاشی سوور داپۆشرابوو، و لەبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە. لەوێ ئیتر درو نەبوو، و تسا هەندێک داوێنی کراسەکەی هەڵوێزنی و درێژەی بە ڕێگەدا و بە توندی بە تەنیشت دارە بڵاوەکاندا تێپەڕی و خۆی گەیاندە داری پیرۆز. کاجە باڵا بەرزەکان ڕەنگی ئەرخەوانیان هەبوو. لقەکانیان لە بەرامبەر با و باهۆزدا بڵاوببوونەوە و گەڵاکانیان وەک پەنجەی دەستی مرۆڤ کرابوونەوە و ڕەنگی زێڕینی خۆریان وەرگرتبوو.

تسا هەنگاوەکانی شل کردەوە و داری پیرۆز ئارامیی پێبەخشی. لە باسکی ڕاستیدا گردێکی بۆر هەبوو کە بە گەڵای وەریوی داری کاج داپۆشرابوو. گیا و دارە کاجەکان لەبەر تیشکی خۆردا، بە ڕەنگی سەوز و سووری زێڕین پێشاندەدران. هەرچەندە لێرەوە دەریا نەدەبیندرا، بەڵام دەنگ و شڵپەی دەبیسترا و هاژەی شەپۆلەکانی ڕونتر دەگەیشتە گوێی. پاندیۆن لە پشت هەڵدێرگەیەکەوە بە ڕاکردن بەرەو تسا چوو، باسکەکانی کردەوە و ئەوی بەرەو خۆی ڕاکێشا و دوای هەندێک لێی کشاوە. بە هەژانەوە چاوی تێبڕی و دەستی لەنێو قژی ڕەشی خست و بە هەموو توانایەوە وێنەی ئەوی لە مێشکی خۆیدا ڕاگرت. چەند تاڵە موو لە قژی ڕەشی تسا بەسەر نێوچاوانیدا شۆڕ ببووەوە و بە شنەی با دەلەرزینەوە. برۆکانی هەندێک بەرەو سەرێ بەرز ببوونەوە و شێوازێکی فریودەریان بە چاوە شینە گەورەکانی بەخشیبوو.

تسا بە جووڵەیەکی ئارام خۆی لە دەست گەنجەکە دەرهێنا و لە کاتێکدا دەیڕوانییە پاندیۆن، گوتی: **(پەلە بکە، بە زوویی خەڵک دێنە ئێرە.)** پاندیۆن گوتی: **(ئامادەم.)** بەرەو هەڵدێرگەکە چوون. ئەشکەوتێکی باریک و بچووک لە هەڵدێرگەکەدا بوو. لەسەر گاشە

بەردێکی قسڵیی پەیکەرێکی نیوەکارە لە قوڕ بەرچاو دەکەوت کە نزیکەی سێ پێ بەرز بوو. لە تەنیشت ئەودا، کەرەستەی پەیکەرتاشی وەک: مشاری کەوانەیی، کێرد و ماڵە داندرابوو. کچەکە چارشێوشانەکەی لە شانی کردەوە و بە ئارامی دەستی بەرەو سنگی برد، گوڵێک لەسەر کراسە تەنکەکەی بوو.

پاندیۆن چاوی لە تسا بڕی و پێکەنی و کەرەستەی کارەکەی دیاریی کرد، بەڵام کاتێک بەرەو پەیکەرەکە گەڕایەوە بەرە بەرە پێکەنین لەسەر لێوی ڕوا. پەیکەرەکە ناتەواو بوو، بەڵام هێمای لەشی تسای بەخۆیەوە گرتبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، جوانیی هۆشبەری تسای نەبوو. ئەمڕۆ دەبووایە تەکلیفی هەموو لایەک ڕون بکرێتەوە، سەرئەنجام تەپۆڵکە قوڕەکە فۆڕمی زیندووی تسای بەخۆیەوە گرت.

پاندیۆن بە گرژییەک کە لە بڕیارەوە دەهات، بەرەو تسا بایداوە و کچەکەش بە لاچاویدا تەماشای کرد و سەر ئاماژەی بۆ کرد. چاوی لە خوارەوە بڕی و لە ڕووبەڕووی دارێکی کاج ڕاوەستا و دەستەکانی کردەوە و یەکێک لە باسکەکانی خستە پشت سەری. پاندیۆن بێدەنگ لە کارەکەیدا نوقم ببوو. چاوی لە نێوان لەشی مۆدێلەکەی و فۆڕمەکەیدا دەگەڕا. هەوڵ لە نێوان قوڕی مردوو کە هونەرمەند بە دەستی خوڵقێنەری خەریک بوو شکڵ و شێوازی پێدەدا، چەند ڕۆژی خایاند. کات تێدەپەڕی و گوێی بەهەستی گەنجەکە زۆر جاران دەنگی ماندوو بوونی کچەکەی بیست. پاندیۆن کارەکەی وەستاند و لە پەیکەرەکە دوور کەوتەوە. تسا، بە بیستنی ئاخ و ناڵەی پاندیۆن تێگەیشت کە نائومێدیی ئەوی لە کارەکەی دوور خستوەتەوە و موچوڕکێکی پێداهات.

پەیکەرەکە خراپتر لە پێشوو بوو، ئەگەر پێشتر بە هێڵی ورد و باریک کە بە زەحمەت دەبیندران، پەیکەرەکە گیانێکی گرتبوو، ئێستا بە هێڵی درشت و بەرجەستە، ئەوی زیاتر بێ ڕۆح کردبوو. پەیکەر جگە لە شکڵ و شێوازی ڕەش ئەسمەری تسا کە لە بەرامبەر دارێکی کاجی ڕەنگ زێڕین گەورەدا ڕاوەستا بوو، شتێکی تری پێشان نەدەدا. پاندیۆن لە کاتێکدا لێوی خۆی دەگەست، بەراوردی نێوان پەیکەرەکە و تسای دەکرد و چونکە بە هەڵەی خۆی نەدەزانی، نائومێد بوو.

لە ڕاستیدا شتێک کە پێی بگوترێ هەڵە، لە کارەکەیدا نەبوو، تەنیا کێشە لە بێ توانایی ئەودا بوو کە نەیدەتوانی ڕۆح وەبەر کارەکەی بنێت و لاوازیی ئەو لە هەڵسەنگاندنی گۆڕانکارییەکانی پەیکەرەکەدا بوو. ڕای وابوو هێزی ئەشق بە تسا دەتوانێ جوانی بە

پەیکەرەکەی ببەخشێت و ئەو بگەیەنێتە لوتکەی سەرکەوتنی هونەریی و لە کاری گەورە و خلاقیەتی پەیکەرتاشیدا سەرکەوتنی گەورەی بۆ دەستەبەر بکات و پەیکەرێکی واها پێشکەش بکات کە هەرگیز لە دنیادا نەبیندراوە.

دوێنێ، بەم جۆرەی بیر کردبۆوە و کاتژمێرێک لەمەوبەر و تەنانەت ....، بەڵام نا، نەیتوانی ئەو کارە بکات و ئەوەی لە تواناد‌ا نەبوو.... تەنانەت تساش کە خۆشی دەویست، نەیتوانی یارمەتی بدات. دنیا لە ڕوانگەی پاندیۆنەوە زاڵم بوو، ئەو کەرستەی کارکردنی لە دەست کەوت و خوێن زەختی بۆ مێشکی هێنا. نائومێدی لەوە کە نەیتوانیوە خاڵە لاوازەکانی خۆی بدۆزێتەوە، بەرەو تسا ڕایکرد و لە بەرامبەریدا چۆکی دادا. کچەکە شڵەژابوو. ئەو دەستی لەسەر ڕوومەتی سوور هەڵگەڕاوی کوڕەکە دانا و بە هەست و بیرکردنەوەی ژنانەی بە کێشەی دەرونی هونەرمەندەکەی زانی. بە مێهر و خۆشەویستی دایکانەوە بەسەریدا خوار بووەوە و بۆ دڵنەوایی دانی، سەری بە سنگی خۆیەوە نا و سەری پەنجەکانی لە قژی ئاڵۆز و قوڵەی خست. هەستی نائومێدی بەرە بەرە لە گەنجەکەدا ڕەوی.

لە دوورەوە دەنگێکیان بیست. پاندیۆن بەرەو دەنگەکە سوڕایەوە. لە هەژان کەوت و ئارام بووەوە و هەستی کرد هەرگیز بە ئارەزووەکانی ناگات. دیسانیش بەرەو پەیکەرەکە چووەوە و لە بەرامبەریدا چوو لە فیکرەوە. تسا دەستی بچووکی خۆی خستە سەر ئانیشکی و بە ئارامی گوتی: (**شێتە، نەکا خراپی بکەیت.**) پاندیۆن کە چاوی لەسەر پەیکەرەکە هەڵنەدەگرت، گوتی: (**ناتوانم خراپی بکەم، زاتم نییە، تسا، ئەگەر ئەوە ....**) کوڕەکە وە پسکە پسک کەوت و گوتی: (**ئەگەر ئەم پەیکەرە لە مۆدێلی تۆ نەبووایە، ئەگەر پەیکەری تۆ نەبووایە دەستبەجێ خراپم دەکرد. ئەوە نارێک و ناحەزە و بۆ مانەوە نابێت، بەڵام دیسانیش هەندێک لە تۆ دەچێ.**) پاندیۆن ئەوەی گوت و گاشە بەردە قسڵەکە و پەیکەرەکەی گەڕاندەوە نێو ئەشکەوت و بە گەڵای وشکی کاج و وردە بەرد سەری داپۆشی.

پاندیۆن و تسا بە دەم دەریا و درێژەی کەنارەدا وەڕێکەوتن، بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ بوون و دواتر پاندیۆن بێدەنگییەکەی شکاند. دەیویست خۆشەویستەکەی شەریکی خەم و شکستەکانی بێت. کچەکەش هەوڵیدەدا بۆ درێژەدان بە کارەکەی هانی بدات و پێی گوت چەندە باوەڕ بەو، و بە پلانەکانی دەکات، بەڵام پاندیۆن ئارام نەدەبووەوە. بۆ یەکەم

جار لەو ڕۆژەدا تێگەیشت کە تا چ ڕادەیەک لە زەوقی هونەریی دووره و زانی کە بوونی بە هونەرمەندێکی ڕاستن پێویستی بە چەندان ساڵ ڕەنج و زەحمەت هەیە. ئەو بەو هەستەوە گوتی: **(نا، تسا، ئیتر تێگەیشتم کە ناتوانم تۆ لە پەیکەرێکدا ببینم.)** لە کاتێکدا بە دەست ئاماژەی بە دڵ و چاوەکانی دەکرد، گوتی: **(من لێرە و لێرەم و زۆر لاوازتر لەوەم کە بتوانم جوانیی تۆ لە پەیکەردا بنەخشێنم.)** کچەکە بەبێ شەرم کردن، باسکەکانی خستە ملی هونەرمەند و گوتی: **(مەگەر ئەو هەمووە کارانە هی تۆ نین؟)**

**- (بۆچی نا، تسا، بەڵام چەندان ڕۆژ من بۆ ئەوە زەحمەتم کێشاوە، تسا، من هەرگیز لە پەرستنتدا کۆتاییم نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا من ناتوانم پەیکەرێک لە تۆ بتاشم، من دەبێ تۆ لەنێو قوڕ و بەرددا ببینم، من دەبێ بزانم بۆچی نیگاری ژیان بەو ڕادەیە دژوارە، ئەگەر بەو ڕاستیانە نەزانم، چون دەتوانم ئومێدەوار بم بەرهەمەکانم زیندوو بن؟)**

تسا بە وردی گوێی بۆ گەنجەکە ڕاگرتبوو، و هەستی بەوە دەکرد کە پاندیۆن خەریکە گەنجینەی دڵی بۆ دەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەو تێگەیشتنە کە ئەو ناتوانێ یارمەتی بکات، ئەوی بە پەرۆش دەکرد. خەمی هونەرمەند، خەمی ئەویش بوو، ترسێکی نادیار بە ئارامی لە دڵیدا سەریهەڵدابوو. پاندیۆن لەپڕ پێکەنی و بەرلەوەی کە تسا تێبگات کە چ ڕوویداوە، ئەوەی بە باسکە بەهێزەکانی لە عەرز بەرز کردەوە و بە ئارامی بەرەو کەنارە ڕایکرد و کچەکەی لەسەر عەرز دانا و لە پشت گردێکدا ون بوو.

دوای ماوەیەکی کورت تسا سەری پاندیۆنی لەسەر شەپۆلێک بینی. پاندیۆن بە زوویی گەڕایەوە لای کچەکە و بە ڕاوەشاندنی ماسولکەکانی، ئاوی لە لەشی کردەوە و هیچ شوێنەواری لە خەمی پێشوو لە دڵیدا نەدیت. بە ڕای تسا شتێکی گرنگ ڕووی نەدابوو، کاتێک پەیکەرە لە قوڕ دروستکراوە ناحەزەکەی خۆی و ڕوخساری بە خەمی دروستکەرەکەی بەبیر دەهاتەوە، بە ئارامی پێدەکەنی. پاندیۆن بەردەوام بوو لە خۆ شیرین کردن بۆ کچەکە و بە هێز و ئازایەتی خۆی هەڵدەگوت. دواتر و دوای چەند جار ڕاوەستان لەنێو ڕێگەدا، ئارام ئارام گەیشتنەوە ماڵێ، بەڵام هێشتا لە قوڵایی دڵی تسادا هەندێک ترس مابوو.

ئەگیونێر دەستی لەسەر چۆکی پاندیۆن دانا و گوتی: **(کوڕم، هونەری ئێمە هێشتا گەنج و هەژارە. بەرلەوەی کە چەند سەد کەس بتوانن خۆیان وەقفی کاری هونەری گەورە بکەن، بەرلەوەی کە سەدان کەس بتوانن کاری خۆیان بۆ خوێندنەوەی جوانییەکانی مرۆڤ**

**و جیهان تەرخان بکەن، هەزاران ساڵ دەبێ خاوەنی ژیانێکی تێر و تەسەل و باش بین. لەو کاتەوە کە ئێمە خوداکانمان لە بەرد و کۆلکەدار دەتاشی، ماوەیەکی زۆر تێناپەڕێت، بەڵام دەتوانم پێت بڵێم، تۆ هەوڵدەدەی بچییە ناو ناخی یاساکانی جوانیی و هونەری ئێمە گەشە دەکات و جوانییەکانی هونەری ئێمە لە سەروی هەموو شوێنەوارەکانیتردا دەبێت، بەڵام ئەمڕۆ هونەرمەندانی وڵاتە دێرینەکان دەوڵەمەندتر، بە ئەزموونتر و زاناتر لە هونەرمەندانی ئێمەن....)**

هونەرمەندی پیر هەستا سەرپێ و لە گۆشەیەکی ژوورەکەی، سندوقێکی تەختەی زەردی هێنا. شتێکی لێ دەرهێنا کە لە قوماشێکی سوور پێچرابووەوە. قوماشەکەی کردەوە و بە وردی و لەسەرەخۆ پەیکەرێکی بچووکی لێ دەرهێنا کە نزیکەی نیو مەتر درێژ بوو، و لە پێش پاندیۆنی دانا. پەیکەرەکە لە شفرە و بە وردی کەندەکاری کرابوو، و ڕەنگی مێخەکی لێدرابوو، لەگەڵ ڕیشاڵی ڕەش لە هێڵە باریکەکانیدا. لە کەندەکارییەکەدا ژنێک پیشاندەدرا کە چەند مار و مارمێلکە، لەسەر پەنجەی دەستەکانی بوو. کراسێکی درێژی لەبەردابوو کە تا سەر پێی هاتبوو، و ڕیشاڵێکی ناسکی زێڕی تێگیرابوو. قایشێکی توند بە دەوری کەمەرە باریکەکەیەوە بوو. پشت شان و ژێر باخەڵی و بەشەکانی سەرووی دەستی بە تۆڕێکی ناسک داپۆشرابوون و سنگی ڕووت بوو. بە پێچەوانەی داب و نەریتی یۆنانییەکان، بەشێک لە قژی پری لەسەر ناوچاوانی گرێدابوو، و بەشی پشتەوەی بە گەردن و پشت ملیدا شۆڕ کردبۆوە.

پاندیۆن هەرگیز شتێکی بەم جۆرەی نەبینیبوو. ئەو تێگەیشت کە ئەو پەیکەرە بچووکە دەستکردی مامۆستایەکی گەورەیە. بە تەواوی سەرنجی خستبووە سەر سەرو رووی پانی پەیکەرەکە کە ئێسکی ڕوومەتی بە زەقی دەرکەتبوو، و شەویلکەی خوارەوەی هەندێک هاتبووە پێشەوە. برۆی پڕ و ڕێکی، گەشەی بە شێوازی بێهەوتای ژنەکە دەبەخشی، بەڵام سنگی بە هەڵکێشانی ئاخ کە لە نائومێدیەوە سەرچاوەی دەگرت، هاتبووە پێشەوە.

پاندیۆن مات بوو، بریا توانایی ئەو هونەرمەندە نەناسراوەی دەبوو، بریا قەڵەمە بەردتاشیەکەی توانای تاشینی ئەو شفرە "عاج" جوان نەخشێندراوە کۆنەی دەبوو. ئەگیونێر بە شوێندانانی لەسەر گەنجەکە خۆشحاڵ بوو، بە وردی تەماشای دەکرد و سەری پەنجەکانی بەسەر ڕوومەتی خۆیدا هێنا. سەرئەنجام پاندیۆن خۆی لە فیکر و

گومـان دوور کردەوە. کەندەکارییەکەی هەندێ دوور لە خـۆی ڕاگرت. ئەو چـاوی لەسـەر نیگاری مامۆستای کۆن کە بەشێوەیەکی لاواز دەدرەوشایەوە هەڵنەدەگرت.

گەنـجەکە بە ئـارامی و بە دڵـی خەمبـار لە مامۆسـتاکەی پرسـی: **(ئایـا ئەو پەیکەرە هـی شارەکانی[8] ڕۆژهەڵاتە؟)** ئەگیونێر گوتی: **(نا، ئەو پەیکەرە بچووکە کۆنتر لە شارستانیەتی ماسـیند[9]، ترینتیـۆس[10]، ئۆرچومینیـۆس[11]ە و مـن ئەوم لە کرمـوس[12] وەرگرتـووە کە پێشانی تۆی بدەم. کاتێک باوکی لە تەمەنی لاویەتیدا لەگەڵ تاقمێک ڕێگری کەشتی دەچوو بۆ دورگەی کرێت[13]، ئەوەی لە وێرانەکانی کۆشکێکی کۆن دۆزیوەتەوە کە نزیکەی ٣٧٠٠ مەتر لە وێرانەکانی کنوسیوس[14] دوورە. شارێک کە بە شاری پاشاکانی دەریا ناسراوە و لە ئاکامی بومەلەرزەیەکی سامناکدا وێران بووە.)**

گەنجەکە سەرسام بوو، بە هێمای پاڕانەوە دەستی بەسەر ڕیشـی مامۆسـتاکەیدا هێنا و گـوتی: **(بـاوکە تـۆ زۆر شـت دەزانـی، ئەگەر بـتەوێ، دەتـۆانی کـۆپی هـونەری مامۆسـتا کۆنەکـان فێـری ئـێمە بکەیـت، ئایـا نـاتوانی ئـێمە بـۆ ئەو کۆشـکە کۆنـانە و ئەو شـوێنە سەرنجڕاکێشانە بەرێت کە هێشتا شتی بەم جۆرەیان لێ ماوە؟ ئایا چۆن دەبێ تۆ هەرگیز ئەو کۆشـکە ئەفسـانەیانەت نەبینیبێـت؟ کاتێـک مـن گـوێم لە گۆرانییەکـانی بـابە گەورەم دەگرت، زۆر جار بیرم لەو کۆشکانە دەکردەوە!)**

ئەگیونێر چاوی لە عەرز بڕیبوو، و فیکری دەکردەوە و گوتی: **(مـن ئەمـڕۆ نـاتوانم ڕای خۆمت بۆ شـی بکەمەوە، بەڵام خۆت بە زوویی لە ڕای مـن دەگەیت. ئەوەی مـردووە و نەماوە، پێشاندانی بێسودە، ئەو شتە هی دنیای ئێمە و هی ئێمە نیە.... دیارە جـوانە، بەڵام نەماوە.... بەرەو خۆت ڕادەکێشێت، بەڵام دوور لە ژیانە.)**

گەنـجەکە بە هەژانەوە گـوتی: **(بـاوکە، تێدەگەم! لەو ڕوانـگەیەوە ئـێمە ئەگەر لەوپەڕی خۆیدا توانای لاسایی کردنەوەمان هەبێت، دەبین بە دروستکەری بەرهەمی ڕابردوو. ئێمە ناچارین هاوسەنگ لەگەڵ مامۆستا دێرینەکان و تەنانەت باشتر لە ئەوانیش بین و دواتر... ئـاخ، دواتـر...)** پانـدیۆن بێـدەنگ بـوو، نەیتـوانی بـۆ دەربڕینـی ڕای خـۆی وشـە بـدۆزێتەوە. ئەگیونێر لە کاتێکدا چاوی لە شاگردەکەی دەکرد، چاوەکانی گەشـانەوە و بە دەسـتە گەورە و قورسەکانی باسکی پاندیۆنی گرت و گوتی: **(پاندیۆن، تۆ ئەوەنـدە باشـت گەیانـد کە مـن خۆم نەمدەتوانی بەم باشییە بۆتی ڕون بکەمەوە. هونەری دێرین دەبێ بۆ ئێمە نمونە بن، نەک شتێکی زیاتر. ئێمە دەبێ بە ڕێگەی تایبەتی خۆماندا بچین، بەڵام بۆ قوڵە کردنەوەی**

ئەو ڕێیە، دەبێ لە ئەزموونی کۆن و ژیانی ئەمڕۆ کەڵک وەربگرین.... پاندیۆن تۆ هۆشیار و تێگەیشتووی...)

پاندیۆن لەپڕ خۆی خستە ژێرپێی مامۆستاکەی و هەردوو چۆکی لە ئامێز گرت و گوتی: (باوک و مامۆستاکەم، ئیزن بدە بڕۆم و شارە کۆنە شوێنەوارییەکان ببینم.... من دەبێ بە یارمەتی خوداکان، خۆم هەموو ئەو جێیانە ببینم، هەست دەکەم توانای بەڕێوەبردنی کاری گەورەترم هەیە...، ئەو شتانەی کە بە هەڵکەوت لەنێو خەڵکی ئێمەدا دەبیندرێن و ئەوانەی کە ئەوان سەرسام دەکات، دەبێ فێریان بم و ئەو وڵاتانەش ببینم کە ئەو شتانەی لێ دروستکراون، ڕەنگە من....،) گەنجەکە وتەکانی بڕی، تا سەر گۆی ڕومەتی سوور ببووەوە، بەڵام هێشتا چاوی بە دوای ڕوانینی ئەگیونێرەوە بوو. ئەگیونێر بە برۆی پڕ و درێژی دەیڕوانیە خاڵێکی تر و بێدەنگ بوو.

سەرئەنجام پیرە پیاوەکە گوتی: (پاندیۆن هەستە، دەمێکە چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد، تۆ ئیتر منداڵ نی کە من ڕاتگرم، تەنانەت ئەگەر بە مانەوەشت خۆشحاڵ بم. تۆ ئازادی بۆ هەرجێیەک بتەوێ دەتوانی بچی، بەڵام لە پلەی کوڕ و شاگردێک و بەرزتر لەوانە وەک هاوڕێیەک پێت دەڵێم کۆتایی ئارەزووی تۆ مەرگە و جگە لە دوا ڕۆژێکی تاریک و ناخۆش شتێکی تری لێ شین نابێتەوە.)

– (باوکە، من لە هیچ شتێک ناترسم!) پاندیۆن سەری کێشایەوە، کوونەکانی لوتی گیران. ئەگیونێر بە هێمنی دژی ڕاوەستا: (کەوابوو من هەڵەم کرد، تۆ هێشتا منداڵی، ئەگەر بە ڕاستی منت خۆشدەوێ، بە هۆشیارییەوە گوێ لە قسەکانم بگرە.) ئەگیونێر بە دەنگی بڵند دەستی کرد بە گێڕانەوەی داستانەکەی: (لە شارەکانی ڕۆژهەڵاتدا هێشتا پەیڕەوی لە داب و نەریتی کۆن دەکرێت و شوێنەواری هونەریی زۆری نییە. ژنەکانی ئەمڕۆ وەک دانیشتوانی هەزار ساڵ لەمەوبەری دوڕگەی کرێت جلوبەرگ لەبەر دەکەن. داوێنە درێژەکانیان بەشێوەیەکی ناشایستە دەڕازێننەوە، بە سنگی ڕووت و پشتی داپۆشراو. پیاوەکانیان کراسی قۆڵ کورتی پەشم دەبەر دەکەن و قژیان درێژ و شمشێری قوڵەی برۆنز هەڵدەگرن. شاری ترینتیۆس بە دیوارێکی گەورە دەوری گیراوە. دیوارەکەی نزیکەی ٥٠ مەتر بەرزە و بە برۆنز و زێڕ کە تیشکی خۆر دەگەڕێننەوە ڕازاوەتەوە، بە جۆرێک کە لە دوورەووە دەڵێی بە ئاگر خاڵ خاڵ کراوە. مایسند لەوەش بە شکۆترە. ئەو شارە لە سەر گردێکی بڵند دروست کراوە و دەرگاکانی لە گاشە بەرد و برۆنزە و

بیناکانی لە پێ دەشتەکانەوە دەبیندرین. سەرەڕای مانەوەی ئاوڕەنگی کۆنی درەوشێنەر لە کۆشـکەکانی مایسـند، ترینتیـۆس و ئۆرچومینیـۆس، هێشـتا گـاری جەنگیـی زەوی دارە ساماندارەکان لە جادە سەنگ فەرشە سپییەکاندا دەسوڕێنەوە و گیای نەبڕاوەی وشک لە جادەکان، حەوشە و ماڵە چۆلەکان و سەر دیوارە بڵندەکاندا لە زیاد بوون دان.)

ئەگیونێر بە شاگردەکەی گوت: (ئیتر سەردەمی ماڵ و سامانی زۆر و گەشتە درێژەکان بۆ میسری ئەفسانەیی بەسەر چووە. لە دەرەوەی شارەکاندا، هۆزی بەهێز بە ژمارەیەکی زۆر سـەربازی جەنگی هەن. سـەرۆکی ئەو هـۆزانە زەوییەکی زۆریـان داگیـر کـردوە و بەسەر شارەکاندا زاڵ بوون و ئەوانیان خستوەتە ژێردەسەلاتی خۆیـان و حوکم بەسـەر تایەفە لاوازەکان و خەڵکی ئەو وڵاتانەدا دەکەن.

لە ئۆنیادا، جێیەک کە ئەوانی لێ دەژین، سەرۆکی گەورەی لێ نەبوو، هەروەک چـۆن هیچ شار و پەرستگەیەکی جوانیشی نەبوو، بەلام لە ڕۆژهەلات کۆیلەی زۆری هەبـوو، و کۆمەڵێکی زۆر ژن و پیاو ئازادی خۆیان لەدەست دابوو. لەنێوان ئەوانەدا، سەرەڕای دیلی وڵاتانی بێگانە، ئەندامی تایەفە هەژارەکانی تریش هەبوون کە هاووڵاتی خۆیان بوون. بەم جۆرە، چارەنوسی بێگانەیەک لەو وڵاتانەدا بە کوێ دەگات؟ ئەگەر ئەو بێگـانەیە هـۆزێکی بەتوانا و شەڕکەر و سەرۆکێکی بەهێز و مەترسیداری نەبێت کە پشتیوانی لێ بکات، یان گروپێکی پڕچەکی خۆی لەگەڵ نەبێت، ئەوکاتە تەنیا دوو ڕێگەی لەبەر دەمـدا دەمێنێتەوە کە ئەویش مەرگ، یان کۆیلەتیە.)

هونەرمەندەکە بە هەردوو دەستی گەنجەکەی گرت و گوتی: (پانـدیۆن، لە بیـرت بـێ کە ئێمە لە سـەردەمێکی ترسناک و پڕلە ئازاردا دەژین، هـۆز و تایەفەکـان دوژمنـی یەکتـرن، یاسایەکی هاوبەش نییە و مەترسی کۆیلەتی لەسەر هەموو گەشتیارەکاندا دەگەڕێت. ئەو وڵاتە جوانە بۆ گەشت کردن نابێ، لە بیرت بێ ئەگەر ئێمە بەجێبهێڵیت، بەبێ مـاڵ و مـاف دەمێنییەوە و کەسانێک پەیدا دەبن، بەبێ ترس لە کێشەی خوێن و تۆڵە سەندنەوە بتکوژن. تۆ تەنیای و من ناتوانم یارمەتیت بدەم. تۆ تەنانەت ناتوانی گروپێکی بچـووک لە پیـاوانی جەنگاوەر لە دەوری خۆت کۆ بکەیەوە. مەگەر خوداکـان بتپـارێزن، ئەگەرنـا بێگومـان بە تەنیا لەنـاو دەچی. پاندیۆن هەرچەنـدە گەشـتێکی هەزار سـتادیا[١٥] بە لـۆتکە بە درێژایـی کەنداو، و لمبۆزەی "ئاچلیوس"ی خۆمان بۆ دورگەی "کورنیت" بۆ تۆ ئاسایی دێتە بەرچاو،

**بەلام چوون بۆ مایسند نیوە رۆژێک و بۆ ترینتیۆس رۆژێک و بۆ ئۆرچومینیۆس سێ رۆژی دەوێت. لە راستیدا تۆ لەو گەشتەتدا دەبێ بچی بۆ "ئۆیکیومان".)**

ئەگیونێر هەستایە سەرپێ و بەرەو دەرگا چوو، و پاندیۆنی لەگەڵ خۆی برد و گوتی: **(تۆ بۆمن و هاوژینەکەم پلەی کوڕی ئێمەت هەیە، بەلام من بیرلە خۆمان ناکەمەوە.... باش بیر بکەرەوە، ئەگەر تۆ لە ولاتێکی بێگانەدا بە کۆیلە بگیرێی، کچەکەم تا چ رادەیەک ئازار دەبینێت!)** پاندیۆن لەپڕ شڵەژا، بەلام خۆی کۆنترۆڵ کرد و وەلامی نەدایەوە. ئەگیونێر تێگەیشت کە وتەکانی نەیانتوانیوە کار لە پاندیۆن بکەن و گەنجەکە لەسەر دوو رێیانێکدا دەستەوەستانە. لەلایەک بەرەو ماڵەوە دەکێشرێت و ئەویتریان سەرەڕای مەترسییەکانی لە مەودایەکی دوورەوە بەرەو خۆی رادەکێشێت. تسا نەیدەزانی کام رێگای پێشان بدات، سەرەتا دژی گەشتەکەی بوو، و دواتر بە غرورێکی نەجیبانە بە پاندیۆنی گوت، بچێت.

*******

چەند مانگ تێپەڕی و کاتێک شنەبای بەهاری بەسەر دەشتەکانی "کورنێت"دا دەستی پێکرد و بۆنی خۆش و ئارامی شاخ و گردە پڕ گوڵەکانی "پێلۆپونێسیوس"[١٦]ی لەگەڵ خۆی هێنا، سەرئەنجام پاندیۆن رێگەی ژیانی خۆی هەڵبژارد. بڕیاریدا بۆ ماوەی شەش مانگ بچێت و بە تەنیا دژی دنیای دوور و بێگانە بەربەرەکانی بکات. مانەوەی شەش مانگ لە ولاتی بێگانە بۆ پاندیۆن بە واتای مانەوەیەکی زۆر و هەمیشەیی بوو. هەندێک جار بەو فیکرەوە کە بۆ هەمیشە کەنارەی ولاتەکەی بەجێدەهێڵێت، دەترسا.... ئەگیونێر و پیاو ماقوڵانی تایەفەکەی بە پاندیۆنیان رادەسپارد کە بە دوورگەی کرێتدا بڕوات کە نەوەکانی ولاتی دەریا و شارستانیەتی کۆنی لێیە. هەرچەندە ئەو دوورگە گەورەیە زۆر دوورتر لە شارە کۆنەکانی "بۆیۆتیا"[١٧] و "ئارگولیس"[١٨]ە، بەلام گەشت بەوێدا بۆ گەشتیارە تەنیاکان کەمتر مەترسی هەیە.

ئەو دوورگەیە لە شوێنی یەکگرتنەوەی چەند رێگەی دەریایی بوو، و هۆزی جیاوازی لێ دەژیان. بێگانەکان، بازرگانان، مەلەوانان، بارهەڵگرەکانی هەمیشەیی لە کەنارەی ئەو دوورگەیەدا دەبینـدرێن. خەڵکی زاراوە جیاوازەکانی دوورگەی کرێت، تێکەلاوی کاری بازرگانین و ئاشتیخوازتر بوون لە خەڵکی یۆنان و بەگشتی سەبارەت بە بێگانەکان ئارامتر و مێهرەبانتر بوون، بەلام هێشتا لە دەرەوەی دوورگەکە، لە دەشتەکان و پشت دیوارەکانی چیا نەوەی هۆزە کۆنەکان دەژیان کە بەتەواوی دوژمنی بێگانە بوون. پاندیۆن بڕیار بوو

لە دوورگەی "کالیدۆن"(١٩)ەوە بەرەو لمبۆزەیەکی بەرز و تیژ بچێت کە لە ڕووبەڕووی "ئەکایا"(٢٠)ی سەروو بوو. بڕیاریدا بوو دوای کۆتاییهاتنی وەرزی باو باهۆزی زستان بچێت و لە گەمییەکی یۆنانییەکاندا کە بە زستان گەشتی دووری نەدەکرد، وەک سەوڵ لێدەری گەمیێ کار بکات، کەچی دواتر کە چوو، قبووڵیان نەکرد.

لە شەوێکدا کە مانگی چاردە خەرمانەی دابوو، و ئاسمانی ڕوناک کردبوو، گەنجەکانی ناوچە بۆ سەما لە دەشتی سەوز و نێو پۆلە دارێکی پیرۆزدا کۆببوونەوە. لە حەوشەی بچووکی ماڵی ئاگنردا، پاندیۆن لەژێر زەختی دەرونیدا بیری دەکردەوە کە سبەینێ دەڕوات و بڕیارەکەی بەجێدەگەیەنێت. ئەو دەبووایە هەموو ئەوانەی لێی نزیکبوون و خۆشی دەویستن، بەجێهێڵێت. تەنیایی و داهاتوویەکی نادیار چاوەڕوانی بوو.

دەنگی خشە خشی جلوبەرگی تسا، لە نێو ماڵە بێدەنگەکەدا بیسترا. دواتر کچەکە لە کاتێکدا چینی کراسەکەی کۆ دەکردەوە، گەیشتە نێو دەرگاکە. تسا بە ئارامی بانگی پاندیۆنی کرد و ئەویش دەسبەجێ لەجێی خۆی هەستا و بەرەوپیرییەوە چوو. تسا، قژی سەری هۆندبووەوە و لە سێ ڕێشاڵدا لە سەری گرێ دابوو. پاندیۆن گوتی:

- **(ئەمڕۆ قژت بە شێوەی کچە ئاتنیەکان هۆندوەتەوە، زۆر جوانە.)** تسا بزەی هاتێ و لە کاتێکدا خەم هەموو لەشی داگرتبوو لێی پرسی:

- **(پاندیۆن ناتەوێ بۆ دواجار بچی سەما بکەی؟)**

- **(تۆ دەتەوێ؟)** تسا گوتی:

- **(بەڵێ دەمەوێ بۆ "ئافرۆدیت"(٢١) سەما بکەم. سەمای دوڕنا بکەم.)**

- **(کەواتە تۆ دەتەوێ سەمای دوڕنا بکەیت و لەبەر ئەوەیە کە قژت بەو شێوازە هۆندوەتەوە! گومان ناکەم پێشتر هەرگیز سەمای دوڕنات کردبێت.)**

- **(پاندیۆن ئەمڕۆ هەموو شتێک بۆ تۆیە!)** گەنجەکە بە تێڕامانەوە پرسی:

- **(بۆچی بۆمن ؟)**

- **(بێگومان لەبیرت نەکردوە کە خەڵک لە ئاتن بە یادی سەرکەوتنکەی "تسیوس"(٢٢) لە دوڕگەی کرێت و بە شانازیی ئەو سەرکەوتنەی، سەمای دوڕنایان دەکرد.... زووبە ئازیزەکەم.)** تسا دەستەکانی بۆ پاندیۆن کردەوە و یەکتریان لە ئامێز گرت و لە دەرەوەی ماڵەکەیان و لەژێر پۆلە دارێکی پیرۆزدا ون بوون.

******

دەریان باوەشی بێ مەودای خۆی کردبۆوە و ئەوانی بانگ دەکرد و بە دەنگی شڵپەی شەپۆلەکانی بەرەوپیریانەوە دەهات. لەبەر تیشکی خۆری بەیانیدا، پانتایی بە مەودای دەریا لە بەرزە پردێکـی بڵنـد دەچـوو کە کەوانەی دابێـت. شـەپۆلەکان بە ئـارامی بەرز و نـزم دەبـوونەوە و لە بەرامـبەر تیشـکی خـۆری بەیانیـدا ڕەنگیـان زەرد دەبـوو، و کەفە ڕەنـگ زێڕینەکانیان لە کەنارەوە دوور دەکردەوە. دەریا کەفە ڕەنگ زێڕینەکانی لە وڵاتـی میسـری ئەفسانەییەوە لەگەڵ خۆی دەهێنا.

تیشـکی خـۆر بەسـەر سنگی شـەپۆلەکاندا سـەمای دەکرد و دەلەراوە و مژێکـی لاوازی بەرەو ئاسـمان لـێ بەرز دەبـووەوە. جـادەیەک کە هێشـتا کۆمەڵێـک خـانوو و بنەمـاڵەی ئەگیونێری لێ دیار بوو، بە هێمای دوا دیدار دەستەکانیان ڕادەوەشـاند و لە پشـت گردێکدا ون بوون. دەشتی کەنارە چۆل بوو، پاندیۆن و تسا بە تەنیا لە بەرامبەر ئاسمان و دەریـادا بوون. لۆتکەیەکی ڕەشی بچووک لە نزیک ئەوان لە کەنـارەکە بـوو، پانـدیۆن دەبـووایە بەو لۆتکەیە دەوری لمبۆزەی "ئاجلۆس" لێبدات و کەنداوی "کالیدون" ببڕێت.

کوڕ و کچەکە بێدەنگ دەچوونە پێشـەوە. هەنگاوە کورت و ئارامەکانیـان نارێـک بـوون. تسـا ڕاسـتەوخۆ دەیڕوانییە پانـدیۆن و ئەویـش چـاوی لە سـیمای تسـا بڕیبـوو. بە زوویـی، زۆر زوو گەیشتنە لۆتکەکە، پاندیۆن پشتی خـۆی ڕاسـت کـردەوە و بە هەڵکێشـانی ئـاخێکی قـوڵ، سـنگی تێـک قرمـاوی کـردەوە. ئەو سـاتەی کە ڕۆژان و شـەوانی زۆر قورسـایی خستبووە سەریان، سەرئەنجام گەیشت. زۆر قسە و داواکاری هەبوو کە پاندیۆن دەیوست لە چرکەکانی کۆتایدا بە تسـای بڵێت، بەڵام وشـەکانی بۆ ڕێک نەدەخران. پاندیۆن هێشـتا شڵەژاو بـوو. بیرکردنەوەی نارێـک و نـاتەواو و لێکدابڕاو، سـەریان پڕ کردبوو. تسـا لەپڕ دەستی خستە ملی و بە پەلە و پچڕ پچڕ پێی گوت: (**نەکا دەترسی و نـاتەوێ کەسـێکی تـر پێ بزانێت؟ پاندیۆن سوێندم بۆ بخۆ، سـوێند بخـۆ بە هیپریـون، سـوێند بە "هکەتـێ"**[٢٣]**ی ترسناک، خودای ماف و ئەفسون .... نا، سوێند بە ئەشقت بخۆ، بە ئەشقم کە لە دوڕگەی کرێـت دوورتـر نـاچی و پـێ لە میسـری دوور نانێیـت.... ئەو جێیە نـاچی کە ناچـار بە کۆیلەتیـت دەکەن و بـۆ هەمیشـە لەمـن دوورت دەکەنەوە. سـوێند بخـۆ کە بە زوویـی دەگەڕێیتەوە...**) داواکارییەکانی تسـا بە هەنیسـکدانی بـڕان. پانـدیۆن بە تونـدی کـچەکەی لە ئامێز گرت و سوێندی بۆ خوارد.

پانتـایی دەریـا، کەنـداڵەکان، پـۆلە دار و دەوەنەکـان، خانووبەرەکـان و شـارە ویـران و ناشناسـەکان و هەمـوو ئەو شـتانەی کە برِیـار بـوو بۆ مـاوەی شـەش مـانگی درێژ، ئەو لە تسـا جیـا بـکەنەوە، لە بەرامـبەر چاوەکانیـدا تیـدەپەرِین. شـەش مانگێک کە پێوەنـدیی ئەو دووانەی دەپچـرِی. پانـدیۆن چـاوی پێکەوەنـا و گـوێی لە لێـدانی دڵـی تسـا گـرت. چەنـد خولەکێک تێپەرِی و جیابوونەوە گومـان هەڵنەگرەکە نزیک بـووەوە. دەرەتانی چاوەرِوانی لەوە زیاتر نەدەبوو. تسا بە دەنگێکی نەرم و ئارام گوتی:

- **(پاندیۆن وەرِێکەوە، پەلە بکە.... خودا حافیز....)** پاندیۆن لەرزی، کچەکەی بەجێهێشت و بەرەو لـۆتکەکە چـوو. بەشـێکی لـۆتکەکە لە زیـخ و رەڵـم چەقیبـوو. پانـدیۆن بە باسـکە بەهێزەکـانی ئەوی دەرکێشـا و خسـتیە نـاو ئـاوەکەوە و خۆشـی تـا سـەر ئەژنـۆی چـوو لە ئاوەکەوە و دواتر گەرِایەوە و چاوی بە دەوروبەردا خشـاند. لۆتکەکە بە شـەپۆلێکی ئـاو لە لاقـی پانـدیۆن کەوت. تسـا وەک پەیکەرێـک راوەسـتابوو، و چـاوی لە خاڵێـک دەکـرد کە لۆتکەی پاندیۆن بە زوویی لەوێ ون دەبوو.

شـتێک دڵـی گەنـجەکەی دەکوشـی. ئەو پـاڵی بە لـۆتکەکەوە نـا و هەنـدێک لە کەنـارەکەی دوور کردەوە و خۆی خستە سەری و سەوڵەکانی بە دەست گرت. تسا بە توندی سـەری سورِاندەوە. شنەی باشور بە هێمای ماتەمین تاڵە موویەکانی قژی کردەوە و رادەوەشـاند. لۆتکەکە بە زەبری هێزی بێل بە توندی لە کەنارەکە دوور کەوتەوە، بەڵام پانـدیۆن هەرگیـز بۆ ساتێک چاوی لەسەر تسا هەڵنەگرت.

بـا و بـاهۆز، قـژی رەش و بریسـکەدارەکانی تسـای لە دموچـاوی دەدا و ئەویـش لای نەدەبردن. بە نێوان قژەکانیدا، پاندیۆن دەیتوانی چاوی رون، کونەکانی لوتی، لێوی سـوور و دەمی نیوە کراوەی تسـا ببینێت. قژی کە بە بـا دەجولایەوە، بە کۆمەڵ کەوتبـووە سـەر ملی و تەنیا چەند چڵی بەسـەر گۆنە و ناوچاوان و سنگیدا شـۆرِ ببـووەوە. تـا لۆتکەکە لە کەنارەکە دوور کەوتەوە و سنگی بەرەو باشوری رۆژهەڵات سورِاندەوە، تسا بەبێ جووڵە مـایەوە. پێیوابـوو لـۆتکەکە دەوری لمبـۆزەکە لـێ نـادات و بەپـێچەوانەوە لمبـۆزە رەش و هەرِەشەکەرەکە لەژێر تیشکی داکشاوی خۆردا، بەرەو ناوەندی دەریـا دەچێت و بەرە بەرە لە لۆتکەکە نزیک دەبێتەوە و ئەو خاڵە رەشە بچووکەش لە پشـت لمبـۆزەکەدا بـوو. تسـا کە ئیتر شتێکی نەدەزانی، کەوتە سەر رەڵم و زیخەکان.

******

لۆتکەکەی پاندیۆن لەنێو شەپۆلە بە کۆتا نەهاتووەکاندا ون ببوو. لمبۆزەی ئاچلۆس ماوەیەک پێشتر ون ببوو، بەڵام پاندیۆن بەهەموو هێزییەوە بێڵی لێدەدا. لەوە دەترسا کە خەم و پەژارە ناچار بە گەڕانەوەی بکات. ئەو لە سەرەتادا بیری لە شتێک نەدەکردەوە و تەنیا هەوڵی ئەوە بوو کە خۆی لەگەڵ کاری قورس و بەردەوام ڕابێنێت.

بە زووی تیشکی خۆر سوورایەوە و گەیشتە پشت لۆتکەکە و شەپۆلەکان ئارام و ڕەنگی زەردی تیرەیان بەخۆیانەوە گرت. پاندیۆن بێڵەکانی خستە ناو لۆتکەکە و بۆ بەرگری کردن لە وەرگەڕانی هەستایە سەرپێ و بە لاقەکانی بەلانسی لۆتکەکەی ڕاگرت و بە ئارامی خۆی هاویشتە نێو ئاوی دەریا. دیسانیش ئاو لەشی نائارامی فێنک کردەوە. بۆ ماوەیەک بە مەلە لۆتکەکەی بەرەو پێشەوە برد و دواتر هاتەوە سەری و لە ناویدا ڕاوەستا. لە بەرامبەریدا لمبۆزەیێکی باریک هەبوو. لە دوورەوەش دورگەیەکی هەندێک بەرز لە باسکی چەپەیدا دەبیندرا کە ڕێگەی ئەوی بەرەو باشور و دورگەی کالیدۆن واتا شوێنی گەشتەکەی بەستبوو.

پاندیۆن دیسانیش سەوڵی لێدا و دورگەکەش زیاتر بەدیار کەوت. تیشکی خۆر بە زوویی کەوتە سەر ترۆپکی تیژ و کراوەی دار و دەوەنەکان و ئەوانیش لە ڕیزێکدا بە شکۆی داری هەمیشە سەوزی "سەرو" لقەکانیان وەک نێزەی دێو و درنجەکان بەدیار کەوت. بەشی کۆتایی و بەردینی لمبۆزەکە لە بەرامبەر باو باهۆزدا پارێزگاریان لەو دارانە دەکرد. ئەوان کە لە بەشی باشوری لمبۆزەکەدا بە کۆمەڵ شین ببوون، هەوڵیاندەدا زیاتر بەرز بنەوە و لە ئاسمانی ئابیدا باڵا بکێشن. پاندیۆن لۆتکەکەی بە نزیک کەنارەکەدا، بە نێوان کۆمەڵە گیایەکی زەرد بووی دەریادا بە هێمنی دەبردە پێشەوە. لە ژێر ئاوی شین و ڕونی ئەو جێیەدا ڕەڵم و زیخی دەریا بە ڕونی دیار بوون. لۆتکەکەی ڕاگرت و پێی لە کەنارەکە نا و لە نزیک مێحرابێکی قەوزە گرتووی ساڵی پێشوو، لە جێیەک کە دەشتێک بە گیای ناسک و تازە داپۆشرابوو، پاشماوەی ئاوەکەی خواردەوە. هەستی بە برسیەتی نەدەکرد. زیاتر لە بەندەری دورگەکە لە ٢٠ ستادیای- ٥٠٠ مەتر. حامید- " بۆ بەشی دوورکەوتووی بەندەرەکە نەمابوو. پاندیۆن بڕیاریدا هەندێک پشوو بدات و بەهێزێکی زیاترەوە بچێتە لای ناخودای گەمی، لەبەرئەوە بۆ پشوودانێکی کورت لەسەر عەرز ڕاکشاو چاوی پێکەوە نا.

وێنەیەک لە سەما و ڕەقسەکانی دوێنێی بە بەرچاویدا هات. ئەو لەگەڵ گەنجەکانی گوندەکەی لەسەر چیمەن دانیشتبوون و چاوەڕوان بوون کە سەمای کچەکان بە شانازیی "ئافرۆدیت" بە کۆتا بگات. کچەکان دوو دوو پشت لە یەکتر سەمایان دەکرد. لە کاتێکدا دەستیان لە دەستی یەکتردا بوو. هەرکامەیان لەسەر شانەکانیانەوە تەماشای یەکتریان دەکرد و لەوە دەچوو کە سەمای جوانی یەکتر تەحسین بکەن.

هێڵی پانی ئاواڵ کراسە سپییەکانیان وەک شەپۆلە زێوینەکان، لە مانگە شەودا بەرز و نزم دەبوونەوە و لەشی تاوەسوت و تەلایی سەماکەرەکان چەشنی ئاهەنگی شمشاڵ، خەم و شادیان دەڕەواند. دواتر گەنجەکان لە سەمای دوڕنادا تێکەڵی کچەکان بوون و لەسەر پەنجەی پێیەکانیان بەرز دەبوونەوە و باسکیان وەک باڵی باڵندە دەکردەوە. پاندیۆن لە تەنیشت تسا کە چاوی بە ئازاری لەسەر ئەو هەڵنەدەگرت، سەمای دەکرد. گەنجەکانی گوند لە ڕادەبەدەر ئاگایان لە پاندیۆن بوو. تەنیا کوڕێک نەبێت بە ناوی "ئورماکیۆس"(٢٤) کە ئاشقی تسا بوو، و پێشانی دەدا بە ڕۆیشتنی پاندیۆن خۆشحاڵە. "لێنۆیا"(٢٥)ی زۆڵیش یەکێکی تر لەو کوڕانە بوو کە بە بەردەوامی پاندیۆنی ئازار دەدا. پاندیۆن تێگەیشت، ئەوانی تر بە شێوەی ئاسایی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکەن و کەمتر ئازاری پێدەگەیەنن، بەڵام لەوە دەچوو هێڵێک لەنێوان کەسێک کە گوندەکە بەجێدەهێڵێت و ئەوانەی تردا کە لە ناوچەکە دەمێننەوە کێشرابێت.

مانگ بە ئارامی لە پشت دارەکاندا ون بوو. پەردەیەکی تاریک سەر زەوی و شیناوەردەکەی داپۆشی. سەماکان بە کۆتا هاتن و تسا و هەڤاڵەکانی گۆرانی "هیراسیونا"(٢٦)یان خوێند. هەروەها گۆرانی ڕیشۆڵە "سێرو"ی بەهاری و گۆرانییەکیان خوێند کە پاندیۆن پێی خۆش بوو. سەرئەنجام کچەکان دوو دوو بەرەو ماڵەکانیان گەڕانەوە. پاندیۆن و تسا دوا کەس بوون کە بە ئەنقەست، بە هێمنی هەنگاویان هەڵدەگرت، تا بە تەنیا بمێننەوە. هەرکە گەیشتنە سەر گردی ڕووبە ڕووی گوندەکەیان، تسا لەرزی گرت و لە جێی خۆی ڕاوەستا و بە توندی خۆی بە پاندیۆنەوە نوساند.

دیوارە ڕاست و بە قسڵ سپی کراوەکانی پشت ڕەزەکان وەک ئاوێنە، ڕوناکی مانگە شەویان دەگواستەوە. پەردەیەکی ڕەوشەن بە ڕەنگی فریودەری زێو "زیو" کەنارە و دەریای تیرە و مۆری داپۆشیبوو. تسا بە ئارامی گوتی: (**پاندیۆن من زۆر دەترسم، ئاخ، هێزی "هەکەتی"، فریشتەی خوداکان مانگ چەندە گەورەیە و تۆ بە هەرێمێکدا دەچی کە**

**ئەو حوکمی تێدا دەکات....)** پاندیۆن کە لە فیکری تسادا نوقم ببوو، گوتی: (**نا، نا، تسا، هەکەتی لە کاریا**[٢٧] **حوکم دەکات و من ناچم بۆ ئەو جێیە و ڕێگەی من بەرەو دوڕگەی کریتە.)** سەرئەنجام پاندیۆن بە پێداگری، کچەکەی گەیاندەوە ماڵەکەیان.

پاندیۆن لە خەیاڵ هاتەدەر. کاتی خواردنی نان و درێژەدان بە گەشت بوو. دوای دوعا و پاڕانەوەی بۆ خودای دەریا، بەرەو کەنارەکە چوو. بۆ زانیاری پەیدا کردن لەسەر کات، نیسێی خۆری پێوا، نۆزدە پێ بوو. تێگەیشت پێویستە پەلە بکات کە بەرلە هاتنی شەو بگاتە گەمێ. پاندیۆن لە کاتێکدا دەوری دوڕگەکەی لێ دەدا، چاوی بە دارێکی درێژ و سپی کەوت کە بە هێمای بەندەر چەقاندبوویان، لەبەر ئەوە بێڵ لێدانەکەی دوو بەرامبەر توند کرد.

---

١- Qicumene ناوێکە یۆنانییەکانی کۆن لەسەر شوێنی نیشتەجێ بوونی دەورگیراو بە ئاویان دانابوو.

٢- Ageonr

٣- Thssa

٤- Qeniadae شوێنی لەدایک بوونی پاندیۆن لە باشوری ڕۆژئاوای یۆنانی باکور.

٥- Chartot of thehtght

٦- Achelous

٧- Aliss

٨- مەبەستی پاندیۆن لە شارەکانی ڕۆژهەلات، مایسند، ترینتیۆس و ئۆرچومینیۆسی یۆنانە. شارستانیەتی مایسند لە ساڵەکانی ١٢٠٠- ١٦٠٠ی پێش زایندا لەو ناوچانە سەری هەڵداوە. ئەو شارستانیەتە ڕاستەوخۆ لە شارستانیەتی "ئێژە- ئیجەیە" کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بەرلە یۆنانی کۆن و هێشتاش زانیارییەکی زۆریان لەسەر نیە.

٩- Mycenae

١٠- Tirinthus

١١- Orchomenus

١٢- Chrsaos

١٣- Crete

١٤- Cnossus

١٥- هەر ستادیا لە یۆنانی کۆندا نزیکەی ٦٠٠ پێ و لەسەردەمی فینیقییەکاندا نزیکەی ٢٥ مەتر بوو.

١٦- Peloponnesus

١٧- Boeotia

١٨- Argolis

١٩- Calydon

٢٠- Lower

٢١- Achaia

٢٢- Theseus قارەمانی ئەفسانەیی یۆنانە کە چوو بۆ کرێت و میسوتوری بەهێزی شکاند. کچان و کوڕانی ئاتن ساڵانە دەبوون بە قوربانی ئەو دێو سفەتە و تسیوس وڵاتەکەی لەو باجە خوێنییەی سێ حوکمڕانی کرێت ڕزگار کرد.

٢٣- Hecate

٢٤- Eurymachus

٢٥- Aenoia

٢٦- Hirasiona

٢٧- Caria ناوچەیەک بوو لە باشوری ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک و دەگەڕایەوە سەر دەریای ئێژە "ئیجە".

# ولاتی کەف

## ٢

ڕەشـەبا، کە بە شـێوەیەکی خەمنـاک بە نێـوان دار و دەوەنە وشـکەکاندا تێـدەپەڕی، بە کۆمەڵ ڕەڵمەکانی "ڕەمڵ" بەرز دەکردەوە. لوتکەی چیا وەک جادەیەک کە بە دەست دێوە نەناسراوەکان ساز کرابێت، بەرەو ڕۆژهەڵات دەچووە پێشـەوە و دەوری شـیوێکی پان و سەر سەوزی دەدا. بەلای دەریادا چیاکان بە لێژاییەکی کەم و داپۆشراو بە گوڵ و گیا تا ڕۆخـی ئـاوەکە شـۆڕ ببـوونەوە و لێـژاییەک کە لە پـارچە ئـاڵتونێکی گەورە دەچـوو، لە دوورەوە دەتگوت لە دڵی دەریاکەوە سەری بەرز کردوەتەوە.

"**پاندیۆن**" هەنگاوەکانی توند کرد، ئەمرۆ پتر لە هەمیشـە بیری "**ئۆنیـادا**"ی دەکرد. بە بیری هـاتەوە کە پێیـان گوتبـوو نەچێتە قـوڵایی دوڕگەی "**کرێت**"، واتـا بـۆ ئەو جێیەی کە چیاکان دەوریان گرتبوو، و دانیشتوانی دوژمنایەتی بێگانەکان و گەشتیارانیان دەکرد.

گەنـجەکە دەبـووایە پەلە بکـات. ئێسـتا پێـنج مانـگ بـوو لە بەشـە جیاوازەکـانی ئەو دوڕگەیەدا کە لەنێـو دەریـادا سـەری بەرز کردبـووەوە و بە زنجیـرە چیاکانـدا چووبـووە پێشەوە، دەگەڕا. لەو ماوەیەدا، پەیکەرتاشی لاو زۆر شـتی سـەیر و سـەمەرەی لە خەڵکانی سـەدەکانی ناوەنـدیی دیبـوو کە لە بەشـێکی پەرسـتگە بەتاڵەکـان و شـارە کـۆن و نیـوە وێرانەکاندا مابوون.

"**پاندیۆن**" ماوەیەکی زۆری لە کۆشکی بەشکۆی "**کنوسیوس**" تێپەڕ کردبوو. ئەو کۆشکە دەگەڕایەوە بـۆ سـەردەمەکانی بەرلە مێـژوو. کـاتێ بە پلەکـانە لە ژمـار نەهاتووەکـانی کۆشـکەکەدا سـەرو خـواری دەکرد، بـۆ یەکەم جـار لە ژیانیدا چـاوی بە ئەسـتونی بەردی سوور کەوت کە پایەکانی ئەستوور و بەرە بەرە لە سەرەوەدا باریک دەبوونەوە. لە بینینی گەچ بـڕی چـوار سـوچ کە بە ڕەنگـی ڕەش و سـپی ڕەوشـەن و هێڵـی ئـابی و ڕەش نەخشێندرابوون و لە زنجیرەیەک شەپۆل دەچوون، سەری سوڕ مابوو.

ئەو وێنـانەی ڕەنگـی ڕونیـان هەبـوو، دیوارەکانیـان داپۆشـیبوو. پانـدیۆن بە سەرسـوڕمانەوە دەیـڕوانییە وێنە پیرۆزەکـان، نومایشـی گابازەکـان، گروپـی ئافرەتـان کە دەفر و پیاڵە لەنێوان دەست و باسکەکانیان گرتبوو، کۆمەڵە کچێک لە گۆڕاییەکدا سەمایان

دەکرد و کۆمەڵێک پیاو کە دەوریان دابوون و سەرئەنجام دەیڕوانییە کۆمەڵێک ئاژەڵی بەهێزی نەناسراو، و گیاو گوڵی سەیر کە لە لێژایی چیاکاندا ڕوا بوون. پۆلێک گیا کە بەشێوەی چاوەڕوان نەکراو بەرز ببوونەوە، لاسکی بێ گەڵا و ڕووتیان بە شێوازێکی ناسروشتی بەرچاو دەکەوتن. لەگەڵ ئەوەشدا تێگەیشت کە هونەرمەندەکانی سەدەکانی ناوەندیی، هاوسەنگیە سروشتییەکانیان بە مەبەست لەگەڵ بیرو بۆچونەکانیان نەخشاندبوو، بەڵام ئەو بۆچوونە بۆ گەنجێک کە لە داوێنی سروشتی ئازاددا پەروەردە ببوو، بێ واتا بوو، سروشتێک کە تەنانەت کاتی تورە بوونیشی جوان و ڕازاوە بوو.

لە شارەکانی کنۆسیوس، تایلیسوس Tailisos، ئالیرا Alira و ویران بووە نهێنییەکانی بەندەری کۆنی "شاری بەردی"ی کە ماوەیەکی زۆر بوو ناوی لەبیر کرابوو، هەموو ماڵەکان لە جیاتی بەردی ئاسایی لە بەردی بۆری ساف و چوار سوچی تاشراو دروستکرابوون. پاندیۆن کۆمەڵێکی زۆر پەیکەری بچووکی ئافرەتی بینی کە لە عاج و برۆنز بوون، لەگەڵ پیاڵە و قاپی بەدەڵی چینی و پیاڵەی زێو و زێڕ کە جوانترین نەخشیان لەسەر بوو.

ئەو شوێنەوارە هونەریانەی یۆنان، کوڕە گەنجەکەی سەرسام کرد، بەڵام ئەوانیش هەر وەک شوێنەوارە لەبیر کراوەکانی تری نێو وێرانەکان، واتایەکی کەمیان بۆ ئەو هەبوو. توانایی و لێزانییەکی زۆر کە لە بچووکترین بەشی هەریەک لەو شوێنەوارانەدا دەبیندرا، پاندیۆنیان قانع نەکرد. ئەو خوازیاری شتێکی زیاتر بوو، و نەیدەویست خۆی بەو وێنانەوە سەرقاڵ بکات کە بینی بوونی و هەوڵی دیتنی پەیکەری جوان و زیندووی ئەو مرۆڤەی دەدا کە دەیپەرست. **پاندیۆن** بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، وێنەی دروستی ئەو خەڵک و ئاژەڵانەی دۆزیەوە کە بەرهەمی هونەریی هونەمەندانی میسر بوون و لەوێوە هێنرابوون. خەڵکی شارەکانی **کنۆسیوس**، **تایلیسوس** و **ئالیرا** کە ئەو شوێنەوارانەیان پێشانی **پاندیۆن** دا و پێیانگوت لە نزیک شاری **فاستۆس** Fastos کە هێشتا نەوەکانی خەڵکی دەریای تێیدا دەژی، دەکرێت شوێنەواری زیاتر لەوانە بدۆزێتەوە.

کوڕە گەنجەکە سەرەڕای هێما مەترسیدارە جێ باسەکان، بڕیاریدا پێ بنێتە چیاکانی بەشی باشوری دورگەی کرێت. ئەو لە ماوەی چەند ڕۆژی داهاتوودا هەموو ئەوانەی دەبینی کە بڕیاری دیتنی دابوون و دەگەڕایەوە لای تسا و ماڵەکەی. پەیکەرتاشی لاو ئێستا ئیتر باوەڕی بە تواناکانی خۆی هەبوو. بە هەموو دڵخۆشییەک کە بۆ فێربوونی

هونەری هونەرمەندانی میسری هەیبوو، بەڵام ئەشق و خۆشەویستی بۆ وڵاتەکەی و تسا و سویێندێک هەبوو کە بۆ ئەو کچەی خواردبوو.

چەنــدە خــۆش دەبــوو کە ئەگەر لە پــاییزدا، بە دوا کەشــتی بگەڕێــتەوە مــاڵەکەی و تەماشای چاوە شینەکانی خۆشەویستەکەی بکات و دوا خۆشییەکانی مامۆستاکەی "ئاگنر" ببینێت کە جێی باوک و باپیری بۆ ئەو هەبوو.

ئەو کوڕە گەنجە، هەندێک چاوەکانی خۆی تەنگ کردەوەو تەماشای پانتایی دەریای بێ سنوری کرد، نا، ئەوەی بەرچاوی، ئەوە نەبوو، ئەوەی لە ڕووبەڕووی دابوو، وڵاتی میسر بوو. وڵاتی باوکەکانی لە پشت سەری و لەوبەری ترۆپکی چیاکانە. ئەو هێشتا دەچووە پێشــەوە و لە وڵاتەکەی دوور دەکەوتەوە. دەیویســت شــاری **فاســتۆس** ببینێــت کە لەنێــو شارەکانی قەراخ دەریا، شتی زۆری سەبارەت بەو شارە بیستبوو. ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و هەنگاوەکانی بە ڕادەیەکی توند کرد کە لە ڕاکردن دەچوو. دیمەنی تیژی بەشێک لە بەرزاییە پانەکان، بە تاشە بەردی ساف داپۆشرابوون و بەرەو لێژایی شۆڕ ببوونەوە. کۆمەڵێک بەردی لوس وەک باقە گیا کەوتبوونە سەریەک و لە لابەلایاندا دەوەنی بۆرو ڕەش ڕوابوون.

لە نێوان دارەکان و لە بنارەکاندا بینای گەورەی ڕوخاو دەبیندران: دیوارەکانیان ڕوخا بــوو، بەڵام هێشــتا شــوێنەواری ژوور و دەرگاکانیــان لە چوارچێــوەی ئەســتونی ڕەش و سپیدا بە چاو دەبیندران. لەو وێرانەیەدا، هیچ دەنگێک نەدەبیستــرا. کەوانــی کچی ســەر دیوارە شکاوەکان وەک دێو کە ئامادەی ڕاوکردن بێت، بەرەو پاندێۆن درێژ ببوونەوە. سەری دیوارەکان لە ئاکامی بوومەلەرزەیەکدا کە تازە هاتبوو، قەڵشیان هەڵگرتبوو.

پەیکەرتاشــی گەنــج بە ئــارامی چــووە پێشــەوە و گەیشــتە نێــو بینــا وێــران بووەکــان. لە کاتێکدا هەوڵیدەدا ئارامی ئەو جێیە بپارێزێت، بە وردی تەماشای ژێر ئەستونە تاریکەکانی دەکرد کە هێشتا لە جێی خۆیان مابوون. پاندیۆن بە سوچێکدا چووە نێو هۆڵێکی چوار سوچ کە میچی نەمابوو، دیوارەکانی بە نیگاری ناسراو، و ڕەنگی ڕەوشــەن داپۆشرابوون. کوڕە لاوەکە هەرکە چاوی بە کۆمەڵێک دیمەنی ڕەش و قاوەیی پیاوانێک کەوت کە لەنێوان ژمــارەیەک ئــاژەڵ و کەشــتی ســەیر و سەرســوڕهێنەردا، یەکتریــان ڕاودەنــا و شمشــێر و کەوانیــان پێبــوو، دەســتبەجێ داســتانەکەی بــاوکە پیــرەی بەبیــر هــاتەوە و تێگەیشــت کە لە

ڕووبەڕوویدا وێنەی گروپێک سەرباز هەیە کە بە گوێرەی ئەفسانە دێرینەکان، پەلاماری وڵاتی پێست ڕەشەکانی سنوری "ئۆیگیرمان"یان دەدا.

پاندیۆن لەو بەڵگە شوێنەواریەدا، گەشتی ترسناکی ئەو گەشتیارانەی دەبینی کە لە سەردەمانی کۆندا ئەنجامیان گرتبوو، و بۆ ماوەیەکی زۆر لە نیگارە ئاو ڕەنگەکانی ڕوانی و کاتی دوور کەوتنەوە لێیان، بەردێکی مەڕمەڕی چوار ڕەهەندی لە نێوەڕاستی هۆڵەکەدا سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئەو بەردە بە گوڵینگەی شین و ئەڵقەی شوشە و کۆمەڵێک گوڵی تازە ڕازابووەوە. لەوە دەچوو، ئەوانەی لەوێ بوون، نەوەکانی کەسانێک بن کە لەو وێرانەیەدا ژیا بوون! کوڕە گەنجەکە لە کاتێکدا پشووی لە سنگیدا ڕاگرتبوو، بەرەو پەرستگەی دەرەوەی هەیوانەکە وەڕێکەوت کە گیا دەوری تەنیبوو. هەیوانەکە دوو ئەستونی چوار سوچی سپی وەک پایە و دوو ئەستونی سوور و خڕیشی لەسەر لێواری هەڵدێرگەیەکی کورت هەبوو لە پێشەکەیان بە پەلی دار و درەخت و گەڵا داپۆشرابوو.

لە بەشی هەڵدێرگەی کەنداڵەکەدا، دارە بەڕوویەکی خوار بووەوە، دەبیندرا. پاندیۆن کە گەیشتە نێو شیوەکەوە، جادەیەکی سەنگ فەرشی بینی کە بەرەو ڕۆژهەڵات دەچوو. هەوڵی دەدا بەسەر ئەو بەردانەدا کە تیشکی خۆر گەرمی کردبوون، بە ئارامی هەنگاو بنێت. گەڵای پانی دار چنارەکانی دەستی ڕاستی جادەکە، لەو کەشە گەرمەدا بە زەحمەت دەجوڵانەوە و سێبەریان جادەکەی داپۆشیبوو. پەیکەرتاشی لاو کاتێک لەبەر تیشکی خۆر پەنای بۆ سێبەر برد، پشویەکی هاتەوەبەر. بۆ ماوەیەک، تونیەتی گوشاری بۆ دەهێنا، بەڵام چونکە وڵاتەکەی خۆی کەم ئاو بوو، لەگەڵ تونیەتی ڕاهاتبوو.

دوای چەند ستادیا، بینایەکی نەوی و درێژی لە بناری گردێکدا بینی کە جادەکەی لەوێوە بەرەو باکور دەسوڕایەوە. ژمارەیەک لە ژوورە بچووکەکانی ئەو بینایە بەتاڵ بوون و لە ڕیزێک سندوقی هاوشکڵ دەچوون کە دەرگایان بەرەو جادە دەکرایەوە. پاندیۆن ئەو بینایانەی بە کاروانسەرا و شوێنی پشوودانی گەشتیارانی کۆن دەزانی. بەشێکی زۆریان بە لای باکوری دوڕگەکەوە بوون. بەپەلە چووە نێو دالانی ئەسڵی بیناکە کە دیوارەکانی بە ڕەنگێکی ڕون ڕەنگ کرابوون و بە ئەستونێک دوو بەش کرابوون. خوڕەی ئاوی جۆگەلەیەکی باریک، کوڕە گەنجە توونی و ماندووەکەی بەرەوخۆی ڕاکێشا.

پاندیۆن بەرەو گەرماوێک چوو کە لە ڕوخی کانیاوێکدا هەڵکەوتبوو. ژێر ئاوی گەرماوەکە بە تاشە بەرد، سەنگ فەرش کرابوو. ئاوەکە بە لولەیەکی ئەستوردا دەهات و

بە سێ حەوزی بچووکی نزیکی یەکدا تێدەپەڕین و بە پلوسکێکی سەر ئاوەڵەدا "قیف" دەڕژایە خوارێ.

پەیکەرتاشی لاو، بەرگ و پێڵاوەکانی داکەند و لەو ئاوە ڕون و فێنکەدا مەلەی کرد و تێر ئاوی خواردەوە و بۆ پشوودان لەسەر تاتە بەردێک ڕاکشا و لە کاتێکدا دەنگی چۆڕەی ئاوەکە و جووڵەی ئارامی گەڵای دارەکان ئارامییان پێدەبەخشی، چاوەکانی کە لە بەرامبەر تیشکی خۆری ڕێچکەی چیاکاندا ماندوو ببوون، وێکینا بوون و خەوی لێکەوت.

خەوەکەی کورت بوو، کاتێک وەخەبەر هات، سێبەری ئەستونێک کە پێش خۆرەکەی گرتبوو، زۆر نەگۆڕا بوو. لەجێ هەستا و بەپەلە بەرگەکانی دەبەر کردەوە. ماندووی حەسابووەوە و هەستی بە فێنکایی دەکرد. هەندێکی نان و پەنیری پێستە خوارد و چەند قومی‌تری ئاو بەسەردا کرد و درێژەی بە ڕێگادا، بەڵام لەپڕ ڕاوەستا. لە دوورەوە دەنگێک دەهات. پاندیۆن بۆ ئەوەی دەوروبەری خۆی باش ببینێت، چووە سەر جادەکە. ئیتر گومانی نەما و زانی لە بەشێکی جادەکە و لە نێو دار و دەوەنەکاندا، دەنگی پێکەنین و غەڵبەغەلبێکی نائاشنا و دەنگی ئاسنەواڵە دێت. هەستی بە شادییەکی تێکەڵاو لەگەڵ ترس دەکرد. لەو کاتەدا، دەست و ماسولکەکانی وەجووڵە کەوتن و بەتوندی دەسکی شمشێرەکەی باوکی گرت و لەژێر لێویدا هەندێک دوعای بۆ ڕێزگرتن لە "هیپریۆن"ی پشتگری خوێند و بە دارستانی قەراخ جادەکەدا، بەرەو دەنگەکان چووە پێشەوە. کەشی دارستانەکە قورس و هەناسەبڕ بوو، و هەناسە کێشانی دژوار دەکرد.

کوڕە گەنجە پەیکەرتاشەکە بە ئارامی بە تەنیشت کۆمەڵێک دەوەنی بەرز و پڕ لە دڕو و دڕدووکدا کە لەنێوان دارە تووانددا ڕوابوون، چووە پێشەوە. ئەو دارە بۆرانەی کە توێلکی ساف و ناسک و ڕۆشەنیان هەبوو. کۆمەڵێک داری دڕودار، وەک دیوارێکی قایم لە بەرامبەریدا ڕێگەیان لێ بەستبوو، و ژمارەیەکی زۆر گوڵی سپی بە هێشو بەسەریاندا بڵاوببوونەوە. پەیکەرتاشی لاو لەو کاتەدا "تسا"ی کەوتەوە بیر، چونکە لە وڵاتەکەیدا ئەو دارە دڕو دارانە، بۆ کچانی گەنج و پێگەیشتوو، پیرۆز بوون. ئێستا دەنگەکان نزیک ببوونەوە، ئەو خەڵکە بە هۆیەکەوە لە گەروودا قسەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. پاندیۆن لێیان تێنەدەگەیشت و سەبارەت بە بوونیان توشی هەڵە ببوو. کاتی بڕیاردان گەیشت. پەیکەرتاش بەرەو خوارەوە دوولا بووەوە و بە دەست لق و پۆی گەڵای دار و درەختەکانی لادا و خزایە خوارەوە.

لە سـەر شـیناوەردێک کە بەگیـای ناسـک و تـازە داپۆشـرابوو، دیمەنێکـی نائاسـایی سەرنجی ڕاکێشا. لەنێو ئەو شیناوەردەدا گایەکی شاخ درێژی ڕەنگ سپی وەک بەفر مۆڵی خواردبوو. سەر و لای زکی خاڵی ڕەشی پێوە بوو. هەندێک دوورتر گروپێک کچ و کوڕی گەنج و ژمارەیەکی بە تەمەن لەژێر سێبەرێک ڕاوەستابوون. پیاوێکی باڵا بەرز بە ڕیشێکی پڕ و ئاڵۆز کە ئەڵقەیەکی ئاڵتونی بە قژییەوە بوو، ژاکەتێکی قۆڵەی لەبەردا و قایشێکی زێو "زیـو"ی تێگیراوی لەسـەر بەستبوو، هـاتە پێشـەوە و ئاماژەیەکی کرد. دەسبەجێ کچێکی جـوان و ژیـکەڵە کە بـارانییەکی درێـژی لەبەردا بـوو، لە گـروپەکە جیـابووەوە و هەردوو دەسـتی بۆسـەر سـەری بەرز کـردەوە و لە ئاکامـدا بـارانییەکەی خەریـک بـوو بکەوێـتە خوارەوە، بەڵام قەیتانێکی ڕەش و سپی، ئەوی بە پشتییەوە ڕاگرت.

قژی ڕەش و بریقەداری کچەکە بەسەر شانەکانیدا شـۆڕ ببـووەوە و چەند بـازنەی زێڕ لە دەستەکانیدا دەدرەوشانەوە. کچەکە بە هەنگاوی ئارام، بەڵام توند کە لە سەما دەچوو، لە گایەکە نزیک بووەوە و لەپڕ ڕاوەستا و دەنگێکی لە گەرووی هـاتە دەر. چـاوی نوسـتوی گـایەکە وەک گـڕی ئـاگر کـرایەوە و هەردوو دەسـتی خـوار کـردەوە و کەم کەم سـەری قـورس و زلـی بەرز کـردەوە. لەو کـاتەدا کـچەکە وەک تیـر کە لە کەوان دەربچێـت، خـۆی هاویشتە سەر پێشـتی و توند بە پشـت گـایەکەوە نوسـا و لە چرکەیەکدا هەردوویـان بەبێ جووڵە مانەوە. بەو دیمەنە موچوڕکێکی سارد بە لەشی پاندیۆن دا هات. گـایەکە، کە هێشـتا پێیەکانی کۆ نەکردبۆوە، دەسـتەکانی ڕاسـت کردەوە و سـەری بە تەواوی بەرز کردەوە و لە کاتێکدا ماسولکەکانی ئازاریان دەدا، خۆی کێشـایەوە و لەشـی جـوان و ڕەش ئەسـمەری کـچەکە بەسـەر لێژایـی پشـتی گـایەکەوە نوسـا و لەگەڵ زەمینـەی پێسـتی سـپی ئـاژەڵەکەدا جیاوازییەکی زۆری پێکهێنا. کچە، یەکێک لە شاخەکانی گای بە توندی گرت و دەستەکەی تری لە ملی هاڵاند. ڕانێکی بە چەشنی کەوانێک بەسەر درێژایی پشـتی ئـاژەڵەکەوە نوسـاند. جیـاوازیی نێـوان هێڵەکـانی جـوانی جەسـتەی بەهێـزی گـایەکە و ئەنـدامی ڕێـک و بـاریکی کچەکە پاندیۆنی سەرسام کرد.

پەیکەرتاشـی گەنـج، لە چرکەیەکـدا سـەر و ڕووی پـان و لێـوی کـۆکراوە و خـونچەیی کچەکەی دی. لەو کاتەدا، گایەکە تەکـانێکی بە جەسـتەی زلـی خۆیدا و هەسـتایە سـەرپێ و کچەکەی لەسەر پشتی خۆی هەڵکەند و فڕێیدا. کچە چەند هەنگاو دوورتر خۆی لە سـەرپێ گـرتەوە. سـەرلەنوێ دەسـتەکانی بەرز کـردەوە و قیژەیەکـی تونـد و قـوڵەی لێهـات. گـا

تورەکەش شاخەکانی هێنایە خوارەوە و پەلاماری کچەیدا. ترس پاندیۆنی هەڵگرت، گۆمانی نەما کە ئەو کچە جوان و ئازایە دەکوژرێت. لەبەر ئەوە ئازایانە شمشێرەکەی هەڵکێشا و ویستی بەرەو شیناوەردەکە بکشێتەوە کە بینی کچە زیرەکانە و بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەجێی خۆی هەستایەوە و سەرلەنوێ خۆی خستەوە سەر پشتی گایەکە.

گای تورە، بە توندی بەرەو شینایییەکە ڕایکرد و بە سمکۆڵان هەڕەشەی دەکرد. گابازە گەنجەکە بە ئارامی لەسەر پشتی گا تورەکە دانیشتبوو، و هەردوو ئەژنۆی بە دووڵای سنگی گایەکەوە نوساندبوو. لە کاتێکدا کچ و کوڕەکان بە دەنگی بەرز کچەکەیان هاندەدا، گا هێرشی بۆ بردن و کچەکەش لەسەر پشتی گایەکەوە، بە سەرمەقولاتێک خۆی هاویشتە خوارەوە و بە هەناسەبڕکە و شادی کردن خۆی گەیاندەوە هەڤاڵانی. ئەوانیش بە چەپڵە لێدانی توند و بەردەوام، پێشوازییان لێکرد.

گایەکە بە توندی بەرەو شیناوەردەکە ڕایکرد و گەڕایەوە و هێرشی کردە سەر کچ و کوڕەکان. دەستبەجێ سێ کوڕ و دوو کچ لە گروپەکە جیابوونەوە و بە هوتاف کێشان و لێزانی، لەکاتێکدا خۆیان لە شاخی ترسناکی گایەکە دەپاراست، ئەویان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا و یەکێک لە کچەکان خۆی بە ملی گایەکەوە نوساند و سواری پشتی بوو. چاوی ئاژەڵەکە خەریکبوو لەجێی خۆیان دەرپەڕن، کەفی لە زاری دەتکا و سەری ئەوەندە شۆڕ کردبووەوە کە خەریکبوو لمبۆزەی لە زەوی بخشێت. هەوڵیدەدا کچەکە لە زەوی بدات، بەڵام کچ بەرەو پشتەوە خوار بووەوە و بە هەردوو دەستی، کلکی گایەکەی گرت و بە هەردوو پێی لە بن گوێی گایەکەی دا و زیرەکانە خۆی هاویشتە سەر زەوی.

کوڕ و کچەکان لە هێڵێکدا بە ڕیز ڕاوەستان و بە دوای یەکتردا بەپێ لە گایەکەیان دەدا. ئەو یارییە ماوەیەک بەردەوام بوو، تا سەرئەنجام گایەکە بە بۆڕەیەکی ترسناک، پەلاماری پاش و پێشی خۆیدا، بەڵام کوڕ و کچەکان خۆیان لا دەدا و لە دەوری هەڵدەبەزینەوە. بۆڕەی گا ئاوێتەی ناڵە بووەوە و ئارەقە بەسەر پشت و کەلەکەکانیدا هاتە خوار و لەگەڵ هەر هەناسە کێشانێکیدا کەف بە لغاویدا دەتکایە سەر زەوی.

دوای هەندێک گایەکە ڕاوەستا و سەرە گەورەکەی شۆڕ کردەوە و بە تورەیی تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. لەو کاتەدا دەنگی چەپڵە و شادیی کچ و کوڕەکان ئاسمانی داگرت. ئەو پیاوەی ئەڵقەی ئاڵتونی بە قژیەوە بوو، ئاماژەی بۆ بەشداران کرد و ئەوانیش لە گایەکە دوور کەوتنەوە. هەموو ئەوانەش کە لە دەوری شیناوەردەکە بوون لە

شـــوێنەکەیان ڕۆیشـــتن و بەرلەوەی کە پانـــدیۆن تێبگـــات چ ڕوویـــداوە، لەنێـــو دار و دەوەنەکاندا ونبوون. گا بەتەنیا لەسەر شیناوەردەکە مایەوە و لەو پێشبڕکێیەدا جگە لە هەناسە هەڵکێشانی توند و شێلانی زەوی چی بۆ نەمایەوە.

پاندیۆن، بەو شانۆیە کەیفی ساز بوو، و ئەوەی بە شانس و بەختی گەورەی خۆی زانی. ئەو بینەری گابازییەکی دێرین بوو کە سەد ساڵ بەرلە لە دایک بوونی لە دورگەی کریت و شارە کۆنەکانی یۆناندا باو بوو.

مرۆڤێکی چالاک و سەرسوڕهێنەر کە لە بەربەرەکانی لەگەڵ گایەک بەبێ ڕژانی خوێن بە ڕاستی سەرکەتنی بەدەست خستبوو، و ئاژەڵێک کە بۆ خەڵکانی ئەو سەردەمە نمونەی هێزی سەربازیی و توانای لەبن نەهاتووی خۆڕاگریی پیرۆز بوو. جووڵەی لە ڕادە بەدەری ئەو ئاژەڵە کە بە جووڵەیەکی زیاتر لەناو چوو، تەنیا بۆ جوڵەی حیساب کراوی یاریکەرانی دەگەڕایەوە. پاندیۆن کە لە سەرەتای منداڵییەوە بەهێز و چالاک پەروەردە کرابوو، باش دەیزانی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەو ئاژەڵە، تا چ ڕادەیەک پەروەردە بوون پێویستە کە بتوانێ بۆ ئەو یارییە ترسناکە ئامادە بێت. ئەو بە شوێن ئەو مەترسییەدا نەچوو کە لەوانە بوو یاریکەرەکان بۆی بخولقێنن، گەڕایەوە سەر جادە و بەباشی زانی بچێت بۆ ماڵەکانیان.

جادە بە دوای چەند ستادیا ڕێک چووە پێشەوە و دواتر لەپڕ بەرەو باشور و دەریا بایداوە. دار و درەختەکان لە قەراخ جادەکەدا جێیان بۆ دەوەنی تۆز گرتووی دەوروبەریان کردبووە. پاندیۆن گەیشتە سەر قۆرتێک "لۆفە"، سێبەری خۆی بە شێوەی چاوەڕوان کراو بەرز بووەوە. لەوکاتەدا، لە نێوان دەوەنەکاندا خشە خشێکی بیست. ڕاوەستا و گوێی دایە. باڵندەیەک لە شەقەی باڵی دا و فڕی و سەرلەنوێ دوای هەندێک، گەڕایەوە نێو دەوەنەکان، بەڵام چونکە تیشکی خۆر لە چاوی پاندیۆنی دەدا، ئەو نەیتوانی جۆری باڵندەکە بناسێت.

پەیکەرتاشی گەنج بە ترسەوە درێژەی بە ڕێگادا و ئیتر گوێی لە دەنگەکان نەگرت، بەڵام لە دوورەوە دەنگی گمەگمێکی خۆش و ئارامی کۆتری بیست. دوو باڵندەی تر وەڵامی ئەو دەنگەیان دایەوە و دواتر هەموویان بێدەنگ بوون. کاتێک پاندیۆن لە قۆرتی جادەکە تێپەڕی، دەنگی کۆترێک لە نزیک ئەو دووپات بووەوە. ئەو بە ئارامی ڕاوەستا و هەوڵیدا باڵندەکە ببینێت. لەپڕ شەقەی باڵ لێدانی لە پشت سەری خۆی بیست و دوو کۆترە

بـاریکە، بەرەو ئاسـمان باڵیـان گـرت. پانـدیۆن بەرەو پاشـەوە کشـایەوە و چـاوی بە سـێ پیاوی گۆپاڵ بەدەست کەوت کە دەهاتن.

ئەو سـێ کەسـە بە دەنگـی بەرز، خۆیـان هاویشـتە سـەر پانـدیۆن. ئەو دەسـتبەجی شمشێرەکەی هەڵکێشا، بەڵام بە زەبرێک کە لە سەری کەوت، دنیا لەبەر چاوی تاریک بوو، و کەوت. چوار کەسی تر بە هاواری ئەو سێ کەسەوە هاتن، پاندیۆن گێژ ببوو، و دەیزانـی کە ئیتر ناتوانێ لە بەرامبەریاندا بوەستێ و بە ناهومێدییەوە بەرگریی لەخۆی دەکرد، بەڵام بە زەبرێکی تر کە لە باسکیاندا، شمشێرەکەی لە دەست کەوت.

پەیکەرتاشی گەنج، ئەوانەی فڕێدا کە سواری سەری ببوون و هەستایەوە سـەرپێ. دوو لەوانـی بە مسـت خسـت و کەسـی سـێیەمی بە شـەق لە عەرز دا. بە ڕواڵەت پەلامـاردەران نەیاندەویسـت ئەو بێگـانەیە بکـوژن. لەبەر ئەوە گۆپاڵەکانیـان فڕێـدا و دووبـارە خۆیـان خستەوە سەری و ئەویش لەژێر قورسایی پێنج کەسدا لە خۆڵ گەوزا و دەم و چاوی پڕ بوو لە تۆز و خۆڵ و چاوی ئێشی پێ گەیشت و بە تەواوی لە پشـو کەوت. هەوڵیدا خـۆی بخاتەوە سەرپێ و پەلاماردەران لەخۆی دوور بکاتەوە، بەڵام ئەوان لاقیان گرت و سەریان خـوار کـردەوە و جەسـتەیان لێک هاڵاند. لەو کـاتەدا کە تـۆز و خـۆڵ پـێش تیشـکی خـۆری گرتبوو، پەلاماردەران هەستیان بە هێز و توانای پاندیۆن کرد و بێدەنگ بوون.

دەنگی ناڵە و هەوڵ و تەقەلا و هەناسەبڕکەی توند، بێدەنگی جادە چۆڵەکەی شـکاندبوو. بەو حـاڵەش، لەگەڵ جەسـتەی تـۆز گرتـوو، جلـوبەرگی پچڕپچـڕ، بەربەرەکـانی درێـژەی هەبـوو. پانـدیۆن چەنـدجار پەلامـاردەرانی لە عەرز دا، بەڵام ئەوان لاقیـان دەگـرت و سەرلەنوێ سواری سەری دەبوونەوە. لەپڕ دەنگی سـەرکەوتن دڵـی ئاسـمانی دڕی. هێزی یارمەتیدەر گەیشت. پەلاماردەران چوار کەسی تریان بۆ زیاد بوو. بە هەموویـان، دەسـت و پێی کوڕە گەنجەکەیان بە گوریسێکی قایم بەست. پاندیۆن کە بە هـۆی مانـدووبوونی زۆر، وەک مردووی لێهاتبوو، چـاوی لێک نـا و سـەرکەوتووەکانیش دوای ئەو شـەڕە دژوارە، لە کاتێکدا بە زمانێکی نائاشنا قسەیان دەکرد، لە تەنیشت ئەو، لەژێر سێبەرێک درێژ بوون.

دوای حەسانەوەیان، پەلاماردەران ئاماژەیان بە کوڕە گەنجەکە کرد کە لەگەڵیان بچێت، ئەو تێگەیشـت لەوە زیـاتر درێـژەدان بە بەربەرەکـانی بێسـودە و بڕیاریـدا هێـزەکەی بـۆ هەلێکی تـر ڕابگرێت و بەسـەر قبوولی کـرد. پەلامـاردەران گوریسـی دەسـت و پێیەکانیـان کـردەوە. پانـدیۆن لە کاتێکـدا لە گەمـارۆی دوژمنەکانیـدا بـوو، بە لاکە لاک بەرەو جـادە

بەرپێـکەوت و زۆر زوو گەیشـتە کـۆمەڵە خـانووبەرەیەکی نـاحەز کە لە بەردی ناڕێـک دروست کرابوون.

گرووپێـک لە خەڵکـی ئەو جێـیە لەگەڵ چەنـد و ژن و منـداڵ، بـۆ بینینـی پانـدیۆن لە ماڵەکانیـان دەرکەوتـن. پیـرە پیاوێـک کە ئەڵقەیەکـی زێـوی بە قـژی سـەریەوە بـوو، بەرەو پاندیۆن چوو، و بە چاوی کڕیار تەماشای کرد. دەستی لە ماسولکەکانیدا و بە ڕوویەکی گەش کە هێمای خۆشحاڵیی بوو، شتێکی بەو کەسانە گوت کە پاندیۆنیان بەدیل گرتبوو، ئەوانیش کوڕە گەنجەکەیان برد بۆ ژوورێکی بچووک. دەرگای ژوورەکەیـان بە جیرە جیڕ کردەوە. لە ژوورەکەدا کەرەستەی ئاسنگەریی و هەندێک ڕەژی "ڕەژو" هەبوو. دوو ئەڵقە ئاسـنی گەورە، بەڵام سـوک بە دیـواری ژوورەکەوە هەڵواسـرابوون. بـاڵای پیـرە پیـاوەکە کورت و دەستی درێژ و چاوەکانی شەڕیان لێ دەباری.

پیـرە پیـاوەکە، بە یەکێـک لە هاوڕێیـانی گـوت: کـوورەی ئاسـنگەریی بگەشـێنێتەوە و خۆشـی چـوو ئەڵقەیەکی ئاسـنی کە بە بزمـاری دیـواری ژوورەکەوە هەڵواسـرابوو، هێنـا و بەرەو بەدیـل گیـراوەکە چـوو. ئاسـنگەری پیـر بە تـوڕەیی لەژێـر چەنەی پانـدیۆنی دا و ئەڵقەکەی لە ملی کرد، بەڵام چونکە ئەڵقەکە گەورە بوو، بۆڵەیەکی لێهات و بۆ گۆشـەیەکی ژورەکەی فڕێدا. ئەم جارەیان بە بۆڵە بۆڵ زنجیرێکی هێنا و ئەڵقەی سـەری زنجیرەکەی لە ئاگر خست و کوتای کە خواری بکاتەوە و شێوازی دڵخواز بگرێتەبەر. لەو کاتەدا، پانـدیۆن تێگەیشــت توشـــی چــۆن کێشـــەو گرفتێــک بـــووەتەوە و هەمـــوو ئەو وێـــنە جـــوان و خۆشەویســـتانەی وڵاتەکەی یەک بە یەک بەمێشـــکیدا هـــاتن. تســـا بە ئەشـــقی گەڕانەوەی پانـــدیۆن لە قەراخ دەریـــای وڵاتەکەیـــدا چـــاوەڕوانیەتی. دەیزانـــی ئەو دەگەڕێـــتەوە، بەڵام پاندیۆن خولەکێکی تر، تەوقی کۆیلەتی لە مل دەکرا و بەبێ هـیچ هیـوایەک بـۆ ئـازادی، بە زنجیرێکـی بەهێـز دەبەسـترایەوە. ئەو دوا ڕۆژەکـانی مـانەوەی خـۆی لە کرێـت حیسـاب کردبـوو.... بە زوویـی دەیتـوانی بچێتە بەنـدەری "کالیـدن" کە لەوێـوە دەسـتی بەو گەشـتە مەرگهێنەرە کردبوو.

پاندیۆن بە دەنگێکی ئارام لەژێر لێویدا دەیگوت: **(ئەی بابە گەورە، ئەی تیشکی خۆر و تۆ ئەی هێمای جوانی، یان مەرگ یان ڕێگایەک بۆ ڕزگاریی.)** لە هەمانکاتدا ئاسنگەر پیرە بە هێمنـی درێـژەی بە کـارەکەی دەدا و دووبـارە ئەڵـقەکەی پێـوا و هەردوو سـەری پـان کـردەوە و بەسـەر یەکتـردا خـواری کردنەوە و چەنـد جێدا کونی کرد و تەنیـا ئەوەنـدەی

مـابوو، تەوقەکە بە زنجیـر ببەسـتێتەوە. غـورە غـوڕێکی کـرد و هاوڕێیـانی ئاماژەیـان بە پاندیۆن کرد کە لەکن ئاسنگەرەکە دانیشێت. کوڕە گەنجەکەش بەهەمـوو هێزییەوە هەوڵیدا خۆی ڕزگار بکات، بەڵام خوێن لەژێر قایشێک کە لە ئانیشکیان بەستبوو، فیچقەی کرد. لەو کاتەدا هەستی کـرد قایشـەکە خەریکە شـل دەبێتەوە و بەوەش هەمـوو دەرد و ئازارەکـانی لەبیر کرد.

قـایش کـرایەوە و پانـدیۆن بە سـەر لەژێـر چەنەی پیـرە پیاوەکەیـدا و خسـتی و دوو کەسـەکەی تریشـی لە عەرز دان و بەپەلە ڕایکـرد و خـۆی گەیانـدەوە سـەر جـادە. دوژمنەکانی بە تـوڕەیی بەشـوێنی کەوتـن و بە قیـژە و هـاوار، ژمـارەیەکی تریـان بە چەقۆ، نێزە و شمشـێر بـۆ یـارمەتی کـۆ کـردەوە و هەردەهـات ژمارەیـان زیـاد دەبـوو. پانـدیۆن لە جـادەکە لایـداو بەسـەر دەوەنەکانـدا، بە غـار بەرەو دەریـا چـوو. دوژمنەکـانیش بە قیـژە و هاوار بەشوێنییەوە بـوون. دەوەنەکـان بەرە بەرە کەم دەبوونەوە و زەوی لێژایەکـی کەمـی بەخۆیەوە گرت. پاندیۆن گەیشتە سەر گردێک و لەوێوە ڕاوەستا. دەریا بە مەودایەکـی زۆر لەژێـر کەنـداڵێکی لە دیوارچـوودا بـوو، و ئـاوەکەی لە بەرامـبەر تیشـکی خـۆردا دەدرەوشایەوە. کەشتییەکی سوور بە مەودای دە ستادیا لە کەنارەوە سنگی ئـاوی دەریـای دەدڕی و دەچووە پێشەوە.

پاندیۆن بە درێژایی کەنداڵەکەدا ڕایکرد و هەوڵیدەدا ڕێیەک بـۆ خـوارەوە و سـەر دەریـا بـدۆزێتەوە، بەڵام دیـواری درێـژی کەنـداڵەکە بە مەودایەکـی زۆر بە هەردووولادا درێـژ ببووەوە و هیچ ڕێگەیەکی بـۆ دەرچـوون نەبـوو. بەشـوێن کەوتووەکـانیش ئێسـتا لە لابەلای دەوەنەکانـدا دەبینـدران. ئەوان لە نیـو کەوانەیەکـدا دەهـاتنە پێشـەوە و سـێ لای ڕێگایـان لە پاندیۆن گرتبوو. کوڕە گەنجەکە تەماشای دوژمنەکانی کرد و دەستبەجێ بە مێشکیدا هـات: **(مردن لە پێشە و کۆیلەتی بە دوایدا. تسا ببـوورە ئەگەر بیسـتت....)** تێگەیشـت لەوە زیـاتر نابێ کات بەفیڕۆ بدات.

لـوتی ئەو کەنـداڵەی کە پانـدیۆن لەسـەری ڕاوەسـتابوو، هەنـدێک زیـاتر لە کەنـداڵەکە چووبـووە پێشـەوە و دوای نـزیکەی بیسـت کوبیـت[1] لە ژێـرەوە، کەنداڵەکە هەنـدێکی تـری خشیبووە پێشەوە و دار کاجێکی قـوڵەی لە سـەر ڕوابـوو. پاندیۆن بە واتـای دوا ماڵئـاوایی چاوی لە دەریا بڕی و لەپڕ خۆی هاویشتە نێوان لق و پۆی دارە کـاجەکە. هاوکـات قیـژە و هاواری دوژمنە توڕەکانی بەرز بووەوە. پاندیۆن لەسەر دارەکە کەوتە خوارەوە. لە کاتێکدا

لقەکانی دارەکە دەشکان، جەستەی ئەویش زامیان هەڵدەگرت و سەرئەنجام دوای نزیکەی هەشت مەتری تر کەوتە سەر تەپۆڵکەیەکی نەرم کە بە شەپۆلی ئاوی دەریا تەڕ ببوو، و لەوێوە خللۆر بووەوە. پاندیۆن کە بەو کەوتن و خللۆر بوونەوەی گێژ ببوو، لەسەر چۆک دانیشت و نەیدەزانی ڕزگاری بووە و دەریا لەژێر پێی دایە.

کەشتییەکە نزیکتر ببووەوە و دەنگیۆ هاوار و قیژە مێشکی ئازار دەدا و هەموو لەشی ژانی دەکرد و بەر چاوی تاریک ببوون. بە سەرسوڕمانەوە تێگەیشت ئەگەر بەشوێنکەوتووەکان کەوانیان پیۆ بێت، لەوانەیە بیکوژن. دەریا، پاندیۆنی بەرەو خۆی ڕادەکێشا و کەشتییەکەش بەرە بەرە نزیکتر دەبووەوە. پاندیۆن ئەوی بە ڕزگارکەری خۆی دەزانی کە خوداکان بۆیان ناردبێت. لەبیری کردبوو کە ڕەنگە ئەو کەشتییە هی بێگانەکان، یان دوژمن بێت. لەو هەستەدا بوو کە دەریای وڵاتەکەی، ئەو فریو نادات. لەبەر ئەوە هەستایە سەرپیۆ و دڵنیا بوو کە باسکەکانی تەندروستن و بەو زانیارییە خۆی لە دەریاکە هاویشت و بە مەلە بەرەو کەشتییەکە چوو. شەپۆل بەسەر سەریدا تێدەپەڕین، لەشی زامداری پەیڕەوی لە هەست و ئیرادەی ئەو نەدەکرد و برینەکانی دەسوتانەوە و گەروی وشک ببوو.

کەشتی بەرە بەرە لە پاندیۆن نزیک بووەوە، ئەوانەی لەسەر کەشتییەکە ڕاوەستابوون، بە دەنگی بەرز، ئەویان هاندەدا. دەنگی شڵپەی سەوڵ لێدانی بیست و لێواری سەرووی کەشتییەکە گەیشتە سەر سەری و دەستە بەهێزەکانیان گرت و بەرزیان کردەوە و کێشایانە سەر کەشتی. کوڕە گەنجەکە لە هۆش چوو، و وەک مردوو لەسەر تەختە گەرمەکانی سەر کەشتی ڕایانکشاند. دوای ماوەیەک بەهۆشیان هێنایەوە و ئاویان دایە. بۆ ماوەیەکی زۆر دەمی بە ئاوەکەوە نا و بە ئیشتیا قومی لێدا. پاندیۆن هەستی بە گواستنەوەی خۆی بۆ جێیەک کرد و زانی بە شتێک سەریان داپۆشی و چوو لە خەوێکی قوڵەوە.

چیاکانی کریت، بەشێوەیەکی زنجیرەیی و ناڕێک لە کەنارەی دەریا بەرز ببوونەوە. پاندیۆن جووڵەیەکی کرد و ناڵەیەکی لێهات و ناخواستە چاوەکانی لێک کردەوە. لەسەر کەشتییەک بوو کە لە کەشتی وڵاتی خۆی نەدەچوو. کەشتی لێواری قوڵەی هەبوو، و بە ڕیشاڵی چندراوی دار پارێزگاری لێدەکرا و بێڵەکانیشی لەسەر کۆگای کەشتیەکە بوون. دیواری ئەم کەشتیە بەرز بوو، و سەوڵ لێدەرانی لە ژێر "عەرشە" لە هەردوو لای داڵانێک

كە دەگەیشتە كۆگای ژێرەوە دادەنیشتن. تەنیا ئەستوندەكێكی "دكەل" بۆ كۆنترۆڵ كردنی "با" لە نێوەڕاستیدا هەبوو كە ئەویش بەرزتر و باریكتر بوو لە دەكەڵی كەشتیەكانی یۆنان.

كۆمەڵێك چەرمی خاو لەسەر كەشتییەكە، بۆگەنیان بە دەوروبەردا بڵاودەكردەوە. پانـدیۆن لە سێ گۆشەی بەشی پشتەوەی عەرشەی كەشتییەكە درێژ ببوو. پیاوێكی ڕیشدرێژ كە لوتی وەك دندوكی هەڵۆ خوار ببووەوە و بەرگێكی ئەستوری لەبەردا بوو، لێی نزیك بۆوە و قاپێكی شەڕاب دایە و بە زمانێكی نائاشنا، بەڵام نەرم كە خۆشەویستی پێوە دیار بوو، قسەی لەگەڵ كرد. پاندیۆن سەری بۆ وتەكانی بادا و پیاوەكەش دەستی لە شانیدا و ئاماژەی بۆ بەشی پشتەوەی كەشتییەكە كرد. پاندیۆن قرتماغەی برینە وشك بووەكانی لە خۆی كردەوە و بەرەو پشتەوەی كەشتییەكە وەڕێكەوت.

پیاوێكی باریك و لوت درێژ، بە ڕیشی زبر و ڕووی وشك و تاوە سوتی كە زیاتر لە پەیكەرێكی ئاسن دەچوو، لەوێ دانیشتبوو. پاندیۆن تێگەیشت كە لەسەر كەشتییەكی "فینیقی"یەكانە و ئەو پیاوەش ئەگەر كاپیتانی كەشتییەكە نەبێت، خاوەنیەتی. كوڕە گەنجەكە لە دوو پرسیاری یەكەمی ئەو پیاوە نەگەیشت، بەڵام كاتێك بە زاراوەیەكی تێكەڵاوی ئەیوانی[٢] قسەی كرد، هەرچەندە وشەی كارایی و ئەترۆسكانی[٣] تێكەڵاو بوو، توانی لە مەبەستەكەی بگات. سەبارەت بە بەسەرهاتی پاندیۆن پرسیاری لێكرد و تێگەیشت ئەو كێیە و لە كوێوە هاتووە و لە كاتێكدا بە سیمای ناحەز و لوتی درێژییەوە خۆی لە پاندیۆن نزیك دەكردەوە، گوتی: **(من ڕاكردنەكەی تۆم دی و كارێكی ئازایانە و شایستەی یەكێك لە قارەمانە دێرینەكان بوو. من پێویستم بە سەربازێكی نەترس و بەهێزی وەك تۆ هەیە. لە دەریا و كەنارەكانیدا دز زۆرن كە كاڵاكانی ئێمە تاڵان دەكەن. ئەگەر تۆ بە وەفاوە خزمەتی من بكەیت، ژیانێكی باش و ئاسودەت بۆ دەستەبەر دەكەم و پاداشتت دەدەمێ.)**

پانـدیۆن، بە لەقاندنی سەری تێیگەیاند كە پێویستە هەرچی زووتر بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەكەی و داوای لێكرد لە نزیكترین دورگە، لە كەشتی دایبەزێنن. بازرگانەكە بە بیستنی وتەكانی پاندیۆن، بە توڕەیی چاوەكانی زیت كردەوە و گوتی: **(كەشتییەكەم ڕاستەوخۆ دەچێتە "تیرە"[٤] و لەو ناوچەیەدا دورگە نییە كە لێی دابەزی. من لە كەشتی خۆمدا پادشام و تۆ لەژێر دەسەڵاتی منداى و هەركاتێك بخوازم، دەتوانم فەرمانی كوشتنت بدەم. ئێستا لەو دووانە یەكێیان هەڵبژێرە.)**

پیاوە فینیقیەکە ئاماژەی بۆ ئەو جێیە کرد کە سەوڵ لێدەرەکان پێکەوە بە ئاهەنگ لەگەڵ یەکتر بێڵیان لێدەدا، جێیەک کە وەک کۆیلە لە بێڵ زنجیر دەکرێت، یان هاوکاریی ئەوان دەکات. پەنجەی بازرگان خوار بۆوە و ئاماژەی بۆ مەلەوانەکان کرد. پێنج پیاوی تورەی نیوە رووتی تاوە سووت، دانیشتبوون و بە پاندیۆنی گوت: (**من زۆر لە چاوەڕوانیدا رامەگرە.**)

پاندیۆن بە هەست کردن بە بێدەسەڵات بوونی خۆی، تەماشای دەوروبەری کرد. کەشتییەکە بە توندی لە کرێت دوور دەکەوتەوە. مەودای نێوان ئەو، و وڵاتەکەی بەرە بەرە زیاتر دەبوو. هیچ ئومێدێکی لە خۆیدا شک نەدەبرد. هەستی کرد لە پلەی سەربازێکی شەڕکەری کەشتییەکەدا، شانسی زیاتری بۆ ڕاکردن دەبێت، بەڵام پیاوە فنیقیەکە کە لەگەڵ کەلتوری یۆنانییەکان ئاشنا بوو، ئەوی بە سێ شێوە سوێندا. دواتر برینەکانی دەرمان کرد و بردییە لای جەنگاوەرەکان و بە ئەوانی گوت خزمەتی بکەن. هەروەها پێیراگەیاندن چاودێریی بکەن و لەبیر نەکەن کە هەموویان لە بەرامبەر یەکتردا بەرپرسن لە کارەکانیدا.

فەرماندەی سەربازەکان زەردە خەنەیەکی بە واتای سەلماندنی قسەکانی بازرگان کرد و دەستێکی خستە سەر شانی پاندیۆن و هەستی بە ماسولکەکانی کرد و شتێکی بە ئەوانی تر گوت و ئەوانیش قا قا پێکەنین. چونکە خەمێکی قوڵ پاندیۆنی لە ئەوانی تر جیا دەکردەوە، ئەو وەک کەسێکی گێژ لە ئەوانی ڕوانی.

******

لە ماوەی چوار ڕۆژدا کە لەسەر کەشتییەکەی تێپەڕاند، پاندیۆن بە ڕادەیەکی زۆر خۆی لەگەڵ دۆخی نوێ گونجاندبوو، و ماندوویی و برینەکانیشی سارێژ ببوون و زانی کە دوو ڕۆژی تر دەگاتە تیرە. خاوەنی کەشتی تێگەیشتبوو کە پاندیۆن خاوەنی هۆش و زانیاریی هەمە لایەنەیە و زۆر لێی ڕازی بوو. چەند جار بە درێژی قسەی لەگەڵ کرد و پاندیۆنیش زانی کە ئەوان بە ڕێگە کۆنەکەی کرێت دا دەڕۆن. ڕێیەک کە خەڵکی دورگەی کرێت لە سەفەرەکانیاندا بۆ وڵاتانی باشوری ڕەش پێستەکان کەڵکیان لێ وەرگرتبوو. ئەو ڕێیە، بە کەنارەکانی دەریای میسری شەڕئەنگێزدا هەڵیان بژاردبوو. ئەو ڕێیەی بەرەو بیابانە بەرینەکان دەچوو و دەگەیشتە دۆڵێکی تەم و مژاویی شاخی تارق[٥]. لەو ناوچە

مژاوییەدا کە کەندالەکانی باکور و باشور لە یەکتر نزیک بوونەتەوە و ئاودڕێکی باریکیان پێکهێناوە و لە سەرووباندا دەریای گەورە و مژ گرتوو بوو[٦].

لێرەوە کەشتییەکان بەرەو باشور بایاندەداوە و بە زوویی دەگەیشتنە سنوری ولاتی ڕەش پێستەکان کە لەوێ شـفرەی فیـل، زێـڕ، ڕۆن و پێسـتێکی زۆری لێبـوو. پانـدیۆن دەیزانی دانیشتوانی کۆنی کریت کەڵکیان لەو ڕێیە وەردەگرت و پێشتر وێنەی کەشتییەکی بەم جۆرەی بینیبوو. کەشتییەکان پتر بەو ڕێگایەدا دەچوون کە مەئمورە نهێنییەکانی میسر دەستیان پـێ نەگـات. لەگەڵ ئەوەشـدا لە سـەردەمی پانـدیۆن دا کەشـتی فینیقییەکـان بە درێژایی کەنـارەی بـاکور و باشـوردا، بە شـوێن کەلوپەلی هەرزان و کۆیلەی بە هێز و بە تواناوادا دەریایان دەپێوا، بەلام کەمتر بە دۆڵە مژ گرتووەکاندا دەڕۆیشتن.

بازرگانی فینیقی هەستی بە هێز و توانـای لە ڕادە بەدەری پاندیۆن کرد و دەیویست ئەو لای خۆی ڕابگرێت. لەبەر ئەوە، پاندیۆنی بە خۆشبوونی گەشتەکانی دڵخۆش کرد و پێشبینی دەکرد لە داهاتوودا ژیانێکی خۆش و سەرکەوتووی دەبێت و لە ماوەی دە پازدە ساڵدا خۆی دەبێت بە بازرگان و خاوەنی کەشتی. پاندیۆن بە هەژانەوە گوێی بۆ چیرۆکی پیاوە فینیقییەکە ڕاگرتبوو، بەلام بە ژیانی بازرگانیی ڕازی نەبوو، و هەرگیز باو و باپیرانی و تسا و ژیانی ئازادی هونەریی بە سەروەت و سامان لە دەریای بێگانەدا نەدەگۆڕییەوە و بە تێپەڕبوونی زەمـان، تاسـەی دیتنـی تسـا و تەنـانەت ئەگەر بۆ چـرکەیەکیش بێت لە هەمیشە پتر ئازاری دەدا و مانەوەی زیاتری بۆ بیستنی دەنگی بەرزی خشەی دارستانی درختی کاجی پیرۆز کە ڕۆژگارێکی تێدا تێپەڕ کردبوو، گوشاری بۆ دەهێنا.

خاوەنی کەشتی فەرمانی بە پاندیۆن دا فێری کارکردن بە سوکانی کەشتییەکە بێت. پاندیۆن چوو بۆ شوێنی بێڵی پشتەوەی کەشتی کە فەرمانی خاوەنی کەشتی بەڕێوەبەرێت. کەشـتی ڕۆژانە لەگەڵ هێڵـی خـۆر و شـەوانەش بەهـۆی ئەسـتێرەکانەوە دەڕۆیشـت. ئەو شـەوە، پانـدیۆن لەسـەر پـێ ڕاوەسـتا و پشـتی بە دیـواری کەشـتییەکەوە نـا و بە هەردوو دەستی سەوڵی پاشەوەی کەشتییەکەی گرت، بە سمت و ڕانەکانی گوشاری هێنا و بەسەر هێزی توندی ڕەشـەبادا سـەرکەوت. بە دابی ئەو سـەردەمە، کەشـتییەکان جگە لە سـوکانی پشتەوە، لە هەر دوو لای کشتیدا بێڵ و سوکانیان هەبوو. سوکاندارێکی تر و سـەربازێک ڕاوەسـتابوون. لەوکـاتەدا، هەورەکـان ئەسـتێرەکانیان دادەپۆشـی و دواتـر لەنێـو تـاریکی

ئاسـمانی خـۆفهێنەردا ون دەبـوون و وزەی ترسـناکی ڕەشـەبا بەرە بەرە دەنگـی بەرز دەبووەوە و دەنگێکی زۆر ناپیرۆزی لەخۆی دەرهێنا.

کەشـتی بەسـەر شـەپۆلەکاندا بەرز و نـزم دەبـووەوە و بێڵەکـان بە ئـارامی لە ئـاو دەکەوتن. قیژەی بەڕێوەبەر کە بە جنێودان و قامچیان کاری بە کۆیلەکان دەکرد، زۆرجار دووپات دەبووەوە. خاوەن کەشتی تەماشای دەریای کرد و بە پەلە چوو بۆلای سوکاندارە ئەسڵییەکە و بۆ ماوەیەکی زۆر قسەی لەگەڵ کرد. دواتر خـاوەن کەشـتی سـەربازەکانی لە خەو هەسـتاند و ئەوانـی نـاردە شـوێنی سـەوڵ لێدەرەکانی پشـت کەشـتییەکە و بۆخۆشـی چووەلای پاندیۆن.

ڕەشەبا بە توندی ڕێگەی خۆی گۆڕی و بە توڕەیی خۆی لە سنگی کەشتییەکە دەدا. ئەستوندەکی کۆنترۆڵ کردنی کەشتی دەبووایە بکێشرێتە خوارەوە. کاتێک هێنرایە خـواریَ و لەسەر کۆگا چەرمە خاوەکان کەوت، تا ئەوبەری سنگی کەشـتییەکە چـووە پێشـەوە و بە هێمنـی لە سـنگی بەرزی کەشـتێکە دەکەوت. بەربەرەکـانی دژی ڕەشـەبا و شـەپۆلی دەریـا هەردەهات زیاتر مەترسی لێدەکەوتەوە. خاوەن کەشتی لە ژێر لێویدا دەپاڕایەوە و جنێوی دەدا. فەرمانی بە سوکاندارەکان دا، کەشتی بەرەو باشور بگێڕنەوە. پشتی کەشـتیەکەیان لە ڕەشەبا کرد و ئەم جارە کەشتی لەنێو دەریای ڕەش و نائاشنادا بە توندی چـووە پێشـەوە. شەو لەگەڵ کاری دژوار، لەکن سوکان بە کۆتا هات.

شـەپۆلی دەریـا لە بـوومەلێڵی بەیانیـدا بەرزتـر و تەنـانەت تونـدتر بـووەوە. تۆفـان نەمـا، بەڵام ڕەشەبا هەروەک پێشوو بە توندی خۆی بە کەشتییەکەدا دەکێشا. لەسەر کەشـتێکەوە قیژەیەکـی ترسـناک بەرز بـووەوە. هەمـوو پەنجەکـان سـەرنجی خـاوەن کەشـتێکەیان بەرەو لای ڕاسـتی کەشـتییەکە بـرد. زنجیرەیەکـی درێـژ لە کەف. ئـاوی دەریـای لەت کردبـوو. شەپۆلەکان لەو هێڵە بۆرە نزیک دەبوونەوە و لە توندی شـێتانەیان کەم دەبووەوە. هەمـوو کرێکارەکانی کەشتی لە دەوری خـاوەن کەشـتییەکە کۆبـوونەوە. تەنـانەت سـوکاندارەکانیش بێڵەکانیان بە سەربازەکان سپاربوو. هـاوار و قیـژەی خۆفدار جێی خـۆی دا بە وتەی پـڕلە هەسـت، پانـدیۆن تێگەیشـت کە چاوەکـان لەو بـڕاون. پەنجەکـان ئاماژەیـان بـۆ ئەو، و مستەکان هەڕەشەیان لێدەکرد. پاندیۆن جگە لە دەست ڕاوەشـاندنەکان و تـوڕەیی خـاوەنی کەشتی بە هیچ شتێکی تری ڕووداوەکەی نەدەزانی.

سوکانداری پیر باسکی خاوەن کەشتییەکەی گرت و زاری لە گوێی نزیک کردەوە بە درێژیی قسەی لەگەڵ کرد. خاوەن کەشتی، سەری بە هێمای هاودەنگی نەکردن لەگەڵی ڕاوەشاند و بە توندی چەند وشەی پێگوت، بەڵام سەرئەنجام ناچار بوو، پاشەکشەی بکات. لە یەک چرکەدا، ئەوانەی لەوێ بوون، خۆیان هاویشتە سەر پاندیۆن و دەستیان لە پشتەوە بەست. خاوەن کەشتی بە فیزەوە، پەنجەی بەرەو پیاوەکانی ڕاوەشاند و بە پاندیۆنی گوت:

– **(ئەوانە دەڵێن تۆ بوویەتە هۆی بەدبەخت کردنی ئێمە، تۆ بەڵا هێنەری و ئەو بەڵایە بە بوونی تۆوە بەسەر کەشتی ئێمە هاتووە و ئەو بەرەو تاکیۆم[٧] کە ئێوە پێی دەڵێن میسر دەبات. بۆ ڕازیکردنی خوداکان دەبێ تۆ بکوژین و فڕێت بدینە نێو دەریا. ئەوە خواستی هەموو پیاوەکانی منە و من ناتوانم بەرگریت لێ بکەم.)**

پاندیۆن دیسانیش تێنەگەیشت. بەوردی دەیڕوانییە پیاوە فنیقییەکە و ئەویش بە نیگەرانییەوە لەژێر لێویدا گوتی: **(تۆ تێناگەی، هەرکە لە کەشتی دابەزی بۆ تاکیۆم، بە واتای مەرگە، یان کۆیلەتی. لە ڕۆژگارانی کۆندا لەنێوان تاکیۆم و خەڵکانی دەریادا شەڕ سەریهەڵدا و دواتر جگە لە "سێ بەندەر" کە چوونی بێگانەی بۆ ئازاد بوو، چوون بۆ خاڵێکی تری ئەو وڵاتە، بە واتای مەرگ بوو، یان کۆیلەتی و داگیر کردنی سەروەت و سامان و سپاردنی بە پاشای تاکیۆم. ئێستا تێگەیشتی؟)**

فینیقییەکە لەپڕ قسەکانی بڕی و لە پاندیۆن دوور کەوتەوە و تەماشای زنجیرەیەکی کەف کرد کە بە توندی نزیک دەبووەوە. لێرەدا پاندیۆن تێگەیشت کە جارێکی تریش مەرگ هەڕەشەی لێ دەکات، لەبەر ئەوە خۆی ئامادە کرد تا دوا خولەک بۆ ڕزگار بوونی ژیان، بەربەرەکانی بکات و لە دۆخێکی لاواز، بەڵام پڕلە کینەدا تەماشای ئەو خەڵکە تووڕەیەی سەر کەشتییەکەی کرد. لە نائومێدیدا بە پەلە بڕیاریدا و بە خاوەنی کەشتییەکەی گوت: **(بە پیاوەکانت بڵێ دەستەکانم بکەنەوە، من خۆم دەخەمە ناو دەریا!)** فینیقییەکە لە کاتێکدا ڕووی لەو بوو، گوتی: **(ئەوە هەر ئەو شتە بوو کە من بیرم لێ دەکردەوە، ڕێگە بدە کە ئەم ترسەنۆکانە لە تۆ فێری وانە ببن!)**

ئەم جارە، فەرمانی بە پیاوەکانیدا کە دەستی پاندیۆن بکەنەوە و ئازادی بکەن. کوڕە گەنجەکە بەبێ ئەوەی کە تەماشای کەسێکیان بکات بەرەو دیواری کەشتییەکە چوو. خەڵکەکە هەروەکوو چۆن ڕێگەی مردوو بۆ کەسێک دەکەنەوە، لە بێدەنگیدا ڕێیان بۆ

کـردەوە. پانـدیۆن چـاوی لەو زنجیـرە کەفە بـڕی کە کەنـارەی دەریـاکەی ون کردبـوو. بە غەریزە هێزی خـۆی لەگەڵ ڕادەی توندیی شـەپۆلە تۆڵە ئەسـتێنەکان هەڵسـەنگاند و بیری کردەوە و لە دڵی خۆیدا گوتی: وڵاتـی سـەرووی زنجیرەی کەف، وڵاتـی کەف.... ئەفریقا.... کەوابـوو، ئەوە میسـری ترسـناک و خـۆفهێنەر بـوو!... ئەو بـۆ هەمـوو خوداکـان و بـۆ ئەشقەکەی و تسا سوێندی خواردبوو کە بیر لە گەشتی بەم جۆرە دوور نەکاتەوە...

ئـاخ خـودایە، چـارەنوس چـۆن یـاریی لەگەڵ ئەو دەکرد... بەڵام ئەو بە گومـانی زۆرەوە لەنـاو دەچـوو، و ئەوەش لە هەرشـتێکی تـر بـۆ ئەو باشـتر بـوو.... پانـدیۆن خـۆی هاویشـتە قـوڵایی دەیـای ئـاڵۆز و پـڕ لە دەنـگەکە، باسـکە بەهێزەکـانی وەکـار خسـت و بە مەلە لە کەشتییەکە دوور کەوتەوە. شـەپۆلەکان بە توندی ئەویـان لە چنگی خۆیـان گرت و گومـان دەکرا لە مەرگی مرۆڤ هەست بە خۆشـحاڵی دەکەن. ئەویـان لەگەڵ خۆیـان لە دەریـا بەرز دەکردەوە و دەیانخستەوە ژێر خۆیان و دەم و لوتیان پڕ دەکرد لە ئـاو و بە کەف چاویـان پڕ دەکردەوە.

پاندیۆن جگە لەوانە، بیری لە شتێکی تر نەدەکردەوە. بە نائومێدی هەوڵـی ڕزگـاربوونی دەدا و بە تورەیی بە چوار دەست و پێ تێدەکۆشـی. ئەو کـوڕە یۆنـانییە کە لە قەراخ دەریـا چاوی بە ژین کردبووەوە، مەلەوانێکی بە توانـا بـوو. کـات تێدەپەڕی و شـەپۆلەکان ئەویـان بەرەو کەنــارەی دەریــا دەبــرد. ئەو تەماشــای دواوە و کەشــتییەکەی نەکــرد. بــوونی کەشـتییەکەی لە بەرامـبەر مەرگـی خۆیـدا لەبیـر کردبـوو. شـەپۆلەکان بەرە بەرە کەمتـر دەبــوونەوە، ئەوان ئــارامتر لە پێشــوو، لە شــێوازی درێــژدا خلــۆر نەدەبــوونەوە. هەر شەپۆلێکی تازە، پاندیۆنی سەدان کوبیت لە کەنارەی دەریـا نزیـک دەکردەوە. هەندێک جـار پاندیۆن لە نێوان دوو شەپۆلدا لە هەوادا دەمایەوە و دواتر ئاوێکی زۆر بەسـەریدا دەکەوت و ئەوەندیان دەبرد ژێرەوە کە چی نەدەما دڵی بتەقێت.

بەم جـۆرە، ئەو بە مەودای چەنـد "سـتادیا" مەلەی کـرد. کـاتێکی زۆری بە بەربەرەکـانی لەگەڵ شەپۆلەکانی ئاو تێپەڕاند و سەرئەنجام لە توانا کەوت و هەستی کرد ئاو خەریکە لە ئـامێزی خۆیـدا ونـی دەکـات. هەر بەو جـۆرەی کە هێـزی لە تەواو بوونـدا بـوو، بەرەبەرە ئومێدیشـی بە ژیـان لاواز دەبـوو. گوشـار بۆسـەر ماسـولکە بەئازارەکـانی دژوار دەبـوون. ئێستا لەوە لاوازتر بوو کە بتوانێ درێژە بە بەربەرەکانی بدات. بە جووڵەی باسکەکانی کە

ئیتر لە دەسەڵاتی خۆیدا نەبوون، کەوتە سەر شەپۆلێک و ڕووی لە وڵاتە دوور کەوتووەکەی خۆی کرد و بە هەموو هێزییەوە هاواری کرد: (تسا، تسا!...)

دوو جار ناوی خۆشەویستەکەی لە بەرامبەر هێزی زۆر و بێبەزەیی دەریادا بەرز بووەوە و ئەم جارەیان شەپۆلە تۆفانییەکان ونیان کرد و یەکێک لە شەپۆلەکان جەستەی بێ توانای داپۆشی. کوڕە گەنجەکە کەوتە ژێر قوڵایی ئاو و لەپڕ وەبەر گێژاوێکی بچووک کەوت کە ڕەڵم و زیخەکانی دەسوڕاند.

******

دوو سەرباز، کە کراسی داوێن قوڵەی سەوزیان لەبەردا بوو، لە کەنارەی دەریا، چاودێریان بەسەر دەریای گەورەی سەوز[٨]دا دەکرد. ئەوان پاڵیان بە نێزە درێژەکانیانەوە دابوو و ناوچەکەیان دەپاراست. سەربازە بە تەمەنترەکە بە دەنگێکی گڕ گوتی:

- **(کاپیتان سێنێب[٩] لە خۆیەوە ئێمەی ناردوەتە ئێرە.)** دووەمی بە ڕەخنەوە گوتی:

- **(بەڵام کەشتی فینیقی بە تەواوی لە کەنارە نزیک ببووەوە، ئەگەر تۆفانەکە نیشتبایەوە، دەسکەوتی باشمان بەدەست دەخست و ئەویش بە دروستی لە نزیک قەڵادا.)** سەربازە پیرەکە لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ درێژایی کەنارەی دەریا دەکرد، گوتی:

- **(تەماشای ئەو لایە بکە، ئەگەر ئەوە یەکێک لە کەسانی نێو کەشتییەکە نەبێت، خوایا کفن و شاردنەوەی بە ئێمە مەسپێرە.)** بۆ ماوەیەکی زۆر هەردوو سەربازەکان چاویان لە خاڵێکی ڕەشی کەنارەی دەریاکە بڕی. سەربازە گەنجەکە گوتی:

- **(وەرە با بگەڕێینەوە، بە ڕادەی پێویست بەسەر ئەم ڕەڵم و خیزانەدا گەڕاین، کێ لەشی بێ گیانی بێگانەیەکی بچووکی لە جیاتی دەسکەوتی بەنرخی بازرگان و کۆیلەکانی ناو کەشتی دەوێت.)** پیاوە پیرە دیسانیش قسەکانی بڕی:

- **(ئەتۆ بیر لە قسەکانت ناکەیەوە، بازرگانەکان هەندێک جار بەرگی بەنرخ دەپۆشن و زێڕ و زیوەر بەخۆیانەوە هەڵدەواسن. سکەی ئاڵتون زیانت پێناگەیەنێت، بۆچی دەبێ ڕاپۆرتی کەسێکی خنکاو بە سێنێب بدەین؟....)** سەربازەکان بە سەر زیخ و ڕەڵمەکانی کەنارەی دەریادا کە بە شەپۆلەکان باش کوترا بوو، وەڕێکەوتن. سەربازە گەنجەکە بە گاڵتەوە پرسی:

- **(زێڕ و زیوەرەکان لە کوێن، ئەوە ڕووت و بێ جلوبەرگە.)** سەربازە پیرەکە بە بۆڵە بۆڵ، جنێوێکی دا. لە ڕاستیدا ئەو پیاوەی بەرەوڕوو بەسەر دەمدا لەسەر ڕەڵمەکان

کەوتبوو، بە تەواوی ڕووت بوو. باسکەکانی لەژێریدا خوار ببوونەوە و قژی ئاڵۆز و قوڵەی پڕ ببوون لە ڕەڵمی دەریا. سەربازە پیرە گوتی:

**- (بڕوانە، ئەوە فینیقی نییە، چۆن لەشێکی بەهێزی هەیە، مخابن کە مردووە، ئەگەرنا کۆیلەیەکی باش دەبوو، و سێنێب لە بەرامبەریدا ئێمەی خەڵات دەکرد.)** سەربازە گەنجەکە پرسی:

**- (خەڵکی کوێیە؟)** پیرە وەڵامی دایەوە و گوتی: **(نازانم، ڕەنگە تروشا[١٠]یی، یان کفتی[١١]، یان لە ڕەگەزی یەکێک لە پیاوانی دەریای بنو[١٢] بێت. ئەوان زۆر بەکەمی بۆلای وڵاتی پیرۆزی ئێمە دێن و بەهۆی خۆڕاگریان و هێزی زۆر و هۆشیارییان زۆر بە نرخن. سێ ساڵ لەمەوبەر..... هەندێک سەبر بکە، خودا شوکر، ئەوە زیندووە!)**

لەشێکی بێ گیان کە لەسەر ڕەڵمەکان کەوتبوو، بەشێوەیەکی نادیار هەندێک کۆببووەوە. سەربازەکان نێزەکانیان هاویشتە سەر عەرز و پیاوە لە هۆش چووەکەیان، هەڵگەڕاندەوە سەر پشت و دەستیان کرد بە هەڵشێلانی زگ و لاقەکانی. هەوڵەکەیان بە ئاکام گەیشت و پیاوە لە هۆش چووەکە، کە پاندیۆن بوو، چاوەکانی کردەوە و بە شێوەیەکی پچکڕ پچکڕ و ناڕێک کۆخی. لەشی تەندروست و بەهێزی، بەو تاقیکردنەوەیە، کاردانەوەی پێشاندا. هێشتا کاتژمێرێک تێنەپەڕیبوو کە سەربازەکان ژێر باخەڵیان گرت و بردیانە ناو قەڵا.

ئەوان، لە نێوان ڕیگەکەیاندا چەند جارێک ڕاوەستان و پشوویاندا، بەڵام بەرلەوەی کە هەوا گەرم بێت، پاندیۆنیان گەیاندە قەڵایەکی بچووک کە لە بەشی یەکێک لە دورگەکانی ڕووباری "نیل" لە ڕۆژئاوای دەریا هەڵکەوتبوو. سەربازەکان ئاویاندا بە پاندیۆن و لە کۆگایەکی بچووکدا ناو و بیرەیان دایە، تا خەوی لێکەوت. گوشاری لە ڕادە بەدەر، شوێنیان لەسەر پاندیۆن دانابوو. سنگی ئازاری هەبوو، و دەڵی بە لاوازیی لێیدەدا. شەپۆلەکان بە پێش چاویدا تێدەپەڕین و لە کاتێکدا بە نیوە بێهۆشی لەسەر عەرزی کۆگاکەدا کەوتبوو، دەنگی کەسێکی لە لابەلای دار و تەختەکانی نێو کۆگاکەدا بیست.

کاپیتان سێنێب فەرماندەی سەربازەکان کە گەنجێک بوو بە سیمای تورە و پڕ لە قین، بەسەر پاندیۆندا خوار بووە و پاڵتۆیەکی هەڵگرت کە بەسەر لاقەکانی پاندیۆنەوە بوو، و هەندێک پشکنینی بۆ کرد. پاندیۆن نەیدەزانی کاپیتان چۆن بڕیارێکی لەسەر دەدات و بڕیارەکەی چۆن شوێنەوارێک لەسەر داهاتووی دادەنێ، ئایا کێشەکانی تاڵتر لەوانی

پێشوو نابن؟ کاپیتان لە دیتنەکانی ڕازی بوو، سەرلەنوێ سەر پاندیۆنی داپۆشییەوە و کۆگاکەی بەجێهێشت.

بە سەربازەکانی گوت: (**هەرکامتان دوو سکەی مس و تونگەیەک بیرە خەڵات دەکرێن.**) سەربازەکان بە ناقایلی لە بەرامبەریدا سوپاسیان کرد، بەڵام بە تێڕوانییەکی پڕ لە کینەوە بەڕێیان کرد. هەرکە کاپیتان لە کۆگاکە دەرکەوت، سەربازە گەنجەکە بە ڕەخنەوە گوتی: (**ئاخ سێخمێت[١٣]ی بە توانا، ببینە لە بەرامبەر کۆیلەیەکی ئاوا بەنرخدا چیمان دەدەنێ. دەبینی کە ئەوە بە کەمتر لە دە سکەی زێڕی نافرۆشێت.**)

کاپیتان لەپڕ گەڕایەوە و هاواری کرد و گوتی: (**هۆ، سنی[١٤]!**) سەربازە پیرەکە گوێ بە فەرمان بەرەو ڕووی ڕایکرد. کاپیتان گوتی: (**ئاگاتان لێی بێ، بەرپرسایەتی لە ئەستۆی تۆ دایە، بە چێشلێنەرەکەم بڵێ، خۆراکی خۆش تامی بۆ لێ بنێت، بەڵام زۆری سەرنج بدەیە، چونکە ئەو دیلە، سەربازێکی بە توانایە. سبەێنێ لۆتکەیەک ئامادە بکە تا ئەو بە دیاریی بۆ ماڵی گەورە[١٥] بەرین.**) سەربازە پیرەکە گوتی: (**ئێمە دەرمانی خەو لە بیرەکەی دەکەین و ڕێگە لەوە دەگرین کە گرفتمان بۆ دروست بکات.**)

.... پاندیۆن بە ئارامی چاوەکانی کردەوە. ئەوەندە نوستبوو کە بە کات و جێگەی تازەی نەدەزانی. ئەو سەبارەت بە بەربەرەکانییەکانی لەگەڵ شەپۆلی دەریاو گواستنەوەی دوایی و نوستنی لە شوێنکی تاریک و ئارامدا بیرکردنەوەی ئالۆزی هەبوو. هەوڵیدا بجوڵێتەوە، بەڵام هەستی کرد بەستویانەتەوە. بە دژواری سەری بادایەوە و چاوی بە قامیشەڵانێکی سەوز کەوت کە سەرچڵی قامیشەکان وەک ئەستێرە بەرز ببوونەوە. ئاسمانێکی نیوە هەور بەسەریدا پان ببووەوە. لە نزیکەوە دەنگی چۆڕە چۆڕی ئاوی بیست. بەرە بەرە بۆی ڕون بووەوە کە بە دەست و پێی بەستراو لە نێو لۆتکەیەکی بچووکدا درێژ کراوە. سەری بەرز کردەوە و چاوی بە چەند لاقی ڕووتی پیاوان کەوت کە نێزەیان پێبوو، و خەریک بوون بە سەوڵ لێدان، لۆتکەکەیان بەرەو پێشەوە دەبرد. ئەوان زل و ڕەش ئەسمەر بوون و پێشبەند "فۆتە"ی سپیان پێوە بوو.

پاندیۆن، لە کاتێکدا هەوڵی دەدا ئەوانەی دوای لۆتکەکە ببینێت، پرسی: (**ئێوە کێن؟ و من بۆ کوێ دەبەن؟**) یەکێک لەوان کە سەر و ڕوی خۆی تاشیبوو، بەسەر پاندیۆن دا خوار بووەوە و بە دەنگی بڵند و بە ئاهەنگ شتێکی گوت کە ئەو لێی تێنەگەیشت. پاندیۆن بۆ ئازاد کردنی خۆی، بە هەموو هێزییەوە گوشاری بۆ ماسولکەکانی هێنا و سەرلەنوێ

پرسیارەکانی دووپات کردەوە. کەم کەم تێگەیشت کە ئەوانە لە زمانی ئەو ناگەن. ئەم جارە توانی بە جولاندنی خۆی، لۆتکەکە تەکان بدات، بەڵام یەکێک لە پاسەوانەکانی دەسبەجێ بە خەنجەرێکی برۆنز لێی نزیک بووەوە. پاندیۆن کە قینی لە خەڵک و لە خۆی و بەگشتی لە هەموو دنیا دەبووەوە، دەستی لە بەربەرەکانی هەڵگرت. لە درێژەی ڕێگادا، تا لۆتکەکە گەیشتە لەنگەرگەیەکی بەردین، ئارام مایەوە. خۆر لە ئاسمان نەما بوو، و مانگ لە بەرزاییەکی زۆری ئاسمانەوە دەرکەوتبوو.

لێرە پێیەکانیان کردەوە و بۆ ئەوەی کە خوێن لە لەشیدا شێوازی ئاسایی بگرێتەوە، بە پەلە و بە لێزانی لاقیان شێلا و ماساژیان دا. سەربازەکان، بە سوتاندنی سەرە دار، مەشخەڵیان دروست کرد و لەبەر ڕوناکی مەشخەڵەکان، لە دیوارێکی بڵندی قوڕ و دەرگایەکی گەورە نزیک بوونەوە کە برۆنزیان لە دەوری گرتبوو. پاسەوانەکانی پاندیۆن، دوای گفتوگۆ کردن لەگەڵ پاسەوانەکانی بەر دەرگاکە، پیاوێکی ڕیش درێژی خەواڵو هات و ئەوان نوسراوەیەکیان دایە و پارچە چەرمێکی ڕەشیان لێوەرگرت. دەرگا قورسەکە بە جیرە جیر کرایەوە و دەستی پاندیۆنیان کردەوە و بە زیندانەوانەکانیان سپارد. زیندانەوانەکان کە نێزە و کەوانی داریان پێبوو، پاڵیان بە دەرگاکەوە نا و پاندیۆن خۆی لە ژورێکی چوار سوچی بچووکدا دیتەوە کە کۆمەڵێکی زۆر لەسەر عەرزەکەی ڕاکشا بوون. ئەوان بە قورسی هەناسەیان هەڵدەکێشا و لە خەوە ئاڵۆزەکەیاندا دەیانناڵاند. پاندیۆن لە بۆگەنێک کە بە ڕواڵەت لە دیوارەکانی زیندانەوە دەهات، پشووی تەنگ بوو. بە شوێن جێیەکی بەتاڵدا گەڕا و لەسەر عەرز دانیشت. نەیدەتوانی بنوێت و بیری لە ڕووداوەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی دەکردەوە و بەو فیکرانەوە شەو بە ئارامی تێدەپەڕی.

پاندیۆن، هەرچەندە لەو کاتەدا هیچ ڕێیەکی بۆ ڕاکردن بە مێشک نەدەگەیشت، بەڵام جگە لە ئازادی بیری لە شتێکی تر نەدەکردەوە. ئەو کە لە وڵاتێکی ناشناسدا دیل بوو، شتێکی لە زمانی ئەو خەڵکە تورە و بە قینە نەدەزانی. دەیزانی کە ئەوان نایکوژن. لەبەر ئەوە بڕیاریدا چاوەڕوانی داهاتوو بێت. دواتر هەندێک زانیاریی لەو وڵاتە بێگانەیە پەیدا کرد، بەڵام لێی ڕون نەبوو کە چۆن داهاتوویەک چاوەڕوانی دەکات. هەرگیز لە ژیانی ڕابردوویدا، هەستی بەوە نەکردبوو کە پێویستیی بە هەڤاڵێک دەبێ کە هاوکاریی بکات لە زاڵبوونی بەسەر دەرونی ترسناکیدا. ئەو بیری لەو ڕاستییە دەکردەوە کە خراپتر لەوە بۆ مرۆڤ نییە کە لە وڵاتێکی ناشناسدا دیلی خەڵکێکی قین لەدڵ و بە کینە بێت و وەک

کۆیلەیەک هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکەن و لە هەموو لایەکەوە هیوا کۆمەڵایەتییەکانی کوێر کرابێتەوە. ئەگەر ئەو بەتەنیا لە سروشت دابووایە، ئەو تەنیاییە زۆری بۆ ئاسانتر بوو، و بەم جۆرە بە تەنیا مانەوەی شوێنی مەترسیداری لەسەر ورەی دادەنا.

پاندیۆن لە بەرامبەر چارەنوسدا بە چۆکداهات و ئارام دانیشت و چاوەڕوانی کۆتایی شەو و ڕوناک بوونی ڕۆژ بوو. ئەو تەماشای ئەو کۆمەڵە دیلە چارە ڕەشانەی دەکرد کە لە نەتەوە جیاوازەکانی ئاسیا بوون. دۆخی ئەوان باشتر لە دۆخی پاندیۆن بوو. ئەوان دەیانتوانی پێکەوە قسە بکەن و بەشداریی خەمی یەکتر بن و لە ڕابردووی خۆیان بدوێن. ئەوان بە سەرنجەوە دەیانڕوانییە ئەو یۆنانیە بێدەنگە.

زیندانەوانەکان قوماشێکی زبریان لە کەتان هاویشتە بەردەمی کە وەک فۆتە بەخۆیەوە بگرێت و دواتر چوار ڕەش پێست، قاپێکی گڵیی پڕلە ئاویان لەگەڵ هەندێک نانی جۆ و چەند چڵ سەوزە هێنایە نێو زیندان. پاندیۆن لە سیمای زۆر ڕەشیان، بە ددان و چاوی سپی و لێوی قاوەیی ئەستوریان، سەری سوڕمابوو. هەستی بە کۆیلە بوونی ئەوان کرد. بەڵام سەیری بە سیمای گەش و مێهرەبانیان هات. ڕەش پێستەکان پێدەکەنین و لە کاتێکدا ددانەکانیان دەردەخست خەریکی خۆ شیرین کردن بوون. ئایا دەرەتانی ئەوە هەبوو کە بە تێپەڕبوونی زەمان، شادمانی بگەڕێتەوە بۆ پاندیۆن و ئەو بتوانێ ژیانی پڕلە ئازاری کە ئازادی لێ زەوت کردبوو، لەبیر بکات؟ ئایا دەکرا ئەو ئازارەی گوشاری دەرونی بۆ هێنابوو، لەناو بچێت؟ و تسا؟ ئاخ خودایا، ئەگەر تسا دەیزانی ئەو ئێستا لە کوێیە! نا، تسا هەرگیز نابێ بزانێت. پاندیۆن دەگەڕێتەوە لای، یان دەمرێت، جگە لەوە ڕێیەکی تر نییە.

پاندیۆن بە قیژەیەکی درێژ و بەردەوام لە فیکر کردنەوە بووەوە. دەرگا کرایەوە و ڕوبارێکی پان لە بەرامبەریدا درەوشایەوە. جێی زیندانەکە بە دروستی لە قەراخ ئاو بوو. گروپێک سەربازی زل بە نێزەوە دیوارێکیان لە بەردەم دیلەکان کێشابوو، و ئەوانیان یەکە یەکە بۆ کۆگای کەشتییەکی گەورە برد. مەودایان بە دیلەکان نەدا کە دەوروبەری خۆیان ببینن و کەشتی بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوی ڕوبارەکە وەڕێکەوت. هەوای نێو کۆگاکە توند و هەناسەبڕ بوو. خۆر کە ئێستا بەتەواوی بەرز ببووەوە، پێستی زیندانییەکانی دەسوتاند. هەوای کۆگاکە بە هەناسەی زیندانییەکان پیس ببوو، و هەناسە هەڵکێشانی دژوار بوو. بەرەو ئێوارە هەوا هەندێک فێنک بووەوە و دیلە ماندووەکان بەرەبەرە گیانیان گرتەوە و دەستیان کرد بە قسە کردن. کەشتی ئەو شەوە درێژەی بە ڕێگادا، بەرە بەیانی ڕۆژی

دوایـی هەنـدێک ڕاوەسـتا و نانیـان دا بە زینـدانییەکان و سـەرلەنوێ درێـژەی بە ڕێـگە ماندووهێنەرەکە دا. چەند ڕۆژیـان لەو ڕێیەدا تێپەڕاند، بەڵام پاندیۆن کە گێژ و بێ توانا بوو، ژمارەی ڕۆژەکانی لەبیر کردبوو. سەرئەنجام بە دەنگی سەوڵ لێدەرەکان و ئاهەنگی پێی سـەربازەکانی سـەر عەرشـەی کەشـتی، سـەفەرە درێـژەکە بە کۆتـا هـات. ئەو شـەوە هەموو دیلەکانیان لە کۆگای کەشتیەکەدا هێشتەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی پاندیۆن گوێی لە فەرمانێـک بـوو کە گەورەی سـەربازەکان پێـی ڕادەگەیانـدن. چاودێرەکـان، لە کاتێکـدا نێزەکانیان لە دەستدابوو، لە گۆڕەپانێک کە زەوییەکی خۆڵ گرتوو بوو، لە نیو کەوانەیەکدا ڕاوەستان. یەکە یەکە دیلەکان کەشتیان بەجێدەهێشت و دەسبەجێ دوو سەربازی زل کە لەکن کۆمەڵێک گوریسی قوڵە ڕاوەستابوون، باسکی دیلەکانیان بە توندی دەبەست. دەست بەسـتنەکەیان بە جۆرێـک بـوو کە پشـتی دیلەکـان لە بەرامـبەر گوشـاری کێشـانی باسـکی دیلەکانـدا خـوار دەبـووەوە و هەردوو باسـکیان لە پشـتەوە دەگەیشـتەوە یەکتـر. قیـژە و هـاواری دیلەکـان هـیچ کـاریگەرییەکی لەسـەر سـەربازە زلە بەهێزەکـان نەبـوو، و تەنـانەت شانازییان بە داماویی قوربانییەکانیان دەکرد.

نۆرەی پاندیۆن هـات. یەکێک لە سـەربازەکان دەستبەجێ باسکی ئەوی گرت. پاندیۆن کە لەبەر تیشـکی خـۆردا بەرچـاوی لێـڵ ببـوو، لە کەشـتییەکە دابەزی. ئـێش و ئـازاری نائومێدی، پاندیۆنی گۆڕی. ئەو کە بۆ مست لێدان پەروەردە کرابوو، بە ئاسانی خۆی لە دەست سەربازەکان ڕزگار کرد. مستێکی مەرگهێنەری لەبن گوێی یەکێک لە سـەربازەکان دا و خستییە سەر زەوی و ئەویتریان خۆی دۆڕاند و دەسبەجێ ڕایکرد. پاندیۆن لەلایەن سـێ سـەربازی تری دوژمـنەوە کە نێزەیـان بەرەو ئەو ڕاگرتبـوو، گەمـارۆ درا. پاندیۆن بە تـوڕەییەکی لە ڕادە بەدەر خـۆی هاویشـتە پێشـەوە و دەیویسـت لەو بەربەرەکـانیەدا بکوژرێت، چونکە ئەو مردنیشی بە ڕزگار بوونی خۆی دەزانی،... بەڵام ئەو میسـرییەکانی نەدەناسـی و نەیـدەزانی ئەزمـوونی هەزاران سـاڵیان لە ئیـدارە کردنـی کـۆیلە بەرهەڵسـت کارەکاندا هەیە. سەربازەکان دەسبەجێ لە شـوێنی خۆیـان دەرچـوون و دەوری پانـدیۆنیان گرت و ئەو کەوتە ژێر قورسـایی چەند هێرشـبەر. زەبرێک بە دەسکی نێزە لە پەراسـوی کەوت و لە پشـوی خسـت و گڕێکـی ئـاگر بە پـێش چاویـدا تێـپەڕی. لە چرکەیەکـدا میسـرییەکان دەسـتەکانیان لەسـەر سـەری گرێدا و ئەویـان بە ئامێرێکەوە هەڵواسـی کە لە دار دروست کرابوو، و بەجێیان هێشت.

بە خێرا باسکی هەموو دیلەکانیان بەست و ئەوانیان بە ڕێچکەیەکدا برد کە بە نێوان ڕووبار و ماڵ و کێڵگەیەکدا تێدەپەڕی. پەیکەرتاشی گەنج ئازارێکی زۆری هەبوو. باسکەکانی لەسەر سەری بەرز کرابوونەوە و جومگەی دەستەکانی لەنێوان گیرەیەکدا کە لە دار دروست کرابوو، گوشاری بۆ ئێسکەکانی دەهێنا. ئەو ئامێرەی ئەشکەنجە نەیدەهێشت پاندیۆن ئانیشکەکانی خوار بکاتەوە، یان بەرەو سەری بەرێت.

دووەمین گروپی کۆیلەکان، بە جادەیەکی لاوەکیدا گەیشتە گروپی پاندیۆن. دواتر گروپی سێیەم و بەگشتی ٢٠٠ کۆیلەیان لەکن یەکتر کۆ کردەوە. ئەوانیان بە شێوەیەکی زۆر زاڵمانە بەستبووەوە و ژمارەیەکیشیان کۆلەداریان بەدەست بوو. لەبەر ژانی جەستەی دیلەکان، ڕەنگ بە سیمایانەوە نەمابوو، و ئارەقە بە سەر و ڕوویاندا هاتە خوار. پاندیۆن وەک کەسێکی خەواڵو بە ڕێگاکەدا دەڕۆیشت و ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو.

گیا دەوروبەری ڕێیەکەی داپۆشیبوو. هەوایەکی خاوێن و بێدەنگ بەسەر جادە باریکەکاندا حوکمی دەکرد. ئاوی ڕوبار بە ئارامی بەرەو دەریای سەوزی گەورە دەچووە پێشەوە. داری خورما لە بەرامبەر شنەبای باکوردا زۆر بە ئارامی سەریان دەجولاند. ڕەزەکان و باخەکانی میوە لە نێو کێڵگە سەوزەکانی گەنمدا بڵاوببوونەوە. هەموو ئەوانە پێکەوە باخێکی مەزنیان پێکدەهێنا کە تەمەنیان بۆ هەزاران ساڵ دەگەڕایەوە. پاندیۆن هێزی ئەوەی نەبوو کە لە لایەکەوە تەماشای لایەکەی تری بکات. ئەو بە درێژایی ڕێگا، بە لاکە لاک دەڕۆیشت. لە کاتێکدا بەهۆی ژانی لەشی، ددانەکانی پێکەوە قفڵ ببوون، دیوارێکی پان و بڵندی خستە پشت سەر کە ماڵی دەوڵەمەندەکانی پاوان کردبوو. ئەو ماڵانە، بینای دوو قاتی جوان بوون بە پەنجەرەی تەسک و کولانەوە. دیواری بیناکان وەک بەفر سپی بوون و بە نەخش و نیگاری ڕەوشەن ڕازابوونەوە و لە بەرامبەر تیشکی خۆردا بە زەقی چاوی مرۆڤیان بەرەو خۆیان دەکێشا. لەپڕ دیلەکان توشی خانوبەرەیەکی گەورە بوون کە دیوارە بڵندەکانی لە بەرد بوو. تەختە بەردە گەورەکان بە لێزانی تاشرابوون. ئەو خانوبەرە بۆرە نهێنییە وەک هەڵۆ باڵی کردبووەوە و زەوییەکان لەژێر قورساییی ئەودا بوون. پاندیۆن بە نێوان زنجیرەیەک ئەستونی قورسدا تێپەڕی. ئەستونەکان لەسەر زەوی سەوز و باخ و دەشتەکاندا، ڕەش و بۆر بوون. دار خورماکان، هەنجیرەکان و دارە میوەی‌تر لە یەک هێڵدا چووبوونە پێشەوە و سەر گرد و تەپۆڵکەکانیان داپۆشیبوو.

له باخێکی تەنیشت ڕوبارەکەدا، بینایەکی بەرز و ڕون هەبوو کە بە چەشنی بیناکانی تری ئەو شارە ڕەنگ کرابوو. لە پێش دەرگای ئەو بینایەدا کە ڕووی لە ڕوبار بوو، ژمارەیەک دار و درەختی درێژ بەرەو ئاسمان هەڵکشابوون. بیناکە دوو هەیوانی بە ڕەنگی سپی هەبوو کە میچەکەیان ساف و لە سەر ئەستون ڕاوەستابوو. گێچکاریی میچی هەیوانەکان و تاجی سەر ئەستونەکان بە ڕەنگی زەرد و ئابی ڕازابوونەوە. لە بەشی پشتەوەی یەکێک لە هەیوانەکان کە مافورەی لێ ڕاخرابوو، و پەردەی پێوە بوو، ژمارەیەک دەبیندران کە کراسی سپی درێژ "دیشداشە"یان لە قوماشێک لەبەردابوو کە بە شێوەیەکی زۆر جوان چندرابوون. کەسێک کە تاجێکی سوور و سپی حاکمەکانی سەربە هەرێمی پادشاکانی میسری لەسەر بوو، لە ناوەندی خەڵکەکە، سەر و شانی بەسەر نەردەی هەیوانەکەدا خوار کردبووە.

چاودێر و فەرماندەکەیان کە بە گرنگیدان بە ئەرکەکەیان ئەو هەموو ڕێیەیان بڕیبوو، بەرەو ڕوو لەسەر عەرز درێژ ببوون. بە ئاماژەیەکی فیرعەون، خودای زیندوو و حاکمی وڵاتی تاکیۆم، دیلەکانیان ڕیز کرد و ئەوانیان بە ئارامی بە پێش هەیوانەکەدا برد. ئەوانەی سەر هەیوان بە هێمای ڕەزامەندیی ئاماژەیان بە یەکتر دەکرد و پێدەکەنین. جوانی کۆشکەکە و بەرگی بە نرخی فیرعەون و ئەوانەی سەربە کۆشک، شێوازێکی خۆبەزلزان و لوت بەرزییان لە بەرامبەر سیمای ماندوو، و بە ئازاری کۆیلە ستەم لێکراوەکاندا هەبوو.

ئەو جیاوازیە تووڕەیی و نائومێدی لە دەرونی پاندیۆندا چاند. ئەو لەبەر ژانی باسکەکانی و جەستەی تاوەسوتی، ئەوەندی گاز لە لێوەکانی خۆی گرتبوو کە لەوە دەچوو قرتماخەی خوێنیان لەسەر بێت. سەرەڕای ئەوە، پەیکەرتاشی گەنج پشتی ڕاست کردەوە و ڕووی ستەمدیدەی بەرەو هەیوانەکە سوڕاندەوە. فیرعەون شتێکی بە دەربارییەکان گوت و ئەوانیش بە هێمای وەرگرتنی فەرمان، سەریان جوڵاندەوە. ڕیزی کۆیلەکان بە ئارامی لە ڕۆیشتندا بوو. پاندیۆن بە زوویی گەیشتە پشت سێبەری خانووە بەرزەکە و بەرە بەرە هەموو کۆیلەکانیان لەوێ کۆ کردەوە و لە گەمارۆی سەربازەکاندا ڕایانگرتن. لە سوچی بیناکە، پیاوێکی قەڵەوی لوت هەڵۆیی چوو، دارێکی ئابنۆس[١٦]ی پێ بوو کە زێڕی تێگرتبوو. ئەو لەگەڵ پیاوێکی تر کە کاتبی بوو، و لەوحێکی تەختە و لولەیەکی کاغەز بەدەستەوە بوو، لە زیندانییەکان نزیک بوونەوە. ئەو پیاوە بە فیز و دەعیەوە شتێکی بە فەرماندەی چاودێرەکان گوت و ئەویش دەسبەجێ فەرمانەکەی بۆ

سەربازەکان گواستەوە. بەو فەرمانە، سەربازەکان ڕژانە نێو زیندانیەکان و ژمارەیەکیان کە ئاماژەیان بۆ کرابوو، لەگەڵ خۆیان هێنا. پاندیۆن یەکێک لە یەکەم کەسانی هەڵبژێردراو بوو. نزیکەی سی کەسیان لە بەهێزترین و چالاکترین کۆیلەکان هەڵبژارد و دەسبەجێ ئەوانیان بەو جادەیە و تەنیشت باخێکدا گەڕاندەوە کە پێیدا هاتبوون. لەوێوە سەربازەکان، زیندانیەکانیان بە تەنیشت دیوارێکی قوڵەدا برد. جادەکە بەرەبەرە لێژتر دەبووەوە و سەرئەنجام بە دالانێکدا چووە نێو چوار دیوارێکەوە کە لەنێو کێڵگەیەکی گەنمدا بوو. زێندانیەکانیان لەو چوار دیوارە خست کە هیچ پەنجەرەیەکی تێدا نەبوو. سەربازەکان کە کەوانیان پێ بوو، لەسەر ئەو چوار دیوارە کە نزیکەی بیست کوبیت بەرز بوو، چاودێریی دیلەکانیان کرد. لە چوار سوچی دیوارەکاندا بۆ بەرگری کردن لە تیشکی خۆر، ساباتی "سەیوان" حەسیریان بۆ سەربازەکان دروست کردبوو.

دەرگای ئەو چوار دیوارە ڕوی لە ڕوبار بوو، و جگە لەو دەرگایە، ڕێیەکی تر نەبوو. زیندانییەکان بەو دەرگایەدا هێنرانە ژورەوە. دیوارە بۆرەکانی ئەو چوار دیوارە تینی خۆریان لە خۆیاندا کۆ دەکردەوە و بە دەوری خۆیاندا بڵاویان دەکردەوە. چاودێرەکان بە توندی کشانەوە و پاندیۆن خۆی لە حەوشەیەکی بچووک، لە نێوان دوو دیواردا دیتەوە. دیواری دووەم لە ژورەوە، هەندێک قوڵەتر بوو لە دیواری دەرەوە. ئەویش لە بەشی ڕاستیدا تەنیا دەرگایەکی هەبوو. بەشی زۆری حەوشە گەورەکە پڕ بوو لە ژووری چکۆلە و لە حەوشە بچووکەکەوە بە دالانێکدا بۆی دەچوون کە لە زەوی هەڵکەندرابوو. ژمارەیەک کورسی "سەندەڵی" نارێک لەو حەوشانەدا دەبیندرا.

ئێستا، گروپێک لە دیلەکان لە گەمارۆی ئەو سەربازانەدا بوون کە لە گواستنەوەکەیاندا لەگەڵیان بوون. ڕەنگی پێستی ئەوان ڕۆشنتر لە ئەوانی تر بوو. هەموویان بالا بەرز و چالاک و چاوی زۆربەیان شین و قژی سەریان وەک قیل ڕەش بوو. پاندیۆن وەک خەڵکی ئەسڵی میسر هەرگیز کەسانی بەم جۆرەی نەبینیبوو و نەشیدەزانی کە ئەوانە لیبیایی بوون.

دوو پیاو لە بیناکە هاتنەدەر، یەکێکیان شتێکی بەدەستەوە بوو کە لە تەختەیەکی ساف دروستکرابوو، و ئەویتریان قاپێکی بەدەڵی چینی ڕەنگ بۆری پێبوو. لیبیاییەکان، پاندیۆنیان گرت و پشتیان لە دیلە تازە هێنراوەکان کرد و ئەو لەپڕ هەستی بە ژانێکی کەم لەسەر پشت و شانەکانی کرد. ئەوان تەختە پانەکەیان بە سەر شانەکانیەوە نوساند و ئازاری

پاندیۆن لەو دەرزیانەوە بوو کە لە تەختەکەوە لە شانی ڕۆچوون. خوێن بە شانەکانیدا هاتەخوار و لیبیاییەکان بە قوماشێک کە لە قاپێکدا تەڕیان دەکرد، سەر برینەکەیان دەماڵی. خوێنی برینەکەی ڕاوەستا و لەو کاتەدا پاندیۆن تێگەیشت پیتێکی بچووکیان لەسەر شانەکانی هەڵکەند(١٧). لیبیاییەکان کە پاندیۆنیان گەمارۆ دابوو، ڕای ئەویان بۆلای خۆیان ڕاکێشا و ئەو تێگەیشت کە سەرشانەکانی ئەویشیان نیشانە کردوە.

کەرەستە دروستکراوەکەی ئەشکەنجەیان لە دار، لە جومگەکانی دەستی کردەوە، بەڵام ژانی شان و جومگەکانی بەردەوام بوون و نەیدەتوانی چارەیان بکات. بە دژواری باسکی هێنایە خوارەوە و خوار بۆوە و چوو لە کونی دیواری حەوشەیەکی ترەوە و لەوێ بەهۆی ماندوو بوونی لەسەر عەرزی حەوشەکە دانیشت و لە تونگەیەکی گەورەدا ئاوی خواردەوە و چاوی بەو جێیەدا خشاند کە لەوانە بوو تا دوارۆژەکانی ژیانی لێی بمێنێتەوە.

شوێنێکی گەورەی چوار سوچ کە هەر دیوارەی نزیکەی دوو ستادیا بەرز بوو، و سەربازەکان کێشکیان لەسەر دەدا، شوێنی ڕاگرتنی دیلەکان بوو. نیوەی دەستی ڕاستی ئەو چوار دیوارە، ژووری بچووک بوون بە دیواری خشتی کاڵ لە ڕوو بە ڕووی یەکتردا و ئەو ژوورانە بە دالانێکی تەنگدا لە یەکتر جودا دەکرانەوە. لە بەشی لای چەپەشی کۆمەڵێک ژوری بچووکتر هەبوون و لە بەری پێشەوەی دەستی چەپەشیدا دیوارێکی قوڵە هەبوو کە بە توندی بۆنی ئامۆنیاکی لێ دەهات. لێرەدا، بەشێکی باریکی زەوییان بە گڵی سوور داپۆشیبوو، کە پاندیۆن دواتر زانی کە ئەو جێیە، جێی خواردنی فراوینە.

لەو ناوچەیەدا، دار و دەونیان نەهێشتبوو. لەبەر ئەوە زەوی ساف و خۆڵەپۆتە بوو، بە کەشێکی قورس و خنکێنەر. لەوە دەچوو کە هەموو تینی خۆری سوتێنەری ڕۆژ، لێرە کۆ کرابێتەوە. دیواری بەرز، ئەم شوێنەی لە دنیای دەرەوە جیا کردبووەوە و تەنیا ڕووی بەرەو ئاسمان کراوە بوو. ئێرە "**شەهن**"(١٨)، واتا یەکێک لە سەدان کۆمەڵگای کۆیلەکانی وڵاتی تاکیۆم بوو. کۆیلە لە نەتەوەی جیاواز، لێرە کۆ کرابوونەوە. ئەوان کە هێزی کاریان پێکدەهێنا، لە ئەسڵدا بە سەروەت و سامانی میسرییەکان دەژمێردران. چونکە کۆیلەکانیان بۆ کار بردبوو، کۆمەڵگەکە بێدەنگ بوو. تەنیا چەند پیاوی نەخۆشی لێبوو کە ئەوانیش بە بێوازیی لەبەر سێبەری دیوار ڕاکشابوون. ئەو کۆمەڵگەیە تایبەت بوو بە کۆیلە تازە هێنراوە بەدیل گیراوەکان، بەڵام بۆ کەڵک وەرگرتن لە هێزی زیاتریان، مافی پێکهێنانی بنەماڵەیان نەبوو.

پاندیۆن ئێستا "مەر"[١٩] واتا کۆیلەی فیرعەون بوو. ئەو یەکێک بوو لەو هەشت هەزار کۆیلەیەی کە لە باخەکان، کەناڵەکان و بیناکانی دەوروبەری کۆشکی فیرعەوندا خزمەتی دەکرد. کۆیلەکانیتر کە دوای پاندیۆن لە پشکنینی دەربارییەکاندا هەڵبژاردران لە نێوان کاربەدەستانی باڵادا "ساهو"[٢٠] بوون، واتا بە مردنی بەرپرسەکەیان، دەگوازرانەوە لای کۆیلەکانی فیرعەون.

بێدەنگییەکی قورس بەسەر ئەو کەش و هەوا خنکێنەرەدا حاکم بوو، هەندێک جار بێدەنگییەکە بە ناڵە و ئاخی ئەو کۆیلانە دەشکا کە لەگەڵ پاندیۆن هێنرابوون. شوێنی داغکراوەکەی نێوان پشت و شانی پاندیۆن دەسوتایەوە و ئەو نەیدەتوانی جێیەک بۆخۆی بدۆزێتەوە.

دەریای بەرین و دار و دەوەنی سێبەرداری کەنارەی وڵاتی باوکانی کە بە شەپۆلی دەریا دەشوشترانەوە، جێی خۆیان دابوو بە زەوییەکی خۆڵگرتوو بە دیواری بڵند دەوری پاوان کرابوو. لە جیاتی ژیانی ئازاد لەگەڵ خۆشەویستەکەی، ئێستا کۆیلەیەک بوو لە وڵاتی بێگانەدا و دوور لە هەموو ئەو شتانەی کە لای خۆشەویست بوون.

تەنیا ئومێد بە ئازادی بوو کە نەیدەهێشت ئەو کورە گەنجە، سەری خۆی لە دیوارێک بدات و وردی بکات کە لە نێوان ئەو، و دنیای جوان و بەریندا کێشرابوو.

١- هەر کوبیت بە حیسابی ئەمڕۆ نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ سانتی مەترە و ٢٠ کوبیت دەبێتە نزیکەی هەشت تا نۆ مەتر.
٢- Ionia ناوچەیەکی دێرینە لە بەشی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک.
٣- Etruscan زاراوەی دانیشتوانی ناوچە دێرینەکانی ئیتالیای ناوەندی.

٤- Tyre شارێکی لوبنانی ئەمڕۆیە و لە کەنارەی دەریای مەدیتەڕانە هەڵکەوتووە.
٥- تەنگەی شاخی تارق لەنێو خاکی ئیسپانیادا ئێستا بەشێکە لە وڵاتی بریتانیا و لەژێر دەسەڵاتی ئینگلیز دایە.
٦- مەبەست لە دەریالوشی ئەتڵەسە.
٧- Tha- Quem- یان وڵاتی ڕەش، یان کومت، ناوێکە میسرییەکانی پێشوو لەسەر وڵاتەکەیان ناوە.
٨- دەریای گەورەی سەوز ناوێک بوو کە میسرییەکان لەسەر دەریای مەدیتەڕانەیان دانابوو.
٩- Seneb
١٠- تروشا ناوێک بوو میسرییەکان بە "وتروسک"یەکانیان دابوو.
١١- "کفت"ی، ناوی کرێت و کرێتیەکان بوو.
١٢- "بنو"یی، ناوی خەڵکانی باشور بوو.
١٣- Sekhmet
١٤- Ceny
١٥- ماڵی گەورە، ناوێک بوو بۆ فیرعەونی میسر بەکار دەهێندرا و گوتنی ناوی خۆی یاساخ بوو.
١٦- ئابنۆس، دارێکی قایم و گەورەی وەک داری گوێزە کە لە هیندستان و حەبەشە دەڕوێت.
١٧- ئەو پیتە، ناوی فیرعەون بوو کە لە کەوانەیەکی وەک هێلکەدا نوسرابوو.
١٨- Shehne
١٩- Mere
٢٠- Sahu

# کۆیلەی فیرعەون

## ٣

شنە بای بەهار، کەنارەکانی ئۆنیادای داگرتبوو، دارەکان وەک سالآنی پێشوو خونچە و شکۆفەیان دەرکردبوو، و بناری تەپۆلکەکانیان داپۆشیبوو. بەیانیی، دنیا زووتر ڕوناک ببوەوە و باهۆزی ڕۆژئاوا بە شێوەیەکی ڕێک، وەرزی کەشتیرانی دەریای ڕادەگەیاند. پێنج کەشتی کە لە سەرەتای بەهاردا چوو بوون بۆ کریت، گەڕابوونەوە کالیدون و دوو کەشتی کریتیەکانیش گەیشتنەجێ، بەلآم پاندیۆن لە هیچکام لەو کەشتیانەدا نەبوو.

"ئاگنێر" بەگشتی لە بیرکردنەوەیەکی قوڵدا نوقم ببوو، بەلآم هەوڵیدەدا هەست و مەترسیەکانی لە بنەماڵەکەی بشارێتەوە. گەشتکەرە تەنیاکە، لە جێیەک لە نێوان چیا مەزنەکانی دوڕگەی گەورەی کریتدا کە خەڵکانێکی زۆری بە زمانی جیاواز تێدا بوو، و ئەو لە زمانیان نەدەگەیشت، ون ببوو. هونەرمەندی پیر بڕیاریدابوو بچێت بۆ کالیدون و لەوێوە ئەگەر دەرەتانی بۆ ڕەخسا، بۆ زانیاری پەیدا کردن لە چارەنوسی پاندیۆن بچێت بۆ دوڕگەی کریت.

تسا، لەم دوایانەدا خۆی بەتەنیا دەچووە دەرەوە و تەنانەت هاودەردی کردنی بنەماڵەکەی لەگەڵی، قورسایی دەخستە سەری. ئەو بە ئارامی لە بەرامبەر دەریای ئارام و بە جوڵەدا، بە کۆڵەبارێک خەمەوە ڕادەوەستا و هەندێک جار بەو ئۆمێدەوە کە پاندیۆن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جێیەی کە لێی جودا ببووەوە، بە ڕاکردن بەرەو ئەو شوێنە دەچوو، بەلآم ئەو ڕۆژە هیوا بەخشانە زۆر پێشتر کۆتاییان پێهاتبوو. تسا، ئێستا دڵنیا بوو کە لەو هێڵەی کە زەوی و ئاسمان لێک جیا دەکاتەوە، کارەساتێکی تایبەت ڕوویداوە. تەنیا بەدیل گیران، یان مەرگ بوو کە پێشی بە گەڕانەوەی پاندیۆن دەگرت.

تسا لە ڕووبەڕووی ئەو شەپۆلانەدا ڕادەوەستا کە لەوانە بوو لەو شوێنەوە بێن کە پاندیۆنی خۆشەویستی لەوێ بێت. لەبەر شەپۆلەکان دەپاڕایەوە کە پێی بڵێن چ ڕوویداوە. متمانەی هەبوو کە دەبێ هەندێک چاوەڕوان بێت و دواتر شەپۆلەکان جێگەی پاندیۆنی پێدەڵێن، بەلآم ئەو شەپۆلانەی کە وەلاقی دەکەوتن، هەموویان وەک یەک بێدەنگ بوون و ئاهەنگێکی هاوشێوەیان هەبوو.

چۆن دەیتوانی بزانێت چ بەسەر خۆشەویستەکەی هاتووە؟ ئەو کە بڕیاریدابوو بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆی لەلای هاوژینەکەی تێپەڕ بکات، خانمی ماڵەکەی و یار و یاوەر و شەفا بەخشی زامەکانی بێت، چۆن دەیتوانی بەسەر ئەو مەودایەدا زاڵ بێت کە ئەوانی لە یەکتر جواد کردبۆوە؟ بۆ ژنێک کە دژی بە جێگەیاندنی فەرمانی پیاوێک دەوەستا، ئەگەر ئەو پیاوە، باوک، مێرد، یان برای بوایە، تەنیا ڕێگەیەک هەبوو کە ئەویش لەشفرۆشی لە شار، یان بەندەر بوو. ئەویش ژنێک بوو، نەیدەتوانی بچێتە شارێکیتر و تەنانەت نەیدەتوانی وە شوێن پاندیۆن بکەوێت. بۆ ئەو جگە لە هەڵوەدا بوون لە سەر و خواری کەنارەدا، شتێکی تر نەمابوو. تسا کارێکیتری بۆ نەدەکرا و کەسێکیش نەبوو کە باسکی بۆ هەڵماڵێت و یارمەتی بکات. تەنانەت ئەگەر پاندیۆن لەناویش چووبایە، ئەو هەرگیزاو هەرگیز نەیدەزانی لە کوێ مردووە.

*******

لافاوێک لە ڕوناکیی زێوینی خەرمانەی مانگە شەو، هەموو دۆڵەکانی داگرتبوو. لێژایی هەڵدێرگە ڕژدەکان و نیسێ ڕەشەکانی نێو شیوە قوڵەکان ڕێگەیان لێ گرتبوو، بەڵام لە درێژەی ڕوبارێکدا کە لە باشورەوە بەرەو باکور دەچوو، ڕوناکیی خۆی پان کردبۆوە. لە بەرامبەریدا، لە نزیک شاری "نوت ئامۆن"[١]، یان "واسێت"[٢]ی پایتەختی گەورەی میسر، تاریکیی کۆمەڵگای کۆیلەکانی وەک چالاوێکی چوار سوچ لەخۆدا نوقم کردبوو. دیوارەکانی ئەو کۆمەڵگایە بە شێوەیەکی جوان بە چرا ڕازابوونەوە و ڕوناکییەکی کزیان بە دەوری خۆیاندا بڵاودەکردەوە.

پاندیۆن لەسەر هەندێک پوش و باقە گیا لە ژورە تەنگەکەی زیندان دانیشتبوو. بە تێبینییەکی فرەوان کە نەکات ئێشکچییەکان بیبینن، سەری لە کونێکی تەنگ هێنابووە دەر و بۆ نەهێشتنی مەترسی لەسەر خۆی، لەسەر چۆک خۆی بەرز کردبۆوە و تەماشای خەرمانەی ڕەنگ پەڕیوی مانگی ئاسمانی دەکرد. بیر کردنەوە لەو ڕووداوە کە هەر ئەو مانگە لەسەر ئۆنیادای دوور، لەو جێیەش خەرمانەی داوە، ئازاری دەدا. ڕەنگە تسا، تسای ئازیزی لەو مانگە بپرسێت خۆشەویستەکەی لە کوێیە و کەنگێ ئەو گومانە لە ناخی دەڕەوێتەوە. ڕەنگە چاوەکانی پاندیۆنیش لە کونی ژورە قێزەونەکەی زینداندا، لەو مانگە بڕوانێت. پاندیۆن سەری بەرەو تاریکی ژورەکەی کشاندەوە. بۆنی تۆز و خۆڵی گەرم و خنکێنەر، ژوری زیندانی پڕ کردبوو.

نائومێدی ڕۆژانی سەرەتایی و خەم و پەژارە و ترسەکانی پێشوو بە کۆتا هاتبوون. پاندیۆن بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانی بەسەردا هاتبوو. بڕۆی پڕ و زەقی و ناوچاوانی گرژی ئاوێتەی یەکتر ببوون. ئەو چاوە خورماییەی کە بە چاوی خەڵکی هیپریون ناسراوە، بە تورە بوونێکی شاردراوەی بە زۆر بەسەردا سەپاو، مۆر ببوون و لێوەکانی بە توندی پێکەوە نوسابوون، بەڵام لەشی بەهێزی هێشتا توانایی جارانی هەبوو، و مێشکی زیانی پێنەگەیشتبوو. بەگشتی پاندیۆن ئومێدی لە دەست نەدابوو، و هێشتا بیری ئازادی لە مێشکیدا هەبوو.

پاندیۆن، بەرە بەرە دەبوو بە پیاوێکی شەرکەر، ئەویش نەک بەهۆی هێز و ئازایەتی و لێبڕاوییەک کە هەیبوو، بەڵکوو بەهۆی ورەی بەرزی لەو دۆخەدا کە ئەوی تێدا بوو. هەوڵدانی بۆ گەیشتن بە خەونەکانی و ئەشق و ئاواتەکانی، لەو هەلومەرجەدا و تاقیکردنەوە و ڕەنجەکانی، ئەوی کردبوو بە پیاوێکی خۆفهێنەر و ترسناک. ئەو شتەی کە بۆ مرۆڤێکی تەنیا لە وڵاتێکی نەناسراودا، بە کۆمەڵە زمانێکی جیاواز، دژوار و نەگونجاو بوو، بە ئاشکرا بۆ ئەو دەستەبەر ببوو. پاندیۆن دۆست و هاوڕێی بۆخۆی دۆزیبۆوە.

هاوڕێیەک، تەنیا ئەو کەسە کە لە بەرامبەر هێزە ترسناکە گەورەکاندا، بە تەنیایی ناچار بە خۆڕاگریی بوو. تەنیا ئەو کەسەی لە وڵاتێکی دوورکەوتووی بێگانەدا بێ یار و یاوەرە مابووەوە، دەتوانێ بە واتای وشەی "هاوڕێ" بزانێت. هاوڕێیەک بە واتای هاودەنگی کردن، پشتیوانی کردنی برایانە، بیر و ئارەزووە هاوبەشەکان، ڕاوێژکارێکی ئاقڵ و هەروەها ڕەخنەگرێکی زانا و پشتیوان و خەمخۆر دەژمێردرێت. پاندیۆن لە ماوەی حەوت مانگدا کە لە ناوچەی پایتەخت، کاری جیاوازی پێکرابوو، شتێک لە زمانی سەیر و سەرسوڕهێنەری میسرییەکان فێر ببوو، و کەم کەم لە زمانە جیاوازەکانی کۆیلەکان و هاوڕێیانی دەگەیشت. لە نێوان ٥٠٠ کۆیلەدا کە لەو کۆمەڵگایەدا زیندانی بوون و ڕۆژانە بۆ کارکردن دەهێندرانە دەرەوە، بەرە بەرە ئەوانەی خاوەن کەسایەتی باڵا بوون لەلایەن پاندیۆنەوە ناسراو بوون. هەرکام لە کۆیلەکانی تریش فێر ببوون کە باوەڕ بە یەکتر بکەن و ژمارەیەکیان لەگەڵ یەکتر ببوون بە هاوڕێ. نەخۆشییەکی تێکەڵاو بەترس گشتگیر و ویستی هاوبەش بۆ ئازادی، کۆیلەکانی لە خەباتی هاوبەشدا بۆ بە دەستخستنی ئازادی کۆ دەکردەوە کە زەبرێکی کاری لە دەسەڵاتی زاڵمانە و کوێرانەی حاکمانی "وڵاتی ڕەش"[٣] بوەشێنن و بتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی باوانیان کە ماوەیەک بوو لە دەستیان دابوو. نیشتمان، ئەو وشەیە بوو کە بۆ هەمووان وەک یەک واتای نەدەبەخشی. بۆ ژمارەیەکیان، وڵاتێک بوو کە

لەودا بیابانی پڕلە نهێنی باشور هەبوو، و بۆ ژمارەیەکی تریان جێیەک بوو لە بیابان کە بە ڕەڵـم داپۆشـرابوو، لە ڕۆژهەڵات، یـان ڕۆژئـاوادا، بەڵام بـۆ بەشـێکیتری وەک پانـدیۆن وڵاتێک بوو لەوبەری دەریاکانی باشور هەڵکەوتبوو.

لە کۆمەڵگـاکەدا ژمـارەیەکی کەم هەبـوون کە هێـزی بەربەرەکانیـان هەبـوو، ئەوانـی تـر بەهۆی کاری قورس و کەمی خوراک بە تەواوی لەپێ کەوتبوون و ئارام و بێدەنگ لەنێو دەچـــوون. زۆربەیـــان پیـــر و بە ســـاڵداچوو بـــوون و ســـەرنجیان بەوە نەدەدا کە لە ڕووبەڕوویاندا چ دەقەومێت. هیچ بڕیارێک لە چاویاندا نەدەبیندرا و هیچ ویستێکیان بۆ پێوەندیی کردن لەگەڵ هاوڕێیان پێشان نەدەدا. کاریان دەکرد و بە ئارامی دەیانخوارد و دەچوون لە خەوی قوڵەوە و بەیانی ڕۆژی دوایی بە دەنگی بەرزی زیندانوانەکان لە خەو هەڵدەستان و لە ڕیزی کۆیلە تەپلۆسەکاندا، بە لەرزە لەرز وەڕێدەکەوتن.

پاندیۆن، بە زوویی بە بوونی ئەو هەمووە ژوورە جیاوازانەی نێو کۆمەڵگای کۆیلەکاندا زانـی، تێگەیشـت کە ئەوان کـۆیلەی جیاوازیـان ڕاگرتـووە. دوای خـواردنی شـیو، گفتوگـۆ و پێوەنـدیی گرتنـی کۆیلەکـان لەگەڵ یەکتـر یاسـاخ بـوو. ئێشـکچیەکان لە سـەر بانەکـانەوە چـاودێریی یاسـا شـکێنەکانیان دەکـرد و ڕۆژی دوایـی یاساشـکێنەکانیان دەکوشـت، یـان لێیانـدەدان. هەمـوو کـۆیلەیەک بـوێری و توانـای ئەوەی نەبـوو کە کەڵـک لە تـاریکی شـەو وەرگرێـت و بچێـت بـۆ ژوری هاوڕێکـانی، بەڵام ژمـارەیەک لە هاوڕێیـانی پانـدیۆن ئەو کارەیان دەکرد.

******

لە کۆمەڵگـاکەدا، پانـدیۆن سـێ هـاوڕێی نزیکـی هەبـوو، یەکەمیـان "کیـدیگۆ"(٤) ڕەش پێستێکی بەهێز و بەخۆوە بوو بە نزیکەی چوار "ئەرش"(٥) بـاڵا. ئەو لە بەشـێکی دووری ئەفریقـاوە هـاتبوو بـۆ باشـوری ڕۆژئـاوای میسـر. کیـدیگۆ، کەسـێکی مێهرەبـان، شـاد و بە کەڵـک و لە هەمانکاتیشـدا هونەرمەنـد و پەیکەرتاشـێکی بەتوانـا بـوو. لـوتی پـان و لێـوی ئەسـتور و هێـزی تێگەیشـتنی لە هـۆش و بیـری قـوڵ و بەرزەوە سـەرچاوەی وەردەگـرت. پاندیۆن، ڕەش پێستی زۆر بە خۆوەی بینیبوو، بەڵام ئەم دێوە بە جەستەی ڕێک و جوانی، دەســتبەجێ پانــدیۆنی بەرەو خــۆی ڕاکێشــا. ماســولکەکانی دەتگــوت لە ئاســنن، لەگەڵ جەستەی چوست و چالاکی کیدیگۆ یەکیان دەگرتەوە. چاوی درشت و زۆر وردبین بوو، و شـادی و ئازاریـان بە ڕونـی لـێ دەردەکەوت. پانـدیۆن و کیـدیگۆ لە سـەرەتادا بەهـۆی هێڵێک کە بە داری نوک تیژ لەسەر عەرز، یان دیواریان دەکێشا، پێکەوە ئاشنا بوون و

دواتر یۆنانییە گەنجەکە بە زمانێکی تێکەڵاو لە زمانی کوێمت[٦] و زمانی هاووڵاتییەکانی کیدیکۆ کە زمانێکی ئاسان بوو، و وشەکانی لە مێشکدا ڕادەگیران، لەگەڵ هاوڕێ ڕەش پێستەکەی دەستی کرد بە قسە کردن.

لە تاریکی شەودا، پاندیۆن و کیدیگۆ دەخزانە نێو ژووری یەکتر و قسەیان پێکەوە دەکرد و پلانیان بۆ ڕاکردنیان دادەنا. مانگێک دوای مانەوەی پاندیۆن لە کۆمەڵگای کۆیلەکاندا، ئێوارەی ڕۆژێک، گروپێک کۆیلەی تریان هێنا. تازە هێنراوەکان لە نزیک دەرگای کۆمەڵگاکە دانیشتبوون و بە پەرۆشەوە تەماشای دەوروبەری خۆیان دەکرد. سیمای بە ئازاریان وەک هەر کۆیلەیەکی تر لە خەم و پەژارە و نائومێدیدا بوو. لای ئێوارە کە پاندیۆن لە کاری ڕۆژانە دەگەڕایەوە، بۆ شکاندنی تونیەتی، بەرەو بەرمیلێکی گەورەی ئاو چوو. لەپڕ، خەریکبوو پیاڵەکەی لە دەست بکەوێت. لەوێ زانی دوو کۆیلەی تازە هێنراو بە زمانی "وتروسک"، زمانێک کە پاندیۆن لەگەڵی ئاشنا بوو، بە ئارامی قسە دەکەن. وتروسکیەکان خەڵکانێکی سەیر، تووڕە و کۆن و سوننەتی بوون. ئەوان هەندێک جار گەشتی کەنارەکانی ئۆنیادایان دەکرد و لەوێ بە جادووگەر و زانینی نهێنییەکانی سروشت دەناسران.

هێزی بیرەوەرییەکانی وڵاتەکەی بەڕادەیەک زۆر بوو کە بوونە هۆی لەرزاندنی هەموو لەشی پاندیۆن. ئەو لەگەڵ وتروسکیەکان قسەی کرد و ئەوان لە قسەکانی گەیشتن کە پێی گوتن چۆن لە میسر بەدیل گیراون، بەڵام ئەوان بێدەنگ مانەوە و لەوە دەچوو لەو دیدارەی پاندیۆن ڕازی نەبن. وتروسکییەکان جەستەی مامناوەندیان هەبوو، لەگەڵ شانی پان و لەشی پڕ لە ماسولکە. قژی ڕەشی لول و پیس و ئاڵۆزیان بە هەر دووی لای گوێچکە و ڕوومەتیاندا شۆڕ ببووەوە. گەورەکەیان نزیکەی چل ساڵ و ئەویتریان هاوتەمەنی پاندیۆن بوو، و سیمایان زۆر لە یەکتر دەچوو. ڕوومەتی قووڵیان، گوشاری دەخستە سەر ئێسکی ڕوومەتیان و چاوی ڕەش و ناحەزیان بە دژواری دەبیندرا.

پاندیۆن سەیری بە هەڵسوکەوتی ئەو وتروسکیانە هات و لە بەهێند نەگرتنیان ڕەنجا و بە پەلە گەڕایەوە ژورەکەی. پەیکەرتاشی گەنج دوای ئەو ڕووداوە، هەرچەندە تێدەگەیشت کە ئەوان بە تێڕوانینی دوایی دەیانەوێ پێوەندیی پێوە بکەن، بەڵام ئەو بۆ ماوەی چەند ڕۆژان گوێی نەدانێ. نزیکەی دە ڕۆژ دوای هاتنی وتروسکیەکان، پاندیۆن و کیدیگۆ کاتی خواردنی شیو کە لاسکی قامیش بوو، لەکن یەکتر دانیشتبوون. ئەوان بەپەلە شیوەکەیان خوارد و تا ئەوانی تر لە خواردن بوونەوە، پێکەوە قسەیان کرد. جیرانی باسکەکەی تری

پانـدیۆن وتروسـکییەکی بە تەمەنتـر بـوو. ئەو بەشـێوەیەکی چـاوەڕوان نەکـراو، دەسـتی قورسـی خـۆی خسـتە سەرشـانی پاندیۆن و کاتێک پانـدیۆن بەرەو ئەو سـوڕایەوە، ئەو بە لوت بەرزیی، چاوی لە چاوی پاندیۆن بڕی. وتروسکییەکە بە ئـارامی، بەڵام شـەڕئەنگێزانە پێی گوت: (**هاوڕێیەکی بێ توانا هەرگیز ناتوانێ خۆی ڕزگار بکات.**) ئەو بەبێ ترس قسەی دەکرد و لەوە نەدەترسا کە زیندانوانەکان قسەکانی ببیسـن، چونکە دانیشـتوانی "تـاکیوم" لە زمانی ئەو نەدەگەیشتن و ئەوانیش بە چاوی سوک تەماشای بێگانەکانیان دەکرد. پانـدیۆن بە پەلە شانی خـۆی کێشـایەوە. ئەو لە وتەی وتروسـکییەکە نەگەیشـت، بەڵام وتروسـکی بە پەنجەکـانی دەسـتی کە لە دارسـتانێکی ئاسـن دەچـوون، لەش‌و ماسـولکەکانی پانـدیۆنی کوشـی، سـەری خـۆی بەرەو کۆیلەکـانیتر سـوڕاند کە خەریکـی خـواردنی شـیو بـوون و گوتی:

- (**تۆ ئەوانە بە بچووک دەبینی و نابێ ئەوکارە بکەی، ئەوان هەرگیز لەتۆ خراپتر نین. ئەوانیش خەونـی ئازادییـان لە سـەردا هەیە.**) پاندیۆن، لە ڕووی خۆ بەمەزن زانییەوە، بە فیزەوە گوتی:

- (**ئەوانە لەمـن خراپتـرن، مـاوەیەکی زۆرە لێـرن و مـن تـا ئێسـتا نەمبیسـتوە هـیچ هەوڵێکیان بۆ ڕاکردن دابێت!!**) وتروسکی لە کاتێکدا لێوەکانی ڕێک دەخشـاند و گوشـاری بۆ دەهێنان، گوتی:

- (**ئەگەر گەنجێک زانیاری باشی نەبێ، دەبێ لە کەسێکی بەتەمەنتر زانیاری بەدەست بێنێت. تۆ بەهێز و تەندروستی و دوای کاری دژواری ڕۆژانە، هێشتا وزەت تێدا مـاوە و لەشت بە توانایە، نەبوونی خواردنیش کـارت لـێ ناکـات و لە هێزت نابڕێت، بەڵام ئەوانە هێزیان تێدا نەماوە و ئەوەش تەنیا جیاوازیی نێوان تۆ و ئەوانەیە و خۆشبەختی تۆ بۆ ئەو دیـاردەیە دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبیـرت نەچـێ کە تـۆ بەتەنیـایی نـاتوانی لێـرە ڕابکەیـت. تـۆ ناچاری بە ڕێگاکان بزانی و بە هێزەوە بەسەر لەمپەرەکاندا باز بدەی و تەنیا هێزی ماددی بۆ سەرکەوتن یەکیەتـی هەمـووی ئێمەیە. کاتێـک تـۆ هـاوڕێیەکی بـاش بـی بـۆ هەمـووان، بێگومـان شانسی زیاترت بۆ گەیشتن بە خەونەکانت دەبێت....**)

پاندیۆن سەری لە زیرەکی و دانـایی ئەو وتروسـکیە سـوڕما کە چۆن لە قوڵایی نهێنـی ترین ڕازی ئەو گەیشتبوو. لەبەر ئەوە نەیتوانی لە بەرامبەریدا هـیچ وەڵامێک بـدۆزێتەوە و سەری داخست و بێدەنگ مایەوە. کیدیگۆ بە بەردەوامی دەیپرسی:

- (**چ دەڵێن؟ چ دەڵێن؟**)

پاندیۆن ویستی بۆی شی بکاتەوە، بەڵام لەو کاتەدا، چاودێری کۆیلەکان لە تەختەی دا. کۆیلەکان خواردنیان تەواو کردبوو، و دەبووایە جێ بۆ گروپێکی تر چۆل بکەن و بۆ پشودانی شەو بگەڕێنەوە ژوورەکانیان. پاندیۆن و کیدیگۆ بە درێژایی ئەو شەوە باسیان لە وتەکانی وتروسکییەکە کرد. ئەوان ناچار بوون قبووڵ بکەن کە ئەو تازە هێنراوە باشتر لە هەر کەسێکی تر لە دۆخی کۆیلەکان گەیشتووە. ئەوان داغی فیرعەونیان بە لەشەوە بوو. بۆ ئەوەی ڕاکردنەکەیان سەرکەوتوو بێت، دەبوایە ڕێگەی چوونە دەرەوە لەو وڵاتە بدۆزنەوە. تازە ئەوە تەواوی کارەکە نەبوو، ئەوان پێویست بوو لە سەرتاسەری ڕێگای ڕاکردندا لەگەڵ نەیارەکانیان شەڕ بکەن کە لەو باوەڕەدا بوون کە "درندەکان" بۆ ئەوە دروست کراون کە خزمەتی خودا هەڵبژێردراوەکان بکەن. لەو بارەیەوە، هەر دوو هاوڕێ نائومێد بوون، بەڵام لە دڵیاندا باوەڕیان بە وتروسکی زیرەک کرد.

چەند ڕۆژ تێپەڕی و کۆمەڵی دۆستان لە کۆمەڵگای فیرعەون دا گەیشتە چوار کەس. ئەوان بەرە بەرە لەنێوان کۆیلەکانی تردا هێزێکی زیاتریان کۆکردەوە. وتروسکییە بە تەمەنەکە کە بە ناوی خۆفهێنەر "کاڤیۆس"[٧] "خودای مەرگ" دەناسرا، لەلایەن ژمارەیەکی زۆری کۆیلەکانەوە پلەی گەورەی درایە. سێ کەسی تر، واتە وتروسکی گەنج کە ناوی "ڕێماۆس"[٨] بوو، کیدیگۆ و پاندیۆن، سێ پیاوی بەخۆوە، بە هێز و دلێر هاوکاری نزیکی کاڤیۆس بوون.

لە نێوان ٥٠٠ کۆیلەی کۆمەڵگاکەدا، بەرە بەرە کۆیلەی تێکۆشەر پەیدا بوون کە بە ئومێدێکی لاواز بۆ گەڕانەوەی وڵاتەکانیان ئامادە بوون، ژیانی خۆیان لە مەترسی بخەن. لەبەر ئەوە، کۆیلە ترساو و ئازار دیتوەکان و ستەم کێشەکان، سەرلەنوێ ئارام ئارام باوەڕیان بە هێزی خۆیان پەیدا کردەوە و ئەو ئومێدەیان بۆ گەڕایەوە کە لە ئاکامی یەکڕیزیدا دەتوانن لە بەرامبەر هێزی دەوڵەتێکی گەورەدا بوەستن و بەربەرەکانی بکەن و بەرە بەرە بەهێزتر بن، بەڵام ڕۆژەکان لە بێ ئامانجیدا تێدەپەڕین. ڕۆژە تاڵ و قێزەونەکانی دیلیی و ڕۆژە دژوارەکانی کاری قورس کە ئەوان ڕقیان لێی دەبووەوە، بەردەوام بوون و لەوە دەچوو، بەو هۆیەوە یارمەتی بەو کاربەدەستە زاڵمانە دەکەن کە گیانی هەزاران مرۆڤیان لە دەست دابوو.

ڕۆژانە، لە بەرە بەیانیدا ڕیزی پیاوانی لەپێ کەوتوو لەژێر چاودێری پیاوانی پرچەکدا، کۆمەڵگایان بۆ کار لە شوێنە جیاوازەکان بەجێدەهێشت. دانیشتوانی میسر هەموو بێگانەکانیان بە چاوی سوک تەماشا دەکرد و خۆیان بۆ فێربوونی زمانی بە دیلگیراوەکان

زەحمەت نەدەدا. لەبەر ئەوە، سەرەتا کاری ئاسانیان بە کۆیلە تازە هێنراوەکان دەدا و دواتر کە ئەوان فێری زمانی "کومت" دەبوون، بۆ کاری دژوار پەروەردەیان دەکردنو لە کاری پیشەی دەستیدا کەڵکیان لێوەردەگرتن. ئەوان سەبارەت بە زانینی ناوی کۆیلەکانیان گرفتیان نەبوو، هەرکام لەوانیان بەناوی وڵاتەکانیان بانگ دەکرد. بۆ نمونە بە پاندیۆنیان دەگوت "ئەکوشا"[٩] و بە وتروسکیەکانیان دەگوت "تروشا" و ناوی کیدیگۆ و ڕەش پێستەکانیان نابوو "نوهۆسو" بە واتای ڕەشە.

لە دوو مانگی یەکەمی مانەوەی پاندیۆن لە کۆمەڵگادا، پاندیۆن و چل کۆیلەی نوێیان بۆ کار لە باخەکانی "ئامون"[١٠] و چاککردنەوەی کەناڵەکانی ئاو هەڵبژارد. ساڵی ڕابردوو، لافاو دیوارەکانی ئەو کەناڵانەی لەگەڵ خۆی بردبوو. ئەوان هەروەها ژێر دار میوەکانیان دەدایەوە و ئاویان دەگەیاندە باخچەکان.

چاودێرە ڕاسپێردراوەکانی دەسەڵات کە بەرپرسایەتی کاری کۆیلەکانیان لە ئەستۆ بوو، توانا و هێزی تازە هێنراوەکانیان هەڵدەسەنگاند و بەرە بەرە گروپی نوێی بیناسازیان لێ پێکهێنان. بە هەڵکەوت، چوار هاوڕێیەکە و سێ کۆیلەی بەهێزی تر و ڕێبەرانی گروپەکانی کۆیلە لە کۆمەڵگادا، هەموویان لەگەڵ ئەو گروپە بوون. کاتێک ئەوانیان بۆ کاری بیناسازی ڕەوانە کرد، چەندان هەفتە لە کۆمەڵگا دوور کەوتنەوە و پێوەندییان لەگەڵ کۆیلەکانی تر پچڕا. یەکەم کار کە دوور لە باخەکانی فیرعەون بە پاندیۆن درا، دابەزاندنی بەردی پەرستگەیەکی کۆن و قەبرێک بوو لە کەنارەی ڕۆژئاوای ڕوبارێک کە نزیکەی ٥٠ ستادیا- نزیکەی ١٢٥٠ مەتر. و- لە کۆمەڵگاکە دوور بوو.

کۆیلەکانیان لە لۆتکەیەک خست و ئەوانیان لەگەڵ چاودێرێک و پێنج سەرباز لە ڕوبار پەڕاندەوە. لەو بەری ڕوبار، کۆیلەکانیان بە جادەیەکو نزیک کێڵگەیەکی تازە کێڵدراودا گەیاندە جادەیەکی سەنگ فەرش. دیمەنێک لەپڕ لە بەرامبەر چاوی پاندیۆن دا بە دیار کەوت کە بۆ هەمیشە شوێنەواری لە مێشکیدا مایەوە.

کۆیلەکانیان لەسەر تەپۆڵکەیەکی ساف کە لایەکی لێژ و بەرەو ڕوبار بوو، ڕاگرت و بەرپرسی چاودێرەکانیان فەرمانیدا تا گەڕانەوەی لەوێ بمێننەوە و چاوەڕوانی بن و خۆی لە تەپۆڵکەکە دوور کەوتەوە. ئەوە یەکەم هەل بوو کە پاندیۆن دەیتوانی هەندێک لەسەر دەوروبەری خۆی بکۆڵێتەوە. ڕێک لە بەرامبەر ئەودا دیوارێکی سەختی سپی بە ڕەنگی مس لە کەنارەکە هەبوو کە بەرزایی نزیکەی ٣٠٠ کوبیت بوو. لەلای کەنارەکەدا، ڕیزێک ئەستونی سپی پەرستگەیەک بە سێ هەیوان دەبیندرا. جادەیەک لە بەردی لوس و سپی بە

دەشتی سەرووی کەنارەکەدا دەڕۆیشت. لە هەر لایەنی جادەکەدا، ڕیزێک پەیکەری زلی "ئەبولهول" هەبوو کە بەشێوەیەکی سەیر تاشرابوون. کەمێک لەوبەرتر زنجیرەیەک پلەکانی پانی سپی لەنێوان دوو دیواردا دەبیندران کە لەسەر هەرکام لە دیوارەکان کەوانەی زەرد هەڵکەندرابوو. پلەکانەکان دەچوون بۆ قاتی دووەمی بیناکە کە ئەویش هەیوانی هەبوو، و بە ئەستونی قوڵە ڕاگیرابوو. بەرزایی ئەستونەکان دوو هێندەی بالای مرۆڤێک بوون و لە قسڵ دروستکرابوون. لە بەشی ناوەندیی پەرستگەکە، پاندیۆن چاوی بە دووەمین ڕیزی ئەستون کەوت. لەسەر هەرکام لە ئەستونەکان، پەیکەری مرۆڤێک هەبوو کە تاجی پاشایان لەسەر و دەستیان لەسەر سنگیان دانابوو.

دووەمین هەیوانی پەرستگەکە، گەورەتر و کراوەتر بوو. پەیکەری کۆم بووەوەی ئەبولهول، کۆڵانێکی لەودا پێکهێنابوو، و ئەستونەکانی هەر دوو لای قیت ڕاوەستابوون. نزیکەی سێ کوبیت سەرووتر، سێیەمین هەیوان، یان هەیوانی سەرووی پەرستگەکە بوو کە بە تەواوی ئەستون دەوریان گرتبوو، و قولایی دیواری هەڵدێرگەکەی پڕ کردبۆوە.

هەیوانی ژێرەوەی پەرستگە لە پانایيدا یەک و نیو ستادیا- نزیکەی ٣٧ مەتر. و- لە دوولای بەشی سەرووی ئەستونەکان بە شێوەیەکی سادە بەرز ببوونەوە و بەشی ناوەندیان چوار سوچ بوو، و بەشی سەروویان ١٦ لقی هەبوو. سەر ئەستونەکانی ناوەندیی گەچ بڕیی سپی و پەیکەری مرۆڤەکان ڕەنگی شین و سور و ڕەوشەن بوون و بەوەش ڕەنگە سپیەکەیان جوانتر و کراوەتر ببوو. ئەو پەرستگەیە لەبەر تیشکی خۆردا ڕون و ڕەوشەن بوو، بەڵام بیناکانی ڕووبەڕووی وێران و خەمهێنەر بوون و لەگەڵ ئەو پەرستگەیانەی کە پێشتر پاندیۆن بینی بوونی، جیاوازییەکی زۆریان هەبوو.

یۆنانییە گەنجەکە نەیدەتوانی شتێکی زیاتر لەو زنجیرە ئەستونانە ببینێت کە وەک بەفر سپی و ئەندازە و ڕەنگی جیاوازیان هەبوون. لەسەر هەیوانەکان، جۆرە دارێک هەبوو کە پاندیۆن هەرگیز جۆری ئەوانی نەبینیبوو. داری قوڵە بە کۆمەڵێک لق و پۆی لێک کراوە و گەڵای نزیک بە یەکتر. ئەو دارانە بۆنێکی توندیان بەسەر هەڵدێرگە سورە زەقەکاندا بڵاودەکردەوە. کیدیگۆ لە خۆشیان، بە شان لە پاندیۆنی دا و بە هێمای تەحسین و سەرسوڕمان دەنگێکی لێهات.

هیچکام لە کۆیلەکان نەیاندەزانی ئەو پەرستگەیەی لە ڕوو بە ڕوویانە، نزیکەی ٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر لەلایەن "سێنێمۆت"(١١) مێعماری شاژنی "هاتش پۆت"(١٢)وە دروست کراوە و هی "زیشر- زشیرۆ"(١٣) "گەورە یان گەورەترین"ە. هەروەها ئەو کۆمەڵە درختە سەیرانەی

ســەر هەیوانەکــان بە فەرمــانی شــا لەلایەن لیــژنەیەکەوە لە ولاتــی "پونــت"[١٤] بە دەریــادا هێنرابــوون. لەو کــاتەدا گروپێکــی تــازە خەریکبــوو، بچێــت بــۆ ولاتــی پونــت کە داری جــوان بێنێت و لەجێی دارە پیرەکاندا بیانچێنن.

دەنگی چاودێرەکەیان لە دوورەوە گوێ لێ بوو. کۆیلەکان بە پەلە لە پەرستگەکە دوور کەوتنەوە. لە کاتێکدا بەرەو باسکی چەپەیان دەهاتن، دیسانیش توشی پەرستگەیەکی تر بوون. ئەو پەرستگەیە[١٥] بە شێوازی هەرەمێکی بچووکتر، لەسەر گردێک و چەند ئەستون لە کەنارە، لە نزیک یەکتر دروست کرابوو. لە بەشی سەرووی ڕوبار، دوو پەرستگەی تر لە بەردی ڕەشــی ســەخت و لــوس دەبینــدران. چــاودێر، گروپــی کۆیلەکــانی خــۆی بــردە پەرستگەیەکی هەرە نزیک. لەوێ، کۆیلەکان گەیشتنە کۆمەڵێک کۆیلەی تر کە ژمارەیان نزیکەی ٢٠٠ کۆیلە دەبوو، و بەردی پەرستگەکەیان دەگواستەوە.

دیوارەکانی نێو ئەو پەرستگەیە زۆر بە لێزانی، بە گەچی سپی سواخ و بە شێوەیەکی ڕون نەخشــێندرا بــوون. مەئمورەکــانی بیناســازی و ئەنــدازیارە میســرییەکان کە ئەرکــی کارەکانیان لە ئەستۆ بوو، بە وردی سەرنجیان بەو بەردە ساف و لوسە ڕونە سەختانە دەدا کە لە ڕوکاری هەیوان و ئەستونەکاندا بەکار هێنرابوون و دیوارەکانی ناویان بەم شێوە خەمهێنەرە خراپ ببوون. پاندیۆن کە لە وێران بوونی بێ واتای ئەو شوێنەوارە هونەرییە دێرینانە تورە ببوو، لەگەڵ ئەو گروپە کەوت کە بەردەکانیان لەسەر خێشک "سورتمە" دادەنا. ئەوان بەردەکانیان لەسەر ئەو سورتمانە دادەنا و بە دەست تا ڕۆخی ڕوبار دەیانکێشا و لەوێ سواری لۆتکەیان دەکردن.

پاندیۆن نەیدەزانی فیرعەونەکانی میسر ماوەیەکی زۆرە پەرستگە کۆنەکانیان بەتاڵ کردبوو. پێشتر ئەو پەرستگەیە کە سەربە سەردەمی پاشایەتی "وەست"ی ١٥٨٠– ٢١٦٠ پێش زایین بوو، بە بەردی تاشراوی زۆر جوان دروست کرابوو. ئەوان هیچ بایەخێکیان بەم شوێنەوارە کۆنەکانی ڕابردوو نەدەدا و بۆ هێشتنەوەی ناوی خۆیان پەلەیان دەکرد کە لەو کەرەستە ئامادانە، پەرستگە و قەبر بۆخۆیان دروست بکەن.

"نەهاکســو"کان، پاشــاکانی شــوانەکانی بەربەر کە ســەدەکانی پێشــووتر کیشــوەری تاکیومیان داگیر کردبوو، و نە ئەو کۆیلانەی کە نزیکەی ٢٠٠ ساڵ بەرلە لەدایک بوونی پاندیۆن ڕاپەڕیبوون و بۆ ماوەیەکی کورت حوکمی ئەو کیشوەرەیان کرد، هیچکامەیان دەســتیان لەو بینــا بەشــکۆیانە نەدا، بەڵام ئێســتا بە پەیــڕەوی کــردن لە فەرمــانی نهێنــی فیرعەونە تازەکانی میسر، پەرستگە و قەبری پاشاکانی ڕابردوویان بەتاڵ دەکرد و زێڕە

شـاراوەکانیان لەو قەبـرانە و ژێـر ئەهرامەکـان و ژێرخـانی خـانوی پاشـاکانی زنجیـرەی هەژدە، نۆزدە و بیستەم بە تالان دەبرد و دەیانخستە خەزێنەی حکومەتەکانیانەوە.

پاندیۆن، بە گشتی سێ مانگ خەریکی پیادەکردنی بەردی ئەو پەرستگەیە بوو. ئەو و کیدیگۆ بە توندی کاریان دەکرد و دوا هەوڵی خۆیـان دەدا کە هاوڕێیانیـان کەمتر زەحمەت بکێشن. لە ڕاستیدا ئەوە، ئەو شتە بوو کە کارفەرماکانیـان دەیانویست. شێوازی کارکردن لە تاکیوم بە شـێوەیەک بوو کە کۆیلە بەهێزەکـان ناچـار بوون هاوئاهەنگیـان لەگەڵ کۆیلە لاوازەکان هەبێت. هێزی نائاسـایی و زیرەکی کیدیگۆ و پاندیۆن سـەرنجی چاودێرەکەیانی ڕاکێشا و ئەوانیان بۆ فێربوونی پیشەی بەردتاشین ڕەوانەی کارگەیەکی تاشینی بەرد کرد. یەکێک لە پەیکەرتاشەکانی فیرعەون ئەوانی لەو کـارگەیە بـردە دەر و بەم جۆرە پێوەنـدیی ئەوان بەتەواوی لەگەڵ هاوڕێیـانی کۆمەڵگـا پچـڕا. پانـدیۆن و کیـدیگۆیان لەگەڵ ژمـارەیەک کۆیلەی تر خست کە پێشـتر فێری پیشـەی بەردتاشـین ببـوون. ئەوان لە کۆگایەکی درێژی بەردتاشـین دانـدران کە ژمـارەیەک لە خەڵکی ئەو نـاوچەیەی میسـری بە پیشـەی ئـازاد لێ بوو. ئەو ژمارەیە لە چەند کۆخی سوچێکی حەوشـە گەورەکەدا بـوون کە کۆمەڵێک بەردی نەتاشراوی لێ کۆکرابووەوە. میسرییەکان بە ئاشکرا خۆیان لە نزیک کردنەوەی کۆیلەکان دەپاراسـت و بیـر کـردنەوە لە هەرچەشـنە پێوەنـدییەک لەگەڵ ئەوان، لەوانە بـوو سـزای بەدواوە بێت. پاندیۆن دواتر زانی کە کێشەکە هەر بەم جۆرەیە.

مامۆستای کارگەکە "پەیکەرتاشی سـەڵتەنەتی"، نەیدەزانی کە پانـدیۆن و کیـدیگۆ پێشـتر پەیکەرتـاش بـوون، لەبەر ئەوە لە پێشـکەوتنی ئەوان سـەری سـوڕما بـوو. ئەوان هەوڵـی کـاری خوڵقێنەریـان دەدا و بە ویسـتی خۆیـان و لە نـاخی دڵیـانەوە بـۆ ئەم مەبەسـتە تێدەکۆشان. بۆ ماوەیەک لەبیریان کرد کە کار بۆ فیرعەونی قێزەون و کیشـوەری گەندەڵی کۆیلەکـان دەکەن. کیـدیگۆ بە خۆشـحالییەوە مودێلەکـانی لە ئـاژەڵی وەک ئەسـپ، تیمسـاح، بزنە کێوی و ئـاژەڵی سـەیری تـر کە پانـدیۆن تـا ئەوکاتە نەیبینیبـوون، مۆمیـایی دەکرد و مۆدێلەکانی بۆ دروست کردنی پەیکەری بچووک و بەدەڵی چینی "سین" لەلایەن کۆیلەکـانی تـرەوە کەڵکی لێـوەردەگیرا. پەیکەرتاشـی میسـری لە ڕای پانـدیۆن بـۆ تاشـینی پەیـکەری مرۆڤ گەیشت و بڕیاریدا ئەو هونەرە فێری پاندیۆنی گەنج و خـاوەن داهـاتوو بکـات. ئەو، بەوپەڕی هێـزەوە سـەرنجی بە کارەکـانی دەدا و تێدەکۆشـا فەرمانەکـانی بە وردی بەڕێـوە بچن. پەیکەرتاشی میسـری بە بەردەوامـی دەیگـوت: (**بچـووکترین کۆتـایی، بە واتـای لەنـاو چوونە.**) ئەوە دروشمی مامۆستا کۆنەکانی کیشوەری ڕەش بوو.

یۆنـانییە گەنـجەکە، بە پێداگری خـۆی فێـر دەکـرد و هەنـدێک جـاریش خەمـی دوور لە نیشتمانەکەی لەبیر دەکرد. ئەو بە کـاری ورد، خەریکـی تەواو کردنـی پەیکەرە زەقەکـان لە بەردی سـەخت و سـەخت بـوو. هەروەهـا بە هـونەری زەق کـردنەوە لە کـاری جوانکـاریی زێڕیندا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست خست. پانديۆن لەگەڵ مامۆستا پەیکەرتاشـەکەی چـوو بـۆ کۆشـکی فیـرعەون و لەوێ کۆمەڵێـک جوانکـاریی بـاوەڕپێنەکراوی دی. لەسـەر عەرزی ڕەنگینی نیشتگەی پاشـاکان، نمونەیەکی سەرسـوڕهێنەر لە پۆلە گیـا، دارودەوەنـی ڕۆخـی ڕوبارەکـان، ئاژەڵەکانیـان و گیـانلەبەر، کێشـرا بـوونەوە. کۆمەڵێـک هێڵـی شـەپۆل هەبوون بە پێچ و لۆفەی ڕەنگین و کاشی کاریی دیواری ژورەکان کە بە لیچاوی "لعـاب- دۆغـاو" شـینی نیـوە شـەفاف داپۆشـرابوون و لە نێـو نەخشـی خەیاڵاویاندا کە وەک گەڵای زێڕین دەدرەوشانەوە، بەرهەمە هونەرییەکانیـان لە سـێحر و جـادو دەچـوون. لە نێـوان ئەو هەموو شکۆیەدا، گەنجە یۆنانییەکە بە قین و نیفرەتەوە دەیڕوانییە دەربـارییە ملهـۆڕە لـوت بەرزەکـان. ئەو تەماشـای بەرگـی سـپی ئەوانـی دەکـرد کە لە هێڵـی باریکدا ئوتـو کرابـوون. سەرنجی دابووە ملوانکە قورسـەکان و ئەنگوسـتیلەکانیان و چوارچێوەی بچـووک و ڕەنـگ ئاڵتونی وێنەی سەر دیوارەکان و کڵاو قژە لـول بووەکانیـان و کـاڵە "سـەرپێی- نعـل" نـوک هەڵگەڕاوەی نەخشێندراویان.

پاندیۆن وەک سێبەرێک بە ئـارامی بە دوای مامۆسـتا پەیکەرتاشـەکەیدا دەگەڕا. لەنێـوان ڕێگـادا توشـی کەلـوپەلی بە نرخـی وەک دەڤـر و قـاپ و دەوری تەنـک و باریـک لە بەردی کریسـتاڵ و بەردە سـەختەکانی تـر بـوو. گوڵـدانی شوشـە و دەڤـرو قـاپی بەدەڵـی چینـی بە ڕەنگـی مـۆر و شـینی کـاڵ کۆشـکەکەیان ڕازانـدبۆوە. پانـدیۆن بە ڕادەی کـار و زەحمەتـی زۆری دروسـتکەرانی دەزانـی. پەرسـتگەیەک، کە گەورەتـرین کـاری تێکردبـوو، لە نزیـک باخەکانی "ئامون" لەو جێیە بـوو کە ئەو ژیـانی کۆیلایەتی خـۆی لەوێـوە دەست پێکردبـوو. ئەو پەرسـتگەیە سـەر بەو خـودا جیـاوازانە بـوو کە لە مەودای هەزار سـاڵدا دروسـت کرابـوون. هەر کـام لە پاشـاکانی تـاکیوم شـتێکی نوێیـان بەو بینـا گەورە نزیـک ٤٠٠- ٥٠٠ مەتر درێژە زیاد کردبوو.

لە بەشی دەستی ڕاستی ڕۆخـی ڕوبـار، لە قەراخ شـاری گەورەی "**ئـامون**"، یـان بەتەنیـا "نوت"- شـار- کە میسرییەکان پێیان دەگوت، کۆمەڵێک بـاخی بەشکۆ لە ڕیزێکدا هەبـوو، بە دار خورمــای بڵنــد و ژمــارەیەک پەرســتگە لە هەردوو لای ئەو دار خورمایــانەدا. ئەو پەرستگەیانە تێکەڵی شەقامێکی درێژی پڕلە پەیکەری ئاژەڵی سەرنجڕاکێش دەبوون. قەراخ

ڕوبار و گولی پیرۆز لە پێش پەرستگەی "موت"[١٦] واتا خودایەک کە بۆ پاندیۆن نەناسراو بوو. ئاژەڵی دڕندەی لە بەردی سەختی تاشراو، سێ هێندەی باڵای مرۆڤ، لەشیان شێر و سەریان لە بەران و مرۆڤ، هەستێکی زۆریان لە پاندیۆندا بەدیهێنا. ئەوان لە بێدەنگی و نهێنییەکی ساردا، نزیک لە یەکتر لە دوولای شەقامێک، لەبەر تیشکی ڕەوشەنی خۆر لە سەر پایە دانرابوون و لە بەرامبەر ڕێبوارانیدا سەریان بەردابووەوە.

ئەستونی هەرەمی گەورە بە پەنجا کوبیت - نزیکەی ٢٠- ٢٥ مەتر. و- بەرز، بە ڕوکێشی زەردی کاڵ لە زێر و زێو دەدرەوشانەوە و وەک نوکی دەرزی بە نێوان لق و پەل و گەڵا زبرەکانی دار خورماکاندا چووبوون. تەختە بەردە داپۆشراوەکان بە زێو کە شەقامەکانیان پێ سەنگ فەرش کردبوون، ڕۆژانە مرۆڤیان توشی سەرسوڕمان دەکرد و شەوانەش لەژێر ڕوناکیی مانگ و ئەستێرەکاندا وەک ڕوبارێکی بەخوڕ و خەیاڵاوی بوون.

ئەستونە هەرەمییەکان کە سەر دەرگای چوونە ژورەوەی پەرستگەکەیان پێکدەهێنا، سەریان پان و پەیکەری خوداکان و فیرعەونەکان و شوێنەواری نوسراویان بە زمانی سەیری تاکیوم لەسەر بوو. دەرگا گەورەکان ڕوکێشی برۆنز و زێڕ و زێویان تێگیرابوو، و ڕێگای نێوان ئەستونەکانیان بەستبوو، و لولەی برۆنزیان تێگرتبوون و هەرکام لەو لولانە توانای هەڵگرتنی چەند گای مەزنیان هەبوو. لەنێو پەرستگەکەدا دارستانێک لە ئەستونی ئەستور هەبوو کە پەنجا کوبیت بەرز بوون و پەیکەری زەق و بەرجەستەیان لەسەر بوو، و بەشی سەرووی پەرستگەکەیان داپۆشیبوو. بە تەختە بەردی لوس و گەورە، دیوارەکان، میچەکان و ئەستونەکانیان بە وردی و بە شێوەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر پێکەوە گرێدابوو.

پەیکەرە زەقەکان کە ڕەنگی ڕونیان لێدرابوون، بە دیوارەکان، ئەستونەکان و گەچ بڕییەکانیان لە چەند ڕیزدا داپۆشرابوو. پەیکەری سەقری ڕاوکەر و خوداکان کە سەری ئاژەڵیان هەبوو، لە بەشێکی دووری پەرستگەکەدا، بە شێوازێکی خەمهێنەر سەریان بەردابووەوە و دەیانڕوانیە خوارەوە. لە دەرەوەی پەرستگەکەشدا ڕەنگ کاری ڕون و زێڕین هەبوو، و بیناکان و پەیکەرە گەورە و مەزنەکان، سەرنجی هەر بینەرێکیان بەرەو خۆیان ڕادەکێشا.

پاندیۆن لە هەموو جێیەک ڕووبەڕووی پەیکەری بەردی مۆر و ڕەش و سەخت و بەردی زەرد و سور و بەردە قسڵ دەبووەوە. ئەوانە پەیکەری خودا حاکمەکانی تاکیوم بوون کە بە ئارامی و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە بە لوت بەرزییەوە دانیشتبوون.

لە هەندێک جێدا، ئەو پەیکەرە بەرزانە لە گابەردی ڕونی چوار سوچی درێژ و سەخت تاشـرابوون و بەرزاییـان دەگەیشـتە چـل کوبیـت. ئەوانـی تـر کە ڕەنگـی مـۆر و ڕەش و ترسناکیان هەبوو، بە وردی ڕەنگ کرابوون و بالآیان لە مرۆڤێک بەرزتر بوو. پاندیۆن کە بە بەردەوامـی لەنێو خەڵکی ئاسـایی و سروشـتدا پەروەردە ببـوو، لە سـەرەتادا گیـرۆدەی مەزنایەتی ئەو وڵاتە ببوو. لەو کیشوەرە گەورە و دەوڵەمەندەدا، هەموو شتێک کاریگەریی وردیـان لەسـەر دادەنـا. بینـا مەزنەکـان کە بە کەرەسـتەی بـاوەڕپێنەکراوی مێشـکی مـرۆڤە مردوەکـــان دروســـت کرابـــوون، خـــودا ترســـناکەکان کە لە تـــاریکی پەرســـتگەکاندا شاردرابوونەوە، ئایینی نادیار بە ڕێوڕەسمی ئاڵۆز، هێمای کاتی دروستکردن لەسـەر بینـا ڕوخاوەکان، هەموویـان لەسـەرەتادا هەسـتی دەسـتدرێژی و ستەمکارییان لەسـەر پانـدیۆن دانـابوو. ئەو لەو بـاوەڕەدا بـوو کە دانیشـتوانی ملهـۆڕ و لـوت بەرزی کیشـوەری میسـر، مامۆســتای ڕاســتین، شــاراوە و بەهێــز بــوون کە هــیچ بێگــانەیەک لە نوســراوەکانیان نەدەگەیشت و خۆیان حەشاردا بوو.

ئەو وڵاتە، کە بە شـیو و دۆڵـی تەنـگ و بیابـانی چـۆل و وێـران و مەرگهێـنەر دەوری گیرابوو، و بە ڕوبارێکی گەورە کە لە دوورەوە، لە بەشی باشورەوە دەهات، تێرئاو دەبوو، خۆی لە خۆیدا دنیایەک بوو کە لە هیچ لایەکەوە لەگەڵ بەشەکانی تری ئوکیومـان پێوەنـدی نەبـوو. بەڵام مێشـکی بە ئاگـای یۆنـانییە گەنـجەکە بەرە بەرە، بەرەو دۆزینـەوەی ڕاسـتییە ئاسان و ساکارەکانی سروشت چوو.

پانـدیۆن ئێسـتا کـاتی بیرکـردنەوەی هەبـوو. ڕۆحـی پەیکەرتاشـی گەنـج بە هەوڵـی بەردەوام، بــۆ تێگەیشــتن لە جــوانی، کەم کەم دژی ژیــان و هــونەری میســر ڕاپەڕی و خەریکی هەڵسەنگاندنی ئەو بەشە بوو کە دواتر پێچەوانەکەی دەرکەوتن.

وڵاتێکـی بە پیت کە دوور بـوو لە کەش و هەوای ئـاڵۆز و تۆفـانی، بە ئاسـمانی ڕون و ساف و بەگشتی هەمیشە بێ هەور و ساماڵ و خۆش، بە تێکرا لەوە دەدوان کە ئەو وڵاتە بۆ ژیانێکی تەندروست و بەختەوەر دروست بووە. یۆنـانییە گەنـجەکە، هەرکە زانیـارییەکی کەمی لەو وڵاتە وەدەست خست، بە هەژاری و برسـێیەتی و دۆخـی نابەسـامانی "نهۆ" واتە هەژارترین کەسانی ئەو کیشوەرەی زانی کە زۆرینەی دانیشـتوانی وڵاتیـان پێکدەهێنا. ئەو، پەرسـتگە و پەیکەرە زلانەی وەک دێـو، بە بـاخی جـوانەوە نەیانـدەتوانی ئەو ژمـارە کۆخە قورینییانە بشارنەوە کە دەیان هەزار کرێکاریان تێدا دەژیـا. ئەو کرێکـارانەی نەشـاردراوانە کە بۆ کۆشکەکان و پەرستگەکان کاریان دەکرد، بەڵام سەربارەت بە دۆخـی زۆر نالەبـار و

قێزەونی کۆیلەکان کە لە سەدان کۆمەڵگەدا خەریک بوون لەناو دەچوون. پاندیۆن بەهۆی مانەوەی وەک کۆیلە و ئەزموونی ژیانی خۆی، توانی بەو ڕاستیانە بزانێت.

بەرە بەرە پاندیۆن بۆی ڕون بووەوە کە هونەری میسر لە دەست حاکمانی وڵات، فیرعەونەکان و ڕێبەرانی ئاینیدایە و ئەوان چاودێری بەسەریاندا دەکەن و ئەوەش خاڵی پێچەوانەی ئەو ژیانە هونەرییە بوو کە پاندیۆن توێژینەوەی لەسەر دەکرد. تەنیا کاتێک چاوی بە پەرستگەی زیشر یان زیشرۆ کەوت کە پەرستگەیەکی خۆش و کراوە بوو، و لەگەڵ جوانییەکانی دەوروبەری دەهاتەوە، هەستی کرد لێرەدا شتێک هەیە کە بۆی جوان و ئاشنایە. هەموو پەرستگە و قەبرە گەورەکانی تر، بەگشتی لەناو شورەی پان و بڵنددا بوون و کرێکارە میسرییەکان کە بە فەرمانی ڕێبەرانی ئاینی کاریان دەکرد، هەوڵی ئەوەیان بۆ دەدرا کە لە ژیان بێزار بن. سوکایەتیان پێ دەکرا و ڕۆحیان ئازار دەدرا و ناچاریان دەکردن لە بەرامبەر خوداکان و فیرعەونەکاندا هەست بە بچووکی بکەن.

گەورەی بیناکان و ڕادەی کەرەستەی پێویستیان بە ڕاستی ڕۆحی مرۆڤی ئازار دەدا و ئەو شێوازە یەکسان و هاوشێوەیە بە بەردەوامی دووپات کرابوونەوە و بەسەر یەکتردا کەڵەکە ببوون و هەستی بەردەوامیان لە بینەردا پێکدەهێنا. ئەبولهولە هاوشێوەکان، ئەستونەکان، دیوار و ئەستونە هەرەمییەکان یەک شکڵ و یەک سان بوون و هەموویان بە وردی دروستکرابوون، بەڵام مردوو، و بێ جووڵە بوون.

پەیکەرە لە دێو چووەکان و هاوشێوەکانی بە ڕەنگی مۆرو ڕەش و زۆر ناحەز لە دالان و پەرستگەکاندا ڕیز کرابوون. حاکمانی میسر و خواوەندانی بێهەوتا و ستەمکار لە ترسی دەوربەرەکانیان، دەوری شوێنەکەیان بە شورە گرتبوو، و پێوەندی خۆیان لەگەڵ دنیای دەرەوەیان پچڕیبوو، و ناو پەرستگەکانیان بە ئەستونی دروستکراو لە گاشە بەردی گەورە و شورەی پان، پاوان کردبوو. هەرچەندە مەودا لەگەڵ ناوەوە زیاتر دەبوو، دارستانی ئەستونی پەرستگەکان زیاتر دەبوون. ژورەکان کە لە سەرەتاوە کەم نوور بوون، زیاتر مۆر و تاریک کرابوون و ڕێگای ژمارەیەکی زۆر لە دەرگاکانیان بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گرتبوو، و کەشی نیوە تاریک، خۆفهێنەر و ترسناک بە بەردەوامی یارمەتی بە خوداکان دەگەیاند.

پاندیۆن، بەرە بەرە هۆی ئەو کاریگەرییە دەستکردانەی لەسەر دەرونی مرۆڤ زانی. ئەو کاریگەرییانەی کە لە سەدەکانی ڕابردوودا، لە ئەزموونی کاری بیناسازیدا بەدەست هاتبوون. ئەو، ئەگەر توانیبای هەرەمە زلەکان لە شکڵی تەواو هەندسی، بەسەر هێڵی

شـەپۆلانی زیخەکـان کە دەوروبەریـان گـرت بـوون، ببێنێت بە تەواوی هەسـتی بە دۆخـی فەرماندەرانەی مرۆڤ بە دژی سروشت دەکرد. ئەوە دیـاردەیەک بـوو کە حاکمـانی تـاکیوم بڕیاریـان بـۆ دابـوو کە ترسـی خۆیـان لە بەرامـبەر شـتە نەناسـەکاندا بشـارنەوە، تـرس لە ئایینێکی پڕ لە نهێنی کە لە هەموو شتێکی میسردا ڕەنگی دابوو.

کرێکارانی تاکیوم، شـانازییان بە خوداکان و حاکمەکانیـان دەکرد و تێدەکۆشـان هێز و توانای خۆیان لە دروستکردنی پەیکەری گەورەی فیرعەونەکان و بێ جوڵە بوونیـان لەبەر لەشـی قورسـیان پێشـانبدەن. لەسـەر دیوارەکـان، وێـنەی فیرعەونەکـان زۆر گەورەتـر لە ڕادەی سروشـتیی نەخشـێندرابوون. بچووکەکـان، واتـا خەڵکـانی تـری "وڵاتـی ڕەش" لەژێر پێی ئەواندا دەجوڵانەوە. بەو جۆرە، پاشـاکانی میسـر بـۆ سـەلماندنی گەورەیـی خۆیـان لە هەمووی ئەو شتانە کەڵکیان وەردەگرت کە لە دەستیاندا بوو. ئەوان لەو باوەڕەدا بـوون کە بە چکـۆلە کـردنەوەی هەمەچەشـنەی خەڵـک، خۆیـان گەورەتـر دەبـن و دەسـەڵاتیان بەرفرەوانتر دەبێت.

پانـدیۆن هێشـتا زانیـاریی زۆر کەمـی لە هـونەری جـوانی نەتەوەیـی هەبـوو. هـونەری ڕاستینی وڵاتی ڕەش کە لە دەست دەرباریەکاندا نەبوو، و لەو کاڵایانەدا بەرچاو دەکەوت کە خەڵـک ڕۆژانە کەڵکیـان لێـوەردەگرتن. ئەو لەو بـاوەڕەدا بـوو کە هـونەری ڕاسـتین لەو پێوەندییە ئاسـاییانە پێکدێت کە ڕۆژانە تیکەڵاوی ژیـانی خەڵکە. ئەو دیـاردەیە دەبێ لەگەڵ هەموو ئەو شتانەی کە لە میسر دروست دەکران، جیاواز بێت و هەر وەک چۆن لە وڵاتـی بـاو و باپیرانیـدا ڕوبارەکـان، کێڵگەکـان، دارسـتانەکان، دەریاکـان، چیاکـان و جیـاوازیی وەرزەکان لەگەڵ ئەم وڵاتە جیاواز بوون. وڵاتێک کە هەڵدێرگەی لە هەیوانی کۆشکەکانی هەیە و هەموویـان وەک یەک بەتەنیـا بەسـەر ڕوبارەکانـدا بەرز بـوونەوتەوە و هەمـوو جێیەکـی وەک یەکتـر یەکسـان و لە هەمـوو لایەکەوە ڕەڵـم و زیخـی گەرم و بەتـین دەوری گرتوون و پڕە لە باخ و کێڵگە. هەزاران ساڵ بوو دانیشتوانی میسـر لە دۆڵـی نیل لە دنیـای پـڕلە کێشـە و ئـاڵۆز دوور بـوون و ئەمـڕۆ نەوەکانیـان تێدەکۆشـان بە خۆشـاردنەوەیان لە کۆشک و پەرستگەکاندا پشت لە ژیان بکەن.

پاندیۆن تێگەیشـت گەوەریـی هـونەری میسـر بە ڕادەیەکـی زۆر دەسـتکردی دەسـتی بە توانـای کـۆیلە ڕەگەز جیاوازەکـانە. لە نێـوان ملیۆنـان کەس زاناترینیـان هەڵـدەبژێرن و ئەوانیش لە ڕووی ناچـاری هەمـوو هەوڵ و زانیـاریی خۆیـان بـۆ جـوانی وڵاتێک تەرخـان

دەکەن کە ستەمیان لێ دەکات. پاندیۆن کاتێک خۆی تەسلیمی دەسەلاتدارانی میسر کرد، بڕیاریدا هەرچی زووتر ڕابکات و کیدیگۆی هاوڕێی بۆ ئەو مەبەستە قایل کرد.

کاتێک پاندیۆن و کیدیگۆ و دە کۆیلەیتر بەرەو وێرانەکانی شاری کۆنی "**ئەختاتون**"(١٧) دەچوون، مێشکی پاندیۆن پڕ بوو لەو فیکرە. پەیکەرتاشی گەنج سنگی سافی ڕوباری بە بێڵەکانی دەدڕی. خزینی توندی گەمیّ بە سەر ڕەوتی ئاوی ڕوباردا، هەستی شادیی لەودا پێکهێنا. ئەو ڕێگە درێژە نزیکەی سێ هەزار ستادیا- ٧٥٠٠٠ مەتر. و- بوو کە لە ڕاستیدا دەیکردە مەودای وڵاتی باوکەکانی لە دورگەی کریتەوە. پەیکەرتاشی گەنج لەو گەشتەدا زانی تا دەریای گەورەی سەوز کە میسرییەکان ئەم ناوەیان لەسەر دانابوو، و لە کەنارەی باکوریدا کە تسا چاوەڕوانی گەڕانەوەی بوو، دوو هەندەی ڕێگەی ئەختاتونە. بە زوویی شادی پاندیۆنی داگرت و بۆ یەکەم جار تێگەیشت کە تا چ ڕادەیەک چووەتە نێو وڵاتی میسر و چ مەودایەکی زۆر، ئەوی لەو کەنارەی دەریا دوور کردوەتەوە کە گومان دەکرا لەوێوە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی. بەم خەم و پەژارەیەوە، بەسەر بێڵەکەیدا خوار ببووەوە و گەمییەکەش لەسەر ئاوی سافی ڕوبار دەڕۆیشت و پۆلە دەوەنە سەوزەکان و زەوییە کێڵدراوەکان و قامیشەڵانەکانی دەخستە پشت سەری.

پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی لەژێر سێبەرێک درێژ ببوو کە لە پشت گەمییەکە بۆیان دروستکرد بوو، و کۆیلە خزمەتکارەکانی باوەشێنیان دەکرد. کۆخە بچووکەکان بە درێژایی ڕۆخی ڕوبار، بە ڕیز دەبینران. زەوی بە پیت زگی ژمارەیەکی زۆری تێر دەکرد و هەزاران کەسیش لە کێڵگەکان و باخەکان و دارستانەکانی "پیرۆس"دا بۆ بەدەستخستنی پارۆە نانێک دەسوڕانەوە. هەزاران کەسی دیکەش لە کوڵانە تەنگەکانی گوندەکاندا کۆببووەنەوە کە پەرستگەی ناشیرینیان لێبوو، و نەیاندەهێشت خۆر بگاتە نێویان.

لەپڕ پاندیۆن بیری لەوە کردەوە کە نەک هەر ئەو، و هاوڕێیانی لە تاکیوم مەحکوم بە ژیانی پڕلە ئازار و دژوارن، بەڵکوو دانیشتوانی کۆخە ئازادەکانیش دۆخی کۆیلەکانیان هەیە. ئەوانیش سەرەڕای سوکایەتی کردن بە پاندیۆن و ناسینی بە درندە، خۆشیان کۆیلەی فیرعەون بوون.... پاندیۆن لە کاتێکدا نوقمی فیکر کردنەوە بوو، بە بێڵەکەی لە بێڵی هاوڕێیەکی تەنیشتی دا: **(هەی، ئاکوشا، هۆشیار بە، ئاگات لە خۆت بێ!)**

شەوانە، کۆیلەکانیان لە زیندانی کۆمەڵگاکانی سەر ڕێگا کە لەنێوان شارەکان و پەرستگەکاندا بوون، ڕادەگرت. پەیکەرتاشی فیرعەون لە هەموو جێیەک ڕێزی زۆری لێدەگیرا و دوو خزمەتکاری جێ باوەڕی خۆی لەگەڵ دەچوون بۆ شوێنی پشودانەکەی.

ڕۆژی پێنجەم، گەمییەکەیان دەوری لۆفەیەکی دا و کۆمەڵێک هەڵدێرگەی هاتە پێش. لەوبەری لۆفەکە دەشتێکی پان هەبوو کۆمەڵێک دار خورمای بڵند کە داری چنار ئەوانیان لە ڕووبار جودا دەکردەوە. گەمییەکە لە بەندەرێکی سەنگ فەرشکراو ڕاوەستا کە دوو ڕیز پلەکانی لە نزیک بوو. بورجێکی بڵند لە پشت دیواری نزیک ڕووبارەکە سەری بەرز کردبۆوە. دەرگایەکی گەورەی نیوە کراوە وە دیار کەوت. لە کەلێنی دەرگاکەوە، باخچەیەک، مەلەوانگەیەک و چیمەنێک کە گوڵیان تێدا چاندبوو، بەرچاو دەکەوت. لەوبەری چیمەنەکەدا، بینایەکی گەورەی سپی هەبوو کە بە ڕەنگی جۆراوجۆر ڕازاندبوویانەوە. ئەوە ماڵی ڕێبەری گەورەی پەرستگەکانی ناوچەکە بوو.

پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی، لەکاتێکدا کە کۆمەڵێک ئێشکچی دەست لەسەر سنگ دەوریان گرتبوو، لە دەرگاکە چووە ژورەوە و کۆیلەکانی لە دەرەوە لەژێر چاودێری دوو سەرباز بەجێهێشت. زۆری نەخایاند کە پەیکەرتاش لەگەڵ کابرایەک گەڕایەوە کە کاغەزێکی بەدەستەوە بوو، و کۆیلەکانی لەو پەرستگەیەوە بۆ ماڵێکی گەورە برد کە بەشێک لە دیوارەکانی ڕوخابوون و میچی ژورەکە بەسەر کۆمەڵێک ئەستوندا کەوتبووە خوارەوە.

لە نێوان وێرانەکانی ئەو شارە مردووەدا، خانوبەرەیەکی بچووکی هەندێک خاوێن هەبوون. دارێکی گەورە کە شوێنی باخچەیەکی کۆن بوو لەگەڵ مەلەوانگەی بێ ئاو، و حەوز و جۆگەلەیەکی وشک و پڕلە چەو و ڕەڵم دەبیندران. بەشێکی زۆری جادەی ئەو شارە سەنگفەرش کرابوو، بەڵام بەردەکانی لەژێر ڕەڵمی بیاباندا ون ببوون و لە هیچ جێیەکی شاردا، زیندەوارێک نەبوو، و لەوێدا بەهۆی گەرمای سوتێنەر، بێدنگییەکی سامناک حوکمی دەکرد.

پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی بە چەند وشە بە پاندیۆنی ڕاگەیاند، ئەوانە پاشماوەی وێرانەکانی سەردەمی پایتەختی ڕازاوەی فیرعەونی "ڕافزی"[١٨]ن کە وەبەر لەعنەتی خوداکان کەوتووە. هیچ کام لە دانیشتوانی وڵاتی ڕەش نەیاندەوێرا ناوی ئەو فیرعەونە بە زمان بێنن. پاندیۆن تێنەدەگەیشت کە ئەو فیرعەونە کە چوار سەدە لەمەوبەر حکومی کردوە، چ خزمەتێکی کردوە کە پایتەختێکی نوێیان بەناوی کردوە. تازە هاتووەکە، کاغەزەکەی کردەوە و دوو میسری تەماشای نەخشەی سەر کاغەزەکەیان کرد، تا سنوری بینا گەورەکە بدۆزنەوە کە ئەستونەکانی لەسەر عەرز کەوتبوون. ڕوکاری دیوارەکانی نێو ئەو بینایە بە بەردی شینی پیرۆزەیی زێڕ تێگیراو، داپۆشرابوون.

فەرمانیـان بە پانـدیۆن و کۆیلەکـانیتردا کە ئەو بەردە ناسـکانە لە دیوارەکـان بکەنەوە. ئەو کارەیـان چەنـد ڕۆژی گـرت. لەو مـاوەیەدا، کۆیلەکـان شـەوەکانیان لەنێـو ئەو خـانووە وێران بـووەدا بە ڕۆژ دەگەیاند و لە ماڵەکـانی دەوروبەریشـیانەوە خۆاردنیـان بـۆ دەهـات. کاتێک کاری کۆیلەکـان لەوێ تەواو بـوو، فەرمانیـان بە پانـدیۆن و کیـدیگۆ و چـوار کۆیلەی تــردا، ئەو خــانووە وێرانبــووانە بگەڕێــن و ئەگەر شــوێنەوارێکی هــونەریی شایســتەیان دۆزییەوە کە بایەخـی ئەوەیـان هەبێـت کە بە دیـاریی بـۆ کۆشـکی فیرعەونـی بەرن، بیهێنن. کیدیگۆ و پاندیۆن بۆ یەکەم جار بەبێ ئێشکچی و بە دوور لە چـاوی تیـژی چاودێرەکەیـان وەرێکەوتن.

ئەو دوو هــاوڕێیە وەســەر منــارەی دەرگــای بینــایەکی گەورە کەوتــن، تــا چــاو بە دەوروبەری خۆیانـدا بخشـێنن. لە ڕۆژهەڵاتـی ئەو جێـیە، ڕەڵـم تـا نێـو وێرانەکـانی شـار هـاتبوو. تـا چـاو کـاری دەکـرد بیابـان بـوو، و ڕەڵـم و زیـخ هەمـوو تەپـۆڵکە و گردەکـانی داپۆشـیبوو. پانـدیۆن سـەری بەرەو وێـرانە بێـدەنگەکە سـوڕاندەوە و بە هەژانەوە باسـکی کیدیگۆی توند کوشی. ئەو بە ئارامی گوتی:

– **(وەرە ڕاکەیـن، لە مـاوەیەکی کەمـدا لەبەر چـاوان ون دەبـین.)** سـیمای شـادی ڕەش پێستەکە بە پێکەنین گەشایەوە و بەسەرسوڕمانەوە گوتی:

– **(ئایا ئەو بیابانە نابینی؟ سبەینێ لەم کاتژمێرەدا سەربازەکانی بەشی پشکنین کەلاکی ئێمە کە پێشتر خۆر وشکی کردوین، دەدۆزنەوە. میسرییەکان باش دەزانن چ بکەن. بە لای ڕۆژهەڵاتدا تەنیا ڕێگەیەک هەیە کە ئەویش چاڵاوەکانی ئاوی لێیە و بە وردی چاودێرییان بەسەردا دەکرێت. ئەو بیابانە ئێمەی لە هەر زنجیرێک، توندتر بەستوەتەوە.)**

پاندیۆن بە پەژارەوە سەری ڕاوەشاند و هەژانی سەر ڕووی نیشتەوە. هەردوو هـاوڕێ بێدەنگ لە منـارەکە دابەزیـن و بەرەو شـوینێکی تـر چـوون. چاویـان لە کـونی دیوارەکـان دەکرد و بە ڕەهەندە تاریکەکاندا دەچوونە ژوورەکان کە شـوێنەواری هـونەری بدۆزنەوە. لە کۆشـکێکی بچـووکی دووقاتـدا کە هەنـدێک بـاش ڕاگیرابـوو، و هێشـتا بەشـێک لە تەختـەی پەنجەرەکـانی مـابوون، کیـدیگۆ شانسـی هێنـا و پەیکەرێکـی بچـووکی لە کچێکـی میسـری دۆزیــیەوە کە لە بەردی قســڵی زەرد تاشــرابوو. ئەو بــانگی پانــدیۆنی کــرد و پــێکەوە توێژینەوەیان لەسەر کاری مامۆستایەکی نەناس کرد. سیمای جوانی کـچەکە بە نێوچـاوانی زەق و قـوڵە، چـاوی بچـووکی ڕوو لە کاسـەی سـەری، ئێسـکی ڕوومەتـی شـۆڕ و لێـوی

ئەستوری بە چەند پەڵەوە، نمونەی سیمای کچێکی میسری بوو کە تا ئەوکاتە بۆ پاندیۆن نەناسراو بوو.

کیدیگۆ پەیکەرە دۆزراوەکەی بردە لای مامۆستای کارگە و پاندیۆنیش زیاتر چوو لەنێو وێرانەکانەوە. ئەو کە لەنێو خانووە وێران بووەکان و بەرد و خۆڵە کۆکراوەکاندا دەگەڕا، بە زوویی خۆی لەپەنای دیوارێکدا دیتەوە کە لە بەرامبەریدا بە دەرگایەکی داخراودا ڕێگای بۆ ژێرخانی خانووەکە هەبوو، دەستگیرەی برۆنزی دەرگاکەی گرت کە دەرگاکە بکاتەوە کە تەختەی ڕزیوی ژێر دەرگا قورسەکە شکان و دەرگا کرایەوە. ئەو چووە نێو ژێرخانەکە کە کولانەیەکی بۆ ڕوناکبوونی لە میچەکەیدا بوو.

ژورێکی بچووک بە دیواری پان کە بەردی تراشی لوسیان تێگرتبوو. دوو سەندلی "کورسی" دەسکدار لە داری شاڕۆن "خورمالو" کە شفرەیان تێگیرابوو، کۆمایەک خۆڵ سەری داپۆشیبوو. لە گۆشەیەکی ژورەکەدا سندوقێکی پڕلە زێڕ و زیوەر دانرابوو کە بەشێکیان تێک چووبوون. لە پەنای دیوار، پەیکەرێکی بەردی ڕەش لەسەر بەردێکی سەختی مۆر دانرابوو. پەیکەرەکە باڵای ئافرەتێکی پێشاندەدا کە بەشی خوارەوەی هەندێک زیانی پێگەیشتبوو. لە هەردوولای پەیکەرەکە دوو پەیکەری پڵنگ لە بەردی ڕەش بە هێمای ئێشکچی دانرابوون. پاندیۆن بە وردی خۆڵی سەر ئەو پەیکەرە سەیر و سەمەرەیەی خاوێن کردەوە و لە کاری جوانی مامۆستا نەناسەکەی سەری سوڕما. مامۆستا بە زانیاری ڕوکەشێکی ڕەوشەنی لە پەیکەرەکە گرتبوو. ئافرەتەکە گوڵێکی لاولاوەی شینی بەدەستی چەپەی لەسەر سنگی گرتبوو. قژی پڕ و زۆری هۆندبووەوە و بە شێوەیەکی جوان بە هەردوو لای شانەکانیدا شۆڕی کردبۆوە. کچە جوانەکە لە میسرییەکان نەدەچوو، سیمای دەم و چاوی خڕ، لوتی بچووک و ڕاست بۆوەی و نێوچاوانی بەرز و چاوی گەورەی مەودایان لەگەڵ یەکتر هەبوو.

******

پاندیۆن لە تەنیشتەوە تەماشای پەیکەرەکەی کرد و لە زەردە خەنەیەکی ورد و جوان کە پەیکەرتاشەکە بە سیمای پەیکەرەکەی دابوو، سەری سوڕما. ئەو هەرگیز شێوازێکی بەم زەق و هۆشیارییەی لە پەیکەرێکدا نەبینیبوو. هونەرمەندانی میسر لە شێوازی سیمای سارد، مردوو، بەڵام گەورە لە کارەکانیاندا کەڵکیان وەردەگرت.

سیمای کچەکە زیاتر لە ئافرەتانی ئۆنیادایی، یان دانیشتوانی دورگەی جوانی دەریای باوانی پاندیۆن دەچوو. ئەو سیما هۆشیار و ڕەوشەنە، بە ڕونی لەگەڵ کاری هونەریی

میسرییەکان جیاواز بوو. بە ڕادەیەک باش تاشرابوو کە پاندیۆن جارێکی تر هەستی بە ڕەنج و ئازاری دوورە وڵات کردەوە. یۆنانییە گەنجەکە پەنجەی دەستەکانی پێکەوە گرێدا کە مۆدێلی ئەو پەیکەرە بخولقێنێت کە بە گوێرەی ئەو دروست کرابوو. پەیکەری کچێک کە نزیکەی چوار سەدە لەمەوبەر، بەهۆیەکی نادیارەوە ڕێگەی لە وڵاتی میسر کەوتبوو. ئایا ئەویش وەک پاندیۆن دیل بووە، یان بە ویستی خۆی لە وڵاتێکی دوورەوە هاتبوو بۆ ئەم وڵاتە؟

کەوانەیەک لە تیشکی خۆر بە کولانەی میچی خانووەکەدا خوشیبووە نێو ژێرخانەکە و ڕوناکیی خستە سەر پەیکەرە تۆزاوییەکە. پاندیۆن لای وابوو، سیمای کچەکە بە تیشکی خۆر گۆڕا. چاوەکانی درەوشانەوە، لێوی لەرزی و بەگشتی حاڵەتێکی سەیر بە ژیانی نهێنی ئەو پەیکەرە بەردە درابوو. بەڵێ، ئەوەیە ڕێگەی خەڵق کردنی پەیکەر.... لێرەدا ئەو لەگەڵ مامۆستایەک لە پێوەندیی دابوو کە دەیتوانی نیگارکردنی جوانیی ژیان لەو فێر بێت.... مامۆستایەک کە ماوەیەکی زۆر بوو مردبوو.

پاندیۆن بە ئارامی سەری پەنجەکانی لەسەر سیمای پەیکەرەکە دانا و لەو خاڵە بچووک و زەریفانەی گەڕا کە ژیانیان بەو پەیکەرە دەبەخشی. ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر پەیکەری ئافرەتێکدا ڕاوەستا کە بە مێهرێکی دەستکرد پێی پێدەکەنی. لەوە دەچوو کە هاوڕێیەکی نوێی دۆزیبێتەوە کە پێکەنین لەسەر لێوەکانی بەکۆتا نایەت و دەردو ئازاری ڕۆژە پڕ لە ئازارەکانی سوک دەکات. بیری پاندیۆن لەپڕ بەرەو تسا چوو، و بیرەوەرییەکانی ژیان سەرلەنوێ لە ناخیدا سەریان هەڵدایەوە.

چاوی پاندیۆن بەسەر جوانکارییەکانی میچ و دیوارەکاندا دەگەڕا. ئەستێرە و چەپکە گوڵی لاولاوەی شین و زەنبەقی خوار بووەوە بەسەر سەری گاڕانی ڕەشە وڵاخاندا دەبیندرا. ئەو لەپڕ هەموو لەشی لەرزی، سیمای تسا ونبوو، و لە بەرامبەریدا لەسەر دیوارەکان، وێنەی ژمارەیەک دیلی بینی کە پشتاوپشت لە یەکتر بەسترابوون و دەخرانە ژێر پێی فیرعەون. لەو کاتەدا بەبیری هاتەوە کە کات بەسەر چووە و دەبێ بە پەلە بگەڕێتەوە و بۆ پاساو هێنانەوە لە دیار نەبوونی درێژ ماوەی، شتێک لەگەڵ خۆی بەرێتەوە.

گەنجەکە، جارێکی تریش تەماشای پەیکەرەکەی کردو تێگەیشت کە ناتوانێ ئەو بدات بە مامۆستا پەیکەرتاشەکەی. کارێکی بەم جۆرەی بە خیانەت دەزانی و وەک ئەوە بوو کە بۆ جاری دووەم کچەکە بکاتەوە بە کۆیلە. لە کاتێکدا دەیڕوانییە دەورووبەری خۆی، لەپڕ

سندوقە زێڕ و زیوەرەکەی بەبیر هاتەوە کە لە سوچی ژێرخانەکە بوو. گەنجەکە چۆکی دادا و چوار پیاڵەی ڕەنگ ئاویی دەرهێنا کە بە خونچەی لاولاوەی شین ڕازا بوونەوە. ئەو، پیاڵەکانی هەڵگرت و بۆ دواجار چاوی لە پەیکەری کچەکە کرد و هەوڵیدا وەردەکارییەکانی سیمای ئەو بە مێشکی بسپێرێت و بە هەڵکێشانی ئاخێکی قوڵ، چوار پیاڵەکانی لەگەڵ خۆی برد.

بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەسێک پەیکەرەکە نەبینێت، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و بە پەلە نێو دەرگای ژێرخانەکەی بە بەردی گەورە و وردە بەردان گرتەوە کە لە دیواری ڕوخاو بچێت. بە وردی پیاڵەکانی لە فۆتەی بەرییەوە پێچا و ماڵئاوایی لە پەیکەرەکە کرد و گەڕایەوە لای ئەوانی تر. کۆیلەکان بە دەنگی بڵند ئاماژەیان بۆ کرد و دەنگی کیدیگۆ لەوانی تر ڕونتر و بەرزتر بوو.

پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی سەرەتا بە هەڕەشە ڕووبەڕووی پاندیۆن بووەوە، بەڵام کە چاوی بەگەنجینەکە کەوت کە پاندیۆن بۆی هێنابووەوە، ئارام بووەوە.

******

چونکە سەوڵ لێدەرەکان ناچار بوون دژی ڕەوتی ڕوبار سەوڵ لێبدەن، گەڕانەوەکەیان زیاتر لە سێ ڕۆژی گرت. پاندیۆن دەربارەی پەیکەری کچەکە، کیدیگۆی ئاگادار کردەوە و ڕەش پێستەکەش کردەی ئەوی پێ باش بوو، و گوتی ڕەنگە کچەکە لە "ماشواش"ەوە هاتبێ کە خەڵکێکن لە بەشی باکوری بیابانی بەرینی ڕۆژئاوا دەژین.

پاندیۆن هەوڵیدەدا، کیدیگۆ ناچار بە ڕاکردن بکات، بەڵام ئەو لە وەڵامیدا تەنیا سەری بۆ دەلەقاند و هەموو پلانەکانی لێ هەڵدەوەشاندەوە. ئەو لە ماوەی حەوت ڕۆژی سەفەرەکەیاندا نەیتوانی  هاوڕێیەکەی قایل بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی بێکار بمێنێتەوە. لەوە دەچوو کە لەوە زیاتر نەتوانێ خۆی ڕابگرێت، بۆیە خەریکبوو خۆی بە هیلاک کردن بدات. ئەو خووی بە هاوڕێکانی کاری بینا سازی و ئەوانەی نێو کۆمەڵگاکە گرتبوو، هەستی دەکرد ئەوانە، ئەو هێزەن کە دەیانتوانی ئازادی دەستەبەر بکەن و ئومێدی دوارۆژی ئەون، بەڵام چونکە هیچ ئومێدێکی بە ئازادی نەبوو، گیرۆدەی تورە بوونێکی بەردەوام و هەناسەبڕ ببوو.

دوو ڕۆژ دوای گەڕانەوەیان بۆ کارگە، پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی، پاندیۆنی برد بۆ کۆشکی سەرۆکی مێعمارەکان کە لەوێ خەریکی ئامادەکاریی بۆ پێکهێنانی جەژنێک بوون. بە پاندیۆنیان فەرماندا پەیکەری بچووک لە قوڕ دروست بکات و لەو پەیکەرانە قالب

هەڵگریتەوە بۆ دروست کردنی شیرنەمەنی. پاندیۆن کە کارەکەی تەواو کرد، پێی گوترا لە کۆشـکەکە بمێنێـتەوە و کاتێـک جەژنەکە تەواو بـوو، کەژاوەی پەیکەرتاشـی سـەڵتەنەتی بهێنێتەوە بۆ ماڵەکەی. پاندیۆن هیچ سەرنجی بە ژن و پیاوە کۆیلەکانی ناو کۆشکەکە نەدەدا و خۆی بە تەنیا چوو لە باخی کۆشکەکەوە.

کەش تاریک ببوو، و ئەستێرەکان، ئاسمانیان ڕوناک کردبۆوە، بەڵام جەژنەکە بەردەوام بـوو. ڕونـاکی مـانگە شـەو بە پەنجەرەکـانی سـتەمدا بـاڵی بەسـەر دار و درەختەکـان و گوڵەکاندا کێشـابوو، و ئـاوی مەلەوانگە ڕەنگی نـارنجی ببـوو. میوانەکان لە قاتی یەکەمـی هـۆڵێکی گەورەدا کۆببـوونەوە. ئەو هـۆڵە بە ئەسـتونی داری سـەرو ڕازابـووەوە و لەوێ دەنگی مۆسیقا دەهات. ماوەیەکی زۆر بوو پاندیۆن جگە لە گۆرانی و مۆسیقای نەناس و بە ئـازار، دەنگی مۆسیقایەکی تری نەبیسـتبوو. ئەو بەرە بەرە لە پەنجەرەیەکی کـورت و گەورە نزیک بووەوە و خۆی لە نێو پۆلێک دەوەندا شاردەوە و تەماشای جەژنەکەی کرد.

لە هـۆڵەکەدا، بـۆنی تونـدی عەتری جیـاواز دەهـات. پانـدیۆن تێگەیشـت ئەڵقەی گـوڵ و خـونچەی تـازەی لاولاوەی شـینیان بە ئەسـتون و چوارچێـوەی دیوارەکانـدا هەڵواسـیوە. تونگەی ڕەوشن و جوانی پڕ لە شەڕاب و سەلە و قەرتاڵەی پڕ لە میوە لەسەر مێزە پایە کورتەکانی نزیک میوانەکان دانرابوون. میوانەکان بە خـواردنەوەی شـەڕاب و بـۆنی تونـدی عەترەکان، سەرخۆش ببوون. ئەوان لەکن دیوارەکان کۆبوونەوە و کۆمەڵێک کچ بە کراسی درێژەوە هاتن و لە ناوەندی هـۆڵەکە و لە نێوان ئەستونەکاندا سـەمایان کرد. قژی لـول و هۆندراوەی سەماکەرەکان بەسەر شانیاندا هاتبووە خـوار و بـازنە ڕەنگییەکانیـان، مەچەکـی دەسـتی ئەوانـی ڕازانـدبووەوە و قایشـی پشـتیان بە تەرح و مـۆدێلێکی زۆر جـوان لەسـەر قوماشـی ناسـکی کراسـەکانیان سـەرنجی مرۆڤیـان بەرەو خۆیـان ڕادەکێشـا. پانـدیۆن، جیاوازییەکی زۆری لەنێوان ئەندامی لاوازی کچە سـەماکەرە میسـرییەکان لەگەڵ ئەندامی بەهێـزی ئافرەتـانی وڵاتەکەی خۆیـدا دەبینـی. لە بەشـی کۆتـایی هـۆڵەکەدا، کـچە گەنـجە میسـرییەکان مۆسـیقایان دەژەنـی. دوو کـچ بلوێریـان لـێ دەدا، یەکێکیتـر چەنـگ بە ژێـی زۆرەوە. کۆیلەکان، کچێکیان کە پێستی نەرم و لەتیفی هەبوو، بەرەو نـاوەوەی هـۆڵەکە پـاڵ پێوەنـا. قـژی کـچەکە لـول، بەڵام زۆرجـوان هونـدرابووەوە. ئەو، بەسـەر ئەو گـوڵانەدا هەنگـاوی دەهاویشـت کە لەژێـر پێـی کـچە سـەماکەرەکاندا پـان ببـوونەوە و لە ناوەنـدی هۆڵەکەدا لە ترسان، مات ڕاوەستا. پیاوێک لەنێوان خەڵکەکەدا توڕە بوو، و هـات و شـتێکی بە کچەکە گوت. کچە دەسبەجێ عودێکی وەرگرت کە لە شفرە دروستکرابوو، و سـەری

پەنجە ناسکەکانی بەسەر ژێی عودەکەدا هێنا. کاتێک دەنگی ڕون و ئارامی کچە بەرز بووەوە، بێدەنگی هەموو هۆڵەکەی لەخۆ گرت.

ئاهەنگی گۆرانییەکانی وەک گۆرانی میسرییەکان لەپڕ سەرو ژێری دەکرد و گۆرانییەکانی خەمبار بوون. سەرەتا دەنگەکان بە ئارامی، وەک دەنگی دڵۆپی ئاو دادەکشان و دواتر وەک شەپۆل بەرز و نزم دەبوونەوە. ئەو شەپۆلانەی کە لە دەریادا بەسەر یەکتردا خلۆر دەبوونەوە و بە دەنگێکی ئارام خەمێکی لەبن نەهاتوویان لەگەڵ خۆیان دەهێنا. پاندیۆن چوو لە فیکرەوە، ئەو دەیتوانی دەریایەکی بەرین، کراوە و ئازاد لەو گۆرانی و ئاهەنگە نا ئاشنایانەدا ببینێت. دوو کچی تر دەنگی بۆڕی تەمبورێکی دوو ژێیان بڵاوکردەوە. کچەکان و سەماکەرەکان دوو دەوری مسیان "سنج" پێبوو کە هەندێک جار لێکیان دەدا و ئاهەنگی سەماکانیان پێ ڕادەگرت. گوێی پاندیۆن لەگەڵ گۆرانی ڕیتمی گۆرانییەکان و سەر و ژێر کردنیان ڕانەهاتبوو.

سەما بەکۆتا هات و سەماکەرە ماندووەکان جێی خۆیان بۆ گۆرانیبێژەکان چۆل کرد. پاندیۆن بە وردی گوێی لە گۆرانییەکان گرت و هەوڵیدا لە وشەکان بگات و کاتێک ئاهەنگی گۆرانییەکان ئارام بوون، دەیتوانی بە دەقی تێکستەکان بزانێت. یەکەم گۆرانی بۆ پیرۆز کردنی گەشت بەرەو باشوری "کومت" بوو، و لەو گۆرانییەدا پاندیۆن تێگەیشت کە دەڵێن: **(چاوت بە کچێکی جوان دەکەوێت و لە گوڵی سەرسنگی گوڵێکت پێشکەش دەکات.)** گۆرانییەکی دیکە بە دەنگی بەرز و وشەی زۆر ئاڵۆز، باسی لە ئازایەتی و جەنگاوەری کوڕانی کومت دەکرد. پاندیۆن لە نزیک پەنجەرەکە دوور کەوتەوە. کاتێک گۆرانییەکان تەواو بوون، لە دوا دێڕیدا ناوی قارەمانە هەمیشە زیندووەکان بە گوێی پاندیۆن گەیشت و بە دوای ئەوەدا قاقا و پێکەنینی تێکەڵاو بەرز بووەوە و سەرلەنوێ پاندیۆن بەرەو پەنجەرەکە گەڕایەوە.

دەریا، لێرە لە میسری نەناسراو و بێگانەدا، ئەوەندە بۆ پاندیۆن ئاشنا و ئازیز بوو کە لە سەرەتادا مات و دواتر هەموو ئەو شتانەی کە لە دڵیدا شاراوە بوون بە جارێک هەڵڕشت. ئەو ویست و خۆشییەی کە پاندیۆن بۆ ئازادی لە مێشکیدا کڵپەی دەکرد، ئێستا لەو گۆرانییەدا بە شێوازی ناڵە و شیوەن خۆی دەنواند. پاندیۆن گوێیەکانی خۆی گرت و ددانەکانی بەیەکەوە قفڵ کرد، تا پێش بە بیستنی دەنگ و هاوار بگرێت و بەرەو بەشێکی دووری باخەکە ڕایکرد و لە کاتێکدا لەژێر نیسێی دارەکاندا خۆی خستە سەر زەوی، فرمێسک بە چاوەکانیدا لۆزەوی کرد.

مامۆستای پاندیۆن بە دەنگی بەرز هاواری کرد و گوتی: (**ئەکوشا، ئەکوشا، وەرە ئێرە.**) یۆنانییە گەنجەکە بە کۆتایی جەژنەکەی نەدەزانی. پەیکەرتاشی فیرعەون بە رادەیەکی زۆر سەرخۆش بوو. مامۆستای کارگەکانی سەڵتەنەتی لە کاتێکدا پاڵی بە باسکی پاندیۆنەوە دابوو، کۆیلە شەخسییەکەی خۆی کە بە باب و باپیرانی کۆیلە بوو، ئەوی راگرتبوو. ئەو ویستی بەپێیان بگەرێتەوە بۆ ماڵەکەی. لە نێوان رێگەدا، بە هۆی کەندوکۆی جادەکە و سەرخۆش بوونی، چەند جار هەڵەنگوت. ئەو دەستی کرد بە تاریف و پێداهەڵگوتنی پاندیۆن و داهاتوویەکی گەشی بۆ پێشبینی کرد. پاندیۆن هێشتا لەژێر کاریگەریی گۆرانییەکەدا بوو، و سەرنجی بە وتەی مامۆستاکەی نەدەدا.

بەم جۆرە، ئەوان گەیشتنەوە هەیوانی رەنگ رەوشەنی ماڵی مامۆستا میسرییەکەی. هاوژینی مامۆستا و دوو کچی کۆیلەی چرا بەدەست بە پیرییەوە هاتن. لە کاتێکدا پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی بەلاکە لاک وەسەر پلەکان دەکەوت، بە هێمنی لەسەر شانی پاندیۆنی دا. پاندیۆن سەرلەنوێ لە پلەکانەکان دابەزی. چوونە خوارەوەی بۆ ئەوە دەگەرایەوە کە کۆیلە کارکەرەکان رێگەی چوونیان بۆ ئەو ماڵە نەبوو. مامۆستاکە هەوڵیدەدا پێبکەنێت و بە روو خۆشییەوە گوتی: (**ئەکوشا، خولەکێک سەبر بکە!**) و دواتر گوتی: (**ئەوە بدە بەمن.**) چراکەی لە دەست کچە کۆیلەکە وەرگرت و شتێکی لەبن گوێیان گوت و کچەکانیش دەستبەجێ لە تاریکی شەودا ونبوون.

پیاوە میسرییەکە، پاندیۆنی بردە ژووری پێشوازی کردنی میوانان. لەلای چەپە، لە نێوان پەنجەرەکاندا، گوڵدانێکی جوان بە رەنگی ئەرخەوانی دانرابوو. پاندیۆن لە دورگەی کریتدا، لەو شێوە گوڵدانەی بینیبوو، و بە بینینی دووبارە، هەستی دەرونی تازە بووەوە. پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی بە رێزەوە گوتی: (**خاوەن شکۆ، ژیان، دەسەڵات و تەندروستیی پایەدار بێت، فەرمانی بەمن داوە کە حەوت گوڵدانی وەک ئەوە کە لە یەکێک لە دورگەکانی وڵاتی تۆوە هێنراون، دروست بکەم. تەنیا دەبێ ئەم رەنگە ناحەزەیان لێ بگورم بە رەنگێکی شین کە لە تاکیوم بەرچاوە.... ئەگەر تۆ لەو کارەدا سەرکەوی، من تۆ بە ماڵی گەورە دەناسێنم.... و ئێستا....**) مامۆستا دەنگی بەرز کردەوە و بەرەو دوو تارمایی مۆر چوو کە لێی نزیک دەبوونەوە.

ئەوە هەمان کچە کۆیلەکان بوون کە بە فەرمانی ئاغاکەیان شوێنەکەیان بەجێهێشتبوو، و لەگەڵ کچێکی تر چاوەروان بوون. کچەکە بە عەبایەک خۆی داپۆشیبوو، ئاغاکەی پێی گوت: (**وەرە پێشەوە.**) و چراکەی بەرەو ئەو کچە راگرت کە خۆی بە عەبا داپۆشیبوو.

چاوی ڕەش، درشت و گەورەی بە ترسەوە دیڕوانییە پاندیۆن. لێوی ئەستوری منداڵانەی بە ئاخێکی لەرزان کرایەوە. پرچی درێژ و لولی کە لەژێر عەباکەیەوە هاتبووە دەر و لوتی جوانی کە بەهۆی تورەبوونیەوە هەندێک کرابووەوە، پێشانیدەدا کە لە ڕەگەزی ئاسیا و سەر بە یەکێک لە تایەفەکانی ڕۆژهەڵاتە.

پیاوە میسرییەکە، لە کاتێکدا نەیدەتوانی باش لەسەر پێ ڕاوەستێ و هەندێک جار بەلادا دەهات، بە جووڵەیەکی بەهێز، عەباکەی لە کچەکە کردەوە و گوتی: (**ئەکوشا تەماشا کە.**) کچەکە زیقاندی و لە شەرمان بە هەردوو دەستی دەم و چاوی خۆی داپۆشی. پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی، کچەکەی بەرەو پاندیۆن پاڵ پێوەنا و گوتی: (**ئەوە بە هاوسەریی خۆت قبوڵ بکە.**) و کچەکە کە هەموو لەشی دەلەرزی، خۆی بە تەواوی بە یۆنانییە گەنجەکەوە نوساند.

پاندیۆن هەندێک کشایەوە و دەستی بەسەر قژی لولی دیلە گەنجەکەدا کێشا و لاواندییەوە و بۆ ئەو مرۆڤە جوان و بە ئازارە، بە پەرۆش بوو. پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی پێکەنی و بە هیوای ڕازیکردنی پاندیۆن، بە چەقەنە لێدان، گوتی: (**ئەکوشا، ئەوە دەبێت بە هاوژینی تۆ و تۆ کۆمەڵێک منداڵی جوانت دەبێت و منیش بۆ منداڵەکانی خۆم دەمێنمەوە....**) ئەو فەرمانە، گوتنێک بوو کە بۆمب لە دەروونی پاندیۆندا تەقییەوە. ئەو شۆڕشەی کە ماوەیەکی زۆربوو لە دەروونیدا سەری هەڵدابوو، و بە گۆڕانی شەوی ڕابردوو گەشەی کردبوو، لێرەدا بە ئەوجی خۆی گەیشت و بەرچاوی تاریک کرد. لە کچەکە دوورکەوتەوە و تەماشای دەوروبەری ژورەکەی کرد و دەستی بەرز کردەوە. میسرییەکە دەسبەجی مەستی لە چاو پەڕی و ڕایکردە نێو ماڵەکەی و بە دەنگێکی بڵند داوای یارمەتی لە خزمەتکارەکانی کرد. پاندیۆن سەرنجی بەو ترسەنۆکە نەدا و بۆ وردکردنی ئەو، هەتا هێزی هەبوو، شەقێکی لە گوڵدانە بە نرخە کرێتیەکەی دا و وردی کرد و هەر بەشەی بەلایەکدا بڵاو بووەوە. ماڵەکە پڕ بوو لە قیژە و هاوار و دەنگی ڕاکردنی پێی خزمەتکارەکان. چەند خولەک دواتر، پاندیۆن خۆی لەژێر پێی ئاغاکەدا بینییەوە کە خوار ببووەوە و تفی لە عەرز دەکرد و جنێوی دەدا. پەیکەرتاشی سەڵتەنەتی دوای کاتژمێرێک بە هاوژینەکەی گوت:

– (**حەقی خۆیەتی کە ئەو هیچ و پۆچە بکوژرێت. ئەم گوڵدانە شکاوە بایەخی لە گیانی ئەو زیاترە، بەڵام ئەو دەتوانێ پەیکەر و کەرەستەی زۆر جوان دروست بکات.... و من نامەوێ کارکەرێکی باش لە دەست بدەم. لە گیانی خۆش دەبم و ئەو زیندانی ناکەم،**

**چونکە لەوێوە ڕەوانەی کانزای زێڕ دەکرێ و لەوێ دەمرێت. ئەو دەنێرمەوە بۆ کۆمەڵگا، تا لەوێ بیر لە کاری خۆی بکاتەوە. ساڵی داهاتوو کاتی چاندن سەرلەنوێ دەیگەڕێنمەوە لای خۆم....)**

بەم جـۆرە، هەرچەنـدە پانـدیۆن لێـدانێکی باشـی خواردبـوو، بەڵام هێشـتا خـۆی نەدۆڕاندبوو، سـەرلەنوێ گەڕاندرایەوە بۆ کۆمەڵگای کۆیلەکان و بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە لەگەڵ هاوڕێ وتروسکیەکانی خۆی یەکی گرتەوە. هەمـوو گروپەکانی بیناسـازی کە کاری بەتاڵ کردنی پەرستگەیان بەکۆتـا گەیاند، کاری ئـاودێری و ئـاودانی بـاخی "ئامون"یـان پـێ سـپاردبوون. ڕۆژی دوایـی بەرەو ئێـوارە، دەرگـای گۆمەڵگـا بە جیـرە جیـڕ کـرایەوە، تـا کیـدیگۆی زار بە خەنـدە بچێـتە نێـوی. کۆیلەکـان بە دەنگـی بەرز پێشـوازیان لە گەڕانەوە کیدیگۆ کرد.

پەنـجەی ڕەش پێسـتەکە، بە زەبـری قامچییـان ئاوسـابوو، بەڵام هەرکە پێکەنـی ددانە سپییەکانی دەرکەوتن و چاوەکانی لە خۆشیان گەشایەوە. کیدیگۆ، پاندیۆنی بە پەرۆش دی و پێی گوت:

- (**بیستومە تۆیان ناردوەتەوە ئێرە و منیش لە کارگەدا تـوڕە بـووم و هەرچـی لەبەر دەستمدا بوو، شکاندمن و ئەوانیش لێیانـدام و ناردمیـانە ئێرە، واتـا ئەو جێیەی کە خـۆم دەمەویست.**) پاندیۆن، بە گاڵتە و پێکەنینەوە، پرسی:

- (**بەڵام تۆ دەتەوێ ببی بە پەیکەرتاش، بەڵێ؟**)

ڕەش پێسـتەکە بەبـێ تـرس دەسـتی ڕاوەشـاند و چـاوی بە شـێوەیەکی ترسـناک بەرەو پایتەختی گەورەی میسر سوڕاندەوە و تفی لێکرد.

---

١- Nut Amon

٢- Waset

٣- وڵاتی ڕەش، ناوی میسر بوو.

٤- Kidigo

٥- هەر ئەرش لەو سەردەمدا نزیکەی ٤٥ سانتی مەتر بووە.

٦- Kuemt

٧- Kavios

٨- Remaos

٩- میسرییەکان بە دانیشتوانی کەنارەی ئێژە "ئیجە"یان دەگوت ئەکوشا.

١٠- Amon پەرستگەیەک بوو لە گوندی کارناک لە نزیک شاری لوکسور لە میسری سەروو لە کەنارەی ڕووباری نیل.

١١- Sennemut

١٢- Hatshepsut شاژنی زنجیرەی هەژدەیەم ١٤٥٧- ١٥٠٠ی پێش زایین. ئەو پەرستگەیە لە دیرالحبجریە.

١٣- Zeshru- Zesher

١٤- Punt ڕەنگە ولاتی ئەمڕۆی سۆمالی بێت.

١٥- ئەوە قەبری "منتو هوتپ"ی چوارەم، یەکێک لە فیرعەونەکانی زنجیرەی یازدەیەم بوو لە نزیکەی ٢٠٥٠ ساڵ پێش لە زاییندا.

١٦- Mut

١٧- Akhetaton "تەلمارنا" پایتەختی "ئامن هوتب" فیرعەونی چوارەم ١٣٥٨- ١٣٧٥ی پێش زایین بوو.

١٨- فیرعەونی ڕافزی هەمان "ئامن هوتب"ی چوارمە کە هەوڵیدا ئاینێکی نوێ یەکتا پەرستی- خودای خۆر- لە میسردا بڵاوبکاتەوە.

# خەبات بۆ ئازادی

## ٤

بەردەکان کە لە ژێر تیشکی خۆردا گەرم ببوون و خۆرەتاو باسک و شانی کۆیلەکانی دەسوتاند. بایەکی ئارام بۆ ئەوان هیچ فێنکایی نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، تۆزی بەرزبووەوەی بەردەکانی بەسەر ئەواندا بڵاوی دەکردەوە و هەتەری ئەوانی کەمتر و دەرد و ئازاری بۆ زیاتر دەکردن.

سێ کۆیلە، بە هەموو هێزیانەوە گوریسە سەختەکانیان ڕادەکێشا تا گابەردێکی قورس هەڵکێشن کە پەیکەرێکی زەق و بەرجەستەی لەسەر تاشرابوو، و ئەو لە جێیەک دانێن کە هەشت ئەرش لە زەوی بەرزتر بوو، و پێشتر بۆی تەرخان کرابوو. چوار کۆیلەی زیرەک و کارزان لە خوارەوە پارسەنگی گابەردەکەیان ڕاگرتبوو. پاندیۆنیش لەوێ لەکن میسرییەک ڕاوەستابوو.

لە نێوان کۆیلە ڕەگەز جیاوازەکاندا، تەنیا میسرییەک هەبوو کە بە تاوانێکی نادیار و ترسناک حوکمی کۆیلەی هەمیشەییان بە سەردا سەپاند بوو، و لە سوچی ژوورێکی تایبەت، لە بەشی ڕۆژئاوای کۆمەڵگای کۆیلەکاندا ڕادەگیرا. دوو داغی ڕەنگ ئەرخەوانی بە شکڵی خاچی پان، بە پشت و سنگییەوە بوو، لەگەڵ داغێک لە سەر ڕومەتی. ئەو میسرییە ڕوناخۆشە هەرگیز پێنەدەکەنی و لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد. سەرەڕای ترسێک کە لە دۆخی خۆی هەیبوو، وەک هاونیشتمانەکانی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کۆیلە بێگانەکان دەکرد. هەر ئێستا بەبێ ئەوەی کە سەرنج بە کەسێک بدات، سەری تاشراوی خستبووە خوارەوە و بە هەردوو دەستی، پاڵی بە گابەردە قورسەکەوە دەنا کە ڕێک بچێتە پێشەوە.

لەپڕ پاندیۆن زانی ئەو گوریسەی بەردەکە ڕاگرتبوو، خەریکە دەپسێت و هاواری کرد کە ئەوانەی ژێر بەردەکە ئاگادار بکاتەوە. دوو کۆیلە خۆیان کشاندەوە، بەڵام میسرییەکە سەرنجی بە ڕاگەیاندنی پاندیۆن نەدا. ئەو کە بە دوو دەست ژێر گابەردەکەی گرتبوو، تێنەگەیشت کە چی خەریکە بەسەر بێت. پاندیۆن خۆی هاویشتە پێشەوە و دەستی ڕاستەی بەرز کردەوە و بە توندی لە سنگی میسرییەکەی دا و ئەوی لە مەترسی ڕزگار کرد. لە هەمان کاتدا گوریس پسا و گابەردەکە کەوت و دەستی پاندیۆنی بریندار کرد.

ڕەنگ بە ڕووی میسرییەکەوە نەما. گابەردەکە لە پایەی دیوارێک کەوت و بەشێکی گەورە لە پەیکەرە زەقەکەی لێ جیابووەوە.

بەرپرسی گواستنەوەی بەردەکە، بە قیژەیەکی تێکەڵاو لەگەڵ توڕەیی بەرەو پاندیۆن ڕایکرد و قامچییەکی لێدا. قامچیە چوار توێژەکەی کە لە چەرمی خاوی ئەسپ و بە ڕادەی دوو قامکی پەنجەی دەست ئەستور بوو، نێوقەدی پاندیۆنی بە توندی برینداز کرد. ژانی قامچییەکە بە ڕادەیەک زۆر بوو کە بەرچاوی کوڕە گەنجەکەی بە تەواوی تاریک کرد. بەرپرس کاتی وەشاندنی قامچییەکی دووەم، بە دەنگی بەرز گوتی: (**بێ قیمەت، بۆچی ئەو مردووەت ڕزگار کرد.**) و دوای لێدانی قامچی دووەم، درێژەی پێدا: (**ئەگەر ئەو گابەردە بەسەر لەشی نەرمدا کەوتبا، نەدەشکا و بایەخی ئەو پەیکەرە زۆر زیاترە لە ژیانی سەد کەسی وەک تۆ.**)

پاندیۆن دەیویست پەلاماری بەرپرسەکە بدات، بەڵام کۆمەڵێک سەرباز بە پەلە ڕژانە سەری و گرتیان و بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە لێیاندا. ئەو شەوە، پاندیۆن لەبەر ژانی لەشی، لە ژورەکەیدا بەسەر زگدا درێژ بوو. تایەکی قورس لەشی داگرت. برینی قوڵی قامچی، پشت، شان و ڕانەکانی دەسوتاندەوە. **کیدیگۆ** بەنهێنی خۆی خزاندە ژوری پاندیۆن و ئاوی بۆ برد و هەندێک جاریش بۆ ئارام کردنەوەی ژانی سەری، سەر و نێوچاوانی تەڕ دەکرد.

دەنگی خشە خشێکی لاواز لە دەرەوەی ژورەکەی دەبیسترا و دواتر دەنگێکی لاوازی بیست کە دەگوترا: (**ئەکوشا، لێرەی؟**) پاندیۆن وەڵامی دایەوە و لە تاریکیدا هەستی بە دەستێک لەسەر خۆی کرد. ئەوە هەمان میسرییەکە بوو. ئەو شوشەیەکی چکۆلەی لەژێر قاشی کەمەرەکەی دەرهێنا و بۆ ماوەیەکی زۆر شتێکی لەنێو پەنجەی دەستیدا شێلا و دواتر بە وردی دەستی بەسەر برینەکانی پاندیۆندا کێشا و بەو کارەی ڕۆنێکی بۆن ناخۆشی بەسەر لەشی پاندیۆندا بڵاو کردەوە. ژانی زۆر، یۆنانییە گەنجەکەی توشی لەرز کرد، بەڵام پەنجە باوەڕ بەخۆیەکانی میسریی، درێژەیان بە شێلان دا. کاتێک، میسریەکە خەریک بوو ڕانەکانی پاندیۆنی دادەماڵی، ئەو بە ئارامی خەوی لێکەوت. کیدیگۆ، لە سوچێک بوو کە کەسی نەدەبینی. ئەو بە ئارامی پرسی: (**چیت لێکرد؟**) میسرییەکە دوای هەندێک وەڵامی دایەوە:

**- (ئەوە باشترین مەڵحەمە بە ناوی "کیپ هی"**[١] **و نهێنی ئەوەش تەنیا لیژنەی ئایینی دەیزانێت. دایکم بەدانی بەرتیلێکی زۆر، بە یەکێک لە سەربازەکان، توانیویەتی ئەوە بێنێت.)** کیدیگۆ گوتی:

**- (تۆ مرۆڤێکی باشی و لەو بارەیەوە کە من تۆم بە کەسێکی بێ نرخ دەزانی، داوای لێبوردنت لێ دەکەم.)** میسریەکە لەژێر لێویدا شتێکی گوت و بە ئارامی لەنێو تاریکیدا ون بوو.

لەو ڕۆژەوە، میسرییەکە هەرچەندە دووری لە هاوڕێیانی پاندیۆن دەکرد، بەڵام بۆ پاندیۆن بوو بە هاوڕێیەکی باش. دوای ئەو شەوە، پاندیۆن دەنگی خشەخشی لە نزیک ژورەکەی دەبیست و هەرکە بە تەنیا دەبوو، جەستەی لاواز و ئارامبەخشی میسری دەخزایە ژورەکەی. کوڕی تەنیا و کەم دوێی تاکیوم، کە بە زوویی بە داستانی پاندیۆنی دڵسۆزی زانی، ئەگەر کەسێکی تریان لا نەبووایە، ڕاشکاوانە دەکەوتە قسە کردن.

**یاخمۆس**[٢]، بە واتای "کوڕی مانگ" لە بنەماڵەیەکی دێرینی "نێدشێس"[٣]، خزمەتکاری بە ئەمەکی فیرعەونەکانی پێشوو بوو. ئەو فیرعەونانەی کە هەڵومەرج و سەروەت و سامانیان لە بێ توانایی لەنێو چوو، و حوکمی زنجیرەی خۆیان لەدەست دا. یاخمۆس کە وەک نوسەر "سکرتێر" لەلای حاکمی ویلایەتی "هاریَ"[٤] دامەزرابوو، خاوەنی زانیارییەکی باشبوو. ئەو بە هەڵکەوت ئاشقی کچی مێعمارێک ببوو کە باوکی دەیویست زاواکەی کەسێکی پوڵدار بێت. یاخمۆس لە ئەشقی ئەو کچە بڕیاریدا بە هەر شێوەیەک بۆی بڕەخسێت، سەروەت و سامانێکی زۆر کۆ بکاتەوە و بۆ ئەوەش کە زووتر بە ئاوات بگات، دەستی کرد بە دزی لە قەبرەکانی سەڵتەنەتی. لەو تاوانە مەترسیدارەدا کە بێبەزەییانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکرا، دەربارەی نوسینی "هیروگلیف" زانیاریەکی زۆری هەبوو.

یاخمۆس بە زوویی سەروەت و سامانێکی زۆری کۆکردەوە، بەڵام لە ڕەوتی دزییەکانیدا، کچەکە مێردی بە کارمەندێکی حکومەت لە باشوری دووردەست کرد. یاخمۆس هەوڵیدا بێ هیوایی خۆی بە خۆشگوزەرانی و میوانداریی گەورە و کڕینی کۆیلەی ژن، پڕ بکاتەوە کە بە زوویی پارەکەی تەواو بوو. ئەو، ڕێگەی قێزەونی وەدەستخستنی پارەی کە پێشتر هەیبوو، گرتەوەبەر کە ئەم جارەیان گرتیان، ئەشکەنجەیان دا و هاوکارەکانیشیان ئیعدام کرد، یان لەژێر ئەشکەنجەدا مردن.

یاخمۆسیان بۆ کانزاکانی زێڕ دوور خستەوە. هەموو ساڵی کاتی وەرزی لافاوەکان، گروپێکی نوێیان بۆ ئەو جێیە دەنارد و چونکە بۆ دروست کردنی دیواری نوێی پەرستگەی "پیتا"[٥] هێزی کارکردنیان کەم بوو، تا ڕەوانە کردنی ناوبراو بۆ شوێنی دوورخرانەکەی، ئەویان لە کۆمەڵگای کۆیلەکان دانابوو. پاندیۆن لە کاتێکدا بە وردی گوێی بۆ داستانی یاخمۆس ڕاگرتبوو، لە ئازایەتی پیاوێک کە بە ڕواڵەت شتێکی لە بوێری ئەودا نەدەبینی، سەری سوڕما. یاخمۆس باسی لە بەسەرهاتە ئاڵۆزەکانی خۆی لە ژێرخان، ڕەهەند و کەناڵەکاندا کرد. جێیەک کە لە هەر هەنگاوێکیدا، تەڵەیەک "داو" لەلایەن ئەندازیارانی بینا سازی، زیرەکانە پلانی بۆ دانرابوو، و چاوەڕوانی چوونە ژوورەوەی دزەکان بوون.

لە کۆنترین قەبرەکاندا، کە لەژێر هەرەمی گەورەدا بوون، بە تاشە بەردی گەورە دەرگای ڕەهەندەکانیان گرتبوو، و ڕێگای چوون بۆ سەر خەزێنە و تابوتە بەردە تاشراوە سەڵتەنەتیەکانیان بەستبوو. ئەو قەبرانەی هەندێک نوێتر بوون، بە ڕەهەندی تێکەڵاو و چاڵاوی قووڵدا دەگەیشتنە دیواری ڕێک. کاتێک کەسێک هەوڵی جوڵاندنی تاشە بەردەکانی دابا، گابەردی گەورە لە میچەکەوە دەکەوتنە خوارێ و کۆمەڵێکی زۆریان زیخ بەسەر ئەو کەسەدا دەڕژاند و ڕێگەیان لێ دەبەست. ئەگەر کەسێکی نەترس لە ژورەکەدا هەوڵی دەرچوونی لە زیخەکان دابایە و خۆی زیاتر لە قەبرەکان نزیک کردبایەوە، ئەم جارەیان خۆڵێکی زیاتر لە چاڵاوەکانەوە بەسەریدا دەڕژا و کەسەکەیان لە کەناڵی تەنگ و باریکدا، ژێرخاک دەکرد. لە قەبرە تازەکاندا، دەرگای بەردیی قورس، ڕێگای تونێلە تەنگ و تاریکەکانی گرتبوو، و ئەگەر کەسێک پێی لەسەر بەردی کوشندەی سەر عەرزەکە دانابا، چوارچێوەیەک لە نێزەی تیژ لە ئەستونەکانەوە بەرەو خوارەوە دەکەوتن.

یاخمۆس، بە شتی ترسناکی دەزانی کە هەزاران ساڵ لە کەمیندا بوون و لە بێدەنگیدا چاوەڕوانی کوشتنی دزەکان بوون. ئەو ئەزموونی خۆی بە نرخی گیانی کەسانێکی زۆر بەدەست خستبوو کە لە کاری ترسناکدا کوژرابوون. چەندان جار کەسانی نەترس لەو تونێلانەدا لە داو کەوتبوون و پاشماوەکانیان دۆزرابوونەوە. یاخمۆس و هاوڕێکانی چەندان شەویان لە بیابانەکانی ڕۆژئاوا، لە شاری مردووەکان بە مەودای هەزاران کوبیت درێژ، تێپەڕ کردبوو.

تاڵانکەرەکان لە تاریکیدا خۆیان حەشار دەدا، نەیاندەوێرا قسە بکەن، ئاگر هەڵکەن و بە نێوان لورەی ڕێوی و چەقەڵ و نەڕەی شێرەکاندا دەڕۆیشتن و لەنێوان کەناڵە

خەنکێنەرەکانـدا هەوڵیـان دەدا هێمـایەک لە قەبرەکـان بـدۆزنەوە و بـۆ ئەوەش هەمـوو کەناڵەکـان دەگەڕان. ئەو کـارە ترسـناکە بە تەواوی شایسـتەی کەسـانێک بـوو کە زیـاتر لە ژیان بیریـان لە مەرگ دەکردەوە و هەوڵیـاندەدا لە جیـاتی کردەوەی مرۆڤـانە، بۆ هەمیشـە سکاڵای مردووەکان لەسەر خۆیان بهێڵنەوە. پاندیۆن بە ترس و سەرسوڕمانەوە، گوێی بۆ بەسەرهاتەکانی ئەو پیاوە کز و بێ بـایەخە ڕاگرتبوو، و لێی تێنەدەگەیشت کە بۆچی زۆر جـار ژیـانی خـۆی بۆ چەند چرکە ڕابواردن لە مەترسـی خسـتبوو. شـەوێک پانـدیۆن لێـی پرسـی:

**- (بـۆچی درێـژەت بەو ژیـانە دەدا؟ ئایـا نەتـدەتوانی لەم وڵاتە بـڕۆی؟)** میسـریەکە بزەیەکی بێدەنگ و پڕلە خەمی هاتێ و گوتی:

**- (کومت وڵاتێکی سەیرە. تۆ کەسێکی بیانی و ناتوانی بیناسی. ئێمە هەموومـان، نەک بە تەنیا کۆیلەکان، بەڵکوو ئێمەش کوڕانی ئـازادی وڵاتـی ڕەش لێرە زینـدانی کراوین. لە سەدە دێرینەکاندا بیابانەکان پارێزەری ئێمە بوون، بەڵام ئەمڕۆ تاکیوم لەنێوان بیابانەکاندا ڕێکدەکوشـرێت و بـۆ هەمـوو ئەو کەسـانەی کە نـاتوانن لەگەڵ گـرووپە سـەربازە بەهێـزە جەنگاوەرەکان گەشت بکەن، زیندانێکی گەورەیە. ئێواران، بیابان هەرێمـی مەرگە. بیابـانی ڕۆژهەڵات تەنیا بۆ ئەو کاروانانە جێی باوەڕە کە ئاوی پێویستیان پێیە. لە باشور، تایەفە دڕندەکان دەژین و دژی ئێمەن. هەموو دراوسێکانمان لە ڕق و کینەی کیشـوەری ئێمەدا دەسـوتێن و دەوڵەمەنـدیی وڵاتـی ئێمە لە چەوسـاندنەوەی نەتەوە لاوازەکـانەوە دێـت. تـۆ تـاکیومی نیـت و نـازانی ئـێمە تـا چ ڕادەیەک لە مـردن لە دەریـای ڕۆژئـاوا دەترسـین. لە شیوەکانی "هاپی"[٦] کە هەموو جێیەکی وەک یەکە، باوکانی ئێمە هەزاران ساڵ لێرە ژیاون، زەوییان کێڵاوە، کەناڵیان هەڵکەندوە، زەوییـان چانـدوە و بەرهەمیـان هەڵگرتـووەتەوە کە ئێمە تێیدا بژین و تێیدا بمرین. تاکیوم پێوەندییەکانی خـۆی لەگەڵ ئەو دۆخە پچڕانـدوە و ئەوە چارەڕەشـیی ئێمەیە. کاتێک خەڵکێکی زۆر هەن کە گیانیـان هـیچ بـایەخێکی نییـە و کاتێـک خەڵکێـک هەن کە هەڵبژێـردراوی خوداکـانن، بەڵام لای خەڵکـی وڵاتـانی بێگـانە ناخۆشەویستن، ئیتر هیچ جێیەکمان بۆ چوون نییە....)** پاندیۆن پرسی:

**- (بۆ تۆ کە ئێستا کۆیلەی، ئایا ڕاکردن باشتر نیە؟)** میسرییەکە بە گوتنێکی ڕاشکاوانە، سەرسوڕمانی خۆی ڕاگەیاند و گوتی:

**- (تەنیا و بە لەشی داغ کراوم؟ من ئێستا لە بێگانەیەک خراپترم... ئەکوشا، بزانە لێرە دەرەتانی ڕاکردن نییە! تەنیا ئومێد ئەوەیە کە هەموو وڵاتی ڕەش لە لایەن هێزێکەوە هەڵگێڕدرێتەوە، بەڵام کێ توانای ئەو کارەی هەیە؟ ڕاستە لە ڕۆژگارانی کۆندا شتێکی بەم جۆرە کراوە....)** یاخمۆس ئاخێکی هەڵکێشا.

دوا وشەکانی یاخمۆس، سەرنجی پاندیۆنیان ڕاکێشا، لەبەر ئەوە دەستی کرد بە پرسیار کردن لێی. ئەو سەبارەت بە ڕاپەڕینی گەورەی کۆیلەکان کە هەموو وڵاتی تاکیومی لەرزاندبووەوە، زانیاری بەدەست خست. هەروەها بە یەکگرتنی چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ کۆیلەکان زانی کە ژیانیان جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ ژیانی کۆیلەکان هەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا بە یاساخ بوونی پێوەندیی خەڵکی ئاسایی لەگەڵ کۆیلەکان و پەیوەست بوونیان بە کۆیلەکان زانی کە ژیانیان جیاوازییەکی کەمی لەگەڵ یەکتر هەبوو.

بۆ کورانی هەژاری کومت، جوتیاران و پیشەوەران کە لە دنیایەکی تەنگدا دەژیان، هەوڵیاندەدا کەمتر پێکەوە پێوەندییان هەبێت. ئەوانە لە بەرامبەر ئەو سەربازانەدا کە فەرمانی کاربەدەستەکانیان پێدەگەیاندن، نەرمییان دەنواند. فیرعەون لەوانی دەویست کە بە توندی فەرمانی ئەو مەئمورانە جێبەجێ بکەن و لە بەرامبەر بچووکترین نافەرمانیدا، بە توندی سزا دەدران. ڕێکخراوێکی گەورەی ئیداری، قورسایی زۆری خستبووە سەر وڵات. ئازادی و گەشت بۆ دەرەوە، تەنیا بۆ نەجیب زادەکان و پیاوانی ئایینی مسۆگەر بوو.

لەسەر داوای پاندیۆن، یاخمۆس لەبەر ڕوناکی مانگەشەودا، نەخشەی وڵاتەکەی لەسەر عەرزی ژورەکە کێشاوە. ئەو نەخشەیە، یۆنانییە گەنجەکەی ترساند. ئەو بە دروستی تێگەیشت کە لە نێوەڕاستی شیوی ڕوبارێکی گەورە دایە کە هەزاران ستادیا درێژە. لە باشور و باکوری ڕوبارەکە ژیان هەبوو، بەڵام دەرچوون پێیدا، بە نێوان ناوچەیەکی پڕ نفوز بە بەرگر و چاودێر و ژمارەیەکی زۆر سەرباز بۆ باس لێکردن نەدەبوو. لە هەردوولای بیابانە چۆلەکاندا جێی ژیان هەبوو، بەڵام خەڵک و پێداویستیەکانی ژیانی لێ نەبوو. چەندان چاڵاو لە ڕێگەی کاروانەکاندا هەبوون کە بە توندی چاودێرییان بەسەردا دەکرا.

دوای ڕۆیشتنی میسرییەکە، پاندیۆن تا بەیانی نەنوست و لە فیکری دانانی پلانێکدا بوو کە ڕابکات. گەنجەکە بە غەریزە تێگەیشت بە تێپەڕبوونی زەمان، هیواکانی بۆ ڕاکردنێکی سەرکەوتوو، ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا لاوازتر دەبن و خۆشی زیاتر لە ڕەنجی تاقەتبڕی

کۆیلایەتیدا لەنێو دەچێت. تەنیا کەسانێک کە هێز و تاقەتی زۆریان هەبوو، دەیانتوانی چاوەڕوان بن کە ئەگەر بۆ ڕاکردن تێبکۆشن، بەختەوریی پێیان پێبکەنێت.

شەوی دوایی، پاندیۆن چووە ژوری "کاڤیۆس" واتە وتروسکی و هەموو ئەو زانیاریانەی لە میسرییەکەی وەرگرتبوو، لەگەڵ ئەوی هێنا گۆڕێ و هەوڵیدا ئەو ڕازی بکات کە کۆیلەکان بۆ ڕاپەڕین هان بدات. کاڤیۆس وەڵامی نەدایەوە، بەڵام لە کاتێکدا کە دەستی بەسەر ڕیشیدا دەهێنا، کەوتە فیکرەوە. پاندیۆن بە باشی دەیزانی کە ئەو ماوەیەک لەمەوبەر، بەنهێنی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین کردوە و گوندییەکان سەرکردەکانی خۆیان هەڵبژاردوە. ئەو بە هەڵچونەوە گوتی:

- **(ناتوانم زیاتر لەوە بوەستم. بۆچی دەبێ زیاتر چاوەڕوان بین؟)** کاڤیۆس بە پەلە دەستی بە زاری پاندیۆنەوە گرت. یۆنانییەکە هەندێک ئارامتر، گوتی:

- **(مەرگ باشترە لەم ژیانە، بۆچی چاوەڕوان بین؟ چ شتێک دەگۆڕێ؟ ئەگەر گۆڕانێک لە دەساڵدا ڕووبدات، ئەوکاتە ئێمە توانای بەربەرەکانی و ڕاکردنمان نامێنێت، ئایا لە مەرگ دەترسی؟)** کاڤیۆس دەستی خۆی بەرز کردەوە و بە جددی گوتی:

- **(من ناترسم و ئەوەش تۆ باش دەزانی، بەڵام گیانی پێنج سەد کەس بە ئێمە بەستراوەتەوە، ئایا پێشنیاز دەکەی، ئەوانە قوربانی بکەین؟ تۆ مەرگی خۆت، بە نرخێکی زۆر بەدەست دێنی.)** پاندیۆن شڵەژا، هەندێک خۆی ڕاست کردەوە، سەری لە میچی نەوی ژورەکە کەوت. وتروسکی بە پەلە درێژەی بە قسەکانیدا و گوتی:

- **(ئەوەت لێ وەردەگرم و لەگەڵ ئەوانی تریش قسە دەکەم، بەڵام هێشتا جێی داخە کە دوو کۆمەڵگای تر لە نزیک ئێمەیە و ئێمە نەمانتوانیوە هیچ پێوەندیەک بە کۆیلەکانی ئەو دوو کۆمەڵگایەوە بکەین. ئێمە سبەینێ قسە دەکەین و ئاگادارت دەکەمەوە. کیدیگۆ ئاگادار بکەوە کە بێتە ئێرە....)**

پاندیۆن ژوری کاڤیۆسی بەجێهێشت و بەپەلە بە ژێر دیوارەکاندا خزی تا بەرلە دەرکەوتنی مانگ خۆی بگەیەنێتەوە. چوو بۆ ژوری یاخمۆس، ئەو هێشتا بەخەبەر بوو. میسرییەکە بە ئارامی پێی گوت:

- **(هاتم تۆ ببینم، بەڵام لەوێ نەبووی، دەمەوێت پێت بڵێم کە ....)** ئەو لە کاتێکدا زمانی دەگیرا، بە پسکەپسک گوتی:

– (بەمنیان گوت سبەینێ لێرە دەتانگوازینەوە. ئەوان سێ سەد کەس دەنێرن بۆ کانزای زێڕ لە بیابان. لە ڕاستیدا گرفتەکە لێرە دایە کە هیچ کەسێک لەوێوە ناگەڕێتەوە....) پاندیۆن پرسی:

– (بۆچی؟)

– (ئەو کۆیلانەی بۆ کار دەنێردرێنە ئەوێ، بە دەگمەن پترلە ساڵێک دەمێنن. شتێک بە ئازارتر لە کارکردن لەنێوان گابەردی گەرم و کەشی پشوبڕدا نییە. ئەوان چونکە بە ڕادەی پێویست ئاویان نییە، ئاو بەشی هەموویان ناکات. لەبەر ئەوە، ئاوێکی زۆر کەم دەدەن بە کۆیلەکان. کارکردن لەوێ بریتیە لە شکاندنی گابەردی سەخت و سەخت و گواستنەوەی بەردە کڵۆی کانزا بە زەمبیل. بەهێزترین کۆیلە، دوای کاری ڕۆژانە، بە تەواوی لەپێ دەکەوێت و خوێن بە گوێ و گەرویدا دێتە خوار.... خوا حافیز ئەکوشا، تۆ مرۆڤێکی باشی، ئەگەر بە ڕزگار کردنی ژیانم، خراپەت لەگەڵ من کرد، ئەوە ڕزگار کردنی ژیانی منە، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستیی تۆیە کە بۆمن بە نرخە.... لە کۆندا کێشە و ئازاری ژیان، یەکێک لە گۆرانی بێژەکانی ئێمەی ناچار کرد کە بۆ گەورەیی مەرگ، گۆرانییەک بڵێت و من ئێستا ئەو گۆرانییە دەڵێمەوە.) یاخمۆس بە دەنگێکی ئارام دەستی بە خوێندن کرد:

– (مەرگ وەک شەفا لە بەرامبەر نەخۆشیدا و وەک ڕزگارکەر لە بەرامبەر لاوازیی و بێ تواناییدا خۆی دەنوێنێت. ئەو وەک داکشاندنی دەکەڵی کەشتی لە بەرامبەر بادا لە کەشێکی باش، وەک خونچەی گوڵی لاولاوەی شین، وەک جادەیەک کە باران شوشتبێتی و وەک گەڕانەوە بۆ نیشتمان دوای جەنگ...) دەنگی یاخمۆس لەناڵەیەکدا بڕا. یۆنانیی گەنج بە تەواوی لە پەژارە کەوت، خۆی لە یاخمۆس نزیکتر کردەوە و گوتی:

– (بەڵام تۆ مەرگی خۆت....) پاندیۆن پاشماوەی قسەکەی بڕی. یاخمۆس لێی کشایەوە و گوتی:

– (بێگانە چ دەڵێی. پێت وایە من ئیزن دەدەم، ڕۆح و دەرونم، گیان و لەشم بۆ هەمیشە بە دەرد و ڕەنج، ئەشکەنجە بدەم؟.....) پاندیۆن لە میسرییەکەی نەگەیشت. ئەو بە دڵ دەیزانی کە دەرد و ئازار و ئەشکەنجە و مردن بە کۆتا دێت، بەڵام چونکە باوەڕی بە بێ باوەڕیی میسرییەکان هەبوو، ئەوەی نەدرکاند.

یاخمۆس، لۆدە کایەیەکی هەڵدایەوە کە شەوانە لەسەری دەنوست و دەستیکرد بە هەڵکەندنی گۆشەی ژورەکەی. ئەو شتێکی لوس و ساردی لە دەست پاندیۆن نا و گوتی:

**- (وەرە ئەم خەنجەرە بگرە، ئەگەر زاتت هەبوو.... یان ئەگەر موعجزەیەک ڕوویدا و توانیت خۆت ئازاد بکەی، ئەمە من بەبیری تۆ دێنێتەوە.)**

**- (ئەوە چییە؟ بە چ کارێکی من دێت؟)**

**- (ئەوە بەردێکە لە ژێرخانی پەرستگەیەکی کۆن لەنێوان بەردەکاندا شاردرابۆوە و من دۆزیومەتەوە.)**

یاخمۆس لە هەلی ڕەخساو خۆشحاڵ بوو کە بتوانێ بیرەوەرییەکانی ڕابردووی لە ڕووداوەکانی ئێستادا لەبیر بکات. ئەو لە پەرستگەیەکی کۆن و پڕلە نهێنی دەدوا کە لە ڕەوتی کارەکانیدا بۆ بەدەستخستنی پارە بە لۆفەی ڕووبارێکی گەورەدا تێدەپەڕی و هەزاران کوبیت لە پایتەختی "شار- واست" دوور بوو. یاخمۆس جادەیەکی کۆنی بینی لە کەنارەی دورگەیەکی بچووک و قامیشەلانێکی سەوزی بینی بوو کە بەرەو کۆمەڵێک کەندالی لێژ دەچوو. ئەو شوێنە زۆر دوور لە گوندەکان بوو، و چونکە بەروبومی نەبوو، نەیدەتوانی سەرنجی جوتیار و شوانکارەکان بەرەو خۆی ڕاکێشێت و هەرگیز کەسێکی بۆ نەدەچوو. یاخمۆس دەگێڕێتەوە:

**- (چونکە ئێرە هیچ هەڕەشەیەکی بۆ درێژەدانی تویژینەوە لەسەر نەبوو، چووم لە دۆڵێکەوە کە پڕ بوو لە گابەردی ساف و لوس. ئەو بەردانە جادەکەیان داپۆشیبوو، و بە ڕواڵەت کاتێک ئەو بەردانە کەوتبوونە سە جادەکە کە ئیتر بۆ چوون بۆسەر ڕووبار کەڵک لەو جادەیە وەرنەدەگیرا.)**

یاخمۆس بۆ ماوەیەکی زۆر لەنێوان ئەو گابەردانە و ئەشکەوت و پۆلە گوێنی و دڕودالانەدا گەڕابوو. دۆڵەکە پڕ بوو لە جاڵجاڵۆکە و ئەوان تۆڕەکانیان بە جادەکەدا بڵاوکردبۆوە و دەوری قەبرەکانی سەڵتەنەتییان داپۆشیبوو. سەرئەنجام ئەو دۆڵە پان دەبووەوە و لە نێوان تەپۆڵکەیەکی بەرزدا دەگەیشتە شیوێکی دەور گیراو. لە ناوەندی ئەو جێیە، گردێکی بچووک هەبوو کە دوو چالاوی لێبوو، لەوە دەچوو پێشتر کانیاو بووبن و بۆ ئاودێری باخەکان کەڵکیان لێ وەرگیرابێت. لە قولایی ئەو دۆڵە ئارام و خنکێنەرەدا، هەڵدێرگەیەکی ڕەشی هەندێک ڕون و ئارام هەبوو کە وەک دیوارێکی سەخت دەوری گرتبوو. لە کۆتایی ئەو جێیەدا دۆڵێکی تەنگی تر هەبوو کە لەو دۆڵە دەچوو کە یاخمۆس لەوێوە گەیشتبووە ئەو ناوچە لەبیر نەکراوە.

تـاڵانکەری قەبـر چـووە سـەر گردێـک و لەوێـوە چـاوی بە ئەشـکەوتێک کەوت کە لە دیواری هەڵدێرگەیەکدا بوو، پێشتر گردەکە ئەو ئەشکەوتەی لەبەر چاوان شاردبووەوە. نێو ئەشکەوتەکە بە بەردی خللۆر بووەوە بەسترابوو. یاخمۆس بۆ چوونە ژورەوەی ناچاربوو بەردەکـان لابـدات. سـەرئەنجام دزی قەبرەکـان خـۆی لە تـاریکییەکی فێنکـی ئەشـکەوتەکەدا دیـتەوە. دوای هەنـدێک پشـودان، چرایەکـی هەڵکـرد کە بە بەردەوامـی پێـی بـوو، و لەبەر ڕونـاکی چـراکەدا چـووە پێشـەوە. بەهـۆی ترسـێک کە لە تەڵە دانراوەکـان هەیبـوو کە هەڕەشـەی مەرگیـان لـێ دەکـرد، بە وردی پەیکەرەکـانی هەردوو لای تـاقی کـردەوە، بەڵام ترسـەکەی بێ بنەمـا بـوو. چـونکە پەرستگەکە خـۆی لە خۆیـدا بە هـۆی دووریـی لە دیـدی بێگانەکان پارێزراو بوو، یان مێعمارەکانی ئەو سەردەم هیچ تەڵە و داوێکیان بۆ دانەنا بوو، یـان بە تێپەڕبـوونی زەمـان واتـا هەزاران سـاڵ، تەڵەکـان لە نێـو چـوو بـوون. لەبەر ئەوە، یـاخمۆس بەبێ هـیچ بەرگرێـک چووبـووە نێـو ژێرخـانێکی گەورەی دەورگیـراو کە لەنێویـدا پەیـکەری "تـوت"[٧] هەبـوو بە دنـدوکی "دەنـوک" درێـژ کە لە سـەرییەوە بـۆ ژێـرەوە درێـژ ببـووەوە. لە دیوارەکـانی ژێرخانـدا، یـاخمۆس چـاوی بە دە تـونێلی تەنـگ کەوتبـوو کە بە ڕادەیەکی دیاریکراو مەودایان لەگەڵ یەکتر هەبوو. ئەو تونێلانە بۆ ژورێک دەچوون کە پڕ بوو لە بەڵگە و شـوێنەواری نیوە ڕزیوی وەک: نـامە و نوسـراوە، لەوحەی دار کە وێنە و نوسراویان لەسەربوو.

یەکێک لە ژورەکان پڕ بوو لە گیای وشک و هەرکە یـاخمۆس دەسـتی لێدان، هەڵوەرین و بـوون بە خـۆڵ. لە ژورێکـی تـردا کۆمەڵێـک بەرد هەبـوو. بەم جـۆرە یـاخمۆس هەشـت ژوری چوار سوچ گەڕا کە شتی سەرنجڕاکێشیان تێدا نەبوو. نۆیەم تونێل، یاخمۆسـی بـرد بۆ ژورێکـی درێژ کە دەوری بە ئەسـتونی سـەخت گیرابـوو. لە نێوان ئەسـتونەکاندا، تاشـە بەردی کریسـتاڵی ڕەش هەبوو کە شـتێکیان بە زمـانی کـۆنی تـاکیوم لەسـەر نوسـرابوو. لە نێوەڕاسـتی ئەو ژورەدا پەیکەرێکـی تـری "تـوت" هەبـوو بە سـەری لەک لەک "لەق لەق" و دەنوکی درێـژ. لە سـەر سـینییەکی پـانی برۆنـز، کە لەسـەر پـایەی ئەو دانرابـوو، "بـوت"ێکی "خودای دەستکرد"ی بەنرخ هەبوو کە لەبەر ڕوناکی چراکەدا دەدرەوشـایەوە. یـاخمۆس بە تەمـاحەوە بەردەکەی هەڵگـرت و لە ڕونـاکی چـراکەی نزیـک کـردەوە، بەڵام بەردەکە لەو بەردانە نەبـوو کە لە تـاکیوم بە نـرخ بـوون و ئەویـش لەو بـارەیەوە بەداخ بـوو. چـاوی هەڵسـەنگاندنی تـاڵانکەری قەبـر، دەسـبەجێ پێـی گـوت کە ئەو بەردە هـیچ بـایەخێکی لای

بازرگانەکان نیە، بەڵام ئەو دڵی لە بەردەکە نەدەبووە و هەرچەندە زیاتر تەماشای دەکرد، زیاتر حەزی لێ دەکرد. ئەو کریستاڵە، لوس و خشتکراوە، ڕەنگی سەوزی تێکەڵاو بە شینی ڕەوشەن بوو، و بە ڕونی دەدرەشایەوە. یاخمۆس بەو هیوایە کە بە بنەما و مێژووی ئەو بەردە بزانێت، بڕیاریدا نوسراوی سەر دیوارەکان بخوێنێتەوە. ئەو کە پێشتر لە خوێندنگەیەکی نوسەران "سکرتێر"ی گرنگدا فێری زمانی کۆنی تاکیومی ببوو، دەستیکرد بە خوێندنەوەی خەتی "هیروگلیف" کە لەسەر بەردە کریستاڵەکاندا بەباشی مابوون.

لەو ژێرخانەدا هەوا کەم بوو، و هەواکێشی ژورەکە ماوەیەکی زۆر لەمەوپێش خراپ ببوو. لەبەر ئەوە، چرای یاخمۆس بەرەبەرە نوری کەم بووەوە، بەڵام ئەو هێشتا بە پێداگری درێژەی بە خوێندەوەی نوسراوەکان دەدا. لە درێژەی هەوڵەکانیدا، ئەو تاڵانچییە دەستی گەیشتە هەرەمی گەورە و قێزەونی "چێوپس"[٨] و بۆ ئەو تاڵانچییە دەرکەوت، فیرعەون "جێدپێرا"[٩] خەزێنەدارەکەی خۆی بەناوی "بروجێد"[١٠] بۆ ناوچەیەکی دووری باشور بۆ "تانوتێر"[١١] واتا وڵاتی ئەرواح ناردبوو کە سنوری دنیا و دەریالوشی گەورە بدۆزێتەوە.

بروجێد بە حەوت کەشتی گەورە لە بەندەری "سو"[١٢]وە بەرەو دەریای سور چوو. کوڕانی وڵاتی ڕەش بۆ ماوەی حەوت ساڵ ونبوون، چوار لە کەشتیەکانیان و نیوەی ئەندامانیان لە تۆفانە ترسناکەکانی دەریالوشی "اقیانوس" گەورەدا خنکان، بەڵام ئەوانی تر بە درێژەی کەنارەیەکی نەناسراودا چوونە پێشەوە و سەرئەنجام گەیشتنە وڵاتی ئەفسانەیی "پانت"[١٣]، بەڵام بە ئەمری فیرعەون، ئەوان دیسانیش زیاتر بەرەو ناوچەکانی باشورتر نێردران کە دوا خاڵەکانی دنیا بدۆزنەوە. کوڕانی وڵاتی ڕەش کەشتیەکانیان بەجێهێشت و بە زەویدا بەرەو باشور درێژەیان بە ڕێگا دا.

پتر لە دوو ساڵ بە نێوان دارستانە تاریکەکاندا ڕۆیشتن، دەشتە بەرینەکان و چیا بەرزەکانیان خستە پشتسەر و لە کاتێکدا خەریکبوو هێز و توانایان لە دەست دەدا، گەیشتنە ڕوبارێکی گەورە کە لە ڕۆخیدا خەڵکێکی بەهێز و مێعماری پەرستگە بەردییەکان دەژیان. لێرە تێگەیشتن کۆتایی دنیا بە مەودایەکی نادیار دوورە. زۆر زۆر، دوور بەرە باشور لەنێوان دەشتە پڕلە گیا سەوزەکان، لەنێوان دارستانە مۆرەکان واتا لە کۆتایی زەویدا بە کۆتا دێت و ئەم جارەیان دەگاتە کەنارەکانی دەریالوشی گەورە. نێردراوەکان تێگەیشتن بە تەواوی ناتوانن فەرمانی فیرعەون بەجێ بگەیەنن و بە ناچار گەڕانەوە بۆ

وڵاتــی پانــت و لە جیــاتی کەشــتیە کۆنەکەیــان کە بە تۆفانەکــانی دەریالوشــی گەورە تێکشکابوو، کەشتییەکی نوێیان دروست کرد.

ئەوانەی زیندوو مابون بە زەحمەت کەشتیەکەیان ئامادە کرد و کۆڵنەدەرانە کۆمەڵێک دیاریی وڵاتی پانتەکانیان لێ بار کرد و بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرەو وڵاتی خۆیان گەڕانەوە. ویست و خۆشەویستی لەبن نەهاتوو بۆ گەڕانەوەی وڵات، هێزی پێیان بەخشی کە بە برسییەتی و تونیەتی بەسەر شەپۆلەکان و تۆفانەکانی زیخ و ڕەڵمی سەر گابەردەکانی ژێر ئاوەکەدا سەرکەون و دوای حەوت ساڵ بگەنەوە بەندەری "سیو" لە ئاوە شینەکاندا.

لە وڵاتــی ڕەشــدا گۆڕانکــارییەکی زۆر ڕووی دابــوو. فیرعەونــی بێــبەزەی نــوێ بە "خافرێ"(١٤) ڕایگەیاند بوو کە جگە لە بینای هەرەمی دووەم کە بڕیار بوو بۆ هەزاران ساڵ ناوی زیندوو بمێنێت، هەموو شتێکی تر لەبیر بکەن. گەڕانەوەی ئەو گروپە لە گەشتی حەوت ساڵە چاوەڕوان نەکراو بوو. فیرعەون کاتێک تێگەیشت زەوی و دەریا سنوریان نادیارە و تایەفە و نەتەوەی بەهێز و جیاواز لە باشوردا دەژین، نائومێد بوو. بروجێد، فیرعەونی نوێ کە خۆی بە حاکمی جیهان دەزانی، ئاگادار کردەوە کە وڵاتی تاکیوم خاڵێکی بچووکە لە دنیای گەورەدا. دنیا پڕە لە دارستان، ڕووبار، میوەجات و ئاژەڵ و تایەفە و نەتەوەی جیاواز و لێزان و کارزان، لە ڕاو کردن و کارکردندا تێیدا دەژین.

وتەی نێردراوەکان، فیرعەونی تووڕە کرد. ئەو هاوڕێکانی بروجێدی بۆ ویلایەتێکی دوور، دوور خستەوە و هەر چەشنە باس کردنێکی ئەو گەشتەی بە هەڕەشەی ئیعدام، یاساخ کرد. نوسراوە بەجێماوەکانی جێدپێرای کە باسیان لە ڕەوانە کردنی گروپی نێردراو بۆ وڵاتی ئەڕواح و باشور دەکرد، لەناو بران. ئەگەر پیاوچاکی پیر و ئاقڵی ئایینی "توت" خودای پەروەردە، نیگار و هونەر نەبووایە، بروجێدیش دەکەوتە بەر تووڕەیی فیرعەون و هەموو بیرەوەرییەکانی گەشتەکەی بۆ هەمیشە لەنێو دەچوون. ئەوە، هەر ئەو پیاوچاکە ئایینیە بوو کە بە فیرعەونی گوتبوو، هەوڵی دۆزینەوەی سنورەکانی دنیا بدات و بۆ وڵات کە بە دروست کردنی بیناکانی هەرەمی گەورە توشی هەژاری ببوو، لە سەرچاوەیەکی نوێی ئابووری بگەڕێت. خودی ئەو پیاوچاکە بە فەرمانی "ڕا"(١٥) ناچار بوو وڵاتی فیرعەونی تازە بەجێهێڵێت و بە ئەسپاردنی مەکۆیەک بە بروجێد لە پەرستگەی نهێنی توت، یارمەتی بەو بکات کە کتێب، نەخشە و نمونەیەک لە بەرد و گیای وڵاتانی دووردەستی لێ

بشـارێتەوە. بە فەرمـانی ئەو پیـاوە ئـایینیە، گەشـتی درێژخـایەنی بروجێـد لەسـەر تاشـە بەردەکـان تۆمـار کـرا و لە ژێرخـانێکی دوور لە چـاوی خەڵـک ڕاگیـرا بـۆ کاتێـک کە وڵات پێویستی بەو زانیارییانە دەبێت.

بروجێد پارچەیەک بەردی لوسی سـەوز و شینی لەگەڵ خـۆی هێنـابوو کە بـۆ خەڵکی تـاکیوم نەناسـراو بـوو. ئەو، بەردەکەی لە دوورتـرین وڵاتـی ئەوبەری ڕوبـاری گەورەی باشـورەوە لەگەڵ خـۆی هێنـابوو. ئەو جـۆرە بەردە لە وڵاتـی دەشـتە ئاوییەکـانی نـاوچەی باشـوری ڕوبـاری گەورە دەسـت دەکەوت کە بە مەودای سـێ مانـگ لە وڵاتـی ڕەش دوور بوو. بروجێد ئەو هێمـایەی لە دوورکەوتـووترین نـاوچەی زەوی پێشـکەش بە خـودای تـوت کرد. ئەو بەردە، هەمان ئەو بەردە بوو کە یاخمۆس لەسەر پایەی پەیکەرێکی هەڵگرتبوو.

یـاخمۆس نەیتوانیبـوو هەمـوو داسـتانی ئەو گەشـتە لەسـەر دیوارەکـانی ژێرخـانی پەرستگەکە بخوێنێتەوە. ئەو گەیشتبووە سەر باسی باخە سەرسوڕهێنەرەکانی گەشتەکەی لە ئـاوی شـیندا کە چـراکەی کوژابـووەوە و لە کاتێکـدا تەنیـا ئەو بەردەی پێبـوو، بە دژواریەکـی زۆر لە ژێرخـانەکە هـاتبووە دەر. ئەو بەردە کریسـتاڵە، کە هـی وڵاتە دووردەستەکان بوو، لە ڕونـاکی ڕۆژدا جوانتر بوو. یـاخمۆس ئەوی لای خـۆی ڕاگرتبوو، بەڵام ئەو شانسێکی باشی بۆ نەهێنابوو.

پاندیۆن گەشتێکی دووری بۆ وڵاتی باوکەکانی لەپێش بوو، و یاخمۆس هیـوادار بـوو کە ئەو بەردەی کە بروجێد لە گەشتە چاوەڕوان نەکراوەکەی هێنابووی، یـارمەتی بەو یۆنـانییە گەنجە بکات لە گەڕاونەوەیدا بۆ وڵاتەکەی. پاندیۆن پرسی:

**- (ئایا پێشتر شتێکت دەربارەی ئەو گەشتەی بروجێد نەدەزانی؟)**

- (نا، باسی ئەو گەشـتەیان لە خەڵکی کومـت شـاربووەوە، وڵاتـی پانـت پێشـتر بـۆ ئێمە ناسـراو بـوو، و کەشـتییەکانی کومـت زۆر جـار چووبـوون بـۆ ئەو جێیە، بەڵام وڵاتە دوور کەوتووەکانی باشور بۆ ئێمە، وەک وڵاتێکی نەناسراوی ئەڕواح مابوونەوە.)

**- (ئایا دەکرێ هیچ هەوڵێکی تر بۆ چوون بۆ ئەو کیشوەرانە نەدرابێت؟ ئایا کەسـێکی تر باسی لە گەشتێکی بەم جۆرە نەکردوە؟)** یاخمۆس ماوەیەک فیکری کردەوە، نەیدەزانی چۆن وڵامێک بەو بێگانەیە بداتەوە و گوتی:

**- (شازادەکانی باشور، پارێزگارەکانی پارێزگاکانی باشوری تاکیوم زۆر جار گەشتی هەرێمەکانی باشوریان کردوە، بەڵام ئەوان بە تەنیا لەسەر دەسکەوتی، شفرەی فیلەکان و**

**زێڕ و ماسییە هێنراوەکانیان بۆ فیرعەونەکان نوسیوە. لەبەر ئەوە جادەکان بە نەناسراوی ماونەتەوە و دواتریش هیچ کەس هەوڵی نەداوە دوورتر لە وڵاتی پانت، کەشتی بەرەو باشور بەرێت. ئەوە کارێکی زۆر مەترسیدارە و ئەمڕۆ وەک ڕابردوو، پیاوی ئازا و نەترس نییە.)** پاندیۆن بە پێداگری پرسی:

- **(ئاخر بۆچی کەسێک ئەو نوسراوانەی نەخوێندوەتەوە؟)** میسرییەکە وەڵامی دایەوە:

- **(نازانم، ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بدەمەوە.)**

دیارە، یاخمۆس لەوە نەدەگەیشت کە خوداکان و پیاوە ئاینییەکان کە خەڵک وەک زانا و ڕاگری نهێنییەکانی کۆن، باوەڕیان پێهێنابوون، ماوەیەکی زۆر بوو، ئەو تایبەتمەندیەیان لەدەست دابوو. زانستی ڕو لە نەمانی ڕابردوو، لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا خۆی لە سێحر و جادودا دەدیتەوە و بەڵگەنامە زانستییەکانی ساڵانی ڕابردوو لە قەبرە وێرانەکاندا ڕزیبوون. پەرستگەکان وێران ببوون و هیچ کەس سەرنجی بە مێژووی نوسراوی وڵات لەسەر بەردەکان نەدەدا. یاخمۆس نەیدەتوانی بزانێت چارەنوسی گومانـاوی زانست ئەگەر لە هێزی لەبن نەهاتووی خەڵک جیا کرابێتەوە، خۆی لەنێو کۆمەڵێکی بچووکی تازە پێگەیشتوودا دەبینێتەوە و بەم جۆرە....

دەرکەوتنی خۆر کۆتایی بە تاریکی شەو هێنا. پاندیۆن بە هەستی نائومێدی لەو میسرییە چارەڕەشە کە هیچ ئومێدی بە ئازادی نەمابوو، ماڵئاوایی کرد. یۆنانییە گەنجەکە دەیویست خەنجەرەکە بەرێت و بەردە کریستاڵەکەش بۆ یاخمۆس بەجێبهێڵێت. میسرییەکە گوتی: **(مەگەر نازانی من ئیتر پێویستیم بە شتێک نیە؟ بۆچی دەتەوێ ئەو بەردە جوانە لەو کونە قێزەونەی کۆمەڵگادا فڕێ بدەم؟)**

پاندیۆن خەنجەرەکەی بە ددانەکانی گرت و بەردەکەی هەڵگرت و لە کاتێکدا لەسەر چینچکان، بە سێبەردا خوشی و بەبێ مەترسی گەیشتەوە ژورەکەی. ئەو تا دەرکەوتنی خۆر خەریکی بیرکردنەوە بوو. هەموو لەشی دەلەرزی و ڕومەتی سور ببووەوە. درێژ ببوو، و بیری لە گۆڕانێکی گەورە دەکردەوە کە خەریکبوو لە ژیانیدا ڕوویدەدا و بیری لە ژیانی دووپات بووەوەی هاوشکڵ و هەڕەشەی ڕۆژانی ماندووکەرو بەئازار و نائومێدییەکانی دەکردەوە.

کونێک کە ژوری زیندانەکەی بوو، ڕوناک بووەوە و کەلوپەلە قێزەونەکەی کە هەموو سامانی پێکدەهێنا، بەرەبەرە لەبەر ڕوناکیدا بە دیار کەوتن. پاندیۆن خەنجەرەکەی لەبەر

ڕوناکیدا ڕاگرت. تیغی خەنجەرەکە پان و برۆنزی ڕەش[١٧]بوو. لێواری پێشەوەی تیژ و باریک، دەسکی ئەستور و لێواری پشتەوەی پان و زەق بوو. پاندیۆن بەو خەنجەرە، ژێر دیـواری ژورەکەی کـۆڵی و دیـاریی پیـاوە میسـرییەکەی تێـدا شـاردەوە. لەپـڕ بەردە کریستاڵەکەی بەبیر هاتەوە. لۆدە کایەکانی نێو ژورەکەی گەڕا و بەردەکەی دۆزییەوە و بۆ پشکنینی زیاتر لەبەر ڕوناکیدا تەماشای کرد. لای پانایی بەردە کریستاڵەکە هێڵێکی باریکی تێدابوو، ڕەنگی سەوزی نزیک بە شینی زۆر ڕون و شەفاف بوو. هەرکە پاندیۆن بەردەکەی لەسەر پەنجەی دەستی دانا و تیشکی خۆر لە بەرزایی ئاسمانەوە لێی دا، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، ڕەنگی گۆڕا بۆ سەوزی تێکەڵاو بە شینی ڕەوشەن و دواتریش ڕەنگی شەڕابێکی ڕون و زێڕین بەخۆیەوە گرت. ڕەنگی ئەو بەردە شتێکی بە بیر پاندیۆن هێنایەوە کە زۆری بۆ ئاشنا بوو، و کاردانەوەی قوڵی لەسەر دڵی قورس و گیراوی دانا.

ئەو Thalssa واتا دەریا بوو! کاتێک خۆر دوور لە کەنارەکان، لە بەرزایی ئاسمانی شینەوە، لە دەریا دەدات، دەریا بە دروستی ئەو ڕەنگە بەخۆیەوە دەگرێت. Nsturas واتە بەردی خودایی، ناوێک بوو کە یاخمۆسی چارەڕەش لەسەری دانابوو. ئەو بەردە وەک موعجزەیەک، لەو بەیانییە خەمهێنەرەدا بۆ پاندیۆن بە شانس بوو. دیاریی ماڵئاوایی کردن لە یاخمۆس، خەنجەرێک و ئەو بەردە بوو کە وەک سامانێکی نەناس بە پاندیۆن گەیشت. پاندیۆن لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو بەردە مـوژدەی گەڕانەوەی بـۆ دریـا پێدەبەخشـێت، دەریایەک کە خیانەتی پێ ناکات و ئەو دەگەڕێنێتەوە نیشتمانی باوکانی. یۆنانیی گەنج بە وردی تەماشای بەردەکەی دەکرد و لەودا قوڵایی ڕونی شەپۆلەکانی کەنارەی نیشتمانەکەی دەدیت....

دەنگی هەڕەشە کەری دەهۆڵ، بە هێمای هەستان لە خەو، و ئامادە بوونی کۆیلەکان بۆ چوون بۆ کاری ڕۆژانە، گەیشتە نێو ژورەکان. پاندیۆن بڕیارێکی بە پەلەی دا کە ئەو بەردە زۆر گرنگە لەخۆی جیا نەکاتەوە. ئەوە هێمای دەریای ئازاد بوو، لە وڵاتی تۆز گرتووی کۆمەڵگادا. دەبا، هەمیشە بەردەکەی لا بێت. دوای هەندێک بیرکردنەوە، سەرئەنجام ڕێگەیەکی بۆ شاردنەوەی بەردەکە لەنێو فۆتەی بەریدا دۆزیەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ماوەیەکی زۆری بۆ شاردنەوەی خەنجەرەکە نەویست، بەڵام کاتی خواردنی بەیانی هەندێک بەسەر چووبوو.

گەنـجە یۆنـانییەکە، لە ڕێگـای چـوون بـۆ جێـی کـاری ڕۆژانە لە باخەکانـدا، بە وردی کاڤیۆسی خستە ژێرچاوی و تێگەیشت وتروسکی یەکە یەکە لەگەڵ گەورەکانی کۆمەڵگا کە بۆ پاندیۆن ناسـراو بـوون، پەیـامی کورت دەگەیننە یەکتر. ئەوان دەسـبەجێ لە وتروسـکی دوور دەکەوتنەوە و لەگەڵ لایەنگرانیان قسەیان دەکرد.

پەیکەرتاشی گەنج، هەلێکی ڕێکی هەڵبژارد و لە کاڤیۆس نزیک بووەوە. وتروسکی بەبێ بەرز کـردنەوەی سـەری لەسـەر بەردێک کە خەریکی تاشینی بـوو، بە ئـارامی و بە پەلە و بەبـێ ئەوەی کە پشـو تـازە بکـاتەوە، پرۆگـرامەکەی بە پانـدیۆن گەیانـد: (**ئەمشـەو، بەرلە دەرهاتنی مانگ لە دالانی کۆتایی دیواری باکور....)**

پانـدیۆن چـووەوە شـوێنی کـارەکەی و کـاتی گەڕانەوە بـۆ کۆمەڵگـا، لەنێـوان ڕێـگەدا، پەیامی کاڤیۆسی بە کیدیگۆ گەیاند. یۆنـانییە گەنـجەکە ئێـوارەی ئەو ڕۆژەی لە چاوەڕوانیدا تێپەڕ کـرد. مـاوەیەکی زۆر بـوو، ورەی بەم جـۆرە بەرز و ئامـادە بـۆ بەربەرەکـانی نەبـوو. هەرکە ئـارامیی بـاڵی بەسـەر کۆمەڵگـادا کێشـا و ئێشـکچیەکان لەسـەر دیوارەکانـدا خەو دەیبردنەوە، کیدیگۆ چووە نێو ژوری پاندیۆن. هەردوو هاوڕێ بەپەلە بەرەو دیوار خزان و خۆیان گەیاندە نێو دالانێکی تەنگ و بە نێوان ژورەکاندا دەوریـان لێدا. ئەوان گەیشـتنە لای باشـور کە لە هەمـوو جێیەکـانی تـر تـاریکتر بـوو. ئێشـکچیەکان بە هەڵـکەوت بەسـەر ئەو دیـوارەدا نەدەگەڕان و دیوارەکـانی بەشـی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوایـان بـۆ ئاسـانتر بـوو کە هاتوچۆی بەسەردا بکەن و دەیانتوانی لەوێوە کۆمەڵگاکە بخەنە ژێر چاویـان و ئاگایـان لە دالانەکـان بێت. لەبەر ئەوە، لێرەدا ئەو مەترسـییە نەبـوو کە ئێشـکچیەکان دەنگـی ئارامیـان ببیسن.

لەو دالانەدا نزیکەی شەست کۆیلە لە دوو ڕیزدا، پێیـان بەرەو دیـوار و سـەریان بەرەو یەکتر درێژ کردبوو. کاڤیۆس و "ڕەمدۆس" لە ناوەڕاستیان بوون. وتروسـکی بە تەمەنتر بە ئـارامی پانـدیۆن و کیـدیگۆی بانگ کـردە لای خـۆی. یۆنـانییە گەنـجەکە لە کاتێکدا خەریکی دۆزینەوەی دەستی کاڤیۆس بوو، خەنجەرەکەی لە کەمەری کردەوە و لێی نزیک بـووەوە و خەنــجەرەکەی دایە دەسـتی. کـاڤیۆس هەسـتی بە ئاسـنێکی سـارد کـرد. لێـوی تیـژی خەنجەرەکە هەندێک دەستی بریندار کرد. ئەو سوپاسی کرد و دەسکی خەنـجەرەکەی تونـد لە دەسـتی خـۆی گـرت. سـەربازە پیـرە لێوەشـاوەکە دەمێک بـوو هەوڵـی بەدەسـتخسـتنی چەکێکـی دەدا و ئەو خەنــجەرە دڵـی خۆشـکرد. هەروەهـا تێگەیشــت بە وەرگرتنــی ئەو

خەنجەرە بە نرخە، بەو واتایەیە کە یۆنانییە گەنجەکە گەورەیی ئەوی قبووڵ کردوە و بەبێ هیچ وتەیەک ئەوی بە فەرماندەی خۆی هەڵبژاردوە.

وتروسکی نەیویست لە پاندیۆن بپرسێت کە ئەو خەنجەرەی لە کوێ بەدەست هێناوە. ئەو، بە ئارامی دەستی بە قسەکردن کرد و بۆ ئەوەی کۆیلەکانی نزیکی بتوانن وتەکانی بۆ هاوڕێ دوورترەکانیان بگوازنەوە، زوو زوو قسەکانی دەبڕی. کۆبوونەوەی سەرۆکەکان دەستی پێکرد بوو، بڕیار بوو سەبارەت بە ژیان و خەبات بۆ ئازادی پێنج سەد کۆیلە لە کۆمەڵگاکەدا بڕیار بدەن. کاڤیۆس گوتی ناکرێ لەوە زیاتر ڕاپەڕین وەدوا کەوێت، چونکە لە ئایندەدا هیوایەک نیە و ئەگەر جارێکی تر کۆیلەکان بەسەر گرووپی جیاوازدا بەش بکەن و ڕەوانەی ناوچەی جیاوازیان بکەن، دۆخەکە لەوە ئاڵۆزتر دەبێت:

**- (ئەو هێزەی کە تەنیا زامنی سەرکەوتنی ئێمەیە لە خەباتدا و بەوپەڕی تێکۆشانەوە هاوکاریمان دەکەن، لە لایەن کاربەدەستەکانەوە لەنێو دەچن. هەر مانگێک کە بەرسەر دیلیی ئێمەدا تێدەپەڕێ، بە واتای کز بوونی تەندروستی و هێزی ژیانی ئێمەیە. مردن لە خەباتدا هەزاران جار ئاسایی تر و خۆشترە لە مردن لە ژێر قامچیان دا.)** سرت و خورتی سەلماندنی ئەو ڕایە لە هەردوو ڕیزی کۆیلەکاندا، لە تاریکیدا بەرز بووەوە. کاڤیۆس درێژەی بە وتەکانیدا:

**- (نابێ ڕاپەڕین دوا بخەین، بەڵام مەرجێک هەیە کە دەبێ لەبەر چاو بگیرێت. ئێمە دەبێ ڕێگای دەرچوون لەم وڵاتە قێزەونە بدۆزینەوە، تەنانەت ئەگەر دوو کۆمەڵگاکانی تریش لەگەڵ ئێمە بکەون و چەکیش بەدەست بخەین، هێزی ئێمە هێشتا لاوازە و ناتوانین بۆ ماوەیەکی زۆر بەربەرەکانی بکەین. دوای ڕاپەڕینی گەورەی کۆیلەکان، حاکمانی کومت هەموو، تێبینییە پێویستەکانیان لەبەر چاو گرتووە و کۆیلەکانیان بەسەر کۆمەڵگای جیاوازدا بڵاوکردوەتەوە. ئێمە پێوەندیمان لەگەڵ ئەوانی تر نییە و ناتوانین هاوکات ژمارەیەکی زۆری خەڵک کۆبکەینەوە. ئێمە ئێستا بە دروستی لە پایتەختین، واتا لە جێیەکین کە ژمارە سەربازێکی زۆری تێدا جێگیر کراوە و ناتوانین بەشەڕ بەم وڵاتەدا ڕێگە بکەینەوە. تیرهاوێژە میسرییەکان، هێزێکی ترسناکن و ئێمە ناتوانین ژمارەیەکی زۆر کەوان بەدەست بخەین و هەمووشمان ناتوانین کەڵکی لێوەربگرێن. ئێزن بدەن زیاتر فیکر بکەینەوە و بەرەو دەشت و بەرەو ڕۆژهەڵات، یان ڕۆژئاوا ڕێگەیەک بدۆزینەوە. ڕەنگە دوای بەجێهێشتنی کۆمەڵگا، خۆمان لە بیاباندا ببینینەوە، ئەگەر نەتوانین دەربچین، لاوایە**

**دەبێ بیری ڕاپەڕین لە مێشکمان دەربێنین، چونکە لە دۆخێکی ئاوادا ڕاپەڕین بێکەڵکە و مردنێکی خەماوی بە دوای خۆیدا دێنێت. کەوابوو ڕێگە بدەن ئەو ژمارەیە لە ئێمە ڕابکەین کە ئامادەین بە بەرچاوی مەرگدا تێپەڕین، بۆ نمونە من ئەو هەوڵە دەدەم.)**

وتروسکی کە ئێستا بێدنگ بوو، گوێی بۆ پچەپچ و هەڵچوونی دەوروبەری ڕاگرت. قسەکانی بەپەلە گواسترانەوە بۆ هەموو کۆیلەکان. لە سەرەتادا ئەشقی بەربەرەکانی لە بیسەراندا زەق ببووەوە، بەڵام ئێستا گومان لەنێو سەرکردە نەترسەکاندا سەریهەڵدبوو. قسەکانی ئومێدی سەرکەوتنی دوور دەکردەوە و وشەکانی تەنانەت ڕوناکی شانسیان لە نێو دەبرد، بە جۆرێک ئازاترین پیاوی شەڕکەریشی دووچاری گومان دەکرد. پچ پچ بە زمانە جیاوازەکان، هەموو داڵانە تاریکەکەی داگرت. کەسێکی بە ڕەگەز سامی لە تایەفەی "ئامو"[١٦] خەڵکی ئەوبەری ئاوەکانی شین، خۆی خزاندە نێوان خەڵکەکە کە هەر چوار هاوڕێی لێ درێژ ببوون. کۆیلەکانی سەربە تایەفەی ئامو زۆربەی دانیشتوانی کۆمەڵگاکەیان پێکدەهێنا. ئەو گوتی:

**- (من پێداگریی لەسەر ڕاپەڕین دەکەمەوە. ئیزن بدەن ژمارەیەکی زۆر لە ئێمە بکوژرێن، بەڵام ئێمە تۆڵە لە خەڵکی ناخۆشەویست و قێزەونی ئەم وڵاتە دەکەینەوە. ئێمە دەبین بە پێشڕەو، با خەڵکێکیتریش درێژە بە ڕێگەی ئێمە بدەن. زۆر دەمێکە کومەت لە ئاسایشدا دەژی و ستەمکاریی ئیرادەی خەباتی لە ملیۆنان کۆیلە دوور کردوەتەوە و ئێمە ئاگری ڕاپەڕین و شۆڕش لە دڵی کۆیلەکاندا ڕەوشەن دەکەینەوە.)** کاڤیۆس قسەکانی ئەو پیاوەی بڕی و گوتی:

**- (جێی خۆشحاڵییە کە تۆ بەم جۆرە فیکر دەکەیەوە، تۆ پیاوێکی ئازای، بەڵام ڕێنوێنی تۆ بۆ ئەوانە چیە کە هانیان دەدەی؟)** سامییەکە بە هەڵچونەوە وەڵامی دایەوە:

**- (هەر ئەم قسانەیان پێدەڵێم.)** وتروسکی بە ئارامی گوتی:

**- (ئایا دڵنیای کە ئەوان بە قسەت دەکەن؟ حەقیقەت تاڵە..... و درۆ کردن لەم هەلومەرجەدا بێ ئاکامە، خەڵک بە ئاسانی هەست بە ڕاستییەکان دەکەن و بۆ ئەوان حەقیقەت شتێکە کە لە دڵیان دایە.)**

پیاوە سامییەکە وەڵامی کاڤیۆسی نەدایەوە. لەو کاتەدا پیاوێکی کز و چالاک "ئەخمی"[١٨] کە خەڵکی لیبیا بوو، لەنێوان ڕیزی پیاوەکانی خواربۆوە بەرەو پێشەوە، ڕێککوشرا.

پاندیۆن دەیزانی ئەو کۆیلە گەنجە لە شەڕی "هورنس ئیف ئارت"[١٩]دا بەدیل گیراوە و سەربە بنەماڵەیەکی نەجیبە. ئەو بە دڵنیاییەوە گوتی:

**– (نزیکترین گۆڕستانی کۆنی پاشاکانی کومت لە نزیک شارەکانی "تسمیس"[٢٠] و "بایدۆس"[٢١]ە. لەوێ جادەیەک بەرەو باشوری ڕۆژهەلات، واتا "واهێت وێر"[٢٢] دەچێت و ئەویش ناوچەیەکی سەرسەوزە لە بیاباندا. لەو جادەیەدا کۆمەڵێکی زۆر چاڵاو هەبوو کە لەلایەن سەربازەکانەوە چاودێریان بەسەردا نەدەکرا.)**

ئەوان دەبووایە دەسبەجێ بە پشت پەرستگەی "زشیر- زشیرو"دا بچن بۆ بیابان و بەرەو باشوری ڕۆژئاوا بادەنەوە. لە ١٢٠ کوبیتی[٢٣] ڕوباردا بە جادەیەکدا بڕۆن. پیاوە لیبیایەکە بردنی ئەوانی بەو جادەیەدا و دوورتر لەوێش لە ئەستۆ گرت و گوتی لەو ناوچە سەرسەوزەدا سەربازێکی کەم هەبوو. ڕاپەڕینی ئەوان بە ئاسانی دەیتوانی بەسەریاندا زاڵ بێت. قۆناخی دوایی تەنیا مەودایەکی ٢٥ هەزار کوبیتی دەگرتەوە و بە نێوان ئەو بیابانەدا بەرەو ڕۆژئاوا، بە دۆڵێک و ڕێگەیەکی درێژدا دەگاتە دەشتێکی سەرسەوزی تر بەناوی "پاشت"[٢٤]. دیسانیش کەمێک دوورتر دەگەیشتە دەشتی سەرسەوزی "موت"[٢٥] کە لەوێوە بە جادەیەکدا کە چاڵاوی لێبوو، دەگەیشتە تەپۆڵکەکانی "میاد سێرپێنت"[٢٦]. لەوێشەوە ڕێگەیەک بەرەو باشور دەچوو بۆ وڵاتی ڕەشەکان کە لیبیاییەکە شتێکی دەربارەی ئەوان نەدەزانی. کیدیگۆ گوتی:

**– (من ئەو جادەیە دەناسم. یەکەم ساڵی دیلیم لەوێ تێپەڕ کردوە. خورمایەکی زۆر لەو ناوچە سەرسەوزەدا هەیە و دەتوانین لەوێ پشوو بدەین. هەروەها هیچ بەرگرێکی سەربازیی لەوێ نیە و دەتوانین ئاژەڵی بارکێش لەگەڵ خۆمان بەرین و بە یارمەتی ئاژەڵەکان دەچین بۆ "مار مردوو" و بەدوای ئەوێشدا، لەوبەری کەنداوی خوێ، ئاوێکی زیاترمان چنگ دەکەوێت.)** بەگشتی پلانی پیاوە لیبیایەکە پەسەندکرا. ئەو پلانە بەتەواوی دەرەتانی بەڕێوەبردنی هەبوو، بەڵام کاڤێۆس بە تێبینییەوە پرسیاری زیاتری لێ کرد:

**– (ئایا دڵنیای لە ١٢٠ هەزار کوبیتیدا، بیری ئاو هەبێت؟ ڕێگەیەکی درێژە.)** پیاوە لیبیایەکە بە ئارامی وەڵامی دایەوە:

**– (ڕەنگە کەمێک زیاتر بێت، پیاوێکی بەهێز دەتوانێ بەبێ ئاو، ئەو ڕێگایە ببڕێت. ئێمە دەبێ لە نیوەشەودا دەرچین و بەبێ ڕاوەستان بڕۆین، چونکە مرۆڤ پتر لە ٢٤ کاتژمێر بەبێ ئاو، ناتوانێ زیندوو بمێنێت و ناتوانێ پاشنیوەڕۆیانیش درێژە بە ڕێگە بدات.)**

یەکێک لە ئاسیاییەکان کە کەسێکی "هیریوشایی" بوو پێشنیازی کرد هێرش بکرێتە سەر جادەیەک کە بەرەو بەندەری "سیو" دەچوو. سەرەڕای ئەوە کە پێشنیازەکەی ئەو سەرنجی زۆربەی کۆیلە ئاسیاییەکان و هەروەها ئاموەکانی بەرەو خۆی ڕاکێشا، بەڵام چوونکە دەرەتانی شەڕ کردن بەرەو ڕۆژهەڵات نەبوو، پێشنیازەکەی پەسەند نەکرا.

پلانی لیبیاییەکە ئومێدێکی زیاتری لێ چاوەڕوان دەکرا. سەرەڕای ناکۆکی لە نێوان ئاسیاییەکان و ڕەش پێستەکاندا، جادەیەک کە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەچوو، ئاسیاییەکانی زیاتر لە وڵاتی باوکانیان دوور دەکردەوە، بەڵام بۆ ڕەشەکان و لیبیاییەکان، ئەو جادەیە قازانجی زیاتری هەبوو. لیبیاییەکان هیوادار بوون دەشتە سەوزەکان بگەنە باشور و لەوێوە بگەڕێنەوە خاکی وڵاتی خۆیان کە لەژێر دەسەڵاتی میسرییەکاندا نەبوو. پاندیۆن و وتروسکی بڕیاریاندا لەگەڵ لیبیاییەکان بچن. کەسێکی "نوبییایی"[٢٧] هەندێک بەتەمەن، گوتی ڕێگایەک بەرەو باشور دەزانێ کە بە نزیک قەڵاکانی وڵاتی ڕەشدا تێدەپەڕێت و بە نێوان دەشتەکانی نوبیادا دەگاتە ئاوە شینەکان و بەم وتەیە، هەموو ئارام بوونەوە.

خەرمانەی باریکی مانگ بەسەر گردەکانی سەر بیابانەکاندا هەڵکشا، بەڵام کۆیلە ڕاپەڕیوەکان هێشتا خەریکی دارشتنی پلانەکەیان بوون. ئەوان وردەکارییەکانی ڕاپەڕینیان شی دەکردەوە و بۆ هەر گروپێک، سەرکردەیەکیان هەڵبژارد. بڕیاریاندا دوو شەوی تر، دوای تاریک بوونی کەش دەست بە ڕاپەڕن بکەن. شەست کۆیلە بە ئارامی گەڕانەوە شوێنەکانی خۆیان لە کۆمەڵگاکەدا. لە کاتێکدا لەسەر سەریان، ئێشکچییەکان لەژێر ڕوناکی کزی مانگ، لە ئاسماندا دەبیندران، هیچ شتێکیان سەبارەت بەو شتانە نەدەزانی کە لەژێر پێیاندا بەرێوەدەچوو. ئەوان وەک هەمیشە، بە سوکایەتی دەیانڕوانیە ئەو کەسانەی کە لە کونە تاریکەکانی ژێر پێیاندا نوستبوون.

کارەکانی ڕاپەڕین بە هێمنی و زۆر بە نهێنی لە ڕۆژ و شەو و ڕۆژی دواییدا درێژەی هەبوو. سەرکردەکان بەهۆی ترسیان لە خائینەکان، تەنیا لەگەڵ ئەو کەسانە قسەیان دەکرد کە جێی متمانەیان بوون. ئەوان دڵنیا بوون، کاتێک ئێشکچیەکانیان هەڵگرت، ئەوانی تریش لەگەڵ گروپەکانی ڕاپەڕیو دەکەون.

شەوی ڕاپەڕین گەیشت. گروپەکان لە تاریکیدا کۆبوونەوە و بۆ هەرکام لە سێ دیوارەکانی باکور، باشور و ڕۆژئاوا، گروپێک دەسنیشان کرا. لەژێر دیواری لای

ڕۆژهەڵاتیش دوو گروپ کۆبوونەوە. ڕاپەڕیوەکان بە توندی کارەکانیان بەڕێوە بردبوو. کاتێک کاڤیۆس بە هێمای دەسپێکردن بە هێرش، بە بەردێک لە گۆزەیەکی سەراوبنی دا، حەفتا ڕاپەڕیو کە پێشتر لە ژێر دیوارێکی لێژدا ئامادەی هێرش بوون، لە هەموو لایەکەوە وەجووڵە کەوتن.

کاڤیۆس، پاندیۆن، ڕەمدۆس و کیدیگۆ لەنێوان یەکەم کەسانێکدابوون کە لە دیوارەکە سەرکەوتن. یۆنانییە گەنجەکە، بەبێ هیچ بیرکردنەوەیەک خۆی خستە خوارەوە و دوازدە کەسی تریش لە تاریکی شەودا وەدەر کەوتن. پەیکەرتاشی گەنج، سەربازێکی گرت کە لە شوێنی ئێشکچییەکان دەرکەوتبوو، و ملی بادا و ئێسکی پشتی بە ئارامی تێکشکاند، بە جۆرێک کە لەشی ئەو سەربازە میسرییە، بەسەر دەستی پاندیۆندا خوار بووەوە. لە دەوروبەریدا، کۆیلەکان دوژمنی قێزەونیان دەدۆزیەوە و بە دەستی بەتاڵ، پەلاماری چەکەکانیان دەدان. هەر سەربازێک کە دەیویست لە بەرامبەر هێرشی کۆیلەکاندا بوەستێت، کۆیلەکانی تر دەکەوتنە سەری و دەستی بە چەکیان دەگەستن و پەنجەیان لە چاویان ڕادەکردن و چەکیان دەکردن. کەسانێک کە توانیبوویان خەنجەر، یان نێزە بەدەست بخەن، چونکە هەستیان بە چەکێکی مەرگهێنەر لە دەست خۆیاندا دەکرد، شێلگیرانەتر پەلاماری دوژمنیان دەدا.

پاندیۆن بە شمشێرێک کە لە میسرییە کوژراوەکەی بەدەست خستبوو، لە ڕاست و چەپەوە لێیدەدان. کیدیگۆ بە تیرێکی درێژ کە بۆ گواستنەوەی ئاو کەڵکیان لێ وەردەگرت، شەڕی دەکرد. کاڤیۆس چووە سەر پردێک و خۆی هاویشتە سەر چوار سەرباز کە لەپێش دەرگای ناوەوەدا ئێشکیان دەدا. میسرییەکان شڵەژان و کاتێک ڕنوویەک لە مرۆڤی بێدەنگ بەسەریاندا کەوتن، دوای بەربەرەکانییەکی کەم، لەنێو چوون.

کاڤیۆس بە دەنگێکی بەرز بە واتای سەرکەوتن، دەرگا قورسەکانی لەسەر کۆیلەکان کردەوە و هەموویان هێرشیان کردە ژوری فەرماندەی سەربازەکانی کۆمەڵگا و ئەو کۆمەڵە سەربازانەیان کوشت کە دوای گۆڕانی پۆستی ئێشکەکەیان لە خەودا بوون.

شەڕ لەسەر دیوارەکان، توندتر بوو. نۆ سەرباز لەسەر دیوارەکان، بە هێرشی کۆیلەکانیان زانیبوو. ئەوان تیرەکانیان لە کەوان دەرچوو و دڵی ئاسمانیان بڕی و ناڵەی بریندارەکان و دەنگی بەربوونەوەی تەرمی کوژراوەکان، بێدەنگی وڵاتیان دەشکاند، بەڵام نۆ میسرییەکان نەیانتوانی بۆ ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر سەد کۆیلەی تووڕەدا بمێننەوە.

کۆیلەکان، خۆیان دەخستە سەر نێزەکانیان و ئەوانیان لەگەڵ خۆیان لە سەر دیوارەکانەوە دەخستە خوارەوە. ئەوان، سەرباز و مەئمورەکانیان لەنێوان دوو دیواری تەنگدا کۆکردەوە و بە کلیلی دەرگای دەرەوەی کۆمەڵگاکە کە پێشتر لە فەرماندەکەیان وەرگرتبوو، دەرگاکەیان بە جیڕە جیڕی گوێ کەڕکەر بە نێوان لولەی ژەنگ گرتوودا بە واتای سەرکەوتن، کردەوە.

خەنجەرەکان، نێزەکان، مەتاڵەکان و کەوانەکان بە تێکڕا لە سەربازەکان وەرگیران. کۆیلە چەکدارەکان کەوتنە پێش ئەوانی تر و هەموویان لە بێدەنگییەکی قوڵدا بەرەو ڕووبار وەڕێکەوتن و لە هەموو گەمی و لۆتکەکان بۆ پەڕینەوە لە ڕووبار کەڵکیان وەرگرت. چەند کەسیان لە ڕووبارەکەدا خنکان و بوون بە خۆراکی ئەو تیمساحانەی کە لە ئاوەکانی تاکیومدا بوون. هێشتا دوو کاتژمێر تێنەپەڕیبوو کە کۆیلە کەمین شکێنەکان، لەوبەری ڕووبار گەیشتنە کۆمەڵگایەک کە لەسەر ڕێگای پەرستگەی زیشر- زیشرو بوو.

کاڤیۆس، پاندیۆن و دوو لیبیایی بە ئاشکرا بەرەو دەرگای کۆمەڵگاکە چوون و لە دەرگایاندا. نزیکەی ١٠٠ کۆیلەش خۆیان لەژێر سێبەری دیوارەکان شاردەوە. لەسەر بانی کۆمەڵگاکەوە، سەربازەکان پرسیان: چیتان دەوێ؟ یەکێک لە لیبیاییەکان کە بە ڕوونی زمانی کومتی دەزانی، داوای فەرماندەی کۆمەڵگایەکەی کرد و گوتی لەلایەن سەرۆکی بەشی کاروباری سەڵتەنەتیەوە نامەیەکی پێیە. هەندێک دەنگی تر لەنێو سەربازەکاندا بیسترا. مەشخەڵێکیان هەڵکرد و دەرگایان کردەوە. حەوشەیەکی چۆل کە دەتگوت هەر ئێستا بەجێیان هێشتوە وەدەر کەوت. فەرماندە لەنێوان سەربازەکاندا هاتە پێشەوە و داوای نامەکەی کرد. کاڤیۆس بە گورزەیەکی بەرز پەلاماری فەرماندەکەی دا و خەنجەری یاخمۆسی لە دڵی ڕاکرد. لە هەمان کاتدا، پاندیۆن و لیبیاییەکانی تر پەلاماری سەربازەکانی تریان دا و کۆیلە پڕچەکەکانیش کە ئامادەی پەلاماردان بوون، کەڵکیان لە هەل وەرگرت و بە گوڕە و دەنگی ترسناک خۆیان گەیاندە نێو کۆمەڵگاکەوە.

مەشخەڵەکان کوژانەوە و تاریکیی کەشی پڕکرد لە ناڵە و قیژە و گوڕەی جەنگی. پاندیۆن بە زوویی دوو دوژمنی کوشت و دەرگای ژوورەوەی کۆمەڵگاکەی کردەوە. لەو کاتەدا کۆیلەکان لێرە و لەوێ، بە زمانی خۆیان داوای ڕاپەڕینیان لە هاوڕەگەزە شڵەژاوە، لەخەو ڕاپەریوەکانیان کرد. داوای کۆیلەکان بە زمانی نەتەوەییان، هەموو کۆمەڵگاکەی لە خۆ گرت. کۆمەڵگا وەک پوورەی هەنگ "هێلانەی مێش هەنگوین"، پڕ بوو لە وزە وز.

دەنگەکان ڕونتر بوونەوە و کۆمەڵگاکە خۆی لە ڕاپەڕینێکی گشتیدا دیتەوە. سەربازەکانی سەر دیوارەکان شڵەژا بوون و بەوبەر و ئەمبەری دیوارەکاندا دەچوون و هەندێک جاریش بەبێ ئامانج تیرێکیان دەهاویشت. شەڕ لە داڵانە تەنگەکاندا کۆتایی هات و لە حەوشەی کۆمەڵگاکەدا چەند تیریان لە سەربازەکاندا و بەم جۆرە دووەمین کۆمەڵگا ئازاد بوو.

گروپی کۆیلە ئازادکراوەکان کە لە ڕزگاربوونی بە پەلەی خۆیان خۆشحاڵ بوون، لە دەرگاکانەوە هاتنەدەر و بەبێ سەرنجدانیان بە فەرمانی ڕزگارکەرەکانیان، بە هەموو لایەکدا بڵاو بوونەوە. لە ماوەیەکی کورتدا، قیژە و هاواری ترسناک لە ماڵەکان بەرز بووە و ئاگر چەندان ماڵی لە خۆی گرت.

کاڤیۆس بە سەرکردەکانی ڕاگەیاند کە هاوڕێکانی کۆمەڵگای خۆیان کە پێشتر پەروەردە کرابوون، کۆ بکەنەوە. وتروسکی بە توندی چوو لە فیکرەوە و پەنجەی خستە نێو ڕیشی و تەماشای لای باشور واتا ئەو جێیەی کرد کە بڕیاربوو، بەرەو ئەوێ بچن. ئاگر، هەموو ناوچەکەی ڕوناک کردبوو.

کاڤیۆس بیری لەوە دەکردەوە کە ڕزگار کردنی کۆیلەکانی دووەم کۆمەڵگا، بەرلە کاری سەرەتایی لە نێوانیاندا، کارێکی هەڵە بووە. ئەو کە پێشتر هاوڕێیانی خۆی لەگەڵ ئامانجە هاوبەشەکانی خەبات ئاشنا کردبوو، ئێستا پەیوەست بوونی ئەو گروپە نوێیە کە پێشتر ئامادە نەکرا بوون و بە شێوەی تاک هەڵدەسوڕان و سەرخۆشی تۆڵە سەندنەوە بوون، ئاکامی زیانبەخشی بە دوای خۆیدا دەهێنا. دەرکەوت دۆخەکە بەو جۆرە بوو کە ئەو پێشبینی دەکرد. ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەکانی کۆمەڵگای یەکەمیش، وەک ئەوانی تر ڕێگای تاڵان و وێرانکارییان گرتەبەر. ئەوان بەبێ لەبەر چاو گرتنی کات کە هەر خولەکێکیان بۆ گرنگ بوو، کاتێکی زۆریان بەفیڕۆ دا. ژمارەیەکی کەمترین بەرەو کۆمەڵگای سێیەم چوون، ئەو کۆمەڵگایە لە ڕووبەڕووی پەرستگەی زیشر- زیشرو، و نزیکەی هەشت هەزار کوبیت دوورتر لەم کۆمەڵگایە بوو.

کات بۆ گۆڕانکاری لە پلانی ڕاپەڕین نەمابوو. کاڤیۆس پێشبینی دەکرد کە گەلێک کەموکوڕی بکەوێتە سەر ڕێیان. لەوکاتەدا، کە لە کۆمەڵگای سێیەم نزیک دەبوونەوە، وتروسکی چاوی بە سێبەری سەربازەکانی سەر دیواری کۆمەڵگاکە کەوت کە ئامادە بوون و دەنگی هاوار و قیژەی Aatu Aatuی ڕاپەڕیوەکانیان دەبیست کە تیریان پێبوو.

میسرییەکان لە مەودایەکی دوورەوە خۆیان لە بەرامبەر تیری کۆیلەکاندا ئامادە کرد. کۆیلە ڕاپەڕیوەکـان ڕاوەسـتان کە بەسـەر پلانـی هێرشـەکەیاندا بچـنەوە. کۆمەڵگـاکە، بەهـۆی ئامـادەیی لە قەڵایەکـی بەرگـری دەچـوو، و بـۆ داگیرکردنـی، کـاتێکی زۆری پێویسـت بـوو. ڕاپەڕیوەکـان بە دەنگـی بڵنـد دەیانویسـت کۆیلەکـانی نێـو کۆمەڵگـاکە لە خەو هەسـتێنن و ئەوان بۆ پەلاماردانی ئێشکچییەکانی سەر دیوارەکان هان بدەن.

کاڤیۆس کە ئێستا ئیتر بە تەواوی توڕە ببوو، بە هەموو هێزیەوە بەسەر سـەرکردەکاندا گوڕانـدی و هەوڵیـدا ئەوان ناچـار بکـات لە هێـرش بـردن پاشـگەز بکـاتەوە، بەڵام ئەوان هاودەنگییان لەگەڵ نەکرد. سـەرکەوتنی ئاسـان بەدەسـت هـاتوو، ئەوانـی دڵنیـا کردبـوو کە توانای ڕزگار کردنی هەموو کۆیلەکان و داگیر کردنی کومت و هەموو وڵاتیان هەیە.

لە پـڕ، ئەخمـی لیبیـایی بە تونـدی قیژانـدی. قیـژەکەی بە ڕادەیەک بەرز بـوو کە سـەدان سەری بەرەو خۆی سوڕاندەوە. ئەخمی دەستی ڕاوەشـاندو ئامـاژەی بـۆ ڕوبارێـک کـرد کە لە هەڵدێرگەیەکەوە شـۆڕ دەبـووەوە. ڕوبـارەکە، کە کەنارەکـانی پـایتەختی دەشوشـتەوە لە مەودایەکی دوورەوە دیار بوو. هەموو جێیەک بە جووڵەی مەشـخەڵان ڕونـاک ببـوو. دواتـر ئەو مەشخەڵانە کە ڕوناکییەکی کەمیـان مـابوو، هەمـوو لە یەکتر نزیـک بـوونەوە. ڕونـاکییە لاوازەکان لەنێو ڕوبارەکەدا دەرکەوتن و لە ڕۆخی ئەوبەری ڕوبـارەکەدا کە کۆیلەکـانی لـێ بوو، لە دوو ڕیزدا کۆبوونەوە. ئیتر هیچ گومانێک نەما کە کۆمەڵێکی زۆر سەرباز لە ڕوبار پەڕیونەتەوە و پەلەیانە کە شوێنی ئاگر کەوتنەکە و شوێنی کۆبوونەوەی کۆیلەکان گەمارۆ بدەن.

لەم کاتەدا، هێشتا ڕاپەڕیوەکان بە شڵەژاوی لە جێیەکەوە بـۆ جێیەکـی تـر ڕایاندەکرد و لە هەوڵی پەلامـاردانی کۆمەڵگایەکەدا بـوون. هەنـدێکیان تێدەکۆشـان بە ئـاو درێکدا خۆیـان بگەیەننە نێو کۆمەڵگاکە و ئەوانی تریش، تیرە بە نرخەکانیان بەبێ ئامانج دەهاویشت.

کـاڤیۆس، لەپـڕ چـاوی لە سـێبەری کۆیلەکـان کـرد و تێگەیشـت زیـاتر لە ٣٠٠ کەس کە توانای بەربەرەکانیـان هەبـوو، لە گـروپەکەدا نەمـاون. لەو ژمـارەیە کەمتر لە ١٥٠ کەسـیان کێرد و نێزەیـان پێبـوو. کەوانە دەسـتکەوتەکان، تەنیـا ٣٠ دانە بـوون، بەڵام زۆری نەخایانـد کە سـەدان کەمـان بەدەسـتی ترسـناکی وڵاتـی ڕەش لە مەودایەکـی دوورەوە، دەیـان تیـری درێژیـان بەسـەر ئەو خەڵـکەدا بارانـد و هەزران گروپـی پەروەردە کـراو، ئەو کۆیلانەیـان گەمارۆ دا کە بۆ ماوەیەکی کەم تامی ئازادیان چێشتبوو.

ئەخمـی کە چـاوی لەو هێـزە بڕیبـوو، هـاواری کـرد کە خەریـکە کـات لە نیـوە شـەو تێدەپەڕێ و ئەگەر دەسبەجێ ڕێگاکەمان نەگرینەبەر، کات بەسەر دەچێت. ڕونکردنەوەکان بێئاکام بوون، هەرچەشنە هەوڵێک لە بەرامبەر سەربازەکانی پایتەختدا بۆ گروپێک کە بە ئەشقەوە لایەنگری شەڕ بوون، بۆ ئەخمی، کاڤیۆس و پاندیۆن بە نرخی لە دەستدانی کاتی هەستیار تەواو دەبوو. سەرکردەکان پێداگریان دەکرد کە دەسبەجێ بچن لە بیابانەوە و بە گوێرەی پێویست ئامادە بوون وەڕێکەون و ئەوانی تر بەجێهێڵن کە خەریکی بەدەست خستنی چەک و تـالان و تۆڵەسـەندنەوە بـوون. چـونکە ژمارەیەکیـان لەگەڵ دەرچـوون نەبوون، ئەوانی تر بەرەو ڕوبار و زەوییەکی بە پیتی هەندێک ئەشرافی چوون کە دەنگیان دەهات و مەشخەڵیان پێبوو، و ئەوانی تریان بەجێهێشت.

بە زوویی ئەو ڕیزە مۆرە درێژەی کە وەک مـار بەنێو ئـاودڕە تەنگەکان و هەڵدێرگە لێژەکاندا کە هێشتا گەرمی هەتاوی ڕۆژیان بەسەرەوە بوو، ڕێگەیان بەرەو لێواری ساف و ڕێکی دۆڵەکە گرتەبەر. ڕاکردوەکان توشی دەشتێکی بەرین و بەردەڵان بوون. پاندیۆن بـۆ دواجـار سـەری بەرەو پشـتەوە گەڕانـدەوە و تەماشـای ڕوبـارێکی گەورەی کـرد کە بەشێوەیەکی لاواز لە ژێرەوە دەبیندرا. چ ڕۆژگارێکی پڕ لە خەم، نائومێدی، ئاوات و توڕە بوون، بە ڕۆخـی ئەو ڕوبـارە گەورە و ئـارام و هێمـنەدا تێپەڕ دەبوو. شـادی و سوپاسـی هاوڕێ باوەڕ پێکراوەکانی، ڕۆحی یۆنانییە گەنجەکەی پڕ کرد. پاندیۆن، بە ئەشـقێک کە لە سەرکەوتنەوە سەرچاوەی دەگرت، پشت بە وڵاتی کۆیلەکان، هەنگاوەکانی توند کرد.

گروپـی ڕاپەڕیوەکـان نـزیکەی بیسـت هەزار کوبیـت بەنێـو دۆڵەکەدا چووبـوون کە لیبیاییەکە گروپەکەی ڕاگرت. لە پشت سەریان، لە ڕۆژهەڵاتەوە، ئاسمان هەندێک ڕونـاک ببـووەوە. تەپۆڵکەکـانی ڕەڵـم کە بەرزایـی هەنـدێکیان دەگەیشـتە ١٥٠ کوبیـت، لە تاریـک و ڕونـی بەیانیـدا بە شـێوەیەکی لاواز دەرکەوتـن و بە مەودایەکـی زۆر لە هێڵکـی نادیـاردا دەبینـدران. لە سـپێدەدا بیابـان ئـارام و بێـدەنگ و ڕێـوی و چەقەڵەکـان لە لـوورە لـوور کەوتبوونەوە. کۆیلەکانی ڕیزی پشتەوە بە شڵەژاوی لە پیاوە لیبیاییەکەیان پرسی:

– **(تۆ لە درێژەی ئەو ڕێگایەدا، پەلەت لە ئێمە کرد، ئێستا بۆچی ڕادەوەستی؟ چیت دەوێت؟)** ئەخمی دۆخەکەی بۆ شی کردنەوە و گوتی:

– **(خەریـکە دژوارتـرین بەشـی ڕێگەکەمـان دەسـت پـێ دەکـات. تەپـۆڵکە لە ژمـار نەهاتووەکانی ڕەڵم کە هەرکامەیان بەرزترە لەوی‌تر، یەک بە دوای یەکدا، تا ٣٠٠ کوبیتی**

بەرز دەبنەوە.) کۆیلەکان سەرلەنوێ لە ڕیزێکدا کە ٢٠٠ کوبیت درێژ بوو، ڕاوەستان و لێبیایی گوتی:

**- (بەبێ ڕاوەستان و بەبێ دواکەوتن دەبێ بە شێوەیەکی بەردەوام بچنە پێشەوە. ئەوانەی دەمێننەوە، هەرگیز ناگەنە ئامانج.)**

ئەخمی، خۆی وەپێش خەڵکەکە کەوت کە ڕێیەک بە نێوان ڕەڵمەکان و دەشتدا بدۆزێتەوە. بەرلە وەڕێکەوتن، ژمارەیەکی زۆر کەمیان توانیبوویان ئاو بخۆنەوە و تونیەتی وەک تونی بوونی دوای شەڕ، گوشاری بۆ هێنابوون. ژمارەیەکیان فۆتە، قەدیفە و تەنانەت پارچە قوماشێکیان پێ نەبوو کە بتوانن سەر و سەرشانەکانیان لە بەرامبەر تیشکی خۆردا بپارێزن. ڕاکردوەکان لە هێڵێکدا کە دوو سەد کوبیت درێژ بوو، بەڕیز ڕاوەستابوون و بە بێدەنگی وەڕێکەوتن. ئەوانە، بەبێ پێڵاو بەسەر ڕەڵمی نەرمدا دەڕۆیشتن و ئەوانەی پێشەوە بۆ دەرچوون لە بناری ڕەڵمی خز، بە ڕێگایەکی پڕلە زیخدا ڕاست و چەپیان دەکرد.

لە ئاسمانەوە هەورێکی ڕەنگ ئەرخەوانی بەرەو ڕۆژهەڵات درێژ ببووەوە و باڵی بەسەر ترۆپکی گردەکاندا کێشابوو. لە ڕوانگە و دیدی پاندیۆنەوە، بیابان لەبەر تیشکی خۆردا وەک دەریایەکی پڕلە شەپۆلی بەرزی سەهۆڵ دەچوو کە نێو قەدی شەپۆلەکانی ڕەنگی نارنجییان هەبوو. هەژانی شەو بەرەبەرە نیشتەوە و پیاوەکان ئارامتر بوونەوە. ئازادی و بەرینی بیابان و ڕەنگی زێڕین بەرە بەیان بەتێکڕا دەستیان دابووە دەست یەکتر و هێزێکی تازەیان بە لەشی ماندووی سەردەمی دیلایەتی ئەوان دەبەخشی.

لە جیاتی بەدخوازیی، ترس و خەم، ئومێد مێشکی ئازاد کراوەکانی پڕ کردبوو. کەش لە بەیانیدا، بەرە بەرە ڕونتر بووەوە و ڕەنگی ئاسمان لە پانتایی شینیدا بەرەو کزیی چوو. لە سەرەتادا، هەرچەندە خۆر زیاتر بەرز دەبووەوە گەرمییەکی ئارامی دەبەخشی، بەڵام لە بەرزاییدا خەریکی سوتاندن و وشک کردنی ئەوان بوو.

جادەیەکی قووڵ و پڕلە کەند، بە نێوان ئاودرێکی مار پێچ و تەپۆڵکەی زیخدا تێدەپەڕی و ڕێگاکە لە بەردەوامی خۆیدا زیاتر دژوار دەبوو. سێبەر بەرە بەرە قوڵە دەبووەوە و ڕۆیشتن بەسەر زیخە سوتێنەرەکاندا بە ئازار بوو، بەڵام پیاوە ئازادەکان بەبێ هیچ وەستان و ئاوڕدانەوەیەک، درێژەیان بە ڕێگا دەدا و تەپۆڵکە ڕەڵمەکانیان بەجێدەهێشت.

بە تێپەڕ بوونی کات، کەش و زیخەکان وەک دەریای کوولیویان لێهات و وەک ئاسنی گەرم، خەریکی سوتاندن و خنکاندنی ئەوان بوون. ئەو ڕێگا ڕۆیشتنە بەتایبەتی بۆ کەسانی وەک پاندیۆن و وتروسکی کە خەڵکی وڵاتی باکور بوون، دژوارتر بوو. پاندیۆن هەستی دەکرد، سەری لەنێوان ئەڵقەیەکی ئاسندا دەکوشرێت و خوێن بە توندی گوشاری بۆ سەری دەهێنا. ئەو بە گشتی جێیەکی نەدەبینی و لە بەرامبەر چاوەکانیدا کۆمەڵێک شتی ڕونو جیاواز دەسوڕانەوە. هێزی تاقەت بڕی خۆر لە ئاسماندا کۆمەڵێکی زۆر ڕەڵمی بە ڕەنگی زێڕین بڵاوکردبۆوە.

پاندیۆن هۆشی بەسەرەوە نەمابوو، مێشکی ئاڵۆز و چاوی دەسوڕایەوە و سەری دەگێژەوە دەهات. ئەو، پەیکەرە لە دێو چووەکانی میسری دەدیت کە بەنێوان گڕی ئاگردا دەجوڵانەوە و لەنێوان شەپۆلەکانی ڕەنگ ئەرخەوانیدا نوقم دەبوون. شەپۆلەکان نیشتنەوە و ئەم جارەیان گروپێک بوونەوەری سەیر بەدەر کەوتن کە نیوەی لەشیان ئاژەڵ و نیوەکەی تریان باڵندە بوو، و بە توندی لە هەڵدێرگەکانەوە بەرەو خوارەوە دەهاتن. دیسانیش فیرعەونەکان و وڵاتی ڕەش ئارایشی جەنگیانەوە بەخۆیانەوە گرت و بەرەو پاندیۆن هاتن. یۆنانییە گەنجەکە، لە کاتێکدا بە لاکە لاک درێژەی بە ڕۆیشتن دەدا، دەستی بەسەر چاوەکانیدا هێنا و بە ئارامی لە ڕوومەتی خۆیدا و هەوڵیدەدا بزانێت چ شتێک لەوێ بوون- بنارەکان گەرمایان لێ دەبووەوە و وردە ڕەڵمی گەرم، بە ڕەنگی زێڕین و مۆر، کە چاوی مرۆڤیان کوێر دەکرد، بەسەر یەکتردا کەوتبوون، بەڵام سەرلەنوێ گڕی ئاگری ڕەنگین هاتنەوە پێش چاوی. پاندیۆن بە ڕادەیەکی زۆر لە هۆش چوو بوو. جگە لە ئەشق بە ئازادی، هیچ هێزێکی تر نەیدەتوانی هانی بدات کە هەزاران کۆگا زیخ بخاتە پشت سەر لە ڕۆیشتندا هاوشانی کیدیگۆ درێژە بەو ڕێگایە بدات.

ڕاکردوەکان گەیشتنە زنجیرە تەپۆڵکەیەکی تری ڕەڵم. لەنێوان ئەو تەپۆڵکانەدا جێگەی گڕکانێکی گەورە هەبوو کە دەوروبەری ساف و ڕێک بوو. خاکی زاری ئەو گڕکانە وەک بەردە ڕەژی "ڕەژو" ڕەش بوو.

ناڵەی پڕ لە ئازار و پارانەوەی ڕاکردوەکان، لە درێژەی ڕیزەکەدا پتر بەرز بووەوە. لێرە و لەوێ، پیاوانی لەپێ کەوتوو، کەوتبوونە سەر ئەژنۆ و ڕوویان بەسەر ڕەڵمە سوتێنەرەکاندا خوار کردبۆوە و لە هاوڕێیانیان دەویست کە کۆتایی بە ژیانیان بهێنن،

بەڵام ئەوان بە تــورەیی لێیــان دوور دەکەوتــنەوە و درێژەیــان بە ڕۆیشــتنەکەیان دەدا. سەرئەنجام ئاخ و ناڵەکان لەوبەری تەپۆڵکە نزمەکاندا بەکۆتا هاتن.

ڕەڵم، ڕەڵمی گەرم و سوتێنەر، کۆمەڵێکی زۆر ڕەڵم تا چاو هەتەری دەکرد، دەبیندرا. ڕەڵمی بێدەنگ و شـەڕئەنگێز، لەوە دەچوو هەموو جیهانی لە تینی خنکێنەری خەیانەتی خۆیدا نوقم کردبێت.

لە بەرامبەریاندا دوو ئاگری ڕەنگ زێڕین تیشکی خۆر لە دوو خاڵانەوە دەرکەوت و پیاوە لیبیاییەکە دەنگێکی بەرز و دڵخۆشکەری لێهات. بەشێکی زەوی ڕەنگ قاوەیی، بە ڕەنگی سپی وەک بەردی کریستاڵ داپۆشرابوو، و دەدرەوشایەوە. ڕەڵمەکان، بەرە بەرە جێی خۆیاندا بە کڵۆ بەردی سەخت و سەختی گەورە. پێی ڕێبواران کە لە باوەشی ڕەڵم و زیخە قێزەونەکان ڕزگاریان ببوو، ئازادتر دەچوونە پێشەوە. گڵێکی زەرد و ڕەق بوو کە لەبەر بێ ئاویی شەقار ببوو، بۆ ڕێبواران لە جادەی سەنگفەرشی کۆشکەکان دەچوو.

کاتێک کۆیلە ڕاپەڕیوەکان گەیشتنە سەر گردێکی بچووک و قوڵە کە بە بەردی قاوەیی داپۆشرابوو، خۆر هێشتا بستێکی مابوو کە بگاتە ناوەڕاستی ئاسمان. ئەوان لەوێوە بە تونـدی بەرەو باسکی چەپ و باشوری ڕۆژئاوا بایانـدایەوە. لە شـیوێکی بچـووکی نێـو گـردەکەدا کە لە ئەشکەوت دەچـوو، لە کـۆنەوە چـاڵاوێکی ئـاو و کـانییەکی ئـاوی سـارد هەبوو.

کاڤیۆس بۆ بەرگری کردن لە ئاڵۆزی لەنێوان ڕاکردوەکاندا کە خەریکبوون لە تونیان شێت بن، بەهێزترین کۆیلەکانی لەکن کانییەکە دانا کە پێشتر ڕێگا بۆ لاوازەکان بکەنەوە کە ئاو بخۆنەوە. خۆر لە نیوە تێپەڕیبوو، و هێشتا کۆیلە ئازاد بووەکان خەریکی خواردنەوەی ئاو بوون و نەیاندەویست لە ئاوەکە دوور بکەونەوە. ئەوان بۆ ماوەیەک بە زگی ماسیویان بە ئاو، لەبەر سێبەری گردەکە ڕادەکشان و دواتر سەرلەنوێ بەرەو کانیەکە دەچوونەوە و ئاویـان دەخـواردەوە. ڕاکردوەکـان بەرە بەرە هێـزی ژیانیـان بەدەسـت هێنـایەوە. ئەوان، بە زوویـی لەگەڵ وتەی ڕاشـکاوانەی ڕەش پێسـتەکان ڕووبەڕوو بـوونەوە کە تـێکەڵاو بـوو لەگەڵ قاقا و پێکەنین و گاڵتە پێکردن....، بەڵام گەڕانەوەی ژیان بۆ ئەو پیاوانە هـیچ خۆشـی بەدواوە نەبـوو. ئەوان زۆربەی هـاوڕێ بە ئەمەگەکانیـان لە دواوە مـابووەوە و خەریـک

بوون لەنێو ڕەڵم و زیخەکاندا گیانیان دەدا. ئەوانەی تر، هەرچەندە مردنیان بۆ گرنگ نەبوو، بەڵام ئازایانە تێدەکۆشان و پێکەوە یەکیان گرتبووەوە.

پاندیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەو کۆیلانە بوو. ئەو ئێستا لەو گۆڕانە سەری سوڕمابوو کە بەسەر کۆیلەکاندا هاتبوو. ئەوان کە بەهۆی دەرد و ئازاری کۆمەڵگا و دواتریش ماندوو بوونیان سەرنجیان بە دەوروبەری خۆیان نەدەدا و خەریکی لەنێو چوون بوون، ئێستا بەپێچەوانەی پێشوو تێڕوانینێکی پڕلە ئەشقیان سەبارەت بە ژیانی دەوروبەریان هەبوو، و سیمای ماندوویان شێوازێکی زیندووی بەخۆوە گرتبوو. ئەوان، ئێستا خەڵکێکی ئازاد بوون، نەک کۆیلە و پاندیۆن بە بیری هاتەوە، کاتێک سوکایەتی بە هاوڕێیانی کاڤێۆس کرد و ئەو ڕەخنەی لێگرت، تا چ ڕادیەک کاڤێۆس لە بۆچوونەکەیدا وردبین و بە ئەزموون بوو. پاندیۆن تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆی لە ژیاندا نەبوو، زۆر کەمتر لەوە بوو کە بتوانێت بە هەستی مرۆڤەکان بزانێت. لەو ڕوانگەیەوە کە ئەوان سەبارەت بە کۆیلە بوونیان دژ کردەوەیان پێشان نەدەدا و کۆیلایەتی لە خوێنیاندا بوو، بۆچوونی هەڵەی سەبارەت بە هاوڕێیانی کاڤێۆس هەبوو.

ئازاد بووەکان، کە لە سێبەردا کۆببوونەوە، بە پەلە چوون لە خەوێکی قوڵەوە. لەو ڕۆژەدا هیچ مەترسیەک بۆ بە دیل گیرانەوەیان هەڕەشەی لێ نەدەکردن. چ کەسێک، جگە لەوانە کە لە بەرامبەر ئازادبوونیاندا ئامادە بوون خۆیان لە ئاگر هاوێن، دەیانتوانی ڕۆژانە بەنێو ئەو دەریا ڕەڵم و زیخە سوتێنەرانەدا بڕۆن؟ ڕاکردوەکان، تا ئێوارە و ئاوابوونی خۆر نوستن و پشویاندا. لەو ماوەیەدا لاقی ماندوویان سەرلەنوێ بۆ ڕۆیشتن ئامادە بووەوە. هەندێک خواردن کە کۆیلە بە هێزەکان لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، بە وردی لەنێوانیاندا بەش کرا. تا چاڵاوی دوایی ڕێگەیەکی درێژ بوو کە دەبووایە بیگەنێ. ئەخمی گوتی هەموو شەوەکە دەبێ بڕۆین، بەڵام بەرلە ڕوناک بوونی کەش کە زۆر گەرم دەبێت، دەگەینە ئاو. دوای ئەوە، سەرلەنوێ جادەکە بە نێوان تەپۆڵکەکاندا دەچێت و سەرئەنجام دەگەینە تەپۆڵکەکانی مێرگێک لە بیابانی وڵاتی ڕەش دا.

بە خۆشیەوە، تەپۆڵکە ڕەڵمەکان زۆریان مەودا نەبوو، درێژتر لەوانە نەبوون کە خستبوویانە پشتسەر. ئەگەر کاتی شەو، واتا کاتێک خۆر بەرەو باشوری ڕۆژئاوا دەچێت، بگەنە مێرگی گەورە، لەوێ ئاو و خواردن دەست دەکەوێت. تەنیا دەبێ بیست و چوار کاتژمێر بەبێ خواردن، درێژە بە ڕۆیشتن بدەن کە ئەویش بۆ کەسانێک کە دەرد و

ئازاریـان چێشـتوە، زۆر مەترسـیهێنەر نەبـوو. ئومێـدێکی گرنـگ کە هێـز و بـوێری پـێ دەبەخشـین، ئـازاد بوونیـان و دوور کەوتنەوەیـان بـوو لە وڵاتـی تووک لێکراوی کومـت کە مەترسی دەستگیر کردنیان کەمتر دەبووەوە.

ڕۆژ بەرەو ئاوا بوون بوو. سورایی خۆر بەشێکی ئاسمانی داپۆشیبوو. ڕاکردوەکان بۆ دواجـار تێریـان ئـاو خـواردەوە و بەڕێکەوتـن. تینـی تـاقەت بـڕی گەرمـای ڕۆژ بەسـەر چووبوو، و شەو باڵی ڕەشی بەسەریاندا کێشا و لەشـی سـوتاوی ئەوانـی کە لەبەر تیشـکی خۆری بیاباندا سوتابوو، بە نەرمـی دەلاواندەوە. ڕێگاکەیـان بە درێژایـی دەشـتێکی سـاف و قوڵەدا کە پڕبوو لە بەردی تیـژ و پێـی ئەوانـی دەبـڕی، دەچـووە پێشـەوە. لە نیـوە شـەودا، ڕاکردوەکـان چـوون لە شـیوێکی بەریـنەوە کە پڕبـوو لە بەردی مـۆری ڕون. ئەو بەردە سەیرانە کە ئەستوراییان لە نێوان یەک تا سێ کوبیت دەبـوو، لە دەوروبەریانـدا وەک تـۆپی یاری کردن دەچوون کە خودا نائاشناکان یارییان پێ کردبن.

کۆیلە ئازادەکان، ئیتر لە یەک ڕیزدا نەدەڕۆیشتن و هەموویـان کۆبـوونەوە و پێکەوە بە نێو شـیوەکەدا بەرەو بەرزاییەکـی دوور، بە کۆمەڵ دەچـوونە پێشـەوە. دوای تێپەڕ کردنـی ڕۆژێکی ترسناک و بێ بەزە کە هەموویانی لە پێ خستبوو، ئێستا ئارامیی شـەوی بێدەنگ، هەموویانی توشی فیکر کردبوو. پاندیۆن لەو فیکرەدا بـوو کە بیابـانی بەکۆتـا نەهـاتوو، بۆ ئاسمان هەڵکشاوە و بە تەواوی لە ئەستێرە ڕوناکەکانەوە نزیک بووەتەوە و بە شـێوازێکی ڕون خۆی دەنوێنێت. مانگ سەری بەرز کردەوە و زەوی ڕوناک کرد.

گرووپی کۆیلە ڕاکردوەکان گەیشتنە ژێر تەپۆڵکەیەک بە لێژایی کەم کە بە بەردە قسـڵ و ڕەڵم داپۆشرا بوو، و لە ڕونـاکی مـانگە شـەودا لە پلەکانی شوشـە دەچـوو. کاتێـک پانـدیۆن پێی لەسەر ئەو بەردە فێنک و لوسـانە دادەنـا، وەک ئەوە بـوو کە ئەگەر هەنـدێکی تـر بەرز بێتەوە، دەگـاتە بەرزایـی شـین و مـۆری ئاسـمان. تەپۆڵکەکـان لە زنجیرەیەکـی لێـژدا لەبەر چاوان ونبوون. لێژایەکی درێژی زیخ لە ژێر پێیاندا دەستی پێکرد. هەڵدێرگەی ڕەڵـم و زیـخ هەمـوو لایەک و دەوری شـیوەکەی داپۆشـیبوو. کـاتی بەیـانی، گرووپـی کـۆیلە ڕاکردوەکـان گەیشتنە هەڵدێرگەکە و بۆ ماوەیەکی زۆر لە نێوان ئاودڕە پێچ و خوارەکانیدا بەبێ ئامـانج خولانەوە. سەرئەنجام سـەرکردە لیبیاییەکەیـان چـاڵاوێکی دۆزیەوە. لەوێـوە کۆمەڵێکی زۆر ڕەڵم دەبیندرا کە بناری هەڵدێرگەکانی داپۆشیبوو، و ڕاکردوەکـان لەوێ کۆببوونەوە، بەڵام نزیک بوونەوەیان لە ئاو، ئیتر مەترسیی نەهێشتبووەوە کە ئەوان بترسێنێت.

کیدیگۆ، جێیەکی لەژێر تاشە بەردێکی گەورە دۆزیەوە کە پێش تیشکی خۆری گرتبوو. ئەو تاشــە بەردە زلە بەســەر کۆگـایەک زیــخەوە بـوو، و لە دیوارێـک دەچـوو کە ســەر ئاودرێکی قوولّی داپۆشیبێت و سێبەرێکی زۆری لەنێوان هەڵدێرگەکەدا پێکهێنابوو کە جێی هەموو کۆیلە ئازادبووەکان دەبووەوە. ئەوان بە تێکڕا چوونە ژێر سێبەری ئەو تاشە بەردە و تا ئێوارە پشویان دا. پیاوە ماندووەکان دەسبەجێ خەویان لێکەوت. ئەوان هیچ کارێکیان نەبوو، جگە لەوەی کە بوەستن تا خۆر کە لە ئاسمانەوە خەریکی هەڵچوون بوو، ئارام بێــتەوە. ئەو ئاســمانەی کە بە ڕای ئەوان لە شــەودا زۆر نزیــک ببــووەوە و ئێســتا بە مەودایەکی زۆر پاشەکشـەی کردبوو، و لەوە دەچوو بە تۆڵەی دەرەتانێک کە لە تـاریکی شەودا بۆ پشوودان بە ئەوانی دابوو، خەریکی کوێر کردنیان بوو. کات تێپەڕی و کۆیلە ئازادە نووستوەکان لە گەمارۆی دەریایەک تیشکی سوتێنەری خۆردا بوون کە ئەوانی لە وڵاتی باوکانیان دوور کرد بووەوە. لەو جێیە، خۆر هەموو بوونەوەرەکانی نەدەسوتاند.

کاڤیۆس، لەپڕ بە دەنگی ناڵە کردنێکی لاواز و سکاڵاکەر لە خەو ڕاپەڕی. وتروسکی بە شـڵەژاوی سـەری بەرز کـردەوە کە باشـتر گـوێ ڕابگرێـت. هەنـدێک جـار دەنگـی تەق و تـۆقێکی تیـژیش لە جـێگەی جیـاوازەوە دەهـات و بە دوای ئەودا دەنگـی نـاڵە و هـاوارێکی خەمهێـنەر بەرز دەبـووەوە. بەرە بەرە دەنگەکـان بەرزتـر بـوونەوە و کـاڤیۆس تەماشـای دەوروبەری خـۆی کـرد و هـیچ هێمـایەکی لە جـوڵانەوە لە نێوان هەڵـدێرگە سـوتێنەرەکاندا نەدی. هەموو هاوڕێکانی لە شوێنی خۆیاندا نوستبوون، یـان گوێیـان لە تەقەکـان ڕاگرتبوو. کـاڤیۆس، ئەخمـی لە خەو هەسـتاند. پیـاوە لیبیـایەکە هەسـتا، سـەرەتا مـات بـوو، و دواتـر و باوێشـکێکی قـوڵی هەڵکێشـا و دانیشـت. دواتـر بە سـیمای شـڵەژاو و ترسـاوی وتروسـکی پێکەنی و گوتی: (**بەردەکان لە دەست تینی گەرمـای خـۆر هـاوار دەکەن و ئەوە بە واتـای نیشتنەوەی تینی گەرمایە.**)

تەق و تۆق و گەرمەی تەقینی بەردەکان، کۆیلە ئازادبووەکانی تری لە خەو هەسـتاند و ئەوانیشی پەشۆکاند. پیاوە لیبیاییەکە چووە سـەر هەڵدێرگەیەکی بەرز و بە نێوان پەنـجەی لـول کراویـدا تەماشـای دوا خاڵەکـانی قۆنـاخی دوایـی ڕێـگەی مێـرگەکەی کـرد و گـوتی پێویسـتە بەرلە ڕۆیشـتن تێـر ئـاو بخـۆنەوە. هەرچەنـدە خـۆر لە دوورەوە بەرەو ڕۆژئـاوا شـۆر بـووەتەوە، بەڵام تەپـۆڵکە ڕەڵمەکـان گەرمییەکـی زۆریـان لەخۆیـان بـڵاو دەکـردەوە. چـاوەڕوان نەدەکـرا کە سـێبەر دابەزێ و بچێـت بـۆ نێـو ئەو دەریـا ئـاگرە، بەڵام دەنگـی

ئــازادیی بە ڕادەیەک بەهێــز بــوو کە پیاوەکــان، دوو دوو بە ڕیــز بــوون و بەبــێ هــیچ ڕەخنەیەک بە دوای سـەرکردە لیبیاییەکەدا وەڕێکەوتن. پانـدیۆن و کیـدیگۆ سـێیەم جـوتی پشـت سـەری ئەخمـی لیبیـایی بـوون. هەڵسـوکەوتی ژیـان و خـۆڕاگری بەردەوامـی ڕەش پێستەکە، بۆ یۆنانیی گەنج لە کاتی ڕووبەڕوو بوونە لەگەڵ دژواریەکان، مایەی دڵگەرمـی هەمیشەیی بوو.

تینی ئاگرین و دوژمنایەتی بیابان، سەرلەنوێ ئەو مرۆڤانەی ناچار کرد کە بۆ سیمای درندەی ڕەڵمەکان کڕنۆش بەرن. نزیکەی پازدە هەزار کوبیت ڕێگا هـاتبوون کە پاندیۆن تێگەیشت، ڕۆخساری لیبابییەکە نائاسـاییە. ئەخمـی کە تـا سـەری چۆکەکانی لە ڕەڵمـدا بوو، دووبـارە کۆیلە ئـازاد کراوەکـانی ڕاگرت و بەبێ وەڵامـدانەوە بە هـیچ پرسـیارێک وەسـەر تەپۆڵکەیەک کەوت کە ڕێگاکە تەماشا بکات. تەپۆڵکە ڕەڵمەکان بەرە بەرە نزمتر دەبوونەوە و پاندیۆن بە دەنگێک کە باسی لە شادمانی ئەو دەکرد، لە ئەخمی پرسـی: **(ئایا ڕەڵمەکان تەواو بوون؟)** ئەخمی ڕێ پێشاندەر لە کاتێکدا سەری بەرەو باکوری ڕۆژئـاوا سـوڕاندەوە، بە پەژارەوە گوتی: **(ئێمە هێشتا ڕێگەیەکی درێژمـان لە پێشـە و هێشـتا ڕەڵمێکی زۆرمـان ماوە کە دەبێ لێیان تێپەڕین.)**

پاندیۆن و کیدیگۆ تەماشای ئەو هێڵەیـان کرد و بینیـان، تۆزێکی مسـی ڕەنگ ئاسـمانی سوتێنەری داپۆشیوە. دیوارێکی ڕەش، ڕێک بەرز ببووەوە و بەسەر هێزی ترسـناکی خـۆر و تیشکی ئاسـماندا زاڵ ببوو. لەو کـاتەدا لەپڕ دەنگێکی خۆشـیان بیسـت. دەنگێکی بەرز و خۆش کە وەک ترومپێتی ڕەنگ زێوین، ئاهەنگی دڵگیری لە پشت تەپۆڵکە ڕەڵمەکاندا لێدەدا.

دەنگەکــان دووپــات بــوونەوە و زیــاتر و ڕونتــر بە گــوێ گەیشــتن و دڵــی کــۆیلە ئازادبووەکانی بە ترسێکی لە ناکاو لەرزاند. ئەو ئاهەنگانە لە هـیچ ئـاهەنگێکی سـەر زەوی نەدەچوو، و لەگەڵ هەموو ئاهەنگە لەنێو چووەکانی تر، جیاوازیان هەبوو. پیـاوە لیبیـاییەکە ڕاوەسـتا و بە پەیـامی مـوژدە هێـنەری چـۆکی دادا و دەسـتەکانی بەرەو ئاسـمان بەرز کردەوە و لەبەر دەرگای خوداکان پاڕایەوە کە لە گرفتی ترسناک بیانپارێزێت. ڕاکردوەکـان بە تێکڕا لە نێو سێ کۆمەڵی ڕەڵمدا چۆکیان دادا.

پاندیۆن، بە شێوەیەک کە پرسیاری هەبێت، تەماشای کیدیگۆ کرد و بە لاکە لاک بەرەو پشتەوە کشایەوە. پێستی ڕەشـی کیدیگۆ ڕەنگی مۆری بەخـۆوە گرتبوو. ئەوە یەکەم جـار بـوو کە پانـدیۆن، هـاوڕێیەکەی لە مەترسـیدا دەبینـی و نەیـدەزانی کە پێسـت ڕەشـەکان لە

کاتی ڕەنگ پەڕیندا، ڕەنگی خۆڵەمێشی بە خۆیانەوە دەگرن. کاڤیۆس شانی ئەخمی گرت و بە ئـارامی لە زەوی بەرزی کـردەوە و بە جـددی لێـی پرسـی: (**چ ڕوویـداوە؟**) ئەخمـی لە کاتێکـدا تـرس ڕەنگـی پەڕانـدبوو، و ئـارەقە سـیمای داپۆشـیبوو، ڕووی تێکـرد و گـوتی: (**ڕەڵمەکانی بیابان پێویستیان بە با هەیە و بە هاتنی باش، مەرگ دەگاتە سەرمان و تۆفانی ڕەڵممان لە پێشە....**)

بێـدەنگییەکی قـورس و سـامناک، کە تەنیـا بە جـوولەی ڕەڵمەکـان دەشـکا، بەسـەر گروپەکەیاندا زاڵ بوو. کاڤیۆس نەیدەزانی چۆن کاردانەوەیەکی هەبێت و ئەوانیتریش کە بە ڕادەی مەترسـیەکەیان دەزانـی، بێدەنگ بـوون. سـەرئەنجام ئەخمـی هـاتەوە سـەرخۆ و گوتی: (**بچنە پێش، بچنە پێش، هەرچی زووتر!**) ئەو، شوێنێکی دیبوو کە جگە لە گابەردێکی ساف و لوس، هیچ ڕەڵمی لێ نەبوو. گوتی: (**بەرلەوەی کە تۆفـان بگـاتە ئێمە، دەبێ ئێمە بگەینە ئەو بەردانە. ئەگەر لێرە بمێنینەوە، گومان لەوەدا نییە کە هەموومان دەکەوینە ژێر ڕەڵم، بەڵام لەسەر ئەو تاشە بەردانە، ڕەنگە ژمارەیەکمان لە مردن ڕزگارمان بێت....**)

پیاوە شڵەژاوە لیبیاییەکە دەستی کرد بە ڕاکردن. تۆزی ڕەنگ مسیی، لە کاتێکدا ڕەنگی گوڕا بۆ مۆر و تاریک، هەمـوو ئاسمانی داپۆشـی. تۆفـانی هەڕەشـەکەری ڕەڵـم بە دەوری ترۆپکـی تەپۆڵکەکانـدا دەسـووڕایەوە. بـاهۆزێکی گەرم و شـێدار بە وردە ڕەڵـم لە سـیمای شڵەژاوی کۆیلە ئازاد بووەکانی دەدا. هەوا ئیتر بۆ هەڵمژین نەدەبوو، لەوە دەچوو لەگەڵ جۆرێـک ژار "ژەهـر" تـێکەڵ بـوو بێت. ڕاکردوەکـان خۆیـان گەیانـدە سـەر گـابەردە ڕەشـە سـافەکە. وزەی بـاهۆز بە شـێوەیەکی ترسـناک بە نزیک ئەواندا تێدەپەڕی و هەورە ڕەنگ سـورەکانی سـەر تۆفـان، ڕەش هەڵـگەڕان و پەردەیەکـی ڕەش هەمـوو ئاسـمانی داپۆشـی و ڕۆژ لەژێر ئەو پەردەیەدا ون بوو. ڕاکردوەکان بە ڕێنوێنی هاوڕێ زاناکانیان، پەڕۆ و فۆتە و قەدیفەی بەریـان و سەرشـانیان لـێ کردەوە و سـەر دەموچـاوی خۆیـان پـێ داپۆشـی و لەکاتێکدا هەموویان پاڵیان بە یەکترەوە دابوو. لەسەر گابەردەکان درێژ بوون.

پاندیۆن لە ئامادە کارییەکاندا دواکەوت، دوا شت کە سـەرنجی ڕاکێشـا، بەتەواوی ئەوی ترسـاند. لە دەوروبەریـدا هەمـوو شـتێک لە جـوولەدا بـوون. کڵـۆ بەردەکـان، کە بە ڕادەی پەنجەی دەست بوون، وەک گەڵای وشکی پاییز، بەسـەر تاشـە بەردەکاندا خللۆر دەبوونە. تەپـۆڵکە ڕەڵمەکـان، بە زنجیـرە ڕەڵمیـان بەرەو ئەوان دەنـارد و ڕەڵمەکـان دەجـوڵان و بە چەشـنی ئـاو کە توفـان بەرەو کەنارەکـانی دەبـات، بەرەو دەوروبەری ڕێچکەیـان کردبـوو.

کۆمەڵێک ڕەڵمی ورد بەرەو پاندیۆن هات، گەنجەکە لە عەرز کەوت و ئیتر هیچ شتێکی نەبینی. دڵی بە توندی لێی دەدا و کاردانەوەی لەسەر مێشکی دانا. لەوە دەچوو، ڕەڵم بەشێک لە زار و گەرووی پڕکردبێت و هەناسەی بۆ هەڵنەدەکێشرا.

دەنگ و ئاهەنگی باهۆز لەژێر دەنگی شەپۆلی ڕەڵمدا ون بوو. لە دەوروبەری گەنجەکەدا، بیابان دەیگوڕاند. پاندیۆن کە گێژ ببوو، هەوڵیدا لە بەرامبەر تۆفانی خنکێنەردا خۆی ڕابگرێت. بە نائومێدیەوە کۆخی و نێو گەرووی خۆی لە ڕەڵم پاک کردەوە و سەرلەنوێ هەناسەکانی ڕەوتی ئاساییان بەخۆوە گرتەوە. کۆخەکانی، کە لە بەربەرەکانییە سەرچاوەیان وەردەگرت، چەند جار دووپات بوونەوە و سەرئەنجام پاندیۆن لە هۆش چوو.

دەنگی لە هەورە تریشقە چووی تۆفان، هەڕەشەکانی توندتر بوون و وەک بروسک بە دوای یەکتردا، بیابانی پان و بێ مەودایان داگرت. عەرزە بەردینەکە وەک لەوحەی ئاسن، دەنگی دەدایەوە. ڕەڵمەکان وەک هەور بەسەر بەردەکاندا دەبارین و هەندێک جار لێک دەکەوتن و ئاگریان لێ دەبووەوە و بەسەر بەردەکاندا خللۆر دەبوونەوە. هەست بە بارینی باران دەکرا کە ئەو پیاوانەی بەهۆی کەشی زۆر گەرم، لە هۆش چووبوون، ڕزگار بکات، بەڵام باران نەباری و تۆفان درێژەی بە تووڕە بوونیدا. بەشێک لە ڕەڵمەکان کە بە بەردەوامی زیاد دەبوون، سەر لەشی ئەو مرۆڤانەی دادەپۆشی و جوڵانەوەی لاوازی ئەوانی لە خۆیدا نوقم دەکرد و ناڵە لاوازەکانی بێدەنگ کرد.

******

پاندیۆن، چاوی کردەوە و لە ڕوناکی ئەستێرەکاندا تارمایی سەری ڕەشی کیدیگۆ سەرنجی ڕاکێشا. تێگەیشت کە کیدیگۆ بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر لەشی بێ جووڵەی هاوڕێانی لەگەڵ وتروسکی بەربەرەکانیان کردوە. ئەوان لە تاریکیدا خەریکبوون هاوڕێیانیان لەژێر ڕەڵم ڕزگار دەکرد و گوێیان بە دەمی ئەوانەوە دەنا کە ئەگەر پشوویەکیان مابێت، هەوڵی ڕزگارکردنیان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا، مردووەکانیان لە زیندووەکان جیا دەکردەوە.

ئەخمی، لەگەڵ ژمارەیەک لە هاووڵاتیانی کە بە ژیان لە بیاباندا ڕاهاتبوون و چەند ڕەش پێست بۆ هێنانی ئاو بەرەو چاڵاوی نێوان هەڵدێرگەکە گەڕابوونەوە. کیدیگۆ، لەکن پاندیۆن مابووەوە و نەیدەتوانی هاوڕێکەی کە بە زۆر هەناسەی هەڵدەکێشا، بەجێهێڵێت.

سـەرئەنجام پەنجـاو پێـنج کەسـی نیـوە گیـان کە کیـدیگۆ یـارمەتی دەکـردن ، بە زەحـمەت ڕێگەیـان دۆزیەوە و بە لاکە لاک ڕۆیشـتن و بەجـێ پێـی ئەو کەسـانەدا چـوون کە پێشـتر تێپەڕیبـوون. هـیچ کەس لە ڕاسـتیدا نەیـدەزانی کە ئەوانە بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە. فیکـری هەموویان لە دەوری ئاو دەسوڕایەوە و بە هیـوای گەیشـتن بە ئـاو، هەمـوو شـتێکی تریـان لەبیـر کردبـوو. ئەو ئـاواتە بەهێـزە لە هەر شـتێکی تـر بۆیـان گرنگتـر بـوو، و ئـاو وەک موقناتیس، ئەوانی بەرەو خۆی ڕادەکێشـا. پاندیۆن، هەمـوو کـات و زەمـانی لەبیر کردبوو. لەبیری کردبوو کە ٢٠ هەزار کوبیت لە چاڵاو دوور نەکەوتبووە.

بەڵێ هەموو شتێکی لەبیر کردبوو، جگە لەوەی کە دەبـووایە، شـانی هـاوڕێی پێشـووی بگرێـت و بە زەحـمەت خـۆی بەرەو پێشـەوە بکێشـێت و لەگەڵ ئەو کەسـانە بـڕوات و هەنگاوەکانی لەگەڵیان هاوئاهەنگ بکات. بە گشتی لە نیوەی ڕێگای چاڵاوەکەدا، هەندێک دەنگی نائاسایی لە ڕیزەکانی پێشەوەوە هات. ئەخمی و ٢٧ کەس کە پێشتر چوو بوون ئـاو بێنن، پەڕۆ دڕاوەکانیـان بە ئـاو تەڕ کردبـوو، و بە دوو کـولەکەی ئـاو "کـودی ئـاوێ" کە لە چاڵاوەکەدا دۆزیبوویانەوە هەندێکیان ئاو هێنابوو، و بەپەلە گەڕابوونەوە.

پیاوەکان بە جۆرێک هەستیان بە هێز کردەوە کە لە خـواردنەوەی ئـاو خـۆ بپـارێزن و پێشـنیازیان بە ئەخمـی کـرد کە بـۆ یارمەتیـدانی ئەو ژمـارەیە بگەڕێـنەوە کە لە شـوێنی کارەساتەدا مابوونەوە. چوون و گەیشـتن بە چـاڵاوی ئـاو پێویسـتی بە هەوڵێکی زۆرتـر لە هێزی مرۆڤ بوو. بە هەر هەنگاوێک کە دەیانهاویشت، زیاتر وزەیـان لە دەسـت دەدا. لەبەر ئەوە، بێدەنگ مانەوە و ڕێگەیان بە هەڵگرانی ئاو دا و خۆشیان درێژەیـان بە هەوڵـی تـاقەت بڕیاندا.

گێژەڵـوکەیەک لە ڕەڵـم بەرچـاوی ئەوانـی گـرت کە لە نێـوان ڕێگـاکەدا هەڵدەخلیسـکان، هەندێکیان دەکەوتن، بەڵام بە هاندان و یـارمەتی هـاوڕێ بەهێزەکانیـان، درێژەیـان بە ڕێگـا دەدا. ئەو ٥٥ کەسە نەیاندەتوانی دوا کاتەکانی ڕێگاکەیان بە بیر خۆیـان بهێننەوە. ئەوان بە ڕادەیەکـی زۆر لە نیـوە بێهۆشـیدا دەڕۆیشـتن و پێیـان بە دژواری هەڵـدەهێنایەوە، بەڵام سـەرئەنجام گەیشـتنە جـێ. ئـاو، ئەوانـی زینـدوو کـردەوە، چاویـان فێنـک بـووەوە و خـوێنی مەیوی ماسولکە وشکەکانیانی خاو کردەوە.

ڕێبواران، هەرکە توانایی خۆیان بەدەست هێنـاوە، وە بیری ئەوانـی تـر کەوتنەوە کە لە ڕێگـادا مـابوونەوە. ئەوان بە ئەزمـوون وەرگـرتن لە هاوڕێیـانی پێشـوتریان کە پەڕۆیـان لە

ئاو هەڵکێشا بوو، ئەوانیش پەڕۆکانیان تەڕ کرد و بۆ کەسانی تریان برد کە لە بیاباندا مابوونەوە. ئەوە یارمەتییەکی بەنرخ بوو، چونکە بەکات گەیشتنە سەریان. خۆر دەرکەوتبوو، و ئاوێک کە لیبیاییەکان هێنابوویان، گیانێکی نوێی بۆ ئەو کەسانە گێڕایەوە کە زیندوو مابوون. ئەو مرۆڤانەی لە نێوان بیابان و کۆمەڵێکی زۆری ڕەڵمدا مابوونەوە، سەرەڕای هەموو جورە هاندان و تەنانەت هەڕشە کردنی هاوڕێیانیان، نەیاندەتوانی درێژە بە ڕۆیشتن بدەن، بەڵام پەڕۆ دراوە کۆنە تەڕەکان هێزی بۆ گەڕاندنەوە کە بتوانن کاتژمێرێکی تر ڕێگا بپێون، کاتژمێرێک ڕێ کە ئەوانی دەگەیاندە ئاو.

بەو جۆرە، ٣١ کەس گەیشتنە ئاو. بەگشتی ١١٤ کەس ڕزگاریان بوو. ئەو ژمارەیە کەمتر لە نیوەی ژمارەیەک بوو کە دوو ڕۆژ پێشتر لە بیاندا وەڕێکەوتبوون. لاوازترینیان لە یەکەم ڕۆژەکانی ڕێپێوانــدا لە بیابانــدا لەنێــو چووبــوون و ئێستا ئەو کارەساتە مەترسیهێنەرە، باشترین و بەهێزترین شەرکەرەکانی تێدا بوو، و پێشبینی داهاتوویەکی ڕونتر لە ڕابردوویان بۆ دەکرا. ئەو نەجوڵانە، دڵ ساردکەر بوو. بۆ درێژەدان بە ڕێگایەکی دیاریکراو، هێز نەمابوو، لەبەر ئەوە چەکەکانیان لە جێیەک بەجێهێشتبوو، کە تۆفانی ڕەڵمی بەسەردا زاڵ بوو. ئەگەر ڕاپەڕیوەکان خواردنیان بووایە، زۆر ئاسانتر دەیانتوانی هێزی لە دەستچوویان بە دەست بێنەوە، بەڵام شەوی پێشوو دوا ماوەی خواردنیان بەسەردا بڵاوکرابووەوە و ئیتر شتێکیان بۆ نەمابوو.

خۆر لە ئاسمانی ساف و ساماڵدا دەدرەوشایەوە و ئەوانەی لە شوێنی کارەساتەکەدا مابوون، ئێستا ئەگەر هێزێکی لاوازیشیان بووایە، بێگومان لەناو دەچوون. زیندوو ماوەکانی ئەو کارەساتەی دوێنێ کە لە هەڵدێرگەکەدا ڕاکشابوون، ئەمڕۆ ئیتر لە ناویاندا نەمابوون. زیندوو ماوەکان خۆیان حەشاردا کە وەک ڕۆژی پێشوو، ئێوارەدا بێت، بەڵام سەرەڕای دابەزینی زۆری کەش و هاتنی شەو، دیسانیش چاوەڕوان بوون کە کەش زیاتر فێنک بێت کە پیاوە لاوازەکان بتوانن ئەو بیابانە ببڕن کە ئەوانی لە وڵاتی خۆیان جیا کردبووە، بەڵام ئەو دوا ئومێدەیان هەرگیز بەجێ نەهات.

بە گەیشتنی شەو، ڕاکردووەکان هەستیان کرد کە دەتوانن بە ئارامی درێژە بە ڕێگا بدەن. ئەوان کە خەریکی ڕۆیشتن بوون، لەپڕ و لە دوورەوە دەنگی زەڕە زەڕی گوێدرێژ و سەگ وەریان بیست. بۆ ماوەیەک هیوادار بوون کە دەنگەکە هی کاروانی بازرگانان، یان مەئموری باج بن، بەڵام لە نیوە شەوی تاریکی بیاباندا کۆمەڵێکیان سوارە لێ پەیدا بوو.

هاواری ناسراوی A atu لە بیاباندا بەرز بووەوە. جێیەک نەبوو کە ئەوان بۆی ڕابکەن و چەکیشیان پێ نەبوو کە پێی بەرگری لەخۆیان بکەن و خۆشاردنەوەشیان چارەی کار نەبوو، چونکە سەگە هۆشیارەکان بە زوویی ئەوانیان دەدۆزییەوە.

ژمارەیەک لە ڕاکردوەکان کە هێزیان پێوە نەمابوو، کەوتنە سەر زەوی و ئەوانی تریش بەبێ ئامانج ڕایانکردە نێوان هەڵدێرگەکان. بەشێکیان لە بێ هیوایی موی سەری خۆیان هەڵدەکەند. یەکێک لە گەنجە لیبیاییەکان، بە شێوەیەکی خەمهێنەر دەینالاند و فرمێسک بە چاویدا چۆڕەی دەکرد. پیاوە "ئامو"یەکە لەگەڵ کەسێکی "هریوشا"یی ڕاوەستابوون و سەریان خستبووە خوارەوە و ددانەکانیان قفڵ کردبوو. چەند کەسێکیان ڕایانکرد، بەڵام سەگەکان دەسبەجێ پێشیان پێگرتن. ئەوانەی بیرمەند بوون، بە ئارامی لە جێی خۆیاندا مانەوە و دەترسان و بیریان لە ڕێیەک بۆ دەرچوون دەکردەوە.

سەربازەکانی وڵاتی ڕەش، لەو ڕاوکردنەدا بە بەخت بوون. ئەوان لەو کاتەدا گەیشتبوونە سەر هەڵاتوەکان کە هێز لە لەشیاندا نەمابوو، و لە هەمیشە لاوازتر بوون. ئەگەر نیوەی ئەو هێزەی پێشویان تێدا بووبایە، مردنیان لە بەرامبەر دیلیدا هەڵدەبژارد و خۆیان بەدەستەوە نەدەدا، بەڵام هێزی ڕاکردن و بەربەرەکانیان نەمابوو. لەبەر ئەوە، هیچ کاردانەوەیەکیان لە بەرامبەر ئەو سەربازانەدا پێشان نەدا کە لە کەوانێکدا لێیان نزیک دەبوونەوە. خەبات و بەربەرەکانی بۆئازادی بەکۆتا هات. ئەوانەی کە لەنێوان چەکە بەجێماوەکاندا مرد بوون، هەزاران جار خۆشبەختتر بوون لە زیندوو ماوەکان.

بە زوویی ١١٤ مرۆڤ لە کاتێکدا دەستیان لە پشتەوەی ملیان پێکەوە زنجیر کرابوو، لە گروپی دە کەسیدا، لەژێر زەبری قامچیاندا، بە لاکە لاک بە درێژای بیاباندا، بەرەو ڕۆژهەڵات گەڕاندرانەوە. چەند سەرباز بۆ دڵنیا بوون لەوەی کەسێک لە جێی کارەساتەکەدا بە زیندوویی نەماوە، چوون و شوێنەکەیان دی. سەربازەکان لە بەرامبەر هەر کۆیلەیەکدا کە دەیانگەڕاندەوە، پاداشتیان وەردەگرت و ئەوەش تەنیا شانسی ڕاکردوەکان بوو کە لە مەرگ ڕزگاری دەکردن. تەنانەت یەک کۆیلە لە کاتی گەڕانەوەی ئازار هێنەردا، کە پێکەوە زنجیر کرابوون و بە قامچییان لێیاندەدرا، لە ڕێگادا نەمرد. کاروان بە جادە و دوور لە ڕەڵمەکانی بیابان، بە ئارامی وەڕێکەوت. پاندیۆن، بە لاکە لاک دەچووە پێشەوە و هەرگیز نەیدەوێرا تەماشای هاوڕێکانی بکات و سەرنجی بە کاریگەرییەکانی دەوروبەری نەدەدا و تەنانەت زەبری قامچیانیش نەیدەتوانی ئەو لەو کارە

دوور بکاتەوە. تەنیا شتێک کە لە ڕێگای گەڕانەوەدا بە مێشکی سپارد، گەیشتنیان بوو بۆ نیل و نزیک شاری "شین دۆس". فەرماندەی چاودێر، گروپەکەی ڕاگرت، تا کەشتییەک تاقی بکرێتەوە کە بۆ گەڕاندنەوەی دیلەکان ئامادە کرابوو. زیندانییەکان لە قەلایەکی لێژەوە بەرەو دۆڵێکی تەنگ بردرانە خوارەوە. ژمارەیەکیان خۆیان بۆ ڕانەگیرا و خللۆر بوونەوە.

شنەی بەیانی، بۆنی خۆشی بەسەر ئاوی تازەدا بڵاو دەکردەوە. پاندیۆن کە لەسەر پێ مابووەوە، لەپڕ چاوی بە شوێنێکی بیابان کەوت کە پۆلە گوڵێکی چڵ درێژی شینی لێبوو، و بۆنی خۆشیان بڵاوببوەوە. پاندیۆن هەستی کرد ئەوە دوا دیارییە کە بەهۆی ئازادی لە دەستچوو، بۆی نێردراوە. لێوی خوێناوی و قەڵشیوی دەلەرزی و دەنگێکی لاواز و ناڕون لە گەروی دەهاتەدەر. کیدیگۆ لە ڕاوەستانەکاندا بە پەرۆشەوە دەیڕوانیە هاوڕێکەی. ئەو کە لەگەڵ گروپێکی تر زنجیر کرابوو، گەڕایەوە کە گوێ بۆ قسەکانی پاندیۆن ڕابگرێت. کیدیگۆ تەنیا دوا وشەی پاندیۆنی بیست کە گوتی: (.... **شین**) و سەرلەنوێ لە هۆش چووەوە.

زنجیری هەڵاتووەکانیان کردەوە و ئەوانیان خستە نێو کەشتییەکە. بڕیار بوو بیانگەیەننە دەوری شورەکانی پایتەخت. لەوێ بە تاوانی سەربزێوی زۆر مەترسیدار و زیانبەخش زیندانی بکرێن و لەوێشەوە بێگومان ڕەوانەی کانزاکانی زێڕ دەکران.

زیندان، چاڵە ڕەشێکی گەورە بوو کە لە زەوییەکی وشک و سەختدا هەڵکەندرابوو. دیوارەکانی لە خشت بوون و میچەکەی لە ژمارەیەک ژوور پێکهاتبوو. لە جیاتی پەنجەرە، چوار کولانەی لە میچەکەیدا هەبوو، لەگەڵ کونێک بۆ دانی نان و ئاو بە زیندانییەکان. تاریکی بەردەوامی زیندان جێی ڕەزامەندی ڕاکردوەکان بوو، چونکە زۆربەیان بەهۆی تیشکی مەترسیهێنەری خۆر لە بیاباندا، توشی چاوئێشە ببوون و لە بەرامبەر تشکی خۆر و ڕوناکیدا، بێگومان بینایی خۆیان لەدەست دەدا.

پێوەندی دیلەکان لەگەڵ دنیای دەرەوە بە تەواوی بڕابوو، و هیچ کەس لە خەمی ئەوەدا نەبوو کە بزانێت لە دەرەوە چ ڕوو دەدات و چۆن هەستێک هەیە، بەڵام سەرەڕای دۆخی نائومێدیو لە نێوچوونی کاریگەرییە مەترسیهێنەرەکانی ڕێگاکەیان، هەرکە دۆخیان ئاسایی بووەوە، دیسانیش شتێکی تر ئومێدەواری کردبوونەوە. کاڤیۆس وەک هەمیشە بە شێوەیەکی جددی، پێشنیازێکی پێشکەش کرد کە هەموویان لێی تێگەیشتن، پێکەنینی کیدیگۆ، هاوکات لەگەڵ هاواری ئەخمی لیبیایی، جارێکی تریش بیسترا. پاندیۆن هەندێک

زیاتر تەندروستی خۆی بەدەست هێنابووەوە. ڕوخانی کۆشکی ئارەزووەکانی کاریگەریی قورسیان لەسەر هێشتبووەوە. پاندیۆن، چەند جار دەستی لەو بەردەدا کە لە قەدیفەی بەریدا شاردبوویەوە، بەڵام دەرهێنانی دیارییە سەرسوڕهێنەرەکەی یاخمۆس لەو چاڵە ڕەشە تاریکە بۆگەنەدا، ڕەوا نەبوو. هەروەها ئەو بەردە، ئەوی فریو دابوو، کاردانەوەیەکی سێحراوی نەبوو، و یارمەتی نەکردبوو کە ئازادی بەدەست بێنێت و بگاتەوە دەریا، بەڵام سەرئەنجام پاندیۆن بەردە کریستاڵە سەوزە تێکەڵاو بە شینیەکەی دەرهێنا و بەنهێنی خستییە بەر ڕوناکی ڕەنگ پەڕیوی زیندان کە لە میچەکەوە دەهات، بەڵام نەدەگەیشتە عەرزی زیندان.

پاندیۆن، لە یەکەم تەماشا کردنیدا، دیتی ڕەنگی بەردەکە لە ڕەنگی پەلکەزێڕینە دەچێت، سەرلەنوێ هەستی بەرەو ژیان و خەبات بۆ گەڕانەوە، لە مێشکیدا چەکەرەی کردەوە. ئەو کە لە هەموو شتێک بێبەری کرابوو، نەیدەوێرا دەربارەیان فیکر بکاتەوە و تەنانەت نەیدەوێرا بیرەوەری کەنارەکانی وڵاتەکەی بەبیر بێنێتەوە. ئەوەی بۆی مابووەوە، هەر ئەو بەردە بوو، بەردێک کە وەک خەون دەچوو، خەونێک لە ژیانێکی تر، ژیانێکی ڕاستین کە پێشتر ئاشنایەتی لەگەڵی هەبوو. پاندیۆن چەند جار تەماشای بەردەکەی کرد و لە دڵی ڕونیدا، خۆشییەکی دەدی کە بەبێ ئەو ژیان کردنی بۆ دژوار بوو.

پاندیۆن و هاوڕێیانی پتر لە دە ڕۆژ لەو چاڵە ڕەشەدا ڕاگیران. بڕیار سەبارەت بە چارەنوسی ئەو کۆیلە ڕاکردوانە، بەبێ هیچ لێپرسینەوەک، یان دادگایی کردنێک لە دەرەوەی زیندان و لە لایەن حاکمانەوە درابوو. لەپڕ کونی زیندان لە میچەکەیەوە کرایەوە و پەیژەیەکی داریان شۆڕ کردەوە نێو چاڵە ڕەشەکە و زیندانیەکانیان بردە دەر. لە کاتێکدا چاویان لەبەر تیشکی خۆر، ڕەشی دەبینی، دەسبەجێ لە گروپی شەش کەسیدا پێکەوە زنجیر کران و بردران بۆ ڕۆخی ڕوباری نیل و سواری کەشتێکیان کردن و کەشتیەکە بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو وەڕێکەوت. ڕاپەڕیوەکانیان بۆ سنوری باشوری وڵاتی ڕەشدا، بۆ دەروازەی باشور(٢٧) نارد. ئەوە دوا سەفەریان بوو، و ئیتر گەڕانەوەیان لە ئارادا نەبوو. سەفەرێک بۆ کانزا ترسناکەکانی زێڕ لە وڵاتی "نب"(٢٨).

دوو هەفتە دوای بردنی کۆیلە ڕاکردوەکان لە چاڵی ڕەش و ڕەوانە کردنیان بە کەشتی، لە ٥٠٠ هەزار کوبیتی باشوری پایتەختی تاکیوم، لە کۆشکێکی خۆشی شازادەی باشور لە دورگەی "نوب"(٢٩)، ئەم ڕووداوەی خوارەوە ڕوویدا:

شـازادەی باشـور و حـاکمی ویلایەتـی نـب، "کابوفتـا"[٣٠]ی زاڵـم و لـوت بەرز، کە دوای فیرعەون خۆی بە دووەم کەسایەتی وڵاتی ڕەش دەزانی، داوای فەرماندەی سوپا، میری ڕاو، و فەرماندەی کاروانەکەی کردبوو.

کابوفتـا، فەرمانـدەی کـاروانەکەی لە جێیەک لە هەیـوانی کۆشـکەکەی دی کە میـوانییە گەورەکەی لـێ پێکهێنـابوو. سەرنوسـەرەکەش "سـکرتێر" لەوێ بـوو. کابوفتـا کە پیـاوێکی بەخۆوە بوو، بە لەشی پڕلە ماسولکەوە، بە لاسایی کردنەوە لە فیرعەون، لەسـەر تەختێکی گەورەی شفرە و داری "خورمالو" دانیشتبوو، و بە لوت بەرزییەوە بەسـەر بانگکراوەکاندا زاڵ بوو. ئەو کە دیتی مەئمورەکان بە حاڵەتێکی پرسیار کردن لە یەکتر دەڕوانن، پێکەنی.

کۆشـکەکەی لەسـەر بەرزتـرین خـاڵی دورگەکە هەڵکەوتبـوو. هەیـوانی کۆشـکەکەی دەیڕوانییە دیمەنێکی پـان و بەرینـی ڕوبـار و چەند پەرستگە کە لە بەردی قسـڵ و بەردی سور و سەخت دروست کرابوو. لە درێژەی ڕۆخی ڕوبارەکەدا پۆلێکی زۆر دارە خورمـای بەرز هەبـوو کە لـق و گەڵا مۆرەکانیـان بەسـەر هەڵـدێرگەیەکی لێـژ و ڕۆخـی ڕوبـارەکەدا داکشابوون. دیواری بەردین و سەختی کۆشکەکە دیمەنـی دەشتێکی بەرینی لە پێش بـوو، بەڵام دیمەنـی لای باشـوری لە دیـدی بینەرانـدا نەبـوو. یەکەم تـاڤگەی نیـل لە بەشـی ڕۆژهەڵاتی ئەو دەشتە بوو. لەو بەشەوە، شیوی ڕوبار لە پڕ بەرتەسک دەبووەوە. کێڵگەی ئارام و بە پیت بە هۆی دەشتی پان و بەرینی نوب، وڵاتی زێڕ بە کۆتـا دەهـات. گۆڕسـتانی شـازادەکانی باشـور لەسـەر هەڵـدێرگەیەک، ڕویـان لە کۆشـکەکە بـوو. ئەوانە قەبـری دۆزەرەوە سەرسـوڕهێنەرە نەترسـەکانی کیشـوەری ڕەش پێسـتەکان بـوون کە "هێرخۆف"[٣١]ی مەزن، کەسێک کە لەسەردەمی زنجیرەی شەشـەم[٣٢]دا کاروانەکـانی بەرەو کیشـوەرەکانی باشـور بـرد. گەشـتیارێکی بە ئەزمـوونی بیـانی دەیتـوانی نوسـراوە ڕیزکراوەکانی خەتی "هێروکلین" کە شوێنەواری نوسراوەی بزماریی کیشوەرەکانی ئاسایی بـوو، بخـوێنێتەوە، بەڵام حاکمـانی باشـور بە پێویسـتیان نەدەزانـی ئەو شـوێنەوارانە بخوێننەوە.

کابوفتا، وتەی شانازیی پێکراوی "هێمو"[٣٣]ی سەبارەت بە گەشتەکەی بۆ وڵاتی "پانت-پیونی" لەبەر بوو کە گوتبووی: **(لە هەشتەمین ساڵ.... مێهردار، ڕاگری هەرچی هەیە و نییە، پارێزەری پەرستگە و کۆگاکانی دانەوێڵە و کۆشکی سپی و ڕاگری دەروازەکانی باشور[٣٤]...)** هەموو ئەو دەقانە وەک دنیای ئەفسانەیی کابوفتا، ئێستا بۆ ئەو گەڕابووەوە.

تەم و مژێکـی مـۆر کە لە تینـی گەرمـا سـەرچاوەی وەرگرتبـوو، بە مەودایەکـی دوور دەشـتەکانی داپۆشـیبوو، لەنێو چوو، بەڵام کەشـی دورگە فێنک بـوو. بـا و بـاهۆزی بـاکور، سـەرەڕای گەرمـایەک کە لە باشـورەوە دەهـات، هەوڵـی دەدا کە ئەو بەرەو بیابانەکـان بکێشێتەوە. شازادەی باشور بۆ ماوەیەکی زۆر چاوی لە قەبرەکانی باب و باپیرانی بڕی و دواتر ئاماژەی بۆ کۆیلەکان کرد و فەرمانی بە خزمەتکارەکەیدا کە بۆ دواجار پیاڵەکان پڕ بکاتەوە.

جەژن بە کۆتـا هـات. میوانەکـان هەسـتان و لە پشـت سـەری میواندارەکەیانەوە چوونە نێـو ژوری ناوەنـدی کۆشـکەکەوە. لە ژورێکـی چـوار سـوچدا کە زۆر گەورە نەبـوو، کۆبـوونەوە. ژورەکە بە شـێوەیەکی زۆر جـوانی ڕۆژەکـانی سـەردەمی "توزموسـیس"[٣٥]ی سێیەم ڕازابووەوە. دیواری سـاف و سپی ئەو ژورە کە پێشـتر لێوارەکانی ڕەنگی شـین و ڕەوشـەن و نیگـاری پڕلە هێڵی خـوار و ڕاسـت و کەوانەیـی سـپی پێوەبـوو، ئێسـتا لێواری بـاریکی لە دەرەوەی مـیچەکەی نەخشـی گوڵی نیلـوفەری شـین، بە زەمینـەی زێڕین، شـین، سەوزی ڕەوشـەن و سپی بوو. میچەکەی دابەش ببوو بە سەر چوار داری ڕەنگ گێلاسـیی تونـد کە لێـواری ڕەش و زێڕینـان هەبـوو. مەودای نێـوان دارەکـان، ڕەنگـی ڕەوشـەنیان بە زەمینەی سور و شینی وەک شەترەنج و مارپێچی زێڕین بە گوڵی سپی و بە ڕێشـاڵی پـان کەلێنی سەر دارەکانیان گرتبوو، و هێڵی ڕەش و شینیان لەسەر کێشابووەوە.

مافورەیەک، چەند سەندەڵی "کورسی" کۆبووەوە لە شفرە و پێستی پڵنگ، دوو سـەندەڵی دەسکدار لە داری خورماتووی ئاوزێڕ کراو، و چەنـد سـاردکەرەوەی پایەدار کە وەک مێـز کەڵکیان لێوەردەگیرا، مۆبڵ "قەنەفە" لەو ژورە ڕوناک و خۆشەدا بوون.

کابوفتـا بەبـێ هـیچ پەلە کردنێک لەسـەر یەکێک لە سـەندەڵییە دەسـکدارەکان دانیشـت. لایەکـی ڕووی لە بەرامـبەر دیـوارێکی سـپیدا شـێوازێکی زەقـی هەبـوو. مەئمورەکـان، سەندەڵییەکانیان لێ نزیک کردەوە و سەرنوسەرەکەی "سکرتێر" لە تەنیشت مێزێکی تەلایـی شفرە و دارە خورمالو ڕاوەسـتا. کۆمەڵێک کـاغەز بە مـۆری ڕەش لەسـەر مێزەکە بـوو. بە ئامـاژە کردنـی شـازادەی باشـور، سـکرتێر کاغەزەکـانی لێـک کـردەوە و بـۆ ڕێزگـرتن، لە بەرامبەریدا بێدەنگ بوو. فەرمانـدەی سـوپا کە پیـاوێکی ناشـیرین و سـەرتاس "سـەری بێ مـوو" بـوو، تەماشـای فەرمانـدەی بـاڵا کـورت و قەڵەوی کـاروانەکەی کـرد و بە چـاو تێـی

گەیاند: وتووێژێک کە ئەوی بۆ بانگهێشت کراوە، ئێستا دەست پێدەکات. کابوفتا هەندێک سەری خۆی هێنا خوارەوە و قسەی بۆ بەشداران کرد:

**- (خاوەن شکۆ حاکمی میسری سەرو و میسری خوارو، ژیان، تەندروستی، دەسەڵاتی هەمیشەیی هەبێت، نامەیەکی بۆمن نوسیوە. لە نامەکەیدا، فەرمانی پێداوم کارێک بەڕێوەبەرم کە هەتا ئێستا کەس نەیبیستوە. نوسیویەتی ئاژەڵێکی دڕندەی شاخ لەسەر لوت بگرین کە لەوبەری وڵاتی "واوات"[٣٦] دەژی و بیبەین بۆ پایتەخت. ئەو ئاژەڵە بەهۆی هێزی زۆر و دڕندە بوونیەوە، بێهاوتایە. لە ڕابردوودا ژمارەیەک ئاژەڵی دڕندەی وەک مەیمونەکانی باشور بە زیندووی براوونەتە خزمەت ماڵی گەورە. خەڵکی پایتەخت و خەڵکی "تامێری هوب"[٣٧]، بە هاوکاریی مەیمونی گەورە "گوریل"، زەڕافە، ئاژەڵی "ست"[٣٨] و یەکانی وشکایی، شێر و پڵنگی دڕندە، بە فەرمانی "ڕامسسی گەورە"[٣٩] دژی دوژمنەکانی تاکیوم شەڕیان دەکرد، بەڵام هەرگیز کەرگەدەنی زیندوویان نەبینیبوو. لە سەردەمە زۆر کۆنەکاندا، شازادەکانی باشور پێداویستییەکانی وڵاتی ڕەشیان لە وڵاتی ڕەش پێستەکان دابین دەکرد و بەڕێوەبردنی هیچ کارێک لە بەرامبەر ئەواندا دژوار نەبوو. من دەمەوێ درێژە بەو ڕێگە پڕلە شانازییە بدەین. تاکیوم دەبێ کەرگەدەنی زیندوو ببینێت. من ئێوەم بۆ ئەوە ویستوە کە لەسەر ئاسانترین ڕێگە بۆ هێنانی تەنانەت یەکێک لەو ئاژەڵە دڕندەیە بۆ تاکیوم ڕاوێژ بکەین.)**

کابوفتا، لە کاتێکدا بەرەو میری ڕاو کە پیاوێکی قەڵەو، ناشیرین، قژ ئاڵۆز و لوت قەڵانگی و دەیانگوت خەڵکی "هیکسۆس"[٤٠] بوو، گەڕایەوە، گوتی:

**- (نێهزی تۆ ئەو هەمووە ڕاوە بەشکۆیانەت دیوە، چی دەڵێی؟)** "نێهزی"[٤١] خۆی بادا و وەڵامی دایەوە:

**- (ئاژەڵە دڕندەکانی دەشتەکانی باشور، بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دڕندەن. نێزەکانی ئێمە پێستیان نابڕێت. هێزیان بە ڕادەی هێزی فیلە و لە پەلاماردانداندا زوو هێرش دێنن و هەر شتێکی لەسەر ڕێگەیان بێت، وردی دەکەن. لە قوڵکەدا نەبێ، لە داو ناکەون. ئەگەر ئێمە بۆ ڕاوێکی گەورە بچین و کەرگەدەنێکی مێ لەگەڵ فەرخەکەی ببینین و بتوانین دایکەکەی بکوژین، فەرخەکەی بگرین، دەتوانین بیبەین بۆ کومت....)** کابوفتا بە توڕەیی لە دەسکی سەندەڵییەکەی دا:

– **(دەیان جار سوجدە بۆ بەر دەرگای ماڵی گەورە و پاشا دەبەین! وای بۆ تۆ.)** پەنجەی بەرە میری ڕاو ڕاکێشا و درێژەی دا:

– **(کێ دەتوانێ ئەو بێڕێزیە بە خاوەن شکۆ بکات؟ ئێمە نابێ فەرخەیەکی نیوە گیانی بۆ بەرین، بەڵکوو دەبێ ئاژەڵێکی گەورە و دڕندەی Mefer- Meferm، واتا باشترین ئاژەڵی زیندوو، و زۆر مەترسیداری بۆ بەرین. ئێمە ناتوانین چاوەڕوان بین تا فەرخەی کەرگەدەنی لە داو کەوتوو، گەورە بێت و توانا بگرێت... فەرمانی خاوەن شکۆ دەبێ زۆر بە پەلە بەڕێوە بچێت، بە تایبەتی کە ئەو ئاژەڵە بە دوور لە سنورەکانی باشور دەژی.)** "پیهنی"[٤٢] سەرکردەی کاروان، پێشنیازی کرد:

– **(٣٠٠ کەس لە زیرەکترین سەربازەکان، بەبێ چەک و بە گوریس، کەمدند و تۆڕ بۆ گرتنی ئەو ئاژەڵە ڕەوانە بکرێت.)** فەرماندەی سوپا "سنقری"[٤٣] و کابوفتاش ئەو پێشنیازەیان بەدڵ نەبوو. دواتر سەرکردەی کاروان بەپەلە لە پێشنیازەکەی پەشیمان بووە و بە پەلە گوتی:

– **(پێویست بە ناردنی سەرباز ناکات، بەڵکوو باشترە گوشار بۆ خودی نوبیاییەکان بێنین کە خۆیان ئەو دڕندەیە بگرن.)** کابوفتا سەری بادا و لە کاتێکدا بە سوکایەتی پێکردن پێدەکەنی، گوتی:

– **(زومیس و ڕامسیس، سەردەمی ئێوە بەسەر چووە؛ دانیشتوانی سەرکوت کراوی وڵاتی نوب زیاتر لەوە سەریان شۆڕ ناکەنەوە. " سنقرز" دەزانێت کە ئێمە بە چ زەحمەت و فێڵێک دەتوانین دەمی برسیی ئەوان ببەستین ... نا، ئەوە کارێکی باش نییە، ئێمە دەبێ خۆمان ئەو ئاژەڵە بگرین ...)** سنقرز، بە تێبینییەوە پێشنیازی کرد:

– **(ئەگەر لە جیاتی سەرباز ئەو کۆیلانە قوربانی بکەین؟)** کابوفتای نائومێد. لەپڕ بەخۆ هاتەوە و گوتی:

– **(جەنابی فەرماندەی لێزان! من بە "ما ئات" ، ڕبولنوعی عالەم، سوێند دەخۆم کە حەق بە تۆیە. من سەربزێوەکان و ڕاکردوەکان لە زیندان دێنمەدەر، ئەوانە ئازاترین کۆیلەن و ئەو دڕندانە دەگرن.)** میری ڕاوکەر لە بێ باوەڕییەوە پێکەنی و گوتی:

– **(شازادەی باشور کەسایەتییەکی زانایە. ڕەنگە ئەوە زیادە بێت کە بپرسم، چۆن کۆیلەکان ناچار بە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی مردنێکی گومان هەڵنەگر لەگەڵ ئەو ئاژەڵانە**

**دەکەن؟ هەڕەشە بێ ئاکام دەبێت، ئێوە تەنیا دەتوانن لە بەرامبەر نەچوونیان بەرەو مەرگ، هەڕەشەی کوشتنیان لێ بکەن و ئەوە بۆ ئەوان چ جیاوازیەکی هەیە؟)** کابوفتا گوتی:

**– (نێهزی تۆ ئاژەڵەکان باشتر لە مرۆڤەکان دەناسی، ناسینی مرۆڤەکان بەمن بسپێرە. من بەڵێنی ئازد کردنیان دەدەمێ. ئەوانەی کە پێشتر بۆ ئازاد بوونیان لەگەڵ مەرگ ڕووبە ڕووبوونەتەوە، ئەم جارەش هەوڵی ئەو کارە دەدەن. بەو تێبینیەوە کە من تەنیا کۆیلە ڕاپەڕیوەکان هەڵدەبژێرم.)** نێهزی دووبارە پرسی:

**– (ئایا شازادە بە بەڵێنەکەت وەفا دەکەیت؟)** کابوفتا بە لوت بەرزییەوە لێوی خوارەوەی شۆڕ کردەوە و گوتی:

**– (کەسایەتی شازادەی باشور، ئیزن نادات تا ئەو ڕادەیە بشکێ و درۆ لەگەڵ کۆیلەکان بکات، بەڵام ئەوانە لەو ڕاوەدا بە ساغی ناگەڕێنەوە... ئەوە بەمن بسپێرن، باشترە پێم بڵێی بۆ گرتنی ئەو ئاژەڵە، چەند پیاو پێویستە و ئەوان لە کام ناوچەن و چەندە لێرەوە دوورن؟)**

**– (نزیکەی ٢٠٠ کەس پێویستە. ئەو ئاژەڵە نیوەی ئەو خەڵکە دەکوژێت و ئەوانی تر بە هۆی ژمارەی زۆریان بەسەر ئاژەڵەکەدا زاڵ دەبن و دەیبەستنەوە. لە ئێستاوە تا دوو مانگی تر دەست بە وەرزی لافاوەکان دەکات و دەشتەکان سەوز دەبن. لەو کاتەدا، ئەو ئاژەڵە بەرەو باکور دێت و ئێمە دەتوانین ئەوان لە قەراخ ڕوبار، لە نزیک تاڤگەی شەشەم لە داو بخەین. گرنگترین شت ئەوەیە کە ئێمە ئەو ئاژەڵە لە نزیک ڕوبار ڕاو بکەین، چونکە ئەگەر لەوێ نەبێت، پیاوەکان ناتوانن ئەو بە قورسایی نزیک بە حەوت گا بگوێزنەوە، بەڵام ئەگەر لە ڕۆخی ڕوبار بێت، ئێمە دەتوانین لە قەفەزی بخەین و بە دەریادا بیبەین بۆ پایتەخت...)** شازادەی باشوری بە توندی فیکری دەکردەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرد و لێوەکانی دەجولاند و سەرئەنجام گوتی:

**– (Het، کەوابوو ١٥٠ کۆیلە، ئەگەر باش شەڕ بکەن، بەش دەکات. ١٥٠ سەرباز و ٢٠ ڕاوکەری ڕێنوێنیکەر... نێهزی تۆ خۆت سەرۆکایەتی هەموو کارەکان بکە! زوو دەسبەکار بە و کاروباری تەداروکات بکە. سنفرز سەربازی جێ باوەر و پێست ڕەشە ئارامەکان[٤٤] دەسنیشان دەکات.)**

میری ڕاو ئیحترامی کرد. مەئمورەکان ژورەکەیان بەجێهێشت و سەبارەت بە دەسنیشان کردنی نێهزی بۆ ئەو مەئموریەتە خۆشحاڵ بوون.

کابوفتا، سکرتێرەکەی ڕاگرت کە نامەیەک بۆ سەرۆکەکانی زیندانی دوو شاری "نب" و "سوان" بنوسێت.

---

١- Kiphi
٢- Yakhmos
٣- Nedshes
٤- Hare
٥- Peta
٦- Hapi
٧- خودای خێر و فێڵ.
٨- Cheops
٩- Jedphra فیرعەونێک بوو لە زنجیرەی چوارەم ٢٨٧٧- ٢٨٦٩ پ. ز.
١٠- Baurjed
١١- Tha- Nuter
١٢- Suu الكوسيو جديد.
١٣- پانت: میسرییەکانی بۆ ناوچەیەک لە ئەفریقا گواستەوە. ڕەنگە ئەو ناوچەیە، کەنارەکانی سومالی بێت کە پانتیان پێدەگوت.
١٤- Khafre
١٥- Ra : خودای خۆر، خودای خوداکانی میسر لە سەردەمی ئەهرامەکاندا.
١٦- Amu

١٧- برۆنزی ڕەش- ئالیاژێکە لە مس و ئاسنێکی نایابە. ئاسنگەرەکانی سەردەمانی کۆن بە تێکەڵکردنی "ڕو"ی کە ئالیاژێکی سپی هەندێک مۆرە لەگەڵ کادمیو و هەندێک ئاسنی تر، لەگەڵ برۆز، ئالیاژێکی زۆر سەختیان دروست دەکرد.

١٨ Akhmi

١٩- Horns of arth

٢٠- Tsmis

٢١- Aby dos

٢٢- Wahet War

٢٣- هەر کوبیت بە حیسابی ئەمڕۆ ٤٠ تا ٥٠ سانتی مەترە.

٢٤- Pasht

٢٥- Mut

٢٦- Dead Serpent

٢٧- Nubia ناوچەیەکە لە پاشاو "دلتا"ی نیل، لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ئەفریقا، سۆمالی ئێستا.

٢٨- دەروازەی باشور، شارەکانی "نب" و "ئەسوان"، واتا "سین" و "ئەسوان"ی ئەمڕۆی لەسەر دورگەی 'الفانتین" و "فیلا"ی دەگرتەوە.

٢٩- Nub "زێڕ" ناوی هاوبەش بۆ هەموو ئەو وڵاتانەی کە لە ڕۆخی نیل لە باشوری یەکەم تاڤگە کە دواتر ناویان گۆڕی بۆ "نوبیا".

٣٠- Nub

٣١- Kabuefta

٣٢- Herkhuf

٣٣- زنجیرەی شەشەم ٢٤٧٥- ١٦٢٥ی پ. ز.

٣٣- Hemu

٣٤- لە دەقی ڕوسیی گلف نشت وەرگیراوە و ئەویش لە دەقە ئەسڵییە میسرییەکەی وەرگرتووە.

٣٥- فیرعەون توزموسیسی سێیەم ١٥٠١- ١٤٣٧ پ. ز، سیاسیکار و جەنگاوەر، هەندێک خاکی خستە سەر سنوری دەسەڵاتداری میسر.

٣٦- Wawat

٣٧- Tha- Meri Hub

٣٨- Seth ، ئاژەڵی ست بریتییە لە Okapi کە ئاژەڵێکە لە بنەماڵەی زەڕافە. ئەو ئاژەڵانە ئەمڕۆ تەنیا لە دارستانە چڕەکانی "کۆنگۆ" هەیە، بەڵام لە ڕابردوودا لە هەموو ئەفریقادا هەبوون، بەتایبەتی لە پاشاوی نیل بە زۆری دەژیان. پەیکەری ست شیرنەر خوداوەندی ستەم لە ڕووی ئەو ئاژەڵە دروست کراوە.

٣٩- ڕامسسی دووەم ١٢٢٩- ١٢٢٥ پ. ز، واتا مەزن و سەرکەوتووی گەورە، شێرە ڕامکراوەکانی شان بە شانی میسرییەکان دژی قەومی هیتیت، بەشداریی شەڕی کردبوو.

٤٠- Hyksos

٤١- Nehzi

٤٢- Pihni

٤٣- Snvfri

٤٤- ڕەشە ئارامەکان، ناوێک بوو کە میسرییەوە لەسەر پێست ڕەشەکانی نێو سوپا و پۆلیسیان دانابوو.

# دەشتی زێڕین

## ٥

لە ژێر ڕیزە پلەکانێکدا کە لە دوا خاڵی تەپۆڵکەیەکی باشوری دورگەی "نب"ەوە بەرەو ژێر دەچوو، گروپێک کۆیلە بە زنجیری برۆنز بە یەکترەوە بەسترابوونەوە و بە ژمارەیەک گـابەردی زلەوە هەڵواسـرابوون کە لە هەیـوانەکەوە داکشـابوون. هەمـوو ١١٤ کـۆیلە هەڵاتـووەکە، لەگەڵ ٤٠ ڕەش پێسـت و نوبیـایی بە ڕوخسـارێکی تـوڕە کە شـوێنی برینـی کۆنیان بەسەر شانەوە بوو، لەوێ بوون. ئەو ژمارەیە، ماوەیەکی زۆر لە بەرامبەر تیشکی خـۆردا مـابوونەوە و بـێ توانـا چـاوەڕوانی دوا چارەنوسـی خۆیـان بـوون. سـەرئەنجام پیاوێکی بەرگ سپی "دیشداشـە" لەبەر، کە دارێکی ڕەشـی بە دەسـتەوە و زێڕێکی لە مل و زێـڕێکیش لەسـەر ناوچـاوانی دەلەرایەوە، و دوو سـەربازی نوبیـایی سـاباتیان "چەتـر" بـۆ ڕاگرتبـوو کە خـۆر ئـازاری نەدات، لەسـەر دوا پلەکانەکـانەوە دەرکەوت و بە ئـارامی هـاتە پێشـەوە. چەنـد پیـاوی تـر کە لە بەرگەکانیـان دەردەکەوت کاربەدەسـتی بـاڵا بـن، لە دەوری شازادە کۆبوونەوە. ئەو کەسە، کابوفتا، شازادەی باشور بوو.

سـەربازەکان بە پەلە دەوری کۆیلەکانیـان گەمـارۆدا. نوسـەری "کاتب" زیندان کە لەگەڵ دیلەکـان بـوو، هـاتە پێشـەوە و لە بەرامـبەر شـازادەدا کڕنۆشـی کـرد. کابوفتـا بە ئـارامی و بەبێ هیچ چەشـنە گۆڕانێک لە ڕوخسـاریدا، لە پلەکانەکـان دابەزی و هـاتە لای کۆیلەکـان و بە لـوت بەرزییەوە چـاوی بەسـەر هەمـوو ئەو کەسـانەدا گێـڕا کە لەوێ بـوون. لە کاتێکدا بەرەو یەکێک لە کاربەدەستەکان دەسوڕایەوە، شتێکی گوت. شازادەی باشور بە دارێک کە ژێرەکەی برۆنز بوو، لە سەنگ فەرشی ژێر پێی دا و بە دەنگی بەرز گوتی:

- **(هەمـوو چـاو لەمـن بکەن و گـوێ بـۆ مـن ڕابگـرن. ئەوانەی زمـانی کومتی نـازانن، بکشێنەوە، دواتر بۆیان ڕون دەکرێتەوە.)**

سەربازەکان بە پەلە فەرمانی شازادەیان بەجێگەیاند و پـازدە ڕەش پێسـتیان کە زمـانی "کومت"ییان نەدەزانی لە کۆیلەکان دوور کردەوە.

کابوفتا، لە کاتێکدا وشەکانی بە وردی هەڵدەبژارد، بە ئارامی دەستی کرد بە قسـەکردن. دیار بوو، شازادەی باشور زۆر جار بۆ بێگانەکان قسەی کردبوو. ئەو بـابەتەکەی بە گوێی

کۆیلەکان گەیاند و نەیویست ڕاستییەک بشارێتەوە کە هەڕەشەی لە گیانیان دەکرد، بەڵکوو لە بەرامبەردا بەڵێنی ئازاد کردنی بە زیندانیەکان دا. زۆربەی دیلەکان بە دەنگی بەرز هاودەنگیان لەگەڵ پێشنیازی شازادە کرد و ئەوانی تریش بە خەمەوە بێدەنگ مانەوە، بەڵام هیچ کامیان دژی نەوەستان. کابوفتا دریژەی بە قسەکانیدا: (! **Het، کەوابوو ، باشە.)** شازادە، جارێکی تریش چاوی بە لەشی پیسی دیلەکاندا خشاند و گوتی:

-(**دەڵێم خواردنی باشتان بدەنێ و گەرماویشتان بۆ ئامادە بکەن. گەشتەکەتان بە نێوان پێنج تاڤگەی "هاپی"**[1]**دا کارێکی دژوارە. بە لۆتکەی بچووک گەشت ئاسانترە. ئەگەر سوێند بخۆن کە هەوڵی هەڵاتن نەدەن، فەرمان دەدەم کە بە ئازادی بمێننەوە...)** دەنگی شادیی کۆیلەکان، وتەکانی شازادەیان بڕی. ئەو چاوەڕوان مایەوە، تا بێدەنگ بوون و دواتر دریژەی بە قسەکانیدا و جگە لەو سوێند خواردنە، فەرمانی ژێرەوەی ڕاگەیاند:

– **(لە بەرامبەر هەڵاتنی هەرکام لە ئێوە، پێستی لەشی دە کەس لە باشترین هەڤاڵتان لێ دەکەینەوە و خوێیان پێدا دەکەین و بە دەستی بەستراو لە سەر ڕەڵمەکانی وڵاتی نوب فڕێیان دەدەین. ئەوانەی لە تێکهەڵچوون لەگەڵ ئەو ئاژەڵەدا ترسیان ڕێبنیشێت و هەڵێن، بە توندی ئەشکەنجە دەدرێن؛ من، دانیشتوانی وڵاتی نوب ئاگادار دەکەمەوە و هەڕەشەی سزادانیان لێ دەکەم کە هەڵاتووەکان دەستگیر بکەن.)** کۆتایی وتەکانی شازادە، بێدەنگییەکی تاڵی بە دوادا هات. کابوفتا، بەبێ گرنگیدان بە کۆیلەکان، دیسانیش تەماشای ئەوانی کرد. ئەزمونەکەی پاڵپشتی دروستی بڕیاردانەکەی بوو. شازادە بە کاڤیۆسی گوت:

– **(وەرە ئێرە، تۆ دەبی بە بەرپرسی داو دانەرەکان و پێوەندیی نێوان ڕاوچیەکان و من و هاوڕێیانت.)** کاڤیۆس بە ڕێزەوە سەری بۆ شازادە دانواند و گوتی:

– **(شازادە، ئێوە بە نرخێکی زۆر گران، ئازادی بە ئێمە دەفرۆشن، بەڵام ئێمە بۆ کڕینی ئامادەین.)** کاڤیۆس ئەوەی گوت و ڕووی لە هاوڕێیانی کرد و گوتی:

– **(ئاژەڵی دڕندە خراپتر لە کانزای زێڕ نیە و ئێمە ئومێدێکی زۆرترمان هەیە...)**

کابوفتا کۆیلەکانی بەجێهێشت و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ زیندانەکانیان. شازادەی باشور، بەڵێنەکانی بردە سەر، خواردنی ڕاپەڕیوەکانیان باشکرد، و زنجیرەکانیان لێ کرایەوە. ڕۆژێ دوو جاریان بۆ خۆشوشتن دەبردنە سەر ڕوباری نیل و لە گۆلی بچووکدا کە بۆ بەرگریی کردن لە هاتنی تیمساحەکان دروستیان کردبوو، مەلەیان دەکرد. دوای دوو ڕۆژ،

١٥٤ كۆیلە لەگەڵ گروپێک سەرباز و ڕاوکەر یەکیان گرتەوە و بە لۆتکەیەک کە لە قامیش دروستیان کردبوو، بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاو وەڕێکەوتن.

گەشتەکەیان دوور و درێژ بوو، دانیشتوانی وڵاتی ڕەش لە دەروازەی باشورەوە تا شەشەمین تاڤگەی نیلیان بە چوار ملیۆن کوبیت مەزندە دەکرد. ڕوبار بە گشتی بە هێڵێکدا بە نێوان "واوات" و "یرتت"دا دەڕۆیشت، بەڵام لە وڵاتی "کوسن"[٢] کە لە بەشی سەروی ڕوبارکە هەڵکەوتبوو، دووجار بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سوڕاوە. میرڕاو پەلەی بوو، و گوتی: (**گەشتەکەمان دوو مانگ دەخایەنێت. نۆ حەوتوی تر، ئاو زیاد دەبێت و کاتێک ڕەوتی ئاو بزاڤی توند بەخۆیەوە بگرێت، درێژەدانی ڕێگا بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕوبار دژوارتر دەبێت. هەروەها هێنانی ئاژەڵێکی زل بە کەشتی، بەو تاڤگانەدا، تەنیا کاتێک دەگونجێت کە ئاو نیشتبێتەوە و بەم جۆرە تەنیا ماوەیەکی کەممان بۆ گەڕانەوە دەمێنێت.**)

لە ماوەی گەشتەکەدا، کۆیلەکان خواردنی باشیان خوارد. سەرەڕای کاری دژواری ڕۆژانەیان کە بە سەوڵ لێدان، لۆتکەکانیان بە پێچەوانەی ڕەوتی ڕوباری نیل و ئاوی خوڕێنی تاڤگەکاندا دەبردە پێشەوە، هەستیان بە هێز و تەندروستی خۆیان دەکرد.

ئەوان، سەبارەت بەو ڕاوە دژوارەی کە بۆیان دیاری کرابوو، زۆر بە ئازار نەبوون، چونکە هەرکامەیان لای خۆیان دڵنیا بوون کە زیندوو دەمێنن و ئازاد دەبن. جیاوازی لە نێوان ئەو دەشتە و ئەو جۆگەلە نەناسراوانەی کە پێیدا تێدەپەڕین لەگەڵ ئەو کونانەی کە تێیدا زیندانی کرابوون بۆ هەڵسەنگاندن نەدەبوو. ئێستا ئەو پیاوانە لە بواری جەستە و دەرونەوە، بە تەواوی تەندروست و بەهێز بوون و بەدڵ تێدەکۆشان. میرڕاو، لێیان ڕازی بوو، و خواردنی باشی دەدانێ. خواردنەکەیان لە شار و گوندەکانی سەر ڕێگا دابین دەکرا. دەسبەجێ دوای بەجێهێشتنی دورگەی نب، پاندیۆن و هاوڕێیانی یەکەم تاڤگەی نیلیان بینی. هەڵدێرگە و کەندالەکان، هەندێک جار ڕەوتی ئاوەکەیان دەگۆڕی و ئاو بە توندی لە گۆمە جیاوازەکاندا لولی دەخوارد و بە نێوان پێچ و لۆفەکاندا درێژەی بە ڕێگا دەدا. سەدان ساڵ بەرلە سەردەمی پاندیۆن، هەزاران کۆیلە لەژێر دەستی زاناترین ئەندازیارانی تاکیوم کاریان دەکرد، کەناڵی ئاویان بە نێوان هەڵدێرگە و گابەردە سەختەکاندا دەکێشا کە پاپۆڕی گەورەی جەنگی بەبێ گرفت بتوانێ بە هەموو تاڤگەکاندا بڕوات. کۆیلەکان تا نێو قەدیان دەچوونە نێو ئاو و لۆتکەکانیان بەسەر کەنداڵ و خوڕێنەکاندا سەردەخست. هەندێک جار

ناچـار دەبـوون لۆتکەکانیـان بەسـەر ئەو تاشـە بەردە لوسـانەدا بەرن کە لافـاو لە ڕۆخـی ڕوبار هەڵیکەندبوون. ڕاوکەرەکان ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا لە باشور نزیک دەبوونەوە.

ئەوان، لە پەرسـتگەیەک تێـپەڕین کە بەردی هەڵـدێرێکی باسـکی چەپـی ڕوبـارەکە هەڵکەنـدرابوو. پانـدیۆن، لە پـڕ سـەرنجی بەرەو ئەو پەرسـتگەیە چـوو کە چـوار پەیـکەر لە ژورێکدا بە بەرزایـی نزیـک بە سـێ کوبیت دانرابـوون. لەوە دەچـوو، ئەو پەیـکەرە گەورانە هـی فیرعەونـی سـەرکەوتوو "ڕامسسـی دووەم" ڕاگر و پارێزەری پەرسـتگە بێت. ڕۆژێکـی تەواوی گـرت تـا گروپـی دووەمـی نێردراوەکـان لە تـاڤگەی دووەم تێپەڕین. دیسـانیش لە بەشـی سـەروتری ئەوانەوە، گەیشتنە دورگەی "یورونـاتو"[٣] و لێژایـی "سـێمنێ"[٤]. نۆ سـەدە لەمەوبەر، لەوێ لەسـەر هەڵـدێرگە سـەختەکان کە ئـاو شوشـتبوونیەوە، فیرعەونێـک[٥] کە نوبیای داگیـر کـرد، قەڵایەکـی لـێ دروسـت کردبـوو، و نـاوی "دوورکردنەوەی درندەکان"ی لەسـەر دانـابوو. دیـوارە ئەسـتورەکانی ئەو قەڵایە بە بەرزایـی ٢٠ کوبیـت، لە خشـتی کـاڵ بـوون، و هێشـتا بـاش مـابوون و هەر سـی سـاڵەی جارێـک بە تەواوی نـۆژەن دەکرانەوە. لەسـەر کەنداڵەکانـدا بەردی نوسـراو هەبـوو کە هـاتنی ڕەش پێسـتەکانی بـۆ وڵاتـی تـاکیوم یاساخ دەکرد.

ئەو قەڵا مـۆرە خەیـاڵاوییەی کە لەسـەر چـوار ئەسـتون بەرز ببـووەوە، بەسـەر چەنـد ئەستونی ڕوو بە ڕوبار و ڕیزێک پلەکاندا هەڵدەکشـا کە لە ڕۆخـی ڕوبـارەکەوە دەگەیشـتنە سەر هەڵدێرگەیەک و لەوێ دیمەنی ناوچەکەی دەخستە ژێرچاوی خۆی. قەڵا هێمای هێز و لـوت بەرزیـی و توانـای کومـت بـوو، بەڵام هیچکـام لە کۆیلەکـان لەوە نەدەگەیشـتن کە سەردەمی گەورەیی کومتی بە توانا بەسـەر چووە و بە مێشکیشـیان نەدەگەیشـت، وڵاتێک کە لەسەر شانی کۆیلەی لە ژمارە نەهاتوو دروست کراوە، ئێسـتا بە ڕاپەڕینـی پەیتـا پەیتـا، هەڵدەوەشایەوە و لە لایەن هێزی مرۆڤی گەنج لەژێر هەڕەشە دابوو.

ئەوان لە ڕێگاکەیانـدا، چـوار قەڵای تریـان لە دورگە و بەسـەر هەڵـدێرگەکانی ڕۆخـی ڕوبارەکەدا خستە پشتسەر. دواتر لۆتکەکەیـان لە کەوانەیەکدا سـوڕایەوە و چەنـد لۆڤەیـان بـڕی. شـاری "هامـاتۆن"[٦] لە نێـو یەکێـک لەو لۆفـانەدا بـوو. ئەو شـارە، لەلایەن هەمـان فیرعەونی ڕافزی دروست کرابوو کە پاندیۆن لە نێوان وێرانەکانیدا، پەیکەری کچە سـەیر و سـەمەرەکەی لـێ دۆزیبـووەوە. دانیشـتوانی ئەو شـارە، لەو ژمـارە میسـرییانە پێکهـاتبوو کە دوور خرابوونەوە، یـان لە ڕۆژگـارانی پێشـوودا لە وڵاتـی ڕەش هەڵاتبوون. لە کۆتـایی ئەو

لۆفە و نیوکەوانانەدا، ڕوبارەکە دەچووە پێشەوە و بە توندی دەخزایە نێو میسری نوێ کە لە هەڵدێرگەی بەرزی زیخ و کڵۆ بەردی بچووک پێکهاتبوو. لێرەدا، ڕوبارەکە بۆ یەکەم جار بەرتەسک دەبووە و نزیکەی ١٠٠ هەزار کوبیت بە توندی دەڕۆیشت. چوار ڕۆژی دەویست کە ڕاوکەرەکان بتوانن لێی تێپەڕن.

چوارەمین بەشی نیل، لە سەروی شاری "ناپاتا"[٧]، پایتەختی پاشاکانی نوب، مەودای لەوەش زیاتر بوو. بۆ گەیشتنە ئەوێ، پێنج ڕۆژی دەویست و دوو ڕۆژی تریش، بەهۆی وتووێژی نێوان میرڕاو و حاکمانی "کوش" دوا کەوتن. لە چوارەمین تاڤگەدا، سێ لۆتکە وەپێش ڕاوکەرەکان کەوتن. ئەو سێ لۆتکەیە، هی نوبیاییەکان بوو کە پێشتر ڕەوانە کرابوون کە بە شوێنی کەرگەدەنەکان بزانن. گوندەکانی ئەو ناوچەیە هەم ژمارەیان کەمتر لە گوندەکانی تاکیوم بوو، و هەمیش مەودایان زیاتر بوو. ڕێی ڕوبارەکە زۆر قوڵتر لە زەوی بوو، بەڵام دەشت و کێڵگەکان لە بەرزاییەکی دوورەوە لە نێو تەم و مژی گەرمادا دەبیندران. سەدان تیمساح کە هەندێکیان زۆر گەورە بوون، لە قامیشەڵانەکاندا و سەر زیخ و ڕەڵمی ڕۆخی روبارەکەدا درێژ ببوون و پشتی ڕەش و سەوزی مۆریان لەبەر تیشکی خۆر هەڵخستبوو. چەند کۆیلە و سەرباز بەهۆی سەرنج نەدانیان، لە بەرامبەر چاوی هاوڕێکانیاندا کەوتنە بەر هێرشی ئەو ئاژەڵە بێدەنگانە.

لەو ئاوەدا، ژمارەیەکی زۆر ئەسپی ئاوێ هەبوو کە پێشتر لە وڵاتی میسردا بە ناوی Hte دەناسران. پاندیۆن، وتروسکی و کۆیلەکانی تر کە لە وڵاتانی باکورەوە هاتبوون، ئەو ئەسپانەیان دەناسی. ئەسپە ئاوییەکان لە مرۆڤ نەدەترسان و پەلاماری خەڵکیشیان نەدەدا. لەبەر ئەوە، کۆیلەکان دەیانتوانی بە نزیکیاندا تێپەڕن. لە ڕووبەڕووی ئەوان، لە بەشی بەرینتری دۆڵەکەدا، پاشاوێک دەگەیشتە نێو گۆلێکی ساف و پان. سەوزاییەک لە بەرامبەر دیوارێکی قامیشی سەوزدا دەبیندرا. ئەو ئاژەڵە زل و ناشیرینانە، پێستێکی نەرمی شینان هەبوو، و بەلایاندا تێپەڕین و لۆتکەکانیان تەماشا دەکرد. ئەوان، سەری سەیر و بێ جووڵەیان بە جۆرێک لەسەر ئاو ڕاگرتبوو کە دەتگوت لوتیان بڕاوە و شەویلکەی چوار سوچیان خستبووە ژێر ئاو کە زلکاو و قوڕاوی دەوروبەریان بەسەر نێوچاوان و بناگوێ بچووکەکانیاندا بڕوات. چاویان، لەسەر بەشی زەقی سەریان، شێوازێکی دڕندانەی بە ئاژەڵەکە دەبەخشی و نەزانانە دەیانڕوانیە ئەو لۆتکانەی بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕین.

ئەسپە ئاوییەکان، بە ئاودڕەکان و تاڤگەی ژێر کەنداڵاندا هاتوچۆیان دەکرد. جارێک، لۆتکەی کۆیلەکان بە ژێر هەڵدێرگەیەکدا تێپەڕی کە ژمارەیەکی زۆر ئەسپی زلی لێبوو. پێستی ئەو ئاژەڵانە لەژێر ئاودا ڕەنگیان تۆختر دەبوو. ڕەش پێستەکان دەیانگێڕایەوە کە ئەسپی ئاویێ Hte لە درێژایی ڕوبارەکاندا، لە پنچکەدار و ڕیشەی گیا دەگەڕێن.

ڕوبار، بۆ دواجار ڕێڕەوی خۆی گۆڕی و لە دوڕگەیەکی پڕ لە حەشیمەت و بە پیتەوە بەرەو باشور بایداوە و بە مەودایەکی کەم ڕاوکەرەکانی لە جێی ڕاو دوور کردەوە. لێژایی ڕۆخی ڕوبار بەرە بەرە کەمتر دەبووەوە و زەویـیە داپۆشـراوەکان بە دار و درەختی ئەستوری گزیچار و ڕوەکی دڕودار، کۆتاییان پێ دەهێنا. لە مەودای نێوان تاڤگەی چوارەم و پێنجەمدا، دوو لۆتکە وەرگەڕان و یازدە کەس کە هەموویان مەلەوانی ناودار بوون، لە ئاودا خنکان.

دوای بەجێهێشتنی تاڤگەی پێنجەم، گەیشتنە یەکەم یەکاوی نیل. لەوێ، ڕوباری "عەترەکان "بۆن"[٨] لە دارستانە گەورەکان و قامیشەڵانەکانەوە دەهات و دەگەیشتە ڕوبارە ئەسڵییەکە و دیوارێکی چڕ و پڕی سەوز بە بەرزایی بیست کوبیت لە دەوری لۆفەکان، بەهۆی ئاوەکەوە پچڕ پچڕ دەبوو، و بەرەو ڕۆخی ڕوبارەکە دەشکایەوە. ڕوبارەکە گەیشتە زنجیرە تەپۆڵکەیەکی لێک بڵاو، کە داری ئەستور و دەوەن سەری داپۆشیبوون و تا ڕادەیەک بەرەو وڵاتێکی نەناسی بێ دانیشتوو، چووبوونە پێشەوە. کاتی هاتنی باو و باهۆز، گیایەکی زبر لە بناری تەپۆڵکەکان، خشەیان دەهات.

لێرەوە، کاتی دانی نرخی گەشتەکەیان بۆ ئازادی، بەبێ زنجیر و زیندان، بەرە بەرە نزیک دەبووەوە و ترس دڵی تەپیوی کۆیلەکانی داگرتبوو. بە زوویی ئەو تاقیکردنەوە مەترسیدارە دەستی پێ دەکرد. ژمارەیەکیان بە نرخی ژیان و ڕەنجی ئەوانی تر، ڕزگار دەبوون و ئەوانی تریش لە کاتێکدا ئەوپەڕی لەخۆبوردوویان پێشاندەدا بۆ هەمیشە لەو وڵاتە نەناسراوەدا دەمانەوە. کاڤیۆس، لە تێڕامانێکی هاوڕێیانیدا هەوڵی دەدا ئەوەی لە داهاتوودا گومانی لێ دەکرا لە مێشکیاندا بیهێڵێتەوە.

هەرچەندە زیاتر دەچوونە پێشەوە، ناوچەکە زیاتر دەبوو بە دەشتایی و تا چاو هەتەری دەکرد، زەلکاو لە هێڵێکی تیژ و پڕلە قەوزەدا چووبووە پێشەوە و گوڵەکان و بەتایبەتی گوڵی قامیش بەسەر ڕوبارەکەدا شۆڕ ببوونەوە و سەر ئاوەکەیان داپۆشیبوو. تەپۆڵکەی داپۆشراو بە گیا، ڕێگەی ئاوەکەیان دەگۆڕی و هەندێک جار ڕوبارەکە دابەش

ببــوو بەســەر جــۆگەلەی تەنگــدا و ئــاو لە گۆمانــدا کۆدەبــووەوە. لە قوڵایەکــانی ژێــر هەڵدێرگەکاندا، لەو جێیانەی ڕۆخی ڕوبار سەخت و سەخت بوو، گەشتیاران ژمارەیەکی زیاتریان گوڵی تاوەسوتی وشک و پەڕپەڕ بوویان لەبەر تیشکی خۆردا دەبینی کە لەژێر پێی ئاژەڵەکاندا ورد ببوون.

دنـدوک "دنـوک"ی درێـژی هەنـدێک لە باڵندەی شـێوە لەک لەکی بـاڵا درێـژی هێنـدەی مرۆڤ، کۆیلەکانی سەرسام کرد. باڵندەندەکان سەریان وەبن توکی سنگیان دابوو، و هێڵی دەوری باڵەکانیـان ڕوو بە بەرزیـی لەشـیان هەڵکشـابوو، و چـاوی زەرد و شـەڕئەنگیزیان دەدرەوشایەوە.

کۆیلەکـان دوای تێپەڕبـوون لە یەکـاوی بۆنەکـان، واتـا ئەو خـاڵەی کە ڕوبـای بۆنەکـان تێکەڵی نیل دەبوو، بە دوو ڕۆژ، درێژایی ڕوبارەکەیـان کە ڕێک وەک نێزە ڕاست بوو، بە لۆتکە بڕی. لێرەدا، ڕاوکەرەکان و نوبیاییە ڕێنماکان کە پێشتر ڕەوانە کرابوون، چاوەڕوانی گەیشتنی کۆیلەکان بوون. ئەوە بەو واتایە بوو کە ئاژەڵە دڕندەکانیان دیبوو.

ئەو شەوە، ١٤٠ کۆیلە لەژێر چاودێری ٩٠ سەربازدا لە ڕوبار تێپەڕین و بەرەو بەشـی ڕۆژئــاوا بەڕێکــران. بــارینی بــارانێکی قــورس لە کەشــێکی گەرمــدا بەســەر زەوی داغ و شـێداردا، خەڵکەکەی گێژ کردبوو. ئەوان ماوەیەکی زۆر بوو لەژێر ئاسمانی بێ هەوری تاکیومدا بیریـان لە بـارانێکی بەم جۆرە بە تەوەژم نەکردبۆوە. ڕاوکەرەکان بەنێوان چەند پۆل گیای نوک تیژدا کە تا نێوقەدیان بەرز بوون، ڕۆیشتن و هەندێک جار بەژێر سێبەری ڕەشی دار و درەختەکاندا تێپەڕین. ڕێوی و چەقەڵەکان لە هەموو لایەکە لورەیان دەهات و دەوەڕین. پشیلەی کێوی بە دەنگی بەرز دریانمیاواند و بێدەنگی ناوچەکەیـان دەشکاند و دەنگـی تـوڕەی باڵنـدەکانی شــەو کە یەکتریـان بانـگ دەکـرد، ئـاهەنگێکی تـایبەت و گـوێ کەڕکەریان هەبوو.

دنیایەکی نوێ، تاریک، بێ مەودا و پڕلە نهێنی، لە بەرامبەر دیدی دانیشتوانی ئاسیا و کەنارەکـانی بـاکوردا بـوو. ئەو دنیـایەی پـڕ بـوو لە ژیـانی سـەربەخۆی مرۆڤـی دوور لە دەســەڵات. لە بەرامبەریانـدا دارێکـی گەورە دەرکەوت کە لــق و پەل و پۆپەکــانی نیــوەی ئاســـمانیان داپۆشـــیبوو. ئەســـتورایی قەدی ئەو دارە کەوانەیـــی و خـــوارانە، لە هەمـــوو ئەستونەکانی وڵاتی ڕەش ئەستورتر بوون. ئەوان، لەژێر ئەو دار و درەختـانەدا خێوەتیـان

هەڵداو شەویان، کە لەوە دەچوو دوا شەوی ژیانی ژمارەیەکی زۆریان بێت، لەوێ تێپەڕ کرد.

پاندیۆن، بۆ ماوەیەکی زۆر نەنوست. فیکری خەباتی داهاتوو، هەژاندبووی. لەبەر ئەوە، ڕاکشا تا گوێ لە دەنگەکانی ناوچەکە و دەشتی ئەفریقا بگرێت. کاڤیۆس لەژێر چادرێکدا ئاگری هەڵکردبوو، و لەگەڵ ڕاوکەرەکان دانیشتبوو، و سەبارەت بە پلانی سبەینێی ڕاوکەرەکان قسەی لەگەڵیان دەکرد و دواتر کە چاوی خەواڵوی هاوڕێیانی دی، ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا. کاڤیۆس نەیدەتوانی بزانێت، بۆچی کیدیگۆ دۆخەکە بە گرنگ ناگرێت. ئەو، لە نێوەڕاستی پاندیۆن و ڕەمدۆس دا نوستبوو. لەو گەشتەدا، هەر چوار هاوڕێ پێکەوە بوون. کاڤیۆس، ئەو ڕەش پێستەی کە وەک بە جەرگترین کەس کەوتبووە بەرچاو. نەترسییەک کە تەنانەت ئەو بۆخۆشی کە سەربازێکی ئازا بوو، و زۆر جار مەرگی ڕووبەڕوو ببووەوە، نەیدەتوانی هەیبێت.

ڕۆژ بووەوە و کۆیلەکانیان کردە سێ دەستە. هەر دەستەیان خستە ژێر چاودێری پێنج ڕاوکەر و دوو ڕێنمای ناوچەکە. هەر کۆیلەیەک، گوریسێکی درێژی پێبوو کە سەریان کەمەند بوو. لە هەر دەستەیەکدا، چوار کەس، تۆڕێکی گەورە و تایبەتییان پێبوو، چنراوی تۆڕەکان نزیکەی کوبیتێک پان بوون. ئەوان دەبووایە، ئاژەڵەکان بە گوریسی سەر کەمدند بگرن و بیانخەنە نێو تۆڕەکانیان و دواتر لاقیان ببەستن.

دەستەی کۆیلەکان بە مەودایەکی دیار لە یەکتر، لە بێدەنگییەکی تەواودا بەرەو پانتایی دەشتەکە دەچوون. سەربازەکان لە ڕیزێکی درێژدا ڕاوەستابوون و چونکە باوەڕیان بە کۆیلەکان نەدەکرد، تیرەکانیان لە کەواندا ڕاگرتبوو. دەشتێکی ڕێک لە بەرامبەر پاندیۆن و هاوڕێیانیدا بوو، گیا لەو دەشتەدا تا نێوقەدی مرۆڤ بەرز ببووەوە. لێرە و لەوێ دارێکی[٩] مۆری تاجدار "دار سەیوان" شین ببوو. دۆڵچەی ئەو دارانە لە ژێرەوە تا دەگەیشتە لق و چڵ و گەڵا لە ژمار نەهاتووەکانیان، وەک دۆڵچەی "قیف" سەراوبن بوون. لەوە دەچوو لق و گەڵاکانیان لە ئاسماندا مەلە دەکەن.

لە نێوان ئەو دارانەدا، هەندێک جار پۆل پۆل دەوەنی مۆری بەرز بە گەڵای بچووکی سەوز هەبوون. جار جارەش دەشتەکە بە دار و درەختی[١٠] زۆر ئەستور، بە لق و پۆی پڕ و تێکەڵاو، و گوڵ داپۆشرابوو. ئەو دارە گەورانە بە شێوەیەکی ڕون لەو دەشتانەدا بەرچاو دەکەوتن و بە تاجی پانیان سێبەرێکی پان و مۆریان بە سەر زەویدا کشاندبوو.

ڕەنگی مسیی و گەڵای ناسک و نەرمی ئەو دارانە و بۆنی گوڵەکانیان کە لە گوڵی دار بادام "باویّ" دەچوو، هەموو دەشتەکەی پڕ کردبوو. تیشکی خۆر، ڕەنگی ئەو پۆلە گیایانەی کە بە زۆر دەجوڵانەوە، دەگۆڕی بۆ ڕەنگی زێڕین و لە سەرەوەیاندا دار و درەختی سەوز پەل و پۆیان لە ئاسماندا بڵاوکردبۆوە.

ڕیزێک نێزەی ڕەش و باریک، بەسەر گیایەکاندا دەبیندرا و کۆمەڵێک بزنە کێوی "بزنی ئەفریقایی" شاخەکانیان کەوتە بەرچاو و دواتر لەژێر دەوەنەکاندا ونبوون. هێشتا گیا بە تەواوی شین نەببوو، و بەشێک لە زەوییەکان ڕووتەن بوون و چونکە باران نەبارییبوو، زەوی لە هەموو لایەکەوە قەڵشی هەڵگرتبوو.

لە باسکی چەپەیاندا، پۆلێک دار هەبوو کە گەڵاکانیان لە گەڵای داری خورما دەچوو. دارەکان لە دوو لقدا، چڵەکەیان وەک پەنجەی دەست کرابووەوە و سەرلەنویّ چرۆ و تولی نوێیان دەرکربوو. ڕۆژی پێشوو، ڕاوکەرەکان، لێرە کەرگەدەنێکیان بینیبوو، و ئێستا کۆیلەکان چووبوون تا لە نێوان گیا و دارە مۆر و تاریکەکاندا، سەرلەنویّ کەرگەدەن بدۆزنەوە، بەڵام چونکە هیچ ئاژەڵێکی لیّ نەبوو، ڕاوکەرەکان، کۆیلەکانیان بەرەو ئاودرێکی وشکی پڕ لە دەوەن برد کە کانیاوێکی لێبوو. کەرگەدەنەکان، دەوری ئەو کانیاوەیان دڕیبوو، و وەک گۆلێکی قوڕاویان لیّ کردبوو، و بە درێژایی گەرمای ڕۆژ لەودا دەنوستن.

ڕاوچییەکان گەیشتنە ناوچەیەکی بەرفرەوان کە لە دەوروبەریدا سیّ داری "ئاقاقیا" "سەیوان"ی گەورە هەبوو. ئەوان، نزیکەی دوو هەزار کوبیت لە ئاودڕە وشکەکە دوور کەوتبوونەوە کە یەکێک لە نوبیاییە ڕێنمایەکان ڕاوەستا و بە هێمای بوەستن، بێڵەکانی ڕاوەشاند. بێدەنگی بە جۆرێک باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو کە دەنگی باڵی میش و وزەی مێشولەش بە ڕونی دەبیسترا. کیدیگۆ، دەستی لە شانی پاندیۆن دا و ئاماژەی بۆ لایەک کرد. پاندیۆن لەویّ لەژێر دەوەن و چاڵوکاندا شتێکی دی کە لە دوو تاشە بەردی لوس دەچوو. ئەوانە ئاژەڵە مەترسیهێنەرەکانی باشور بوون.

ئەو ئاژەڵانە، لە سەرەتاوە سەرنجیان بە ڕاوکەرەکان نەدا و لە کاتێکدا پشتیان لە ڕاوکەرەکان بوو، درێژەیان بە خەوتن لە سەر زەوی دا. بەلای پاندیۆنەوە، ئاژەڵەکان زۆر گەورە نەبوون و یەکێک لەوان کە کەرگەدەنێکی میّ بوو، زۆر بچووکتر لەویتریان بوو. کۆیلەکان نەیاندەزانی کە ڕاوکەرەکان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی گەورە، کەرگەدەنە نێرە گەورە پێست ڕەوشەنەکەیان[١١] دەستنیشان کردبوو کە لە جۆری هەرە گەورەیان بوو. شانی ئەو

کەرگەدەنە بەرزتر بوو، بە شەویلکەی پانی چوار سوچ و پێستی مۆر و ڕەوشەنەوە. ڕاوکەرەکان بڕیاریاندا پلانی هێرشەکەیان بگۆڕن، بە جۆرێک کاتی ڕاو کردن کەرگەدەنی مێ لە نێوەڕاستیاندا نەبێت.

میرڕاو، و فەرماندەی دەستەکانی چاودێر، چوونە سەر دارێکی گەورەی پڕ لە لق و پۆ، و سەربازەکانیش لەژێر دەوەنەکاندا خۆیان شاردەوە. کۆیلەکان، سەرەتا لە دەستەیەکدا کۆ بوونەوە و دواتر لە چەند ڕیزدا بڵاوبوونەوە و لەگەڵ ڕاوکەرەکان، بە گوڕە و هاواری هاندەرانەیان، گوریسەکانیان ڕادەوەشاند و لەو دەشتە پان و بەرینەدا دەستیان بە هێرش کرد. هەردوو ئاژەڵ بەشێوەیەکی سامناک، لە جێی خۆیان ڕاپەڕین. کەرگەدەنە نێرە گەورەکە هەندێک بە ئارامی ڕاوەستا و چاوی لەو کەسانەی دەوروبەری کرد کە لێی نزیک دەبوونەوە، بەڵام مێیەکەی کە پتر ترسابوو، بەرەو لایەک ڕایکرد. ئەوە هەمان ئەو شتە بوو کە ڕاوکەرەکان حیسابیان بۆ کردبوو. کۆیلەکان بە توندی بەرەو لای ڕاستە ڕایانکرد، تا پێوەندیی ئەو ئاژەڵە لەگەڵ جووتەکەی ببڕن. میرڕاو لەسەر دارەکەوە دەیتوانی جەستەی گەورەی کەرگەدەنە نەجووڵەکە ببینێت. گوێی ڕەش و خوار بووەوەی، بەرەو پێشەوە هاتبوو، و نێوچاوانی بەرز و خڕ و لە گرد چووی سەری، ئەوانی لە یەکتر جیا کردبۆوە. پشتی بڵند و سەرشانە لە تەپۆڵکە چووەکانی، سەر و لەشی لە یەکتر جیا دەکردەوە. سمتی قەڵەو و سەر شانی گەورەی لەبن گوێیەوە بەرز ببووەوە و لە کۆتاییدا، شاخی دەدرەوشایەوە. میسرییەکان واتێگەیشتن کە چاوەکانی ئەو ئاژەڵە بە نەزانی و تەنانەت ئازارەوە دەڕوانێتە زەوی.

دوای خولەکێک، کەرگەدەنەکە سوڕایەوە، میسرییەکان سەری درێژی ئەویان بینی کە بە شێوەیەکی ناشیرین لە ناوەڕاستەوە خوار ببووەوە. لێژایی سەرشانی زەقی، ئێسقانەکانی سەر سمتی، لاقی وەک کۆڵەکە ئەستوری و کەلکی بچووکی لە کاتی شەڕ کردندا بەرەو پشتی بەرز کردبۆوە، لەگەڵ شفرەی گەورە و ڕەوشەنی کە دوو کوبیت لەسەر لمبۆزەی بەرز ببووەوە. ژێر شاخی زۆر ئەستور و نوکەکەی زۆر تیژ بوو. لە ژێر ئەودا، شفرەیەکی بچووکی تریش هەبوو کە ژێری خڕ و پان و ئەویش وەک ئەویتریان سەری تیژ بوو.

ئەو مرۆڤانە، لە کاتێکدا دڵیان بە توندیی لێی دەدا، بەرەو کەرگەدەنەکە کە لە نزیکەوە زۆر بەسام و درێژایی نزیکەی هەشت کوبیت بوو، هێرشیان دەبرد. شانە بەهێزەکانی لە

زەوییەوە چوار ئەرش بەرز بوون. کەرگەدەن، باوێشکێکی هاتێ کە هەموو گوێیان لێبوو، و دواتر بەرەو کۆیلەکان کە لێی نزیک دەبوونەوە خۆی هاویشت. چالاک بوونی ئەو ئاژەڵە زلە لەگەڵ لەشی قورسی یەکی نەدەگرتەوە، بە زوویی خۆی گەیاندە خەڵکەکە و کاتی بە هیچ کەس نەدا کە گوریسە سەر کەمەندەکەی بکاتەوە.

پانـدیۆن، بە مەودایەکـی کەم خـۆی لە بەرامـبەر ئـاژەڵەکەدا دیـتەوە و بینـی کە وەک گێژەڵـوکە بە تەنیشـتیدا تێـپەڕی. یۆنـانییە گەنـجەکە، هەر ئەوەنـدەی مـاوە هەبـوو کە دوو کـونی لـوتی ئەسـتوری بە پێسـت دەور گرتـووی لەگەڵ قەڵشـی سـەر گـوێی ڕاسـتە و بەرسنگی ببینیت کە لە هەندێک شوێندا زەق ببووەوە. دوای ئەو دیتنانەی، هەموو شتێک لە مێشـکیدا شـێوا. لە پانتـایی ئەو دەشـتەدا، قیـژە و هـاواری تیـژی کۆیلەکـان، دڵـی ئاسـمانی دەدڕی. لەشی مرۆڤێک کە بە تەواوی کۆببووەوە، فڕێدرایە ئاسـمان. کەرگەدەن، جـادەیەکی پانی بە نێوان کۆیلەکاندا کردەوە و چەند کەسی خستە لەسەر زەوی و بە نێوانیاندا، بەرەو دەشـتەکە ڕایکـرد و سـەرلەنوێ گەڕایەوە و دیسـانیش خـۆی گەیانـدەوە نێـو ئەو مـرۆڤە چارەڕەشـانە. ئەم جارەیـان مرۆڤەکـان خۆیـان خسـتە سـەر جەسـتەی ئەو ئـاژەڵە گۆشـتنە، بەڵام ئاژەڵەکە بە ماسولکەی بەهێز و ئێسکی ئەستور و پێستی سەختی، پیاوەکانی فڕیدا و جـارێکی تـریش کـۆیلە چارەڕەشـەکانی خسـتەوە ژێر چـوار دەسـت و پێـی و ئەوانـی تێـک شکاند و بە بەردەوامی بە شاخەکانی لێیدەدان. پاندیۆن کە لەگەڵ ئەوانی تر بەرەو پێشەوە چووبوو، بە زەبرێکی قورسی ئاژەڵەکە، لە وەستان بووەوە و کەوتە سەر دەست و پێ.

ناڵەی پڕلە ئازار و هـاوار و قیژەی گوێ کەڕکەری کۆیلەکـان، دەشـتەکەی پڕ کردبوو. تـۆز و خـۆڵ، وەک هەور بەری ئاسـمانی گرتبـوو. میـرڕاو کە لەسـەر دارەکەوە هـانی کۆیلەکانی دەدا، ئێستا بێدەنگ ببوو، و بە شڵەژاوی تەماشای دیمەنەکەی دەکرد. لە کاتێکدا ٣٠ پیاوی مردوو، و زیندوو لە سەر زەوی کەوتبوون، ئەوان هێشـتا نەیـانتوانیبوو تەنـانەت گوریسـێک بە ئـاژەڵەکەوە گـرێ بـدەن. سـەربازەکان بە ڕەنـگ پەڕیـوی و لەرزان، لەژێـر دارەکانـدا خۆیـان شـاردبووەوە و بـۆ ڕزگاربوونیـان لە هێرشـی ئەو دڕنـدەیە، لەبەر خوداکانی تاکیوم دەپاڕانەوە.

کەرگەدەن، بـۆ جـاری سـێیەم پەلامـاری کۆیلەکانیـدا و هەرچەنـدە ئەوان خۆیـان لـێ لا دەدا، بەڵام "ڕەمـەدۆس" و وتروسـکیە گەنـجەکە، وەبەر شـاخی کەوتـن. کەرگەدەنەکە لە کاتێکدا چاوە چکۆلەکانی دەدرەوشانەوە و کەف بە لوتیدا چۆڕەی دەکرد، بە غـوڕە غـوڕ و

تـورەیی هێرشــی دەکـردە سـەریان و ئەوانـی دەخسـتە ژێـر پـێ و بە شـفرە لێـی دەدان. کاڤیۆس بە دەنگێکی بەرز و ترسـناک کە لە شـڵەژانەوە سـەرچاوەی دەگـرت، بەرەو ئـاژەڵە درندەکە چوو، بەڵام گوریسەکەی بە شاخییەوە گیر نەبوو، و خزایە خوارەوە. وتروسـکی خۆی هاویشتە قەراخ و خوێنی بە لەشیدا هاتە خوار و پشت و سەرشـان و سنگی بریندار بوو، و بە زەحمەت توانی هەستێتەوە سەرپێ و بە تورەیی و بەبێ تێروانین، بە شـڵەژاوی قیژاندی. ئەوانەی لە هێزی ئـاژەڵەکە دەترسـان، بە لاکە لاک خۆیـان دەکشـاندەوە و ئەوانـی تـریش کە زۆر بـوێر نەبـوون، دەخـزانە پشـت هاوڕێکانیـان. لەوە دەچـوو، زەختـی زیـاتری بوێت کە ئەوان کۆ بکاتەوە و ئومێدی ئازاد بوونیان لەنێو نەچێت.

کەرگەدەن، بـۆ پەلامـاردان گەڕایەوە و دیسـانیش قیـژە و هـاوار بەرز بـووەوە. کیـدیگۆ خۆی هاویشتە پێشەوە و لە کاتێکدا هەردوو کونی لوتی لە ترسان کرابوونەوە، بەڵام جگە لە لەو بەرخـۆدانە، فیکـری لە شـتێکی تـر نەدەکـردەوە. ئەو، بـۆ خـۆ پاراسـتن لە شـاخی ترسناک و مەرگهێنەری کەرگەدەن، خۆی هاویشتە پشتەوە و وەدوای کەوت و بە هەردوو دەسـتی کلکی گـرت. پانـدیۆن کە بە زەبـری ئـاژەڵەکە کەوتبـوو، هەنـدێک بەخـۆ هـاتەوە و تۆڕیکی بـادراوی هەڵگرت کە لەسـەر زەوی کەوتبوو. لەو کـاتە هەسـتیارەدا، هەسـتی بەوە دەکـرد، چـونکە لە کـاتی بێهـۆش بوونیـدا، هاوڕێیـانی خۆیـان بـۆ کردبـووە مەتـاڵ، دەبـێ بکەوێتە پێشیان. بیرەوەرییەکی لاوازی بە مێشکدا هات. دەشتە سەوزەکەی دوڕگەی کرێت و یارییە مەترسیدارەکەی لەگەڵ گایەکە بە بیر هاتەوە.

سـەرەڕای ئەوە، کە کەرگەدەن زۆر لە گـا نەدەچـوو، بەڵام پانـدیۆن بڕیاریـدا لە هەمـان شێواز کەڵک وەرگرێت. یۆنـانیی گەنـج، تۆڕە بـادراوەکەی خسـتە سـەر شـانی و پەلامـاری کەرگەدەنەکەیدا. ئـاژەڵەکە، کە کیـدیگۆی بە لایەکدا فڕێدا بـوو، ڕاوەسـتا و پێکـۆڵی کـرد و خۆڵێکی زۆری بە دەوروبەری خۆیدا بڵاوکردەوە.

دوو لیبیـایی کە بە پلانـی پانـدیۆنیان زانـی، سـەرنجی ئاژەڵەکەیـان بەرەو لایەکـی تـر ڕاکێشا و پاندیۆن بە جووڵەیەک خۆی گەیاندێ و بە توندی پێیەوە نوسـا. ئـاژەڵ بە تونـدی کارەبا گەڕایەوە و مووی تێژی پێستەکەی، لەشی پاندیۆنی دڕی. یۆنانییە گەنجەکە هەسـتی بە ئازارێکی زۆر کرد، بەڵام لە کاتێکدا هەموو شتێکی لەبیر کردبوو، گوێی ئاژەڵەکەی گرت و هەروەک لە دوڕگەی کرێت بینیبـووی، خـۆی هاویشـتە سەرپشـتی. ئـاژەڵ بە تونـدی بە دەوری خۆیـدا دەسـوڕایەوە و یۆنـانییەکەش بە هەمـوو هێـزییەوە پێـیەوە نوسـابوو. لەو

کاتەدا، تەنیا لەو فیکرەدا بوو کە لەسەر پشتی بمێنێتەوە، چونکە ماوەیەکی دەویست کە بتوانێ تۆڕەکەی لەسەر بکات.

پاندیۆن، ئەوەندە خۆی ڕاگرت تا شاخەکانی کەرگەدەن بە کونی تۆڕەکەدا هاتنەدەر و بەو کارە، ئەو لە شادیدا نوقم بوو، بەڵام دەسبەجێ هەموو دنیا لەبەر چاوی تاریک بوو. دەنگی شتێک هات و قورسایەکی زۆر کەوتە سەری و بەرچاوی تاریک بوو. پاندیۆن، لە کاتی بەربەکانیدا، نەیدەزانی کە کیدیگۆ دووبارە کلکی ئاژەڵەکەی گرتووەو دە لیبیایی و شەش ئامویش تۆڕەکەیان گرتووە و خستوویانەتە نێو سەر و شاخەکانی. کەرگەدەن بۆ دوور کردنەوەی ئەو خەڵکە لە خۆی، کەوتبووە سەر تەنیشت و باسک و ئێسکی ملی یۆنانییە گەنجەکەی کە لەسەر زەوی کەوتبوو، تێکشکابوو.

کۆیلەکان، کەوتنی ئاژەڵەکەیان قۆستەوە و بە گوڕە و قیژەی بڵند، خۆیان هاویشتە سەری و تۆڕی دووەمیان لە سەری پێچا و دوو گوریسیان لە لاقەکانی و گوریسێکیشیان لە دەستەکانی بەست. پرخەی ئاژەڵ، خۆی لە غوڕەیەکدا دیتەوە و بەسەر تەنیشتی لای چەپەیدا بایداوە و دواتر کەوتە سەر پشت و ئێسکی ئەوانەی ورد کرد کە کەوتبوونە ژێری. لەوە دەچوو کە هێزی ئەو ئاژەڵە تەواوبوونی نەبێت. شەش جار هەستایەوە سەرپێ و لە کاتێکدا زیاتر لە پەنجا کەسی لەنێو بردبوو، لە گوریسەکاندا مایەوە و دووبارە بەسەر پشتدا سوڕایەوە. هێشتا بەستنی گوریس بەردەوام بوون و ڕاوکەرەکان گوریسەکانیان بە توندی سەخت کرد.

ئاژەڵ، لە سەرییەوە تا لاقەکانی لە سێ تۆڕ خرابوو. بە زوویی گروپێکی خوێناوی کە خوێن و خوڵ و ئارەقە بە لەشیاندا دەچۆڕایەوە، سواری کەرگەدەنە بوون و نەیانهێشت خۆی ڕزگار بکات. پێستی ئەستوری ئاژەڵ بە خوێنی لەشی کۆیلەکان لوس و خلیسک ببوو. لەگەڵ ئەوەدا کە پەنجەی خوار و تێکشکاوی کۆیلەکان، شتێکیان بۆ نەدەگیرا، بەڵام هێشتا گوریسەکانیان دەکێشا و توندیان دەکرد. تەنانەت ئەوانەش کە لەژێر جەستەی گەورەی ئاژەڵەکەدا پان ببوونەوە، سەرلەنوێ خۆیان خستە سەر گوریسەکان. ڕاوکەرەکان بە گوریسی نوێ، لە ئاژەڵە لوول کراوەکە نزیک بوونەوە و هەر چوار دەست و لاقی ئەستوریان لە مل و شاخەکانی گرێدا.

خەباتی ترسناک بەکۆتا هات. مرۆڤە ترساوەکان، بەرە بەرە هۆشیار بوونەوە و ماسولکە و لەشی برینداریان وە لێدان کەوتەوە، لەوە دەچوو کە کاری پزیشکیان بۆ

کرابێت و پەلکە ڕەشەکانی چاوی نابینایان وەکار کەوتنەوە. سەرئەنجام ئەو دڵانەی شێتانە لێیاندەدا، ئارامتر بوونەوە و لێرە و لەوێ، هەناسەی ئاسودەیان دەبیسترا و تێگەیشتبوون کە مەرگیان لێ دوور کەوتوەتەوە. کاڤیۆس کە هەموو لەشی لە خوێن و قوڕدا بوو، بە لاکە لاک هەستایەوە سەرپێ. کیدیگۆش کە هەموو لەشی دەلەرزا، بەڵام لە خەندە نەدەکەوت، هاتە لای کاڤیۆس و کاتێک زانی پاندیۆن لەنێو زیندوەکاندا نییە، دەسبەجێ لە خەندە کەوت.

٧٣ کەس زیندوو مابوونەوە و ئەوانی تر کوژرابوون، یان برینی قولیان هەبوو. وتروسکی و کیدیگۆ لەنێوان مردوەکان و بریندارە نیوە گیانەکاندا لە پاندیۆن دەگەڕان و تەرمەکەیان دۆزیەوە و ئەویان هێنایە بەر سێبەر. کاڤیۆس بە وردی پشکنینی بۆ کرد، بەڵام نەیتوانی زیانێکی مەرگهێنەری تێدا ببینێتەوە. ڕەمدۆس مردبوو، "ئامو" سەرۆکی توندتەبیەت گیانی دابوو، و ئەخمی ئازای لیبیاییش سنگی تێکشکابوو و بێهۆش بوو.

لەو کاتەدا کە کۆیلەکان، هاوڕێ لەدەست چووەکانیان دەژمارد و زیان پێگەیشتوەکانیان دەبردە بەر سێبەر، سەربازەکان داربەستێکی گەورەیان کە پێشتر ئامادەیان کردبوو کە کەرگەدەنەکەی پێ بگوێزنەوە، لە ڕووبارەوە هێنا و ئاژەڵەکەیان خستەسەر و بەرەو ڕووبار کێشایان. هاوکات کاڤیۆس چووە لای میرڕاو، و لە کاتێکدا پەنجەی بۆلای سەربازەکان ڕادەکێشا، گوتی:

- (**بە ئەوانە بڵێ کە لە گواستنەوەی بریندارەکان یارمەتیمان بدەن.**) میرڕاو بەبێ ئیرادە، دەستخۆشی لە وتروسکی بەتوانا کرد کە هەموو لەشی لە خوێن و خۆڵ و تۆزدا نوقم ببوو، و خەمێکی قوڵ بەسەریدا زاڵ بوو. ئەو پرسی:

- (**دەتەوێ لەگەڵ ئەوانە چ بکەیت؟**) کاڤیۆس بەدڵ و زمانی خەمبار، گوتی:

- (**ئەوانە دەگەڕێنینەوە بۆ ڕووبار، بەڵکوو ژمارەیەکیان تا تاکتوم و گەیشتنی پزیشک زیندوو بمێننەوە.**) میرڕاو قسەکەی بڕی:

- (**کێ پێی گوتی تۆ دەگەڕێتەوە بۆ تاکیوم؟**) وتروسکی لە کاتێکدا هەموو لەشی دەلەرزی، گوتی:

- (**کەوا بوو، شازادە درۆی کردوە؟ مەگەر ئێمە ئازاد نین؟**)

- (**نەخێر، شازادە درۆی لەگەڵ ئێوەی هەژار نەکردوە، ئێوە ئازادن!**) بە دوای ئەو گوتنەدا، میرڕاو، کاغەزێکی بچووکی بەرەو کاڤیۆس ڕاگرت و گوتی:

- (**ئەوە فەرمانی شازادەیە.**) کاڤێوس، بەڵگە بە نرخەکەی وەرگرت. لەودا ئاماژە بۆ ئازاد کردنی کۆیلەکان کرابوو. وتروسکی گوتی:

- (**کەوابوو، بۆچی....**) میرڕاو بە زمانێکی زبر گوتی:

- (**بێدەنگ بە و گوێت لێ بێ. ئێوە لێرە ئازادن.**) میرڕاو لەسەر وشەی "لێرە" ڕاوەستا و درێژەی دا:

- (**هەر جێیەک بخوازن، دەتوانن بچن، ئێرە، یان ئەوێ.**) ئەو ئاماژەی بۆ ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا و باشور کرد و گوتی:

- (**بەڵام ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ تاکیوم و نوب کە لەژێر حوکمی ئێمە دان. ئەگەر بە پێچەوانەی ئەو فەرمانە بجولێنەوە، دووبارە بە کۆیلە دەگیرێنەوە!**) ئەو بە چەشنی درندەیەک گوتی:

- (**بەڵام هەست دەکەم، کاتێک ئێوە لە بارودۆخەکە بکۆڵنەوە، دەگەڕێنەوە و دەکەونە ژێر پێی حاکمانی ئێمە و داوا دەکەن، خزمەتکاری گەورە پیاوانی ئێمە بن.**)

وتروسکی دوو هەنگاو چووە پێشەوە و لە کاتێکدا چاوەکانی دەدرەوشانەوە، پەنجەی بەرەو یەکێک لە سەربازەکان ڕاکێشا کە بە سەرسوڕمانەوە دەیڕوانیە میرڕاو، و بە جوولەیەکی لە ناکاو، شمشێرەکەی لە کەمەری سەربازەکە دەرکێشا. وتروسکی شمشێرەکەی بەرز کردەوە و ماچی کرد و بە زمانی خۆی شتێکی گوت کە هیچی لێ تێنەگەیشتن:

- (**سوێند بە خودای گەورەی ڕەوشنایی و سوێند بە خودای مەرگ کە من ناوی خۆم لەو وەرگرتووە، سەرەڕای کاری تێکدەرانەی ئەو خەڵکە توک لێکراوانە، ئەوان دەگەڕێنینەوە بۆ وڵاتی خۆیان. سوێند دەخۆم کە لە ئێستاوە تا سەرکەوتن بەسەر سوپای بە هێزی تاکیوم و تۆڵە سەندنەوەی تاوانەکان، ئارام نەبم.**)

کاڤێوس، دەستی بەرەو ئەو شوێنانە درێژ کرد کە تەرمی کۆیلەکانی لێ کەوتبوو، و دواتر شمشێرەکەی بە توندی لە پێش دەمی خۆی لە عەرز دا. شمشێر تا دەسک چوو لە زەوییەوە. وتروسکی بە توندی گەڕایەوە و بەرەو هاوڕێکانی چوو، بەڵام لە ناکاو بەرەو پشتەوە سوڕایەوە و لە کاتێکدا میرڕاو لەگەڵ دوا سەربازەکانی هەنگاوی هەڵدەگرت، پێی گوت:

**- (تەنیا داوایەکەم لێت هەیە کە بەوانە بڵێ، چەند نێزە، چەقۆ، و کەوان بۆ ئێمە بەجێهێڵن. دەبێ چاودێری بریندارەکان بکەین.)**

میرڕاو، بەبێ هیچ وەڵامێک، سەری بادا و بە جادەیەکی پاندا کە بە ڕاکێشانی قەفەزی کەرگەدەنەکە پێکهاتبوو، بەرەو ڕوبار چوو، و لە پشت تەپۆڵکەکەکاندا ونبوو. وتروسکی، ڕووداوەکەی بۆ هاوڕێیانی گێڕاوە و ئەوانیش تورە بوون و قسەی ناشیرین و هەڕەشە ئامێزی بێ بنەمایان لەگەڵ دەرد و ئازاریان تێکەڵ کرد. کاڤیۆس بە دەنگی بڵند گوتی:

**- (سەبارەت بەو شتەی کە دواتر بەڕێوەی دەبەین، دەبێ بیر بکەینەوە. یەکەم کارمان ئەوەیە کە دەبێ بزانین لەگەڵ بریندارەکانمان چ بکەین. تا ڕوبار، مەودایەکی زۆرە و ئێستا ئێمە هەمووەمان ماندوین و ناتوانین ئەوان بۆ ئەو ڕێگا دوورە بگوێزینەوە. ئیزن بدەن هەندێک پشو بدەین و دواتر دەتوانین پەنجا کەس بچین بۆ سەر ڕوبار و بیست کەسیش لێرە بۆ پارێزگاری کردن لەوانە بمێنینەوە. لێرە ئاژەڵی دڕندە زۆرن.)**

وتروسکی ئاماژەی بۆ خاڵی سەر پشتی ژمارەیەک چەقەڵ کرد کە لەنێو گژ و گیایەکاندا بوون و بەرەو بۆنی خوێن هاتبوون. باڵندەی گەورەی مل بێ تووکی درێژیان دەبینی کە لە سەرووی ئەواندا بەسەر دەشتەکەدا دەسوڕانەوە و هەندێک جار بەرەو زەوی شۆڕ دەبوونەوە و سەرلەنوێ بەرەو ئاسمان دەچوونەوە. زەوی وشک، کە لەبەر تیشکی خۆر و گەرمادا داغ ببوو، شەپولی گەرمای زیاتر دەکرد و سێبەری ژێر دارەکان زۆر بە کەمی دەجوڵانەوە و کۆترە کێوییەکان لەو بێدەنگییە پڕلە ئازارەدا خەمبار بوون. ترسی خەبات لەنێو چوو، و برینەکان و جێی زەبر لێکەوتووەکان ژانیان دەکرد و پێستە بریندارەکان چڵکیان کردبوو.

مردنی ڕەمدۆس بۆ کاڤیۆس زەبرێکی تاقەتبڕ بوو، ئەو کوڕە گەنجە تەنیا یادگاری وڵاتی دوورکەوتووی وتروسکی بوو کە ئێستا بە مردنی لەنێو چووبوو. کیدیگۆ، برینەکانی خۆی لەبیر کردبوو، و لەسەر سەری پاندیۆن دانیشتبوو. بە ڕواڵەت یۆنانییە گەنجەکە، زیانی دەرونی لێکەتبوو، و بەهۆش نەدەهاتەوە، بەڵام هەناسەی دەکێشا. هەناسەکانی بە نێوان لێوی سوتاویدا، بە دنگێکی کز بە زەحمەت دەبیستران. کیدیگۆ، چەند جار تەماشای هاوڕێیانی کرد کە لەژێر سێبەر درێژ ببوون و هەستایە سەرپێ و گوتی ئەوانەی لە خۆیان ڕادەبینن و خۆیان دەیانەوێت، بچن بۆ بریندارەکان ئاو بێنن.

ئەوانەی بەبێ وزە لەسەر زەوی کەوتبوون و دەیانناڵاند، هەستان و دەسبەجێ هەستیان بە تونیەتێکی کوشندە کرد. ئەوانەی تەندروستیش هەر بەو ڕادیە پێویستیان بە ئاو هەبوو، و برینداره‌کان کە بەهۆی دۆخی خراپ و ناتەندروستیان، توانایی ناڵێنیشیان نەبوو. ئەگەر لە هێڵێکی ڕێکدا بەرەو ڕووبار چووبان، نزیکەی دوو کاتژمێری دەویست.

لەو کاتەدا، کە ئەوان خۆیان بۆ چوون و هێنانی ئاو ئامادە دەکرد، دەنگێک بیسترا. گرووپێک سەرباز کە ژمارەیان نزیکەی پەنجا کەس دەبوو، بە قاپ و دیزە و گۆزەی گڵیی پڕلە ئاو و خواردن وەدەر کەوتن. لە نێوان ئەو ژمارەیەدا هیچ میسرییەک نەبوو، و ئەوان بە تێکڕایی نوبیایی و ڕەش پێست بوون و دوو ڕێنمایان لەگەڵ بوو.

سەربازەکان، بە بینینی شوێنەکە قسەکەیان بڕی و بەرەو ئەو دارە چوون کە کاڤیۆس لە ژێری ڕاوەستابوو، و بەبێ ئەوەی کە وشەیەک بە زمان بێنن، قاپ و دیزە و گۆزە گڵیی پڕ ئاو، و خواردنەکانیان دانا و دوازدە نێزە، شەش کەوان بە تیری پێویست و چوار کێردی گەورە و چوار مەتاڵیان کە لە پێستی ئەسپی ئاوی بوو، و برۆنزیان بەسەردا کێشابوون، خستە ژێرپێی کاڤیۆس. پیاوە تونییەکان وەک شێتان پەلاماری دیزە و گۆزە ئاوەکانیاندا. کیدیگۆ یەکێک لە کێردەکانی هەڵگرت و گوتی هەر کەسێک دەست لە ئاوەکان بدات، دەکوژرێت. ئەوان بە پەلە لە دیزە و گۆزەکان دوور کەوتنەوە و بە فەرمانی کیدیگۆ سەرەتا بریندارەکانیان تێر ئاو کرد و دواتریش خۆیان ئاویان خواردەوە. سەربازەکان بەبێ ئەوەی کە وشەیەکیان بە زمان بێ، دوور کەوتنەوە.

لە نێوان کۆیلەکاندا، دوو کەسیان زانیاریی لەسەر کاری برین پێچی هەبوو. ئەوان لەگەڵ کاڤیۆس خەریکی پێچانی برینی هاوڕێیانیان بوون و ئێسکی شکاوی پاندیۆنیان خستەوە جێی خۆی و پێستی وەشکی داریان لەسەر دانا و بە ڕیشاڵی قەدیفە دڕاوەکەی بۆیان بەست. کاتێک کیدیگۆ قەدیفەی پاندیۆنی هەڵگرت، چاوی بە بەردێکی ڕەوشەن و درەوشێنەر کەوت کە لە چینی درواوی قەدیفەکەدا شاردرابووەوە. ڕەش پێستەکە، لای وابوو بەردەکە سێحراوییە، لەبەر ئەوە شاردییەوە.

دوو برینداری تر دەبووایە بۆ جێی شکانەکانیان تەختە بەکار بێت. یەکێک لەوانە، لیبایی بوو کە قۆڵی شکابوو، و ئەویتریان ڕەش پێستێکی لاواز ئەندام بوو کە لاقی شکاوی هەڵگەڕابووەوە ژێر چۆکی و بە ئازارێکی زۆرەوە، درێژ کرابوو. برینی ئەوانی تر، هەرچەندە شاخی کەرگەدەن چووبوو لە گۆشتی لەشیانەوە، بەڵام بە گشتی چارە دەبوون.

ژمارەیەکی تریان لەژێر جەستەی قورس و گەورە و ژێر پێی لە کۆلکەدار چووی ئاژەڵەکە ورد ببوون.

بەرلەوەی کە کـاڤیۆس کـاتی تەواو بـۆ دەرمـان کردنـی برینـدارەکان تەرخـان بکـات، سێبەری ڕەشی پیاوێکی بینی کە خەریک بوو بەرەو جێی ڕووداوەکە دەهات و لە نێو گیا زەردبووەکاندا دەرکەوت. ئەو پیاوە، یەکێک لە دانیشتوانی ناوچەکە بوو کە سەربازەکانی لەگەڵ ئاو و خواردن هێنابوو، و ئێستا خۆی بە تەنیا گەڕابووەوە. ئەو ڕێنمایە کە بەهۆی زەحتـی ڕێگـا ڕۆیشـتن، بە دژواری هەناسـەی دەکێشـا، بە دەسـت و باسـکی کـراوە و پەنجەکانی بەرەو ئاسمان، لە کاڤیۆس نزیک بووەوە. وترووسکی کردەی ئەو پیاوەی بە حیسابی خۆشەویستی دانا و هەر بەو هێمایەش وەڵامی دایەوە.

پیاوە ڕێنمایەکە، لە ژێر سێبەری دارەکە هەڵتروشکا و پاڵی بە نێزە درێژەکەیەوە دا و هاوکات لەگەڵ ئاماژە کردنی بۆ ڕووباری باسکی باشور، بە توندی دەستی بە قسەکردن کرد، بەڵام بیسەرانی لێی تێنەگەیشتن. ئەو زیاتر لە دە وشەی لە زمانی تاکیومی نەدەزانی. لەلایەکی تردا، کاڤیۆسیش لە یەک وشەی نەگەیشت، بەڵام لە نێوان کۆیلەکاندا وەرگێڕێک پەیدابوو. دەرکەوت ئەو پیاوە بۆ یارمەتیکردن بە کۆیلەکان و دۆزینەوەی ڕێگا بۆیان، لە سەربازەکان هەڵبڕاوە و گەڕاوەتەوە لایان. ئەو، پێی گوتن ئێوە کۆیلە ئازادکراوەکان لە ناوچەکانی سەر بە تاکیوم دەرکراون و گەڕانەوەتان بۆ ڕووبار، مەترسی هەیە کە دیسان دەستگیرتان بکەنەوە.

پیاوە ڕێنمایەکە، پێشنیازی بە کاڤیۆس کرد کە بەرەو ڕۆژئاوا بچن و گوتی بە زوویی دەگەنە نێو دۆڵێکی گەورە و درێژ. دەبێ بۆ ماوەی چوار ڕۆژ، بە نێو ئەو دۆڵەدا بڕۆن، تا بگەنە ڕەشماڵی "سەلیمولنفس". دواتر پیاوە نوبیاییەکە لەژێر قوماشێکدا کە بەسەر شانییەوە بوو، میدالیا "نشان"ێکی دەرهێنا کە لێواری سوری بە شێوەیەکی تایبەت خوارکرابووەوە و گوتی:

**- (ئەگەر ئێوە ئەم نیشانەیان بدەنێ، ئەوان پێشوازیی باشتان دەکەن و وڵاغتان دەدەنێ کە برینـدارەکانتانی پـێ بگـوێزنەوە. ئەوبەری، بەرەو باشـور، وڵاتـی مـرۆڤە دەوڵەمەندە ئاشتیخوازەکانە و ڕقیان لە کومت دەبێتەوە. لەوێ برینـدارەکانتان دەرمان دەکرێن. هەرچەندە بەرەو باشور بچنە پێشەوە، ئاو زیاتر دەست دەکەوێت و بارانی زیاتر دەبارێت. ئێوە دەتوانن لە ئاودرە وشکەکانی سەر ڕێگادا، نزیکەی دوو کوبیت زەوی**

**هەڵکەنن و بە بەردەوامی ئاوتان چنگ دەکەوێت....)** پیاوە نوبیاییەکە پەلەی ڕۆیشتنی بوو، هەستا کە بڕوات. کاڤیۆس دەیویست سوپاسی بکات، بەڵام لەپڕ یەکێک لە کۆیلە ئاساییەکان بە ڕیشی درێژ و پیس و مووی ئاڵۆزی سەری، لە نوبیاییەکە نزیک بووەوە و گوتی:

– **(لە کاتێکدا وڵاتی ئێمە لەم بەشە هەڵکەوتوە، تۆ بۆچی ڕادەسپێریێ کە ئێمە بەرەو ڕۆژئاوا و باشور بچین؟)** ئەو بە دەست ئاماژەی بۆ ڕوبار، واتا ڕۆژهەڵات کرد. پیاو نوبیاییەکە بۆ چەند چرکەیەک چاوی لە ئاسیاییەکە بڕی، بە ئارامی و زۆر لەسەرەخۆی وەڵامی دایەوە:

– **(ئەگەر بە ڕوباردا بڕۆن، لە ڕۆژهەڵاتیدا توشی بیابانێکی بەردەڵان دەبن. ئەگەر لەو بیابانە و کێوە بەرزەکان تێپەڕن، دەگەنە کەنارەکانی دەریا، جێیەک کە شوێنی دەسەڵاتی تاکیومە، ئەگەر بتوانن لە دەریا بپەڕنەوە، لەو بەری دەریادا توشی بیابانێکی تر دەبنەوە کە ئەو مەترسی لەوی پێشو زیاترە. لەنێوان چیاکان و بەرەو ڕوباری عەترەکان "بۆنەکان"، ژمارەیەک تایەفە دەژین کە کۆیلە بۆ تاکیوم پەیدا دەکەن. ئەوان کۆیلەکان بە چەک دەگۆڕنەوە، ئێستا خۆتان دەزانن!)** یەکێک لە نوبیاییەکان بە زمانێکی زبر پرسی:

– **(ئایا ڕێگایەک بەرەو باکور نیە؟)**

– **(بۆچی نا، دوای دوو ڕۆژ ڕێگا بەرەو باکور، بیابانێکی بە کۆتا نەهاتوو، دەست پێدەکات. سەرەتا قوڕێکی وشک بووەوە و بەردەڵان و دواتر خیزەڵانە. چۆن بەو ڕێگەیەدا تێدەپەڕن و بۆچی؟ ڕەنگە لەویێ جادە و کانیاو هەبێت، بەڵام من دەربارەی ئەوان زانیاریم نییە. من ئاسانترین ڕێگام بە ئێوە پێشان داوە، ڕێگایەک کە ئاشنایەتی باشم لەگەڵی هەیە...)** نوبیاییەکە بە هێما ڕایگەیاند کە قسەکانم تەواو بووە، سێبەری دارەکەی بەجێهێشت.کاڤیۆس بەدوایدا چوو، باسکی لە دەوری شانەکانی هاڵاند و بە زمانێکی تێکەڵاوی میسری و وتروسکی سوپاسی کرد و دواتر وەرگێڕەکەی بانک کرد و گوتی:

– **(من شتێکم نیە کە بیدەم بە تۆ و خۆشم شتێک جگە لە....)** وتروسکی ئاماژەی بۆ فۆتە پیسەکەی بەری کرد:

– **(بەڵام تۆ بۆ هەمیشە لە دڵی مندا دەمێنییەوە.)** نوبیاییەکە بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

**– (من بۆ یارمەتی دانەکەم، شتێکم لە ئێوە ناوێت، منیش پەیڕەوی لە ناخم دەکەم. کام لە ئێمە، کە لەگەڵ زوڵم و ستەمی تاکیوم ئاشنایین، بە مرۆڤی وەک ئێوە ئازا کە ئازادی خۆتان بە نرخێکی ئاوا گران دەست خستوە، یارمەتی ناکات؟ تەماشاکە، ڕاسپاردەی من لە گوێ بگرە و ئەو نیشانە بپارێزە کە داومێی... من شتێکی تریشت پێدەڵێم، لە باسکی ڕاستەتاندا نزیکەی دوو هەزار ئەرش دوورتر لێرە، گۆلاوێکی بچووک هەیە، بەڵام باشترە بەرلە تاریک بوونی کەش، ئەمڕۆ لەوێ دوور بکەونەوە. خوا حافیز ئەی ئاشنای ئازا، سڵاوی من بە هاوڕێیانت بگەیەنە، من دەبێ بەپەلە بڕۆم.)**

پیاوە نوبیاییەکە ڕۆیشت و کاڤیۆس، لە کاتێکدا بە توندی چوو لە فیکرەوە، بۆ ماوەیەک بەچاو، بە شوێنیەوە بوو. نا، ئەوان نەیاندەتوانی ئەو ڕۆژە، جێیەکەیان بەجێهێڵن و هاوڕێ برینـدارەکانیان لەوێ بهێڵـنەوە کە کەرگەدەن بـێن و بیانـدڕن. ئەگەر لەو نزیکـانە، ئاویـان چنگ کەوێت، لەوێ زیاتر دەمێننەوە. کاڤیۆس گەڕایەوە لای هاوڕێیانی، ئەوان سەبارەت بە هەنگاوەکانی دواڕۆژیـان خەریکی باس و گفتوگۆ بـوون. چـونکە برسـیەتی و تونیەتیـان چارەسەر کرابوو، لە داوەری کردندا ورد و لەسەرەخۆتر بوون. بۆ هەمووان ڕون بوو کە دەرەتـانی چوونیـان بەرەو بـاکور نیـیە و ناچـارن بە گـوێرەی دەرەتـان لە ڕوبـار دوور بکەونەوە، بەڵام سەبارەت بە چوونیان بەرەو باشور، یان ڕۆژهەڵات هاودەنگ نەبوون و لەو بارەیەوە ڕای جیاوازیان هەبوو.

ئاسـیاییەکان، کە بەگشـتی نیـوەی زێنـدووەکانیان پێکـدەهێنا، نەیاندەویسـت لەوە قـوڵتر بچنە نێو وڵاتی پێست ڕەشـەکانەوە و لەسـەر چونیـان بەرەو ڕۆژهەڵات پێداگریان دەکرد. نوبیاییەکـان دەیـانگوت لە مـاوەی سـێ هەفتەدا دەتـوانن بگەنە کەنارەکـانی دەریـایەکی کەم مەودا کە نوبیـا لە ئاسـیا جیـا دەکـاتەوە و ئاسـیاییەکان بـۆ ئەوەی زووتـر بـگەنەوە وڵاتەکەیان، ئامادە بوون جارێکی تریش بە بیابانـدا بچـن. کـاڤیۆس، کە پێشـتر لە هێرشـێکی چەکـدارانەدا بە دیـل گیرابـوو، لە وڵاتـی باوکانیـدا بنەمـاڵە و خزمـی هەبـوو، بەڵام لەوە بە گومان بوو کە دەرەتانی گەڕانەوەی دەسبەجێ بۆ نیشتمان، زۆر خۆشحاڵکەر بێت. ڕێگای هەرە کورت بە کومتدا بوو کە بە لۆتکە و ڕەوتی ئاودا بچن و بگەنە دەریـا، بەڵام وەک سـەربازێکی بە ئەزمـوون کە زۆربەی ژیـانی لە ئاوارەییـدا تێـپەڕ کردبـوو، تێگەیشـت کە گرووپێکی بچووکی ونبوو لە وڵاتی بێگانەدا، بە تـایبەتی لە بیابانێکدا کە هەموو ڕێگاکـانی ناسـراو بـوون، تەنیا مـوعجزەیەک دەیتـوانی بەو ڕێگەیەدا گیانیـان ڕزگـار بکـات. تـا ئێرە،

کـاڤیۆس لە ژیانـدا ڕووو بە ڕووی هـیچ مـوعجزەیەک نەببـووەوە و زۆریشـی ئیمـان پێـی نەبوو.

کیـدیگۆ، کە بـۆ ڕاوێـژ کـردن، پانـدیۆنی بەجێهێشـتبوو، ئێسـتا ڕای خـۆی دەربـڕی. دەرکەوت، ئەو کـوڕی گـۆزەکەرێکە لە بنەمـاڵەیەکی گەورە و دەوڵەمەنـد و لە نزیـک دەریایەک دەژین کە سنورەکانی ڕۆژئاوای وڵاتی ڕەش پێستەکان پێکدەهێنێت. لێرە، زەوی بەهۆی دوڕگەیەکی گەورە کە "شاخی"[١٢] باشوری پێدەگوترێ، قەڵش قەڵش ببوو. کیدیگۆ، لە نوبیـاوە ڕێگـای وڵاتەکەی نەدەزانـی. ئەو کاتێـک لەژێـر کـاریگەریی هەژینـدا، بـۆ بینینـی موعجزەی پیشەوەریی لە کومت، چوو بوو بۆ ئەو وڵاتە، لە ڕێگادا بە دیل گیرابوو، بەڵام لەو باوەڕەدا بوو کە وڵاتی باوکەکانی لەو شـوێنەوە بەرەو باشـوری ڕۆژئـاوا نابێت دوور بێت. کیـدیگۆ، ئەوانـی دڵنیـا کـردەوە کە دەتـوانن ڕێگـای دروسـت لەو تـایەفەیە بپرسـن کە نوبیاییە ڕێنمایەکە پێشانی داون. ڕەش پێست، بەڵێنی بە هەمـووان دا کە هەر کاتێک بگەنە ئەو جێیەی کە گوندەکەی خۆیانی لێیە، بە گەرمی پێشوازییان دەکەن و دواتر بە کاڤیۆسـی گوت لە سەردەمی منداڵیدا بیسـتویەتی، پیـاوانی وەک ئەو، و پاندیۆن بە ڕێگـای دەریاکـانی باکوردا، گەشتی وڵاتی ئەویان کردوە. دوای ئەوە، کاڤیۆس هەموو شتەکانی هەڵسـەنگاند و بە هاوڕێیـانی ڕاسـپارد کە ڕای نوبیـایی ڕێنمـا قبـوڵ بـکەن و بەرەو باشـور وەڕێـکەون. کیدیگۆ، بە وتەکانی سەلماندی کە وڵاتی نائاشنای ڕەش پێستەکان بۆ کاڤیۆس کەمتر جێی مەترسیە. لەوێ، دەریا ئازاد بوو، و حکومەتی قێزەونی تـاکیوم دەسـەڵاتی بەسـەردا نەبوو. پێشبینی دەکرا لەوێوە ڕێگەیەک هەبێت کە پێیدا بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان.

وتروسـکی، پتـر لە بیابـان، بـاوەڕی بە دەریـا هەبـوو. ئاسـیاییەکان دژ بـوون، بەڵام لیبیاییەکـان لەگەڵـی بـوونو ڕەش پێسـتەکانیش شـێلگیرانە پشـتی بۆچـوونی کاڤیۆسـیان دەگرت. ئەوان هەموویان ئامادە بوون بەرەو ناوچەکانی باشور و ڕۆژئاوا بچن کە لەوێوە گەڕانەوە بـۆ وڵاتەکەیـان نزیـک بـوو. ئاسـیاییەکان دەیـانگوت، نـازانین ڕەشـماڵ نشـینەکان چـۆن پێشـوازیمان دەکەن و بە تـایبەتی لە لایەن تـایەفەیەکی گەورەوە کە نوبیـایی ڕێنمـا باسـی بـۆ کردبـوون، قبـوڵ دەکـرێن. گوتیـان ئەم نیشـانەی پیـاوە ڕێنمـایەکە داویەتـی بە کاڤیۆس، ڕەنگە داوێک بێت و دیسان توشی کۆیلەتی ببنەوە.

لەو کـاتەدا، ڕەش پێسـتێک کە لاقـی شـکابوو، بە دەنگێکـی بەرز سـەرنجی هەموویـانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. ئەو لە کاتێکدا تف لە زاری دەردەپەڕی، هەوڵیدەدا بە پێکەنینەوە قسـە

بکات بە ئارامی هەندێک شتی گوت. کاڤیۆس، لەو هەژانە و کۆمەڵێک وشەی نادیاری ئەو تێگەیشت کە ئەو سەر بەو تایەفەیە کە نوبیایی ڕێنما بە ئەوانی ڕاسپارد بوو کە بە هاوکاری ئاژەڵدارانی ئەو ڕەشماڵ نشینانە خۆیان ڕزگار بکەن و ئەو دەیویست بەو قسانەی، هەستی ئازایەتی تایەفەکەی دەربخات. دوای ئەوە، کاڤیۆس بڕیاریدا و پشتی ڕەش پێستەکان و لیبیاییەکانی دورگەی نزیک دەریای گرت. ئەو دژی ئاسیاییەکان قسەی کرد کە لەسەر پلانی خۆیان پێداگرییان دەکرد. خۆر ئێستا لە نیوە تێپەڕیبوو، دەیویست ئاوا بێت و ئەوان دەبوایە سەبارەت بە دۆزینەوەی ئاو و شوێنێکی کاتی بۆ ئەو شەوە هەنگاو هەڵگرن. لەبەر ئەوە، کاڤیۆس داوای لە ئاسیاییەکان کرد تا سبەینێ سەبر بکەن. هەرچەندە هەموویان دەیانویست لەو دەشتە بە ئازارە دوور بکەونەوە کە پڕ بوو لە تەرمی کوژراوەکانیان و ئازاری دەدان، بەڵام ناچار بوون ئەو شەوە لەوێ بمێننەوە. دە کەسیان بۆ هێنانی ئاو چوون بۆ گۆلێک کە نوبیایی ڕێنما پێشانی دابوون. ئەوان بە دیزەو گۆزەی پڕلە ئاو گەڕانەوە. بە پێشنیازی ڕەش پێستەکان و بۆ دوور کردنەوەی کەرگەدەن لە خۆیان، لەنێوان دار و دەوەن و چاڵوکەکاندا، پەرژینیان کێشا و لە سێ جێدا ئاگریان کردەوە و سێ کەسیان بۆ چاودێری کردنی برینندارەکان مانەوە و دە کەسیشیان بە نێزەوە لە دەوری ئاگرەکان ڕاوەستان. لەو ناوچەیەدا، شەو زۆر بە پەلە باڵی ڕەشی بە سەردا پان کردەوە.

هێشتا، هەور لە باسکی ڕۆژئاوادا لە ئاسمانەوە بوون کە لە باکور و ڕۆژهەڵاتەوە، شەپۆلی ستەم گەیشت و تاریکیی بەسەر چڵی دارەکاندا بڵاوبۆوە و ئەوانی لە خۆیدا ون کرد و ڕوناکیی ئەستێرە لە ژمار نەهاتووەکانیان بەسەردا کشا. کاڤیۆس کە ئاشنایەتی لەگەڵ باشور نەبوو، تێگەیشت کە بۆچی نوبیایی ڕێنما ڕایسپاردبوو، بە زوویی ئەم ناوچەیە جێبهێڵن. لورەی چەقەڵ، هەموو ئەو دەڤەرەی پڕ کردبوو، و لە هەموو لایەکەوە پێکەنین و هەژانیان دەبیست. لەوە دەچوو کە سەدان ئاژەڵ، لە هەموو لایەکەوە بە غاردان هاتبن کە نەک هەر مردووەکان، بەڵکوو زیندووەکانیش پچڕ پچڕ بکەن.

خرمە و خورە خوڕ و تەق و تۆقی ئێسقانەکان و دەنگی کرۆشتنیان دەشتە سەوزەکەی پڕ کردبوو. بۆنی ناخۆشی تەرمی مردووەکان کە لە گەرمای ڕۆژدا بۆگەن ببوون، بە پەلە بەسەر زەویدا بڵاوببووەوە. ئەوان، بەرد و سندە گڵیان دەهاویشت، هاواریان دەکرد و بە سەر بزوتیان هەڵدەگرت و بە دەوری خۆیاندا هەڵدەبەزینەوە، بەڵام

هەمـوو ئەوانە لە بەرامـبەر پەلامـار دەڕانـدا بێسـود بـوون و تەرم خۆرەکـان پەیتـا پەیتـا ژمارەیان زیادی دەکرد.

لە پڕ، لە نێوان چاڵوکەکانـدا مرەیەکیـان بیسـت و دواتـر دەنگێکـی بەرز هـات کە زەوی لەرزاندەوە. چەقەڵەکـان کە خەریکـی خـواردن بـوون، بێدەنگ بـوون و ئەوانەش کە هێشـتا نوستبوون، لە جێی خۆیـان دەرپەڕین. ولاّت بێدەنگ بووەوە و ئەم جارەیـان ئـاخ و نـاڵەی بریندارەکان هات. مرە و دەنگێکی کپی تـا ڕادەیەک مەترسـیدار، وەک ئەوە بـوو کە فـوو لە شـەپۆلێکی گەورە دەکەن و شـەپۆلەکە خەریـکە لێیـان نزیـک دەبێتەوە. سـێبەری ئـاژەڵێکی نادیـار بە کلکێکـی گەورە، لە پشـت دارەکـانەوە دەرکەوت. شـێرێکی زل خەریکبـوو لێیـان نزیـک دەبـووەوە. لە پشـت ئەودا شـێرێکی مـێ بە لەشـی پـڕ لە ماسـولکەوە هـات. نـوکی برۆنـزی نێزەکـان، لە ژێـر پۆلـوی کـزی ئـاگرەکەدا بە زۆر دەبینـدران کە بە ڕووی ئـاژەڵە دڕندەکانـدا سـوڕانەوە. مرۆڤەکـان بەو هەسـتەوە کە نەکـات گیـا وشـکەکان ئـاگر بگـرن، دەیانقیژانـد و سـەرە بزوتەکانیـان بەرەو شـێرەکان دەهاویشـت. شـێرەکان لە ترسـان ڕاوەسـتان و دواتر بەرەو دەشـتە سـەوزەکان ڕایان کرد. پیاوەکـان بـۆ مـاوەیەکی زۆر بە نێزەوە ئامادە بوون، بەڵام شێرەکان هێرشیان نەکرد.

ئەوانەی نۆرە پشودانیان بوو، هێشتا هەلی نوستنیان بۆ نەڕەخسا بوو کە ئەم جارەیـان دەنگـی نەڕەی شـێرێک، بێدەنگیی دەشـتەکەی شـکاند. بە دوای نەڕەی شـێری دووەم، سـێ شـێر بە دەوری کۆیلە ئازادکراوەکانـدا سـوڕانەوە و شـێرە مێیەکەش کە پێشـتر دیترابـوو، لەگەڵ ئەوان کەوت و ژمارەیان بوو بە چوار. پیاوەکان تێگەیشتن ئەو پەرژینە کورتەی کە بەبـێ تێـڕوانین کێشـابوویان، کۆتـایی کردنێکـی قەرەبـوو نەکـراو بـوو. چـوار پیـاوی نێـزە بەدەست ئامادە ڕاوەستان کە وەڵامی هێرشـی لە ناکـاو بدەنەوە و شـەش پیـاوی تـریش بە نێـزە لە دەوری ئـاگرەکە مـانەوە. هـیچ کەس نەیتـوانی بنوێـت و هەرچـی لە دەوریـان بـوو، هەڵیـان گـرت و خۆیـان بـۆ بەرگـری کـردن ئامـادە کـرد. کۆمەڵێک بە دانیشـتنەوە و ئەوانـی تـریش لەسـەر پـێ، چاویـان لە تـاریکی بڕیبـوو. نەڕەیەکـی تـر ئاسـمانی پـڕ کـرد و شـێرێکی گەورەتـری کلـک مـۆر لە ئـاگرەکە نزیـک بـووەوە. گـڕی ئـاگرەکە وایکـرد کە ئەو دڕنـدە گەورەیە، لەوەی کە هەبوو، گەورەتر پێشـان بدرێت و چاوەکانی کە لەو مرۆڤانە بڕیبـوو بە ڕەنگـی سـەوز دەدرەوشـانەوە. یەکێک کە خەڵکـی ئاسـیای باکـور بـوو، بە هـۆی بـێ ئەزمـوونی لە ڕاوکردندا، لە نەڕەی شێرەکە ترسـا و تیرێکی بۆ هاویشت، کە چی نەڕەی شـێر و نـاڵەی

ئەو پیاوە ئاسیاییە تێکەڵی یەکتر بوون و بە کۆخینێک سەرلەنوێ وڵات بێدەنگ بووەوە. یەکێک لە نوبیایەکان لە بێ هیوایدا هاواری کرد: (**هۆشیار بن**). لەوکاتەدا شێرەکە لەجێی خۆی دەرپەڕی و لە ئاسماندا سوڕایەوە و لە نێو خەڵکەکەدا کەوتە سەر زەوی. پیاوەکان، کە پێشتر بەسەر کەرگەدەنەکەدا زاڵ ببوون، نێزەکانیان بەرەو شێری هێرشکەر ڕاگرت و چوار تیر، لەشی پڕلە ماسولکەی ئەویان کون کون کرد و وەستاندیان. دەسکی دوو نێزە لە کاتی لێدان لە شێرەکە شکان. لەو کاتەدا، سێ پێست ڕەشی باڵا بەرز کە بە مەتاڵ بەرگریان لەخۆیان دەکرد، کێردەکانیان لە دڵی شێرەکە دا.... شێر بە شێوەی خەمناک لەسەر زەوی لوراندی و پیاوەکانیش کە خوێنی شێرەکەیان بە لەشەوە بوو، لێی کشانەوە. دوای ئەو سەرکەوتنە، بێدەنگییەکی کاتی بەسەر دەشتەکەدا زاڵ بوو، کەلاکی شێرە کوژراوەکە کەوتە نزیک ئاگرەکە و ئەوانیش خەریکی دەرمان کردنی برینداره نوێیەکەیان بوون کە لە ئێشی برینەکەی دەلەرزی. شێرەکان تا کاتی بەیانی و دەرکەوتنی خۆر لە دەوری ئەو خەڵکە بوون و هەندێک جار دەیاننەڕاند، بەڵام ئیتر هێرشیان نەکردەوە. دوای کەوتنی تیشکی خۆری کوێرکەر بەسەر زەویدا، پێنج کەس لەوانەی برینەکەیان قوڵ بوو، گیانیاندا و دەرکەوت لە ڕەوتی شەویشدا، کاتی بەربەرەکانی کردن لەگەڵ شێرەکە، حەوت کەسی تریش مردبوون، بەڵام ئەخمی هێشتا مابوو، و لێوەکانی بە لاوازی دەجوڵانەوە.

پاندیۆن، بە چاوی کراوە ڕاکشابوو، و سنگی بە ئارامی بەرز و نزم دەبووەوە و بە شێوەی ئاسایی هەناسەی هەڵدەکێشا. کیدیگۆ بەسەر سەریدا خوار بووەوە و کاتێک تێگەیشت هاوڕێکەی ناتوانێ ئەو ببینێت، ترسا، بەڵام ئاوی بۆ هێنا و پاندیۆن دەسبەجێ ئاوەکەی خواردەوە و بە ئارامی چاوەکانی پێکەوەنا. پاش ئەوە، خەڵکەکە خۆراکی ماوەی دوێنێیان خوارد، کاڤیۆس پێشنیازی ڕۆیشتنی کرد. ئاسیاییەکان، شەوی پێشوو لە نێوان خۆیاندا پێکهاتبوون کە دژی ڕای کاڤیۆس بوەستن و گوتیان لە وڵاتێکدا کە ئەو هەمووە ئاژەڵە دڕندەیەی لێیە، بێگومان لەنێو دەچین و دەبێ هەرچی زوتر لەم دەشتە دوژمن سفەتە ڕا بکەین و بیابان بۆ ئەوان تەندروستتر و ئاشناترە. کاڤیۆس و ڕەش پێستەکان زۆریان هەوڵدا کە پەشیمانیان بکەنەوە، بەڵام نەیانتوانی و ئەوان لەسەر ڕای خۆیان مانەوە. کاڤیۆس بە ڕاشکاوی گوتی:

**- (زۆر باشە، هەرچی خۆتان دەتانەوێ بیکەن، من و کیدیگۆ بەرەو باشور دەچین، ئەوانەی لەگەڵ ئێمە دێن، بێنە ئەم بەرە و ئەوانەش کە دەیانەوێت بەرەو ڕۆژهەڵات بچن لەوێ لە باسکی چەپە ڕاوەستن.)**

دەسبەجێ، گروپێک لە ڕەش پێستەکان، لیبیاییەکان و نوبیاییەکان کە بەگشتی ٣٧ کەس بوون، لەگەڵ ئەو کەوتن، جگە لە پاندیۆن و ئەو ڕەش پێستەی لاقی شکابوو، و لەسەر تەنیشتێکی، پاڵی بە ئانیشکی دابووەوە، و بە وردی گوێی لە قسەکان ڕاگرتبوو. بە گشتی ٣٢ کەسی پەلەکەر، کە سەریان بەردابووەوە، خۆیان جیا کردەوە و بەرەو باسکی چەپە چوون. قاپ و دیزە و گۆزەکانیان پێکەوە بەشکرد، تا ئاسیاییەکان نەتوانن کاتی شکست هێنان لە ڕێگادا، ڕەخنە لە هاوڕێیانیان بگرن. دوای دابەش کردنی کەلوپەلەکانیان، سەرکردە ڕیش درێژەکەی ئاسیاییەکان، لایەنگرانی بەرەو ڕۆژهەڵات و ڕوبار برد. لەوانە بوو، پێوەندیی خۆشەویستی لەنێو هاوڕێکانیاندا، لەو بڕیارە پەشیمانیان بکاتەوە، بەڵام ئەوان ڕۆیشتن و ئەمانەش کە مابوونەوە، بۆ ماوەیەک ڕاوەستان و تەماشای ئەو کەسانەیان کرد کە بە ویستی خۆیان لێیان جیا ببوونەوە و دواتر بە داخ و کەسەرەیەکی زۆر بۆ هاوڕێیانیان، خەریکی ئامادە کردنی خۆیان بوون.

کاڤیۆس و کیدیگۆ، پشکنینیان بۆ پاندیۆن و ڕەش پێستە بریندارەکە کرد و ئەوانیان گواستەوە بۆ ژێر دارێکی لق و چڵ باریک. کاتێک ویستیان ئەخمی لیبیایی هەڵگرن، ئەو ناڵەیەکی لە گەروی هات و دوا هەناسەی هەڵکێشا و ئەو خەباتکارەی ڕێگای ئازادییەش مرد. کاڤیۆس، بە لیبیاییەکانی گوت تەرمی ئەخمی بەرنە سەر دارێک و بەو گوریسانەی ببەستنەوە کە لەسەر زەوی مابوونەوە. هەرچەندە ئەوان دەیانزانی کە قەل و داڵە مردوو خۆرەکان، لەشی بێ گیانی ئەخمی پچڕ پچڕ دەکەن، بەڵام ئەوەیان پێ باشتر بوو، تا بەجێی هێڵن و ببێت بە خۆراکی چەقەڵە ناشیرینەکان و دەسبەجێ ئەو کارەیان کرد. کاڤیۆس و کیدیگۆش بەبێ ئەوەی کە قسەیەکیان لە زار بێتەدەر، ژمارەیەکیان چڵەدار بڕی. یەکێک لە ڕەش پێستە باڵا بەرزەکان لە وتروسکی نزیک بووەوە و پرسی چ دەکەن؟ کاڤیۆس گوتی:

- **(دارە مەیت دروست دەکەین.)** لە کاتێکدا ئاماژەی بۆ پاندیۆن دەکرد، درێژەی بە وتەکەیدا و گوتی:

– **(مـن و کیـدیگۆ، ئەو لەگەڵ خۆمـان دێنـین.)** دواتـر ئامـاژەی بـۆ ڕەش پێسـتە لاق شکاوەکە کرد و گوتی:

– **(ئێوەش ئەوەیان هەڵگرن.)** پیاوە لیبیاییەکە دەستی لە ملی کاڤیۆس کرد و گوتی:

– **(ئەو، بەبـێ یـارمەتی کردنـی ئـێمە، دەتـوانێ بـڕوات.)** ڕەش پێسـتەکە، ڕووی لە هاوڕێیانی کرد و وەڵامی دایەوە:

– **(ئێمە هەموومـان ئەو پیاوە هەڵدەگرین کە بەرلە هەموومـان خۆی هاویشـتە سـەر پشـتی کەرگەدەنەکە و ئەو پیاوە ئـازایە، گیـانی هەموومـانی ڕزگـار کـرد. ئێمە چۆن ئەو کارەی لەبیر دەکەین؟ هەندێک ڕاوەستن تا دارەمەیتێکی باشتر بۆ گواستنەوەی دروست دەکەین.)**

چوار ڕەش پێست، بە لێزانییەکی زۆر خەریکی دروست کردنی دارە مەیت بوون و بە پەلە دروسـتیان کـرد و ژمـارەیەکی زۆریـان گـوریس کە لە شـوێنی بەربەرەکـانی دژی کەرگەدەن لەسـەر زەوی کەوتبـوو، هەڵگـرت و لـق و تەڵاشـی دارەکانیـان پـێ گرێـدا و بە پۆش و پەڵاش سەرین بۆ دروست کرد. ڕەش پێستە بریندارەکەش کە چاوەکانی هەستی حەقناسی و سوپاسیان تێدا دیار بوو، بە خۆشحاڵیەوە، ئارام پێدەکەنی.

بریندارەکانیان خسـتە سـەر دارە مەیت و کەلوپەلەکانیـان ئامادە کرد. ڕەش پێسـتەکان دوو دوو لەکن دارە مەیتەکان ڕاوەسـتان. دارە مەیتەکانیـان بەرز کردەوە و سـەرینەکانیان خسـتە ژێـر لاق و سـەریان. هەڵگرانـی دارە مەیتەکـان بە ئـارامی هەنگاویـان هەڵگـرت و وەپـێش خەڵـکەکە کەوتـن. بەم جـۆرە، پانـدیۆن بەبێ ئەوەی کە بەهـۆش هـاتبێتەوە، بەرەو گەشتێکی تر چوو. دوو نوبیایی و یەکێک لە ڕەش پێستەکان کە نێزە و کەوانیـان پـێ بوو، ئەرکی ڕێنمایی گروپەکەیان لە ئەستۆ گرت. ئەوان وەپـێش کەوتـن و سـی (٣٠) کەسـەکەی تـر، بە دوای دارە مەیتەکانـدا چـوون. سـێ پیـاویش بە نێـزە و کەوان لە پشـت سـەری ڕیزەکە چاودێریان بوون.

کۆیلەکانی پێشوو لە کاتێکدا تەماشـای تەرمـی هـاوڕێ بەجێماوەکانیـان دەکرد، لەوە بە داخ بوون کە نەیاندەتوانی لە تـاڵانی شـەوانەی چەقەڵەکـان ڕزگاریـان بکەن. ئەوان، دەوری ئەو دەشتە بەرینەیان لێدا و دوای پشـودانێکی نیـو ڕۆژە، لە ئـاودرێکی پـان و وشـک نزیـک بـوونەوە کە ڕیزێـک تەپـۆڵکە بە گیـای زەرد و پەڕیـو، دەوری گرتبـوو. ئـاودڕەکە، ئەوانـی بەرەو باشور دەبرد و ئەوانیش بەبێ ڕاوەستان، تا ئێوارەی ئەو ڕۆژە و ئاوا بـوونی خـۆر،

درێژەیان بە ڕێگادا. لەو ڕۆژەدا، ئەوان پێویستیان بە هەڵکەندنی زەوی بۆ بە دەستخستنی ئاو نەبوو، کانیاوێکی بچووک لە نێوان قەڵشی دوو بەرددا بوو، بەڵام ناچار بوون بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی کاتی بۆ مانەوەیان لە شەودا هەوڵ بدەن و بە چاڵوک پەرژینی بۆ بکەن.

ئەو شەوە، لە ئاسایشدا نوستن و نەڕەی شێر و لورەی چەقەڵی ڕاوکەری شەوانەیان نەبیست. ڕۆژی دووەم و سێیەمیش بە ئارامی تێپەڕی، تەنیا جارێک سەری کەرگەدەنێکیان دی کە بە نێو گیادا دەڕۆیشت. ئەوان، لە ترسان ڕووداوی ڕاوکردنی کەرگەدەنەکەیان بەبیر هاتەوە. لەبەر ئەوە، بە ئارامی لە نێو گیایەکاندا دانیشتن. کەرگەدەنەکە، سەری هەڵێنا و دووبارە وەک سات و چرکە ترسناکەکانی پێشوو، گوێ و شفرە بچووکەکەی نێوچاوانی بەدەر خست و پشتی ئەستور و توێ توێ و پشت مل و سەر شانەکانیان بینی کە بەسەر یەکتردا لول ببووەوە. لاقە ئەستورەکانی لە نێو گیادا نەدەبیندرا. ئەو دڕندەیە بە ئارامی ڕاوەستا و دوای هەندێک سوڕایەوە و درێژەی بە ڕێگاکەیدا. کۆیلە ئازادبووەکان، چەندان جار توشی بزنەگێوی زەرد و مۆر بوون و چەند مامزیان گرت و خواردنێکی بەلەزەتیان خوارد. لە ڕۆژی چوارەمدا، ئاودڕەکە بەرین بووەوە و بەرە بەرە لە زەویەکی ڕێکدا ونبوو.

زەوی ئەو شوێنە گڵە زەرد بوو، بەرەبەرە خۆی لە نێو گڵێکی سور(١٣) و ڕەوشەندا دیتەوە کە پڕ بوو لە کڵۆ بەردی تیژ. لێرە، ئیتر گیا نەدەبیندرا و لە جیاتیان گەڵایەکی(١٤) مۆر و باریکی وەک شمشێر درێژ و وەک نێزە نوک تیژ دەڕوا. ڕێنمایەکان بە دەوری ئەو گیا سەیرەدا ڕۆیشتن و گەیشتنە دەشتێکی سوری وشک و بێ گیا. لەوێ، گێژەڵوکە خۆڵی دەشتەکەی کۆدەکردەوە و بەرەو ئاسمانی دەبرد و پێش تیشکی خۆری دەگرت. تینی گەرما، سوتێنەر بوو. کۆیلە ئازادکراوەکان لەوە دەترسان کە نەکات ئەو دەشتە بەرینە، ئاوی نەبێت و لە کانیاوەکەی پێشووش زۆر دوور کەوتبوونەوە. کەس نەیدەزانی لەو دەشتەدا کە ئاو گرنگیی ژیانی هەبوو، کێ ئاو دەدۆزێتەوە.

لەسەر لوتکەی تەپۆڵکە سەختەکانەوە، هێڵێکی زێڕینان بینی کە لەوە دەدوا، گڵە سورەکە بەکۆتا دێت و دیسانیش زەوی سەوز دەبووەوە. دیتنەکەیان وەراست گەڕا و دوای هەندێک پشوودان و تێپەڕین خۆر لە نیوەی ئاسمان بوو، گەیشتنە سەر ئەو زەوییە سەوزە و گیا لە ژێر پێیاندا وەخشە خش کەوتەوە. لەو دەشتەدا، چاویان بە دارێک کەوت

بە پانتایەکی زۆر بەری ئاسمانی گرتبوو، و سێبەرەکەی جێیەکی شایستە بوو، بۆ مانەوە و پشوودان. ڕێنمایەکان بەرەو دارەکە چوون. ڕێبوارە ماندووەکان، هەنگاوەکانیان توند کرد و بە زوویی دارە مەیتەکانیان گەیاندە ژێر سێبەر و لەسەر چەند لقی ئەستوری دارەکەیان دانا. ژمارەیەک لە ڕەش پێستەکان دەستیان کرد بە دروست کردنی پلەکان و هاورێکانیان وەسەر دارەکە خست. دەنگی سەرکەوتن لەسەر دارەکەوە بە گوێ گەیشت. ئەوان لە قەڵشێکی ئەو دارەدا کە نزیکەی پازدە کوبیت قوڵ بوو، و ئاوی بارانی تێدا کۆببووەوە، ئاویان دۆزیەوە و گۆزە و دیزەکانیان لێ پڕ کرد. پێست ڕەشەکانیش چوونە سەر چەند داریتر و کۆمەڵێکی زۆریان میوە لێکردەوە کە بە ڕادەی سەری مرۆڤ گەورە بوون. ئەو میوە گەورە درێژانە، دواتر بارێک دەبوونەوە. میوەکانیان لە سەر دارەکانەوە هاویشتە خوارێ. ژێر پێستی تەنک و ناسکی ئەو میوەیە، ئاردێکی زەردی ترش و شیرنی تێدابوو کە لە زاری وشکی ئەو ڕێبوارانەدا زۆر بە لەزەت بوو.

کیدیگۆ، دوو لەو میوانەی شکاند و هەندێک لە نێوەکەی ورد کرد و لەگەڵ ئاو تێکەڵی کرد و دای بە پاندیۆن. ئەو، میوەکەی خوارد و بۆ یەکەم جار سەری بەرز کردەوە و تەماشای دەوروبەری خۆی کرد. لە مەودای ڕێگەدا، سەر و ڕووی پاندیۆنیان بە گەڵای پان، داپۆشیبوو. پاندیۆن دەستی بەرەو کیدیگۆ درێژ کرد و بە پەنجەی لاوازی، دەستی ڕەش پێستەکەی گرت، بەڵام شتێکی نادیار و خەمناک لە چاوی یۆنانییە گەنجەکەدا بیندرا کە بە توندی کیدیگۆی هەژاند، ئەو لە دۆخی هاورێکەی پرسی، بەڵام پاندیۆن دەنگی نەبیست و سەرلەنوێ چاوەکانی پێکەوەنا و لەوە دەچوو، لاوازیی لە ڕادەبەردەر ماندووی کردبێت. کیدیگۆ، لە پاندیۆن دوور کەوتەوە و بە پەلە چووە لای کاڤیۆس تا ئەو هەواڵە خۆشەی پێڕابگەیەنێت. کاڤیۆس کە لە ڕۆژی بەربەرەکانیەکانەوە مات و ڕوناخۆش ببوو، بەرەو دارە مەیتەکەی پاندیۆن چوو، و لە تەنیشتی دانیشت و تەماشای سیمای هاورێکەی کرد. لە کاتێکدا دەستی لەسەر سنگی پاندیۆن دانابوو کە لێدانی دڵی هەڵسەنگێنێت، یەکێک لە نوبیاییەکان، لەسەر دارەکەوە توانی هێڵێکی مۆری پاوان کراوی ناوچەیەک ببینێت. ئەو هێڵە پەرژینی نیشتگەی ڕەشماڵەکان بوو کە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان، لە بەرامبەر ئاژەڵە دڕندەکاندا پێکیان هێنابوو.

بڕیاریاندا، ئەو شەوە لەژێر ئەو دارە بمێننەوە و سەرلەبەیانی زوو، بەرەو کۆمەڵگای ڕەشماڵ نیشینەکان بچن. لای ئێوارە، پەڵە هەور هەموو ئاسمانی داگرت و شەوی ئارام و

بێ ئەستێرە بە ڕادەیەک تاریک بوو کە هیچ کەس، ژێر پێی خۆی نەدەبینی. بە زوویی هەورە تریشقە، لە هێڵی جیاواز و کەوانەییدا، وەک کارەبا بە هەموو ئاسماندا بڵاو بووەوە و دەنگی گرمە دەشتەکەی داگرت. لە مەودایەکی دوورەوە، دەنگێکی پچڕ پچڕ بە شڵپە شڵپ نزیک بووەوە و دیوارێکی باران وەک لافاو بە ئاسماندا هاتە خوارێ و وەک تاڤگەیەکی بچووک و فێنک، بەڵام مەترسیدار لە دارەکەوە ڕژایە خوارەوە و گۆلێکی بچووکی لە ژێر دارەکە پێکهێنا و دەشتەکەش لە تاریکیدا وەک دەریای لێهات کە بەرە بەرە ئاوەکەی بەرز دەبووەوە.

هەورە تریشقەکان بەرە بەرە بەکۆتا هاتن و بارانیش لێی کردەوە و سەرلەنوێ ئەستێرەکان دەرکەوتن و ڕوناکیی خۆیان بەسەر زەویدا بڵاو کردەوە. ئەم جارەیان، بۆنی خۆشی گیا و گوڵەکان، بە شنە بایەکی ئارام، لە تاریکی شەودا بڵاو بووەوە. ئەو تۆفانە، بۆ وتروسکی و لیبیاییەکان لە کارەساتێکی نادیار دەچوو، بەڵام ڕەش پێستەکان پێی خۆشحاڵ بوون و بە پێکەنینەوە دەیانگوت، ئەوە بارانێکی ئاسایی بووە کە لە وەرزی باراندا باریوە و ڕێژنەیەکی بە تەوژم نەبووە. کاڤیۆس، سەری بۆ بادا و لای خۆی گوتی ئەگەر ئەو بارانە لێرە و لای ئەوانە ئاسایی بێت، دەبێ لە وڵاتی ڕەش پێستەکاندا، ئەوان توشی زۆر ڕووداوی سەرسوڕهێنەر بنەوە کە بۆچوونەکەی وەڕاست گەڕا.

ڕۆژی دوایی لە ڕێگادا، لە پڕ گوێیان لە سەگ وەڕێک بوون. دیوارێکی بەرزی مژ کە سەرچاوەکەی دەگەڕایەوە بۆ بارانی دوێنێ شەو، وەدەر کەوت و بە دوای ئەودا، کۆیلە ئازاد کراوەکان کۆخی بچووکی ئاژەڵدارانیان بینی. گروپێک کە پێشبەندی "بەرهەڵبێنەی-قوڵجاخ" چەرمیان پێوە بوو، لە دەوری میوانەکان کۆ بوونەوە. سیمای درێژ و چاوی تەنگ و باریکیان و بوونی چەکی میسری لایان کە کۆیلەکانی پێشوو پێیانبوو، گومانی خستە دڵی کۆیلە ئازادکراوەکان، بەڵام ئاماژەیەک کە لە نوبیاییەکانی ڕێنما وەریانگرتبوو، کاریگەری زۆر و ئاسایی لەسەریان هەبوو. پێنج کەس کە پەڕی ڕەش و سپی پەلەوەریان بەخۆیانەوە هەڵواسیبوو، لە خەڵکەکە جیا بوونەوە. قژی درێژیان بە شێوەیەکی جوان هۆندبووەوە و گەڵای سەوزیان بەسەریانەوە هەڵواسیبوو.

نوبیاییەکان توانیان لە زمانیان بگەن و تازە هاتووەکان بە زوویی لە نێوان کۆمەڵێک گوێگردا دانیشتن و خەریکی خواردنەوەی شیری ترش بوون. نوبیاییەکان، باسی بەسەرهاتی خۆیان کرد و ئەوانیش لە کاتێکدا قسەی یەکتریان دەبڕی، بە هەژانەوە

هەڵدەستان و دادەنیشتنەوە و بە دەنگی بەرز و هاواری پڕلە سەرسوڕمانەوە، گوێیان دەدا بە داستانەکان. سەرۆکەکانیان، کە بەرگەکانیان بە پەڕی پەلەوەر ڕازندبووەوە، بەئارامی دەستیان لە هێماکانیان دەدا. خێوەت نشینەکان، بۆ یارمەتی کردن بە ڕێبوارە بێگانەکان شەش ئێستر و دە وڵاخیان ئامادە کرد و گوتیان ڕێنماکان لە ماوەی حەوت ڕۆژدا ئەوان دەگەیەننە گوندێک لە باشوری ڕۆژئاو کە لەسەر ڕوبارێک هەڵکەوتووە. دارە مەیتەکانیان سەرلەنوێ سەخت کردەوە و لەسەر چوار وڵاخ بەستیانن. خەڵکەکە ئێستا باریان پێ نەبوو، و دەیانتوانی باشتر بە ڕێدا بڕۆن و نزیکەی ١٢٠ هەزار کوبیت لە ڕۆژدا ببڕن.

ڕۆژەکان یەک بە دوای یەکدا تێدەپەڕین. دەشتی بەرین و بێ مەودا، هەندێک جار سوتێنەر و هەندێک جاریش ئارام و گیایەکان بە شنەبا شەپۆلیان دەدا و کەروێشکەیان دەکرد. شیمای ئەوە دەکرا، ڕێبوارەکان بە ڕادەیەکی زۆر چووبنە نێو دەشتەکانی باشور کە ژمارەیەکی لە ڕادەبەدەر ڕەوەی ئاژەڵی دڕندەی هەبوو. چاوە نائاشناکانیان، سەرەتا ڕەوەی ئاژەڵەکانیان نەدەبینی کە بە توندی بە نێو گیا بەرزەکاندا تێدەپەڕین. ئەو ئاژەڵانە، بە تەنیا پشتیان، یان بەشێک لە شاخە قوڵەکانیان دەبینداران و دواتر ئەوان توانیان هەموو جۆرەکانیان لە یەکتر جودا بکەنەوە.

ئاسکە کێوی بە باڵای کورتیان و بزنە کێوی بە شاخی درێژ، مەڕ و بەرانی کێوی، گا کێوی، جورێک بزنە کێوی مل درێژ کە دەکەوتنە سەر پاشوان و گەڵای سەر دارەکانیان دەخوارد. لە دەوروبەریان گیای زبر و سەخت بە قەد باڵای مرۆڤێک بەرز، گەنمە شامی "سەرداری" هەموو دەشتەکەی داپۆشیبوو. لەو دەشتەدا، گیا لەژێر تیشکی خۆردا، ڕەنگی زێڕین بەخۆوە گرتبوو، و هەموو جۆگەلە و قوڵکەکان پڕ لە ئاو بوون. چیا نوک تیژەکان بە ڕەنگی شین و ئەرخەوانی کەوتبوونە سەر یەک و تیشکی خۆر باڵی بەسەر هەموو ناوچەکەدا کێشابوو. هەندێک جار، دارەکان زۆر نزیک لە یەکتر بوون و لە دورگەیەکی مۆر دەچوون و دووبارە وەک کۆمەڵێک باڵندەی ترساو لە یەکتر جودا ببوونەوە. زۆربەیان داری سەیوان بوون، کاڤیۆس لە سەرەتای گەیشتنی بۆ ئەو دەشتە، سەری لێیان سوڕما. قەدی دارەکان، لە ژێرەوە ئەستور و بەرە بەرە لەگەڵ بەرز بوونەوەیان باریک دەبوونەوە و وەک دۆڵچەیەک "قیف" دەچوون کە سەرەوژێر کرابن. گەڵاکانیان ئەستور و سەوز بوون. هەروەها، دارە خورما لە دوورەوە بەگەڵای پڕ و درێژ دەبیندران.

بە تێپەڕبوونی کات، کاڤیۆس ڕەش پێستەکان و نوبیایەکانی دەبینی کە ئەگەر لە تاکیوم و ڕۆخی ڕوبـاری گەورەدا کـوێر و کەم زان بـوون، ئێسـتا بە توانـا و بە هەڵوێسـت و کەسانی باوەڕ بەخۆ بوون. هەرچەندە، هێشتا کاڤیۆس لە پلەی سـەرکردەیەکدا نفوزی هەبوو، بەڵام بەرە بەرە، لەم وڵاتە سـەیرەدا نەیدەتوانی سـەر لە یاسای ژیان دەربێنێت و باوەڕی بەخۆی نەمابوو. لیبیاییەکان کە لە ئەزمـوونی بیاباندا، زۆر بـاش و سـەرکەوتوو بـوون، لێرە بێ توانـا و دەستەوەسـتان بـوون. ئەوان لەو چەمەنـزارەدا کە لانـی هەزاران ئاژەڵی دڕندە بوو، دەترسان و پێشبینیان دەکرد کە کۆمەڵێکی لە ژمار نەهاتوو، مەترسـی چاوەڕوان نەکراو ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لە ڕاسـتیدا، ئەو ڕێگـایە بـۆ ڕۆیشـتن ئاسـان نەبـوو. ئەوان، توشـی کۆمەڵێـک دڕو و چاڵوکی نوک تیژ بوون کە وەک نوکی دەرزی لە لەشیان ڕۆدەچوو. و برینداری دەکردن. لە گەرمترین کاتی ڕۆژدا، ئاژەڵی دڕندە لە ژێر سێبەری دار و درەختەکاندا خۆیان حەشـار دابوو. هەندێک جار، پڵنگی خاڵداریان لەژێر سێبەری گیای سەوز و دارە مۆرەکاندا دەبینی. ڕەش پێسـتەکان، زۆر چالاکـانە بـزنە گێوییـان ڕاو دەکـرد و هەمیشـە گۆشـتی بە لەزەتـی بزنیـان هەبـوو، و کۆیلەکـانی پێشـوو بەو خـواردنە وزەیـان پەیـدا کردبـۆوە و بە هێـز ببوونەوە.

کاتێـک ڕەوەی گـامێش بە ڕەنگـی خـاکی و شـاخی شـۆڕی بادراویـان، لە دوورەوە دەهـاتن، ڕەش پێسـتەکان مەترسـییان ڕادەگەیانـد و هەمـوو گـروپەکە لە ترسـان خۆیـان دەگەیانـدە شـوێنی پـارێزراوی نێـو دار و درەختەکـان کە خۆیـان لە چنـگ مەترسـی ئەو ئاژەڵانەی دەشتەکانی ئەفریقا بپارێزن. ڕێنمایەکان بە ڕواڵەت، دەربـارەی مەودای ڕێگاکەدا بە هەڵە چووبـوون، ئەوان دوای نـۆ ڕۆژ ڕێگـا، هێشـتا هـیچ شـوێنەوارێکیان لە گونـد نەبینیبـوو. باسـکی برینـدارە لیبیـاییەکە چـاک ببـووەوە و برینـی لاقـی شـکاوی ڕەش پێسـتەکەش تـا ڕادەیەک سـاڕێژ ببـوو. ئەو دەیتـوانی لەسـەر دارە مەیـتەکەی دانیشـێت و بخزێتە خوارەوە و هاوڕێکانی خۆشحاڵ بکات، بەڵام پاندیۆن سـەرەڕای خواردنی باش کە لە لایەن کاڤیۆس و کیدیگۆوە دەیدرایە، هەروەک پێشوو بێدەنگ و بێ توانا درێژ ببوو.

ئێستا وەرزی باران بوو، ژیان لە دەشتەکاندا لەوپەڕی گەشاوەییدا بوو، بە ملیۆن مـێش و مەگەز و باڵندەی ڕەنگاوڕەنگی شین، زەرد، سەوز، ڕەش و قاوەیی لەنێوان چڵ و گەڵای دارەکـان و گیـا سـەوزەکاندا لە فڕینـدا بـوون و لەو کەشـە گەرمەدا بـارە بـاری کـار و

کاریلەکـان و دەنگـی خۆشـی ئەو باڵندانە و بـۆنی خۆشـی گیـا و دارەکـان هەر ڕێبـوارێکی خۆشـحاڵ دەکـرد. زۆر جـار، جەسـتەی گەورە و مـۆری فیلیـان دەبینـی کە ئـارام ئـارام دەڕۆیشـتن. گـوێ چەرمنەکانیـان وەک زارکـی شـەیپور، بەرەو ڕێبوارەکـان کرابـوونەوە، ڕەنگـی شـفرە سـپییەکانیان و قـورتمی وەک ڕەشـماریان، بەسـەر سـەریاندا لـول ببـوون. کـاڤیۆس، جەسـتەی زلـی فیلەکـانی خـۆش دەویسـت. جـووڵەی ئـارام و هێمنیـان، ئەوانـی لە بزنە کێویە سـرک و خۆشبەزەکان و کەرگەدەنە تـوڕە و پـڕلە کینەکـان و ئـاژەڵە چـالاک و دڕنـدەکان جـودا دەکـردەوە. کۆیلەکـانی پێشـوو، زۆر جـاران دەرەتـانی بینینـی ئەو ئـاژەڵە زلەیـان لە کـاتی خەودا هەبـوو، یـان ڕەوەکانیـان دەبینـی کە لەژێـر دار و درەختەکانـدا لە نزیک یەکتر ڕاوەستابوون. فیلی جەستە زلی وەک دێو، سـەری وەک گومبەز و شـفرەی قورسیان بەردابووەوە. سەری مێیەکانیان پانتر بـوو، ئەوان بە پێوە نوسـتبوون و سـەریان قیت ڕاگرتبوو. کۆیلەکانی پێشوو، جارێک توشی فیلێکی نێر بوون کە لە ژێر تیشکی خـۆردا نوستبوو. ئەو بە ڕواڵەت لە سێبەردا نوستبوو، بەڵام نیسـێ داکشـابوو، و خـۆر گەیشـتبووە سـەری و ئەویش هەستی بە گەرما نەدەکرد. کاڤیۆس، بۆ مـاوەیەک ڕاوەسـتا و سـەری لەو ئـاژەڵە گەورەیە سـوڕما. پێـی فیلەکە زیـاتر لە دەسـتەکانی کرابـوونەوە، و وەک پەیکەرێـک ڕاوەستابوو. قورتمی شۆڕ کردبۆوە و ئەڵقەیەکی خسـتبووە سـەر سـەری و کلکـی بـاریکی بەسـەر سـمتیدا هەڵواسـرابوو. شـفرە خـوار و ئەسـتور و شاشـەکانی هەڕەشـەکەرانە بەرەو پێشـەوە خوار ببوونەوە.

لەو جێیـانەی کە دار و دەوەن کەم بـوون، ڕێبـواران ئـاژەڵی سـەیرتریان دەبینـی. ژمـارەیەک لەو ئـاژەڵانە، چـونکە دەسـتیان درێـژ و لاقیـان کـورت بـوو، لە جەسـتەیاندا لێژایەکی بچوک دەبیندرا و بەهۆی شـاخی گەورە و سنگی پانیانەوە، ملیان درێـژ و بەرەو پێشـەوە کێشـرابوو. لە کۆتـایی ملـی درێژیانـدا، سـەرێکی بچـووک هەبـوو بە شـاخی قوڵە و گوێی لول کراو. ئەوانە زەڕافە بوون کە لە گروپی پێنج تا سەد دانەییدا، پێکەوە هاتوچۆیـان دەکرد. دیمەنـی ڕەوەی گەورەی زەڕافەکـان لەو دەشـتە بەرینەدا، هەرگیـز لەبیـر نەدەکرا. دارسـتانی ئەو دەشـتە بەرینە، بەهـۆی بـاهۆز و ڕەشـەباوە، بە لایەکدا خـوار ببـوونەوە و لقەکانیـان لەبەر تیشـکی خـۆردا هەر جـارەی بـۆ لایەک دەچـوون و سـێبەرەکانیان بە شـێوەیەکی خەیـاڵاوی بەسـەر سـەوزەکاندا دەسـوڕایەوە. زەڕافەکـان، هەنـدێک جـار وەک ئەسـپ بە وێرغە و هەنـدێک جـاریش بە لۆقـاوی قـۆرتە دەڕۆیشـتن. دەسـتەکانیان لە ژێـر

سنگیاندا خوار دەبووەوە و لاقەکانیان بە مەودایەکی زۆر بە دوایاندا دەهاتن و شێوازێکی زۆر تایبەتیان هەبوو. هێڵی پێستی زەرد و ڕەوشەنیان بە خاڵی سپی و ڕەش لە یەکتر جودا دەبوونەوە و لە کاتێکدا لە ژێر دارەکاندا ڕاوەستابوون، لە سێبەری دارەکان دەچوون و لەوان جیا نەدەکرانەوە. زەڕافەکان، بە لێوەکانیان گەڵایان لە چڵی بەرزی دارەکان دەکردەوە و کاتێک تێر دەبوون، گوێی درێژیان بەمبەر و ئەوبەردا دەسوڕاند. زۆرجار ملی درێژیان بە سەر دەریایەک شەپۆلی گیا بەرزەکاندا، لە هێڵێکدا دەبیندرا. کاتی ڕۆیشتن، سەریان بە چاوی ڕەش و ڕەوشەنەوە بە بەرزایی دە کوبیت ڕادەگرت. ڕۆیشتنی بە لەنجەی زەڕافەکان، بە ڕادەیەک جوان بوو کە ئەو ئاژەڵە بێ ئازارەی خۆشەویست دەکرد.

هەندێک جار، کۆیلە ئازادکراوەکان لەنێو گیابەرزەکاندا، پرخەی پرلە کینەی کەرگەدەنەکانیان دەبیست، بەڵام چونکە پێشتر فێر ببوون، چۆن لێی نزیک ببنەوە و خۆیانی لێ بپارێزن، لێیان نەدەترسان. ئەوان لە ڕیزێکدا، بە ڕێچکەیەکی باریک، بە نێوان گیا و دارەکاندا دەڕۆیشتن و پێیان لەجێ پێی یەکتر دادەنا و لەبەر تیشکی خۆردا، سەریان و نێزەکانیان بە گەڵای دار و قوماشی کۆنە داپۆشیبوو. گیا هەموو لایەکی داگرتبوو، و بە ڕای ڕێبواران بە کۆتا نەدەهات. دەشتی سەوز و خۆری سوتێنەر، بە درێژایی ڕۆژ، هاوڕێیان بوون و شەو لە کاتی نوستینشدا، خەویان بە گیای سەوزەوە دەبینی و بەرە بەرە لەو دەشتە سەوزە خنکێنەرەدا ون دەبوون. تەنیا لە دەیەمین ڕۆژی ڕێگاکەیاندا، توانیان تەپۆڵکەیەک لە پێشەوەی خۆیاندا ببینن کە مژ سەری گرتبوو. کاتێک لێی سەرکەوتن، خۆیان بەسەر دەشتێکی پاندا دیتەوە کە پڕ بوو لە داری بێ گەڵا[١٥] کە لقەکانیان وەک باسکی دەست بەرەو ئاسمان چووبوون.

قەد و لق و چڵی ئەو دارە ڕەنگ سەوزانە بۆنێکی هاوشێوەیان هەبوو، و لە فڵچەی نیگارکێشی دەچوون، بەڵام لە جیاتی موو، دڕوی تیژیان هەبوو. کۆمەڵێکی زۆر لەو دارانە، بۆنێکی توند و ناخۆشیان لە خۆیان بڵاودەکردەوە. لقەکانیان بە ئاسانی دەشکان و شیرێکی خەستیان لێ دەهات و دەسبەجێ ڕەنگی شیرەکەیان ڕەش هەڵدەگەڕا. ڕێنماکان بۆ دەرچوون لەو پۆلە دار و درەختانە، پەلەیان بوو. دەیانزانی کە ئەگەر ڕەشەبا بێت، دەشکێن و زیان بە کەسی نزیکیان دەگەیەنن. لەو بەری دارستانەکەوە، سەرلەنوێ دەشتێکی سەر سەوز دەستی پێکرد و ئەم جارەیان زەوی بە گیای شلک و تازە

داپۆشـرابوو. کاتێـک ڕێبـواران گەیشـتنە سـەر تەپـۆڵکەیەک، لە پـڕ چاویـان بە کێڵگەیەکـی چاندراو کەوت کە تا تەنیشت دارستانێکی چڕ بەردەوام بوو. لە کۆتـایی ئەو کێڵگەیەدا، لە تەنیشـت دارسـتانەکە، ژمـارەیەکی زۆر کـۆخ دەبینـدران کە بە شـێوازی کەوانەیـی و کـورت دروسـت کرابـوون. ئەو کۆخـانە لە نێـو حەوشـەیەکی پـاوانکراودا بـوون و بە دەرگـایەکی گەورەدا بۆی دەچوون. دەرگاکە لە داری گەورە و ئەسـتور سـاز کرابـوو، و بە ژمـارەیەک سـەری شـێری کـوژراو ڕازانـدرا بـووەوە. خەڵکـی ئەو گونـدە، لە دوورەوە تەماشـای تـازە هاتووەکانیان دەکرد. چەند پیاوی باڵا بەرزی نێوچاوان گرژ، لە دەرگاکە هـاتنەدەر کە تـازە هاتووەکـان بدوێنن. دانیشـتوانی ئەو جێیە، جگە لە ڕەنگـی پێسـتی مسـی و ڕەوشـەنیان، لە نوبیاییەکــان دەچــوون. ســەری ســەرنێزەکانیان گەورەتــر و شمشــێرەکانیان بچــووک و مەتاڵەکانیـان بە زیـوەری ڕەش و سـپی ڕازانـدبووەوە. کەمەری پشـتان لە پێسـتی زەڕافە و گۆپـاڵی دەسـتیان لە دار حەیـزەران بـوو. نـاوچەی ژیانیـان لە نێـوان گـردو تەپۆڵکەکەکانـدا، دیمەنێکـی زۆر جـوان و دڵڕفێنـی هەبـوو. لە نێـوان ئەو دەشـتە سـەوز و زێـڕین و پـڕ لە گیــایەدا، قەراخ ڕوبــارەکەی وەک هێڵێکــی ڕون دەدرەوشــایەوە. گــوڵی مــێخەک ســەری دەوەنەکانی داپۆشیبوو، و گوڵی زەرد و سپی بە دارەکاندا هەڵچوو بوون.

گفتوگـۆ لە نێـوان خەڵکـی نـاوچەکە و تـازە هاتووەکانـدا، مـاوەیەکی زۆر خایانـد. ڕەش پێستە لاق شکاوەکە، کە دەیگوت خەڵکی ئەم ناوچەیەیە، ئەرکی وەرگێڕیی لە ئەسـتۆ گـرت. ئەو پیاوە، بە دارێک کە بە دەستیەوە بوو، ئاماژەی بۆ هاوڕێیانی کرد، بوەستن و خۆی بە شەلە شەل، بەرە و ئێشکچیەکان چوو. ئەوان ئیزنیان بە کاڤیۆس، کیدیگۆ، ڕەش پێسـتە لاق شکاوەکە و یەکێک لە نوبیایەکان و ڕێنمایەکی ڕەشماڵ نشینەکاندا، لە دەرگـا بچنە ژورەوە و ئەوانیــان بــردە مــاڵی ســەرۆکی گونـدەکەیان. ئەوانەی لە دەرەوە، لە پشــت دەرگــاکەدا مـابوونەوە، بێســەبرانە چـاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوڕێکانیـان بـوون. ئەوان لە چـوونی ئەو ژمارەیە، دوو دڵ بوون و ئازاریان دەبینی. دارە مەیتی پاندیۆنیان لە ئاژەڵەکان دابەزاند و ئەو بە ئـارامی درێژ ببوو. کاتێک کـاڤیۆس، لەگەڵ کۆمەڵێک پیـاو و ژن و منداڵ گەڕایەوە لای هاوڕێکـانی، هەسـتیان کـرد کە مـاوەیەکی زۆریـان پێچـووە. دانیشـتوانی گونـدەکە، بە نەریتــی خۆیــان، بە بــزە و ڕاوەشــاندنی گەڵای پــانی دار کە بە دەســتیانەوە بــوو، بــۆ بەخێرهێنانی تازەهاتووەکان هـاتبوون و بە زمـانێکی نائاشـنا، بەڵام دۆسـتانە قسـەیان کـرد. بە هاتنی ئەوان، دەرگا کرایەوە و کۆیلەکانی پێشوو بە نێوان ماڵەکاندا تێپەڕین.

کۆخە قوڕینیەکان، بە شێوەی کەوانەیی دروست کرابوون و میچەکانیان گومبەزیی و لێژ بوو، و بە گەڵای دار و گیای زبر و قوڕ، قوڕەبان کرابوون. لە دەرەوەی کۆخەکانیاندا، لە ژێر دوو دار، جێیەکی گەورە و تایبەتیان هەبوو کە میچەکەیان داپۆشبوو. سەرۆکی گوند لەوێ لەگەڵ تازە هاتووەکان کۆبووەوە. بە گشتی، هەموو دانیشتوانی گوند کە لە دەوریان کۆبوونەوە، بە هاتنی ئەو ژمارەیە و رووداوی ئەم ڕۆژە هەژا بوون. لە سەر داوای سەرۆکی گەورەی گوند، ڕەش پێستە لاق شکاوەکە، داستانی مەترسیداری ڕاوکردنی کەرگەدەنەکەی گێڕایەوە و چەندان جار ئاماژەی بۆ ناوی پاندیۆن کرد کە هێشتا لەسەر دارە مەیت، بەبێ جووڵە کەوتبوو.

گوندییەکان، بە دەنگی بەرز و تایبەت، خۆشحاڵی و سەرسوڕمانی خۆیان دەربڕی. ترسی خۆیان لەو کردەوە نائاساییە دەربڕی کە بە فەرمانی فیرعەونی ترسناکی تاکیوم بە ئەنجام گەیشتبوو. سەرۆکی گەورەی گوند، هەستایە سەرپێ و بە زمانێک کە بۆ تازە هاتووەکان نائاشنا نەبوو، لەگەڵ خەڵکەکەی دوا و ئەوانیش بە دەنگی بەرز، پشتیوانییان لە قسەکانی کرد و وەڵامیان دایەوە. دواتر، سەرۆکی گوندەکە چووە لای میوانەکان و دەستەکانی بە جۆریک کەوانە کرد کە هەموو گوندەکە لە خۆی بگرێت و دواتر دەستی ڕاوەشاند و سەری بە هێمای ڕێزگرتن دانواند. کاڤیۆس، بە هۆی وەرگێڕەکەیەوە سوپاسی سەرۆک و دانیشتوانی میواندۆستی گوندەکەی کرد. ئێوارەی ئەو ڕۆژە، میوانەکان بەشداریی جەژنێکیان کرد کە بۆ پێشوازیی کردنیان، پێکهاتبوو.

گروپێک لە خەڵکی گوندەکە، لە دەوری دارە مەیتەکەی پاندیۆن کۆبوونەوە و بە حورمەتەوە تەماشایان کرد و ژنەکانیش بە ڕێزەوە دەیانڕوانیە ناوبراو. کچێک بە کراسێکی ڕەنگ شین، ئازایانە لەنێو خەڵکەکە هاتەدەر و لە بەرامبەر پاندیۆنی گەنجدا سەری دانواند و ئێحترامی بۆ کرد. پاندیۆن، دوای مانەوەیەکی زۆر لە وڵاتی گەرم و سوتێنەری تاکیوم و نوب، تەنیا هەندێک لە بواری ڕەنگی ڕونی پێستی نەبێت کە ئێستا زێڕین ببوو، لەگەڵ هاوڕێکانی جیاوازی نەبوو، بەڵام قژی سەری درێژ و ئاڵۆز ببوو، و سیمای لاوازی، بێگانە بوونی ئەوی زەق کردبۆوە. کچەکە، بەزەیی بەو قارەمانە گەنجە جەستە جوانەدا دەهات و بە تێبینییەوە دەستی درێژ کرد و هەندێک لە مووی سەری کە کەوتبووە سەر نێو چاوانی بە لاوە نا.

مژۆڵەکانی پاندیۆن، بە ئارامی کرانەوە و چاوی زێڕین ڕەنگی لە نێو مژۆڵەکانیدا زەق بوونەوە. کچەکە هەرگیز لە ژیانیدا چاوی بەم جۆرەی نەدیبوو. بەم بۆنەیەوە هەموو لەشی لەرزی. چاوەکانی ئەو بێگانەیە، تەماشای کچەکەی نەکرد و تەنیا بەرەو ئەو گەڵایە سوڕانەوە کە لەسەر سەریان دانابوو. هاوڕێکانی ئەو کچە، ئەویان بە ناوی "یروما"(١٦) بانگ کرد.

کاڤیۆس و کیدیگۆ، لە دارە مەیتەکە نزیک بوونەوە و بەرزیان کردەوە و هاوڕێ بریندارەکەیان لەو جێیە دوور کردەوە. بەڵام کچەکە هەرلەوێ سەری خۆی داخست و وەک یۆنانییە گەنجەکە کە ڕای ئەوی بەرەو خۆی ڕاکێشابوو، بە ئارامی لەجێی خۆی مایەوە.

---

١- Hapi

٢- Kush، ناوێکە، جوغرافی زانانی میسر بۆ بەشێک لە دۆڵی نیل لەنێوان تاڤگەکانی پێنجەم و دووەم دایاننابوو. ئەو بەشە، وڵاتانی جام و کاروی دەگرتەوە. یرتت، ئەیالەتی باشوری تاڤگەی دووەم بوو، و واوات لە نێوان تاڤگەی یەکەم و دووەمدا بوو.

٣- Uronartu

٤- Semne

٥- ئەو فیرعەونەی نوبیای داگیر کرد، ناوی ئەفسانەیی "سنسوسرت"ی سێیەم، یان "سوستریس"ی پێدرا. ١٨٨٧-١٨٤٩ پ. ز. ئەو یەکێک بوو لە فیرعەونەکانی زنجیرەی دوازدەیەم ٢٠٠٠- ١٧٨٨ پ. ز. کە بەهۆی کاری بیناسازیی گەورە ناسراوە.

٦- Hm A ton

٧- Napata

٨- ڕوباری عەترەکان- بۆنەکان- "ئاتبارا" لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتەوە دەڕژایە نێو نیل.

٩- "ئەقاقیا" دارێکی ئەفریقاییە، "دار سەیوان" لق و گەڵاکانی وەک سەیوان "چەتر" دەوەستن و شێوازی جۆراوجۆریان هەیە کە یەکێک لەوانە وەک گوڵی ئاوریشمە.

١٠- داری "بائوباب"، دارێکی تایبەت بە دەشتەکانی ئەفریقایە.

١١- لە سەردەمە کۆنەکاندا، بوونی کەرگەدەنی سپی لە سودانی باکور ئاسایی بوو.

١٢- دوڕگەی گینە.

١٣- جۆرە گڵێکی سور کە ئاسنی تێکەڵاوە و لە وڵاتانی باشوری ئەفریقادا هەیە و پاشماوەی بەردی گڕکانن.

١٤- گیایەکی سەیرە و لە گڵی سوری ئاسنداردا دەڕوێت.

١٥- ئوفۆربیا، دارێکە لە دار هەنجیر دەچێت.

١٦- Iruma

# جادەی ستەم

## ٦

چاودێری کردنی دڵسۆزانەی کیدیگۆ و کاڤیۆس، کاریگەریی باشی دانا و ئێسقانەکانی پاندیۆن جێی خۆیان گرتەوە، بەڵام ئەو هێزەی پێشووی بۆ نەگەڕایەوە. پاندیۆن، چەندان ڕۆژ لە تاریکی ئەو کۆخە گەورەیەدا، بە ئارامی درێژ ببوو، و بەهۆی بێ توانایییەوە، زۆر بە کورتی وەڵامی هاوڕێیانی دەداوە و زۆر بە کەمی خواردنی دەخوارد و هیچ هەوڵێکی بۆ بەرز بوونەوە نەدەدا. زۆر لاواز ببوو، و کەمتر چاوی دەکردەوە و سیمای لاواز و ماندووی بە مووی نەرمی ڕیشی داپۆشرابوو.

کات بۆ ڕۆیشتنێکی درێژ بەرەو دەریا و نیشتمان گەیشت. کیدیگۆ، پێشتر دەربارەی ڕێگای دورگە بە چیاکانی باشووردا، پرسیاری لە دانیشتوانی ناوچەکە کردبوو. لە ٣٩ کۆیلەی پێشوو کە لەو گوندەدا بوون، ١٢ کەسیان بە ڕێگای جیاوازدا، ڕۆیشتبوون. ئەوان، پێشتر لەم ناوچەیەدا ژیا بوون و دەیانتوانی بەبێ هیچ کێشەو گرفتێک، یان مەترسییەکی گەورە، بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. ئەوانەی مابوونەوە، پێداگریان بۆ گەڕانەوە دەکرد و گوشاریان بۆ کیدیگۆ دەهێنا کە زووتر وەڕێ بکەون. هەموویان ئێستا ئازاد و تەندروست بوون، سۆزی وڵاتە دوور کەوتووەکانیان، ئەوانی بەرەو خۆی ڕادەکێشا. ڕۆژەکانیان بە دژواری تێدەپەڕی و چونکە گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان بە کیدیگۆوە بەسترابۆوە، بە داواکاری پەیتا پەیتایان، گوشاریان بۆ دەهێنا و ئازاریان دەدا.

کیدیگۆ، چونکە نەیدەتوانی پاندیۆن بەجێهێڵێت، بە دانی بەڵێنی نادیار خۆی لە بەجێهێنانی داخوازی هاوڕێیانی دەدزیەوە. دوای ئەو گفتوگۆیانە، ڕەش پێستەکە لە کاتێکدا، گومان و گریان ئازاری دەدا، چەندان کاتژمێر لای پاندیۆن دادەنیشت، ئایا کەنگێ دۆخی دەگوڕدرێت؟ بە ڕاسپاردەی کاڤیۆس، لە فێنکای ئێوارەدا، پاندیۆنیان لە کۆخەکەی هێنادەر، بەڵام بەوەش گۆڕانێکی زۆری لێ بەدی نەدەکرا. پاندیۆن تەنیا لە کاتێکدا دۆخی دەگۆڕا کە باران دەباری. دەنگی هەورە تریشقە و بارانی بە تەوژم، ئەوی لەجێی خۆی بەرز دەکردەوە سەر ئانیشکەکانی دەستی و گوێی لێ ڕادەگرت. لەوە دەچوو، لەو دەنگانەدا ناڵەیەک ببیسێت. لەبەر ئەوە، کاڤیۆس دوو پزیشکی ناوچەیی بۆ هێنا. ئەوان هەندێک

گیایان لەسەر نەخۆشەکە سوتاند کە دووکەڵیان زۆر و بۆنی زۆر ناخۆشیان هەبوو، و چەند ڕیشەی گیایەکیان لە قاپێکدا خستە ژێر زەوی، بەڵام دیسانیش نەخۆشیی پاندیۆن چارە نەکرا.

ئێوارەی ڕۆژێک، پاندیۆن لە نزیک کۆخەکەی درێژ کرابوو، و کاڤیۆس لە تەنیشتی دانیشتبوو، و بە چڵە دارێک مێشی لێ دوور دەکردەوە. کچێک کە کراسێکی ڕەنگ شینی لەبەردابوو، لێیان نزیک بووەوە. ئەو کچە، "**یروما**" کچی ڕاوکەری گوند بوو. پاندیۆن لە یەکەم ڕۆژی هاتنیدا سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو، لەژێر کراسە جوانەکەیدا، کە دەنگی خرینگەی بازنەی لێ دەهات، تورەکەیەکی بچووکی پڕلە گیای دەرهێنا. یروما، تورەکەکەی دا بە کاڤیۆس. وتروسکی کە لەو ماوەیەدا، چەندان وشە لە زمانی دانیشتوانی گوند فێر ببوو، تێگەیشت کە کچەکە هەوڵیدەدا بۆی ڕون بکاتەوە کە ئەوانە فستق "فندق" و میوەی دارستانەکانی ڕۆژئاوان و بە پەلە نەخۆش چاک دەکەنەوە. ئەو تێدەکۆشا پێی بڵێت کە چۆن لەو فستقانە دەرمان دروست بکات، بەڵام کاڤیۆس لە قسەکانی نەگەیشت. یروما، لە تێنەگەیشتنی کاڤیۆس گێژ ببوو، لەبەر ئەوە سەری داخست، بەڵام دووبارە بەخۆ هاتەوە و بە کاڤیۆسی گوت بەردێکی پان کە بۆ وردکردنی دانەوێڵە کەڵکیان لێ وەردەگرت، لەگەڵ قاپێکی پڕ لە ئاو بێنێت. کاڤیۆس چوو لە کۆخەکەوە، کچەکە دەوروبەری خۆی تەماشا کرد و چووە سەر نەخۆشەکە و چۆکی دادا و بە ئەشق و خۆشەویستییەوە تەماشای سیمای پاندیۆنی کرد. دەستی بچووکی لەسەر نێوچاوانی دانا، بەڵام بە بیستنی دەنگی پێ قورسەکانی کاڤیۆس، دەستی کشاندەوە.

یروما، ژمارەیەک لەو فستقە بچووکانەی کە لە بەرو دەچوون، لە تورەکەکەی دەرهێنا و شکاندنی و نیوکەکەی جیا کردەوە و لەسەر بەردەکە، وردی کردن و ئەوەندەی هەڵشێلان کە وەک هەویری لێهات و دواتر هەندێک شیری تێکەڵ کرد، کە کیدیگۆ هەر لەوکاتەدا، لەگەڵ خۆی هێنابووی. هەرکە کیدیگۆ فستقەکانی بینی، بە توندی قیژاندی و لە خۆشیان دەستی بە سەما کرد. کیدیگۆ، بۆ کاڤیۆسی هەژاوی شیکردەوە کە لە دارستانەکانی ڕۆژئاوا و دارستانەکانی وڵاتی باوکانیدا دارێک هەیە کە قەدی ڕاست و لقەکانی لە بەرزایدا قوڵە دەبنەوە و سەر چڵەکانیان تیژە. بەری ئەو دارانە، فستقە[1] و بۆ دەرمانێکی سەرسوڕهێنەر دەبێت. ئەو فستقانە هێز بە کەسانی لە کار کەوتوو دەبەخشن، ماندوویی دەپەڕێنن و شادی بە کەسانی تەندروست دەگەیەنن.

کچەکە، لەو فستقە خواردنێکی سێحراوی دروست کرد و دای بە پاندیۆن. دواتر هەر سێکیان لە دەوری پاندیۆن دانیشتن و چاوەڕوانی کاریگەریی خواردنەکە بوون. دوای چەند خولەکێک، هەناسە لاوازەکانی پاندیۆن، بەهێزتر و ئاسایی تر بوونەوە و پێستی ڕومەتی قوپاوی، سور بووەوە. لە پڕ هێمای خەمۆکی لە ڕوخساری کاڤیۆس پەڕی و بە هیواوە چاوەڕوانی کاریگەرییەکانی ئەو دەرمانە مایەوە. پاندیۆن، ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و چاوەکانی بە تەواوی کردەوە و لە جێیەکەی هەستا و تەماشای کاڤیۆس و کیدیگۆی کرد و دواتر چاوی لە کچەکە بڕی. سیمای کراوەی بە ڕەنگی مسی مۆر و لوسی زۆر زوو گەڕایەوە سەر شێوازی ئاسایی خۆی.

گۆشەی چاوە درشتەکانی، هەندێک ئەستوور ببوون، گنجی ژێر چاوەکانی هەستێکی شاراوەیان تێدا دەبیندرا و سپییەتی چاوەکانی لە نێوان مژۆڵە نیوە کراوەکانیدا دەدرەوشانەوە و دەمی پان و جوانی کرایەوە. لێوی ئەستور و ڕەوشەنی بە بزەیەکی ڕون، بەڵام شەرمن کرانەوە. ڕیزێک لە شفرە تەندروستەکانی وەک مرواری دەرکەوتن و سیمای خڕ و بە توانای پڕ بوو لە هەستی گەنجانە. پاندیۆن بە دوور لە ئیرادەی خۆی پێدەکەنی. چاوەکانی، کە تا ئەوکاتە بێ هێز و بێ توانا بوون، زەق کردەوە. یروما لە شەرمان سەری داخست و ڕووی سوراندەوە و شادی سەرتاپای هاوڕێ شڵەژاوەکانی داگرت.

لەو ڕۆژە مەرگهێنەرەوە، ئەوە یەکەم جار بوو کە پاندیۆن پێدەکەنی، کاریگەریی سێحراوی فستقە سەرسوڕهێنەرەکان، دوور لە هەر شک و گومانێک بوو. پاندیۆن، لە جێی خۆی هەستا و دانیشت و سەبارەت بە هەموو ئەو ڕووداوانەی پرسی کە لە ڕۆژی بریندار بوونیەوە، بە سەریان هاتبوو. وەڵامی هاوڕێیانی وەک کەسێکی سەرخۆش بە پرسیاری توند و بە پەلە دەبڕی. یروما، بە پەلە لێی دوور کەوتەوە و بەڵێنیدا کە ئێواری، هەواڵی تەندروستیی نەخۆشەکە وەربگرێت. پاندیۆن، خواردنێکی باشی خوارد و لەگەڵ خواردنەکەیدا، پەیتا پەیتا پرسیاری لە هاوڕێیانی دەکرد.... بەڵام کاتی ئێوارە، کاریگەریی دەرمانەکە لەنێو چوو، و ئەو بۆ جارێکی تریش لە هۆش چووەوە. ئەو، لە کۆخەکەدا ڕاکشا و کاڤیۆس و کیدیگۆ، پێکەوە ڕاوێژیان کرد کە ئایا هەندێکی تری فستق بدەنێ، یان نا، بەڵام بەو ئاکامە گەیشتن کە لەو بارەیەوە پرس بە یروما بکەن.

کچەکە لەگەڵ باوکی هات. باوکی وەرزیشکارێکی باڵا بەرز بوو، شوێنی چرنوکی شێر لەسەر شان و سنگی بوو. باب و کچ، بۆ ماوەیەکی زۆر پێکەوە دوان و چەند جار، ڕاوکەرەکە بە توڕەیی سەری لەقاند و بە شێوەیەکی ناحەز، کچەکەی بەلاوە نا، بەڵام دواتر بە هێمای لاواندنەوەی، سەری بادا و چەند جار بە سوکی لە پشتی کچەکەیدا. یروما، بە توڕەیی خۆی قیت کردەوە و لە کاڤیۆس و کیدیگۆ نزیک بۆوە. کچەکە، کە بە ڕواڵەت کیدیگۆی بە نزیکترین دۆستی پاندیۆن دەناسی، پێی گوت:

– (**باوکم دەڵێت، نابێ زۆر فستق بە نەخۆشەکە بدرێت. ئێوە دەبێ کاتی نیوەڕۆ، جارێک فستقی بدەنێ کە ئیشتیای بکرێتەوە...**) کیدیگۆ، وەڵامی دایەوە و گوتی:

– (**من کاریگەرییەکانی فستق دەزانم و هەر بەو جۆرە دەکەین کە باوکت دەڵێت.**)
باوکی کچەکە تەماشای نەخۆشەکەی کرد و بە ئارامی سەری ڕاوەشاند و شتێکی بە کچەکەی گوت کە کاڤیۆس و کیدیگۆ لێی تێنەگەیشتن. یروما دەسبەجێ و بە شێوەیەکی زۆر ترسناک گریا و چاوی زەق کردەوە، لێوی سەروی هەڵکێشا و شەفرە سپییەکانی وەدەرخست. ڕاوکەر لە خۆشەویستیی کچەکەی بزەی هاتێ و دەستی ڕاوەشاند و لە کۆخەکە چووە دەر. کچەکە، بەسەر پاندیۆندا خوار بووەوە و بۆ ماوەیەکی زۆر تێیڕوانی و دواتر بەخۆ هاتەوە و بە پەلە بەرەو دەرگاکە چوو. لە نێو دەرگاکەدا گوتی:

– (**سبەینێ من خۆم، بە نەریتی خۆمان چاکی دەکەمەوە. ژنەکانی گوندی ئێمە، شێوازێک دەزانن و ماوەیەکە نەخۆش و بریندارەکانمان بەو شێوازە چارەسەر دەکەین. ڕۆحی شادی، هاوڕێی ئێوەی بەجێهێشتوە و بەبێ ڕۆحی شادی، هیچ مرۆڤێک ڕازی بە ژیان نیە. دەبێ ئەو ڕۆحەی بۆ بگەڕێتەوە.**)

کیدیگۆ، بە وردی سەرنجی بە وتەکانی ئەو کچەدا و تێگەیشت، ئەو ڕاست دەکات. پاندیۆن، بە دوای ئەو هەمووە دەرد و ئازارەیدا، ئێستا مەیلی بە ژیان نەمابوو، و شتێک چووبوو لە دەرونییەوە. کیدیگۆ زۆری هەوڵدا کە بزانێت یروما لە چۆن چارەسەرییەک دەدوێت، بەڵام هیچی دەست نەکەوت و سەرئەنجام درێژ بوو کە بنوێت.

ڕۆژی دوایی، کیدیگۆ جارێکی تر فستقی دا بە پاندیۆن کە بتوانێت خواردن بخوات. پاندیۆن، پەیتا پەیتا لە لایەکەوە تەماشای لایەکی تری دەکرد و سەرئەنجام دەربارەی کچەکەی دوێنێ پرسیاری کرد. کیدیگۆ، شێوازێکی خەندەداری بە خۆیەوە گرت، کاڤیۆس چاوی لێ تروکاند و بە پاندیۆنی گوت، ئەمڕۆ ئێوارە یروما جۆرە چارەسەریەکی نادیارت

بۆ دەکات. پاندیۆن لە سەرەتادا خۆشحاڵ بوو، بەڵام دواتر، کاتێک بە ڕواڵەت کاریگەریی فستقەکان بەرەبەرە لەنێو دەچوو، دووبارە لە هۆش چووەوە. کیدیگۆ و کاڤیۆس لەو باوەڕەدا بوون کە لەو دوو ڕۆژەدا، دۆخی هاوڕێیەکەیان بە ڕادەیەکی زۆر بەرەو چاک بوونەوە چووە.

هەرکە خۆر ئاوا بوو، بۆنی ناخۆشی دار و بنەداری سوتاو، و دەنگی تەپە تەپی کوتانی هەرزن، بۆ خواردنی شەو، لە لایەن ژنانەوە، هەموو گوندەکەی پڕ کرد. شلەی ڕەشی ئەو هەرزنانەی کە بە شیرەوە دەخورا، خواردنی سەرەکی ئەو جوتیارانە بوو. لەگەڵ هاتنی شەو، دەنگی کپی ترپە ترپ بە گونددا بڵاو بووەوە. گروپێک گەنج بە هات و هاوار لە ماڵی پاندیۆن و هاوڕێیانی نزیک بوونەوە. لە پێش خەڵکەکەدا، چوار کچی مەشخەڵ بەدەست و دوو پیرێژنی کووڕ دەهاتن کە کراسی مۆریان لەبەردا بوو. پیاوەکان، پاندیۆنی نەخۆشیان هەڵگرت و لەکاتێکدا، خەڵکەکە بە دەنگی بەرز بە دوایاندا دەڕۆیشتن، ئەویان بەرەو زەوییەکی ڕێکی لای دارستانەکە برد. کاڤیۆس و کیدیگۆ، بە دوای خەڵکەکەدا چوون. وتروسکی بە نارەزامەندی، لە لایەکەوە دەیڕوانیە لایەکی تر و لەوە دەچوو بڵێت، ئەم شانۆگەرییە شتێکی زۆری لێ شین نابێت.

پاندیۆنیان بردە نێو هۆڵێکی گەورە کە نزیکەی ٣٠ کوبیت درێژ بوو، و لە نزیک کۆڵەکەیەک لە نێوەڕاستی هۆڵەکە، پشت بە دەرگا دایاننا. مەشخەڵەکان، کە بە ڕۆنی خورما دەسوتان، بە کەوانەیەک هۆڵەکەیان ڕوناک کردەوە، بەڵام هەندێک لە دیوارەکانی سەربانی ژورەکە تاریک بوون. هۆڵەکە پڕ بوو لە ژنی پیر و گەنج و هەموویان لە دەوری هۆڵەکە دانیشتن و بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد. پیرێژنەکان، شلەیەکی مۆریان دا بە پاندیۆن کە بیخوات و دوای خواردنی، دەسبەجێ دۆخی ئاسایی بۆ پاندیۆن گەڕایەوە. دەنگێکی تیژی وەک دەنگی شەیپور کە لە شفرەی فیل دروست کرابوو، بەسەر بێدەنگیی هۆڵەکەدا زاڵ بوو، و پیاوەکان بە پەلە هۆڵەکەیان بەجێهێشت. وتروسکی و کیدیگۆ ویستیان لەوێ بمێننەوە، بەڵام بەبێ هیچ وتەیەک، بەرەو تاریکی پاڵیان پێوەنان. گروپێک پیرێژنی ناشیرین لەبەر دەرگای هۆڵەکە ڕاوەستان و ئەوەی لە ژورەکەدا بەڕێوە دەچوو، لە چاوی ئەوانەی دەرەوەیان دەشاردەوە. کاڤیۆس لە نزیک هۆڵەکە دانیشت و بڕیاریدا تا کۆتایی ڕێوڕەسمە نهێنییەکە لەوێ بمێنێتەوە. کیدیگۆ هاتە لای و پێکەنی. ئەو لە شێوازی چارەسەریی پیاوانی باشور دڵنیا بوو. دوو کچ، نەخۆشەکەیان بە ئارامی بەرز کردەوە و

ئەویـان پشـت بە کـۆڵەکەی هـۆڵەکە دانـا. هـۆڵەکە ئێسـتا نیـوە تاریـک بـوو، پانـدیۆن، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و چاو و شفرەی سپی ژنەکانی دەدی.

گەچ بڕییەکـانی میچـی هـۆڵەکە، تـاجی گوڵیـان پـێ هەڵواسـرابوو، و دەوری کـۆڵەکەی هۆڵەکەشـیان بە چڵـی شـلکی دار داپۆشـیبوو، بـۆنی گـوڵ و چـڵە شـلکەکان بە ژورەکەدا بڵاوببووەوە و هۆی نائارامی پاندیۆنیان پێکهێنابوو. ئەویان بە بیری شتێک دەخستەوە کە لە ڕادە بەدەر، لێی نزیک و سـەرنجڕاکێش و لەبیـر نەکـراو بـوو. چەنـد ژن، دەسـبەجێ لە پاندیۆن نزیک بوونەوە و لـولەی خـواری دوو شـەیپوریان کە لە شـفرەی فیل بـوون و لە ڕونـاکی مەشـخەڵەکاندا بە ڕەنگـی سـپی دەدرەوشـانەوە بەرە ئەو ڕاگـرت. لەکـن ئەوان، دەهۆڵ هەبوو کە لە پێستی ئاژەڵ و بنەدار دروسـتیان کردبـوون. جارێکی تـریش ئاهەنگی لەرزانــی شــەیپورەکان لە گوێـدا زرنگــانەوە. پیرێژنەکــان، پەیکەرێکــی بچووکیــان کە بە شـێوەیەکی زۆر نـاحەز لە دار هەڵکەنـدبوو، و بە تێپەڕبـوونی زەمـان، ڕەش هەڵگەڕابـوو، لەپـێش پانـدیۆن دانــا و بە دەنگــی ناسـک و ئــارام گۆرانییــان خوێنـد. بەرزی و نزمــی گۆرانیەکانیـان بە ڕێگـای گەرو، و ئـاخ هەڵکێشـانی خەمهێنەریـان بە زاریـان ڕێـک دەخـرا و هەندێک جار توند و بڵندتر دەبوو، و دەگەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

لە پڕ، زەبرێکی قورس لە دەهۆڵ درا و دەنگی توندی دەهۆڵ، پاندیۆنی لەرزاند. گـوڕانی ڕاوەستا، لە نزیک جەغزێکی کەوانەیی ڕوناکدا، ئەو کچەی کە پێشتر پاندیۆن لەگەڵی ئاشـنا ببوو، بە کراسێکی شین، هـاتە نێو جەغـزە بە مەشـخەڵ ڕونـاک بـووەکەوە و بە نـابەدڵی لە نێویدا ڕاوەستا. جارێکی تریش دەنگی شەیپورەکان بەرز بوونەوە. قیـژە و هـات و هـاواری چەند پیرێـژن، تێکەڵاوی دەنگـی شـەیپورەکان بـوو. کـچەکە، کراسـەکەی داکەنـد و جگە لە کەمەرێک، لە هەمان چڵە دارە بۆندارەکان، شتێکی تری لەبەردا نەبوو.

ڕوناکی مەشخەڵەکان، سەر پێستی ڕەش و ئەسمەر و ڕەوشەنی کچەکەی لەخۆدا نوقم کرد. دەوری چاوەکانی یروما، ڕەنگی سورمەیی لێدرابوو، و بـازنە و پـاوانە بەسـەر باسـک و مەچەکەکانیـدا دەدرەوشـانەوە. قژیـان تونـد هۆنـدبووەوە و بەسـەر شـانەکانیدا شـۆڕیان کردبۆوە. دەنگی دەهۆڵەکان بە ڕیتمێکی کپ بەرز بوونەوە. بە ئاهەنگی دەهۆڵەکان، کـچەکە خـۆی لە پانـدیۆن نزیـک کـردەوە و بە ئـارامی، لە بەرامـبەر پەیـکەری بچـووکی خـودای ناشناسدا کڕنۆشی کرد و دەستەکانی بە هێمای نیاز و پاڕانەوە بەرە پەیکەرەکە درێژ کرد. پانــدیۆن بە سەرســوڕمانەوە تەماشــای جــووڵە و خۆبــادانی کــچەکەی دەکــرد. هــیچ

شــوێنەوارێکی ناشایســـت لە ڕووی کــچەکەدا نەبــوو. بە ســیمایەکی جــددی و تــاڵ و هەڵکێشانی برۆکانی، لەوە دەچوو گوێی لە ویستێکی دەروونی خۆی گرتبێت. یروما، خۆی شل کردەوە و قیت بووە و باسکەکانی کردەوە و لەسەر نوکی پەنجەی هەردوو پێیەکانی ڕاوەستا. لەوە دەچوو، هەوڵ بدات بە هەموو وجودییەوە خۆی بەرەو ئاسمان بکێشێت. پاندیۆن، هەرگیز شتێکی بەم جۆرەی نەبینیبوو. هێزێکی دەرونی، دەستەکانی یرومای بە جـوانییەکی ئـاوێتە بە هەژان لەســەر ســیمایەوە، بەرەو ئاســمان بەرز کــردەوە. دەنگــی شـەیپورە شـفرەکان بە تونـدی بەرز بـووەوە و زەبرێکـی لە ناکـاو، و خرۆشـاو هەناسـەی پاندیۆنی ڕاگرت. دەنگی دەوریـیە مسـەکان "دەوری" کە لە یەکتر دەکەوتن، سـەرکەوتوانە، شـادیی بەرز کـردەوە و دەنگـی ڕمـبە ڕمبـی دهۆڵەکانیـان بـڕی. کـچەکە، لەنێـو جەغـزە کەوانەکەوە خـۆی هاویشـتە دەرەوە و دواتـر بە شـەرمەوە لاقە ناسـک و بچووکەکـانی لە سەما کەوتن و بە دەوری جەغزەکەدا سوڕایەوە.

لەبەر ڕوناکی مەشخەڵەکاندا، کچەکە لە برۆنزێکی مۆر دەچوو. لەبەر تاریکیدا، لەش و جووڵەکـانی لە نیسـێ دەچـوون. دەنگی دمـبە دمبی هەژێـنەری دەهۆڵەکـان تونـدتر بـوون، دەورییەکـان بە تونـدی دەنگیـان دەدایەوە و سـەما بە ئـارامی و بە ڕیتمـی مۆسـیقا، هەر دەهات و توندتر دەبوو. لاقی باریک و بە توانای کچەکە، بە ڕیتمی سـەر و ژێری مۆسـیقا، بە ڕێکـی دەلەرزان، پـێکەوە دەنوسـان و ئـارام دەوەسـتان و دووبـارە دەچـوونە پێشـەوە. پەنجەکانی بە زەحمەت لە عەرز دەکەوتن، شان و سنگی بێ جووڵە مـانەوە و باسکە درێژ کراوەکانی، لە کاتێکدا بەرەو خوداکە درێژ ببوونەوە، بە ئارامی و بە شـێوەیەکی قـورس و شایستە، دەپارانەوە و خوار دەبوونەوە.

دەنگی دەهـۆڵ و دەوریەکـان ڕاوەسـتان و تەنیـا نـاڵەی خەمهێـنەر و دەنگـی خـرینگەی بـازنە و پاوانەکـانی یرومـا بـوو کە بێـدەنگی هـۆڵەکەی دەشـکاند. جـووڵەی ماسـولکەکانی کچەکە، سەرنجی پاندیۆنیان ڕاکێشا. ماسولکەکان لە هیچ جێیەکی لەشـیدا کۆ نەدەبوونەوە و وەک ئـاو لەســەر دەریـایەکی ئـارام و دەشـتی زێڕینـی توفانیـدا دەدرەوشـانەوە. نیـاز و پاڕانەوەیەک کە لە سەرەتای سەماکەدا هەموو جووڵەکانی ئەو کچەی لەخۆ گرتبوو، ئێسـتا خـۆی لە ویسـتێکی فەرمانـدەرانەدا دەدیـتەوە. پانـدیۆن ڕای وابـوو، بە دەنگـی مۆسـیقا، خۆشـیەکانی ژیـانی بـۆ گەڕاوەتەوە. خەونەکـان و ئاواتەکـانی پێشـووی دووبـارە لە دڵیـدا سەریان هەڵدایەوە و دنیای گەورە بە تایبەتمەندیەکانیەوە، لە دڵیدا چەکەرەیان کردەوە.

هۆڕنەکان بێدەنگ بوون، گرمەی کپ و هەڕەشەکەری دەهۆڵەکان تێکەڵی قیژەی گوێ کەڕکەری ژنەکان بووەوە. دەورییە مسەکان لە نزیکەوە دەنگیان دەهات و دواتر لەنێو هەمووی ئەوانەدا بەکۆتا هات. یروما، خۆی هاویشتە پێشەوە و دواتر لەپڕ ڕاوەستا، لە کاتێکدا هەموو لەشی دەلەرزی و ماندوو ببوو، دەستەکانی شۆڕ کردەوە، چۆکی خوار بووەوە و شادی لە چاوەکانی پەڕی. بە شێوەیەکی خەمناک قیژاندی و لە ڕووبەڕووی پەیکەری خوداکەدا کەوتە سەر عەرز و بەبێ جووڵە مایەوە، بەڵام سنگی بە توندی بەرز و نزم دەبووەوە. سەمای درێژخایەن بە دەنگێکی خەمناک بڕایەوە و پاندیۆن لە بێدەنگیدا دەلەرزی. دەنگی سەرکەوتن، هۆڵەکەی پڕ کرد. چوار ژن بە زمانێکی نائاشنا، ئارام قسەیان دەکرد. یرومایان بەرز کردەوە و لە جەغزە ڕوناکەکەیان دەرهێنا. دەسبەجێ پەیکەرە دارە کۆنەکەیان برد. ژنەکان هەستان و لە کاتێکدا هەموویان هەژا بوون و چاویان زەق ببووەوە، بە دەنگی بەرز پێکەوە قسەیان دەکرد و ئاماژەیان بۆ پاندیۆن دەکرد. پیرێژنەکانی بەر دەرگا، ئیزنیان بە کاڤیۆس و کیدیگۆ دا کە بێنە ژورەوە. ئەوان هاتن و بەرەو هاوڕێکەیان چوون و چەند پرسیاریان لێ کرد، بەڵام پاندیۆن نەیتوانی، یان نەیویست قسە بکات. ئەو دوو هاوڕێیە، ئەویان بردەوە بۆ کۆخەکەی و ئەو بۆ ماوەیەک لەژێر کاریگەریی سەما نائاساییەکەدا نەیتوانی بنوێت.

*******

بەرە بەرە، تەندروستی بۆ پاندیۆن گەڕایەوە و جوانیەکەی بەتوندی گەشەی سەندەوە و هێزی پێشووی بۆ گەڕایەوە. دوای سێ ڕۆژ، بەبێ یارمەتی وەرگرتن لە کەسێک، بۆخۆی چوو بۆ ماڵی ڕاوکەر و ویستی یروما ببینێت، بەڵام کچەکە لە ماڵ نەبوو. باوکی بە شێوەیەکی دۆستانە و بە دڵفرەوانییەوە پێشوازی لە میوانەکە کرد. بیرەی دایە و لە کاتێکدا بە سەر و دەست ئاماژەی بۆ دەکرد، بە ئارامی لە سەر شان و سنگی دەدا و دەیویست شتێکی بۆ شی بکاتەوە، بەڵام یۆنانییە گەنجەکە چونکە شتێکی لێ تێنەگەیشت، بە هەستێکی ناڕون لە دڵیدا، ماڵی ڕاوکەری بەجێهێشت.

پاندیۆن بە تەواوی گەڕابووەوە سەر دۆخی پێشووی و ئازاد و ئاسایی بوو، بەڵام کێشەی دەرونی لێ دوور نەدەکەوتەوە. ئەو تێگەیشت، تاقی کردنەوەکانو ئەو ڕێز لێنانەی کە لە ژیانیدا لێی گیراوە، بە جۆرێک زیانیان پێگەیاندوە. بۆی دەرکەوتبوو، ئەو زەبرە ترسناکەی کاتی شەڕکردنی لەگەڵ کەرگەدەن لێی کەوتبوو، لە سەرووی توانایدا بووە.

ئەو لاواز ببوو، و بۆ ماوەیەکی زۆر نەگەڕایەوە سەر دۆخی ئاسایی، بەڵام دەبێ چاک بێتەوە، دەبێ بتوانێ زیاتر وەرزش بکات، تا وەک پێشوو هێزی یەکسانی لەگەڵ هاوڕێیانی هەبێت.

کیدیگۆ و کاڤیۆس، بە چاکبوونەوەی پاندیۆن زۆر خۆشحاڵ بوون. هەردووکیان، لەگەڵ هەموو کۆیلەکانی پێشوو، و زۆربەی خەڵکی گوند، چوون بۆ ڕاوێکی درێژ خایەنی زەڕافە کە بەو هیوایەوە لەو ڕاوکردنەدا، زانیاریی لەسەر جادەیەک پەیدا بکەن کە بڕیار بوو، پێیدا بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکەیان و هەروەها گوندییەکانیش، گۆشتێکی زیاتر بۆ میوانەکانیان بەدەست بخەن.

دراوسێکانی پاندیۆن، ئەرکی کوتان و هاڕینی دانەوێڵەیان لە دەڤری بەرددا بە هی ژنان دەزانی. چونکە ئەو بۆ بەهێز کردنی ماسولکەکانی خەریکی ورد کردنی جۆ بوو بۆ دروست کردنی بیرە، گوندییەکان گاڵتەیان پێ دەکرد، کەچی ئەو گوێی بەو گاڵتە پێکردنانەی خەڵکی گوند نەدا. ئەو بە زوویی لە کۆخەکەیەوە چووە دەرەوەی گوند و نێزەیەکی میسریشی لەگەڵ خۆی دەبرد و لە دەرەوەی گوند و لە کێڵگەکاندا، دەستی کرد بە ڕاهێنانی دووەم کە بریتی بوو لە هاویشتنی نێزە. هەستی دەکرد بەو کارەی، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ماسولکەکانی ڕەقتر دەبن و وەک سەردەمی پێشوو، و کۆلکەدارەکانی لێ دێتەوە کە باپیرەی لەسەر شانی دادەنا. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ فێربوونی زمانی خەڵکی ناوچەکە، بە جددی هەوڵی دەدا و بۆ یەک ساتیش، هەرگیز یرومای لەبیر نەکرد. هەندێک جار، وشە نائاشنا خۆش ئاهەنگەکانی دووپات دەکردەوە و مێشکی بە باشی یارمەتی پێ دەکرد کە لە ماوەی هەفتەیەکدا، هەرچی پێیاندەگوت، فێری ببێت.

پاندیۆن، بۆ دوو هەفتە دەچوو کە یرومای نەبینیبوو. چونکە بە داب و نەریتی خەڵکەکەی نەدەزانی، زاتی ئەوەی نەبوو، بە دوور لە چاوی باوکی، کچەکە ببینێت. ڕۆژێک، کاتی گەڕانەوەی لە کێڵگە، لە ڕێگادا چاوی بە ئافرەتێک کەوت کە کراسی شینی لەبەردا بوو، دڵی بەتوندی لێی دا و هەنگاوەکانی توند کرد و وەپێش کچەکە کەوت و بە زەردە خەنەیەکی شادەوە، لە پێشی ڕاوەستا. ئەو هەڵەی نەکردبوو، چونکە ئەو ئافرەتە، یروما بوو. لە یەکەم دیتنیدا، شڵەژا و بەو وشانەی کە فێری ببوو، سوپاسی یرومای شڵەژاوی کرد. بە زوویی وشە کۆکراوەکانی پاندیۆن تەواو بوون و هەرچەندە دەیزانی یروما لە زمانی ئەو ناگات، بەڵام بە زمانی خۆی، درێژەی بە قسەکانیدا. لە هەمان کاتیشدا، چاوی

لەو قوماشە بڕی کە بەسەر شانی کچەکەوە بوو. یروماش کە لە ژێرەوە تەماشای دەکرد، لە پڕ لە قاقای پێکەنینی دا و پاندیۆنیش بە پێکەنین وەڵامی دایەوە. دواتر بە وردی، ئەم دێڕەی کە پێشتر فێری ببوو، پێی گوت:

- **(دەکرێ بۆ دیتنت بێم؟)** کچەکەش گوتی:

- **(سبەینێ کاتێک خۆر کەوتە ژێر دارەکان، وەرە قەراخ دارستان.)**

پاندیۆن زۆر خۆشحاڵ بوو، بەڵام نەیدەزانی شتێکیتر بە یروما بڵێت؛ دەستی بۆ درێژ کرد و لە ناکاو کراسە شینەکەی کرایەوە و دوو دەستی بچووک و بە هێز کەوتنە نێو پەنجەکانی پاندیۆنەوە و ئەویش توند، بەڵام بە ڕێزەوە دەستی کوشی. لەوکاتەدا، پاندیۆن چوو لە فیکری تسای دوور کەوتووەوە و بە ئارامی دەستەکانی کشاندەوە. یروما، خۆی داپۆشییەوە و بە توندی لە پاندیۆن دوور کەوتەوە و بە بناری گردێکدا ڕۆیشت. پاندیۆن تێگەیشت کە نابێ وەدوای بکەوێ و لەجێی خۆی مایەوە و تا کچەکە گەیشتەوە بۆ ماڵەکەی، چاوی لێکرد.

پاندیۆن بەبێ ئیرادە پێدەکەنی و لەکاتێکدا بە غرورەوە نێزەکەی دەجوڵاندەوە، بەرەو گوندەکە شۆڕ بووەوە. بۆ یەکەم جار، یۆنانییە گەنجەکە تێگەیشت کە ئەو گوندە لە جێیەکی خۆش دیمەن هەڵکەوتووە و ماڵی گەورە و کۆڵانی پانی هەیە. پاندیۆن خەڵکی ئەم گوندەی وەک هەژارترین دانیشتوانی نوب و خەڵکی فەقیری تاکیوم و مرۆڤە دەسنیشان کراوە لوت بەرزەکانی خوداکان دەبینی. لە ڕۆخساری خەڵکی نوب و تاکیومدا کە بە کاری قورس و کەمیی خۆراک لەپێ کەوتبوون، بچووکییەکی تایبەت بەرچاو دەکەوت، بەڵام خەڵکی ئێرە لەگەڵ ئەوان جیاواز بوون، چونکە ئەوانە ئازاد بوون و تەنانەت پیرەکانیشیان، گەورەیی خۆیان پاراستبوو.

بیر کردنەوەی، پاندیۆن بە هاتنی گەنجێک بە شانی پان و کڵاوی لە پێستی پلنگ گۆڕا. ئەو پیاوە، بەشێوەیەکی ناحەز تەماشای پاندیۆنی کرد و وەک گەورەیەک پەنجەی دەستی لە سنگی دا. پاندیۆن، بە سەرسوڕمانەوە تەماشای کرد و پیاوەکەش دەستی بۆ چەقۆیەکی پانی سەر کەمەری برد و ویستی شەڕی لەگەڵ بکات. سەرئەنجام پێی گوت:

- **(زانیومە تۆ باش ڕادەکەی، دەتەوێ لەگەڵ من پێشبڕکێ بکەیت؟)** گوتی: **(ناوی من "فولبوو"**[۲]**یە و بە پڵنگ دەناسرێم.)** لەوە دەچوو، ئەو ناوە هەموو شتێکی بۆ پاندیۆن ڕون کردبێتەوە. ئەو بە زەردە خەنەیەکی دۆستانە، وەڵامی فولبووی دایەوە و گوتی:

**- (سەردەمێک، باشتر لە ئێستا ڕام دەکرد.)**

ئەو، هێشتا نەخۆشییەکەی بە تەواوی چاک نەببووەوە و لە وەڵامیدا ڕەخنەی لێگرت و لە نیازی بەدخوازانەی دوا و خوێنی بە جۆش هات. هیچ هۆیەکی لە قین و تووڕەیی ئەو پیاوە سەبارەت بەخۆی نەدەزانی و لە کاتێکدا بە هێمای بچووک بینیی هەردوو دەستی لە کەمەریدا، هاودەنگی لەگەڵ پێشنیازەکەی کرد. ئەوان ڕێکەوتن لە ئێوارەی هەمان ڕۆژەدا، کاتی فێنک بوونی کەش پێشبڕکێ بکەن.

******

هەموو گەنجەکان و چەند پیرە پیاو، لە ژێر ئەو گردە کۆبوونەوە کە گوندەکەی لەسەر دروست کرابوو کە پێشبڕکێی نێوان فولبوو و بێگانەکە ببینن. فولبوو، ئاماژەی بۆ دارێک کرد کە نزیکەی دە هەزار کوبیت لەوێوە دوور بوو. بڕیار درا، هەر کامەیان زووتر گەیشتنە ئەو دارە، چڵێکی لێ بکەنەوە و بیهێننەوە و ئەوەی زووتر بگەڕێتەوە، بە سەرکەوتووی پێشبڕکێ ڕابگەیندرێت. پاندیۆن و فولبوو ڕایانکرد. فولبوو لە کاتێکدا هەموو لەشی دەلەرزی، بە پەلە و دەسبەجێ بە زنجیرەیەک هەنگاوی درێژ، کەوتە پێش پاندیۆن و لەوە دەچوو، خۆ پان دەکاتەوە و بەسەر زەویدا دەفڕێت. گەنجە تەماشاچیەکان، بە دەنگی بەرز و هۆتاف کێشان، هانی سەرکەوتووەکەیان دەدا.

پاندیۆن، بە تەواوی چاک نەببووەوە و لەو دەچوو بشکێت، بەڵام بڕیاریدا خۆی لاواز پێشان نەدا. ئەو، هەر بەوجۆرەی کە باوکە گەورەی لە کاتژمێرێکی فێنکی بەیانیدا لەسەر جادەیەکی باریکی کەناری دەریا، لە نزیک ماڵەکەیان فێری کردبوو، ڕایدەکرد. ئەو، بە ئارامی پشووی خۆی ڕادەگرت و بە ئارامی دەچووە پێشەوە. فولبوو، بە زوویی، زۆر پێشکەوت، بەڵام یۆنانییە گەنجەکە بە وردی و بە شێوەیەکی ڕێک و بەبێ لە دەستدانی هێز و پشووی زیادە، دەچووە پێشەوە و هەوڵی نەدەدا، وەپێش نەیارەکەی بکەوێت. سنگی بە ئارامی دەکرایەوەو هەوایەکی زیاتری هەڵدەمژت و هەنگاوەکانی توندو شل دەبوونەوە، بە چەشنێک بوو کە تەماشاچیەکان لە سەرەتادا بۆ ئەو بێگانەیە بە پەرۆش بوون، بەڵام ئێستا دەیانبینی مەودای لەگەڵ فولبوو کەمتر دەبێتەوە. ئەفریقایەکە تەماشای دەوروبەری خۆی کردو لە توڕەییان دەیقیژاندو دیسانیش هەنگاوەکانی درێژتر دەهاویشت. فولبوو، بە چوار سەد ئەرش لە پێش پاندیۆن گەیشتە دارەکە و خۆی هەڵاویشت و چڵێکی لە دارەکە کردەوە و دەسبەجێ گەڕایەوە. پاندیۆن لەکن دارەکە گەیشتە سەری و گوێی لە

هەناسەبڕکەی ئەو بوو. هەرچەندە دەڵی پاندیۆنیش توندتر لە چاوەڕوانی لێی دەدا، بەڵام تێگەیشت کە دەتوانێ بەسەر ئەو نەیارە کەللەشەقەیدا سەرکەوێت کە هیچی لە یاسای ڕاکردن نەدەزانی. پاندیۆن بە لێکدانەوەی پێشووی درێژەی بە ڕاکردندا و کاتێک هەنگاوەکانی توند کرد کە نزیکەی سێهەزار کوبیت مەودا لەنێوان ئەو و تەماشاچییەکاندا مابوو. یۆنانی گەنج بە زوویی کەوتە پێش فولبوو، بەڵام ئەو لە کاتێکدا خەریک بوو لە پشوو دەکەوت، بە هەوڵێکی زیاتر و هەڵمژینی هەوا بە زاریدا، کەوتەوە پێش و پاندیۆنی بەجێهێشت. پاندیۆن نائومێد نەبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە چاوەکانی ڕەشکە و پێشکەی دەکرد و دڵی بە توندی لێی دەدا، دیسانیش کەوتەوە پێش. فولبوو، ئێستا بە توندی ڕایدەکرد و شتێکی لەپێش خۆی نەدەبینی و نەیدەزانی ڕێگاکەی بدۆزێتەوە، سەرئەنجام لەپێ کەوت و بەسەر زەویدا پان بووەوە. پاندیۆن، چەند کوبیت چووە پێشەوە، بەڵام ڕاوەستا و گەڕایەوە کە یارمەتی نەیارە کەوتووەکەی بدات. فولبوو لە تورەییان ئەوی بەلاوەناو بە لاکە لاک هەستایەوەو چاوی لە چاوی بڕی و بە دژوارییەکی زۆر پێی گوت: (تۆ... **سەرکەوتی.... بەڵام.... هۆشیار بە!.... یروما....)**

لە چاوتروکاندنێکدا، پاندیۆن لە هەموو شتێک گەیشت و هەستی خۆشحاڵی ئەو سەرکەوتنەی، بەو هەستە ناخۆشە کە خۆی تێکەڵاوی شتێک کردبوو کە بۆی یاساخ بوو، و پێوەندیی بە ئەوەوە نەبوو، تێک ڕوخا. فولبوو، بە زەحمەت دوور کەوتەوە و بە تورەیی سەری داخست و ئیتر هەوڵی پێشبڕکێی ڕاکردنی نەدا... پاندیۆن بەبێ ڕاکردن، گەڕایەوە شوێنی کۆتایی پێشبڕکێ و لەلایەن تەماشاکەرانەوە پێشوازی کرا، بەڵام پەرۆشیی لێ دوور نەکەوتەوە و هەرکە خۆی بە تەنیا لە کۆخەکەیدا دیتەوە، هەستی دیتنی یروما‌ی تێدا زەق بووەوە و بڕیاری دیتنی ئەوی لە ڕۆژی داهاتوو زۆر بۆ درەنگ بوو.

ئەو شەوە، ڕاوکەرەکان گەڕانەوە. هاوڕێکانی پاندیۆن بە دەستکەوتەکانی ڕاو و کۆمەڵێک ڕووداوی ماندووکەرەوە گەڕابوونەوە. کاڤیۆس و کیدیگۆ، کە پاندیۆنیان بە تەندروستی دی، زۆر خۆشحاڵ بوون. کیدیگۆ بە گاڵتە پێشنیازی بە پاندیۆن کرد کە زۆرانی لەگەڵ بگرێت و زۆری ناخایاند کە پاندیۆن و ڕەش پێستەکە لە تۆز و خۆڵی ژورەکە گەوزان و لە کاتێکدا کاڤیۆس بە شەق و جنێو دەیویست لێکیان بکاتەوە، بەڵام جەستەیان لە چنگی ئاسنینی یەکتردا قفڵ ببوو. هەر سێ هاوڕێ بەشداریی جەژنێکی گشتییان کرد کە بە بۆنەی گەڕانەوەی ڕاوکەرەکان پێکهاتبوو. پیاوە شەڕکەرەکان، بە

بیرە سەرخۆش ببوون و هەوڵیاندەدا، زیاتر خۆیان هەڵکێشن و خۆیان لە ئەوانی تر زیرەکتر پێشاندەن.

پاندیۆن، دوورتر لە هاوڕێیانی دانیشت و چاوی لەو جێیە دەگێڕا کە گەنجەکان سەمایان لێ دەکرد و هەوڵی دەدا، لەنێو سەماکەرەکاندا یروما ببینێت. یەکێک لە سەرۆکەکان، هەستا سەرپێ کە پیرۆزبایی لە بەشداران بکات و بە زار و جوڵاندنی سەر و دەستی، دەستی بە قسە کرد. پاندیۆن توانی لە کاکڵی قسەکانی بگات. ئەو سوپاسی تازە هاتووەکانی کرد و لەو بارەیەوە کە ئەوان بە زوویی گوندەکەیان بەجێدێڵن، پەژارەی خۆی دەربڕی و پێشنیازی کرد، نەڕۆن و لە گوندەکەیاندا بمێننەوە.

جەژنەکە تا درەنگانێکی شەو بەردەووام بوو. ڕاوکەرەکان تێر گوشتی فەرخە زەڕافەیان خوارد و بیرەکەیان تەواو کرد. لە ڕێگای گەڕانەوەیاندا بۆ کۆخەکەیان، کیدیگۆ ڕایگەیاند کۆیلەکانی پێشوو کە ٢٧ کەسیان لێ مابووەوە، سبەینێ کۆدەبنەوە و پرۆگرامی داهاتوویان دادەڕێژن. ئەو کاتی ڕاوکردن، چاوی بە ڕاوکەرە ڕەشماڵ نشینەکانی دارستان کەوتبوو. ئەوان زۆرباش ناوچەی ڕۆژئاوای گوندەکەیان دەناسی و پێیان گوتبوو، کام ڕێگا هەڵبژێرن. مەودایەکی زۆر ئەوانی لە دەریا و وڵاتی کیدیگۆ دوور دەکردەوە، بەڵام ئەو ئێستا دەیزانی، ئەگەر تەنانەت بە ئارامی ڕێگا بڕۆن، لە ماوەی سێ مانگدا دەگەنەوە نیشتمانەکەیان. ئێستا، بەو لێوەشاوەییەی لە شەڕدا بوویان و بە یەکبوونی هێزێک کە حوکمی بەسەردا دەکرد، ئیتر هیچ شتێک نەیدەتوانی پێش بە کارەکەیان بگرێت! هەر یەکێک لەو ٢٧ کەسە، بەرامبەر بوو لەگەڵ پێنج پیاوی شەڕکەر! کیدیگۆ، بە غرورەوە شانەکانی بەرەو پێشەوە بردو مستی بەرەو ئەستێرەکان بەرز کردەوە و باسکی پاندیۆنی گرت و گوتی:

**- (ئێستا دڵم لە ئاسایشدایە. تۆ تەندروستی و ئێمە دەبێ وەڕێکەوین، ئەگەر تۆ هاودەنگی بکەیت، بەیانی!)**

پاندیۆن وەڵامی نەدایەوە، بۆ یەکەم جار تێگەیشت، دڵی لەگەڵ دڵی هاوڕێکانی نیە؛ بەڵام نەیدەتوانی درۆ بکات. لەو ڕۆژەوە کە یروماي دواندبوو، تێگەیشتبوو کە خەمێک سەبارت بە یروما لە دڵی دایە و ئاشقی بووە. ئەو کچە لەوپەڕی جوانیدا، دوای ئەو ساڵە پڕلە ستەم و ئازارەی کۆیلەتی کە تازە ئازاد ببوو، تێکەڵی ژیانی ببوو. کەوابوو، ئەو دیاردەیەی کە لەو دوایانەدا لە چاڵی ڕەشی زیندان بە لاوازترین ئومێدی ئازادی هیواداری

بوو، ئایا بەس نەبوو؟ ئەگەر ئەشق تا ئەو ڕادەیە بە توانا بوو کە بەم جۆرە ئەو بەرەو خۆی ڕاکێشێ و لەو دەشتە زێڕینەدا ڕایبگرێت، زیاتر لەوە لە ژیان و دنیادا چی دەویست؟ ئەشقی مانەوەی بۆ هەمیشە لای یروما، ویستێک بوو کە لە ناخی دڵیدا بەهێزتر دەبوو، بەڵام پاندیۆن تەنانەت لە خۆشی دەشاردەوە. ئەو لە هەوڵی تاقیکردنەوەی ئەشقی خۆی بە یروما، لەگەڵ خۆیدا لە شەڕدا بوو. باوەڕ پێهێنانی بەو ئەشقە، نەزانانە ئەوی بەرەو خەونەکانی پاڵ پێوەدەنا کە لە هەموو شتێکی بۆ ئاسانتر و سادەتر بوو.

ڕۆژی دوایی، یرومای بینی و هەموو شتێکی پێ گوت...... و کچەکە...... کچەکەش ئەوی خۆش دەویست.

*******

کۆیلەکانی پێشوو، بڕیاریاندا بوو، لەو بەری گوندەکە، لەو جێیە کۆبنەوە کە زۆربەیان لە دوو کۆخی گەورەدا دەژیان. بەهۆی نەخۆشی پاندیۆن، کاڤێوس و کیدیگۆ لەگەڵ ئەو لە کۆخێکدا بوون. پاندیۆن کە لە کۆخەکەدا خەریکی تیژ کردنەوەی نێزەیەک بوو، هەستا و بەرەو دەرگا چوو. وتروسکی لێی پرسی:

– (**بۆ کوێ دەچی؟ نایەی بۆ کۆبوونەوە؟**) پاندیۆن وەڵامی دایەوە:

– (**من دواتر دێم.**) و بەو گوتنەی، کۆخەکەی بەجێهێشت. کاڤێوس تەماشای دوور کەوتنەوەکەی کرد و بە تونـدی بەرەو کیدیگۆ گەڕایەوە. ئەو لەبەر دەرگای کۆخەکە، خەریک بوو لە پارچە چەرمێکی ئەستور، مەتاڵی دروست دەکرد. پاندیۆن بە هاوڕێیانی نەگوتبوو کە یروما لە نزیک دارستان چاوەڕوانیەتی. ئەو دەیزانی کە گەڕانەوەی هاوڕێیانی حوکمی هەشەڕەی بۆ ئەشقی ئەو هەبوو، بەڵام نەیدەتوانی چاو لەو دیدارەی یروما بپۆشێت. دەیزانی ئەگەر ئەو خۆشی بەشداریی کۆبوونەوەکە نەکات، بەهۆی هاوڕێیانیەوە، لە ئاکامەکەی ئاگادار دەکرێتەوە. ئەو هەرکە لە دارستان نزیک بووەوە، هەوڵی دیتنی یرومای دا، لەپڕ کچەکە بە زەردەخەنە لەژێر دارێک هاتەدەر و لە بەرامبەر پاندیۆن دا ڕاوەستا. یروما، بە دێوجامەی ڕاوکردنی باوکی کە لە پێستێکی زۆر نەرم بوو، خۆی لە نێوان دارەکاندا شاردبووەوە. کچەکە ئاماژەی بۆ پاندیۆن کرد کە وەشوێنی بکەوێت. ئەو بەنێو ڕێگایەکی کەوانەیی قەراخ دارستانەکەدا کە نزیکەی سێهەزار کوبیت لە دەشتێکدا دەچووە پێشەوە، بەڕێکەوت و بە ژێر دارەکاندا چوو. پاندیۆن، بۆ یەکەم جار لەو دارستانەی ئەفریقادا، بە سەرنجەوە تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد. ئەو بیرێکی

تری سەبارەت بەو دارستانە هەبوو. ئەو دارستانە بە دۆڵێکی تەنگدا کە دەوری گوندەکەی لێ دەدا و نزیکەی دوو هەزار کوبیت پان بوو، دەچووە پێشەوە.

دارستانەکە پڕ بوو لە داری بەرز و دارەکان لە بەرزاییدا لێک هاڵابوون و لە سەیوان دەچوون و لق و پۆپەکانیان بەسەر ڕوبارەکەدا شۆڕ ببوونەوە. دارەکانی ناوەندی دارستان، ئەستورتر و بەرزتر بوون و بەسەر لێژایی ڕوبارەکەدا خوار ببوونەوە و لە خوارەوەدا چڵەکانیان گەیشتبوونەوە یەکتر. قەدیان ڕاست و پێستیان ڕەش و سپی و قاوەیی بوو، و نزیکەی ١٠٠ کوبیت بەرز بوون و لە ئەستونێکی گەورەی بیناسازی دەچوون. چڵەکانیان وەک گومبەز بە گەڵای ئەستور، بە جۆرێک لێک هاڵابوون کە خۆر نەیدەتوانی بە نێویاندا تێپەڕێت. ڕەنگی پەڕیوی ڕوناکی، لە سەرەوە بۆ خوارەوە، تا ژێر ڕیشەی سەیر و لە دیوار چووی دارەکان چوو بوو. ئاوی ڕوبارەکە مەند بوو، و تەنیا دەنگی ئەو جێیە، دەنگی ئارام و لاوازی ڕوبار بوو، کەشی نیوە تاریک و بەرزایی زۆری دارەکان، هەستێکی دووپات کەرەوەی لە مێشکی پاندیۆندا پێکهێنابوو. ئەو لە میوانێکی نەخوازراو دەچوو کە چووبووە نێو سروشتێکی بێگانەی پڕ لە نهێنیەوە.

بە نێوان قەڵشی باریکی چڵ و لق و گەڵای دارەکاندا، تاڤگەیەک لە تیشکی زێڕین خۆر، بەرەو ژێر دارەکان داکشابوو، و ڕوناکیی تیشکی نارنجی خۆر لە سەر دارەکان، بیرەوەریی پەرستگە مۆرە نهێنییەکانی میسری لە پاندیۆندا زیندوو دەکردەوە. زنجیرەیەک ڕووەک بەسەر دارەکاندا هەڵچوو بوون، یان بەسەر دارەکانەوە بوون، یان بەسەریاندا شۆڕ ببوونەوە و وەک شەپۆلی ئاو دەجوڵانەوە. زەوی بە گەڵای زەردبووی دارەکان و میوەی ڕزیو و چڵ و لقی دارە شکاوەکان داپۆشرابوو، و لەژێر پێیدا نەرم بوون. لێرە و لەوێ. گوڵی جوان و ڕەوشەن، وەک ئەستێرەکان دەدرەوشانەوە. ڕیشاڵی باریکی تویێلکی وشک بووی دارەکان، وەک تویێخێک کە لە لەشی داڕوشاوی مرۆڤ کرابێتەوە، بەسەر قەدی دارەکاندا شۆڕ ببوونەوە.

پەپولەی گەورە و جۆراوجۆر، بەبێ دەنگی لەسەر زەوی باڵیان لێدەدا و جوانیی سەرسورهێنەری ڕەنگی باڵەکانیان بە ڕەنگی ڕەشی ڕەوشەن، مەخمەری، شینی ڕەوشەن، سور، زێڕین و زێوین، پاندیۆنیان بە تەواوی خستبووە فیکرەوە. یروما بە دڵنیاییەوە، بە نێوان ڕیشەی دارەکاندا، بەرەو ڕوبار دەچووە پێشەوە و پاندیۆنی گەیاندە نێو زەوییەکی ساف لە قەراخ ڕوبار کە بە گیای نەرم و شلک داپۆشرابوو. لێرە، هەورە تریشقە دارێکی

گەورەی سوتاند بوو. پاشماوەی سوتاوەکەی، قەڵش قەڵش ببوو، پاندیۆن توانی لە یەکێک لە قەڵشەکانیدا جەستەی مرۆڤێک ببینێت کە بەشێوەیەکی ناڕێک لە دارەکەدا هەڵکەندرابوو. دارەکە بە ڕواڵەت، دارێکی پیرۆز بوو، و خەڵک زیارەتیان دەکرد. پاشماوەی شفرە و شەویلکەی ئاژەڵی دڕندەیان پێ هەڵواسیبوو. سێ شفرەی ڕەش بووی فیل، لە پێش دارەکە لە زەوی چەقیبوو. یروما، لە کاتێکدا سەری بە هێمای ئێحترام دانواند، لێی نزیک بووەوە و ئاماژەشی بۆ پاندیۆن کرد کە ئەویش وەک ئەو بکات. کچەکە بە ئارامی گوتی:

– **(ئەوە هێمای خەڵکی گوندەکەی ئێمەیە، لەو ڕوناکییەی پێکهاتووە، شتێکی پێشکەش بکە تا نەوەکانی پێشو، ئێمەیان خۆش بوێت.)**

پاندیۆن، تەماشای خۆی کرد، شتێکی نەبوو کە بەو خودا تورەیەی ببەخشێت کە سەرچاوەی دوعای یروما بوو. لەبەر ئەوە، بە پێکەنینەوە، دەستەکانی کردەوە تا پێشانبدات، شتێکی نیە، بەڵام کچەکە ڕازی نەبوو. دەستی لە کەمەربەندی پاندیۆندا کە کیدیگۆ لە ڕیشاڵ "داو"ی کلکی زەڕافە بۆی چنیبوو، و گوتی:

– **(ئەوەی بدەیە.)** پاندیۆن، فەرمانبەرانە لاسکی کەمەرەکەی کردەوە و کەمەرەکەی دا بە یروما و ئەویش کراسەکەی داکەند. ئەو، بازنە و ملوانەکە، یان شتێکی تری جگە لە کەمەربەندێکی پان لە چەرم کە تا سەر ڕانی درێژ بوو، لەبەردا نەبوو. کچەکە خۆی لەسەر پەنجەکانی بەرز کردەوە و دیاریی پاندیۆنی بەسەر ئەو دارە سوتاوە قەڵشیوەدا هەڵواسی. هەندێک خوارەوەتر، پارچە پێستێکی ڕەنگ ڕەوشەنی پڵنگ و زنجیرەیەک شفرەی مۆر کە لە تسبیح دەچوون، لە دارەکە بەست. دواتر هەندێک هەرزنی لەژێر ئەو "بت"ە ڕشت و بە ڕەزامەندی کشایەوە.

یروما بەرەو پشتەوە خوار بووەوە و پشتی بە قەدی دارێکی بچووکەوەدا کە سەدان گوڵە لاولاو لەنێو گەڵاکانیدا بوون. چاوی لە پاندیۆن بڕی و لە کاتێکدا تیشکی خۆر بەسەر پێستی ئەسمەری ئەودا شەپۆلی دەدا، لەوە دەچوو سەدان لامپی سوری لەسەر هەڵکرابێت. پاندیۆن ڕاوەستا و وەک هەڵبژاردەیەکی جوان، بێدەنگ تەماشای دەکرد. جوانیی ئەو کچە، لە بێدەنگیی ئەو دارستانە گەورەیە و پەرستگەی خودای نائاشنادا کە ئەویش لەگەڵ خوداکانی، وڵاتەکەی جیاوازی هەبوو، پیرۆز کەوتە بەرچاوی.

لە پڕ، شادییەکی ئارام و ڕەوشەن، دڵی پاندیۆنی داگرت. ئەو جارێکی تریش هەستی هونەریی و هەوڵەکانی پێشووی هونەریی لە ناخیدا سەریهەڵدایەوە. دیمەنێکی زۆر ڕونی

نیشتمانە دوور کەوتووەکەی، لەنێوان دەنگەکانی دەریا و دارە کاجەکان و ئەو ڕۆژانەی لە مێشکیدا زیندوو بوونەوە کە ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیبوو، و لەوانە بوو دووپات نەبنەوە. لەو دیمەنەدا، تسا بەو شێوەیە لە بەرامبەریدا ڕاوەستا بوو....

یروما، دەستەکانی خستە پشت سەری و هەندێک خوار بووەوە و ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و بەو ئاخەی، پاندیۆنی لەپێ خست. یروما بە دروستی ئەو شێوازەی بەخۆیەوە گرتبوو کە پاندیۆن پێشتر تێکۆشابوو، تسا بەو شێوەیە بکەوێتە نێو مێشکی. ڕابردوو بە تەواوی لە بەرامبەر چاوی پاندیۆندا زیندوو بووەوە و تەنانەت بەهێزتر لە جاران، هەستی بە گەڕانەوە بۆ ئۆنیادا کرد. بەرەو پێشەوە، بەرەو خەباتێکی نوێ، بە دوور لە یروما!....

پاندیۆن، لەو هیوایانەی کە پێشتر بۆی زۆر ڕون بوون، ئێستا لە مێشکیدا شێوازێکی دوولایەنەیان پەیدا کردبوو، و بەمەش دەرەنجا. ئەو لە ناخیدا توشی دووبەرەکیەکی دوولایەنە ببۆوە کە پێشتر بۆی نەناسراو بوو، و لەو بیرکردنەوە دوولایەنە دەترسا. ئەو لێرە، ئەشق بە ژیانی وەک خۆری ئەفریقا گەرم، وەک دەشتە پڕ لە گوڵەکانی دوای باران بەهێز و وەک ڕووباری بەخوڕ و سەرکێش تێیدا ژیابووەوە. لەو ناوچە دوورەی نیشتمانەکەیدا، بەهێزترین و ڕونترین خەونی هونەری ڕاستینی هەبوو. ئایا ئەوە بۆخۆی جوان نەبوو کە یروما بە جوانیەکی تەواو لە بەرامبەریدا ڕاوەستا بوو؟ یروما و تسا زۆر جیاوازیان پێکەوە هەبوو. ئەوان لە هیچ بوارێکدا هاوتای یەکتر نەبوون، بەڵام لە هەردوویاندا، جوانییەکی ڕاستین هەبوو.

ترسی پاندیۆن، گواسترایەوە بۆ دەروونی کچەکەش. یروما لێی نزیک بووەوە و بە دەنگێکی ناسک و ڕونی زمانە سەیرەکەی، بێدەنگی شکاند:

– **(چاو زێڕین؛ تۆ هی ئێمەی، من سەمای خودا گەورەکانم بۆ تۆ کرد، گەورەکانی ئێمە دیاریی تۆیان قبووڵ کرد...)** یروما بێدەنگ بوو، مژۆڵە درێژەکانی چاویان داپۆشی. باسکی لە ملی پاندیۆن کرد و بە توندی بەخۆیەوە کوشی. هەموو شتێک لەبەر چاوی پاندیۆن تاریک بوو. بە هەوڵێکی نائومێدانە، خۆی لە ئامێزی کچەکە دەرهێنا. یروما سەری بەرز کردەوە و زاری وەک منداڵ بە نیوەکراوەیی مایەوە و بەسەرسوڕمانەوە پرسی:

– **(چما ناتەوێ لێرە بژی؟ ئایا لەگەڵ هاوڕێکانت دەڕۆی؟)** پاندیۆن هەستی بە شەرمساری کرد و بە ئارامی کچەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشا. لە کاتێکدا دەیویست لە نێوان هەموو ئەو وشانەدا کە لە زمانی خەڵکی ناوچەکە دەیزانی، وشەیەکی ڕێک هەڵبژێرێت،

دەربارەی ویست و پەژارەی زۆری خۆی بۆ نیشتمانەکەی و تسا قسەی بۆ کرد.... یروما سەری بەرز کردەوە و بەرەو سنگی پانی پاندیۆن گەڕاندەوە و چاوی لە چاوە ڕەوشەن و تەلاییەکانی پاندیۆن بڕی و شفرەکانی بە پێکەنینێکی ئارام وەدەر کەوتن. یروما دەستی بە قسە کرد و لە ئاهەنگی وشەکانیدا هەمان ئەشق و خۆشەویستی دەرکەوت و لە کاتی خۆیدا تسا پێی گوتبوو، و ئەوی بەرەو خۆی ڕاکێشابوو. یروما پێی گوت:

- (**باشە، ئەگەر ناتەوێ لێرە بژی، دەبێ بڕۆی.**) کچەکە بە زمانی گیراو، دوا وشەکانی بە زمان هێنا:

- (**بەڵام چاو زێڕین، ئەگەر من و خەڵکی ئێمە، بە ڕای تۆ باشین، لەگەڵ ئێمە بژی، فیکر بکەوە و بڕیار بدە، وەرە لای ئێمە.... چاوەڕوانی تۆ دەمێنمەوە.**) یروما هەستا و بە غرورەوە، سەری بەرز کردەوە. پاندیۆن لە کاتی سەماکەدا، ئەوی بەو جۆرە جددی دیبوو. خولەکێکی تەواو، یۆنانییە گەنجەکە لە بەرامبەریدا ڕاوەستا و دواتر لەپڕ بڕیاریدا. دەستی بۆ کچەکە درێژ کرد، بەڵام کچەکە بەرەو دارەکان چوو، و لەنێو دارستانەکەدا ون بوو.... ون بوونی یروما بۆ پاندیۆن، بۆشاییەکی گەورەی دروست کرد. ئەو بۆ ماوەیەکی زۆر لە دارستانە مۆر و کەم نورەکەدا ڕاوەستا و دواتر بە ئارامی، بە درێژایی تەم و مژێکی زێڕین نێو سەوزەڵانەکاندا وەڕێکەوت. نەیدەزانی بۆ کوێ دەچێت و بەو هەستەوە کە بەرەو یروما دەڕوات، هەنگاوەکانی توند کرد و بە تەواوی ماندوو بوو. کچەکە بە دژواری هەناسەی دەدا، بە دوای گێژاوێکدا ڕاوەستا کە ئاوەکەی بە ئارامی دەسوڕایەوە و دواتر پان دەبووەوە. ڕوناکی دەرەوەی دارستانەکە بەرچاوی تاریک کرد و پێستی لەشی بە دوای فێنکایی دارستانەکە، هەستی بە کزانەوە کرد. یروما بە تاسەوە، تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و لە پشت ئەسرینی قەتیس ماوی چاوەکانیدا، وێنەی خۆی لەسەر ئاوی سافی ڕوبار بینی. بە گشتی و بەبێ ئیرادە، هەموو ئەندامی خۆی لەو ئاوێنەیەدا هەڵسەنگاند.... بەڵێ، ئەو جوان بوو، بەڵام ئەگەر ئەو بێگانە چاو زێڕین، ئازا، مێهرەبان و دڵسۆزە بیهەوێت ئەو بەجێبهێڵێت، بە تەنیا جوانی کەڵکی نەبوو، بە ڕواڵەت ئەو شتێکی تری دەویست... بەڵام چۆن ئەوە چۆن شتێک بوو؟....

******

خۆر لە کۆتایی دەشتە بەرز و نزمەکەدا ئاوا بوو. سێبەرێکی هەندێک ڕەنگ شین بەسەر ئەو کۆخەدا کشابوو کە کیدیگۆ و کاڤیۆس لە پێش دەرگاکەی دانیشتبوون. دۆخی

بە ئـــازار و دوور لە ئاسایشـــی هاوڕێکـــانی، بە پانـــدیۆنیان گـــوت کە ئەوان مـــاوەیەکە چاوەڕوانتن. پاندیۆن، سەری داخست و بەرەو هاوڕێکانی چوو. کاڤیۆس بە دڵی بە ئازار و جددی هەستایە سەرپێ و دەستی خستە سەرشانی پاندیۆن و پێی گوت:

– (**ئێمە دەمـانەوێ قسـەت لەگەڵ بکەیـن.**) وتروسـکی ئاماژەی بۆ کیدیگۆ کـرد. ئەو لە پەنای ڕاوەستا بوو، پێی گوت:

– (**تـۆ بەشـداریی کۆبـوونەوەی ئـێمەت نەکرد، بەڵام بڕیـاری کۆتـایی وەرگیـرا، ئـێمە سبەێنێ دەڕۆین....**) پاندیۆن کشایەوە. لە سێ ڕۆژی ڕابردوودا، زۆر شت ڕویدا بوو، بەڵام بیـری لەوە نەکردبـۆوە کە هاوڕێیـانی، ئەوەنـدە بەپەلە بـن. ئەگەر.... لەبەر یرومـا نەبـووایە، ئەو بۆخۆشی هەر بەم جۆرە پەلەی دەکرد. پانـدیۆن لە چـاوی هاوڕێیانیدا، مەحکومەیەتی خـۆی دی. ئەو، ئێسـتا دەبـووایە بڕیـاری خـۆی بـدات. بـۆ دانـی ئەو بڕیـارە، مـاوەیەک بـوو ئـازاری دەبینـی. پێویسـتیی ئەو بڕیـارەی کە بەبـێ ئیـرادە خـۆی لـێ دزیبـووەوە و خـۆی لە خۆیدا هەموو شتێکی بە ئاسانی چارەسـەر دەکرد. لەوە دەچـوو جـارێکی تـریش، دیوارێـک ئەو لە دنیای ئازاد جیا بکاتەوە، دنیایەک کە لە ڕاستیدا لە خەونەکانی پاندیۆندا هەبوو.

یۆنانییە گەنـجەکە، بە ناچـار دەبـووایە بڕیـار بـدات کە لای یرومـا بمێنێتەوە، یـان لەگەڵ هاوڕێکانی بڕوات و بۆ هەمیشە یرومـا لە دەسـت بـدات. ئەگەر لەوێ مابـایەوە، مـانەوەکەی هەمیشـــەیی دەبـــوو. ئەو، تەنیـــا بە هەوڵـــی یەکگرتـــوویی ئەو بیســـت و حەوت هـــاوڕێیەی دەیتـوانی بگەڕێتەوە بـۆ نیشـتمانەکەی. ئەوان ئامـادە بـوون بـۆ گەیشـتنی بەو ئـاواتە لەگەڵ هەمـوو شـتێک، تەنـانەت مەرگ ڕووبەڕوو بـنەوە. ئەگەرنـا بـۆ گەڕانەوەی بـۆ نیشـتمان، ڕووبەڕووی هەموو شتێک و تەنانەت مەرگ دەبووەوە. ئەگەر لەوێ مابایەوە، بۆ هەمیشـە لە نیشـتمانی باوکـانی، لە تسـا و لە هەمـوو ئەو کەسـانە دەبـڕا کە سـەردەمانێک یارمەتیـان کردبـوو. ئایـا، ئەو دەیتـوانی بەبـێ ئەو هاوڕێیـانەی کە لە کـاتی مەترسـیدا، سـەربڵند لە تاقیکردنەوەدا هاتبوونەدەر و بەبێ ئیرادە پشـتی خـۆی پێیـان بەسـتبوو، لێرە بژی و خـۆی لەگەڵ نـاوچەی دۆسـت، بەڵام بێگـانە بگونجێنێـت؟ دوای بیـر کردنەوەیەکـی زۆر و هەمە لایەنە، دڵـــی پانـــدیۆن وەڵامـــی دروســـتی داوە. هەروەهـــا، ئایـــا دوور کەوتـــنەوەی لەو هاوڕێیانەی کە ئەویان ڕزگار کردبوو، و بە هەوڵی ئەوان چاک ببووەوە، خیانەت نەدەبوو؟ وەڵام ئەوە بوو کە دەبێ لەگەڵ ئەوان بچێت و لایەکی دڵی لەم وڵاتە بێگانەیەدا بەجێهێڵێت!

پاندیۆن تا ئەو ڕادەیە بە ئیرادە نەبوو کە بتوانێ لەو تاقیکردنەوەیە دەرچێت. دەستی هاوڕێکانی گرت، ئەوان بە ترسەوە دەیانڕوانیە ئەو بەربەرەکانیە دەروونییەی کە لە سیمایدا دەبیندرا. پاندیۆن لەبەریان پاڕایەوە کە لە ڕۆیشتندا پەلە نەکەن. ئێستا کە ئازادن، چ دەبوو هەندێکی تریش بمێننەوە و بەر لەو گەشتە درێژیان، ماوەیەکی تریش پشوو بدەن و زانیاری زیاتر دەربارەی ئەو ناوچەیە بەدەست بخەن.

کیدیگۆ، چونکە پاندیۆنی زۆر خۆشدەویست توشی گومان بوو، بەڵام کاڤیۆس بە نارەزامەندی زیاترەوە، نێوچاوانی تێکنا. کاڤیۆس، پاندیۆنی بردە نێو کۆخەکە و پێی گوت:

- (وەرە ژوور کە بتوانین بە ئاسودییەوە قسە بکەین.) دواتر خۆی هاتەدەر و سەرە دارێکی سوتاند کە وەک مەشخەڵ ژورەکەی پێ ڕوناک بکات. ڕای وابوو، ئەگەر ژوورەکە ڕوناک بێت، ڕزگاربوونی پاندیۆن لە گومان ئاسانترە. وتروسکی، بە زمانێکی زبر لێی پرسی:

- (ئەگەر لێرە بمێنییەوە، چ هیوایەکت لەسەر دایە؟) قسەی کاڤیۆس بە دروستی چنگی بە دڵی پاندیۆندا گرت:

- (**بەتایبەتی ئەگەر سەرئەنجام ناچار بە ڕۆیشتن بیت، یان ئەگەر یروما لەگەڵ خۆت بێنی؟**) ئەو بیرۆکەیە، کە یروما لەو گەشتەدا لەگەڵ ئەوان بچێت، بە فیکری پاندیۆن نەگەیشتبوو، لەبەر ئەوە، ئەو سەری بۆ لەقاند. کاڤیۆس بە توڕەیی پێی گوت:

- **(کەوابوو، من لە دۆخی تۆ ناگەم. ئایا پێتوایە جگەلە تۆ ئەوانی تر لێرە کچیان نەدۆزیوەتەوە کە خۆشیان بوێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک ناچار بوون لەنێوان ژنێک و نیشتمانی باوکانیاندا یەکێک هەڵبژێرن، هیچکامەیان لە کۆبوونەوەکەدا دوودڵ نەبوون، تەنانەت یەکێک لەوان بە فیکری مانەوە لێرە نەکەوت. باوکی یروما، ئەو ڕاوکەرە ڕایوایە تۆ لەگەڵ ئێمە نایەی. ئەو تۆی خۆشدەوێت و ئازایەتی تۆ لە نێوان ئەو خەڵکەدا ناسراوە، ئەو گوتی ئامادەیە تۆ بەرێتە ماڵی خۆی! بێگومان تۆ ئێمە بەجێ ناهێڵێت و بۆ کچێک نیشتمانەکەت لەبیر ناکەی؟)**

پاندیۆن سەری داخست، نەیدەتوانی بۆ کاڤیۆس ڕونی بکاتەوە کە هەڵەکەی لە چ دایە. چۆن دەیتوانی بڵێت، هاندەرەکەی بە تەنیا هەست و هەژان نییە؟ چۆن دیتوانی پێی بڵێت، لەوانەیە یروما وەک هونەرمەندێک شوێنی لەسەر دابنێت. هەروەها ئەو وشە بێبزەییانەی کە لە وتەکانی کاڤیۆس دا هەبوون، برینداریان دەکرد؛ ئەو بیری کردبۆوە کە نەتەوەکانی

تریش یاسا و داب و نەریتی جیاوازی خۆیان هەیە، ئەگەر لەوێ گیرساباوە، ناچار بوو، ببێتە ڕاوکەر و ژیانی تێکەڵاوی خەڵکی ئەو جێیەی هەبێت. بەو جۆرە بوو کە ئەو دەبوایە نرخێکی زۆر بۆ خۆشبەختی یروما بدات... ئەوکاتە، تازە لەو وڵاتە بێگانەیەدا، یرومای تەنیا هەموو شتێکی ئەو، و بۆی ئازیز بوو.

پانتایی ڕەوشەن و گەرمی ئەو دەشتە زێرینە، هیچ ویچوونێکی لەگەڵ وڵاتی خۆی، واتا ناوچەی پڕ لە دەنگ و جووڵەی دەریا نەبوو. ئەو، لە کاتێکدا هێشتا خۆی لێرە بە میوانێکی کاتی دەزانی، کچەکە بەشێک بوو لەم ناوچەیە.... لەوێ لە وڵاتی دایکیدا کە وەک چرایەکی دەریایی بە ڕونی دەدرەوشایەوە! ئەگەر ئەو ڕەوشەناییە لەنێو چووبا، ئایا دەیتوانی بەبێ ئەو بژی؟ کاڤیۆس هەندێک بێدەنگ بوو کە ڕێگای بیرکردنەوەی بۆ خۆش بکات و دواتر گوتی:

– (**تۆ بۆ ماوەیەکی کەم بە هاوسەری ئەو دەمێنییەوە و دواتر بەجێی دێڵی و دەڕۆی. ئایا پێت وایە، گوندیەکان یارمەتی ئێمە بدەن و ئیزن بدەن بەبێ کێشە لێرە بڕۆین. تۆ لە بەرامبەر پێشوازی کردن و میوانداریی ئەو خەڵکە لە ئێمە، پاداشی خراپیان دەدەیەوە. ئەو سزایەی کە حەقی تۆیە، هەمووی ئێمەش دەگرێتەوە... بۆچی تۆ تا ئەو ڕادەیە دڵنیای کە ئەندامانی گروپەکەمان دەیانەوێت چاوەڕوان بمێننەوە؟ ئەوان هاودەنگی ناکەن و منیش لەگەڵ ئەوانم.**) کاڤیۆس، هەندێک بێدەنگ بوو، و دواتر وەک ئەوەی کە تێبگات زمانی زبر بووە، شەرمسار بووەوە و درێژەیدا:

– (**دڵم دێشێت، چونکە کاتێک بگەمە دەریا، هاوڕێیەکم نابێت کە لە کەشتی ئاژۆییدا لێوەشاوە بێت. ڕەمدۆسی هاوڕێم مردوە و ئێستا هەموو ئۆمێدم بە تۆیە، تۆ دەریاوانی و لە فینیقییەکان فێر بووی....**) کاڤیۆس سەری بەرداوە و ئارام دانیشت. کیدیگۆ بەرەو پاندیۆن ڕایکرد و جزدانەیەک "کیفی باخەڵی" کە بە ڕیشاڵێکی درێژی چەرمەوە بوو، بە ملی هەڵواسی. ڕەش پێستەکە گوتی: (**ئەوە سێحری دەریایی تۆیە کە لە کاتی نەخۆش بوونتەوە بۆم ڕاگرتووی.... ئەم سێحرە یارمەتی کردی کەرگەدەن بشکێنی و ئەگەر لەگەڵ ئێمە بێی، یارمەتی ئێمە دەکەی کە ڕێگای دەریا بدۆزینەوە...**)

پاندیۆن، دیارییەکەی یاخمۆسی بە بیرهاتەوە. تا ئەوکاتە شتی تریش هەبوو کە لەبیری کردبوو، لەبەر ئەوە، ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا. لەو کاتەدا، پیاوێکی باڵا بەرز کە نێزەیەکی بەدەستەوە بوو، هاتە کۆخەکەیان. ئەو، باوکی یروما بوو کە بە شێوەی سروشتی لەسەر

عەرزی ژوورەکەیان دانیشت و چۆکی کۆکردەوە ژێر خۆی. بە زەردە خەنەیەکی دۆستانە، بە ڕووی پاندیۆن پێکەنی و بە کاڤیۆسی گوت:

- **(من بۆ کارێکی گرنگ هاتوومەتە لات. تۆ بە ئێمەت گوت، بڕیارتـان داوە، سبەینێ لێرە دەڕۆن و دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەتان.)** کاڤیۆس، بە لەقاندنی سەری وتەکانی سەلماند و چاوەڕوان مایەوە کە بزانێت چیتر دەڵێت. پاندیۆن بە هەستێکی شێواو تەماشای باوکی یروما و هەڵسوکەوتی ساکارانەی ئەوی کرد. ڕاوکەر درێژەی پێدا و گوتی:

- **(گەشتەکەتان درێژە و ئاژەڵێکی زۆری دڕندە، لەو دەشت و دارستانانەدا لە بۆسەی مرۆڤدان. ئێوە چەکی بێکەڵکتان هەیە. بێگانە لە بیرت بێ، ئێوە کە بەم جۆرە لە بەرامبەر مرۆڤدا شەڕتان کردوە، ناتوانن لە بەرامبەر ئاژەڵی دڕندەدا بجنگن. شمشێر، تیر و کێرد بۆ کەڵکوەرگرتن بە دژی مـرۆڤ باشـن، بەڵام بـۆ بەربەرەکـانی دژی ئـاژەڵی دڕنـدە، نێـزە باشـترە. تەنیـا نێـزە دەتـوانێ ئـاژەڵ بوەسـتێنێ و لە مەودایەکـی دوورەوە دڵـی بـدڕێت. نێزەکانی ئێوەش لە وڵاتی ئێمەدا بێکەڵکن.)** ئەو ئاماژەی بۆ نێزەیەکی باریکی میسریی کرد کە بەسەر دیوارەوە هەڵواسرا بوو، و گوتی:

- **(ئەوەیە، ئەم نێزەیەی کە ئێوە پێویستیتان پێی دەبێت!)**

بـاوکی یرومـا، نێزەیەکی لەگەڵ خـۆی هێنـابوو، و لەسـەر ڕانـی کاڤیۆسـی دانـا و بەرگە درێژ و چەرمەکەی لێ کردەوە. ئەو نێزە قورسە، زیاتر لە چوار کوبیت درێژ و دەسکی بە ئەستوورایی دوو قامکی دەست لە دارێکی سەختی وەک ئێسقان لوس کرابوو. نێوەڕاسـتی دەسـکەکەی هەنـدێک ئەسـتور و پێسـتی سـەختی چەقەڵـی پێـوە بـوو. لە جیـاتی برۆنـزی ئاسایی، نوکی سێ قامک پان و درێژایی کوبیتێک لە مسێکی نایاب و بە نرخ بوو. کـاڤیۆس دەسـتی لە نـووکە تێژەکەیـدا و قورسـایەکەی هەڵسـەنگاند و ئـاخێکی هەڵکێشـا و دایەوە دەست خاوەنەکەی. ڕاوکەرەکە دوای وردبوونەوە لە کاریگەریی وتەکانی، بە پێکەنین و بە تێبینیەوە گوتی:

- **(دروست کردنی نێزەیەکی وەک ئەوە، کارێکی زۆر و دژواری دەوێت.... ئاسنەکەی لە لای جیرانەکانمان دروست دەکرێت و بە نرخێکی گران دەیفرۆشن، بەڵام ئەم نێزەیە لە تێکهەڵچـوونە سـەختەکاندا مـرۆڤ ڕزگـار دەکـات....)** کـاڤیۆس نەیـدەتوانی لە هەسـت و داخوازی ڕاوکەر بگـات، لەبەر ئەوە دیسـانیش بێدەنگ مـایەوە کە ئەو درێـژە بە قسـەکانی بدات، ئەو گوتی: **(ئێوە لە تاکیومەوە کەوانی بەهێزتان لەگەڵ خۆتان هێناوە، ئێمە ناتوانین**

**کەوانــی بەم جــۆرە دروســت بکەیــن و دەمــانەوێ نێزەتــان لەگەڵ کەوان بگــۆڕینەوە. سەرۆکەکانمان هاودەنگیان کردوە کە لە بەرامبەر هەر کەوانێکدا، دوو نێزەتان بدەینێ و بە بڕوای من نێزەکان بۆ ئێوە باشتر و بە کەڵکتر دەبن.)**

کـاڤیۆس بە چـاوی پرسـیارەوە تەماشـای کیدیگۆی کـرد و ڕەش پێسـتەکەش بە واتـای هاودەنگی کردن لەگەڵ ڕاوکەرەکە، سەری بۆ جوڵاندەوە و گوتی:

- **(لە دەشتدا، ئاژەڵی دڕندە زۆرن و ئێمە بە هیچ شێوەیەک پێویستمان بە کەوان نابێت و لە دارستانیشدا هەر بەم جۆرە، ئەوە خراپتریش دەبێت و چونکە دارستان زۆر درێژە، شەش نێزە لە جیاتی سێ کەوان بۆ بەربەرەکانی دژی ئاژەڵی دڕندە باشترە.)**

کـاڤیۆس، هەنـدێکی فیکـر کـردەوە و دواتـر هـاودەنگی لەگەڵ گـۆڕینەوەکە کـرد و بـۆ ئەوەش خەریـک بـوو چەنە لـێ بـدات کە ڕاوکەر ئامـادە نەبـوو، دەسـت لە پێشـنیازەکەی هەڵگرێت. ئەو پەنـجەی بـۆ بـایەخی ئەو چەکـانە ڕاکێشـا و گـوتی ئـێمە دەمـانەوەێ بـزانین کەوانـی وڵاتـی ڕەش چـۆن دروسـت دەکرێـت، ئەگەرنـا هەرگیـز دوو نێزەمـان بە کەوانێـک نەدەدا. وتروســکی گــوتی: **(باشــە! ئەگەر ئــێمە گەشــتێکی درێژمــان لەبەر نەبــووایە، کەوانەکانمان لە بەرامبەر پاداشتی میواندارێتان، بە دیاری دەدا بە ئێوە و ئێمە مەرجی پێشنیاز کراوی ئێوەمان قبووڵە. سبەینێ کەوانەکان وەردەگرن.)**

سـیمای ڕاوکەر گەشـایەوە. لە دەسـتی کـاڤیۆس دا نێـزەکەی بەرز کـردەوە و لەبەر ڕۆشـنایی سـوری مەشـخەڵەکەدا تەماشـای نـووکەکەی کـرد و جـارێکی تـریش لە بەرگە بچووکە چەرمەکەی خستەوە کە بە پێستی ڕەنگاوڕەنگ ڕازابووەوە. کاڤیۆس دەستی بۆ نێزەکە درێژ کرد، بەڵام ڕاوکەر چەکەکەی نەدایە و گوتی:

- **(سبەینێ شـەش نێزەی وەک ئەم نێزە باشـە وەردەگرن، بەڵام ئەمەیـان....)** بـاوکی یروما قسەکەی بڕی و دواتر گوتی: **(مـن، ئەم نێزەیەم بە دیاری بـۆ هـاوڕێ چـاو زێـڕین هێناوە. یروما بۆخۆی بەرگەکەی بۆ دووریوە، تەماشاکە، چەندە جوانە.)** ڕاوکەر، نێزەکەی بەرەو یۆنـانییە گەنـجەکە درێـژ کـرد و ئەویـش بە گومـانەوە لێـی وەرگـرت. بـاوکی یرومـا ئاماژەی بۆ کیدیگۆ و کاڤیۆس کرد و بە پاندیۆنی گوت:

- **(تۆ لەگەڵ ئەوانە ناچی، بەڵام نێزەیەکی باش، یەکەم شتە کە ڕاوکەر پێویستی پێی دەبێت و من دەمەوێ کاتێک بووی بە کوڕی من، بنەماڵەکەی من بەناوبانگ بکەیت!)**

کیدیگۆ و کاڤیۆس بە وردی تەماشای هاوڕێکەیان کرد و ڕەش پێستەکە پەنجەی خۆی بە ڕادەیەک کوشی کە قرچە لە قامکەکانی هات. کاتی بڕیاردان گەیشت. پاندیۆن ڕەنگی پەڕی و بە تەکانێکی توند کە باسی لە دەرچوونی لە گومان دەکرد، نێزەکەی گەڕاندەوە بۆ ڕاوکەر، ڕاوکەر تووڕە بوو:

- (**لە وەرگرتنی دیاری من خۆت دەپارێزی؟ ئەوە چۆن لێک دەدەیەوە؟**) پاندیۆن بە زەحمەت و من من کردن گوتی:

- (**من لەگەڵ هاوڕێکانم دەڕۆم.**) باوکی یروما، بێدەنگ مایەوە و بەبێ ئەوەی کە وشەیەک بە زمان بێنێت، تەماشای پاندیۆنی کرد و نێزەکەی هاویشتە ژێر پێی و گوتی:

- (**با وابێت، بەڵام پتر لەوە، تەماشای کچی من مەکە، ئەمڕۆ ئەو لێرە دوور دەکەمەوە.**)

پاندیۆن کە زاری بەتەواوی کرابۆوە، بەبێ ئەوەی کە مژۆڵەکانی پێکەوە بنێت، تەماشای ڕاوکەرەکەی کرد. خەمێکی ڕاستین سیمای پیاوانەی داگرت، تووڕەیی باوکی یروما هەندێک نیشتەوە، گوتی:

- (**بەرلە تێپەڕینی زیاتری کات، بوێرانە بڕیاری خۆتدا، بەڵام ئێستا کە دەتەوێ بڕۆی، زووتر بڕۆ...**) ڕاوکەر جارێکی تریش بە تووڕەیی، تەماشای پاندیۆنی کرد و شتێکی ناڕوونی گوت. باوکی یروما لە کاتێکدا کۆخەکەی بەجێدەهێشت، بەرەو کاڤیۆس گەڕایەوە و پێی گوت: (**ئەوەی گوتوومە، ئیعتباری هەیە.**)

کیدیگۆ، لە چاوە کزەکانی پاندیۆن ترسا، بەڵام تێگەیشت کە لەوکاتەدا هیچ هەلێکی بۆ سەرنجدان بە هاوڕێیانی نیە. پاندیۆن هەستا و چاوی لە ئاسمان بڕی، لەوە دەچوو لە ئاسمانی پان و بێ مەودا بپرسێت، چ بکات و بە ئارامی گەڕایەوە خۆی خستە سەر جێیەکەی و بە هەردوو دەستی، سەر و دەموچاوی خۆی داپۆشی. کاڤیۆس، مەشخەڵەکەی نوێ کردەوە و نەیویست پاندیۆن بەو فیکرەوە لەنێو تاریکیدا بەجێهێڵێت. وتروسکی و کیدیگۆ بێدەنگ مانەوە و هەوڵیاندا نەنوون. هەندێک جار بە ترسەوە، دەیانڕوانیە هاوڕێکەیان، بەڵام نەیاندەتوانی هیچ یارمەتییەکی پێ بکەن. کات بە ئارامی تێدەپەڕی و شەو هات. پاندیۆن لەجێ هەستا و گوێی ڕاگرت و بەرەو دەرگا چوو، بەڵام شانە پانەکانی کاڤیۆس ڕێگای لێگرت. پاندیۆن لە بەرامبەر باسکی خوار بووەوەی ئەودا ڕاوەستا و بە

تورەیی قیژاندنی: **(تاکو یرومایان دوور نەکردوەتەوە، ڕێم بدە بڕۆم، دەبێ ماڵئاوایی لێ بکەم.)** کاڤیۆس:

– **(پێت وایە چ دەکەیت؟ تۆ، یروما، خۆت و هەمووی ئێمە لەنێو دەبەی!)** پاندیۆن وەڵامی نەدایەوە، هەوڵیدا وتروسکی لەسەر ڕێیەکەی لا بدات، بەڵام کاڤیۆس سەخت لەجێی خۆی ڕاوەستا. ئەو هەوڵیدا بە هاوڕێکەی بسەلمێنێت و گوتی:

– **(تۆ بڕیاری خۆت داوە، ئیتر بەسە و لەوە زیاتر باوکی یروما تورە مەکە، باش فیکرد بکەوە کە لەوانەیە چ ڕووداوێک بخولقێت.)**

پاندیۆن دیسانیش توندتر پاڵی بە کاڤیۆسەوە نا، بەڵام ئەو بە زەبرێک کە لە سنگی دا، بەرەو پاشەوەی کشاندەوە. کیدیگۆ چاوی لە کێشەی هاوڕێیانی بوو، بەڵام نەیدەزانی چ بکات. پاندیۆن شفرەکانی پێکەوە قفڵ کردبوو، و چاوی لە تورەییان دەدرەوشایەوە. لە کاتێکدا، یۆنانیی گەنج کونی لوتی پێکەوە نوسا بوو، پەلاماری کاڤیۆسی دا. وتروسکی بە پەلە کێردەکەی دەرهێنا و لە کاتێکدا دەسکەکەی بەرەو پاندیۆن درێژ کرد، گوتی:

– **(بیگرە و لێمدە!)** پاندیۆن مات بوو، کاڤیۆس سنگی بردە پێشەوە و دەستی چەپەی لەسەر دڵی دانا و بە دەستی ڕاستەشی، کێردەکەی دایە و بە تورەیی پێی گوت:

– **(لێمدە، لێرەم بدە! بە هیچ شێوەیەک ناهێڵم لێرە دەرکەوی، مەگەر بەسەر لاشەمدا بڕۆی، من بکوژە و بڕۆ!)**

ئەوە یەکەم جار بوو کە پاندیۆن هاوڕێ جددی و ئاقڵەکەی بەو جۆرە دەدی. یۆنانیی گەنج گەڕایەوە و لە کاتێکدا بە پەرۆشەوە دەیناڵاند، بە لاکە لاک بەرەو جێیەکەی چوو، و لەسەری کەوت و پشتی لە هاوڕێکانی کرد. کاڤیۆس، لە کاتێکدا بە توندی هەناسە بڕکەی بوو، ئارەقەی نێو چاوانی خۆی سڕییەوە و کێردەکەی خستەوە جێی خۆی. وتروسکی بە کیدیگۆی گوت:

– **(دەبێ تا بەیانی چاومان لێی بێت، نابێ لێرە دوور بکەوینەوە. بەیانی زوو هەمووان ئاگادار دەکەینەوە کە ئامادە بن.)** پاندیۆن هەموو قسەکانی وتروسکی بیست و تێگەیشت کە ئەوان نایانەوێ ئەو هەلی دیتنی یروما بەدەست بخات. خەریک بوو بخنکێ، وەک کەسێک دەچوو کە زیندانی کرابێت، بە هەموو جۆرێک بەربەرەکانی لەگەڵ خۆی دەکرد و سەرئەنجام بەرە بەرە توشی نائومێدی بوو، و خەمێکی ئارام بەسەریدا زاڵ بوو.

******

دیسانیش دەشتی سوتێنەری ئەفریقا، لە بەرامبەر ٢٧ پیاوی ئازادا کە سەرەڕای هەموو کێشەکان، پێداگرییان دەکرد کە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەیان سەرێهەڵدایەوە. دوای بارانەکان، گیای ناسراو بە گوێ فیل کە لە بنەماڵەی کاکتوسە، نزیکەی دوازدە کوبیت درێژ بوون و پەلیان دەرکردبوو، و بە جۆرێک بە دەشتەکەدا بڵاوببووەوە کە ئاژەڵی مەزنی وەک فیل تێیدا ون دەبوو.

کیدیگۆ، بۆ پاندیۆنی شی دەکردەوە کە بۆچی دەبێ پەلە بکەین. بە زوویی وەرزی باران بە کۆتا دەهات و دەشت دەستی بە سوتان دەکرد و وەک خۆڵێکی سوتاوی بێ ڕۆحی لێ دەهات و هیچ خواردنێکی لێ دەست نەدەکەوت. پاندیۆن بە بێدەنگی، هاودەنگی لەگەڵ کیدیگۆ کرد. ئەو هێشتا خەمەکەی زۆر تازە بوو، بەڵام جارێکی تریش لە نێوان کەسانێکدا بوو کە زۆریان پێ قەرزدار بوو. هەستی دەکرد پێوەندی دۆستایەتیان سەختتر دەبێت. هەستی دەکرد، تونیەتی خەباتی بۆ گەڕاوەتەوە و هەستی دەکرد بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی و گەیشتنەوەی بۆ "ئۆنیادا" ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت. سەرەڕای ئەشقی زۆری بە یروما، ئێستا گەڕابووەوە سەر دۆخی پێشووی و بەبێ گومان پێی لە جادەیەک نا بوو کە وەک پێشوو، بەدروستی و سەرنجدانی ڕەنگەکانی سروشتی بۆ گەڕابووەوە و دەرونی پڕ ببووەوە لە هونەری داهێنان.

بیست و حەوت پیاوی بەهێز، بە نێزە، کەوان، کێرد و چەند مەتاڵ پڕچەک بوون. کۆیلەکانی پێشوو کە لە تاقیکردنەوەی جەنگ و دەرد و ئازارەکان دەرچوو بوون، هێزێکی بەرچاویان پێکهێنابوو، و لە ئاژەڵی زل و دڕندە نەدەترسان. ڕێچکەیەکی پڕ لە مەترسی بە نێو گیا بەرزە گوێ فیلەکاندا دەڕۆیشتو ئەوان لە کاتێکدا جگە لە پشت سەری کەسی پێشویان جێیەکیتریان نەدەبینی، ناچار بوون لە یەک ڕیزدا، بەو ڕێچکەیەدا بڕۆن کە ئاژەڵەکان پێکێان هێنابوو. مەترسی لە ڕاست و چەپی نێو گیاکاندا هەڕەشەی لێ دەکردن. لەوانە بوو لە هەر هەنگاوێکیاندا گیا بکرێتەوە و شێرێکی برسی، کەرگەدەنێکی تورە، یان فیلێکی مەزن و شەڕانی بێتەدەر. گیا، پیاوەکانی لە یەکتر جیا دەکردەوە. دۆخی ئەو کەسانەی لە پشت ڕیزەکەدا دەڕۆیشتن، خراپتر بوو لەوانەی پێشویان. لەوانە بوو، بکەونە بەر پەلاماری دڕندەیەک کە بە هۆی ئەوانی پێشویان، هۆشیار دەبوونەوە.

لە بەیانیدا، سەر گیایەکان پڕ دەبوو لە شەونەمی سارد و وەک باران بەسەر ئەو پیاوانەدا دەکەوت. لە گەرمترین کاتی ڕۆژدا، شەونەمەکان ون دەبوون و تۆزێکی وشک

بەسەر لاسکی گیا سەوزەکاندا دەکەوتە خوارەوە و گەرووی ئەوانی دەسوتاندەوە و کەش لە ڕێچکەکاندا گەرم و خنکێنەر بوو.

لە سێیەم ڕۆژی ڕێگەدا، پلنگێک خۆی هاویشتە سەر "تاکێل"(٣)، لیبیایی ئازا کە پاشقەڕاولی ڕیزەکە بوو، و تەنیا شانسێک کە یارمەتی پێکرد، ئەوە بوو کە بە چەند برین ڕزگاری بوو. ڕۆژی دوایی، شێرێکی ڕەشی مێ پەلاماری پاندیۆن و دراوسێ ڕەشەکەیدا. نێزەیەک کە باوکی یروما دابووی بە پاندیۆن، شێرەکەی وەستاند؛ پاندیۆن بەهۆی شڵەژانی لەناکاوی شێرەکە، مەتاڵەکەی لێ کەوت و هاوڕێکەی، هەڵیگرتەوە و خۆی خستە سەر شێرەکە. ئاژەڵ گەڕایەوە تا ڕوو بە ڕووی بێتەوە، بەڵام نێزە مەودای پێ نەدا و لەشی کون کرد. کیدیگۆ بە ڕاکردن و هەناسە بڕکە لێیان نزیک بووە، بەڵام کاتی گەیشتنی، هەموو شت تەواو ببوو. پیاوە شەرکەرەکان خەریکی پاک کردنەوەی خوێنی مەیوی شێرەکە بوون لە سەر نێزەکانیان. لە کاتێکدا لاشەی ئاژەڵەکە لە نێو گیا وشکەکانی شێوەحەسیر کەوتبوو، ئەوانی تر بە دەنگی بەرز و شادی لێیان نزیک بوونەوە.

زۆربەی کۆیلەکانی پێشوو، دەیانگوت لەوانەیە ئاژەڵە دڕندەکان بە زوویی کەسێکیان لێ بکوژن. لەبەر ئەوە، داوایان لە دوو ڕەش پێستی قەڵەو و خەپەی گرووپی ڕێنمای کیدیگۆ، بە ناوەکانی "دهلۆمۆ" (٤) و "مپافۆ"(٥) کرد کە ڕێگەیەک بە قەراخ گیا بەرزەکاندا بدۆزنەوە، کە ڕێنماکان قبووڵیان کرد و گرووپەکەیان بەرەو باشور گەڕاندەوە. کاتی ئێوارە، بە ڕێچکەیەکی درێژی دارستاندا، بەرەو جێیەک چوون کە پێشتر پاندیۆن لەگەڵ ئەو بەشەی دارستان ئاشنا بوو. ئەو پێشتر بە ڕێچکەیەکی سەوزدا ڕۆیشتبوو، و لە جۆگەلە ئاوێک پەڕیبووەوە. ڕێچکەی ئاوا بەم جۆرە، دارستانەکەیان دەبڕی و بە قەراخ ڕەوتی ئاودا دەچوونە پێشەوە.

چونکە ژێر دارەکان گەسگەسک و دڕوی لێ نەبوو، ڕێبوارەکان خۆشحاڵ بوون. گرووپەکەیان بە خوارکردنەوەی ڕێگا بۆ دەرەوەی دارستان کە پڕبوو لە ڕیشەی ئەستور، توندتر دەچوونە پێشەوە. خشە خشی گیا لە کەشی خنکێنەری خۆردا، جێی خۆیدا بە کەشێکی بێدەنگ و تا ڕادەیەک فێنک. تا چاو هەتەری دەکرد، دارستان بەردەوام بوو، ڕۆژانە بە ژێر دار و دەوەنەکاندا دەڕۆیشتن و هەندێک جاریش بۆ ڕاوکردن، لە دارستان دەهاتنەدەر و دەچوونە نێو گیایەکان، یان لەسەر دارە قوڵەکان و دەوروبەری دارستانەکەوە، ڕێگای خۆیان دیاریی دەکرد. هەرچەندە ژێر سیبەری دارەکان، بۆ ڕۆیشتن

ئاسانتر و کەم مەترسی تر بوو، بەڵام پاندیۆن بەهۆی تاریکی و بێدەنگ بوونی سێحراوی دارستان، دڵتەنگتر و بە پەرۆش تر بوو. بیرەوەریی دیدارەکەی لەگەڵ یروما، لە مێشکیدا زیندوو دەبووەوە و هەستی دەکرد، ئازارێکی زۆری چێشتوە و خەفەت و ئازارەکانی هەموو دنیای لە بەرامبەر چاوەکانیدا ڕەش و تاریک دەکرد. داهاتوویەکی نادیار، بە گەورەیی ئەو دارستانەی بە نێویدا دەڕۆیشتن مۆر و بێدەنگ بوو. پاندیۆن هەستی دەکرد، ئەو ڕێگا ناخۆشەی کە بە نێوان داری گەورە، یەک شکڵ و نیوە تاریک و جارجار هەندێک ڕوناک و پڕ لە کەندوکۆدا تێدەپەڕێت، تەواو بوونی نیە. هەستی دەکرد، ڕێگاکە بە مەودایەکی نادیار درێژ دەبێتەوە و زیاتر دەچێتە نێو دڵی وڵاتی سەیری بێگانەوە، وڵاتێک کە هەموو شتێکی نائاشنا بوو، و تەنیا گروپێک لە هاوڕێ بە ئەمەگەکانی بوو کە ئەویان لە مەرگێکی گومان هەڵنەگر ڕزگار دەکرد.

دەریا، کە ئێستا بۆی دەچوو، لە کاتی بەدیل گیرانیدا زۆر نزیک و ئاسانتر دەکەوتە بەرچاوی، بەڵام ئێستا لە ڕادە بەدەر دوور و هەزاران بەرگر و بە مانگان ڕێگای دژوار، لەنێوانیاندا بوو. دەریا کە ئەوی لە یروما جیا کردبۆوە، ئێستا بۆخۆی دەستی پێنەدەگەیشت.... ڕێگای دارستان، گروپەکەی بەرەو زەلکاوێک برد کە لە هەموو لایەکەوە، تا چاو هەتەری دەکرد درێژ بوو، و لە زۆر دوورەوە، لە جێیەک لە کەشێکی مۆردا ون دەبوو. لە بەیانیدا، مژێکی خەست سەری دادەپۆشی و باڵندەی ماسی خۆری سپی "ماسیگرە" بە گروپ بەسەر دەریا و قامیشەڵانی نێو زەلکاوەکەدا دەفڕین.

کاڤیۆس، پاندیۆن و لیبیاییەکان کە لەو لەمپەرە گەورەیە سەریان سوڕمابوو، تەماشای دەوەن و گیا سەوزەکانی نێو زەلکاو، و ئەو پۆلە گیایانەیان دەکرد کە لە بەرامبەر تیشکی خۆردا دەسوتان. ڕێنماکان بە ڕەزامەندیەوە تەماشای یەکتریان کرد، ئەوان ڕێیەکەیان دروست هەڵبژاردبوو، و ڕێی چواردە ڕۆژەیان بە فیرۆ نەچووبوو. ڕۆژی دوایی، هەموو ئەندامانی گروپەکە خەریکی دروست کردنی لۆتکە بوون. ئەوان قامیش و داری وشکی نزیک دە کوبیتیان لێک بەست و چەند لۆتکەیان دروست کرد. دواتر بە سواری لۆتکە، لە دارستان و تەنیشت گیا زەردبووەکان تێپەڕین و بە نێو دورگەیەک لە گیا و قەوزەی سەر ئاوەکەدا چوون و دەوری قامیشەڵانێکی وشکیان لێدا. هەر دوو، یان سێ پیاوەی لەسەر لۆتکەیەک بوون و بە ئارامی لۆتکەکانیان بە نێو زەلکاودا دەبرد.

ئـاوەکە، مـۆر و بـۆگەن و وەک ڕۆن خەسـت بـوو. لەو جێیـانەی کە داری لۆتکەکـان لە عەرزی زەلکـاوەکە دەکەوت، بڵقـی گـازی ژێـر زەلکـاوەکە دەهـاتە سـەر ئـاو و لە تەنیشـت دیـواری گیـا سـەوزەکاندا هێڵێکـی قاوەییـان پێکـدەهێنا. لە هـیچ جێیەکـی ئەو زەلکـاوەدا، جێگەیەکی وشـک نەدەبیندار و گەرمـای شـێدار "شـەرجی"، تـاقەتی لـێ بڕیبـوون و تیشـکی خۆر بێبەزەیانە ئارەقەی بەسەر لەشیاندا دەڕژاند. کـاتی ئێـوارە، هەزاران مێشـولەی ورد و درشـت، ژیـانی ئەوانـی بە تەواوی تـاڵ کـرد، بەڵام بەخـت بەرەو پیریـانەوە هـات و گردێکـی بچووکیان دیتەوە کە هەندێک بەرزتر لە زەلکاوەکە بوو. لەسەر ئەو گردە، ئاگریـان هەڵکـرد و مێشـولەکان کە تـاقەتی دووکەڵـی ئاگرەکەیـان نەدەهێنـا، لێیـان دوور کەوتـنەوە. بە هـاتنی سـروە بـایەکی ئـارام، ژیـان ئاسایشـی زیـاتری بەخـۆیەوە گـرت و بـا، مێشـولەکانی دوور کـردەوە و دەرەتـانی بـۆ ڕەخسـاندن کە دوای چەنـد شـەو و ڕۆژ کـاری دژوار بنـوون. بـا، قامیشەکانی خوار و شەپۆلەکانی بەسەر یەکتردا هەڵدەداوە. قەوزە و ئـاوی پـیس و لیتەی بـۆگەن، گیایەکـانی داپۆشـیبوو. سـەدان تیمسـاحی گەورە لە تەنیشـت زەلکـاوەکەدا، خۆیـان لەسـەر زیـخ هەڵخسـتبوو، یـان لە کاتێکـدا قـامیش نیـوەی لەشـی داپۆشـیبوون، لەژێـرەوە دەیـانڕوانی. ئەو تیمسـاحە زلانە لە شـەودا، دەیانبۆڕانـد و هـۆی مەترسـی ڕێبوارانیـان پێکدەهێنا. لە قیژە و بۆڕەکانیاندا توڕەیی و هەڕەشـە نەدەبینـدرا. دەنگیـان بـێ ڕۆح و دوور لە هەژان بوو، و لە تاریکی شەودا، بەسەر ئاوی ئارامدا دەخوشین.

گرووپەکە توشی گۆلێکی بەرتەسک و کەم ئاو بوو، ژمارەیەک گردی بچووکی قوڕین لە نێو گۆلەکەدا بوون. ئـاوی ڕەنـگ قـاوەیی، بەتونـدی بـۆگەنی لێدەهات. گردەکـان بە جیقنەی باڵندکان داپۆشرابوون. ڕەش پێستەکان و ئەوانی تر گوتیان، باڵندەی زۆر زلـی دەریـایی بە ڕەنگـی سـوور و سـپی، لەم جێیـانە هەیە، لێـرە هـێلانە دەکەن و ژمـارەیەکی زۆریـان لە زەلکاوەکاندا دەبیندرێن. چەند کەسیان کە زۆربەیان لیبیایی بوون، بە بۆگەن و ئاوی پیس، نەخۆش کەوتن. ئەوان بە توندی تایان هەبوو، و لەنێو لۆتکەکانیاندا کەوتبوون.

لە پێنجەمین ڕۆژی گەشتەکەیاندا، بەرە بەرە گەیشتنە ئاوێکی ساف و داری نووک تیژ. پانـدیۆن بە سەرسـوڕمانەوە، هـۆیەکەی لە کیـدیگۆ پرسـی. هـاوڕێ ڕەش پێسـتەکەی بە پێکەنینەوە، گوتی بە زوویی ئازارەکانیـان بەکۆتـا دێـت. کیـدیگۆ، لە کاتێکدا داری لـۆتکەکەی دەخستە ژێر قوڵایی ئاوەکە، گوتی: (**لە هاویندا، خۆر هەمـوو شـتێک وشـک دەکـات. ئەو لافاوە، دوای باران دێت.) پاندیۆن پرسی:**

– (ئەمە کام ڕووبارە؟) ڕەش پێستەکە وەڵامی دایەوە و گوتی: **(لێرە دوو ڕووبار هەیە**[٦]**، نەک ڕووبارێک و زنجیرەیەکی درێژی ئەو زەلکاوەیان بەنێودا دەڕوات و لە هاویندا بە گشتی ئاویان وشک دەبێت و ئاو لەو ڕووبارانەدا دەست ناکەوێت.)**

کیدیگۆ ڕاستی دەکرد، هەروەک لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، هەموو قسەکانی وەڕاست گەڕابوون. بە زوویی، لۆتکەکانیان لە قوڕ و لیتەی ژێر زەلکاوەکە چەقین و زەوی بەرەو بەرزایی هەڵکشا و گەیشتە جێیەکی ساف. گیایەکی تایبەت، ئەو دەشتەی داپۆشیبوو. لاسکی سپی و زێوینی ئەو گیایە لەبەر خۆردا لە پاشاوێکی ساف دەچوو. ئەندامانی گروپ تا نێوقەدیان لە قوڕ و لیتەدا بوون و بە دەنگی بەرز تیمساحەکانیان لە خۆیان دوور دەکردەوە و بە هەستێکی ئارام لە زەلکاو هاتنەدەر و پێیان خستە سەر زەوییەکی گەرم و پتەو. شنەبایەکی فێنک بە دەوری زەلکاوەکەدا، پێشوازی لێیان کرد. ئەوان گەیشتنە سەر بەرزاییەک کە سەری بە دەوەنی گەڵا سەوز داپۆشرابوو، و میوەیەکی نارنجی ڕەنگی هەبوو کە هێندی هێلکەیەک بوون.

لێرە، ئاوێکی فێنکیان دەست کەوت و بڕیاریاندا لێی بمێننەوە. بۆ ئەو مەبەستە، پەرژینێکیان بە دار و چاڵوک بە دەوری خۆیاندا کێشا کە شەش کوبیت بەرز بوو. ڕەش پێستەکان، میوەیەکی زۆر و بە تامیان لێ کردەوە و هەندێک گیاشیان دۆزیەوە کە شیریان لێ دەهات و شیرکەی بۆ دەرمانی سڕ کردنی شوێنی گەستنی مێشولە دەبوو. ئەو شەوە، ماندوو بوونی چەند ڕۆژەیان لە ئارامیدا قەرەبوو کردەوە. چەند ڕۆژ بوو، باران نەدەباری و کاتی بەیانانیش کەش زۆر سارد بوو. ڕەش پێستەکان تاقەتی کەشی ساردیان نەدەهێنا و سەرما بەتوندی ئازاری دەدان. ڕێبوارەکان، بە زوویی توانیان درێژە بە ڕێگاکەیان بدەن و بۆ ماوەی ٢٥ ڕۆژان بەو دەشتەدا ڕۆیشتن و ئێستا تەنیا نۆزدە کەسیان مابوونەوە. هەشت کەسەکەی تریان، دوای دەرچوون لە زەلکاوەکە، ئەوانیان بەجێهێشت و نزیکەی دە ڕۆژ دەبوو کە بەرەو باکور و وڵاتەکانیان چووبوونەوە. ئەوان زۆریان هەوڵدا کە ئەو ژمارەیەش لەگەڵ خۆیان بەرەن، بەڵام ئەم ١٩ کەسە مانەوە و بەرەو دەریا، درێژەیان بە ڕێگا دا.

هێشتا ئاسمان ڕوناک بوو کە تەم و مژ دایپۆشی. کاتی شەو، ئاسمان بە هەوری لێک بڵاو داپۆشرا و گرمەی هەور و هەورەتریشقە بە بەردەوامی بەسەر دەشتەکاندا بڵاو بووە، بەڵام هیچ جێیەک ئاگری نەگرت. شەو تاریک بوو، باران نەباری و گەڵا وشک

بووەکـان لەسـەر زەوی، داغ مـابوونەوە. دەشـت و تەپـۆڵکە بچووکەکـان شـەقار شـەقار ببوون، هەندێکیان خڕ و هەندێکیشیان وەک دیوار بەرز ببوونەوە و بەرزاییان دەگەیشتە دە کوبیت. ئەو تەپۆڵکە خۆڵانە کە وەک خشت ڕەق ببوون، شارە مێروی کۆمەڵێکی زۆر مێروی گەورەی شـفرەی زلـی مەترسـیدار بـوون. پانـدیۆن بەرە بەرە لەگەڵ ژیـانی ئـاژەڵە جیاوازەکان ئاشنا ببوو، و ئیتر زەڕافە و کومەڵی فیلەکانی لە لا سەیر نەبوو. دواتر ڕەوەی ئـاژەڵی سـەیری دی کە ڕەنگیـان ڕەش و سپی بـوو. ئەو ئـاژەڵانە، لە ئەسـپەکانی "ئۆنیـادا" دەچـوون، بەڵام هەنـدێک بچـووکتر و لاقـی باریـک و سـمتی پـان و هەڵگەڕاوەیـان هەبـوو. لێوی سەرویان بەشێوەیەکی ڕێک خوار ببووەوە و کلکیان قوڵە بـوو. پانـدیۆن بە ئەشـقەوە دەیـڕوانیە ڕەوە گەورەکانیـان کە لە بوارەکـان و تەنکاوەکانـدا کـۆ دەبـوونەوە. پانـدیۆن خەونی گرتنی یەکێک لەو کەرە بەڵەکە کێویە خەت خەتانە و ماڵیکردنی و سـوار بـوونی لە مێشـکدابوو. کاتێـک خەونەکەی بـۆ کیـدیگۆ و هاوڕێیـانی ڕونکـردەوە، هەموویـان لە قاقـای پێکەنینیاندا. ڕەش پێستەکان پێیـان گـوت، ئەو کەرە کێویە خەت خەتـانە بەهێز و تـوڕەن و ڕام نـابن، تـازە ئەگەر بتـوانن چەنـد دانەیەکیـان بگـرن، تەنـانەت ئەگەر دە سـالێش هەوڵـی گرتنیان بدەن، هەرگیز ٢٤ دانەیان بۆ ناگیرێ کە پێویستیان بوو.

دووەم ناهۆمێدی پانـدیۆن کاتێـک سـەری هەڵدا کە توشـی گامێشـی کێـوی بـوون. ئەو، جەسـتەی گەورە و مـۆری گامیشـەکانی دی کە سـەری شـاخەکانیان بەرەو سـەرەوە هەڵگەڕابووەوە. بەرەو یەکێکیان چوو کە بە نێزە لێی بدات کە کیدیگۆ بە پەلە خـۆی خستە سـەری و ئەوی لە عەرز دا. دڵنیـای کـردەوە کە گامێشـەکان، دڕنـدەترن ئـاژەڵی وڵاتـی باشـورن و گـوتی تەنیـا بە کەوان ڕاو دەکـرێن. ڕاوکردنیـان بە نێـزە، چـوونە بەرەوپیـری مەرگێکی گومان هەڵنەگر. پاندیۆن قسـەی ڕەش پێسـتەکەی لە گوێ گرت و ئەوانـی تـریش خۆیـان لەنێـو دەوەنەکانـدا شـاردەوە، بەڵام ترسـی کیـدیگۆ لە گامێشـەکان بـۆ پانـدیۆن بە نادڕونی مایەوە و ئەو لای وابوو کە کەرگەدەن و فیل مەترسیدارترن.

ڕێگاکەیـان بەنێـو کەنـداڵ و زنجیـرەی تەپۆڵکەکانـدا بەکۆتـا هـات. لەو جێیـانەدا، توشـی چەندان جۆر مەیمونی قێزەون بـوونەوە کە سـەریان لە سـەری سـەگ دەچـوو. کـاتی نزیـک بوونەوە لێیان، دەچـوون لەسـەر کەنداڵەکان و ژێر دارەکاندا کۆدەبوونەوە و بەبێ تـرس، تەماشـــای ئەو بێگانانەیـــان دەکـــرد و بە دەوروبەری خۆیانـــدا هەڵـــدەبەزینەوە و ئەدای جۆراوجۆریان لە خۆیان پێشان دەدا. پاندیۆن بە قینەوە تەماشای سیمای لە سـەگ چـووی

مەیمونەکانی دەکرد. ئەوان، ڕومەتیان بە توکی زۆر ماسیبوو، و قونیان هەڵتۆقیو و پنۆک پنۆکی گوشتی سور بوو. مەیمونەکان جێی مەترسی بوون. جارێک، سێ لەو مەیمونانە پێشیان بە کاڤیۆس گرت و ئەویش تورە بوو، و بە نێزە لە یەکیانی دا. شەڕێکی دژوار لە ژێر ئەو هەڵدێرگەیەدا، ڕوویدا. کۆیلەکانی پێشوو، ناچار بوون پاشەکشە بکەن و شانسیان هێنا کە بەبێ زیان لەو شەڕە ڕزگاریان بوو.

لە بیست و پێنجەمین ڕۆژی ڕێگاکەیاندا کە هەموو ناوچەکە بەرەو بەرزایی هەڵدەکشا، هێڵێکی ڕەش لە دوورەوە دەرکەوت، کیدیگۆ مـوژدەیەکی خۆشی بە هاوڕێیانیدا و گوتی ئەو هێڵە سەرەتای دارستانێکی گەورە و دوا بەرگری سەر ڕێگای ئێمەیە و دەبێ لێی سەرکەوین. دار بە شێوەیەکی بەربڵاو دەوری چیاکانی گرتبوو. دەریا کە ئەو هەمووە چاوەڕوانی بوون و بە دڵنیاییەوە ڕێگای نیشتمانەکەیان بوو. کاتی نیوەڕۆ گەیشتنە دارستانێکی خورما کە شێوازی سەر دارەکان، پاندیۆنی لە فیکر خست. لەو دەشتانەدا، ئەوە یەکەم دار خورما بوون کە لە دار خورماکانی میسر دەچوون. دارەکان ڕاست و بڵند بوون و لە نێوەڕاستیاندا، گەڵای وەک تاج سێبەریان بەسەر زەویدا بڵاوکردبۆوە. زەوی وشک، لە نێوان سێبەرە لە ئەستێرە چووەکاندا، وەک ئاسنی گەرم و سپی بوو.

لەو سێبەرانەوە، پاندیۆن تێگەیشت لە کاتی نیوەڕۆ، خۆر بە دروستی دەگاتە سەریان و ئەو دیاردەیەی بە کاڤیۆس گەیاند. وتروسکی لێی تێ نەگەیشت و تەنیا شانی بۆ لەقاند، بەڵام کیدیگۆ گوتی ئەوە هەر بەو جۆرەیە کە پێشتر لە کاتی چوونیان بەرەو باشور دیتویانە. بەڵام هیچیان بە هۆیەکەیان نەدەزانی. پیرە پیاوەکان دەیانگوت بە گوێرەی ئەفسانەیەک، بە هەندێک بەرەو باشور چوون، خۆر جارێکی تریش دادەبەزێت.

پاندیۆن، کاتێکی زۆری بۆ فیکر کردنەوە نەبوو. هاوڕێ تونییەکانی پەلەیان دەکرد، بگەنە ئاو. لە ماوەی پشودانی نیوەڕۆژیاندا، کیدیگۆ پێی گوتبوون، تا شەو بەو دارانە دەگەن کە لەوێوە، ڕێگاکەیان بەنێو دارستان و سەر تەپۆڵکەکاندا تێدەپەڕێت و ڕێگاکە تا کۆتایی زەوی دەچێتە پێشەوە. ڕەش پێستەکە ئاماژەی بۆ باسکی ڕاست و چەپی خۆی کرد و گوتی: **(لێرە و لەوێ، ڕوبار هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین بە درێژیی ڕوبارەکاندا بڕۆین. ڕوباری باسکی ڕاستەمان بەرەو باکور دەپێچێتەوە و لە باکوردا دەگاتە دەریای گەورە و ئاوی شیرین و ڕوباری باسکی چەپەمان بەرەو باشور دەڕوا و ئێمە لەو جێیە دوور دەکاتەوە کە دەمانەوێت بچین(٧). جگە لەوانە، لە درێژەی ئەو ڕوبارەدا ژمارەیەک**

**تایەفەی بەهێز دەژین کە گۆشتی مرۆڤ دەخۆن و ئەگەر توشیان بین، هەمووی ئێمە دەخۆن. دەبێ بە هێڵێکی ڕێکدا بەرەو باشوری ڕۆژئاوا، بە نێوان هەردوو ڕوباراندا بڕۆینە پێشەوە. ئەو دارستانە مۆرە، چۆل و تەندروستە؛ لە چیاکانیشدا هیچ کەسێک ناژی، چونکە هەموویان لە هەورە تریشقە و دارو دەوەنی چڕ و تاریک دەترسن. لێرە، ئاژەڵ کەمە، بەڵام ئێمەش ژمارەمان کەمە و دەتوانین خۆراکی خۆمان بە ڕاو کردن و کۆکردنەوەی میوە دابین بکەین.)**

پاندیۆن، کاڤیۆس و لیبیایەکان بە دوو دڵییەوە تەماشای ئەو دارستانە مۆرەیان دەکرد، کە لە بەرامبەریاندا بوو، و بەهۆی ترسێکی نادیارەوە، دووچاری خەم و پەژارە بوون.

١- فستقی کاڵە، چونکە دەرمانی لێ دروست دەکرێت، ئەمڕۆ بۆ هەموو دنیا ناسراوە.

٢- Fulbu

٣- Takel

٤- Dhlomo

٥- Mpafo

٦- دوو ڕوباری بحرالعرب و بحرالغزال کە پێشتر ئاویان لە ئێستا زیاتر بوو.

٧- ڕوباری باسکی ڕاست، ڕوباری شارێکی نوی و ڕوباری باسکی چەپ، ڕوباری ئوبانکی لقی ئەسڵی ڕوباری کۆنگۆ بوو.

# هێزی دارستان

## ٧

گەورەترین دار و درەخت، بەسەر نەمام و دەوەنە بچووک، پڕ و چڕەکاندا بەرز ببوونەوە. قەدی باریکیان بە هێڵی زەق و دابڕ دابڕ دەگەیشتە گەڵای پان و لە شێوەی پەڕی باوەشێن، و وەک سەیوان بەسەریاندا پان ببوونەوە. سەر چڵەکانیان، سەرلەنوێ چرۆی درێژی وەک شمشێریان پێوە بوو کە نزیکەی دە کوبیت درێژ بوون.

چوار لەو دارانە، جووت جووت، وەک کێشکچی لە دوولای ڕێچکەیەک بوون و ڕێبواران بە نێوانیاندا تێپەڕین و دەگەیشتنە ڕێیەکی خۆڵە پۆتین. یەکانەیەکی "بەرازی نێر" زل بە شەفرەی درێژ و خوار بووەوەی و سەری ناحەز و ناشێرینی لە ژێر دەوەنەکان هاتەدەر و بە تورەیی و غورە غوڕ لە شوێنەکە دوور کەوتەوە.

کاڤیۆس، لە ڕۆژی یەکەمی ئەم گەشتەدا بۆ دارستان، دار شەقەکەی، کە ٤٩ هێڵی بە هێمای ڕۆژەکانی گەشتی لێدابوو، ونکرد و ئیتر لەم ڕۆژەوە، حیسابی ڕۆژەکانیان لێ تێکچوو. ئەو دارستانە گەورەیە، یەک شکڵە وەک بیرەوەریەک بۆ هەمیشە لە مێشکی پاندیۆندا ماوەیەوە. گرووپی کۆیلەکانی پێشوو، بە بێدەنگی دەچوونە پێشەوە. کاتی قسە کردنیان، لەژێر ئەو دارە مەزنانەدا، قسەکانیان دەنگی دەدایەوە. لە دەشتە بەرینە تەلاییەکاندا، هەرگیز هەستێکی بەم جۆرە لاواز، لە دەرونیاندا نەدەبیندرا. لێرە، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کە ئەوان بە تەواوی لە وڵاتێکی بێگانەدا ون بووبن.

پەلی درێژی ڕوەک، لەوانە چنگە پشیلە، فریزو، لاولاو، مالوێچکە و کەلکە بە ڕادەی نێو قەدی مرۆڤێک ئەستور بوون. ئەو گیا ئەستورانە، قەدی دارە سافەکانیان داپۆشیبوو، و وەک زنجیری لوول خواربووەوە، بەسەر چڵی دارەکانەوە بوون و هەندێک جار لە بەرامبەر ڕێبواراندا، دیوارێکی سەختیان پێکدەهێنا و بەسەر دارەکاندا شۆڕببوونەوە و چڵ چڵ ببوون و سەرئەنجام لەنێو دەچوون. هەندێک جار، گۆلی بچووک و بۆگەن دەبیندرا کە قەوزە سەری داپۆشرابوون و ڕێگەیان بە گرووپەکە دەگوڕی و جارجارەش ئاو بە جۆگەلەکاندا بە بێدەنگی دەرۆیشت. لە سەوزایی نێو دارستانەکەدا کە تیشکی خۆریان لێ

دەکەوت، چاوی ڕێبواران کە لەگەڵ نوری کەمی نێو دارستانەکە ڕاهاتبوون، توشی ئازار دەکرد و چڕیی نەمام و دەوەنەکان، گروپەکەی ناچار دەکرد، ڕێگاکەیان بگۆڕن.

داری ئاوێز "سرخس" چوار هێندەی باڵای مرۆڤ بوون. ئەوان هەرگیز جۆری ئەو دارانەیان نەدیبوو. ئەو ئاوێزانە گەڵای پڕ و سەوزی کەم ڕەنگیان هەبوو، و گەڵاکانیان وەک باڵی باڵندە و پەلەوەری گەورە و پەڕی باوەشێن بڵاو ببووەوە و وەک گوڵی ئاوریشم، لە بەرامبەر تیشکی خۆردا، ڕەنگی زۆر جوانیان بەخۆیانەوە دەگرت. گوڵی لاولاو، بە ڕەنگەکانی نارنجی، بنەوش، سپی و سور و گەڵای سەوز و ڕەوشەنی پان و باریک، بە سەر لق و پۆی دارەکاندا دەبیندران. قەوزە و ڕووەک بە شێوەیەکی نارێک بە سەر هەموو دار و دەوەنەکاندا، سەریان بەرز کردبۆوە و زۆر بێڕەحمانە بە لاقی ڕێبوارانەوە دەنووسان.

سەوزاییەکانی نێو دارستان، پڕ بوون لە قریوە و جریوە و چریکەی کورت و بەردەوامی باڵندەکان و دەنگەکان بە ڕادەیەک زۆر بوون کە لەوە دەچوو لە دنیادا هەر ئەو دارستانە هەبێت کە تێیدا بژین. گروپەکە، ڕێگای چوونە پێشەوەی لەگەڵ تیشکی خۆر ڕێکدەخست و دەگەڕانەوە نێو دارستانە نیوە ڕوناکەکە و بە درێژایی ئەو قوڵکانەدا دەچوونە پێش کە باران پێکیهێنا بوون و هەندێک جاریش لەگەڵ تیشکی خۆر دەچوونە پێشەوە کە لە نێوان لق و گەڵای زۆری دارەکاندا دەبیندرا.

ڕێنماکان هەوڵیان دەدا، لەبەر هۆیەکی تریش بەسەر سەوزەڵانی نێو دارستانەکەدا نەڕۆن. دارەکانی نزیکی بەو شوێنانە پڕ بوون لە هێلانەی زەرگەتە "زەردەواڵە" و ژەنگەسورە و مێروی زلامی شفرە درێژ. ڕووەک و چنگە پشیلە، وەک قەوزەی ڕەش، هەموو قەد و ڕیشەی پان و درێژی دارەکانیان کە لە زەوی هاتبوونەدەر، لەنێو خۆیان گرتبوو، و وەک بڵقی ئاو بەسەریاندا هەڵتۆقیبوون. بەرزایی ئەو ڕیشانەی کە لە زەوی هاتبوونە دەر، نزیکەی ٥- ٦ کوبیت دەبوو، و هەر ١٩ ئەندامی گروپەکە توانیان بە ئاسانی لەو قوڵکانە دەرچن کە ڕیشە لەنێوان زەوی و دارەکاندا پێکیان هێنابوو، و هەموو جووڵەیەکیان دژوار کردبوو. ئەوان هەندێک جار بە ژێر و هەندێک جاریش بەسەر ڕیشەکاندا دەڕۆیشتن و هەندێک جاریش ناچار دەبوون دەوریان لێ بدەن. هەندێک جار، لەوە دەچوو کە پێی ئەندامانی گروپ لەسەر مافورە بێت. ئەو مافورانەی کە لە لق و چڵی ڕزیوی دارەکان، لەسەر زەوی پێکیان هێنابوو. کارگی سپی ژاراوی بۆنێکی توندی وەک

بۆنی مردووی لێ دەهات. لاقی ماندووی ڕێبواران تەنیا لەو جێیانە هەستیان بە ئاسایش دەکرد کە داری زۆر بڵندی لێ نەبوو، و ڕیشە لەمپەری نەدەخستە سەر ڕێچکەکان و بە قەوزەی نەرم داپۆشرابوون، بەڵام لەو جێیانەدا کە دڕو و گەسگەسک هەبوون، دەبووایە لێیان دوور بکەونەوە، یان بە نێویاندا ڕێگە بکەنەوە کە ئەوەش کاتی زۆری دەویست و وزەی ئەوانی بە فیڕۆ دەدا. جۆرێک کرمی خاڵدار لە چڵی دارەکانەوە دەکەوتنە سەرشانی ڕێبواران و بە لێچاوی زاریان، ئازاریان بە پێستی لەشیان دەگەیاند.

هەندێک جار لە تاریکی دارستانەکەدا، بە هەڵکەوت توشی جۆرێک ئاژەڵ دەبوون، بەڵام چونکە زۆر گورج و بێدەنگ بوون، زوو ون دەبوون و ڕێبواران زۆر جار نەیاندەتوانی بزانن چۆن ئاژەڵێکن. کاتی شەو، بێدەنگییەکی تەواو حوکمی بەسەر دارستانەکەدا دەکرد و جگە لە لورەی ئاژەڵە نەناسراوەکان و قیژەی تورەی باڵندەی نەناسراو، شتێکی تر نەدەبیسترا. ڕێبواران، چەندان دۆڵ و شیوی بچووکیان بە نێوان گردەکاندا بری، بەڵام هەرگیز نەگەیشتنە دەشتێکی بێ دار و دەوەن. لە دۆڵ و شیوەکاندا، دارستان چڕ و پڕتر لە شوێنەکانی تر بوو. کەشی نێو شیوەکان، شێدار و پڕ لە بۆگەنی گیا و قەوزە و داری ڕزیو بوو، و هەناسە کێشانیان تێدا دژوار بوو.

کاتێک گروپ گەیشتە نێو دۆڵێک کە جۆگەلە ئاوێکی فێنک و زوڵاڵ بە توندی بە نێویدا تێدەپەڕی، ئەندامانی گروپ بۆ پشودان وچانیان دەدا و دواتر دیسانیش بەرەو بەرزایی هەڵدەکشان. دوو ڕۆژان وەسەر بەرزایی کەوتن، هەرچەندە زیاتر سەردەکەوتن، دارستانەکە پڕتر و تاریکتر دەبوو. ئیتر زەوی سەوز نەدەبیندرا کە خواردنی لێ بدۆزنەوە. دار و دەوەنی شکاو بە ڕەشەبا، ڕێگای لێ گرتبوون و ناچار بوون لێیان دوور بکەونەوە و بە نێو گەسگەسکان و دەوەن و دڕوداری شۆڕ بووەوە بەرەو زەویدا بڕۆن. لە هەندێک جێدا ناچار بوون بە گاگۆڵکە لە ئاودڕەکان تێپەڕن. خۆڵی وشکی ئەو ئاودڕانە لە ژێر پێیاندا ورد دەبوو، بەڵام جگە لەوەی کە لۆفەکانی ئەو ئاودڕانە ببڕن، چارەیەکی تریان نەبوو.

بەرە بەرە کەش ساردتر دەبوو، لەوە دەچوو گروپ ڕۆچووبێتە نێو زۆنگاوێک. کاتێک گەیشتنە تروپکی بەرزاییەک، بینیان کەشی تاریک وەک قیل "قیر" سەر پێدەشتەکانی داپۆشیوە. لەوێ، ئیتر ئاو نەبوو، و ڕێبواران بۆ ئەوەی ڕێگا ون نەکەن، لەسەر بەرزاییەکە مانەوە. هیچ ئەستێرەیەک، لەسەر چڵ و گەڵای دارەکان نەدەبیندرا. لە بەرزایی خاڵێکی

دووری نادیارەوە، تۆفان و ڕەشەبا بوو. پاندیۆن بۆ ماوەیەکی زۆر نەخەوت و بیری لە خرۆشی دارستان و شڵپەی ئاوی دەریا دەکردەوە. دەنگی خش خش و وزەی ڕەشەبا، شڵەژانی لەنێو لق و چڵی دارستانەکەدا پێکهێنابوو. لەوە دەچوو، شەپۆلی دەریا لە کەنارە و کەنداڵ دەکەوێت.

بەپێچەوانەی ڕۆژانی پێشوو، ئەمڕۆ بەیانی درەنگ ڕوناک بووەوە. تیشکی خۆر هەوڵی دەدا، ڕەگاژۆیی بکاتە نێو مژێکی خەست. سەرئەنجام خۆری نادیار بەسەر دارستانەکەدا زاڵ بوو، و دیمەنێکی خەمهێنەری خستە بەردیدی ڕێبواران. لق و پۆی دارە ڕەش و سپیەکان، بە بەرزایی نزیکەی ١٥٠ کوبیت- نزیکەی ٧٠ مەتر. وەرگێڕ- لەنێو تەم و مژێکی خەستی سپیدا ون ببوون و قەوزە و ڕوەک قەدی دارەکانی داپۆشیبوو. گوڵی زەرد بە لاسکی درێژ، بە پۆل بە لق و چڵی دارەکان و نێو کەشی مژاویدا دەجوڵانەوە.

دارەکان بە ئەستورایی چوار کوبیت، وەک سەرباز لە ڕیز دابوون. لە ڕیزەکاندا سەریان بەرز کردبۆوە. تەم و مژ دەوری تەنیبوون و قەوزە، هەندێکیانی بە تەواوی داپۆشیبوو. لەو دارستانە ترسناکەدا، هیچ شتێک لە مەودای ٣٠- ٤٠ ئەرشیدا نەدەبیندرا. ڕێبواران ناچار بوون بۆ درێژەدان بە ڕێگا، خۆیان ڕێیەک بە نێوان ئەو دارە مەزنانەدا بکەنەوە. دارە وشکە شکاوەکان، لەمپەرێکی گەورەیان پێکهێنابوو، تەنانەت بەهێزترین ڕێبواریش نەیدەتوانی لێیان تێپەڕێت و لە هەمووی ئەوانە خراپتر، کردنەوەی ڕێگا بوو کە هیچ کەرەستەیەکیان بۆ کردنەوەی ڕێگا، پێ نەبوو.

ڕەش پێستەکان، ترسیان لێ نیشتبوو. باوەڕیان بەو دارستانە نەبوو، و لە ترسان دەلەرزین و لیبیاییەکان بە تەواوی دڵسار ببوونەوە. ئەوانیش هەستیان دەکرد کە چوونەتە نێو سنوری دەسەڵاتداریەتی خوداکانی دارستانەوە. واتا ئەو شوێنەی کە بۆ مرۆڤەکان یاساخ بوو، و بۆ دەرباز بوون لێی، هیچ ڕێیەکیان نەبوو. کاڤیۆس ئاماژەی بۆ پاندیۆن کرد و هەردوویان بە کێردەکانیان خەریکی کردنەوەی ڕێیەک بوون بە نێوان لق و پۆی دارە تەڕەکاندا و ئەوانی تریش غیرەت گرتنی و بە شوێنیان کەوتن. ئەوان چوونە سەر ئەو دارە مەزنانەی کە لەمپەری سەر ڕێگاکەیان بوون و دوای کردنەوەی ڕێ، سەرلەنوێ بە نێوان ڕیشەی دار و دەوەنە چڕەکاندا چوونە پێشەوە، بەڵام ڕێیان ون دەکرد و سەرلەنوێ دەگەڕانەوە نێو پۆلە دارە چڕەکانەوە. چەندان کاتژمێر تێپەری و جارێکی تریش توشی

هەمان گرفت بوونەوە. ئاو بە ئارامی و دڵۆپ دڵۆپ بە دار و درەختەکاندا چۆڕەی دەکرد، کەش فێنک بوو، ئەوان تێدەگەیشتن کە شەو نزیک دەبێتەوە...

*******

– **(ئاخ، لە هیچ لایەکەوە، ڕێی دەرچوون نییە!)** کیدیگۆ بە گوتنی ئەو دێڕە لەسەر ریشەی دارێک دانیشت و لە بێ هیواییەوە سەری لەنێو دەستەکانی گرت. دوو ڕێنماکەی تریش پێشتر بە هەوڵێکی بەم جۆرە گەڕابوونەوە. ڕێچکەیەکیان بە مەودای هەزار کوبیت بە نێو دارستانەکەدا کردەوە. لە پشت سەریاندا، دارستانێکی مۆر و ترسناک هەبوو کە لەوێش سێ ڕۆژ خەریکی ڕێگا کردنەوە بوون. ئەم جارەیان قامیشەلانێک هەبوو کە قامیشەکانی نزیکەی بیست کوبیت بەرز و گرێ گرێ بوون و نوکیان بەرەو خوارەوە، داکشابوو. قامیشەڵانەکە بە ڕادەیەک پڕ بوو کە بە هیچ شێوەیەک دەرەتانی دەرچوون بە نێویدا نەبوو. دیوارێکی سەختیان لە بەرامبەر ڕێبوارەکاندا پێکهێنابوو. قامیشەکان ڕەق ببوون و کێردی ئاسنیان خوار دەکردەوە و بۆ دەرچوون بە نێویاندا، تەور یان شمشێری قورس پێویست بوو. لەوە دەچوو، هیچ ڕێیەک بۆ دەرچوون و دەورلێدانی ئەو قامیشەڵانە نەبێت. پۆلە دارێکی چڕی دارستان، ڕێی لێ گرتبوون و تا مەودایەکی دوور، مژ قامیشەڵانەکەی داپۆشیبوو. لەوێوە، ڕێچکەیەک بە نێو دەشتێکی مژاوی تاریکدا دەڕۆیشت.

سەرما، نەبوونی خۆراک و بەربەرەکانی دژی دارستانی ترسناک، هێزی لە ڕێبواران بڕیبوو. بەشی دوایی ڕێیەکەیان زۆر دژوار بوو، بەڵام ئەوان نەیاندەتوانی بیرلە گەڕانەوە بۆ دواوە بکەنەوە. بۆ دەرچوون لەو دارستانە ترسناکە، پێویست نەبوو بە هێڵی ئاسایی پێشویاندا بەرەو باشوری ڕۆژئاوا بچن، بەڵکوو ئەوە پێویست بوو کە بزانن ڕێگا بە کوێدا کراوەیە. تەنیا کەسانێک بە ڕێی دروستی ئەو دارستانەیان دەزانی کە خۆیان لێی دەژیان. لەبەر ئەوە، گەڕان بە دوای دانیشتوانیدا، لەوانە بوو توشی مرۆڤ خۆرەکان بن و بکرێن بە کەباب.

*******

ئێمە بەرەو شوێنێکی دروست ڕێگەمان نەکردبۆوە. ئەوە بیرێک بوو لە سیمای هەر ١٩ کەسیاندا، هەستی نائومێدی و توڕەیی چاندبوو. کاتێک کیدیگۆ بەسەر مێشکی خۆیدا زاڵ بوو، و هۆشیار بووەوە، سەری بەرز کردەوە و تەماشای لق و پۆی گەورەی دارەکانی کرد کە نزیکەی ١٠٠ کوبیت ئاسمانی ناوچەکەیان داپۆشیبوو. پاندیۆن لە فیکری کیدیگۆ

گەیشــت و بە پەلە چــووە لای. یۆنــانیی گەنــج، لە کاتێکــدا تەماشــای قەدی دارە لــوس و بەرزەکانی دەکرد، لێی پرسی:

– (**گومانت لەوەیە کە دەرەتانی سەرکەوتن لەو دارانە هەبێت؟**) کیدیگۆ بە نیگەرانییەوە وەڵامی دایەوە:

– (**ناچارین! تەنانەت ئەگەر ڕۆژێکیش بکێشێ، دەبێ بڕۆین، یـان بـۆ پێشـەوە، یـان بـۆ دواوە. دەبێ هەرچەشنە خەیاڵێک لەخۆمان دوور بکەینەوە، شتێکمان بۆ خواردن نەماوە.**)

– (**ئەوی تر**) و ئاماژەی بۆ دارێکی زۆر بڵندی پێست سپی کرد کە بەرەو ئاسمان چوو بوو، و لقەکانی خوار ببوونەوە و وەک ئەستێرەکان بە ئاسماندا بڵاو ببوونەوە. (**لەسەر ئەوانەوە، مەودایەکی زیاتر دەبیندرێت.**) کیدیگۆ سەری بۆ ڕاوەشاند:

– (**نا، ئەو دارانەی پێستی سپی، یان ڕەشەیان هەیە، باش نین. ئەم دارانە وەک ئاسنن و کێرد نایانبڕێت. ئەگەر بتوانین دارێک بدۆزینەوە کە پێستی سور و گەڵای پان بێت، دەتوانین لێی سەرکەوین.**)

هاوڕێیانی بۆ دۆزینەوەی دارێکی بەو جۆرە، بە دارستانەکەدا بڵاوبوونەوە. بە زوویی یەکێکیان ڕایگەیاند داری چاوەڕوان کراوی دۆزیوەتەوە. ئەو دارە قوڵەتر لە دارە ڕەقەکانی تر بوو، بەڵام بە دروستی لە بەرامبەر دیوارێکی قامیش هەڵکەوتبوو. نزیکەی ٥٠ کوبیت بەرزتر لە قامیشەکان بوو. ڕێبواران بە دژواری دوو ڕێزیان لە قامیشەکە بڕی کە لە جیاتی گوڵمیخ کەڵکی لێوەربگرن. ئەوان سەری قامیشە بڕاوەکانیان تیژ کرد. کیدیگۆ و میپافۆ، بە بنەدارێکی گەورە، گوڵمیخەکانیان لە دارە نەرمەکەدا و بەرە بەرە لێی سەرکەوتن، تا گەیشتنە گرێیەک کە وەک ئەڵقەیەک دەوری دارەکەی گرتبوو. کیدیگۆ و هاوڕێکەی گەیشتنە نێو چڵە باریکەکانی دار. لەوێوە دەکرا لە جیاتی گوریس کەڵک لەو چڵە سەختانە وەرگرن. ئەوان بە هێزی لاق و ڕانەکانیان و چڵە شلکەکان، بە ڕادەیەک چوونە سەر دارەکە کە وەک ڕەشاییەک لەنێو پەڵە هەورەکانی ئاسمان دەرکەوتن.

پاندیۆن، ڕەژدی بە هاوڕێیانی برد. ئەوان زۆر بەرز ببوونەوە و دەیانتوانی دنیایەکی بەرین ببینن و ئەو وەک کرمێکی سوری دوای ڕێژنەی باران لە دارستانەکەدا مابووەوە. یۆنانیی گەنج، بڕیارێکی لە ناکاویدا و گوڵمیخە قامیشەکانی هەڵگرت و خەریکی داکوتانیان بە دارەکەوە بوو. ئەو، لە وەڵامی هۆشیار کردنەوەی کاڤیۆس دا، تەنیا دەستی بۆ ڕاوەشاند و بە زوویی لە دارەکە چووە سەر و گەیشتە گرێ کەوانەییەکە. ئەویش شولێکی

باریکی لە کەمەری خۆی و دارەکە بەست و بە یارمەتی لاقەکانی، بەرەو سەرەوە هەڵکشا، بەڵام کاتێک قورسایی خۆی خستە سەر نەرمایی سەر گوێزینگ و ڕانی، پێی هەڵخلیسکا و هەموو نەرمایی سەر گوێزنگ و ڕان و ژێر چۆکەکانی بریندار بوون و بە ئازارێکی زۆر تا نیوەی دارەکە چوو.

سەری قامیشەڵانەکەی ژێر پێی وەک ئاوی دەریایەکی نارێک شەپۆلی دەدا، بەڵام بۆ گەیشتن بە یەکەم لقی گەورەی دارەکە زۆری مابوو. دەنگی کیدیگۆی بیست و شولێکی سەخت[١] لە شانی کەوت. سەری شولکەکە گرێدرابوو، گرێکەی خستە ژێر باڵەکانی و ئەوانیش لە سەرەوە وەک گوریس هەڵیانکێشا و گەورەترین یارمەتییان پێی کرد. پاندیۆن، بە گوێزینگ و ڕانی برینداربییەوە، بە ماندوو بوونێکی زۆر چووە سەر گەورەترین لقی دارەکە. کیدیگۆ و هاوڕێکەی لەوێ لە نێوان دوو لقی ئەستور دانیشتبوون.

پاندیۆن لەو چەند ڕۆژەدا، بۆ یەکەم جار لە بەرزایی ٨٠ کوبیتیەوە تەماشای مەودایەکی دووری کرد. قامیشەڵانەکان لە دەشتێکی پان و بەریندا، دەوری دارستانەکەیان گرتبوو. دەشتێک کە تا چاو هەتەری دەکرد، بە ڕاست و چەپیدا پان ببووەوە. هەرچەندە پانایی دەشتەکە زیاتر لە چوار تا پێنج هەزار کوبیت نەبوو. دوای قامیشەڵانەکە، زنجیرەیەک هەڵدێرگەی ڕەش بەرەو ڕۆژئاوا چوو بوون و شیوی قوڵە و باریک، زنجیرە هەڵدێرگەکەی دابڕ دابڕ کردبوو. لەوبەری هەڵدێرگەکانەوە، جارێکی تریش زەوی بە لێژاییەکی کەمترەوە بەرەو خوارەوە دادەکشا. شیوێکی باریکی پڕلە مژی مۆر، ئەو زنجیرە تەپۆڵکە پڕ لە دار و دەوەنەی لە یەکتر جیا کردبۆوە. لەو شوێنەدا، چەندان ڕۆژ برسیەتی و ڕێگا ڕۆیشتنی پڕلە ئازار، بە نێوان تەم و مژێکی مۆر و نیوە تاریک، چاوەڕوانیان بوو. ئەوەش ستەمێک بوو کە ڕێبواران دەبوو بیچێژن. لە هیچ جێیەکدا نەیاندەتوانی کونێک بە قامیشەڵانە چڕەکەدا بدۆزنەوە و هیچ ڕێچکەیەکیش بە شیوەکاندا نەبوو.

تۆ بڵێی، ئەو ڕێبوارانە ئەوەندیان هێز تێدا مابێ کە بتوانن تا ئەو جێیە بڕۆن کە بە چاو دەبیندرا. ئەمە جێی گومان بوو. دوورتر لەوە، بە لایەکەی تریشدا، بە نێوان کەشی نیوە تاریکدا، لەوانە بوو دیسانیش ڕوو بە ڕووی دۆخێکی بەم جۆرە ببنەوە کە ئەویش بە واتای مەرگێکی گومانهەڵنەگر بوو. کیدیگۆ لە سەر دارەکەوە، بەرەو خوارەوە داکشا و لەگەڵ پاندیۆن چاویان لە یەکتر کرد. یۆنانییەکە، لە چاوی تەنگ بووەوەی هاوڕێکەیدا، ترس و بێ توانایی دی؛ ئەو هێزی تێدا نەمابوو، بە هۆی ئازاری زۆر، چرچ و لۆچ سیمای

داپۆشیبوو. کیدیگۆ بە دەنگێکی پڕلە بێ هیوایی گوتی: (**دەبێ چاو لە لای پشتەوە بکەین.**) دوای ئەو گوتنەی، لەپڕ هەستا و بە نێوان چڵ و لقەکاندا ڕۆیشت و لە بەرزایی قامیشەڵانەکەی ڕوانی.

پاندیۆن بە دژواری توانی پێش بە هاواری لە ترس هەڵقوڵیوی هاوڕێکەی بگرێت. ڕەش پێستەکە هەندێک پارسەنگی خۆی لە دەستدا، بەڵام خۆی گرتەوە و گەیشتە سەر دوا چڵی دارەکە. بەهۆی قورس بوونی، لقەکە بەرەو خوارەوە داکشا و گەڵاکانی لەرزین. پاندیۆن لە ترسان بێدنگ مایەوە. کیدیگۆ لەو کاتەدا خۆی لەسەر چڵێکی باریک ڕاگرت و تەماشای سوچی دەستی ڕاستی کرد. پاندیۆن زاتی نەبوو، بە شوێنی بکەوێت، ئەو و میپافۆ لە جێی خۆیان مانەوە و هەناسەی خۆیان ڕاگرت و چاوەڕوانی ڕاپۆرتی کیدیگۆ بوون. شازدە پیاوی تری گروپەکەش کە زۆر بە کەمی ئەوانەی سەر دارەکەیان دەبینی، بە شەوقەوە تەماشای جووڵەی ئەوانیان دەکرد. کیدیگۆ، بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر لقە ناسکەکە لە جۆلانە چووەکە دانیشت و دواتر بەبێ ئەوەی کە وشەیەکی بە زماندا بێ، گەڕایەوە سەر لقە گەورەکە و بە تاسەوە، گوتی:

- (**بەڵێ، نەبوونی ڕێگا شتێکی خراپە، ئێمە زۆر لەوە ئاسانتر دەمانتوانی بگەینە ئەوبەری.**) ڕەش پێستەکە، دەستی بەرەو باشوری ڕۆژئاوا درێژ کرد و گوتی:

- (**دەشتێکی سەوز، زۆر لە ئێمە دوور نیە. لە جیاتی هاتنمان بۆ نێو دارستان، دەبووایە زیاتر بەرەو ڕاست بچین... دەبێ بگەڕێینەوە بۆ سەوزایەکە و ڕەنگە لەوێ کەسێک هەبێت. لە تەنیشت دارستان پتر هەڵدەکەوێ کە خەڵک بژین، تا نێو دارستان، یان دەشتەکانی دەوروبەری.**)

دەرکەوت، هاتنە خوارەوە لە دار، زۆر دژوارتر و مەترسیدارتر بوو لە سەرکەوتنی. پاندیۆن، ئەگەر بە یارمەتی هاوڕێیانی نەبووایە، هەرگیز نەیدەتوانی بەم جۆرە زوو لە دارەکە دابەزێ، لەوانە بوو بکەوێت و بمرێت. هەرکە پێی کەوتە سەر زەوی، چۆکەکانی خوار بوونەوە و لەنێو قاقای بڵند و پێکەنینی هاوڕێیانیدا، وەک هەڵۆیەک بە زەویدا کەوت. کیدیگۆ، ئەوەی لە سەرەوە دیبووی، بۆ هاوڕێیانی گواستەوە و پێشنیازی کرد، بەو ڕێیەدا بگەڕێنەوە کە پێیدا هاتبوون. هەرچەندە هاوڕێیانی دەیانزانی بەربەرەکانی لەگەڵ دارستان بۆ ماوەیەکی زۆر کارەکەیان دوا دەخات، بەڵام لای پاندیۆن سەیر بوو کە هیچ کەس دژی

پێشـــنیازەکە نەوەســـتا. کـــاڤیۆس بێـــدەنگ بـــوو، و بە ڕواڵەت دەیزانـــی کە هاوڕێیـــانی بە هەوڵدانێکی دژوار و بێسود، چەندە زەحمەتیان کێشاوە.

پانـدیۆن وە بیـری هـاتەوە کە کیـدیگۆ لە دەسـتپێکی گەشـتەکەیاندا گوتبـووی: ڕێگـای دووری دارستان ڕێیەکی درێژ و مەترسیدارە. هۆزی بەهێز و درندەی لێ دەژین و نۆزدە ڕێبوار بۆ ئەوان هێزێکی وا نیە و ئەو هۆزانە لە تەنیشت ئەم دارستانە دەژین....

دەشتێکی سەوز، بە داری کورتی وەک باخ کە لە وەرزەکاندا دەڕوێن، بەرە ڕوبارێکی بەخوڕ و کەندالێکی ڕەش دادەکشا. کۆیلەکانی پێشوو، بە نزیک دارستانێکی دار خورمادا کە فیل زەوییەکەی پێشێل کردبوو، ڕۆیشتن و بۆ پشـوودان، لە ژێر کۆمەڵێک داری گوڵدا مانەوە. بۆنی خۆشی ئەو دارانە و خشە خشی هەندێک توێلکی نەرم و قەڵشیوی دارەکان، ڕێبـوارە مانـدووەکانی لە خەو کـرد. کیـدیگۆ، لەپڕ هەسـتایە سـەر چـۆک و هاوڕێکانیشـی دەستبەجێ هەستان. فیلێکی زلی وەک دێو لە ڕوبار نزیک بووەوە. هاتنی ئەو فیلە، لەوانە بوو ڕووداوی ناخۆشی بە دوادا بێت. ئەوان تەماشـای ڕۆیشـتنی فیلەکەیـان کـرد کە لە نێو پێستی ئەستور و پڕلە لۆچیدا، زۆر بە ئارامی هەنگاوی هەڵدەگرت. فیلەکە نزیکتر بووەوە و بەبێ ترس قورتمەکەی هەڵدەسوڕاند. لەپڕ، دەنگی کۆمەڵێک مرۆڤ ناوچەکەی داگرت، بەڵام فـیلەکە بەبـێ سـەرنجدان بەو دەنگـانە، تەنـانەت گـوێ زلەکـانی لە پشـت سـەریەوە هەڵنەهێنا. ڕێبوارەکان، لە ترسان تەماشای یەکتریان کرد. لە جێی خۆیـان هەسـتان، بەڵام بە پەلە خۆیان خستەوە سەر زەوی. لەوە دەچوو، کەسێک فەرمانی پێدابن کە بەم شێوەیە خۆیـان بـخەنە سـەر زەوی. لە نزیـک فـیلەکە، چەنـد کەس وەدیـار کەوتـن و پانـدیۆن و هاوڕێیـانی بینیـان کەسـێک لەسـەر پشـتی فیلەکەیە. فیل، ڕێک بەرەو ڕوبـار و نێو ئـاوەکە چـوو، و بە لاقە ئەسـتورەکانی، ئـاوەکەی قـوڕاو کـرد. گوێیەکـانی پـان کـردەوە، لەو کـاتەدا سـەری زلی، سێ هێندەی خۆی بیندرا. بە چاوە چکۆلە قاوەییەکانی تەماشای ژێر ئـاوەکەی دەکرد. پیاوێک کە لەسـەر پشـتی فیلەکە ڕاکشـابوو، هەسـتا و قـامچیەکی تونـدی لە سـەری ئاژەڵەکە دا. بۆڕەی بەرزی ئاژەڵەکە، سـەرو خـواری ڕوبـارەکەی داگرت. فیل، قـورتمەکەی بـــادا و کـــۆلکەدارێکی گەورەی لە نێـــوان دارە ئـــاو هێناوەکانـــدا هەڵگـــرت و خســـتیە نیـــو ڕوبـارەکەوە. کـۆلکەدار ژێـر ئـاو کەوت و دوای هەنـدێک هـاتەوە سـەر ئـاو. فیـل، چەنـد کۆلکەداری تریشی خستە نێو ڕوبارەکە و بە ئـارامی چووە نێوڕاسـتی ڕوبـار و سـەری بە پێچەوانەی ڕەوتی ئاوی ڕوبارەکە سوڕاندەوە و بە ئارامی ڕاوەستا.

هەشت کوڕ و کچی گەنجی پێست قاوەیی لەگەڵ ئەو فیلە بوون. ئەوان بە دەنگی بەرز و قاقای بڵند، چوون لە ڕوبارەکەدا قڕنە گۆمەیان دەکردەوە. دەنگی قاقا لێدان و شریقەی زللەکانیان کە لە لەشی تەڕی یەکتریان دەدا، ناوچەکەی پڕ کرد. پیاوە فیل سوارەکە، بە خۆشحاڵیەوە دەیقیژاند، بەڵام بە بەردەوامی ئاگای لە ڕوبارەکە بوو. هەندێک جار فیلەکەی ناچار دەکرد، کۆلکەداری قورس بخاتە نێو ئاوەکەوە.

ڕێبواران بە سەرسوڕمانەوە تەماشای ڕووداوەکەیان دەکرد و باوەڕیان بە دۆستایەتی نێوان مرۆڤ و ئەو فیلە زلە نەدەکرد و بۆیان موعجزەیەکی نەبیستراو بوو. بەڵام ئەوە ڕاست بوو کە لە ١٠٠ کوبیتی ئەواندا، ئەو ئاژەڵە گەورە ڕەنگ مۆرە لەژێر ئیرادە و بڕیاری مرۆڤدا بوو. ئەوە چۆن بەدیهاتبوو کە ئاژەڵێک بە هێزێکی نابەرامبەرەوە کە حاکمی دەشت و دارستانەکانە، بەبێ لەبەر چاو گرتنی گەورەیی خۆی کە نزیکەی شەش کوبیت پانایی شانەکانی بوو، خزمەتکاری مرۆڤێکی لاواز بێت؟ ئەوانە چۆن کەسانێک بوون کە توانیبوویان سوڵتانی دەشتەکانی ئەفریقا ڕام بکەن؟ چاوی کاڤێوس بە تروکاندنێک لە کیدیگۆ درەوشایەوە. کیدیگۆ بە بینینی ئەو یارییە خۆشەی ئەوان، چاوی سوڕاندەوە و دەمی بردە بن گوێی کاڤێوس و بە ئارامی پێی گوت:

– **(کاتی منداڵیم، ئەوەم بینیوە. پێیان گوتبووم لە هێڵێکدا کە دەشت و دارستان دەگەنەوە یەکتر، کەسانێک دەژین کە بە مرۆڤی فیل سوار دەناسرێن. ئێستا خۆم دەبینم کە ئەو داستانە ڕاست بووە.... هەروەها بیستومە کە خەڵکی ئەم گوندە خزمایەتیان لەگەڵ من هەیە و بە زمانی ئێمە قسە دەکەن...)** کاڤێوس کە چاوی لەسەر پیاوە فیل سوارەکە هەڵنەدەگرت، لە کیدیگۆی هۆشمەندی پرسی:

– **(دەتەوێ بچی بۆ لایان؟)** کیدیگۆ، لە کاتێکدا زمانی دەگیرا، گوتی:

– **(دڵم دەیەوێ، بەڵام نازانم.... ئەگەر لە زمانی من بگەن، ئێمە هەلمان بۆ دەڕەخسێت کە ڕێگاکەمان بدۆزینەوە و ئەگەر بە زمانێکی تر قسە بکەن و من لێیان تێنەگەم، ئەوە لەگەڵ ڕووداوێکی ناخۆش ڕووبەڕوو دەبینەوە و وەک مشک پانمان دەکەنەوە!)** کاڤێوس دوای هەندێک بێدەنگی، پرسی:

– **(نەکا، مرۆڤ خۆر بن؟)** کیدیگۆ کە بۆ بەلاوەنانی گومان لەسەر خۆی، لاسکە گیایەکی دەجوو، وەڵامی دایەوە و گوتی: **(بیستومە مرۆڤ خۆر نین. ئەوانە خەڵکێکی دەوڵەمەند و خاوەن هێزن.)**

**– (بەر لە چوونمان بۆ گوندەکەیان، باشترە لێرە هەوڵ بدەین و تێبگەین، ئەوانە بە چ زمانێک قسە دەکەن. ئەوانە گەنجن و بێ چەک و ئەگەر فیل سوارەکە پەلامارمان بدات، دەتوانین خۆمان لە گیادا بشارینەوە، ئەگەر بچین بۆ گوندەکەیان و هاودەنگیان لەگەڵ نەکەین، هەموومان دەکوژرێین....)**

کیدیگۆ، ڕاسپاردەی کاڤیۆسی لە گوێ گرت. ئەو هەستایە سەرپێ‌و بە ئارامی بەرەو ڕووبارەکە چوو. پیاوە فیل سوارەکە، هاواری کرد و یاریی نێو ئاوی، کچ و کوڕە گەنجەکان وەستا؛ مەلەکەرەکان ڕاوەستان و لە کاتێکدا تا نێوقەدیان لە ئاودا بوو، تەماشای ڕۆخی ڕووبارەکەیان کرد. فیل قورتمەکەی هەڵکێشا و بە نێوان شفرە سپییە درێژەکانیدا لولی کردەوە. بە کردەیەکی هەڕەشە ئامێز و دەنگی خشە خش، گوێیەکانی پان کردەوە و خەریک بوو لە کیدیگۆ نزیک دەبووەوە. فیل سوارەکە، چاوی لە تازە هاتووەکە بڕی و کێردێکی پانی کە قولابێکی بە دەسکەکەیەوە بوو، بە دەستی ڕاستەی بەرز کردەوە کە کەڵکی لێوەربگرێت، بەڵام کێردەکە هەندێک لە دەستیدا دەلەرزی. کیدیگۆ بەبێ ئەوەی کە وشەیەک بە زمان بێنێت، لە ڕۆخی ئاوەکە نزیک بووەوە و نێزەکەی فڕێدایە سەر زەوی و پێی لەسەر دانا و دەستی بێ چەکی کردەوە و بە ئارامی گوتی:

**– (سڵاو هاوڕێ، من و هاوڕێکانم کە گەیشتوینەتە ئێرە، ڕێبوارێکی بێکەسین و دەمانەوێ بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانەکەمان و دەمانەوێ داوای یارمەتی لە خەڵکی گوندی ئێوە بکەین...)** فیل سوارەکە قسەی نەکرد. ئەوانەی لە ژێر دارەکاندا خۆیان حەشاردابوو، بێدەنگ چاوەڕوان بوون کە بزانن، ئایا ئەو پیاوە لە قسەکانی کیدیگۆ گەیشتوە، یان نا. ئەوانەی دواتر ڕوویان دەدا، خاڵێکی گرنگ بوون لە چارەنوسی ڕێبوارەکاندا.

پیاوە فیل سوارەکە، ئارام کێردەکەی هێناخوار. فیل قورسایی خۆی لەسەر لاقێکیەوە خستە سەر لاقەکەی تری کە لە ئاودا بوو، و قورتمەکەی شۆڕ کردەوە، بە جۆرێک بەنێوان شفرەکانیدا هەڵواسرا. فیل سوارەکە، لەپڕ قسەی کرد و پاندیۆن پشویەکی هاتەوە بەر و هێمنی بۆ گەڕایەوە. لەو کاتەدا جووڵەیەکی پڕ لە شادی سەرتاپای کیدیگۆی لەخۆی گرت. وتەکانی فیل سوار پێداگریی بەهێز و نوێنەرایەتی کردنێکی ڕەوشەن بوو کە لە زمانی ڕەوانی کیدیگۆدا نەدەبیسترا، بەڵام پاندیۆن توانی لە هەندێک وشە ئاشناکانی بگات. دەنگێک بە فیز و دەعیەوە لەسەر پشتی فیل بەرز بووەوە:

**– (بێگانە خەڵکی کوێی و هاوڕێکانت لە کوێن؟)**

کیدیگۆ بۆی ڕون کردەوە کە لە تاکیوم دیل بوون و ئێستا خەریکن دەگەڕینەوە بۆ وڵاتەکانیان و بەرەو ڕۆخی دەریا شۆڕبوونەوە. ڕەش پێستەکە ئاماژەی بۆ هاوڕێیانی کرد. هەر ١٨ کەسە لاواز و بێ وزەکە بەرەو ڕوبار لێژ بوونەوە. فیل سوار لە کاتێکدا بە دژواری بە زمانی ڕەش پێستەکە قسەی دەکرد، پرسی:- **(تاکیوم؟ چۆنە؟ ئەو کیشوەرە لە کوێیە؟)** کیدیگۆ، باسی کیشوەرێکی بەهێزی کرد کە لە درێژەی ڕوبارێکی مەزن لە باشوری ڕۆژهەڵات هەڵکەوتووە و فیل سوارەکە بە هێمای تێگەیشتن لە وتەکانی سەری جوڵاندەوە:

- **(دەربارەی ئەو کیشوەرەم بیستوە، بەڵام ئێوە چۆن ڕێیەکی وا دوور و مەترسیدارەتان بڕیوە و گەیشوونەتە ئێرە؟)** لە قسەکانی فیل سواردا هێمای ناباوەڕی هەبوو. کیدیگۆ بە پەژارەوە پێی گوت:

- **(داستانەکە درێژە، تەماشای ئەو خەڵکە بکەن.)** ڕەش پێست ئاماژەی بۆ کاڤێۆس و پاندیۆن و لیبیاییەکان کرد و گوتی:

- **(هەرگیز خەڵکێکی وەک ئەوانەت لێرە بینیوە؟)** فیل سوار بە وردی تەماشای جەستەی ئەندامانی گروپەکەی کرد کە هەرگیز ئەوانی نەبینی بوو، و بەرە بەرە تەمی ناباوەڕی لەسەر ڕەوی و بە دەست زەبرێکی توندی لە سەری فیلەکە دا و گوتی:

- **(بڕیاردان لەسەر ئێوە، بۆ گەورەکانمان دەگەڕێتەوە. تا ئەم کاتەی فیل لێرەیە، وەرن بۆ ئەم بەرەی ڕوبار و چاوەڕوان بن. دەربارەی ئێوە چ بە سەرۆکەکانمان بڵێین؟)** کیدیگۆ بە وردی وەڵامی دایەوە و گوتی:

- **(بە سەرۆکەکانتان بڵێن ڕێبوارەکان ماندوون و ئێزنیان دەوێت لە گوندی ئێوەدا پشو بدەن و ڕێیەک بەرەو دەریا بدۆزنەوە. ئێمە شتێکی ترمان ناوێت.)** فیل سوارەکە چوو لە فیکرەوە:

- **(ئێمە هەرگیز شتێکی بەم جۆرەمان نەبیستووە و خەڵکێکی بەو جۆرەشمان نەدیوە.)** دواتر بەرەو هاوڕێیانی گەڕایەوە و دەنگی دان:

- **(ئێوە وەپێش کەون، من بە دوای ئێوەدا دێم.)**

گەنجەکان کە بێدەنگ، ئەو نموەوارانەیان هەڵدەسەنگاند، گوێ بە فەرمان و بە پەلە، لە کاتێکدا پشت سەری خۆیان تەماشا دەکرد و قسەیان پێکەوە دەکرد، بە ڕۆخی ڕوبارەکەدا بەڕێکەوتن. فیل سوار، سەری فیلەکەی سوڕاندەوە و بە لاتەنیشتەوە لە ئاوەکەدا ڕاوەستا.

ڕێبوارەکان تا سنگیان چوون لە ڕووبارەکەوە و لێی پەڕینەوە. دوای پەڕینەوەیان، فیل سوار بە پەلە ئاژەڵەکەی بە هەنگاوی توند لێخوڕی و بەشوێن مەلەوانەکان کەوت و زۆر زوو لەنێو پۆلێک داری قوڵەدا ون بوو.

کۆیلەکانی پێشوو، لەسەر تاتە بەردان دانیشتن و چاوەڕوانی چارەنوسی خۆیان بوون. هەرچەندە کیدیگۆ دڵنیایی بە هاوڕێیانی دابوو کە فیل دارەکان هیچ زیانێکیان پێ ناگەیەنن، بەڵام لیبیاییەکان زیاتر لە ئەوانی تر دڵتەنگ و بە پەرۆش بوون.

زۆری نەخایاند، چوار فیل لە درێژایی کێڵگەدا بەدەر کەوتن. هەرکام لە فیلەکان، کەژاوەیەکی لە شولک چندراویان لەسەر بوو. هەر سەکۆیەی شەش پیاوی بە کەوان و نێزەی پان تێدابوو. کۆیلەکانی پێشوو لەگەڵ ئەو چەکدارانە چوون لە گوندەکەیانەوە کە زۆر نزیک لە شوێنی دیدارەکەیان و لە قۆرتێکی ڕووبارو نزیکەی چوار هەزار کوبیت لە باشوری ڕۆژئاوا هەڵکەوتبوو.

نزیکەی ٣٠٠ خانوبەرە لەنێوان دار و درەختی سەوزدا، لەبەر قەوێک دروست کرابوون. لە باسکی چەپی گوندەکەدا، دارستانێکی پڕ لە داری قوڵە و بەربڵاو هەبوو. هەندێک ئەوبەرتر لە باسکی ڕاستی دارستانەکە، کۆگایەکی گەورەی بنەداری ئەستور دەبیندرا کە سەریان تیژ کرابوو. سەری تیژی ئەو بنەدارانە، لە زەویدا بوو، و بە شولکی تەر لێکیان گرێدابوون. بە جۆرێک کە شێوازی دیوارێکی قایمیان هەبوو. لە دەوروبەری خانووەکاندا خەندەکی قوڵیان هەڵکەندبوو، و بە بنەدار دەوری خەندەکەکەیان گرتبوو. پاندیۆن گەورە بوونی خانووەکانی لا سەیر بوو، بەڵام کیدیگۆ تێی گەیاند کە ئەوانە ئاغەڵی فیلەکانن.

ڕێبواران، هەر وەکوو پێشتر لە ڕۆژهەڵات کردبوویان، لێرەش لەلای سەرۆک و گەورەکانی ئەو گوندە گەورەیە ڕاوەستان و دووبارە باسیان لە داستانە سەرنج ڕاکێشەکەیان کرد کە ئێستا سەرکەوتنی ڕێپێوانێکی درێژیشی بە نێوان وڵاتانی نەناسدا لێ زیاد ببوو. سەرۆکەکان، کۆمەڵێک پرسیاری ورد و درێژیان لێ کردن. چەک و شوێنی داغکردنی فیرعەونەکانیان لەسەر پشتی کۆیلەکانی پێشوو دی و داوایان لە کاڤیۆس و پاندیۆن کرد، دەربارەی کیشوەرەکانیان کە لە ناوچەیەکی دوورکەوتووی باکوری دەریا هەڵکەتبوون، ڕونیان بکەنەوە. پاندیۆن، سەری لە زانیاری بەرفرەوانی ئەو پیاوە پرسیارکەرانە سوڕما؛ ئەوان نەک هەر بە وڵاتی "نوب" ئاشنا بوون، کە ڕێبوارەکان لێی

هاتبوون، بەڵکوو گەلێک ناوچەی تری باکور، باشور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئەفریقاشیان دەناسی. کیدیگۆ لەوە خۆشحاڵ بوو کە خەڵکی ناوچەکە، ئامادە بوون ڕێی نیشتمانەکانیان پێشان بدەن و ئاوارەکان بە زوویی و بە شێوەیەکی دروست دەگەنەوە بۆ وڵاتەکانیان. کۆبوونەوەی ڕیش سپییەکان زۆری نەخایاند و سەبارەت بە چارەنوسی تازە هاتووەکان بڕیاریاندا. ئەوان ئیزنیان بە تازە هاتووەکاندا کە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ لە گوندەکەیاندا پشوو بدەن و بە گوێرەی یاسای پێشوازیی کردن لە میوان، خواردن و شوێنی پشودانیان بۆ دابین بکەن. ژورێکی گەورەیان لە قەراخ گوندەکە بۆ ئامادە کردن و بڕیار بوو، فیلەوانەکانیش ڕێی دروستیان بۆ گەڕانەوەی وڵاتەکانیان پێشان بدەن و لە ئاوارەیی ڕزگاریان بکەن. ئەو بڕیارە، جێی ڕەزامەندی کۆیلەکانی پێشوو بوو.

شێوازی ژیانی خەڵکی گوندەکە، سەرنجی پاندیۆن، کیدیگۆ و کاڤیۆسی ڕاکێشابوو. بەم مەبەستە ئەوان چوونە نێو گوند و ویستیان لە ژیانی ئەو ئاژەڵە ماڵی کراوانە بکۆڵنەوە. ئەوان توشی کۆگایەکی گەورەی شفرەی فیل[٢] بوون کە وەک دیوار هەڵیان چنیبوون. ئەو دیاردەیە جێی سەرنجی پاندیۆن بوو. بە ڕای ئەو، کۆکردنەوەی شفرەی فیلەکان بە واتای بچووک دیتنی "تحقیر" ئەو ئاژەڵانە بوو. ئەو خەڵکە ئەگەر بتوانن ئەو شفرە بەنرخانە بەم جۆرە لەنێو بەرن، دەبێ چەندیان لەو شفرانە هەبێت؟ کاتێک پاندیۆن لەم بارەیەوە پرسیاری لە یەکێک لە پیاوانی گوند کرد، ئەو بە گرنگی پێدانەوە، پێشنیازی پێکرد بۆ بینینی کۆگایەک لەو شفرانە لە ناوەڕاستی گوند، ئیزن وەرگرێت. ئەو پیاوە، ئاماژەی بۆ دوو کۆخ کرد کە ١٥٠ کوبیت درێژ بوون و گوتی:

– **(لەوێ ژمارەیەکی زۆر شفرە کۆکراوەتەوە.)** و دارێکی بەسەر سەریدا بەرز کردەوە کە بەرزایی شفرە کۆکراوەکانی بۆ ڕون بکاتەوە. پاندیۆن کە دەیویست بە شوێن سەرنجدانەکەیدا بچێت، پرسی: – **(ئێوە چۆن ئەو فیلانە ماڵی دەکەن؟)** پیاوەکە هەندێک نێوچاوانی تێکنا و بە گومانەوە تەماشای پاندیۆنی کرد و بە ئارامی پێی گوت:

– **(ئەوە، بە بێگانەکان ناگوترێت. ئەگەر دەتەوێ بەو شتە بزانی، بچۆ لە سەرۆک هۆزەکەمان بپرسە. کەسانێک کە ملوانکەی زێڕیان بە نەقیمی بەردی سور لە ملدا، بەرپرسی ماڵی کردنی فیلن.)**

پاندیۆن بە بیری هاتەوە کە پێیان گوترابوو، نەچنە ئەو جێیەی کە بە خەندەق دەوری گیراوە. ئەو هەرکە بە هەڵەی خۆی زانی، پەشیمان بۆوە، و هیچی تری نەگوت. لەو کاتەدا،

کیدیگۆ بانگی کرد. ڕەش پێستەکە لەنێو بینایەکی درێژدا کە چەند کەس کاریان تێدا دەکرد، ڕاوەستابوو.

بیناکە، کارگەی گۆزەکەریی بوو. چەند کەس لەوێ خەریکی دروست کردنی گۆزەی گەورە لە قوڕ بوون. ئەوان بۆ هەڵگرتنی دەغل و دان و بیرە، کەڵکیان لە گۆزە وەردەگرت. کیدیگۆ نەیتوانی خۆی ڕابگرێت... تۆپەڵە قوڕێکی گەورەی باش شێلدراوی هەڵگرت. هەڵتروشکا و تەماشای قوڕەبانی میچی ژورەکەی کرد و دەستی کرد بە ساز کردنی قالب. بەم بۆنەیەوە کە دەستە بە هێزەکانی گەڕانەوە بۆسەر پیشەکەیان، خوشحاڵ بوو.

پاندیۆن، بە هاوڕێکەی پێدەکەنی و گۆزەکەرەکانیش بەپێکەنینەوە خەریکی کاری خۆیان بوون. دەستە لێوەشاوەکانی ڕەش پێست، بە ئارامی قوڕەکەیان دەبڕی، هەڵیاندەشێلا و نەرمیان دەکردەوە. بەرە بەرە، ئەو تۆپە قوڕە نارێکە، شێوازی پشتی پان، لێژ و بە گرێی وەک هەمبانە بەخۆوە گرت کە بە شانەکانیەوە هەڵواسرابوو. ئەو شانانەی کە لە شانی فیل دەچوون. گوزەکەرەکان خێرا سەرت وخورتەکانیان بڕی و لە گۆزەکانیان دوور کەوتنەوە و دەوری کیدیگۆیان گرت، بەڵام کیدیگۆ بە ڕادەیەک چووبوو لە کارەکەیەوە کە لەوان بێئاگا بوو.

ڕانی ئەستور لەسەر زەوی دانرا، فیل سەری بەرز کردبۆوە و قورتمەکەی بەرەو پێشەوە بردبوو. کیدیگۆ چەند ئێسکی دیتەوە کە وەک پەڕی باوەشێن بوون و ئەوانی لێک بەست و خستیە نێو قوڕەکەی و قالبی گوێی فیلەکەی هەڵگرتەوە. دەنگی بارەقەڵا لەنێو تەماشاکەراندا بڵاو بووەوە. یەکێک لە گۆزەکەرەکان بە نهێنی بیناکەی بەجێهێشت. کیدیگۆ، کە لەسەر پاشووی فیلەکە کاری دەکرد، هەستی کرد یەکێک لە سەرۆکەکان کە پیرە پیاوێکی مل باریک، لوت زل و هەڵگەڕاوە بوو بە ڕیشێکی ماشی، هات و بە تەماشاکەرانەوە زیاد بووە.

پاندیۆن لەسەر سنگی ئەو پیاوەدا، زەنجیری زێڕی ناسراو بە ڕامکەری فیلی بینی. پیرە پیاوەکە، تا تەواو بوونی کاری کیدیگۆ مایەوە و تەماشای ڕەش پێستەکەی کرد. ئەو کشایەوە و دەستەکانی پاککردەوە و لە کاتێکدا پێدەکەنی، بە چاوی ڕەخنەوە تەماشای پەیکەری فیلەکەی دەکرد. پەیکەرەکە نزیکەی یەک کوبیت بەرز بوو. گۆزەکەرەکان بە دەنگی بەرز دەستخۆشیان لە کیدیگۆ کرد. سەرۆکە پیرەکە برۆ پانەکانی هەڵکێشا و دەنگەکان بە کۆتا هاتن. وەک ئەوەی کە زانیاریی لەو کارەدا هەبێت، سەرۆک دەستی لە

قورەکە دا و بە ئاماژەیەک کیدیگۆی بانگ کردە لای خۆی. سەرۆک بە گرنگیدانی بە کارەکەی پێی گوت:

– **(تۆ کە بەو ئاسانییە دەتوانی شتێک دروست بکەیت کە هیچکام لە مرۆڤەکانی ئێمە توانای دروست کردنیان نیە؛ دەبێ پیشەوەرێکی گەورە بیت. بڵێ بزانم، ئایا جگە لە فیل، دەتوانی پەیکەری مرۆڤیش دروست بکەیت؟)** و دواتر سەرۆک بە زەبرێکی ئارام پەنجەی لەسەر سنگی خۆی دانا. کیدیگۆ سەری بۆ جوڵاندەوە و سیمای سەرۆک بەرە بەرە گرژی تێکەوت. کیدیگۆ گوتی:

– **(بەڵام لە نێو ئێمەدا پیشەوەر هەیە کە باشتر لەمن دەتوانێ پەیکەر لە مرۆڤ دروست بکات. ئەو لە کیشوەرێکی دووری باکورەوە هاتووە و ئەوان پەیکەرتاشن و ئەو هاوڕێیەی ئێمە دەتوانێ پەیکەری تۆ بتاشێت.)** ڕەش پێستەکە، ئاماژەی بۆ پاندیۆن کرد کە لە تەنیشتیان ڕاوەستابوو. پیرە پیاوەکە، ڕووی پرسیارەکەی لە پاندیۆن کرد و ئەویش بە دیتنی چاوی داواکەرانەی هاوڕێکەی، هاودەنگی لەگەڵ کرد و گوتی:

– **(بەڵام سەرۆک، دەبێ بڵێم کە لە وڵاتی مندا، پەیکەر لە بەردی نەرم، یان کۆلکەدار دەتاشن. من لێرە نە ئامێرم هەیە و نە بەرد، تەنیا دەتوانم پەیکەری تۆ لە قوڕ و کا دروست بکەم.)** سەرۆک دەستی لە سنگی خۆی کردەوە و پاندیۆن درێژەی بە وتەکانیدا:

– **(قوڕ زوو وشک دەبێتەوە و دەقەڵشێ؛ وێنەی تۆ تەنیا چەند ڕۆژ دەوام دێنێت....)** سەرۆک پێکەنی و گوتی:

– **(دەمەوێ بزانم پیشەوەری بێگانە دەتوانن چۆن شتێک دروست بکەن، باشە کە گۆزەکەرەکانی ئێمە، کاری ئەو ببینن.)** پاندیۆن لە وەڵامیدا گوتی:

– **(زۆر باشە، من هەوڵی خۆم دەدەم، بەڵام تۆ دەبێ تا ئەوکاتەی من کارەکەم تەواو دەکەم، لە بەرامبەر مندا بوەستی.)** سەرۆک لای سەیر بوو، پرسی:

– **(بۆچی؟ ناتوانی وەک چۆن ئەوە کردی، تۆش شکڵ بە قوڕەکە بدەیت؟)** پیرە پیاوەکە ئاماژەی بۆ کیدیگۆ کرد. پاندیۆن لە دانەوەی ئەو وەڵامەدا بێدەنگ بوو، و هەوڵی دەدا وەڵامێکی بۆ بدۆزێتەوە کە کیدیگۆ گوتی:

– **(من تەنیا فیلم دروست کرد، بەڵام تۆ کە ڕام کەری فیلی، دەزانی فیلەکان لە یەکتر ناچن. ئەو کەسەی کە فیلەکان ناناسێ، لایوایە هەموو فیلەکان لە یەکتر دەچن و یەک شێوازیان هەیە.)** سەرۆک قسەکەی سەلماند:

**- (تۆ ڕاست دەکەی. من کە فیلێک دەبینم، دەسبەجێ دەتوانم ورە و هەڵسوکەوتی پێشبینی بکەم.)** کیدیگۆ پشتی بە وتەکەی بەست و گوتی:

**- (ڕاستیەکەی ئەوەیە، هەر کاتێک من بمەوێ پەیکەر لە فیلێکی تایبەت دروست بکەم، دەبێ ئەو فیلە لە بەرامبەر خۆمدا ببینم. هاوڕێکەشم بەو جۆرەیە، ئەو پەیکەری مرۆڤێک دروست ناکات، بەڵکوو دەیەوێ پەیکەری تۆ بتاشێ. لەبەر ئەوە، تا ئەو کاتەی خەریکی کار کردنە، دەبێ تەماشای تۆ بکات.)**

**- (تێدەگەم، بڵێ هاوڕێکەت کاتی پشودانی دوای نیوەڕۆ بێتە لای من و لە ڕوو بە ڕوویدا دادەنیشم.)** سەرۆک ڕۆیشت و گۆزەکەرەکان، فیلە قورەکەیان لەسەر مێزێک دانا و ژمارەیەکی زۆر لە گوندییەکان هاتن بۆ تەماشا کردنی و زۆریان بەدڵ بوو. کیدیگۆ بە هاوڕێکەی گوت:

**- (باشە، پاندیۆن، چارەنوسی ئێمە لە دەست تۆ دایە. ئەگەر سەرۆک پەیکەرە دروستکراوەکەی تۆی بەدڵ بێت، فیل دارەکان یارمەتیمان دەکەن...)** یۆنانی گەنج، سەری بە هێمای سەلماندنی قسەکەی جوڵاندەوە و هەر دوو هاوڕێ لە کاتێکدا کۆمەڵێکیان منداڵ بە دوادا دەهات، گەڕانەوە بۆ ماڵەکەیان.

پاندیۆن، خەریکی خۆش کردنی تۆپە قوڕێک بوو کە گۆزەکەرەکان لەسەر تەختەیەک بۆیان دانابوو. سەرۆک لەسەر کورسییەک دانیشت و پرسی: **(دەتوانی قسە لەگەڵ من بکەی؟ ئایا قسە کردنت لەگەڵ من پێش بە کارەکەت ناگرێت؟)** پاندیۆن وەڵامی دایەوە و گوتی:

**- (دەتوانم قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام زمانی ئێوە باش نازانم و لە هەموو وتەکانت ناگەم و ناچارم وەڵامەکانت بە چەند وشە بدەمەوە.)**

**- (کەوابوو، هاوڕێکەت بانگ بکە کە خەڵکی دارستانەکانی ڕۆخی دەریایە، با ئەو لێرە لەگەڵ تۆ بێت. من لێرە ئەگەر وەک مەیمون بە زمانی بەستراو دانیشم، ماندوو دەبم!)** کیدیگۆ هات و لە نێوان پاندیۆن و پیرە پیاوەکە، لە نزیک کورسی سەرۆک دانیشت و لاقە درێژەکانی لە ژێر خۆیدا کۆکردەوە. سەرۆک و پاندیۆن توانیان بە یارمەتی ڕەش پێستەکە بە شێوەیەکی ئاسایی قسە بکەن. سەرۆک، دەربارەی نیشتمانی پاندیۆن پرسیاری لێ کرد. شێوازی تەماشا کردنی سەرۆک، کاریگەریی لەسەر هەست و بیری پاندیۆن سەبارەت بە ماڵ کردنی فیل دانا کە هەر ئەوەش لەو پیاوە دنیا دیتووە بەدی دەهات.

پاندیۆن، باسی ژیانی خۆی لە وڵاتەکەیدا کرد. دەربارەی تسا، گەشتەکەی بۆ دورگەی کریت، بە کۆیلە گیرانی لە تاکیوم و هەوڵی گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەی، بۆ سەرۆک گێڕایەوە. لەگەڵ قسە کردنیشیدا، بە پەنجەکانی قوڕەکەی قالب دەکرد و کیدیگۆش وتەکانی بۆ سەرۆک وەردەگێڕایەوە. پەیکەرتاش بە ویست و عەلاقە و پێداگریی کاری دەکرد. پەیکەری ئەو سەرۆکە بۆ ئەو، لە ڕێنمایەک دەچوو کە ئاماژەی بۆ بەندەرگای وڵاتی باوکانی دەکرد. چونکە بیرەوەرییەکانی ڕابردووی تاقەتیان لێ بڕیبوو، و مانەوەی لە لای فیل دارەکان هەستی نا تەندروستی لەودا پێکدەهێنا. پیرە پیاوەکە، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی:

- (**بە زمانی خۆت شتێک بڵێ.**) پاندیۆن چەند وشەیەکی بە زمان هێنا. ئەوانە وشەگەلێک بوون کە باوکە گەورەی پێی خۆشبوو. ئەو، کە داستانی قارەمانە ناسراوەکانی یۆنانی بۆ نەوەکەی دەگێڕایەوە، پێی دەگوت داستانەکە دووپات بکاتەوە. کاتێک ئەو وشانە لە دڵی ئەفریقادا دووپات دەکرانەوە، هەستێکی سەیریان هەبوو. سەرۆک پرسی: (**چیت گوت؟**) پاندیۆن شی کردەوە و گوتی ئەم وشانە ئاواتی هەموو هاونیشتمانانی منە: (**هەرچەندە یۆنان هێمای ئازاد بوونی هەیە!**) بە ڕواڵەت ئەو وشانە، سەرۆکی خستە نێو فیکرەوە. کیدیگۆ، بە ئارامی بە پاندیۆنی گوت، سەرۆک ماندوو بووە و کار کردن تا ئێرە بەسە. ڕامکەری فیل سەری بەرز کردەوە و گوتی: (**بەڵێ، بەسە! سبەینێ وەرەوە، چەند ڕۆژی دەوێت؟**) پاندیۆن سەرەڕای هێماکانی کیدیگۆ، بە دڵنیاییەوە گوتی: (**سێ ڕۆژ.**)

- (**سێ ڕۆژ، زۆر نیە، تاقەت دێنم.**) پیرە پیاو، هاودەنگی لەگەڵ پاندیۆن کرد و لە جێی خۆی هەستا. پاندیۆن و کیدیگۆ، قوڕەکەیان بە قوماشێکی تەڕ داپۆشی و لە کۆگای ماڵەکەیان دانا. لە دووەم ڕۆژدا، هەردوو هاوڕێ باسیان لە هێز و بینا گەورەکانی تاکیوم کرد. سەرۆکی پیر، نێوچاوانی تێکنا. داستانی خەڵکی میسر، ئەوی ناڕەحەت کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پێی خۆشبوو شتی زیاتریان لێ بزانێت. کاتێک پاندیۆن ئاماژەی بۆ دنیای تەنگ، خەفەقان و یەک شکڵی میسر کرد، سەرۆک نێوچاوانی گەش بووەوە. پیرە پیاوەکە بە سەرنجەوە گوتی: (**ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئێوەش دەربارەی خەڵکی من شتێک بزانن. ئێوە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکانتان و دەربارەی خەڵکی ئێمە زانیاریی بۆ وڵاتە دوور کەوتووەکانتان دەبەن.**)

سـەرۆک، بەو دوو هـاوڕێیەی گـوت کە چـۆن لە هێـزی فیـل بـۆ گەشـتە درێژەکـانی وڵاتەکەیان کەڵک وەردەگرن. گوتی تەنیا مەترسییەک کە هەڕەشەیان لێ دەکات، کاتێکە کە توشی ڕەوە فیلی دڕندە دەبن. لەو کاتانەدا، ڕەنگە فیلە ڕامکراوەکانمان هەوڵی گەڕانەوە بۆ لای برا دڕندەکانیان بدەن، بەڵام بۆ بەرگری کردن لەوەش کاری بەرگریکەرانە هەبووە. سەرۆک بە ئارامی گوتی:

**– (لە ڕۆژئاوا و باشور، لەو جێیەی کە خەڵکانی میواندۆست، پێشوازییان لە کۆیلەکانی پێشـوو کـرد، لەوبەری زەلکـاو، و چیـاکە، دەریـای گەورەی ئـاوی شـیرین هەبـوو. ئەو دەریایانە بە ڕادەیەک گەورە بوون کە تەنیا بەلەمی تایبەت دەیانتوانی بە چەند ڕۆژان لێیـان تێپەڕن. ئەو دەریـا شـیرینانە، یەک بە دوای یەکدا زنجیرەیەکی گەورەیـان بەرەو باشور لێ دەبووەوە و دەوریان بە زنجیرە چیایەکەوە گیرابوو کە دووکەڵ، ئاگر و چاڵی ئاگریان تێدا بوو، بەڵام لە دووریی ئەو دەریایانەدا، وڵاتێکی وشک و دەشتێکی بەرین هەبـوو کە ژمـارەیەکی زۆر ئـاژەڵی دڕنـدەی لـێ دەژیـا. ئەوە لە کاتێکدابوو کە سـنوری ڕاستینی وشکایی، واتا کەنـاری بەکۆتـا نەهـاتووی، هێشـتا دوورتـر بەرەو ڕۆژهەڵات لە تەنیشت زەلکاو بوو. دوو چیای سپی گەورە، بە مەودایەکی زۆر دوور لە یەکتر، بەسـەر دەشتە بەرینەکەوە بوون. کەسێک کە خۆی لە نزیکەوە ئەوانی نەبینیبێت، ناتوانێ جوانیی ئەو چیایانە بخاتە مێشکیەوە.)** پیرە پیاوەکە درێژەی پێدا و گوتی:

**– (ئەو شـاخانە، بە دارسـتانێکی چـڕ گەمـارۆ درا بـوون و مرۆڤـی دڕنـدە و ئـاژەڵی دڕنـدەی سـەیریان لـێ دەژیـا. خەڵکێکـی فیـل داریشـیان لە دۆڵە تەنگەکانـدا دیبـوو کە چەکەکانیان لە ئێسقان و بەرد بوو. لە دارستانەکانی باکورتردا، لە ناوچەی چیای سپی، یەکانەی دڕندە هەبوون کە باڵایان دەگەیشتە کەرگەدەنی قورس و گەورە و دوو شاخیان لە تەنیشت شەویلکەی سەرویان بوو. خەڵک هەبوون، بۆ ئەوەی کە دەستی دوژمنیان پێ نەگات، لەسەر دەریای ئـاوی شـیرین دەژیـان[٣]، چونکە ئەو دوژمنـانە مرۆڤخۆر بوون.)** پاندیۆن لە سەرۆکی پرسی:

**– (وڵاتی ئەفریقا تا چ ڕادەیەک بەرەو باشور دەچوو، ئایا ئەوە ڕاسـتە کە لەوێ خـۆر دووجار دادەکشا؟)** پیرە پیاوەکە بەو پرسیارە گەشایەوە. دەرکەوت کە لە تەمەنی نزیک بە چل ساڵیدا، ڕێبەری گروپێکی گەورەی باشور بووە. ئەوان بیست فیلیان هەڵبژاردبوو، و بۆ دۆزیـنەوەی زێـڕ و گیـای بەنـرخ کە هێـزی بە پیرەکـان دەبەخشـی و تەندروسـتی بە

نەخۆشەکان، چووبوون بۆ دەشتەکانی باشور. لەوبەریدا، ڕوبارێکی[٤] گەورە هەبوو کە لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات دهات. تاڤگەیەکی گەورەی لێ بوو کە بە بەردەوامی پەلکە زێڕینە لە سەری یاری دەکرد. دەشتە بێ سنورەکان بە گیای سەوز داپۆشرابوون. لە درێژایی ئەو دەشتە سەوزانەدا، لە کەناری دەریا، لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا داری قەد ئەستور هەن کە گەڵاکانیان وەک ئاسنە و لە بەرامبەر تیشکی خۆردا، وەک ئەوەن کە ملیۆنان ئاوێنەیان پێ هەڵواسرا بێت، دەدرەوشانەوە. پیرە پیاوەکە گوتی: (**لە باشور، گیا و گەڵای سەوز نیە، بەڵکوو گەڵا و گیاکانی بۆر و شین کەم ڕەنگ و پڕ ڕەنگن کە بوونەتە هۆی ساردیی و سەیر بوونی ناوچەکە. هەروەها ئەوەش ڕاستە کە هەرچەندە مرۆڤ بەرەو باشور بچێت، کەش ساردتر دەبێت.**) پیاوەکە، هەروەها گوتی: (**وەرزی بارانی ئەوان هاوکاتە لەگەڵ وەرزی وشکانی ئێمە و بۆ خەڵکانی باکور، لەوێ کەش بە ڕادەی چاوەڕوان نەکراو، ساردە.**) پیرە پیاوەکە باسی داری ڕەنگ زێوینی زۆر گرنگی بۆ پاندیۆن کرد و گوتی:

– (**ئەو دارانە، لە دۆڵ و شیوە تەنگەکانی چیاکانی بەشی باشور هەن. دارەکان نزیکەی سی کوبیت بەرز دەبن، توێڵەکانیان ناسک و گرێ گرێیە و گەڵای لە ژمارە نەهاتووی ڕەنگ زێوینیان لە بەرامبەر تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە. هەر کەسێک ئەو دارە سێحراویانە دەبینێت، خۆشی لێیان دێت.**) پیرە پیاوەکە درێژەی بە وتەکەیدا و گوتی:

– (**چیای لم "ڕەڵم" و پڕ لە کڵۆ بەرد، وەک کوشکی ڕەنگ ئەرخەوانی و دیوار، بەرز بوونەتەوە و لە ژێریاندا داری کۆم و پشت کووڕ هەبوو کە بە گوڵی سور و ڕەوشەن داپۆشرابوون. لە بەشی بناری بەردین و دەشتەکەیدا، کۆمەڵێکی زۆر دەوەنی ناحەزی تێکەڵاو، و داری قوڵە بە گەڵای ئەستور شین ببوون. گەڵاکانیان شیرێکی ژاراوی لێ دەهات و وەک پەنجەی کراوە، بەسەر چڵی دارەکاندا، دوو دوو درێژ ببوونەوە. دارەکانی تریش گەڵای وەک ئەوانیان هەبوو. گەڵای سوری وەک کڵاو کە بەرەو خوارەوە هاتبوون و لە کۆتایی چڵە کۆم بووەکانیاندا شین ببوون. ئەو چڵانە، نزیکەی چوار کوبیت بەرز بوون و لەسەر ئەوانیشەوە هیچ چڵێکی تر نەبوو. لە نزیکی ڕوبارەکانی تەنیشت دارستانەکاندا پاشماوەی بینای شوێنەواریی هەبوو کە بە بەردی گەورەی تاشراو دروست کرابوون و بە ڕواڵەت ئەوانە کاری پیاوانی بەتوانا بوون کە زانیاریی زۆریان هەبوو.**) پیرە پیاوەکە لە درێژەی وتەکانیدا گوتی:

**– (ئەمڕۆ، جگە لە سەگی درندە و مەترسیدار کە کاتی مانگەشەو لورەیان دێت و ئاژەڵدارە ڕەشماڵ نشینەکان و ڕاوکەرە هەژارەکان کە لەو دەشتانەدا ئاوارەن، کەسێکی تر لەو ناوچە کاول بووانەدا ناژیت. دیسانیش بەرەو باشورتر، خەڵکانێک[٥] دەژین کە پێستی لەشیان ئەسمەر و ڕونە. ئەوان ئاژەڵدارن و خاوەنی ڕەوەی گەورەن، بەڵام گروپی نێردراوی فیلداران تا ئەوێ نەچوون.)**

پاندیۆن و کیدیگۆ بە زەوقەوە گوێیان بۆ قسەکانی پیرە پیاوەکە ڕاگرتبوو. داستانی دەشتە سەوزەکان لە ئەفسانە دەچوو کە تێکەڵاوی ڕاستیی کرابوو؛ ئەو زۆر جاران چاوی لە شوێنێکی دوور دەبڕی. چاوەکانی دەدرەوشانەوە و بە ڕای پاندیۆن، ئەو لە ناخیدا وێنەکانی پێشووی مابوون‌و بە بەر چاویدا دەهاتن. سەرۆک لە پڕ وتەکانی بڕی و گوتی: **(تۆ کارەکەت ڕاگرت و من ناچار دەبم کە ڕۆژانی زیاتر لەپێش تۆ دانیشم!)**

هەرچەندە پێویست بە پەلە کردن نەبوو، بەڵام پاندیۆن پەلەی کرد و تێگەیشت پەیکەری نیوتەنەی پیرە پیاوەکە سەرکەوتووتر لە هەموو ئەو کارانەی بووە کە پێشتر کردبوونی. پاندیۆن، سەرەڕای کۆمەڵێک ڕووداو کە لێیان تێپەڕ ببوو، بەرە بەرە لێوەشاوەیی خۆی بەدەست هێنایەوە. ئەزموونی گەورە و بە دواداچوونەکانی لە میسر، ئەوی بە پلەیەکی بەرز گەیاندبوو. لە سێیەم ڕۆژدا، چەندجار پەیکەرەکە و سەرۆکی پێکەوە بەراورد کرد. یۆنانی گەنج بە هەڵکێشانی ئاخێکی قوڵ، گوتی: **(تەواو بوو.)** سەرۆک پرسی: **(تەواوت کرد؟)** و کاتێک پاندیۆن بە هێمای بەڵێ سەری جوڵاندەوە، سەرۆک هەستا و بەرەو پەیکەرەکەی چوو.

کیدیگۆ بە چاوی پەسند کردن، تەماشای دروستکراوی پاندیۆنی کرد و نەیتوانی لە ئافرین گوتن پێی، خۆی بپارێزیت. قوڕ، سەرەڕای یەک ڕەنگ بوونی، هەموو هێڵەکانی ئەسڵیی سیمای تورە، ئاقڵ، لە خۆبایی، ئێسقانی سەخت و زەق، نێوچاوانی پان، لێوی ئەستور و لوتی پان و کونە لوتی پێکەوە نوساوی پێشاندەدا.

پیرە پیاو، ڕووی لە ژووری ماڵەکەی کرد و بە ئارامی کەسێکی بانگ کرد. یەکێک لە هاوسەرەکانی کە ژنێکی گەنج بوو، وەڵامی دایەوە. ئەو کە قژی بە شێوەیەکی ورد هۆندبۆوە و وەک سابات لەسەر نێوچاوانی کۆکردبۆوە، هات و ئاوێنەیەکی دایە. ئاوێنەکە زێوی لە دەور گیرابوو، و دیار بوو کە لە یەکێک لە کیشوەرەکانی باکوردا دروست کرابوو، و بە شێوەیەکی نادیار گەیشتبووە نێو دڵی ئەفریقا. سەرۆک، ئاوێنەکەی بە

مەودای درێژایــی باســکی لە بەرامــبەر خــۆی و پەیکەرەکەیــدا ڕاگــرت و خەریکــی هەڵسەنگاندنی دروستکراوی پاندیۆن بوو. پاندیۆن و کیدیگۆ چاوەڕوانی دادوەریی پیرە پیاوەکە بوون. سەرۆک بۆ ماوەیەکی زۆر بێدەنگ مایەوە و دواتر ئاوێنەکەی لابرد و گوتی:

– (**هێزی توانایی مرۆڤ، گەورەیە.... تۆ، بێگانە پتر لە هەموو کەسێک لە کیشوەری ئێمەدا، ئەم توانایەت هەیە. تۆ پەیکەری منت باشتر لەوەی کە هەم، تاشی. ئەوە بەو واتایەیە کە دەربارەی من باش فیکر دەکەیەوە. من قەرەبووی زەحمەتی تۆ دەکەمەوە، چ پاداشتێکت دەوێت؟**) کیدیگۆ، نەقورچکێکی لە پاندیۆن گرت، بەڵام یۆنانی گەنج، بە جۆرێک وەڵامی سەرۆکی دایەوە کە لەوە دەچوو لە ناخیەوە دەرکەوتبێت:

– (**تۆ هەمووی ئەو شتانە دەبینی کە من هەمە. من جگە لە نێزەیەک کە پێشتر پێیان بەخشیوم، شتێکی ترم نیە...**) یۆنانی زمانی گیرا و بە شێوەیەکی نارێک درێژەی بە وتەکانیدا:

– (**من لێرە، لە وڵاتێکی بێگانەدا پێویستم بە هیچ شتێک نیە. من خۆم وڵاتم هەیە کە زۆر لێرە دوورە، بەڵام هێشتا بە گەورەترین گەنجی من دەژمێردرێت. یارمەتیم بدە کە بگەڕێمەوە بۆ وڵاتەکەم.**) ڕاوکەری فیل بە شێوازێکی باوکانە، دەستی خستە سەرشانی پاندیۆن و گوتی:

– (**دەمەوێ جارێکی تریش قسەت لەگەڵ بکەم. سبەینێ لەگەڵ هاوڕێکەت وەرەوە بۆ ئێرە، ئێستا ئەوە تەواو دەکەین. من بە گۆزەکەرەکان دەڵێم قوڕەکە بە جۆرێک وشک بکەنەوە کە هەرگیز نەقەڵشێت. دەمەوێ ئەم وێنەیەم ڕابگرم. ئەوان قوڕە زیادەکەی لێ دەکەنەوە و بە قوماشێکی تایبەت دایدەپۆشن و بە شێوازی کارەکەیان دەزانن. تەنیا شتێکم بە دڵ نیە کە ئەویش چاوە کوێرەکانیەتی، دەتوانیی ئەم بەردانەی دەتدەمێ، لە جێی چاوەکانی بنێی؟**)

پاندیۆن هاودەنگی لەگەڵ کرد و پیرە پیاوەکە جارێکی تریش هاوسەرەکەی بانگ کرد. ئەم جارەیان، ئەو سندوقێکی زێڕ و زیوەر هێنا. سندوقەکە لە پێستی پڵنگدابوو. سەرۆک، تورەکەیەکی لە سندوقەکە دەرهێنا کە لەودا هەندێک بەردی خڕ و درێژی هێلکەیی[٦] هەبوو کە وەک ئاو شەفاف بوون. درەوشانەوەی ناسروشتی ئەو بەردانە، سەرنجی

پاندیۆنیان ڕاکێشا. لەوە دەچوو، هەرکام لە بەردەکان، هەموو هێزی تیشکی خۆریان تێدا کۆکرابێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەردەکان سارد، لوس و شەفاف بوون. سەرۆک گوتی:

– **(هەمیشە ویستوومە چاوم وەک ئەو بەردانە بێت و ڕەوشنایی ژیانیان تێدا ببیندرێت و هەرگیز نەگۆڕێن. تۆ ئەوی هەرە باشیان هەڵبژێرە و لەجێی چاوی پەیکەرەکەی بنێ.)**

پەیکەرتاشی گەنج، فەرمانی پیرە پیاوەکەی بەڕێوەبرد. پەیکەری سەرۆک شێوازێکی باوەڕ پێنەکراوی بەخۆیەوە گرت. بەردی لە پەلکەزێڕینە چوو، لە نێو قوڕە ڕەشەکەدا، دەدرەوشانەوە و شێوازێکی زیندوو، و سێحراویان بە چاو و سیمای بەخشی. جیاوازی ئاشکرای نێوان ئەڵماس و قوڕ، لە سەرەتادا بۆ پاندیۆن ناسروشتی بوو، بەڵام دواتر ئەوی توشی سەرسوڕمان کرد. هەرچەندە پتر تەماشای دەکرد، هاوئاهەنگییەکی زیاتری لەنێوان پێکهاتەی چاوی ڕەوشەن و قوڕە ڕەشەکەدا، لە سیمای پەیکەرەکەدا دەبینی. ڕامکەری فیل بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە گوتی:

– **(پیشەکەری بێگانە، ئەو بەردانەم بە نەریتی یادکردنەوە لێ قبووڵ بکە!)** و دواتر ژمارەیەک لە ئەڵماسەکانی لە دەست پاندیۆن نا. گەورەیی هەندێک لە ئەڵماسەکان بە ڕادەی دەنکی هەڵوچە بوون و گوتی:

– **(ئەم بەردانە هی دەشتەکانی باشورە و لەوێ لە ڕوبارردا دۆزراونەتەوە. لە دنیادا هیچ شتێک لەوانە ڕەقتر و خالیستر نیە. کاتێک گەیشتیەوە وڵاتە دوور کەوتووەکەت، دەتوانی، سەیر و سەمەرەکانی هەرێمی باشور کە دیاریی پیاوە فیلدارەکانن، بە خەڵکەکەت پێشان بدەی.)** پاندیۆن سوپاسی پیرە پیاوەکەی کرد و لەگەڵ کیدیگۆ ماڵی سەرۆکیان بەجێهێشت. دیارییەکەی لە جزدانەیەک خست کە بەردی یاخمۆسی تێدا بوو. سەرۆک بە دوایاندا چوو، و هاواری کرد: **(لەبیر نەکەی، سبەینێ وەرەوە!)**

کۆیلەکانی پێشوو، دوای گەڕانەوەی پاندیۆن و کیدیگۆ بۆ ماڵەکەیان، دەربارەی ئاکامی سەرکەوتنی پاندیۆن کە چۆن کاردانەوەیەکی دەبێت، بە هەژانەوە لەگەڵ یەکتر دوان. هیوایان خواست لەم ڕۆژانەدا درێژە بە گەشتەکەیان بدەن. هەموو هێماکان لەوە دەدوان کە فیلدارەکان ئیزنی گەڕانەوەیان پێدەدەن و ڕێگاشیان پێشان دەدەن.

پاندیۆن و کیدیگۆ، لە کاتی دیاریکراودا چوونەوە بۆ ماڵی سەرۆک. پیرە پیاوەکە ئاماژەی بۆ کردن کە بێنە پێشەوە و ئەوانیش چوون لە نزیک ئەو دانیشتن و بە دژواریی

توانیان هەژان لە خۆیان دوور بکەنەوە. سەرۆک بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو، و دواتر ڕووی تێکردن و گوتی:

– **(من لەگەڵ سەرۆکەکانی تر ڕاوێژم کرد و ئەوان لەگەڵ من هاودەنگ بوون. لە ئێستاوە تا پازدە ڕۆژی تر، دوای ڕاوی گەورە کە لیژنەیەکی گەورەشیان بۆ دۆزینەوەی گوێزی شەفاهێنەر و زێڕ لەگەڵ ڕەوانەی ڕۆژئاوا دەکەم، شەش فیل بە دارستاندا تێدەپەڕن و دواتر تا بەشی ڕووباری گەورە دەچن کە لێرەوە مەودای حەوت ڕۆژە.)** لە نێوان وتەکانیدا، سەرۆک بە پاندیۆنی گوت: **(ئەم دارە بەمن بدە.)** پیرە پیاو نەخشەی دوورگەیەکی گەورەی کێشایەوە و پاشاوێکی پێشانیدا، کە لەودا بەشێکی دەریا چووبوو لە وشکایەوە. کیدیگۆ ڕاچڵەکی و دەنگێکی نزمی لێهات. سەرۆک هێڵێکی خواری کێشایەوە کە ڕوبارێکی پێشاندەدا کە لە سەرچاوەکەیەوە ببوو بە دوو لق و لە سەر خاڵی دوو لقەکەدا خاچێکی دانا:

– **(فیلەکان بەو جێیەدا دەچن و ئێوەش لەگەڵیان دەکەون و بە ئاسانی لە دارستان تێدەپەڕن. لەوێوە دەبێ خۆتان بڕۆن، بەڵام بۆ گەیشتن بە دەریا، تەنیا پێنج ڕۆژی تری دەوێت...)** کیدیگۆ بە هەژانەوە، گوتی:

– **(ئەی باوکە، ئەی شازادە! تۆ ڕزگارکەری ئێمەی. ئەو ڕوبارە بە وڵاتی مندا تێدەپەڕێت و من دەشتێکی بەرین دەناسم کە زێڕی لێ دەبیندرێتەوە...)** ڕەش پێستەکە بە ڕادەیەک خۆشحاڵ بوو کە لە جێی خۆی هەڵبەزیەوە. پیرە پیاوەکە بە غرورەوە، گوتی:

– **(دەزانم، من هۆز و وڵاتی تۆ دەناسم و سەردەمێک لەگەڵ یەکێک لە بەهێزترین سەرۆکەکانی ئێوە بەناوی "یورمفۆ"[٧] ئاشنا بووم.)**

– **(یوڕمفۆ خاڵی منە.)** سەرۆک قسەی کیدیگۆی بڕی و گوتی:

– **(باشە! تۆ سڵاوی من بەو بگەیەنە. ئایا تێگەیشتی چم پێت گوت؟)** سەرۆک بەبێ ئەوەی کە چاوەڕوانی وەڵام بێت، کۆتایی بەو باسە هێنا و گوتی: **(ئێستا دەمەوێ لەگەڵ هاوڕێکەت قسە بکەم.)** ڕووی لە پاندیۆن کرد و پێی گوت: **(ئەگەر سەرکەوتی و گەڕایەوە بۆ نیشتمانەکەت، هەست دەکەم لە وڵاتەکەتدا دەبی بە پیاوێکی گەورە. هەرچی دەتەوێت بپرسە، من وەڵامت دەدەمەوە.)** پاندیۆن گوتی:

– **(ماوەیەکی زۆرە لەم فیکرەدام کە بپرسم ئێوە چۆن فیل ڕام دەکەن؟)** و بە گومانەوە درێژەی پێدا و گوتی: **(ڕەنگە گوتنی ئەوە، نهێنی بێت.)** پیرە پیاوەکە پێکەنی و گوتی:

– (ڕامکردنی فیل تەنیا بۆ نەزانەکان نهێنیە، هەموو کەسێکی ئاقڵ دەتوانی بە ئاسانی هەست بەو دیاردەیە بکات کە چۆن بە ئەنجام دەگات... بەڵام بە دوور لە نهێنی بوونی. ڕامکردنی فیل سەخت و زۆر مەترسیدارە، پێویستی بە خۆڕاگرییەکی بێ سنور هەیە. تەنیا بە ئەقڵ و زانین ناکرێت، بەڵکوو کاری جددی و دژواریشی پێویستە. لەو وڵاتانەدا کە هۆزی کەمتریان لێ دەژی، وەک وڵاتی من، پێویستە سێ سفەتی: هۆش، پیشە و ئازایەتی تەواو هەبێت. بێگانە دەبێ بزانی کە فیل بە گەورەیی ڕام نابێت. ئێمە، ئەوکاتە ڕامیان دەکەین کە فەرخەن. فەرخە فیل بە دە ساڵ ڕام دەبێت. دە ساڵ، زەحمەتی بەردەوامی دەوێت، تا فیل تێبگات، فەرمان بەڕێوە بەرێت و کاری پێویست ئەنجام بدات.) پاندیۆن بە سەرسوڕمانەوە گوتی

– (دە ساڵ!)

– (بەڵێ دە ساڵی تەواو، ئەویش ئەگەر بە دروستی دەسنیشانی ورەی فیلەکە بکرێت و ئەگەر توشی هەڵە نەبن، ئەگەرنا لە ماوەی پازدە ساڵیشدا ڕام ناکرێن. لە نێوان فیلەکاندا، فیلی توڕە و کەللەشەق و نەزان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا نابێ لەبیر بکەین کە گرتنی بێچووە فیلیش زۆر مەترسی هەیە. بەبێ ئەوەی کە فیلە ڕامکراوەکان، بچووکترین یارمەتیمان بدەن، ئێمە ناچارین، ئەوان بە دەست بگرین. چونکە ئەگەری ئەوە هەیە کە فیلە ڕامکراوەکان بگەڕێنەوە لای فیلە دڕندەکان. فیلە ڕامکراوەکان تەنیا کاتێک یارمەتیمان دەدەن کە فیلەکان دوور خرابنەوە و بێچووەکان بەسترابنەوە. هەمیشە چەند کەس لە ئازاترین کەسی ئێمە لە کاتی ڕاوکردنی فیلدا، دەکوژرێن.) دەنگی سەرۆکی پیر، خەمی بەخۆیەوە گرت: (بڵێ بزانم، ئایا ئەو وەرزیشانەت دیوە کە پیاوە شەڕکەرەکانی ئێمە دەیکەن؟ لە هونەری ڕاوکردندا، فێربوونی ئەو وەرزیشانەش پێویستە.)

پاندیۆن چەند یاری نائاسایی فیلدارەکانی بینیبوو. ئەوان لەسەر زەوی ساف و هەموار، دوو داریان بە بەرزایی پێنج کوبیت دەچەقاند و قامیشێکیان لەسەر ئەو دوو دارە دادەنا و لە دوورەوە بە ڕاکردن دەهاتن و خۆیان هەڵداویشت و بەسەر تەنیشتی ڕاستەیاندا، بەسەر قامیشەکەدا بازیان دەدا. پاندیۆن هەرگیز کەسێکی نەبینیبوو کە بتوانێ بەو بەرزاییە بازبدات. هەندێک لە باشترین بازدەرەکان دەیانتوانی نزیکەی شەش کوبیت باز بدەن. پاندیۆن بە تەواوی سەری لە لێوەشاوەیی فیلدارەکان سوڕ مابوو، بەڵام ئەوەی بۆ

دژوار بوو کە بزانێت، ئەوانە چۆن سودیان لەو هێزەیان دەبرد. کۆتایی قسەکانی سەرۆکی پیر و نێوچاوان گرژ، ڕونکردنەوەی ئەو بابەتە بوو. سەرۆک دوای هەندێک بێدەنگی گوتی:

– **(ئێستا تێگەیشتن چەندە دژوارە. هۆزی تریش هەن کە فیل ڕاو دەکەن. ئەوان، بە نێزەی قورس لە نێوان دارەکان، یان دەرپەڕاندنی فیلەکان بۆ نێو شیوەکان، یان کاتێک فیلەکان لە خەودان، دەکەوتنە سەریان و دەیانکوژن. من ئەو کارەت پێشان دەدەم.)** پیرە پیاوەکە بە دەست لەسەر چۆکی خۆیدا گوتی: **(من بە ڕاوکەری فیلەکانم فەرمان دەدەم کە لە ڕاوی داهاتوویاندا تۆش لەگەڵ خۆیان بەرن. بە زوویی ئەو کارە بەڕێوە دەچێت، واتا بەرلەوەی کە لیژنەی ڕەوانەکراو، لێرەوە بەرەو دارستانەکانی ڕۆژئاوا بچێت. ئایا دەتەوێ، شاهیدی شانازیی و هەوڵی دژواری هۆزەکەی من بیت؟)**

– **(بەڵێ، پێمخۆشە و سوپاست دەکەم سەرۆک. دەکرێ هاوڕێکانیشم لەگەڵ خۆم بەرم؟)**

– **(هەموویان زۆرن، بەڵام دەتوانی یەک یان دوو کەسیان لەگەڵ خۆت بەری. زیاتر لەوە، گرفت بۆ ڕاوکەرەکانی ئێمە دروست دەکات.)**

– **(کەوابوو ئیزن بدە، دوو لە هاوڕێکانم بەرم، یەکێک لەوان....)** پاندیۆن ئاماژەی بۆ کیدیگۆ کرد و **(ئەوی تریان...)** سەرۆک پرسی:

– **(مەبەستت لەوی تریان پیاوە نێوچاوان گرژە و ڕیش درێژەکەیە؟)** مەبەستی لە کاڤیۆس بوو. یۆنانیی گەنج، ڕاستیی بۆچوونەکەی سەلماند و پیرە پیاوەکە گوتی:

– **(دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم، بڵێ بێتە لام. گومان دەکەم، تۆ بە پەلەی کە بگەڕێیتەوە و بە هاوڕێکانت بڵێی کە ئێمە ئامادەین و یارمەتیتان دەدەین. کاتێک ڕۆژی ڕاومان دیاریی کرد، ئاگادارت دەکەمەوە. سەرۆک بە ئاماژە، ئیزنی بە پاندیۆن و کیدیگۆ دا کە بڕۆن.)**

******

بە دەنگی بەرز و هەڕەشەکەرانەی تەپڵەکان، ئەندامانی هۆزیان بۆ ڕاوکردن کۆکردەوە. هەندێکیان، کە گوریس و خواردن و ئاویان پێبوو، سواری فیلەکان بوون و ئەوانی تریش بەپێ وەڕێکەوتن. پاندیۆن و کیدیگۆ و کاڤیۆس کە نێزەی قورسیان پێبوو، تێکەڵی پیادەکان بوون. ٢٠٠ ڕاوکەر لە ڕوبار پەڕینەوە و بەرەو دەشتەکانی باکور و تەپۆڵکە لم و زیخەکانی داپۆشراو لە مژێکی شیندا چوونە پێشەوە. ڕاوکەرەکان بە

ڕادەیەک توند دەڕۆیشتن کە تەنانەت کەسانی وەک ئەو سێ هاوڕێیانەش کە لە ڕۆیشتندا چالاک بوون، لەگەڵیان دەرنەدەچوون.

زەوی نێوان باسکی باشور و ڕۆژهەڵات و زنجیرە تەپۆڵکەکان، ڕێک و ساف بوون و گیای بەشێکی بەرین لە دەشتەکە سوتابوو. با و باهۆز، خۆڵێکی زۆریان وەک هەور بەسەر دەشتەکەدا بڵاو دەکردەوە و خۆڵ سەر دار و دەوەنەکانی بۆر کردبوو. بەرزاییە نزیکەکان دەبینران، بەڵام هەڵدێرگەکانی ئەوبەر، بە مژێکی بۆر و شین، بە خەستی داپۆشرابوون. تەم و مژ، سەری لوتکە بەرزە لێژەکانی کە لە سەری فیلە زلەکان دەچوون و سەر هەڵدێرگە کورتەکانی کە وەک پشتی تیمساح کوورِ بوون، داپۆشیبوو.

فیلەوانەکان، شەویان لەژێر بەشی باشوری ئەو زنجیرە هەڵدێرگەیەدا تێپەڕ کرد و بەرە بەیانی زوو بەرەو بناری ڕۆژهەڵاتی هەڵدێرگەکان وەڕێکەوتن. بەسەر دەشتەکانی ڕووبەڕوودا، مژێکی سور دەبیندرا و لە دوورەوە دارەکان لەنێو تەم و مژدا دەجوڵانەوە. زەلکاوێکی بەرین، بەرەو باشور چووبوو. گەنجێک، لە گروپی ڕاوکەرەکان جیا بووەوە و ئاماژەی بۆ پاندیۆن و دوو هاوڕێکانی کرد کە لەگەڵی بەرەو بەرزایی هەڵدێرگەیەک بچن. پاندیۆن، کیدیگۆ و کاڤیۆس وەسەر گردێک کەوتن کە لە بەرزایی نزیک بە ٢٠٠ کوبیتەوە دەیڕوانیە دەشتی ڕووبەڕوو. لە ژێر تاشە بەردێکی قیت دانیشتن کە بە توندی تینی گەرمای خۆری لێ دەبووەوە. سەر تاشە بەردەکە قەڵش قەڵش بوو، و قەڵشەکان لە ئەشکەوتی بچووک دەچوون. پیاوە ڕاوکەرەکە، ئەوانی بردە سەر گردێکی تر کە بەسەر زەلکاوەکەدا زاڵ بوو، و پێی گوتن، خۆیان لەژێر گیا بەرزەکاندا بشارنەوە و تێی گەیاندن کە بێدەنگ بن و ئەوانی بەجێهێشت.

ئەو سێ هاوڕێیە، بەبێ ئەوەی کە بوێرن وشەیەک بە زمان بێنن، بۆ ماوەیەک لەژێر تیشکی سوتێنەری خۆردا، بە ئارامی دانیشتن. لە شێوێکی ژێر هەڵدێرگەی ژێریاندا، هیچ دەنگێک نەدەبیسترا. لەپڕ لە باسکی چەپەوە دەنگێکی لاوازی وەک ڕۆیشتن بە زەلکاودا هات. دەنگەکە بەرە بەرە نزیک بووەوە و پاندیۆن هەناسەی لە سنگیدا ڕاگرت و بە ئارامی تەماشای پۆلێک گیای کرد کە دەجوڵانەوە. هەزاران فیل لەنێو تەم و مژدا، لە زەلکاو دەرکەوتن و بە تەنیشت زەلکاوەکە و دەشتە سەوزەکەدا بەرەو باشوری ڕۆژهەڵات چوون. جەستەی فیلەکان لەسەر گیا زەردەکاندا بە جوانی دیار بوون و ڕەوەی فیلەکان لەنێوان ١٠٠ تا ٥٠٠ فیل دەبوو کە بە مەودایەکی کەم، بە دوای یەکتردا دەڕۆیشتن.

دیمەنی ڕۆیشتنیان لە دورگەیەکی بۆر و پرلە کەند و کۆ دەچوو کە سەدان شەپۆل بەسەریدا بڕوات. لە بەشی زەلکاوەکەدا، ڕەوەی فیلان لە هێڵێکی باریکدا بوو. هەندێک لە فیلەکان، لە ڕەوەکە جیا دەبوونەوە و بە لایەکدا ڕایان دەکرد و گوێ زلەکانیان پان دەکردەوە، ڕادەوەستان و پاشوەکانیان بە شێوەیەکی سەیر دەکردەوە و دووبارە دەگەڕانەوە نێو فیلەکان. فیلە نێرەکان، هەندێک گەورەتر بوون و سەر و گوێیان داخستبوو و بە ئارامی دەڕۆیشتن. هەندێکی تریان، بەشی پێشەوەی سەر سمتیان زەق و بەرجەستە ڕاگرتبوو، پاشوەکانیان بەرەو یەکتر خوار دەکردەوە و ئارامتر دەچوونە پێشەوە. بەشی سێیەمیان، سەری باریکیان بەرز کردبۆوە و بە قورسی هەنگاویان هەڵدەگرت. شفرەی زۆربەیان قوڵە، یان ئەوەندە درێژ بوو کە دەگەیشتە نزیک زەوی و هی هەندێکیشیان بەرەو سەریان خوار ببۆوە و بەهۆی سپی بوونیانەوە، دەدرەوشانەوە. کیدیگۆ، زاری لە گوێی پاندیۆن نزیک کردەوە و گوتی:

- **(چونکە دەشتەکان سوتاون، فیلەکان بەرەو زەلکا و ڕووبارەکان دەچن.)** دواتر پرسی:

- **(ڕاوکەرەکان لە کوێن؟)** کیدیگۆ وەڵامی دایەوە:

- **(ئەوان لە حەشارگەدا، چاوەڕوانی ڕەوەیەک دەکەن کە فەرخەی زیاتریان لەگەڵ بێت؛ ڕەوەی بە فەرخە، بە بەردەوامی لە پشت ڕەوەی بێ فەرخە دێن. تەماشاکە، ئەوانە هەموویان فیلی گەورەن.)**

- **(بۆچی شفرەی هەندێک لە فیلەکان درێژە و هەندێکیان شفرەی قوڵەیان هەیە؟)**

- **(شفرە قوڵەکان، شکاون.)**

- **(لە شەڕ لەگەڵ یەکتردا؟)**

- **(دەڵێن فیلەکان کەمتر لەگەڵ خۆیان بەشەڕ دین. هەندێک جاریش لە کاتی شکاندنی داردا، شفرەکانیان دەشکێت. ئەوان بۆ ئەوەی میوە، گەڵا و چڵەداری ناسکی دارەکان بخۆن، شفرەی خۆیان بە دارەکان دەشکێنن. شفرەی فیلەکانی دارستان بەهێزترن لە شفرەی فیلی دەشت. لەبەر ئەوەیە شفرەی سەخت لە دارستانەکانەوە دەگاتە بازاڕ و شفرەی نەرم لە دەشتەکانەوە.)**

- **(ئەوانە فیلی دەشتن، یان دارستان؟)**

- **(ئەوانە فیلی دەشتن، خۆت تەماشا بکە.)**

کیدیگۆ ئاماژەی بۆ فیلێکی پیر کرد کە لە نزیک هەڵدێرگەکە، واتا لەو جێیەی کە سێ هاوڕێکان خۆیان لێ شاردبووەوە، تا ئەژنۆی لەنێو گیادا بوو، و گوێیەکانی بە هەردووولادا پان کردبۆوە. پشت گوێیەکانی وەک پەڕی باوەشین، ڕێک درێژ کردبۆوە و سەری داخستبوو. بە جووڵەیەک لە نێوچاوانی لێژی، تا دەگاتە تۆقی سەری، چەندان هێڵ و قوڵکە هەبوو. سەری وەک ئەستون بوو، و هەرچەندە بەرەو خوارەوە دەچوو، باریکتر دەبووەوە و لە کۆتاییدا دەبوو بە قورتم. پێستی چرچی قورتمەکەی لول و بەسەر یەکتردا کەوتبوو. لە کۆتایی قورتمەکەیدا، دوو لولە بە شێوەیەکی ڕێک دەبیندرا و لەوێوە شفرە زۆر قوڵە و ئەستورەکانی هاتبوونە دەر. چونکە ئەو بە گومانەوە ڕاوەستابوو، بەرەو هاوڕێیانی گەڕایەوە. پاندیۆن بە ئارامی چاوی لەو فیلە زلە بڕیبوو، و گوتی:

**– (تێناگەم تۆ چۆن دەزانی ئەو فیلە هی دەشتە؟)**

**– (بڕوانە، شفرەکانی ببینە، شفرەکانی نەشکاوە، بەڵکوو چونکە نەرمن، سواون. ئەو شفرانە، لە سەردەمی لاوەتیدا گەشە دەکەن و کە پیر بوون، لە گەشەکردن دەوەستن. ئەو فیلە، چونکە شفرەکانی نەرمن، سواون و تۆ هەرگیز شفرەی بەم جۆرە لە فیلی دارستاندا نابینی. شفرەی فیلی دارستان، زۆر درێژ و باریکن.)**

هاوڕێکان بە ئارامی پێکەوە قسەیان دەکرد. کات تێدەپەڕی و فیلەکانی ڕیزی پێشەوە ونبوون. هەموو ڕەوەکە وەک هێڵێکی بۆر، تەمیان بەسەردا کشا. لە باسکی چەپەوە، دیسانیش ڕەوەیەک فیلی نێر و زەلام دەڕۆیشتن کە بەرزاییان نزیکەی هەشت کوبیت دەبوو. کاتی ڕۆیشتن، سەریان ڕادەوەشاند و شفرە درێژ و هەندێک خوار بووەکانیان، سەرو خواریان دەکرد و هەندێک جاریش گیایان دەپچڕی.

لەنێو ڕەوەکەدا، ژمارەیەک فیلی مێ هەبوون کە بە پشتی تێک قرماو و پێستی چرچی سەر سمتیان دەناسرانەوە. فەرخەکانیان، لە کاتێکدا خۆیان بە لاقی دایکیانەوە نوساندبوو، بە ئارامی هەنگاویان دەهاویشت. لە لایەکەی تردا، تاقمێک فیلی گەنج و پڕلە جووڵە لە دەوری یەکتر کۆببوونەوە. شفرەکانیان سپی، گوێیان بچووک و سەری بچووکی درێژ و زگی گەورە و درێژی وەک یەکیان هەبوو. لاقەکانیان، ئەوانی لە فیلە گەورەکان جیا دەکردەوە.

کیدیگۆ و هاوڕێیانی تێگەیشتن کاتی ڕاو هاتووە. ڕۆیشتنی بێچووەکان بە زەلکاودا دژوار بوو. ڕەوەکە هەندێک بەرەو باسکی ڕاستە و ڕێچکەیەکی زەوی سەخت، لە نێو دار و دەوەنەکاندا بوون. پاندیۆن پرسی:

- **(چۆنە ئاژەڵێکی گەورەی وەک فیل لە زەلکاو ناچەقێ؟)** کیدیگۆ وەڵامی دایەوە:

- **(ئەوانە خاوەنی پێی تایبەتن، ئەوان....)**

دەنگێکی وەک هەورە تریشقەی ڕاوکەرەکان کە لە دوو پارچە برۆنز "دەوری" و تەپڵیان دەدا و بە توندی دەیانقیژاند، بە ڕادەیەک لە ناکاو بوو کە هاوڕێیان سەریان سوڕما. ڕەوەی فیلەکان، لە ترسان بەرەو زەلکاوەکان هاتن کە لەویش لەگەڵ کۆمەڵێک ڕاوکەری تر ڕووبەڕوو بوونەوە. ئەوانیش تەپڵ و شەیپووریان لێدەدا. فیلەکانی پێشوو گەڕانەوە، بەڵام لەگەڵ فیلەکانی پشت سەریان تێک هەڵئەنگوتان و خۆیان بە یەکتردادا. هاوکات لەگەڵ بۆڕەی، گوێ کەڕ کەری فیلە ترساوەکان، دەنگی لە هەورە تریشقە چووی دەوری و تەقە و شەقەی ئەو دارانەی دەشکان و هاوار و ناڵەی سکاڵا کەرانەی فەرخە فیلەکان بەرز بووەوە.

ئاژەڵەکان پەلاماری ئەمبەر و ئەوبەریان دەدا. کۆ دەبوونەوە و سەرلەنوێ بڵاوەیان دەکرد. لە نێوان بشێویی ئەو فیلە هولانە و تۆز و خۆڵی شوێنی ڕاوەکەدا، مرۆڤە ڕاوکەرەکانیش دەبیندران. ڕاوکەرەکان، نزیکی نێچیرەکان نەبوونەوە، بەڵکوو لە جێیەکەوە بۆ جێیەکی تر ڕایان دەکرد و دووبارە کۆ دەبوونەوە و سەرلەنوێ بە توندی ئاسنەکانیان لێک دەدا.

هاوڕێکان کەم کەم تێگەیشتن، ڕاوکەرەکان خەریکی دارشتنی پلانن. ئەوان خەریکبوون پێوەندی فیلە گەورەکان لەگەڵ فیلە بچووکەکانیان دەبڕی. ئەوانیان بەرەو باسکی ڕاست و نێو دۆڵێکی ئاودڕی وشکی ژێر هەڵدێرگەیەک دەبرد. پۆلێک دار، پێش ئاودڕەکەی گرتبوو. فیلە بۆرە گەورەکان بەشوێن ڕاوکەرەکانەوە بوون و دەیانویست ئەو دوژمنانە لەژێر پێیەکانیاندا وەرد بکەن، بەڵام ڕاوکەرەکان بە بازدانە بەرزەکانیان، خۆیان دەخستە پشت دار و دەوەنەکان و لە چنگ فیلەکان دەردەچوون. ئاژەڵەکان بە تەواوی تووڕە ببوون، قورتمەکانیان هەڵدەسوڕاند و بەشوێن دوژمنەوە بوون. لەوکاتەدا، کۆمەڵێک ڕاوکەری تر، لە لایەکی ترەوە دەهاتن و ئەم جارەیان فیلەکان دەگەڕانەوە کە پەلاماری تازە هاتووەکان

بدەن. ئەو مانۆڕە پەیتا پەیتا دووپات دەبووەوە، تا سەرئەنجام پێوەندیی نێوان فەرخەکان و گەورەکانیان پچڕاند.

ڕەوەی فیلە گەورەکان دوور کەوتەوە، و بەرەو دەشت و نێو گیا چوون و جەستەی بۆریان لەنێو دارەکاندا ونبوو. تەنیا دەنگی گوێ کەرکەر و تۆز و خۆڵی شوێنی ڕاوەکە دەبیندرا. هاوڕێیان، سەریان لەو هەموو ئازایەتی و لێزانیی ڕاوکەرەکان سورمابوو. ئەوان لە بەرامبەر فیلەکاندا ڕادەوەستان، هێرشیان دەبرد و بەبێ ترس، کاری ترسناکیان ئەنجام دەداو بێدەنگ دەیانڕوانیە شوێنە پڕلە دارە شکاوەکانی ڕاو. کیدیگۆ، هاوکات کە تەماشای شوێنی ڕاوەکەی دەکرد، ڕوخساری تێکچوو و گرژی بەسەردا هات و گوتی:

– **(هەڵەیەک ڕوویداوە. ڕاو بەو جۆرەی پلانی بۆ داڕێژرا بوو، بەڕێوە نەچووە!)** کاڤیۆس واقی وەڕما و پرسی:

– **(چۆن دەزانی؟)**

– **(ئێمەیان کە هێناوەتە ئێرە، چاوەڕوان بوون ڕەوەکان بەرەو ڕۆژهەڵات بچن. کەچی ئێستا ڕەوەکان بەرەو ڕاست چوون و بە گومانم کارەکە خراپ بووە.)** پاندیۆن پێشنیازی کرد:

– **(وەرن بەسەر ئەو گردەدا بگەڕێینەوە کە پێیدا هاتووین.)**

کیدیگۆ دەربارەی پێشنیازەکەی پاندیۆن هەندێک بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر هاودەنگی لەگەڵ کرد. هاتنیان بەوبەر و ئەمبەری ڕاوەکەدا تۆفیری نەدەکرد. سێ هاوڕێ، کە لە پشت بەرد و نێو گیادا خۆیان حەشاردا بوو، پشتیان بەتەواوی کۆم ببووەوە. نزیکەی هەزار کوبیت بەرەو ئەو جێیە گەڕانەوە کە پێیدا هاتبوون. ئەوان دەیانتوانی دۆڵی نێوان هەڵدێرگەکان ببینن کە ڕاوکەرەکان زیاتر لە دوازدە فەرخە فیلیان تێکرد بوو. ڕاوکەرەکان بەنێوان دارەکاندا ڕایان دەکرد و بە لێزانی گوریسەکانیان بەرەو ئاژەڵەکان دەهاویشت و ئەوانیان دەگرت و لە قەدی داریان دەبەستن. ڕیزێک لە پیاوە شەرکەرە چەکدارەکان بە نێزەی پان، ڕێگای ئاودڕ و دۆڵەکەیان گرتبوو. لە مەودای دوو هەزار کوبیتیدا، قیژە و هاوار لەو پەڕی خۆیدا بوو. بە ڕەواڵەت بەشی زۆری ڕاو لەوێ بوو. لەپڕ دەنگی فیلەکان لە پێشەوە و لای چەپەوە بەرز بووەوە و کیدیگۆ لە ترسان لەرزی. ئەو بە ئارامی گوتی: **(فیلەکان هێرش دەکەن.)** پیاوێک بە توندی قیژاندی و پیاوێکی تر بە دەنگێکی بەرز کە لە فەرمان دەچوو، ڕاوکەرەکانی هۆشیار کردەوە.

هاوڕێیـان لە بەشـێکی زۆر دوور لەژێـر سـێبەری پـانی دوو داردا، چاویـان لە جێیەک بڕیبوو کە فیلێکی زۆر گەورەی لێ دەرکەوت. فیلەکە گوێ پانەکانی کردبۆوە و قـورتمی وەک بنەدارێک خستبووە پێش خۆی و دوو فیلی تری وەک خـۆی بەدواوە بـوون. پانـدیۆن تێگەیشت کە ئەوانە هەمان فیلە گەورەکانی پێش ڕەوەکەن. فیلی چـوارەم کە ئەویـش چەنـد فیلی بەدواوە بوو، بە مەودایەکی کەم هات. ڕاوکەرەکان لە باسکی ڕاستەوە بە غار لەنێوان دەوەنەکـانەوە هـاتنەدەر تـا پێوەنـدیی فیلەکـان لەگەڵ یەکتـر ببـڕن. ڕاوکەرەکـان، ڕایـانکردە نێـوان فیلەکـان و نێزەیەکیـان بەرەو فیلـی دووایـی هاویشـت. فیلـی تەنیشـتی بە تـوڕەیی بۆڕاندنی و بەرەو ڕاوکەرەکـان چـوو. ئەوان کە بە تونـدی بەرەو زەلکـاوەکە ڕایـان دەکـرد، گەڕانەوە. فیلەکانی تریش بە دوای ئەو فیلە کەوتن. سێ فیلی پێشەوە، سەرنجیان بە پلانـی ڕاوکەرەکان نەدا و نەیاندەزانی، خەریکن ئەوان لە هاوڕێکانیـان جیـا دەکەنەوە. لەبەر ئەوە، بەرەو دۆڵـی نێـوان هەڵـدێرگەکە ڕایـان کـرد. گومـانی بەهێـز ئەوە بـوو کە ئەوانە هـاواری فەرخە فیلەکانیـان بیسـتبێت. کیـدیگۆ بە هەژانەوە باسـکی پانـدیۆنی بە تونـدی کوشـی و بە ئارامی پێی گوت:

– **(خراپ بوو، خراپ بوو. فیلە ڕێنمایەکـان بەرەو لایەکـی تـر گەڕانەوە.)** کاڤیۆس، کە شڵەژا بوو، هاواری کرد:

– **(تەماشا کە.... تەماشا کە، شوێنی قارەمانەتی تەماشا کە.)**

ڕاوکەرەکان زارکی دۆڵەکەیان گرتبوو، و قـورس و سـەخت ڕاوەسـتابوون و خۆیـان لە ئاژەڵەکـان نە شـاردەوە و لە ڕیزێکـدا بەرەو پێشـەوە چـوون. گیـا قـوڵە سـوتاوەکان، ڕاوکەرەکانیـان نەدەشـاردەوە. فیلەکـانی پێشـەوە، ڕاسـتەوخۆ هێرشـیان کـردە سـەر ڕاوکەرەکان. دوو پیاو، بەبێ هیچ جووڵە کردنێک لەجێی خۆیان ڕاوەستان و ئەوانی تـریش بە هەردوولادا خۆیان هاویشتە نزیک فیلەکە. فیل هەندێک شل بـووەوە و قـورتمەکەی بەرز کردەوە و بۆڕەیەکی پڕ لە کینەی لێهات و چوو کە ڕاوکەرەکان لەژێر دەست و پێی خۆیدا پان بکاتەوە. زیـاتر لە دە کوبیت مەودا لە نێوان فیـل و ڕاوکەرەکـان نەبـوو کە ئەوان وەک بەرق، خۆیان لێی دوور کردەوە. لە هەمان کاتدا، دوو کەسیان بەنێوان دوو لاقی پشـتەوەی فـیلەکەدا دەرپەڕیـن و نێـزە پانەکانیـان لە زگـی ئـاژەڵەکە ڕۆ کـرد و دوو کەسـی تـر لە پێشەوەی خوار بوونەوە کە زەبر لە لاقی فیلەکە بدەن.

دەنگێکی تیژ و باریک لە قورتمی فیلەکە بەرز بووەوە. قورتمەکەی هێنایە خوارەوە و سەری بەرەو نزیکترین پیاوی لای ڕاستەی سوڕاندەوە. ڕاوکەرەکە نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات و خوێن لەشی داگرت. سێ لە هاوڕێیانی توانیان ئێسکی رووتی پەراسو، و شانەکانی ببینن. پیاوە بریندارەکە بێدەنگ کەوتە سەر زەوی، بەڵام فیلەکەش بە دژواری کەوتە سەر سمتی و بەرە بەرە، بە ئارامی بەسەر تەنیشت و پشتیدا خزی. ڕاوکەرەکان، کە فیلەکەی پێشەوەیان وەستاندبوو، خۆیان گەیاندە هاوڕێکانی تریان کە دوو فیلی تریان وەستاند بوو. ئەو فیلانە، یان زیرەک بوون، یان ئەزموونیان دەربارەی مرۆڤەکان هەبوو. ئەوان لە لایەکەوە، پەلاماری لایەکی تریان دەدا و ڕێیان بە ڕاوکەرەکان نەدەدا کە لێیان نزیک بنەوە. سێ کەس لەژێر پێی فیلەکاندا ورد بوون.

خۆر، خەریک بوو ئاوا دەبوو. ڕەنگی تۆز و خۆڵی سەر شوێنی شەڕەکە بە تیشکی خۆر، سوور هەڵگەڕابوو. فیلەکان لە ئەستونێکی ڕەشی گەورە دەچوون و مرۆڤە نەترسەکانیش لە پاش و پێشیاندا، خەریکی لێدانیان بوون و بۆ ئەوەی کە شفرەی درێژی فیلەکانیان نەگاتی، بەمبەر و ئەوبەردا ڕایاندەکرد و بە نێزەکانیان لە قورتمی فیلەکانیان دەدا و بە دەنگی بەرز خۆیان هەڵداویشت و دەچوونە پشتیان کە سەرنجی فیلەکان بەرەو خۆیان ڕاکێشن و نەهێڵن هاوڕێکانیان لەژێر پێیاندا بمرن.

فیلە تورەکان، بە بەردەوامی دەیانبۆڕاند. کاتێک، سەریان بەرەو هەڵدێرگەکان سوڕاندەوە کە سێ هاوڕێکان لەوێ دانیشتبوون، جەستەیان زۆر گەورەتر کەوتە بەرچاو. گوێچکە کراوەکانیان بەسەر ڕاوکەرەکاندا هەڵدەسوڕاند و کاتێکیش سەریان دادەخست، سەریان بچووکتر پێشاندەدرا. شفرەکانیان بەرەو زەوی بوو، و ئامادە بوون لە دوژمنەکانیان بدەن.

پاندیۆن، کاڤیۆس و کیدیگۆ تێگەیشتن کە تەنیا بەشێک لە شەڕەکەرەکانیان بینیوە. بەشی گرنگ و ئەساسی شەڕی نێوان فیل و ڕاوکەرەکان، زوور دوورتر لەوان، لەوبەری دارەکان و باسکی چەپی زەلکاوەکان، لە جێیەک بوو کە ڕەوەکەی لێ کۆببووەوە. ئەو سێ هاوڕێیانە نەیاندەزانی لەوێ چ ڕوودەدات، بەڵام چونکە شەڕی خوێناوی لەبەر چاویان بوو، سەرنجیان بە لایەنەکانی تر نەدەدا و کاتی ئەوەشیان نەبوو بیر لە شەڕە دوورەکان بکەنەوە.

لە پشت دارەکانەوە، دەنگی تەپلەکان نزیک بوونەوە و دە ڕاوکەر بۆ یارمەتی دانی هاوڕێیانیان هاتن. فیلەکانی پێشەوە ڕاوەستان و پیاوەکانیش دەیانقیژاند و بە ڕاوەشاندنی نێزەکانیان، پاشەکشەیان بە فیلەکان کرد. فیلە ڕاکردوەکان، بەرەو فیلە بریندارەکە چوون و لە دەوری کۆبوونەوە و شفرەکانیان خستە ژێری و خستیانەوە سەرپێ. فیلە گەورەکان، فیلە بریندارەکەیان لەنێو خۆیان گرت و بە ڕێککوشین بردیانە پشت دارەکان. لەوێ، فیلەکە خۆی بۆ ڕانەگیرا و سەرلەنوێ کەوت، بەڵام دیسانیش خستیانەوە سەرپێ. چەند ڕاوکەر بە غاردان، بە شوێنیان کەوتن، بەڵام میرڕاو پێشی پێگرتن و ئەوانی وەستاند و گوتی:

**- (فیلە بریندارەکە ناتوانێ زۆر دوور بکەوێتەوە.... فیلەکانی تر بەجێی دێڵن... ئێوە بە چوونتان، دووبارە ئەوان تورە دەکەن...)**

لە بەشی دووری باسکی ڕاستەدا، دەنگەکان نوستنەوە. بە ڕواڵەت شەڕەکە بە سەرکەوتن بەکۆتا هاتبوو. گروپێک ڕاوکەر لە باکور و لەکن زەلکاوەکەوە بە تەرمی دوو کەسەوە هاتن. هیچ کامیان سەرنجیان بە کیدیگۆ و دوو هاوڕێکەی نەدا کە بە تێبینییەوە بۆ پشکنینی شوێنی شەڕەکە، بەرەو دەشت هاتبوون. ئەوان بە نێوان هەڵدێرگەکاندا چوون.

کیدیگۆ لە ترسان ڕاچڵەکی. فیلێک لەژێر دارێکدا کە لەوە دەچوو، دارەکەی بەسەردا کەوتبێت، لە مردندا بوو، بەڵام هێشتا قورتمەکەی دەجوڵایەوە. هەندێک دوورتر، لەو جێیەی کە داری کەمتری لێبوو، دووەم فیل کەوتبوو. ئەو لاقەکانی بەرەو سنگی کۆکردبۆوە و پشتی کۆم ببووەوە. هەرکە ڕاوکەرەکان لێی نزیک بوونەوە، سەری بەرز کردەوە. پێستی چرچ، دەوری چاوەکانی گرتبوو، و هێمای ماندوو بوونی تێدا دیار بوو. ئەو، سەری بەسەر شفرەکانیدا خستبووە خوارێ و بە دەنگێکی گڕ و گیراو، کەوتە سەر تەنیشتی. ڕاوکەرەکان لە هەموو لایەکەوە، یەکتریان بانگ دەکرد.

کیدیگۆ دەستی ڕاوەشاند و پاشەوپاش گەڕایەوە. ڕەوەیەک فیلی تر، لە بەشی باشورەوە دەرکەوتن. هاوڕێیان بەپەلە گەڕانەوە بۆ هەڵدێرگەکەیان، بەڵام ترسی ئەم جارەیان لە جێدا نەبوو، چونکە ئەوە فیلە ڕامکراوەکان بوون.

فەرخە فیلەکان، کە بە دارەکانەوە بەسترابوونەوە، بە دیتنی ڕەوەی فیلەکان، کلکیان ڕاست کردەوە و شێتانە هەوڵیان دەدا لە مرۆڤەکان نزیک بنەوە و بە قورتمەکانیان بیانگرن. فیلدارەکان، فیلە ڕامکراوەکانی خۆیان لێ نزیک کردنەوە. فیلە ڕامکراوەکان، ئەوانیان لەنێوان خۆیان گرت و بەرەو گوندەکەیان برد. ڕاوکەرەکان بۆ دڵنیایی، گوریسیان

لە مل و لاقی بێچووەکان بەست. پازدە کەس لە پێش و پاشەوە، گوریسەکانیان گرت. ڕاوکەرەکان بە ڕوخساری ماندوو کە لەژێر گوشاری ترسناکی ڕاودا بە ئازار و خەمبار بوون، یازدە تەرمی بێ جووڵەیان لەسەر دارەمەیت بەستراوە لەسەر پشتی فیلەکان دانا و لە دوو کەسی تر دەگەڕان کە لێیان ون ببوون.

فیلە ڕامکراوەکان و ڕاوکەرەکان لەسەر زەوی ڕاکشان کە بحەسێنەوە. هاوڕێیان چوونە لای میرڕاو، و پرسیان ئەگەر کارێک هەبێت، ئەوان ئامادەن یارمەتیان بدەن، بەڵام میرڕاو بە هۆی بە ئازار بوونیەوە، بە توڕەیی پێی گوتن: **(یارمەتی؟ بێگانە ئێوە دەتوانن چۆن یارمەتێک بکەن؟ ڕاوێکی دژوار بوو. زۆر پیاوی ئازامان لە دەست دا و ئێوە پێش دەستی ئێمە مەگرن.)**

هاوڕێکان گەڕانەوە سەر هەڵدێرگەکان و بە دوور لە ڕاوکەرەکان لەوێ دانیشتن. لەوە دەترسان نەکات لەگەڵ ڕاوکەرەکان کە چارەنوسی ئەوانیان بەدەست بوو، توشی کێشە ببن. کاڤیۆس، پاندیۆن و کیدیگۆ، بە ئارامی پێکەوە قسەیان دەکرد و چاوەڕوان بوون کە بانگیان بکەن. خۆر بەرەو ڕۆژئاو داکشا و سێبەری هەڵدێرگەکان بەرەو دەشتەکان دابەزین. کاڤیۆس، چوو بوو لە فیکرەوە و گوتی: **(ئێستاش نازانم بۆچی فیلە گەورەکان لەو شەڕەدا هەموو ڕاوکەرەکانیان نەکوشت. ئەگەر فیلەکان باشترین شەڕکەر بایەن، دەیانتوانی ڕاوکەرەکان تێک بشکێنن...)** کیدیگۆ گوتی:

**- (ڕاست دەکەی، بەختەوەریی مرۆڤەکان لەوە دایە کە فیل ئاژەڵێکی ترسەنۆکە.)**

**- (چۆن دیارە، فیل ترسەنۆک بێت؟)**

**- (هۆیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە فیل لەگەڵ شەڕ ڕانەهاتووە. جەستەی ئەوەندە گەورە و بەهێزە کە ئاژەڵەکانی تر هەرگیز پەلاماری نادەن. تەنیا مرۆڤەکانن کە بە ڕادەی پێویست بوێریی ڕاوی ئەوانیان هەیە. چونکە فیل شەڕکەرێکی جێ باوەڕ نیە، زوو ورەی لە دەست دەدا و ئەگەر دەسبەجێ دوژمن نەشکێنێ، ناتوانێ شەڕی درێژخایەن بکات. گای کێوی، دۆخی جیاوازترە لە فیل. ئەگەر گا کێویەکی دڕندە، هۆش و جەستەی فیلی بووایە، هەموو ئەوانەی بۆ ڕاوکردنی دەچوون، لە نێوی دەبردن.)**

کاڤیۆس، بە گومانە منگە منگێکی کرد. نەیدەزانی کە ئایا باوڕ بە وتەکانی ڕەش پێستەکە بکات، یان نا، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە کە خۆی دیبووی کە چۆن فیلەکان لە کاتی شەڕەکەدا گومانیان لە خۆیان پێشاندەدا، شتێکی نەگوت. پاندیۆن گوتی: **(ئەو نێزانەی کە**

**فیلدارەکان کەڵکی لێوەردەگرن لەگەڵ نێزەکانی ئێمە جیاوازن. لێواری نێزەکانیان هەشت قامک پانە، ڕەنگە بۆ لێدانیان هێزێکی زیاتر پێویست بێت.)**

کیدیگۆ لەپڕ هەستا و گوێی ڕاگرت. هیچ دەنگێک لە شوێنی پشوودانی ڕاوکەرەکان نەدەهات. خۆر، خەریک بوو ئاوا دەبوو. خۆر بە تیشکی خۆی ئاسمانی سور هەڵگەڕاندبوو، و بە زوویی تاریک دەبوو. کیدیگۆ گوتی: **(ئەوانە ڕۆیشتوون و ئێمەیان لەبیر کردوە.)** ئەو لە هەڵدێرگەکە دابەزی، لە هیچ جێیەک، زیندەوارێک نەدەبیندرا.

لە دوورەوە، بە زۆر دەنگێک دەبیسترا و دیار بوو بانگی یەکتریان دەکرد. تێگەیشتن کە ئەوانە ڕاوکەرەکانن و بەبێ ئاگادار کردنەوەی ئەوان، خەریکن بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێنەوە. پاندیۆن بە شڵەژاوی گوتی: **(وەرن دەسبەجێ بە دوایان کەوین.)** بەڵام کیدیگۆ قبووڵی نەکرد و گوتی:

**- (ئیتر زۆر درەنگ بووە. خۆر بە زوویی ئاوا دەبێت و لە تاریکیدا، ڕێگا ون دەکەین. باشترە تا دەرکەوتنی مانگ، چاوەڕوان بین. زۆر ناخایەنێت.)**

پاندیۆن قبووڵی کرد و لەگەڵ کاڤیۆس دانیشتن.

---

١- چڵەکانی ئەو دارە، وەک چڵەکانی ڕەز نەرم و سەخت بوون. وەرگێڕ.

٢- لە نێوان هۆزی شیلوک لە بەشی سەروی ڕوباری نیل، دیواری شفرە تا نیوەکانی سەدەی نۆزدە مابوو.

٣- گوند هەبوون لەسەر کەڵەکی گەورە دروست کرابوون و ئێستاش لە گۆلەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەفریقادا دەبیندێن.

٤- ڕوباری زانبری، ناسراو بە  بە تاڤگەی ویکتوریا.

٥- هۆزی هوتن توت لە ڕابردوودا پتر لەمرۆ بڵاو ببوونەوە. بەڵگە هەیە کە پێوەندیی ئەوان لەگەڵ میسرییەکانی سەردەمی کۆن دەسەلمێنێت.

٦- ئەلماس.

٧- Yurmfo

# کوڕانی با

## ٨

چەقەڵەکان دەوەڕین و ڕێوییەکان لە تاریکی شەودا بە شکۆوە دەیانلوراند. کیدیگۆ بە پەرۆش بوو، پەیتا پەیتا تەماشای لای ڕۆژهەڵات، واتا ئەو جێیەی دەکرد کە هێڵی ڕەنگینی ئاسمان بەسەر دارەکاندا موژدەی دەرکەوتنی مانگی دەدا. کیدیگۆ هەندێک منە منی کرد و گوتی: (**نازانم لێرە سەگی دڕندە هەیە، یان نا. ئەگەر هەبێت، دووچاری کێشە دەبین. سەگەکان بە کۆمەڵ هێرش دەکەن و بەسەر گا کێوییە دڕندەکانیشدا زاڵ دەبن...**)

ئاسمان ڕونتر بووەوە. هەڵدێرگە سەخت و ڕوشنەکان، ڕەنگی زێویان بەخۆیانەوە گرت و دارەکان وەک تارماییەک لە دەشتەکاندا بیندران و مانگ وەدەر کەوت. هەر سێ هاوڕێ، نێزەکانیان توند بەدەستەوە گرت و بە درێژایی زنجیرە تەپۆڵکەیەکی بەریندا بەرەو باشور چوونە پێشەوە. لەو شوێنە خەمناکەی کە مردوو خۆرەکان لەسەر لاشەی فیلە مردووەکان جەژنیان بوو، بە پەلە دوور کەوتنەوە. لە پشت سەریاندا، چەق و لووری چەقەڵەکان بەکۆتا هاتن. دەشتەکەی تەنیشتیان لە مردوو دەچوو، و تەنیا دەنگی پێی ئەو سێ کەسە بوو کە بێدەنگی شەوی دەشکاند. کیدیگۆ، بە وردی خۆی لە پۆلی دارە چڕەکانو تەپۆڵکە ڕەشەنەکانو پۆلە گیا بەرزەکان دەپاراست. ئەو، ڕێیەکی دەشتایی بە نێوان گۆلی سپی لە قۆرتەکانی دوڕگەی ڕەشدا هەڵدەبژارد.

زنجیرەی تەپۆڵکە بەردییەکان بەرەو ڕۆژئاوا بایداوە و ڕێچکەیەک لە دارستاندا، هاوڕێکانی بە تەواوی لە هەڵدێرگەکان نزیک کردەوە. کیدیگۆ بەرەو باسکی ڕاستەی بایداوە و بە ڕێیەکی ساف و درێژی بەردیندا بەرەو باشور، لێژایەکی گرتەبەر. ئەو لەپڕ ڕاوەستا و بە توندی سوڕایەوە و گوێی ڕاگرت. پاندیۆن و کاڤێۆسیش بە وردی گوێیان دایە، بەڵام هیچ دەنگێکیان نەبیست. بە تەواوی، بێدەنگی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بوو. ڕەش پێستەکە بە گومانەوە درێژەی بە ڕێگادا و هەنگاوەکانی توند کرد و وەڵامی پرسیاری وتروسکی و پاندیۆنی نەدایەوە. نزیکەی هەزار کوبیتی تر چوونە پێشەوە کە ڕەش پێستەکە جارێکی تریش ڕاوەستا. لەبەر ڕوناکی مانگە شەودا، ترس لە چاوەکانیدا دەرکەوت و بە ئارامی گوتی: (**شتێک بە شوێن ئێمەوەیە.**) ئەو دانیشت و گوێی بە

عەرزەکەوە نا. پاندیۆنیش هەر ئەو کارەی کرد، بەڵام کاڤیۆس لە شوێنی خۆی مایەوە و بە وردی تەماشای ڕوناکیی مانگی کرد. یۆنانیی ڕاکشا و گوێی بەسەر بەردێکی گەرمی زەویێکەوە نوساند. لەسەرەتادا، جگە لە هەناسەی خۆی، نەیتوانی شتێکی تر ببیسێت. گومان و هەڕەشە ئەوی سەرسام کرد بوو. سەرئەنجام دەنگێکی لاوازی لەسەر زەوییەکە بیست. دەنگی تەپە تەپ، پەیتا پەیتا دووپات دەبووەوە و هەردەهات زیاتر دەبوو. پاندیۆن سەری بەرز کردەوە و دەسبەجێ دەنگەکە بڕا. کیدیگۆ بۆ ماوەیەک بە گوێ ڕاگرتن مایەوە. سەرەتا گوێیەک و دواتر گوێیەکەی تری بە زەوێکەوە نوساند و ئەم جارەیان بە توندی هەستایە سەرپێ و گوتی:

– (**ئاژەڵێکی گەورە بەشوێن ئێمەوەیە. کێشەکە لەوەدایە کە نازانم چۆن ئاژەڵێکە. پەنجەکانی وەک پەنجەی سەگ و چەقەڵ درێژن، لەبەر ئەوە شێر یان پڵنگ نییە...**) کاڤیۆس گوتی:

– (**ڕەنگە گامێشی کێوی، یان کەرگەدەن بێت.**) کیدیگۆ بە توندی سەری لاقاند و بە دڵنیایەوە گوتی:

– (**نا، ئەوە ئاژەڵێکی دڕندەیە.**) و لە کاتێکدا بە ترسەوە تەماشای دەوروبەری دەکرد، بە ئارامی گوتی: (**دەبێ حەشارگەیەک بدۆزینەوە.... و لەم نزیکانەشدا دار و درەخت نیە.**)

دەشتەکە بە گشتی ساف و بەرین بوو، و تاک تاکە هەندێک گیا و دەوەنی لێبوو. کیدیگۆ پێی گوتن، هەنگاوەکانتان توند بکەن و گوتی: (**هەرچی توندتر بەرەو پێشەوە.**) هاوڕێکان، لە کاتێکدا خۆیان لە دەوەن و دڕوی تیژ و قوڵکەکان دەپاراست، بە توندی دەستیان بە ڕاکردن کرد.

ئێستا، دەنگی چڕنوکی پەنجە گەورەکانی بە باشی لەسەر زەوی دەبیسترا. زۆریی و بەردەوامی کرتە کرتی پەنجەکانی، بە ئەوانی دەگوت کە ئاژەڵەکەش خەریکی ڕاکردنە. دەنگی تەپە تەپ نزیک و نزیکتر دەبۆوە. پاندیۆن، بە سەرشانیدا تەماشای پشتسەری خۆی کرد و دیتی تارماییەکی ڕەش و زەلام بە دوایانەوەیە. ڕەش پێستەکە، بە بەردەوامی سەری بۆ ئەمبەر و ئەوبەر دەسوڕاندەوە و هەولێدەدا دارێک بدۆزێتەوە و ئاژەڵە نەناسەکە بەراورد بکات، بەڵام تێگەیشت کە دارەکان زۆر دوورن و ناتوانن بەکات پێیان بگەن. کیدیگۆ ڕاوەستا و گوتی

- **(ئاژەڵەکەمان لێ نزیک دەبێتەوە.)** و بە هەژانەوە درێژەی پێدا: **(ئەگەر پشتمان لەو بێت، مردنمان بە ئازار دەبێت.)** کاڤیۆس بە تاسەوە گوتی:

- **(دەبێ شەڕی لەگەڵ بکەین.)**

ئەوان پشتیان پێکەوەنا کە بتوانن ڕووبەڕووی ئەو تارماییە ڕەشە هەڕەشەکەرە ببەستن کە بە توندی بە دوایانەوە بوو. لە هەمووی ئەو ماوەیەدا، ئاژەڵەکە بێدەنگ بوو. ئەو، بەو کردە سەرسوڕهێنەرەی، ئەوانی زۆر تەنگاو کردبوو. تارماییە ڕەشەکە بەرە بەرە گەورەتر دەبووەوە و جەستەی زیاتر دەبیندرا. کاتێک ئاژەڵ گەیشتە ٣٠٠ کوبیتی ئەوان، هەنگاوەکانی شل کردەوە و بە هەنگاوی سەختتر لێیان نزیک بووەوە. دڵنیا بوو کە نێچیرە هەڵبژاردراوەکەی ڕا ناکەن.

ئەو سێ هاوڕێیە، پێشتر ئاژەڵێکی بەو جۆریان نەبینیبوو. دەستەکانی گەورەتر و درێژتر بوو لە لاقەکانی. بەشی پشتەوەی جەستەی بڵند و بەسەر تیغەرەی پشتیدا هاتبووە سەر پشتی و سمتی لێژ هاتبووە خوارەوە. ملی ئەستوری، سەری گەورە، زاری زل و نێو چاوانی زەقی هەبوو. مووی ڕەوشەن و قوڵە و خاڵ خاڵ بوو، و مووی پشت سەر و ئەستۆی گرژ و درێژ بوون. ئاژەڵەکە وەک چەقەڵ خاڵ خاڵ بوو، بەڵام جەستەی گەورەتر بوو لە چەقەڵ و پێنج کوبیت لە زەوییەوە بەرز بوو. سنگی گەورە و شانەکانی پان و بەهێز و شان و شەپیلکی زۆر بەهێز بوو. ماسولکەکانی وەک گردێکی بچووک زەق ببوونەوە و پەنجەکانی گەورە و بە کینەوە لە زەوی دەخشاند و بەو کارەی، ترسی لە دڵی ئەواندا چاندبوو. ئەم دڕندەیە، لە کاتێکدا کلکی قوڵەی ڕادەوەشاند، بە هەنگاوی سەیر و نارێک و جوڵاندنی سەری گەورەی دەڕۆیشت و شەویلکەی خوارەوەی بە گەروویەوە نوسابوو. پاندیۆن، لێوە وشکەکانی دەلستەوە و بە ئارامی پرسی:

- **(چ ئاژەڵێکە؟) کیدیگۆ بە سەرسوڕمانەوە، وەڵامی دایەوە:**

- **(نازانم، هەرگیز لە ئاژەڵێکی بەم جۆرە شتێکم نەبیستوە.)** ئاژەڵەکە لە پڕ گەڕایەوە و چاوی زل و ترسناکی لە کیدیگۆ و هاوڕێیانی بڕی و بە دەوریاندا سوڕا و ڕاوەستا و چاوی تێ بڕین و گوێ شۆڕەکانی قیت کردەوە. کیدیگۆ کە پچڕ پچڕ هەناسەی هەڵدەکێشا، بە ئارامی گوتی:

- **(دڕندەیەکی بە هۆشە؛ بۆ ئەوەی ڕوناکیی مانگ لە چاوی ئێمە بدات، هاتە ئەم بەرە.)**

لەرزینێکی دەروونی کە پاندیۆن هەمیشە بەرلە شەڕە مەترسیدارەکاندا، توشی دەبوو، ئەم جارەش لەودا سەری هەڵدا. ئاژەڵەکە، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە ئارامی بەرەو پیاوەکان چوو. جووڵەی بێدەنگ و بەدخوازانەی و چاوی درەوشاوەی کە لە تۆقی نێوچاوانیدا هاتبوونە دەر، ئەوی لە هەموو ئاژەڵەکانی تر جیا دەکردەوە. ئەوان بە غەریزە تێگەیشتن کە ئەو ئاژەڵە، پاشماوەی دنیایەکی کۆنترە و نەریتێکی تری بۆ ژیان هەیە.

هەر سێ هاوڕێ، لە کاتێکدا نێزەکانیان ڕووبەڕووی ئاژەڵە دڕندەکە گرتبوو، پێکەوە چوونە پێشەوە تا شەڕی لەگەڵ بکەن. ئاژەڵەکە هەندێک ڕاوەستا و دواتر مرەیەکی قوڵە، خۆی بەرەو ئەوان هاویشت. بە لێدانی سێ نێزە لە سنگی پان و ملی، دڕندەکە زارە زلەکەی کردەوە و شفرە ئەستور و سپییەکانی دەرخست. ئاژەڵکە هێزێکی زۆری هەبوو، و پیاوەکان نەیانتوانی لە بەرامبەر گوشاری بەهێزیدا بوەستن. نێزەکان لە ئێسکی لەشی کەوتن و بە لایەکدا خوار بووەوە و لە دەستیان کەوتن. هەر سێ هاوڕێ کشانەوە. کیدیگۆ و پاندیۆن توانیان خۆیان بگرنەوە، بەڵام کاڤیۆس لەژێر ئاژەڵە دڕندەکەدا مایەوە. ئەوان، بۆ ڕزگار کردنی کاڤیۆس، پەلاماری دڕندەکەیاندا، ئاژەڵەکە هەستایە سەرپێ و لە پڕ پەنجەی دەستەکانی بەرەو پێشەوە هاویشت و لە ڕانی پاندیۆنی دا و ئەوی خستە سەر زەوی و کەمی مابوو لە هۆش بچێت. ئاژەڵ، بە پەنجەی گوشاری بۆ ڕانی پاندیۆن هێنا، بە جۆرێک قرچە لە ماسولکەکانی هات و پێست و گۆشتی ڕانی پچڕی.

پاندیۆن کە نێزەکەی بە دەستەوە بوو، بە هەردوو دەستی هەوڵیدا لە زەوی هەستێتەوە کە دەسکی نێزەی شکا. گەنجەکە لەسەر چۆک بوو کە بینی ڕەش پێستەکەلە مەترسی ئاژەڵەکەی لە سەرە و ئەو بە زاری کراوە لێ نزیک دەبێتەوە. چاوەکانی کیدیگۆ خەریکبوون لەجێ دەرپەڕن و ئەو بە هەردوو دەستی شەویلکەی خوارەوەی ئاژەڵەکەی گرتبوو کە سەری بسوڕێنێتەوە. هاوڕێ باوەڕ پێکراوەکەی خەریکبوو لەبەر چاوی پاندیۆن لەنێو دەچوو. یۆنانیی گەنج، هەموو دەرد و ئازارەکانی خۆی لەبیرکرد، لە جێ دەرپەڕی و نێزەکەی لە ملی ئاژەڵەکە ڕۆکرد. ئاژەڵ بە بۆڕەیەک، شفرەکانی لێکدا و بەرەو پاندیۆن گەڕایەوە و زەبرێکی لە ڕانی دا. یۆنانیی، نێزەکەی بەرنەدا و لە کاتێکدا دەسکی نێزەکەی لەسەر زەوی بوو، و قورسایی خستبووە سەری، بۆ ماوەیەک نێزەکەی لە ملی ئاژەڵەکەدا بە توندی ڕاگرت. هاوکات، کیدیگۆ توانی کێردەکەی دەربێنێت و کاڤیۆسیش بەبێ ئەوەی کە هیچکام لە هاوڕێکانی پێی بزانن، لەوبەری ئاژەڵەکەوە هەستایەوە.

وتروسکی دەمی کراوە و شفرەکانی دیار بوون و بە ئارامی لە پشتەوە، ئاژەڵەکەی بە ئامانج گرت و نێزەکەی بە قوڵایی کوبیتێک چوو لە لەشی بۆری ئاژەڵەکەوە و بەرز کردەوە. دڕندەکە بە توندی لەرزی و بەرەو وتروسکی گەڕایەوە. وتروسکی خۆی لێ لادا و ئەویش وە لاکە لاک کەوت، بەڵام نەکەوت. سەرئەنجام کیدیگۆ بە قیژەیەکی بەرز، کێردەکەی لە گەرووی ئاژەڵەکە نا و کاڤیۆسیش خۆی گەیاندە دڵی دڕندەکە و هەڵیدڕی.

ئاژەڵە گەورەکە کەوتە سەر زەوی و بۆنێکی ناخۆشی لێهات. پاندیۆن نێزەکەی لێ دەرکێشایەوە و جارێکی تریش، ئەوی لە ملی ڕۆ کرد، بەڵام ئیتر پێویست بەو زەبرەی دوایی نەبوو. ئاژەڵ ملی درێژ کرد و سەری بەرەو کاڤیۆس کە هێشتا لاقەکانی دەلەرزین، درێژ کرد و پەنجەکانی لە زەوی داگرت. ماسولکەکانی کۆبوونەوە و مووی گرژی سەر و پشت ئەستۆی پان بوونەوە. هاوڕێیان، لەوە خۆشحاڵ بوون کە لەژێر مانگەشەودا، لە چنگ ئەو دڕندەیەی ڕزگاریان بوو. هەرکە وەخۆ هاتنەوە، تەماشای برینەکانیان کرد. بەشێک لە گۆشتی شانی کاڤیۆس پچڕابوو، و بە نینۆکە تیژەکانی دڕندەکە پشتی داڕوشا بوو. لاقی پاندیۆن شکابوو، و پشت ڕانیشی بە قوڵی بریندار بوو، و نەیدەتوانی هەستێتە سەرپێ. کیدیگۆ پتر لەوانە زیانی پێگەیشتبوو، بە زەبری پەنجەی ئاژەڵەکە، پەراسوی ئاماسا و ڕەش ببووەوە، بەڵام نەشکابوو، و چەند برینی قوڵیش بە لەشییەوە بوو. هاوڕێکانی، فۆتەکانیان لەخۆیان کردەوە و دڕاندیان و سەری برینەکانیان پێ بەست. پاندیۆن زۆری ئازار هەبوو، چونکە پێی بریندار بوو، نەیدەتوانی بە ڕێدا بڕوات. کیدیگۆ دڵنەوایی هاوڕێکانی دەدایەوە و متمانەی پێیان دەدا کە لە مەترسی ڕزگاریان بووە و لاشەی دڵنیاکەری ئاژەڵەکە، لە بەرامبەر ئاژەڵە دڕندەکانی تردا، پارێزەریان دەبێت. فیلدارەکان هەست بە نەبوونیان دەکەن و بۆ دۆزینەوەیان هەوڵدەدەن. سێ هاوڕێ کە لێوەشاوانە دەرد و ئازاری سوتێنەری لەشیان دەچێشت، لەسەر زەوییەکی بەردەڵان ڕاکشان، بەڵام لەبەر ژانی زۆریان، نەیانتوانی بنوون.

لە پڕ، ڕۆژ بووەوە و خۆر پەردەی ڕەش و تاریکی شەوێ دڕی. پاندیۆن بەهۆی برینی لاقی زۆر لە ئازاردا بوو. بە دەنگی بەرزی کیدیگۆ، چاوە ماندووەکانی کردەوە. ڕەش پێستەکە، لە ئاژەڵە دڕندەکەی دوێنێ شەوی دەکۆڵیەوە و بە کاڤیۆسی دەگوت کە وێنەی دڕندەیەکی وەک ئەوەی لە تاکیوم لە نێو وێنەی ئاژەڵی تردا لە گۆڕستانی شاری "وایت واڵ" بینیوە. کاڤیۆس لێوی خوارەوەی بە هێمای ناباوەڕیی بەو وتەیەی کیدیگۆ

بەرداوە. کیدیگۆ سوێندی بۆ خوارد و هەوڵیدا بە هاوڕێکەی بسەلمێنێت کە دانیشتوانی تاکیوم بێ گومان دووجار لە ڕابردوودا توشی ئاژەڵێکی وەک ئەوە بوونەتەوە.

خۆر هەڵدەکشا و تونیەتی گوشاری بۆ سێ هاوڕێکە هێنابوو. ئەوان لە تای برینەکانیاندا دەسوتان. کیدیگۆ و کاڤیۆس بڕیاریاندا بە شوێن ئاودا بچن. لە پڕ دەنگێکیان بیست. سێ فیل، کە پیاوە شەڕکەرەکان لەسەر پشتیان بوون بە درێژایی دەشتی ژێر تەپۆڵکە بەردییەکەدا، لەو سێ هاوڕێیە دەگەڕان. فیل سوارەکان بە دەنگی کیدیگۆ، سەری فیلەکانیان سوڕاندەوە و بە توندی بەرەو ئەوان چوون. فیلەکان، کاتی چوونە پێشەوەدا لە پڕ لە جێی خۆیان دەرپەڕین. قورتمەکانیان بەرز و گوێیەکانیان پان دەکردەوە و لەنێو خۆیاندا بۆڵە بۆڵیان لێ هەستا. ڕاوکەرەکان لە فیلەکان دابەزین و بە هاوار کردنی "کیشو، کیشو" بەرەو لاشەی درندەکە چوون. میرڕاوی دوێنێ، بە حورمەتەوە تەماشای سێ هاوڕێکانی کرد و بە دەنگێکی کپ و گیراو، گوتی: **(ئێوە ئەگەر ئەو سێ هاوڕێیەتان بەسەر ئەو بەڵایەدا زاڵ بووبن، بە ڕاستی سەربازێکی ناودارن.)**

فیلدارەکان، دەربارەی مووی درێژی سەری ئەو ئاژەڵە زۆر مەترسیدارە قسەیان بۆ کیدیگۆ و هاوڕێیانی کرد. گوتیان، لە ڕۆژدا هیچ کەس بە شوێنی ئەوانە نازانێ، بەڵام هەرکە شەو هات، بەدەر دەکەون و پەلاماری فەرخە فیل و کەرگەدەن و بێچووی ئاژەڵە مەزنەکان دەدەن. مووی لەشیان کاتی شەڕ سەخت و سەخت دەبێت و شفرە مەترسیدارەکانیان دەتوانن لاقی فیل لە لەشیان جیا بکەنەوە. پەنجەی بەهێزی دەستیان دەتوانێت نێچیرەکان وەرد بکات و ئێسکەکانیان تێک بشکێنێت.

کاڤیۆس، بە هێما داوای لە ڕاوکەرەکان کرد کە یارمەتی بکەن، تا ئاژەڵەکە کەوڵ بکەن و پێستەکەی لێ بکەنەوە. چوار ڕاوکەر بەبێ سەرنجدان بە بۆگەنی ئاژەڵەکە، یارمەتیان دان. پێست و سەری ئاژەڵەکە و ئەو سێ هاوڕێیە، بە یارمەتی پیاوە شەڕکەرەکان لە سەر فیلێک دانران و فیلەکان بە زەبری ئارامی فیلدارەکان، سوڕانەوە و بە وێرغە وەڕێکەوتن و بە ماوەیەکی کەم، مەودای شوێنەکەیان تا گوند بڕی و کاتی نیوەڕۆ گەیشتنەوە گوندەکە. گوندییەکان بە دەنگی بەرز بەخێریان هێنانەوە و پیاوە شەڕکەرەکان لەسەر پشتی فیلەکانەوە هاواریان کرد و بە وردی باسیان لە کاری گەورەی ئەو سێ کەسانە کرد.

******

کیدیگۆ بە ڕوخسارێکی گەشاوە و بە غرورەوە لەسەر سەکۆی پان و لە کەژاوە چوو، و بە جووڵەی فیلێک کە پێنج کوبیت لە زەوییەوە بەرز بوو، لەکن پاندیۆن دانیشت. ڕەش پێستەکە چەند جار ویستی گۆرانی بڵێت، بەڵام هەموو جارێ فیلەکە خۆی دەلەقاند و هەڕەشەی لێ دەکرد و نەیدەهێشت دەنگی بەرز بکاتەوە و پێشانیدەدا کە فیلەکان لە ڕۆیشتندا لەگەڵ بێدەنگی ڕاهاتوون.

چوار ڕۆژ بوو، گوندی فیلدارەکانیان بەجێهێشتبوو. سەرۆک بەڵێنەکانی بەجێ گەیاند و ئیزنی بە کۆیلەکانی پێشوو دا لەگەڵ لیژنەی ڕەوانەکراو بچن. پاندیۆن، کاڤیۆس و کیدیگۆیان، کە هێشتا برینەکانیان سارێژ نەببۆوە، ئیزندا سواری یەکێک لەو شەش فیلانەی لیژنەکە ببن و ١٦ کەسەکەیتر لە پشت کاروانەکە بڕۆن. فیلەکان تەنیا نیوە ڕۆژێک دەڕۆیشتن و کاتەکەی تریان بۆ خواردن و پشوودان بوو، بەڵام ئەوانەی بەپێ دەهاتن، تەنیا کاتی گەیشتنی شەو، دەیانتوانی بگەنەوە فیلەکان.

فیلدارەکان بەهۆی بەرپرسایەتیان، تەنیا ڕێگەیەکیان هەڵدەبژارد کە خەڵک کەڵکی لێوەردەگرت. ئەوان لە چوون بە نێو دارستان و دارە گەورەکاندا، خۆیان دەپاراست و فیلەکانیان بە گرد و تەپۆڵکەکاندا دەبرد. تەپۆڵکەکانیش پڕ دار و درەختی چڕ بوون و ئەوان ناچار بوون ڕێیەکە بدۆزنەوە. هەندێک جار، جێی فیلەکانی پێشەوەیان دەگۆڕی و دەیانخستنە پشتەوە کە بحەسێنەوە. فیلەکان بە دوای خۆیاندا ڕێگایەکیان دەکردەوە و ئەوەش ئاسانکاریی بۆ کۆیلەکانی پێشوو دەکرد کە لە پشت کاروانەکە دەهاتن و ئەو سێ هاوڕێیانە پێویستیان بە کردنەوە ڕێگا نەبوو. سێ هاوڕێی فیل سوار لەوە ئاسودە بوون کە بەنێو دەوەنی دڕودار و مێش و مەگەز و ماری ترسناک و لیتەی بۆگەندا بڕۆن، هەرچەندە ئەوانیش لە ئازاری بۆگەن و مێشەکان بێبەری نەبوون.

پاندیۆن، ئێستا تێگەیشتبوو کە ڕێبوارێکی پیادە لە دارستان و نێو دەوەنەکانی ئەفریقادا دەبێ تا چ ڕادەیەک ورد و هوشیار بێت. بۆ کەسێک کە دەیویست تەندروست بمێنێت و نەهێڵێت وزەی بەفیڕۆ بچێت، دەبوایە بەهێزەوە ڕێگا بڕوات و بە بەردەوامی هوشیار بێت. فیلەکان بە ڕێگەی سەخت و دژواری نێو گاشە بەردە تیژ و سەختەکاندا دەڕۆیشتن. پاندیۆن لە سەر پشتی فیل، کاتی ئەوەی هەبوو کە جوانییەکانی ئەو وڵاتە سەیر و ڕەنگاو ڕەنگە پڕ لە گیا و گوڵی بۆن خۆشە، بە مێشکی خۆی بسپێرێت. لەژێر تیشکی خۆردا، سەوزاییە داپۆشراوەکان بە گوڵ، بە جۆرێک دەدرەوشانەوە کە مرۆڤیان بۆ دنیایەکی تر

دەبرد. ئەو دیمەنانە لەبەر چاوی پاندیۆندا کە خەڵکی باکور بوو، شێوازێکی ناڕونیان هەبوو، کاتێک ڕەنگە توندەکانی لەگەڵ ڕەنگی گوڵی کاڵ و لێک نزیکی یۆنان هەڵدەسەنگاند، ئەوانەی توند و ناپەسەند دەکەوتە بەرچاو، بەڵام هەرکاتێک هەور سنگی ئاسمانی دادەپۆشی، یان ڕێبواران دەچوون لە دارستانە نیوە تاریکەکانەوە ڕەنگەکانیان لەبەر چاوی ون دەبوو. ڕێبواران گردێکی تیژی سەر دارستانەکەیان بڕی و گەیشتنە ناوچەیەکی بەرز و ڕێک کە خۆڵەکەی سور بوو. ئەوان جارێکی تریش داری بێ گەلایان بینی کە شیرەیەکی وەک شیریان لێ دەتکاوە. لقەکانی سەوزی ئاماڵ شین ئەو دارانە بە شێوەیەکی خەمناک بەرە ڕوناکی ئاسمان هەڵکشابوون و سەر چڵەکانیان بە جۆرێک بوو، کە لەوە دەچوو دەستێک ئەوانی لە بەرزایی ٣٠ کوبیتیدا ڕازاندبێتەوە. قەدی دارەکان ئەستور و چڵەکانیان بێ گەڵا لە شەمدانی ئاسنی چەند لق دەچوو. گوڵ و خونچەی سەر چڵەکانیان سور و درەوشاوە بوون و لەوە دەچوون کە سەدان مەشخەڵ لە گۆڕستانێکی تاریکدا هەڵکرابن و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ هەبوو. لەوێ نە ئاژەڵی دڕندە هەبوو، و نە باڵندەیەک کە ئارامیی مەرگهێنەری گەرمای نێو پۆلە دار و دەوەنەکان بشێوێنن.

هەندێک دوورتر، گەیشتنە ئاودڕی قوڵ لە زیخی سپی. ڕێبوارانی ناچار بوون بەنێوان ئەو ئاودڕانە و کۆمەڵێکی زۆر قۆرتی مارپێچی تەنگی تەنیشت ئاودڕەکەدا بڕۆن کە دیوارێکی ڕەنگ ئەرخەوانی خز، بە بەرزایی ١٠٠ کوبیت دەوری گرتبوون. فیلەکان، بە وردی ڕێگای خۆیان بە قۆرتی هەڵدێرگەکان و ئەهرام و ئەستونی ڕزیودا دەکردەوە و هەندێک جاریش بە زەوی ڕۆچووی تەنگدا کە خۆڵی ڕەنگاو ڕنگیان تێدا بوو، لە بەرزاییەکان سەردەکەوتن کە جار جارە دیوارێکی لێژیان پێکدەهێنا و ڕێبواران پێیدا شۆڕ دەبوونەوە و دەخزان و فیلەکانیش دەترسان و بە دەنگی بەرز لێیان دوور دەکەوتنەوە. ڕەنگی زەوی خز و ڕۆچوو، بە بەردەوامی گۆڕانی بەسەردا دەهات. لە ڕەنگی سورەوە بۆ ڕەنگی قاوەیی ڕەوشەن و زەردی وەک ئەهرام کە هێڵی سپیان لەسەر بوو. دۆڵ و شیوەکان قوڵە و وشک و بێ ڕۆح بوون، بە کۆمەڵێک ڕەنگی لێک جیاوازی وەک پەلکە زێڕینەی سروشتیی بێ ڕۆح. پاندیۆن، ڕای وابوو کە پێی ناوەتە ناوچەی پەرییەکانەوە.

پاندیۆن تێگەیشت کە بۆچی فیلەکان بە وردی بەرەو پێشەوە دەچن و کاتی پشودانەکان، فیلدارەکان بە وردی تەماشای پێستیان دەکەن. کاتێک لەو پشکنینانەی پرسی، فیلدارێکی ڕەش پێست دەستی خستە کولەکەیەکی ئاوێ "کودی ئاوێ" کە بە کەمەریەوە

هەڵواسرابوو، و پێی گوت: (**ئەگەر پێستی فیل دابڕوشێت، یان زیانی پێبگات، فیلەکە زوو تێکدەچێ. ئەگەر فیل بریندار بێت، خوێنەکەی گەندەڵ دەبێ و بە زوویی دەمرێ. ئێمە هەمیشە دەرمانمان پێیە، تا دەسبەجێ برینەکەیان دەرمان بکەین.)**

پانـدیۆن. لەم بـارەیەوە کە زانـی فیلێکـی بەهێـز و بە تەمەن، بەو ڕادەیە زوو زیـانی پێدەگات، سـەری سـوڕما، بەڵام دواتر تێگەیشت کە ئەو ئـاژەڵە ئاقڵ و پیرانە، بۆچی بەو ڕادیە وردبیـنن. فیلەکـان پێویسـتیان بە چـاودێرییەکی زۆر هەبـوو. شـوێنی مـانەوەی شـەوانەیان و جێی پشـوودانیان، توێژینەوەی ورد و درێژ و هەمەلایەنەی بۆ دەکرا و بە ڕاوێـژ کردنێکـی زۆر، بە وردی شـوێنیان بـۆ دیـاریی دەکرا. فیلە بەسـتراوەکان، بە هـۆی چـاودێرانی وردبـین کە شـەوانە نەدەنوسـتن، گەمـارۆ دەدران. کـاتی دەرچـوون، گرووپـی تایبەتی چاودێر بە مەودایەکی زۆر، وەپێش کاروانەکە دەکەوت، تا دڵنیا بن لە دەوروبەری نـاوچەکەدا فیلی کێوی نییە و ئەگەر بە هەڵکەوت توشـی فیلی کێوی بووایەن، بە قیژە و هاواری توند، ئەوانیان دوور دەکردەوە.

سێ هاوڕێکان، قسەیان لەگەڵ فیلدارەکان کرد و هەرچی دەیانویست لێیان دەپرسـین. جارێک، پاندیۆن لە بەرپرسی کاروانەکەی کە پیرە پیاوێکی باڵا بەرز بوو، پرسی چۆنە ئێوە بە ڕەزامەندییەکی زۆرەوە دەچن بۆ ڕاوی فیل، لە کاتێکدا کارێکی زۆر مەترسیدارە. لەو کاتەدا چرچی دەوری چاو و زاری بەرپرسی کاروان قوڵتر بوونەوە و بە ڕاشکاوی پێی گوت:

– (**تۆ وەک مرۆڤێکی ترسەنۆک قسە دەکەی، لە کاتێکدا لە ترسـەنۆک نـاچی. فیلەکـان هێـز و سـامانی خەڵکـی ئـێمەن و ئـێمە بە بەرەکەتـی بـوونی فیلەکـان، ژیانمـان هەیە و ئاسودەین. ئێمە بە نرخی ژیانمان، ئەو سامانە بەدەست دێنین و ئەگەر ترسمان بووایە، ژیانێکی باشترمان لە هۆزە کوللە و مارمێلکە و گیاخۆرەکان نەدەبوو. کەسانێک کە لە مەرگ دەترسن، ژیانێکی هەژارانەیان دەبێت و برسی دەمێنن. ئەگەر کەسێک بزانێ مەرگ بۆ بنەماڵەکەی بەرهەمـی ژیـانە، ئەوکـاتە ئازایـانە پێشـوازی لە هەر چەشـنە مەترسـییەک دەکـات و بەرەو پیـری مەرگ دەچێت. کـوڕەکەی مـن کە پیـاوێکی دلێـر و ئـازا بـوو، لە هەڕەتـی لاوێتیـدا لە ڕاوکردنـی فیلـدا کـوژرا.)** بەرپرسـی کـاروان چـاوی بەرەو پانـدیۆن سوڕاندەوە و گوتی:

**– (ڕەنگە تۆ جۆرێکی تر فیکر بکەیەوە، بێگانە؟ ئەگەر وایە، چۆنە لە جیاتی مانەوەت بە کۆیلەتی، ئەو هەمووە ولاتانەت بڕیوە و دژی مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان شەڕت کردوە؟)**

پاندیۆن بەخۆدا شکایەوە و ئیتر پرسیاری نەکرد. کیدیگۆ لە نزیک ئاگر دانیشتبوو. ئەو لەپڕ هەستا و بەرەو پۆلێک دار چوو کە نزیکەی ٢٠٠ کوبیت لە شوێنەکەیان دوور بوو. کاتی خۆرئاو، گەڵای پان و درێژی دارەکان، ڕەنگی تەلاییان بەخۆیانەوە گرت و بە دەم شنە باوە دەجولانەوە و بەرز و نزم دەبوونەوە. کیدیگۆ، بە وردی توێکڵی ناسک و ناڕێکی ئەو دارانەی تاقی کردەوە و بە دەنگێکی بەرز و شادیهێنەر، کێردەکەی دەرهێنا. هەندێک دواتر، ڕەش پێستەکە دوو باقە توێکڵەدارە ڕەنگ بۆرە نزیک بە سورەکانی لەگەڵ خۆی هێنا. باقەیەکی دا بە بەرپرسی کاروانەکە و پێی گوت:

**– (ئەو باقەیە وەک دیاریی ماڵئاوایی کیدیگۆ بدە بە سەرۆک. ئەوە دەرمانێکی سێحراوی دەشتە شینەکانە. کاتێک نەخۆش کەوت، یان ماندوو بوو، یان خەمبار بوو، ئەو توێکڵە ورد بکات و بیکوڵێنێ و هەندێک لە ئاوەکەی بخواتەوە. ئەگەر زۆری لێ بخواتەوە، ژاراوی دەبێت. ئەو توێکڵە، هێز دەگەڕێنێتەوە بۆ پیرە پیاوەکان و کەسانی خەمبار شاد دەکات و ژیان بۆ مرۆڤە لاوازەکان دەگەڕێنێتەوە. باش سەرنج بدە، تۆ بۆ ئەم دۆزینەوەیە، سوپاسی من دەکەیت.)** بەرپرسی کاروان بە خۆشحاڵییەوە دیارییەکەی وەرگرت و دەسبەجێ فەرمانی بە فیلدارەکان دا کە چەند باقەی تریش لە توێکڵی ئەو دارە بێنن. کیدیگۆ، دووەم باقەی کە بە کاڤیۆس بوو، شاردەوە.

ڕۆژی دوایی، فیلەکان لە دەشتێکی بەردەلانی پاندا کە پڕ بوو لە دار و دەوەن، بەرەو بەرزاییەک سەرکەوتن. ڕەشەبا بە جۆرێک دەوەنەکانی خوار کردبۆوە، کە بەسەر گیای دەوروبەریاندا کوور ببوونەوە و گیایەکانیان خوار و دەوروبەریان وشک و زەوییەکەشیان ڕەش هەڵگەڕا بوو.

هەر جارەی کە با لە سیمای ڕێبوارانی دەدا، فێنکایەکی بۆن خۆشی بۆ دەهێنان. پاندیۆن بەو شنە بایانە و هەڵمژینی بۆنەکان گەشایەوە. کەش، بۆنێکی سەیری دەهێنا کە بۆ ماوەیەکی زۆر لەبیر کرابوو، بەلام هێشتا ئاشنا و لە ڕادە بەدەر بۆیان ئازیز بوو. بۆنەکان، بە باهۆزێک کە لە گەڵای سوتاوی دارستانەکەی دەدا، بە زوویی لەنێو چوون. لێژاییەکی کەم و پان تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو. نەمام و چڵی باریکی دەوەنەکانی

دارستان بە ڕەنگی شین و یەک شکڵ، خۆیان لە یەکتر دەخشاند. لە مەودایەکی دوورەوە، زنجیرەک چیا بە ڕەنگی ئەرخەوانی لەنێو تەم و مژدا دەرکەوت.

کیدیگۆ بە ئەشق و خۆشحاڵییەوە هاواری کرد: (**نیشتمانەکەم "تێنگرێلا"**[1] **لەوێیە.)** هەموو هاوڕێیانی گروپەکە سەریان سوڕاندەوە کە تەماشای ئەو ناوچەیە بکەن. کیدیگۆ دەستەکانی ڕاوەشاند و لوشمە لوشمی کرد و پێکەنی و بە هەژانەوە شانە بەهێزەکانی ڕاوەشاند. پاندیۆن دەیویست باش بە هەستی هاوڕێکەی بزانێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەستێکی نادیار لە ئێرەیی بردن پێی، ئەوی ئازار دەدا. کیدیگۆ گەیشتبووەوە نیشتمانەکە، بەڵام پاندیۆن بۆ گەیشتن بەو کاتە پیرۆزە کە بڵێت: (**نیشتمانی باوکانی من!**) مەودایەکی درێژی لەپێش بوو. بە دوور لە چاوی هاوڕێیان، پاندیۆن سەری داخست و لەوێ دوور کەوتەوە و لەو ساتەدا نەیتوانی بەشداریی لەو خۆشییەی هاوڕێکەی دا بکات.

فیلەکان بە لێژاییەکی ڕەش و ڕووتەنی هەڵدێرگەیەکی گرکاندا کە هیچ گیا و دەوەنێکی لێ نەدەبیندرا، دابەزین. ڕێگاکەیان بە دەشتێکی سافی بێ گرێ و شیندا تێدەپەڕی کە ژمارەیەکی زۆر گوڵی بچووکی تێدابوو. پانتاییەک بە ئاوی ڕون و شین، جیاوازیی زۆری هەبوو لەگەڵ کەنارەکانی ڕەشدا و پاندیۆن بە بینینی ئەو دیمەنە، لەپڕ چاوی شین و قژی ڕەشی تسای کەوتە بەرچاوی و بە توندی لەرزی. لەوە دەچوو گوڵە شینەکان، وەک چاوەکانی تسا، بە ڕەخنەوە تەماشای دەکەن. مێشکی، ئەوی گەیاندەوە "ئۆنیادا" و هەستێکی نارون، بەڵام بەهێز کە لە شڵەژاوییەوە دەهات و هەموو دڵی داگرتبوو. بەرەو هاوڕێکەی گەڕایەوە و ئەوی لە ئامێز گرت و هەر سێ هاوڕێ، بە خۆشحاڵیەوە دەستیان خستە دەستی یەکتر و بە گەرمیی کوشیان.

فیلەکان، لێژایەکەیان بەجێهێشت. ڕوبارێکی پان بەنێو دۆڵێکدا دەڕۆیشت و هەندێک دوورتر ڕوبارێکی تر، لە باسکی ڕاستی دۆڵەکەوە، تێکەڵی ئەو ڕوبارە دەبوو، و بە قەراخی باسکی چەپەدا، بە توندیەکی زیاترەوە دەچووە پێشەوە. فیلەکان بۆ ماوەیەک بە تەنیشت باسکی چەپی ڕوبارەکەدا ڕۆیشتن و گەیشتنە هەڵدێرگەیەک و بەودا درێژیان بە ڕێگادا. هەندێک پێشتر، هەڵدێرگەکان لە ڕوبارەکە دوور کەوتنەوە. پانایی ڕوبارەکە دەگەیشتە نزیکەی پازدە کوبیت و داری بەرزی خواربووەوەی ئەو ناوچەیە لە کەوانەیەکی سەوزدا سەریان گەیشتبووە یەکتر. فیلەکان، بەرلە گەیشتنیان بۆ ئەو دارانە، ڕاوەستان، بەرپرسی کاروان گوتی: (**ئەوە هەمان خاڵە کە ئێمە لێی دەگەڕێینەوە و زیاتر لەوە نایەین.)**

سێ هاوڕێکە لە فیلەکە هاتنە خوارەوە و ماڵئاواییان لە خانەخوێیەکانیان کرد. کاروان لە ڕوبار پەڕییەوە و سێ هاوڕێکان بۆ ماوەیەک ڕاوەستان و تەماشای ئاژەڵە گەورە بۆرەکانیان کرد کە دەچوونە سەر ترۆپکی بەرزاییەکی ساف لە باسکی باکوری ڕووبارەکە. هەرکە، حیوانەکان لەبەر چاو ونبوون، ئەوان بەبێ ئیرادە ئاخێکی تێکەڵاو بە پەژارەیان هەڵکێشا. بۆ گەیشتن و یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەندامانی گروپەکەیان کە بەپێ دەهاتن، بە هێمای ڕێنمایی کردن ئاگریان کردەوە. کیدیگۆ بە وتروسکی گوت: **(وەرە، بۆ دروست کردنی لۆتکە بەشوێن قامیش و نەمام و شولکی تەڕدا بگەڕێین. دەتوانین ڕێی دوایی خۆمان بە توندی بە ڕوباردا ببڕێن.)** دواتر، تەماشای پاندیۆنی کرد و بە نەزانی و لە ڕووی خۆشەویستییەوە، پێی گوت: **(شەلە، تۆش لێرە لەکن ئاگرەکە بمێنەوە و ئاگات لە لاقت بێت.)**

*******

پاندیۆن و کاڤیۆس لە قەراخ ڕوبار، کیدیگۆیان لەکن ئەندامانی هۆزەکەی بەجێهێشت. بۆنی دەریای ڕووبەڕوو، ئەو دوو هاوڕێیەی کە لە کەناری دەریا گەورە ببوون، سەرخۆش کرد. یۆنانیی گەنج و وتروسکی لۆتکەیان خستە نێو ڕوبار و بە باسکی چەپی ڕوبارەکەدا چوونە پێش. زۆری نەخایاند کە لۆتکەکەیان لەسەر بەرزایی تەپۆڵکەیەک، لە زیخ چەقی. ئەوان بە قەراخێکی لێژی ڕوبارەکەدا کە گیای بەرز و قەوزە بە لاقیانەوە دەنوسا سەرکەوتن و بە ڕێچکەیەکدا کە بەرەو بەرزایی گردێک دەچوو، درێژەیان بە ڕێگادا. لە کاتێکدا بە توندی هەناسەیان دەدە، بە پەلە وەسەر گردەکە کەوتن و بێدەنگ و بێ جووڵە ڕاوەستان و بۆ ماوەیەک توانای قسەکردنیان نەبوو، و دڵیان بە توندی لێی دەدا.

پانایی نادیار و بێ سنوری دەریالوش "اقیانوس"، ئەوانی نوقمی تەماشا کرد. دەنگی ئارامی شەپۆلەکان بۆ ئەوان لە دەنگی هەورە تریشقە دەچوو. کاڤیۆس و پاندیۆن تا سنگیان لە گیادا بوون. گەڵای شێوەی گەڵای دارخورما دەچوون و دارەکان پڕ و بەسەریاندا جۆلانەیان دەکرد. هێڵێکی سەوز، بە بناری تەپۆڵکەکاندا دەگەیشتە ڕەڵم و زیخەکانی کەناری دەریا و ئەو هێڵە بەگشتی ڕەش دەچووەوە. ڕەڵمی زێڕین بە هێڵێکی ڕەنگی زێوین لە کەفی شەپۆلەکانەوە بەرز و نزم دەبووەوە و ڕەگە ڕەگە دەبوو. ڕەڵمی ڕەنگ تەڵایی بە هێڵی بۆر، لەگەڵ کەفی شەپۆلە سەوزەکان لە کەناردا هات و چۆیان

دەکرد. لە مەودایەکی دوور، هێڵێکی ڕێک لە دەریادا، دورگە دوورەکانی لە کەنار جیا دەکردەوە و بەسەر دەریای شیندا پان دەبۆوە و بە ڕەنگی سپی هەست بزوێن دەدرەوشایەوە.

پەڵە هەوری سپی بەسەر سنگی ئاسماندا بڵاوببوونەوە و لە کەنارەدا پێنج دار خورما بەرەو ئاوی دەریا خوار ببوونەوە و شنەبا، گەڵای ئەوانی وەک باڵی باڵندەی تازە باڵگرتوو، بە نارێکی لێک دەدا. ڕەنگی گەڵاکان، بۆر و لێواریان تیژ و جوانیی دیمەنیان بەسەر دیمەنی دەریادا زاڵ ببوو. تیشکی خۆر بە ڕادەیەک بەهێز بوو کە بە نێوان گەڵای دارەکاندا دەدرەوشایەوە. شنەبایەکی شێدار، کە بۆنی ئاوی سوێری دەریای لەگەڵ خۆی دەهێنا، لە سەر و سنگی ڕوتی پانديۆن دەکەوت و لەوە دەچوو کە دوای ساڵەکانی لێکدابڕان، ئەویان لە باوەش دەگرت.

کاڤیۆس و پانديۆن لەسەر ڕەڵمێکی فێنک و ڕەق و سافی کەنارە دانیشتن و دوای ماوەیەک پشوودان، خۆیان خستە نێو ئاو کە شەپۆلی ئارامی بەسەرەوە بوو. دەریا بە بەرز و نزم کردنەوەی ئەوان بۆ نێو سنگی خۆی، پێشوازی کردن. پانديۆن و کاڤیۆس بە باسک لێدان، ڕێگایان بە نێو شەپۆلەکاندا دەکردەوە و لە بۆنی سوێری ئاوەکە تەواو لەزەتیان دەبرد، تا سەرئەنجام سوێرایی ئاوەکە شوێنی زامەکانیانی بەژاندەوە و ئەوان، ئاویان بەجێهێشت و لە کەنارەکەدا ڕاوەستان و لە دیمەنی جوانی دەریالوش بە شەوق هاتن. ئەو دەریالوشە وەک پردێک بوو لە بەرامبەریاندا و لە خاڵێکدا دەگەیشتە ئاوی دەریای نیشتمانەکەیان. لە هەمان کاتدا کە ئەوان لەسەر ئەو دەریایە ڕاوەستابوون و شەپۆلەکانیان تەماشا دەکرد، شەپۆلی وەک ئەوانە لە کەنداڵە سپییەکانی یۆنان و کەنداڵە زەردەکانی "ئەتروریا"ی نیشتمانی وتروسکی دەکەوتن.

یۆنانیی گەنج، هەستی کرد چاوەکانی لە فرمێسکی هەژان پڕ بوون و ئیتر بیری لەو مەودایە نەدەکردەوە کە ئەوی لە نیشتمانەکەی جیا دەکردەوە. ئێرە دەریا بوو، و لە سەرووی ئەودا تسا چاوڕوانی بوو. لەوێ هەموو ئەو شتانەی لەلا ئازیز و نزیک بوون کە لە ڕەوتی ساڵەکانی تاقیکردنەوەی سەخت و سەدان مایل ڕێپێوانی تاقەت بڕدا، لێیان دوور کەوتبووەوە و لەبەر چاوی نەبوون.

هەردوو هاوڕێ، لە خاڵێکی بەرتەسکی کەنارەدا، ڕووبەڕووی دەریا ڕاوەستابوون. لە پشت سەریاندا، زنجیرە چیای بەرز سەر دارستانە ڤێزەونەکانی گرتبوو. دەشتەکان،

بیابانەکان، دارستانە سوتاوەکان، کێڵگە وشکەکان، دارستانە بۆر و ڕەش و شێدارەکانی وڵاتانی سەیر، ماوەیەکی زۆر بوو، لەمپەری سەر ڕێگەی گەیشتنەوەیان بۆ نیشتمانەکەیان بـوون. وڵاتێـک کە بە سـاڵان ژیـانی ئەوانــی بەفیــڕۆ دابــوو، دەیـانتوانی لە خـزمەت بنەماڵەکانیاندا بن. ئەوان، ئازادی خۆیان بە نرخی خەباتێکی درێژ و قارەمانانە و هەوڵی زۆر و بەردەوام بەدەست هێنابوو. ئەگەر هەمووی ئەوانەیان وەقفی نیشتمانەکەیان کردبا، بۆ ئەوان سەربەرز و شانازیی بوو.

کاڤیۆس، دەستە قورسەکانی خستە سەر شانی پاندیۆن و پێی گوت: (**پاندیۆن، ئێستا چارەنوسـی ئـێمە لە دەسـت خۆمـان دایە!**) و لە کاتێکدا ئـاگری هەژان لە چـاوە ڕەش و تورەکانیدا دەدرەوشـایەوە درێـژەی پێدا: (**ئێسـتا، ئـێمە دوو کەس کە ڕێیەکەمـان بەرەو کەنـارەی گەورەدا دۆزیوەتەوە، بێگومـان دەگەیـنەوە و لەو ڕێیەدا پاڵپشـتی سـەرەکیمان هـاوڕێ لیبیاییەکـانن کە شـتێک لە بەلەمەوانـی نـازانن...**) پاندیۆن بە هێمـای سـەلماندنی قسەکانی، سەری جوڵاندەوە، بەڵام قسەی نەکرد و ئێستا کە لە بەرامبەر دەریادا ڕاوەستا بوو، باوەڕی تەواوی بە هێزی خۆی هەبوو.

دەنگـی کیـدیگۆ، لە کەنــارەدا دەنگـی دایەوە. ڕەش پێسـتی خەمنـاک بە گروپێـک لە ئەنـدامانی هـۆزەکەی و ئەو هاوڕێیـانەی پێشـتر لەگەڵـی بـوون، بە هەژانەوە بەشـوێن هاوڕێکانیدا دەگەڕا. کاڤیۆس و پاندیۆن گەڕانەوە بۆ ڕوبار و لەوبەری ڕوبارەکەدا چەند گایـان دی کە کیـدیگۆ بـۆ گواسـتنەوەی برینـدارەکان و چەک و پێداویسـتییەکانی ئەوان هێنابوونی.

قۆناخێکی کورت، کۆتایی بە ئاوارە بوونی ئەوان هێنا. بەڵێنی کیدیگۆ کە دوای شـەڕی ترسـناک لەگەڵ کەرگەدەن، لەژێـر دارەکـانی ڕوبـاری نیـل، لەکـن هـاوڕێ مردوەکـانی، بە ئەوانی دا، جێبەجێ کرا. هەموو ١٩ کۆیلەکانی پێشوو، بە گەرمی پێشوازی کران و شـوێنی حەسانەوەیان لە گوندێکی گەورەی نزیک دەریا، لە قەراخ ڕوبارێکی پان، بۆ دابین کرا. ئەم ڕوبـارە، ڕێک لەگەڵ ئەو ڕوبـارە دەچـووە پێشـەوە کە دوای بەجێهێشـتنی فیلەکـان بەرەو خـوارەوە بە لـۆتکە پێیـدا چووبـوون. تـا ئەو جێـیەی پێوەنـدی بە کـاڤیۆس و پانـدیۆنەوە هەبوو، سەرنجراکێش ترین شت بۆیان، ئاگادار بوونیان بوو لە "کوڕانی با" کە دوای بیست ساڵ، ساڵی ڕابردوو، بۆ جارێکی تریش گەڕابوونەوە بۆ ئەم کەنارە.

کوڕانی با، ناوێک بوو کە هۆزی کیدیگۆ بەو دەریاوانانەیان دابوو کە لە سەردەمەکانی کۆندا بە مەودایەکی دیار لە دەریاکانی باکورەوە بۆ دۆزینەوەی شفرەی "عاج" فیل، زێڕ، گیا دەرمانی و پێستی ئاژەڵی دڕندە هاتبوونە چیاکانی باشور. خەڵکی ناوچەکە دەیانگوت، سیمای کوڕانی با لە وتروسکی و یۆنانیی دەچوون و تەنیا پێستی لەشی ئەوان بۆر و قژیان "کڕوز" و ئاڵۆز بوو. ساڵی پێشوو، بە چوار کەشتی لە وڵاتی باوکانیانەوە هاتبوونە ئێرە. کوڕانی با بەڵێنیانداوە، لەگەڵ بەکۆتا هاتنی ورزی تۆفانەکان لە دەریای تەم و مژاویدا، جارێکی دیکەش دەگەڕێنەوە لامان. بە لێکدانەوەی کەسانی شارەزا، سێ مانگی تر کەشتیەکان دەگەیشتنە ئێرە. دروست کردنی کەشتی، بۆ کاڤیۆس و پاندیۆن و لیبیایەکان، جگە لەوەی کە ڕێگای دەریایان نەدەزانی، زیاتر لە سێ مانگی دەویست. پاندیۆن و کاڤیۆس لەو بوارەوە بە گومان بوون کە دەریاوانەکان، ئەوان و دە کەسی تر لە هاوڕێیانیان سواری کەشتی بکەن، بەڵام کیدیگۆ لە کاتێکدا بە شێوەیەکی نادیار چاوەکانی دەتروکاند و بە ڕەزامەندییەوە پێدەکەنی، گوتی کارەکە جێبەجێ دەکات.

هەرچەندە، گومان پاندیۆن و کاڤیۆسی ئازار دەدا، بەڵام جگە لە چاوەڕوانی، چارەیەکی تریان نەبوو. لەوانە بوو، کوڕانی با، تا بیست ساڵی تریش نەگەڕێنەوە. ئەوان بەو فیکرەوە، خۆیان ڕازی دەکرد کە ئەگەر کەشتیەکانی خۆیان نەهاتن، خۆیان خەریکی دروست کردنی کەشتی دەبن. گەڕانەوەی کیدیگۆ بۆ نێو هوزەکەی، ڕووداوێک بوو کە جەژنێکی بە کۆمەڵ و پڕ دەنگی لێکەوتەوە. پاندیۆن بە زوویی لە بەشداریی کردنی جەژنەکاندا، ماندوو بوو. هەروەها لە بیستنی ئەو هەموو مەدح و سەنا و ڕێز گرتنە لە ئازایەتی و ناچار کرانی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، دەربارەی نیشتمان و سەربزێویەکانی ڕابردووی، ماندوو ببوو.

کیدیگۆ، بە بەردەوامی لە نێوان دۆستان و خزمانیدا بوو، و گیرۆدەی پێداهەڵکوتنی ئەوان ببوو. لەبەر ئەوە، بە هەڵکەوت تا ڕادیەک لە پاندیۆن و کاڤیۆس دوور کەوتبووەوە و کەمتر یەکتریان دەبینی. کیدیگۆ، ئێستا بە ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی، تێکەڵاوی ژیانی نوێ ببوو کە لەگەڵ شێوازی ژیانی هاوڕێیانی مەزندە نەدەکرا. ئەو هاوڕێیانەی کە سەر بە هۆزەکانی نزیکی ئەو بوون، بە زوویی گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان. ئەو گرووپەی کە مابوونەوە، بریتی بوون لە پاندیۆن و کاڤیۆس و دە لیبیایی کە گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان لە چاوی یۆنانیی و وتروسکی دا دەبینی.

ئەو دوازدە بێگانەیە گەیشتنە ڕوبارێکی گەورە کە گڵێکی وشکی ڕەنگ بۆری مەیلەو سەوزی لە پێش بوو، کیدیگۆ پێداگری دەکرد کە پاندیۆن و کاڤیۆس بچن بۆ ماڵێکی جوانی لە گومبەزیی چووی نزیک ماڵەکەی خۆی. دوای ساڵەکانی ئاوارەیی، پاندیۆن سەرئەنجام توانی لە جێیەکی تایبەتدا بنوێت. خەڵکی ئەو گوندە لەسەر پێست و باقە گیا نەدەنوستن. ئەوان تەختی خەوی دروستکراویان لە دار و قامیش هەبوو کە نوستن لە سەریان بە تایبەتی بۆ پاندیۆن کە لاقی بریندار بوو، خۆش و ئاسودە بوو.

پاندیۆن، کاتێکی زۆری هەبوو کە لە قەراخ دەریا بێت، بۆ ماوەیەکی زۆر خۆی بە تەنیا، یان لەگەڵ کاڤیۆس لەوێ دادەنیشت و گوێی لە شڵپەی ڕێکی شەپۆلەکان ڕادەگرت. ئەو، بە بەردەوامی لە دڵەڕاوکێدا بوو، گۆڕانکاری لە گەشتە درێژەکەی، لە کەش و هەوای گەرم و تاقەت بڕدا، هێزی هونەریی بە فیڕۆ بردبوو. پاندیۆن بە شێوەیەکی چاوەڕان نەکراو گۆڕا بوو، و خۆشی بەو گۆڕانەی دەزانی. سەردەمانێک لەژێر کاریگەریی ئەشقی لاویەتیدا، بە پەیڕەوی کردن لە هەستی فێر بوونی هونەری کۆن و کەناودا و دیتنی وڵاتی بێگانە و فێر بوونی شتێک لە ژیانیدا، توانیبووی کچی دڵخواز و ماڵ و نیشتمانەکەی بەجێهێڵێت و ئێستا بە واتای تاڵی خەمی دووریی نیشتمانەکەی دەزانی. بە تێگەیشتنی لە واتای خەمباری دیلیی و گوشاری بێ هیوایی بەکۆتا هاتنی ژیانی کۆیلایەتی ئاشنا بوو. بە پەرۆشەوە، لە خۆی دەپرسی، ئایا هەستی بەرهەمهێنانی لێ دوور کەوتووەتەوە، یان نا؟ ئایا، ئەو شایستە بوونەی تێدا هەبوو کە ببێت بە هونەرمەندێکی گەورە، یان نا؟ هەروەها، ئەو زۆر شتی دیبوو، و تاقی کردبۆوە و کاریگەریی خۆیان لەسەر دانابوو، و ئەویان لەگەڵ زانیاریی گەورەی ژیان، بە کاریگەرییە لەبیر نەکراوەکان دەوڵەمەند کردبوو.

پاندیۆن هەندێک جار بە خۆشەویستییەوە تەماشای ئەو نێزەیەی دەکرد کە باوکی ئەشقەکەی دابوویە. لە هەموو دەشت، دارستان و چیاکاندا، ئەو نێزەیەی پێ بوو، و زۆرجار لە مەرگ ڕزگاری کردبوو. پاندیۆن، ئەوی بە هێمای ئازایەتی پیاوانە دەزانی کە زامنی مرۆڤ بوو لە خەباتی دژ بە سروشتێک کە لە پانتایی وڵاتانی ئەفریقادا، بەوپەڕی هێزەوە حوکمی دەکرد. ئەو هەموو جارێ، بەر لەوەی کە نێزەکە بخاتە نێو تورەکەکەی کە یروما بۆی دوریبوو، لێوارەکانی بە وردی خاوێن دەکردەوە. ئەو پارچە چەرمانەی کە بە لێزانی لەسەر تورەکەکە گوڵدۆزی کرابوون، هەمووی ئەو شتە بوو کە لە یروما بۆی مابووەوە، تا ئەو کچە دوورکەوتووە مێهرەبان و نەجیبە لە دوو ڕێیانی گەشتەکەیدا بەرەو

نیشتمان دیبووی. بەو فیکرانەوە، پاندیۆن گەڕایەوە تا بیر لەو کێوە بۆرانە بکاتەوە کە لە نێوان دەریالوش و وڵاتەکەیدا لێی تێپەڕیبوو.... لە بەرزایی هەموویاندا، دیمەنی یرومای دەدی کە بە تەواوی ئاوێتەی ژیانی ببوو. ئەو بە هێز و بەربەرەکانییەکی زۆر ئەوی بەرەو خۆی ڕاکێشا.... کچەکەش بە هەمان شێوە بوو کە پاندیۆن دواجار بینی بووی. ئەو لە بەرامبەر قەدی دارێک ڕاوەستابوو، و کۆڵمەکانی وەک مەشخەڵەکان سور ببووەوە.... دڵی پاندیۆن بە توندی لێی دەدا و بۆچوونەکانی وێنەیەکی تەواویان لە درەوشانەوەی پێستی بۆر و نەرمی کچەکە پێشاندەدا و چاوەکانی پڕبوون لە شادی و هەژان و سیمای بچووک و خڕی یرومای لێ نزیک بوو، و ئاهەنگی خۆشەویستی لێ بیست....

پاندیۆن، بەرە بەرە لەگەڵ داب و نەریتی ئەندامانی ڕوو گەش و میوان دۆستی هۆزی کیدیگۆ ئاشنا دەبوو. ئەوان، باڵا بەرز، پێست ڕەش و گەنمی بوون. زۆربەیان خەریکی کاری کشتوکاڵ بوون، یان داری قوڵەیان بۆ میوە و ڕۆن پەروەردە دەکرد، یان داری گەڵاپانی شێوە باوەشێنی مۆزیان هەبوو. میوەی دار مۆزەکان، هێشوی گەورە بوون. مۆز خواردنی خۆش و خۆشتام و تایبەتی ئەوان بوو. مۆز، بەرێکی زۆری دەهێنا، پاندیۆن لەزەتی لە خواردنی مۆز دەبرد. ئەوی وەک میوە بە کاڵیی، یان بە کوڵاوی و سورکراوەیی لە ڕۆندا دەخوارد. کاری خەڵکی ناوچەکە، بەدەستخستنی شەفرەی فیل، پێست و کۆکردنەوەی فستق بۆ دەرمان بوو. پاندیۆن، بە ڕێگەی ئەو فستقانەوە تەندروستی بۆ گەڕابۆوە. هەروەها ئاژەڵدارییش یەکێک لە کارەکانی ئەو کۆمەڵە خەڵکە بوو. جگە لەوە، لە نێوان هۆزی کیدیگۆدا پیشەوەری زانای وەک بەننا، ئاسنگەر، گۆزەکەر هەبوون. بەرهەمی هونەرمەندە لێزانەکانیان هەرگیز کەمتر لە لێزانی کیدیگۆ نەبوو، و لەلایەن یۆنانییەکەوە پەسند دەکران.

خانووەکانیان گەورە و لە بەردی چوار سوچ و خشت و قوری سور دروست کرابوون و بە شێوەیەکی جوان ڕازابوونەوە. دیوارەکانیان، بە وردی نیگاری ئاورەنگ، بە ڕەنگی توند، نیگارەکانی ئاورەنگی کۆنی دورگەی کرێتیان بەبیر دەهێنایەوە. پاندیۆن، کۆمەڵێک قاپی قوڕی سوری دروستکراوی دی کە دیمەنی جوانیان لەسەر نیگار کرابوو. لە خانووەکان و بینای کۆبوونەوە گشتییەکان و ماڵی سەرۆکەکانیاندا، پەیکەری جۆراوجۆر بە ڕەنگی دار دەبیندرا. پاندیۆن لە ناخییەوە دەستخۆشی لە کاری هونەرمەندانی ئەو جێیە و تاشینی پەیکەرەکانی مرۆڤ و ئاژەڵەکان کرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا هەستی کرد کە

پەیکەرتاشەکانی هۆزی کیدیگۆ، دەرک و وردبینی دروستیان لە کارەکانیاندا نەبووە. ئەو دیاردەیە، مامۆستاکانی میسریشی دەگرتەوە. پەیکەرتاشەکانی تاکیوم، سەرەڕای دانانی کاتی زۆر بۆ بەرهەمەکانیان و کەڵکوەرگرتنیان لە ئەزموونی جوانکاریی ساف و درەوشێنەری سەدان ساڵە، بەرهەمەکانیان بێ ڕۆح بوون.

هۆزەکەی کیدیگۆ بە پێچەوانەوە، لە تاشینەکانیاندا کاریگەرییەکی ڕونتریان هەبوو، بەڵام کاری ئەوانیش ناتەواو بوو، و تەنیا سەرنجیان بە وردەکارییەکان دەدا. کاتێک یۆنانیی گەنج، لە کاری پیشەوەرانی ناوچەکە ورد بووەوە، هەستی کرد کە کاری پەیکەرتاش دەبێ پشت بە شێوازی نوێ ببەستێت، نەک کوێرانە هەوڵی پێشاندانی دووبارەی سروشت، یان دووپات کردنەوەی بەشێک لەودا بێت. ئەندامانی هۆزی کیدیگۆ، ئاشنا بە هونەری مۆسیقاش بوون. ئەوان لە ئامێرێکی سەیری وەک تەمبوور کەڵکیان وەردەگرت کە لە دار و کولەکەی سەرئاوی دروستیان کردبوو. هەندێک گۆرانی خەمناکیان هەبوو کە لە ئەشق و خۆشەویستی دەدوا و کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر پاندیۆن دادەنا و گورانیی وڵاتەکەیانی بەبیر دەهێنایەوە.

کاڤیۆس لە تەنیشت ئاگرێک، لەکن ماڵەکەی دانیشتبوو. ئاگرەکە خەریک بوو، دەکوژایەوە. ئەو لە کاتێکدا، چووبوو لە فیکرەوە و گەڵایەکی دەجوو، خەریک بوو میوەیەکی زەردی لە ئاگرەکەدا دەبرژاند. وتروسکی فێرببوو کە چۆن مۆز بکات بە ئارد و لەو کەیک دروست بکات. پاندیۆن لە ماڵ هاتەدەر و لە تەنیشت هاوڕێکەی دانیشتو تەماشای ڕیزی ماڵەکان و هاتووچۆی ڕێبوارانی دەکرد. تیشکی کزی خۆری ئێوارە، لەسەر جادەی خاکیی بەر ماڵەکەیان، بەرەبەرە، بەرەو لق و چڵی دارەکان هەڵکشا. پاندیۆن لە پڕ چاوی بەرەو ژنێک لە سەر شەقامەکە چوو. کاتی هاتنیان بۆ ئەو گوندە، ئەو ژنەی دیبوو، بەڵام لەو کاتەوە لەگەڵی ڕووبەڕوو نەببۆوە. دەیزانی، ناوی "نیورا"یە و هاوسەری یەکێک لە خزمانی کیدیگۆیە. لەو گوندەدا کە تەنانەت ژنەکانیشیان بە جوانیی ناسرابوون، نیورا[٢] سەرتۆپی هەموویان بوو. ئەو بە ئارامی و وەک ژنێکی بە ویقار، بەنزیک ئەواندا تێپەڕی. پاندیۆن بە ڕێزێکی زۆرەوە تەماشای کرد و بە هەموو هێزەوە، ئەشق و خۆشەویستی ڕابردووی بۆ گەڕایەوە.

نیورا، پارچە قوماشێکی شینی ئاماڵ سەوزی بە کەمەرەوە بوو. زنجیرێکی مووروی شینی لە مەلدا بوو، گوارەیەکی قورسی بە شێوازی دڵ و بازنەیەکی زێری لە دەستی

چەپیدا بوو. قژی ڕەش و قوڵەی بە شێوەیەکی خەیاڵاوی لەسەر نێوچاوانی کۆ کردبۆوە. چاوە ڕەشە گەورە و ئارامەکانی لەژێر مژۆڵە بەرزەکانیدا بوو، و ئێسکی ڕوومەتی لەژێر چاوی خڕ و زەقی لە منداڵی دەوڵەمەندەکانی یۆنان دەچوو. پێستی ڕەش و لوسی بە ڕادەیەک جوان بوو کە دەتگوت لەشی لە ئاسنە و لەبەر تیشکی خۆری ئێوارەدا بە ڕەنگێکی قاوەیی دەدرەوشایەوە. گەردنی درێژ و هەندێک هاتبووە پێشەوە و ئەوەش شێوازێکی مەغرورانەی بە سەری بەخشیبوو.

پاندیۆن، دەستخۆشانەی لە جەستە بەرز و نەرم و جووڵەی ئارام و ئاسودە، بەڵام جددی نیورا کرد. بۆ ئەو، نیورا لە جوانیدا بێهەوتا بوو، و بە ڕای خەڵکی گوندەکەش کە کۆنترۆڵیان لەسەر جوانی هەبوو، کەس نەیدەتوانی شان لە شانی جوانییەکەی نیورا بدات. کاڤیۆس، بە شانی لە سەری پاندیۆنی دا و بە گاڵتە، بەڵام جددی لێی پرسی: (**بۆچی وە دوای ناکەوی؟ ئێوە یۆنانییەکان هەمیشە ئامادەن گیرۆدەی ئەشقی ژنێک بن....**) پاندیۆن بەبێ توڕەبوون، بەڵام وەک ئەوەی کە بۆ یەکەم جار وتروسکی بینیبێت، تەماشای کرد و بە ڕووکراوەیی دەستی لەسەر شانی دانا و گوتی:

- (**کاڤیۆس گوێ بگرە، تۆ ئامادە نی سەبارەت بە خۆت قسە بکەی... ئایا هیچ خۆشەویستیەکت بۆ ژیان نییە؟ هەست ناکەی، ئەوانە چەندە جوانن؟**) پاندیۆن بە دەستی، ئەڵقەیەکی کەوانەیی دروست کرد و گوتی:

- (**ئایا هەست ناکەی کە ئەوانە بەشێکن لە دەریا، خۆر و دنیای جوان؟**) وتروسکی بە پێکەنینەوە گوتی:

- (**بۆچی نا، هەر کاتێک شتێکی جوان دەبینم، دەمەوێ بیخۆم.**) دواتر بە جددی درێژەی بە وتەکەیدا و گوتی:

- (**بە گاڵتەم بوو. دەبێ بزانی کە من دوو هێندی تۆم تەمەنە و لە ژێر پەردەی ئەم دنیایەدا دەتوانم لایەنێکی تاریک و ناحەز ببینم. تۆ تاکیومت لەبیر کردوە.**) کاڤیۆس پەنجەی لەسەر شوێنە داغکراوەکەی سەر پشتی دانا و پێی گوت:

- (**من هەرگیز، هیچ شتێک لەبیر ناکەم. ئێرەییم بە تۆ دێت، شتی جوان دروست دەکەی، بەڵام من تەنیا دەتوانم بەرەنگاری ستەمکارەکان و گەندەڵەکان ببمەوە.**) کاڤیۆس هەندێک بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر بە دەنگە گڕەکەی درێژەی دا:

**– (تۆ کەمتر فیکر لە بنەماڵە دوور کەوتووەکەت دەکەیەوە... من بە ساڵانە بنەماڵەکەم نەدیوە، تەنانەت نازانم کە ئایا ماون. کەس و کارەکەم ماوە، کێ دەزانێ لەنێو هۆزە تووڕە و بە کینەکاندا چ ڕوویداوە...)**

خەمێک کە لە دەنگی خامۆشی کاڤیۆسدا بوو، بە بەردەوامی هەستی هاودەردی پاندیۆنی دەبزواند و ئەو نەیدەزانی چۆن سوکنایی بداتە هاوڕێکەی؟ هەروەها قسەکانی کاڤیۆس کە گوتی، تۆ کەمتر فیکر لە بنەماڵە دوور کەوتووەکەت دەکەیەوە.... بەتوندی ئازاری پێگەیاند. ئەگەر کاڤیۆس دەیتوانی شتێکی ئاوا بەم جۆرەی پێ بڵێت.... ئەوە بەو واتایە نەبوو کە تسا، باوکە گەورە، ئاگنر و هەموو ئەوانەی بۆ گرنگ نەبوون. ئەگەر جگە لەوە بووایە، ئەویش وەک کاڤیۆس قێزەون دەبوو، و سودی لە لایەنەکانی ژیان نەدەبینی نەیدەتوانی ئەزموون لە ژیان وەربگرێت؟ فیکری پاندیۆن بە ڕادەیەک ئاڵۆز بوو کە نەیدەتوانی خۆی بناسێت. پاندیۆن، لەجێی خۆی هەستا و پێشنیازی بە وتروسکی کرد کە بچن لە دەریادا مەلە بکەن. کاڤیۆس هاودەنگی لەگەڵ کرد و هەردوو هاوڕێ بە درێژایی تەپۆڵکەیەکدا چوون کە دوای نزیکەی پێنج هەزار ئەرش دەگەیشتە دەریالوش.

چەند ڕۆژ پێشتر، کیدیگۆ گەنجەکانی هۆزەکەی کۆ کردبۆوە و بە خەڵکی گوندەکەی گوتبوو کە هاوڕێیانی جگەلەو فۆتانەی پێیانەوە، شتێکی تریان نیە و "کوڕانی با"ش ئەوانە بەلاش و بە بێ کرێ سواری کەشتییەکانیان ناکەن. ئەو گوتی:

**– (ئەگەر هەرکام لە ئێوە تەنیا کەمێک یارمەتی بدەن بەو بێگانانە، ئەوان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ نیشتمانەکانیان. ئەوان یارمەتی منیان کردوە کە لە دیلی ڕزگارم بێت و بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەکەم.)** کیدیگۆ کە پشتیوانی هەمەلایەنەی هۆزەکەی هەبوو، پێشنیازی کرد، هەموویان لەگەڵی بچن بۆ ئەو دەشتە بەرزانە زێڕی لێیە و کەسانێکیش توانای بەشداریی کردنیان نەبێت، دەبێ شفرەی فیل، فستقی دەرمان، پێست، یان داری بەنرخیان وەک یارمەتی بدەنێ. پاندیۆن و کاڤیۆس، هیچ شتێکیان لە ئامانجی کیدیگۆ و ئەو کردەیەی نەدەزانی. هەرچەندە، دانی کرێی گەڕانەوە بۆ نیشتمانەکەیان ئەوانی توشی پەرۆشی کردبوو، بەلام هیوادار بوون کە کوڕانی با، ئەوان وەک سەوڵ لێدەری کەشتییەکانیان وەرگرن. پاندیۆن دەیزانی، ئەگەر قبووڵیان نەکردن لە خراپترین حاڵەتدا، ئەڵماسەکانی هەرێمی باشور کە سەرۆکی پیر بە دیاریی دابوویە، لە جیاتی کرێ دەیانداتێ. کاڤیۆس بەبێ ئەوەی کە کیدیگۆ بزانێت، دوو ڕۆژ دوای ڕۆیشتنی ئەو،

لیبیایەکانی کۆ کردەوە و بۆ دۆزینەوەی دارێکی ڕەش چوون بۆ بەشی سەرووی ڕوبار. ئەو دەیویست چەند داری ڕەش بدۆزێتەوە و بە سواری لۆتکەی سوک، بەرەو بەشی خواروی ڕوباریان بەرێت، چونکە داری "ئابنوس" و هەموو دارە ڕەشەکان، قورستر لەوە بوون کە لەسەر ئاو بمێننەوە.

پاندیۆن، هێشتا دەشەلی و کاڤیۆس ئەوی لە گوند بەجێهێشت و گوێی بە ڕەخنەکانی نەدا. ئەوە دووەم جار بوو کە هاوڕێیانی پاندیۆن، ئەویان بە تەنیا بەجێدەهێشت. یەکەم جار، کاتێک بوو کە چوون بۆ ڕاوە زەڕافە. پاندیۆن تورە بوو، بەڵام کاڤیۆس لە کاتێکدا بە غرورەوە چەنەی دەهێنایە پێشەوە، گوتی:

- **(ئەم جارەش بەخشراوی و دەتوانی جارێکی تر ئەم کارە بکەیت.)**

یۆنانیی گەنج، بە جۆرێک تورە ببوو کە نەیتوانی قسە بکات و بە توندی لە هاورێکانی دوور کەوتەوە. ئەو لە ناخیدا هەستی بە بێزرێزی دەکرد. کاڤیۆس بە دوایدا چوو و بە ئارامی پەنجەی لە پشتیدا و داوای لێبوردنی لێ کرد، بەڵام پێی داگرت کە بۆ گەڕانەوەی تەندروستیی تەواو، پاندیۆن دەبێ لە گوند بمێنێتەوە. دوای گفتوگۆیەکی زۆر، پاندیۆن قبووڵی کرد. ئەو خۆی وەک شەلێکی قێزەون دەهاتە بەرچاو، و بۆ ئەوەی کە ڕۆیشتنی هاورێکانی نەبینێت، بە پەلە خۆی لە ماڵەکەیدا شاردەوە. پاندیۆن کە ئێستا بە تەنیا مابووەوە، هەستی بە تاقیکردنەوەی تواناکانی کرد لە دروستکردنی پەیکەری ڕام کەری فیلدا. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەوەندی دەرد و ئازار چێشتبوو کە نەیدەویست لە قوڕی خۆڕانەگر، شتێک دروست بکات و دەیوست بە کەرەستەیەکی خۆڕاگر و بە دەوام کار بکات کە کەرەستەی بەم جۆرەی نەبوو، تەنانەت ئەگەر هەوڵی بەدستهێنانیشی بۆ دابایە، هیچ ئامێرێک نەبوو کە کاری پێ بکات.

بەردە کریستاڵەکەی یاخمۆس، بە بەردەوامی جێی دڵخۆشیی پاندیۆن بوو. ئەو بەردەی کە کیدیگۆ بە جددی باوڕی پێی هەبوو لە گەیاندنیاندا بۆ دەریا. چونکە کیدیگۆ بەدڵ باوەڕی بە تایبەتمەندییەکانی موعجیزەی کەلوپەل هەبوو، شەفافیەت و ڕونی بەردەکە، ئەم باوەڕەشی لە دڵی پاندیۆندا چاند کە ئەو بەردە بۆ هونەری بەزەکاریی دەبێت. ئەو بەردە، سەخت و سەختتر لەو کەرەستانە بوو کە لە یۆنان بۆ ئەو کارە کەڵکی لێوەردەگیرا. ئەوان بەردەکانیان بە بەردە زوورە "سومبادە"، کە لە دورگەی "ناکسۆس"[٣] لە دەریای ئیجە "ئەژە"وە دەهێنا، لوس دەکرد.

پانـدیۆن بە بیـری هـاتەوە کە بەردی تریشـی پێیە کە بە وتەی سـەرۆکی پیـری هـۆزی فیلـدارەکان، سـەختتر لەوان لە دنیـادا، شـتێکی تـر نییـە. ئەو بچـووکترین بەردی نـاوچەی باشــوری دەرهێنــا و قەراخە تیــژەکەی بە بەردە کریســتاڵەکەی یــاخمۆس دا کێشــا و لە ئەنجامدا، هێڵێکی سپی لەسـەر بەردەکە دەرکەوت. کاتێک گوشـاری زیـاتری بـۆ هێنـا، بینـی هـێڵکە وەک جـێگەی لێدانی قەڵەمـی ئاسـنی بەردتاشـین "ئەسـکەنە" قـوڵتر بـووەوە. سـەخت بوونی نائاسایی بەردە شەفافەکانی باشـور، لە ڕاسـتیدا پتر لە هەمـوو ئەو شـتانە سـەختتر بـوو کە تـا ئەوکـاتە پانـدیۆن دیبـووی. ئەو، بەردێکـی مـوعجزەکەری لە دەسـتدا بـوو کە کارەکەی ئاسان دەکردەوە.

پانـدیۆن، بەردە چکـۆلەکەی ورد کـرد و لەوان و داری قـوڵە، چەنـدان ئەسـکەنەی بە ئەستورایی جیاواز دروست کرد و بەردەکانی بە سـرێش بە سـەری دارەکانەوە نوسـاند و وەک ئـامێرێکی بەردتاشـینی لێکرد بـۆ کێشـانی هێڵـی ناسـک لە سـەر بەردە کریسـتاڵەکەی یــاخمۆس کە لە وێرانییەکــانی پەرســتگەیەکی هەزاران ســاڵەدا دۆزیبــوویەوە. ئایــا، ئەو دەیویست چلۆن شتێک بتاشێت؟

بەردێک کە پاندیۆنی گەیاندبووە دەریـا و بە درێژایـی سـاڵەکانی دیلیـی، لە سـەر زەوی بــۆی هێمــای دەریــای هەبــوو، بیرێکــی ئــاڵۆزی لە مێشــکی خســتبوو. ئەو، گونــدەکەی بەجێهێشـت و ڕۆیشـت تـا گەیشـتە دەریـا. بـۆ مـاوەیەکی زۆر لەسـەر کەنداڵێک دانیشـت و تەماشـای دەریـا و تەنکایەکـانی ژێـر کەنـداڵەکەی کـرد کە ئـاوەکەی بەرەو کەنـار و سـەر زیخەکان دەهات. کەشی نیوە تاریکی ئێوارە، ڕوناکیی سەر دەریای لەگەڵ خۆی برد. شـەو پەردەی ڕەشـی بەسـەر دەریـادا کشـاند و شـەپۆلەکانی ون کـرد، بەڵام زۆری نەخایاند کە ئەسـتیرە گەورەکـان درەوشـانەوە و ئاسـمانیان ڕونـاک کـردەوە و بە تیشـکی خۆیـان لە ئاسماندا، دەریای مردوویان ڕوناک کردەوە.

پاندیۆن، سـەری بەرەو پاشـەوە کشـاندەوە و تەماشـای کۆمەڵێک ئەسـتیرەی کـرد کە بـۆی ئاشـنا نەبـوون. ئەوان، لە بۆشـایی ئاسـمان و کاکێشـاندا وەک پردێک لە ڕەنگـی زێـو دەچـوون. بە هەمـان شـێوە کە لە ئاسـمانی وڵاتەکەیدا دەبینـدرا، بەڵام لێرە بـاریکتر بـوون. ئەوان لایەنـی بـاریکی سـەری ورچە بچووکەکەیـان لە کاکێشـاندا لەت کردبـوو. لە بۆشـایی ئاسـمان و لەژێر کاکێشـان دا دوو هەوری ئەسـتێرەیی[٤] بـێ شـکڵی ڕون و سـپی نزیـک بە شین دەدرەوشانەوە. بە دروستی لە تەنیشت ئەواندا، توانی کۆمەڵێک ئەستێرەی گەورە و

تێکەڵاو بە شکڵی هەرم ببینێت کە هەورێکی ڕەشی وەک ڕەژی سەری داپۆشیبوون. لە باکوری ئاسمانی وڵاتەکەیدا هەرگیز شتێکی بەم جۆرەی نەبینیبوو، لە جیاوازیی نێوان ئەو کۆمەڵە ڕەشە لە هەوری سپیدا سەری سوڕما.

پاندیۆن لە پڕ، دوور کەوتنەوەی سروشتی ئەفریقای لە دژایەتی نێوان ڕەش و سپیدا بینی. توڕەیی ئاشکرا و زەقی ئەو دژایەتیە تێکەڵاوێک بوو لە سیمای ئەفریقا، بە هەمان شێوە کە پاندیۆن دەیبینی.

هێڵی ڕەش و سپی لەسەر ئەسپە زۆر جوانەکان، پێستی ڕەشی خەڵکی ناوچەکە بە شفرە و چاوی سپی و زەقەوە، ئەو کەرەستانەی کە لە داری ڕەش و سپیی وەک مرواری دروستیان کردبوون، قەدی ڕەش و سپی دەرختی دارستانەکان، ڕوناکیی دەشتە سەوزەکان و تاریکی دارستانەکان، هەڵدێرگە ڕەوشەنەکان بە هێڵی سپی چیاکانەوە و زۆر شتی تر، بە بەرچاوی پاندیۆندا تێدەپەڕین. وڵاتەکەی لە کەنارەی دەریای سەوز، بە کەندالی کەم، بە تەواوی جیاوازی لەگەڵ ئەم وڵاتە هەبوو. لەوێ ڕەوتی ژیان، لافاو، و تۆفان نەبوو. لایەنە ڕەش و سپییەکانی بەو ڕادەیە جیاوازیان پێکەوە نەبوو.

پاندیۆن هەستایە سەرپێ، دەریالوشی زل و بێسنور کە لایەکەی تری ئۆنیادا بوو، ئەوی لە ئەفریقا جیاکردەوە. وڵاتێک کە لەژێر تاریکی شەوانەی چیاکانیدا شارابووەوە و ئەویش ئێستا ئەوی لە دڵی دوور کردبۆوە. لە بەرامبەریدا کاردانەوەی ئەستێرەکان بە درێژایی شەپۆلەکان دەبینرا و دوورتر لەوێ لە باکوری دەریا دەگەیشتە ئۆنیادای نیشتمانو لە جێیەک کە تسا لە کەنارەکەیدا ڕاوەستابوو، یەکی دەگرتەوە. بۆ تسا بوو کە ئەو لەنێو خوێن و زیخ و گەرما و تاریکیدا، دژی مەترسییەکانی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵی درندە شەڕی کردبوو. تسا ئەو خۆشەویستە دوور کەوتووە بوو کە چەشنی ئەستێرە مژ گرتووەکانی کاکێشان لەسەر دەریا، دەستی پێ نەدەگەیشت. دوای ئەو بیر کردنەوانە بوو کە ڕێگا چارەیەکی بە مێشکدا هات. لەسەر ئەو بەردە کە هێمای گەیشتن بە دەریا بوو، وێنەی تسا، کە لە دورگەکەدا ڕاوەستا بوو، هەڵکەنێت.

******

بە هەژانێکی زۆرەوە، پاندیۆن دەسکی "مەکارە"کەی لە دەستیدا کوشی و دارە سەختەکە شکا. چەند ڕۆژ بە دڵەڕاوکێوە لەسەر بەردی یاخمۆس کاری کرد و بە زۆر توانی دڵەڕاوکێ لە خۆی دوور بکاتەوە. هەندێک جار، بە دڵنیاییەوە هێڵێکی دەکێشا و

کاتێک بەتەواوی لێی ورد دەبووەوە، ڕیزە وردەکانی دەتاشی، بەرە بەرە وێنەکەی ڕون بۆوە و سەری تسا سەرکەوتووانە پێشان درا. سیمای جددی ئەو بە هەمان ڕونی دەرکەوت کە کاتی جیابوونەوە لە تەنیشت دەریا لە "گاب ئاچلۆس" ڕاوەستا بوو، و ئێستا لە بەرامبەریدا بوو. سەری تسای لە جێی ڕونی بەردەکە هەڵکەندبوو. ئێستا سیمای سارد و زەقی وەک ئاوێنە لەسەر بەردەکە دەبینـدرا. قژی ئالۆزی بەسەر شانیدا هاتبووە خوارەوە، بەڵام پاندیۆن چەندان جار، دووچاری ئەو هەستە ببوو کە نەکات دۆزەری "ئیلهام" خۆی لە دەست دابێت. هونەرمەندی گەنج کە پتر لە هەمیشە باوەڕی بە هێزی خۆی هەبوو، بە هێڵی توند و ڕون، جەستەی جوانی کچەکەی تاشی و جوانیی هێڵەکان، نیشانەی سەرکەوتنی بوو. پاندیۆن دەوری بەردەکەی تاشی، تا شێوازی زەق بە کارەکەی بدات. کەچی بەو کارەی تێگەیشت کە وێنەی تسای نەکێشاوەتەوە. لە پەیکەرەکەدا، هێڵی سمت، ئەژنۆکان و سنگی، یروما پێشاندەدرا. لەوێ تێکەڵاوییەکی ڕون هەبوو کە بۆ دوا دیداری لەگەڵ یروما لە مێشکیدا مابووەوە. وێنەی تسا، هەڵگری لەشی ئەو کچە یۆنانییە نەبوو. پاندیۆن ویستبووی وێنەی تسا بتاشێت کە چی وێنەیەکی تری تاشیبوو. ئەو، بەوپەڕی هێزییەوە هەوڵیدەدا، لە چنگ کاریگەرییەکانی ئەم دوایانە، ڕزگاری بێت، بەڵام دەرکەوت کە هەوڵەکەی بێسود بووە و کاریگەرییەکانی زۆر نوێ بوون.

کاتێک تێگەیشت کە جارێکی تریش نەیتوانیوە، ژیان بە وێنەکەی ببەخشێت، هەستی پەژارەی زیاتر بوو. لەو کاتەدا، کە وێنەکە هێشتا ناتەوا و پێویستی بە کار هەبوو، لە هێڵەکانیدا ژیان دەبینـدرا، بەڵام هەرکە هونەرمەند هەوڵیدا زەق و بەرجەستەی بکات و هەرچەند سیمای وێنەکە بە بەردەکەوە دیار بوو، بەڵام ساردو بێ ڕۆح و پێشاندەری هێمای هونەر نەبوو. ئەم وێنەیەش بێ ڕۆح دەمایەوە و ئەو نەیدەتوانی فیکرەکەی دابڕێژێت....

پاندیۆن دوای شکاندنی ئەسکەنەکەی، بە هەژانەوە بەردەکەی هەڵگرت و لە مەودای درێژایی باسکی دوور لەخۆی ڕایگرت و بە وردی هەڵی سەنگاند. نا، ئەو نەیدەتوانی وێنەی تسا تەواو بکات و ئەو زەقکارییە سەرنجڕاکێشە بە ناتەواوی دەمایەوە.

نوری خۆر لە بەردە ڕونەکەیدا و ئەوی بە ڕەنگی تەلایی دەریاکانی وڵاتەکەی لێواولێو کرد. پاندیۆن لە بەشی ڕاستە و قەراخ بەردەکەدا، وێنەی کچەکەی تاشیبوو، و هێشتا بەشی زۆری بەردەکە بە دەست لێ نەدراوی مابووەوە. کچەکە بە سیمای تسا، بەڵام تسا

نەبـوو کە دەتگـوت لە قەراخ دەریـا ڕاوەسـتاوە. شـەوق و وزەیەک دۆزەرەی "ئیلهـام" بە پاندیۆن کـرد کە لە بەیـانییەوە تـا ئێـوارە کـار بکـات و دواتـریش بە هەسـتەوە چـاوەڕوانی گەیشتنی ڕۆژی دوایی بێت. بەردەکەی لە جێی خۆی داناوە و ئەسکەنەکانی کۆکردەوە و پشـتی ڕاسـت کـردەوە. ئەو بۆچـوونەی کە هێشـتا دەیتـوانی شـتێکی جـوان دروسـت بکـات، خەم و پەژارەی شکستەکەی سووکتر کردبوو... بەڵام بە جۆرێک سـەرقاڵی کـارەکەی بـوو کە هەڤـاڵانی لەبیـر کـرد بـوو. منـداڵێکی بچـووک، بە غـاردان لە پانـدیۆن نزیـک بـووەوە و پاندیۆنی لە فیکر کردنەوە دوور کردەوە.

تەتەری، خۆشحاڵ بوو کە کاڤیۆس باوەڕی پێ کردبوو، گوتی: **(ئەو پیـاوە ڕیش پڕ و درێژە گەڕاوەتەوە و منی ناردوە، پێت ڕابگەیەنم کە بچی بۆسەر ڕوبار.)** لەو بارەیەشەوە کە کـاڤیۆس لەکن ڕوبـار مـابووەوە و لەوێـوە بە دوایـدا نـاردبوو، پاندیۆنی توشـی گومـان کرد. پاندیۆن بەپەلە، بە ڕێچکەیەک و نێو ڕێیەکی پڕ لە خۆڵدا کە بەرەو ڕوبـار دەچـوو، بەرەو ڕوبارەکە بەڕێکەوت. لە مەودایەکی دوورەوە، تـوانی ژمـارەیەک لە هاوێیـانی ببینێت کە لە سەر زیخی قەراخ ڕوبار ڕاوەستابوون. لە ڕێگادا، پاندیۆن نە زانانە لەسەر لاقێک، بە هەنگڵەشەلە دەڕۆیشـت و نەیدەویسـت گوشـار بۆ لاقە برینـدارەکەی بێنێت. ئەو چـووە لای دۆسـتە بێـدەنگەکانی. پیـاوێکی ناسـییەوە کە لەسـەر بـاقەی قـامیش دانرابـوو. ئەو تاکـڵ، گەنجێکی لیبیایی بوو کە لە ڕاکردن و ڕێگا درێژەکاندا لەگەڵیان بوو. یۆنـانیی چۆکی دادا و بەسەر تەرمـی هاوڕێکەیدا خـوار بـووەوە. لە بەرامـبەر چاوەکانیدا ئەو دۆڵە تەنگە گەرم و خنکێنەرەی دی کە بە نێوان چیا زیخەکاندا بە دژواریی پێیدا هاتبوون.

تاکڵ، یەکێک بوو لە هاوڕێیانی ئەخمی کە ئاوی لە چاڵاوەکانەوە بۆ دەهێنان. لەو کاتەدا کە لە بەرامـبەر تەرمـی تاکـڵ دا چـۆکی دادابـوو، تێگەیشـت کە هەرکـام لە بەشـدارانی ڕاپەڕینـەکەی چەنـدە لەکـن ئـازیز و نزیکبـوون. پانـدیۆن خـووی بە ئەوانەوە گرتبـوو، و نەیدەتوانی لە دەرەوەی ئەواندا ژیان ببینێت.... هەرچەندە دەیبینی هاوڕێکانی تەندروسـتن و هەرکامەیان خەریکی کاری خۆیانن، بەڵام ئەو نەیدەتوانی تا چەند حەوتووی تر هاوکاریان بێت و بەم هۆیەشـەوە بە تەواوی ئـازاری دەبینـی. ئەو لە کاتێکدا هێشـتا قورسـاییەکەی لە سـەر چـۆکی بـوو، بـۆ پرسـیار کـردن لە کـاڤیۆس گەڕایەوە لای ئەو، و وتروسـکی بە پەژارەوە پێی گوت:

– **(کاتێـک بـۆ دۆزیـنەوەی داری ڕەش دەگەڕایـن، لە نێـوان دەوەنەکانـدا، مارێـک بە تاکڵیەوە دا. ئێمە نەمانتوانی چارەسەری بکەین.)** ئەو ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و درێژەی بە قسەکانیدا: **(لەبەر ئەوە، هەموو شتەکانمان بەجێهێشت و گەڕاینەوە بۆسەر ڕووبار. کاتێک ئەومان گەیاندە ئێرە، خەریکی مردن بوو. ئەوە بوو کە بە دوای تۆماندا نارد کە ماڵئاوایی لێ بکەیت... بەڵام زۆر درەنگ بوو...)** کاڤیۆس سەری خۆی بەرداوە و دەستەکانی پێکەوە گرێدا و قسەکانی بە ناتەواوی هیشتەوە.

پانـدیۆن هەسـتا. مەرگـی تاکـڵ بەوجـۆرە، نە لە بەربەرەکـانییە بەشـکۆیەکاندا و نە لە بەربەرەکانیی دژی ئاژەڵە دڕندەکان، بەڵکوو لێرە لە گوندێکی ئارامدا، لە کاتێکدا دوای ئەو هەمووە کارە گەورانەی کردبوونی و هەوڵ و ئازایەتی لە ڕێپێوانی درێژدا کە ئومێدی لە دڵ دابوو بگەڕێتەوەی بۆ نیشتمانەکەی، بۆ ئەو سەخت و بە ئازار و نـاڕەوا بـوو. مەرگی تاکڵ بۆ یۆنانیی گەنج، ئازارێکی گەورەبوو. لەبەر ئەوە، چاوەکانی بەجۆش هـاتن و ئەو بۆ شاردنەوەی فرمێسکەکانی، ڕووی لە ڕووبارەکە کرد.

دوو لایەنـی ڕووبـارەکە خیـزەڵان بـوو. لەگەڵ ئەوەشـدا قامیشـی سـەوز وەک دیـوارێکی ڕەڵـم لە بەشـێکیدا هەڵکشـابوو. لەوە دەچـوو کە ڕووبـارەکە بە نێـوان دەرگـایەکی کـراوەی سـەوزدا بێـت و لە قەراخ دارسـتانەکە، داری سـپی گەڵا ورد شـین ببـوون. چڵەکانیـان بە ڕادەیەک پڕ بوو کە تێکەڵی یەکتر ببوون. سەر چڵی دارەکان، هێشوی گوڵی سوریان پێوە بوو. هێشوەکان بەسەر چڵە تێکەڵاوەکاندا شۆڕ ببوونەوە، یـان بەرەو ئاسـمان چـوو بـوون. گوڵەکـان سـور بـوون و دارەکـان سـپی و لە مەشـخەڵی ڕێوڕەسـمی بە خـاک سـپاردن دەچوون. لەوە دەچوون بەرەو دەرگایەک بچن کە هەر ئێستا، ڕۆحی تاکڵ بەرەو ئەو لە فڕینـدا بـوو. ئـاوی بـۆر و بـێ ڕەنـگ و سـاردی ڕووبـار، بە شـەپۆلی بچـووک و ئـارام لە قەراخەکـانی دەکەوت و بە ئارامی دەچـووە پێشـەوە. لەسـەر خیزەڵانـی قەراخ ڕووبـارەکەدا، سەدان تیمساح نوستبوون. لەسەر لمبۆزەیەکی بچووکی خیزی نزیک ئەو شوێنەی پاندیۆن لێی ڕاوەستابوو، چەند ئـاژەڵی خشـۆکی گەورە بە زاری کراوە لەبەر تیشـکی خـۆردا وەک پەڵەیەکی ڕەش بە شفرەی سپی ترسناک هەبوون. جستەی تیمسـاحەکان لە ژێر قورسـایی خۆیانـدا پـان ببـووەوە. هێڵـی درێژی پێسـتی بەر زگـی ئەو ئـاژەڵانە تـا سـەر پشـتی پانیـان چووبوو. سەر پشتیان، هێڵی زەق و بەرجەستەی پێوە بوو. ڕەنگی هێڵە زەقەکان ڕونتر لە ڕەنگـی سـەوز و بـۆری نێوانیـان بـوو. سـەر پەنـجە ئەسـتورەکانیان بەرەو سـەرەوە

هەڵگەڕابۆوە. لە هەردوولا دا بەشێوەیەکی ناشیرین درێژ ببوون و هەندێک جار، یەکێکیان بە کلکی درێژ و هێڵ بەرجەستەی لە تیمساحێکی تری دەدا و ئەویتریش کە خەوی تێک دەدرا، بە دەنگێکی بەرز کە تا ڕوبارەکە دەچوو، دەمی دەبەستەوە.

کۆیلەکانی پێشوو، لە بێدەنگییەکی تەواودا، لەبەر چاوی ترساوی ئەو جوتیارانەی بە دەنگیانە هاتبوون، تەرمی مردووەکەیان گواستەوە بۆ گوند. پاندیۆن، دوور لە کاڤیۆس لە پشت خەڵکەکە دەڕۆیشت. وتروسکی، چونکە پێشنیازی دۆزینەوەی داری ئابنۆسی کردبوو، لە مەرگی ئەو لیبیایەدا خۆی بە تاوانبار دەزانی و لە کاتێکدا لە تەنیشت جەماوەرەکە دەڕۆیشت، لێوی خۆی دەگەست و پەنجەکانی دەستی بەسەر ڕیشی پڕ و ئالۆزیدا دەکێشا.

پاندیۆنیش وێژدانی لە ئازاردا بوو. ئەو لە کاتێکدا دەبووایە لەگەڵ هاوڕێ خەباتکارە ڕەگەز جیاوازەکانی بێت کە پێکەوە چەندان ڕووداویان خستبووە پشت سەر و لە ڕۆژە خەمهێنەرە تاقت بڕەکانی ڕێگادا، توشی تونیەتی و برسیەتی ببوون و ئازایانە لە بەرامبەر مەرگدا ڕاوستابوون، بۆچی بە شوێن کاری تاشینی پەیکەرە کچە خۆشەویستەکەی کەوتبوو. یۆنانیی گەنج لەخۆی پرسی: (**بۆچی پێشتر ئەو فیکرەم بە مێشک نەگەیشت؟**) بۆچی ئەو کاتانەی لەبیر کردبوو کە بەشدار بوو لە بەربەرەکانییەکاندا. لە خۆوە نەبوو کە نەیتوانی لە کارەکەیدا سەرکەوێت. خوداکان بەهۆی ناسوپاسیەکەیەوە، ئەویان سزا دابوو... دەبا خەمی ئەمڕۆ، فێری بکات وردتر فیکر بکاتەوە....

******

هەوری پچڕ پچڕی تەنکی ئەرخەوانی و ڕەش، وەک گاڕانی گامێشی کێوی ئاسمانیان داپۆشیبوو، دەنگی گرمەی هەورە تریشقە، کەشی پڕ کردبوو، و بارانی گەرمێن بەڕێوە بوو. خەڵکەکە، بە پەلە کەلوپەکانی دەروبەریان دەبردەوە نێو ماڵەکانیان.

کاڤیۆس و پاندیۆن تازە گەیشتبوونەوە کە باران بەدەنگی گرمەی پەیتا پەیتای هەورە تریشقە، بە توندی باری و وەک هەمیشە بە زوویی ڕاوەستا. گیا و گوڵ لە کەشی تازە و تەڕدا، بۆنێکی توندیان لە خۆیان بڵاودەکردەوە. جۆگەلە ئاوی لە ژمار نەهاتوو، بەرەو ڕوبار و دەریا وەڕێکەوتن. دارە تەڕەکان لە بەرامبەر بادا، بە لاوازیی خشەیان دەهات. ئەو دەنگە خەمهێنەرو قێزەونە هەرگیز لە خشە خشی توندی گەڵا وشکەکانی ڕۆژێکی

هەتاوی نەدەچوو. کاڤیۆس کە خەریکی گوێ گرتن لە دەنگەکانی دارستان بوو، لە پڕ گوتی:

– **(ناتوانم خۆم لە مەرگی تاکڵ دا بە تاوانبار نەزانم. هەڵەی من بوو کە بەبێ ڕێنمایەکی بە ئەزموون وەڕێکەوتین و لە وڵاتێکدا کە بەڵەد نەبوون، واتای مەرگی دەدا، بەبێ زانیاریی بەشوێن دۆزینەوە کەوتین. ئاکامەکەی بەوە گەیشت کە هیچ دارێکی ئابنۆسمان نەدۆزینەوە و یەکێک لە باشترین هاوڕێکانیشمان بە دەست خۆمان خستە ژێر کۆمەڵێک بەردی قەراخ ڕوبارەوە.... نەزانییەکەم بە نرخێکی گران تەواو بوو، و ناتوانم جارێکی تر لەو بارەیەوە بڕیار بدەم و شتێکیشمان نییە کە بیدەین بە کوڕانی با.)**

پاندیۆن، مستێک لەو بەردە ورشەدارانەی لە جزدانەکەی دەرهێناو لەپێش وتروسکی دانا. کاڤیۆس بە هێمای قبووڵ کردن سەری جوڵاندەوە، بەڵام لە پڕ هێمایەک لە گومان، لە سیمای دەرکەوت: **(ئەگەر کوڕانی با، نرخی ئەم بەردانە نەزانن، ڕەنگە لە وەرگرتنیان خۆ بپارێزن. لە وڵاتانی ئێمەدا چ شتێکیان دەربارەی ئەم بەردانە بیستووە؟ چ کەسێک ئەوانە وەک شتێکی بە نرخ دەکڕێت؟ لەگەڵ ئەوەشدا....)** کاڤیۆس بێدەنگ بوو کە هەندێک فیکر بکاتەوە. پاندیۆن ترسا. بۆچوونی سادەی کاڤیۆس دەربارەی سەرکەوتنیان، پێشتر بە مێشکی نەگەیشتبوو. بیری لەو ڕاستییە نەکردبۆوە کە نەکات بەردەکان لە لای بازرگانەکان بێ نرخ بن. ئەو کە دەستی بە لەرزەوە بەرەو بەردەکانی درێژ کردبوو، بەو گوتنەی وتروسکی، ترس و پەرۆشیی لە داهاتوو مێشکی داگرت. کاڤیۆس کە بە ترسی پاندیۆنی زانی، ئەم جارەیان گوتی: **(بە گومانم، بیستوومە هەندێک جار بەردی ورشەداری بە نرخیان لە ڕۆژهەڵاتی دوور لە "سی پرۆس"[٥] و "کاریا"وە دەهێنا و نرخیان زۆر بەرز بوو، بەڵکوو کوڕانی با، بە نرخی ئەم بەردانە بزانن...)**

پاندیۆن سەرلەبەیانی زوو، بەدوای قسەکانی کاڤیۆس، بە درێژایی جادەیەکدا بەرەو تەپۆڵکە بچووکە داپۆشراوەکانی دەرختی مۆز بەڕێکەوت. کاتی گەڕانەوەی کیدیگۆ هاتبوو، و هاوڕێکانی بۆ گەڕانەوەی تەنگاو بوون و دەیانویست دەربارەی دابین کردنی شتێکی بە نرخ بۆ کوڕانی با، پرسی پێ بکەن. گومانی کاڤیۆس، ڕای پاندیۆنی سەبارەت بە بەردەکانی باشور لەرزۆک کردبوو، و یۆنانیی گەنج لەو بارەیەوە بە پەرۆش بوو. پاندیۆن بەبێ لەبەرچاو گرتنی ئەو مەسەلەیە، بەو هیوایەوە کە کیدیگۆ و هاوڕێیانی ببینێت، بۆ چیا چوو بوو. جگە لەوە، دەیویست دەربارەی کاری تازەی هونەریی کە لە مێشکیدا

کۆببووەوە، هەندێک تەنیا بێت. برینی لاقی چاک ببووەوە و وەک جاران دەڕۆیشت. خەڵکی ناوچەکە، لە کاتێکدا هێشووی میوەی زەردیان پێ بوو، لەنێوان ڕێگادا دەگەیشتنە پاندیۆن و بە هێمای دۆستایەتی، بزەیان دەهاتێ و هێشووی میوەکانیان بەرەو ئەو ڕادەوەشاند. جادە بەرەو باسکی چەپ چوو. پاندیۆن بەنێوان دیوارێکی سەوز و سەختی نەمام دا کە تیشکی خۆری تەلاییان بە سەرەوە بوو، دەچووە پێشەوە. لەوکاتەدا ژنێکی دی کە بە ڕای ئەو نیوڕا بوو کە بە جادەکەدا و لە دەوەنەکاندا هێشوە هەرە شینە هەڵواسراوەکانی لێ دەکردەوە و لە زەمبیلێکی گەورەی دەخستن. پاندیۆن لە ژێر سێبەری گەلای پانی دارە مۆزەکاندا ڕاوەستا و هەستە هونەرییەکانی، هەموو فیکرەکانی تری لە مێشکیدا سڕییەوە. ژنە گەنجەکە، لە دەوەنێکەوە بۆ دەوەنێکی دیکە دەچوو، و جەستەی ڕێک و جوانی بەسەر زەمبیلەکەیدا خوار دەکردەوە و دووبارە لەسەر پەنجەی پێی بەرز دەبووەوە و خۆی بە تەواوی هەڵدەکێشا کە دەستی بگاتە میوە بەرزەکان. تیشکی تەلایی خۆر لەسەر پێستی لوس و ڕەشی، لە نێوان گەڵا سەوزەکاندا بە زەقی دەدرەوشایەوە. نیوڕا هەندێک خۆی هەڵاویشت و دەستی بردە نێو چڵ و گەڵا سەوزەکانەوە، خۆی خوار کردەوە. پاندیۆن بە جۆرێک گیرۆدەی ببوو کە لە هەژانەوە خۆی بە دارێکی وشک دادا و دەنگی شکانی دارەکە بێدەنگی شکاند. دەسبەجێ ژنە جوانەکە گەڕایەوە و ڕەق ڕاوەستا. نیوڕا، پاندیۆنی ناسی و جەستەی کە وەک تێلی ئامێری مۆسیقا بە توندی کێشرابوو، بە زەردەخەنەیەک بەرەو پاندیۆن دەسبەجێ کەوتەوە سەر شێوازی ئاسایی خۆی، بەڵام پاندیۆن بە هیچ شتێکی نەزانی. دەنگێک کە لە نزیکایەتی دەدوا، لە لێوەکانی هاتەدەر و چاوە تەلاییە زەقەکانی لە نیوڕا بڕی و بەبێ ئەوەی کە ئەو ببینێت، زاری بە بزەیەک کرایەوە و ژنەکە بێدەنگ لێی کشایەوە. ئەو بێگانەیە لەپڕ گەڕایەوە و لە کاتێکدا بۆ دوور کەوتنەوە لێی ڕایدەکرد، بە زمانێک کە ئەو لێی تێنەگات، شتێکی گوت. پاندیۆن لە پڕ دۆزینەوەیەکی گەورەی کردبوو. شتێک کە لەخۆیەوە، بەڵام بە پێداگریی و وردە وردە بە شوێنییەوە بوو. شتێک کە بە بەردەوامی لە گەڕانەکانیدا زۆر لە زەینی نزیک بوو. ئەگەر هەڵسەنگاندنی نەکردبا و بە شوێن لایەنێکی نوێی هونەرییدا نەچووبا، هەرگیز دەستی بەو دۆزینەوەیە نەدەگەیشت. شتێک **کە ڕۆحی هەبێ، هەرگیز ناتوانێ بێ جووڵە بێت**. جەستەیەکی جوان و زیندوو هەرگیز بێ جووڵە نییە، بەڵکوو تەنیا کاتێک ئارامە کە جووڵە بە ئەوپەڕی خۆی گەیشتووە و خەریکی جووڵەیەکی ترە، واتا بە دژی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە. ئەگەر دەیتوانی

ئەو کارە ڕابگرێت و ئەو بگوازێتەوە بۆ ماددەیەکی بێ جووڵە، بەردێکی مردوو، زیندوو دەبووەوە.

ئەوە هەمان ئەو شتە بوو کە پاندیۆن لە نیوڕای بێ جوڵەدا بینی کە ئەو وەک پەیکەرێکی ئاسنی ڕەش، ئارام ڕاوەستابوو. یۆنانیی گەنج، بەتەنیا بەرەو دارێک چووە پێشەوە کە لە سەوزاییەکی بەرتەسکدا بوو. ئەگەر کەسێک، ئەوی بەو جۆرە دیبا، گومانی نەدەکرد کە پاندیۆن شێت بووە. ناڕێک دەجولایەوە، دەست و لاقەکانی خوار دەکردەوە و دووبارە دەیگەڕاندەوە جێی خۆی و بە توندی هەوڵیدەدا درێژە بە جووڵەکانی بدات. ملی دەسوڕاند و چاوەکانی تا وەڕان دەکەوتن، لە خاڵێک دەبڕی. پاندیۆن تا ئێوارە لەوێ مایەوە و نەگەڕایەوە ماڵەکەی. ئەو توشی هەژان ببوو، و هەژانی "تا" هێنەر چاوەکانی داگرتبوو. کاڤیۆس کە بە تەواوی سەری لێی سوڕمابوو، پاندیۆنی ناچاری کرد لە بەرامبەریدا بوەستێ و بە فەرمانی ئەو هەنگاو هەڵگرێت و بوەستێت.

وتروسکی، لە سەرەتادا سەربارەت بەکردەی گاڵتەجاڕانەی پاندیۆن بێدەنگ بوو، بەڵام دواتر نەیتوانی زیاتر خۆی ڕابگرێت و ناچار بوو کاردانەوەی جددی لە خۆی پیشان بدات. ئەو دانیشت و چاوەکانی تێبڕی. سەرەتا لە دەستی ڕاست و دواتریش لە دەستی چەپیەوە تەماشای کرد و سەرئەنجام زاری کردەوە و کۆمەڵێکی جنێو بە پیرۆزییەکانیدا و گوتی، پاندیۆن هەندێکی تا هەیە و هەڕەشەی کرد کە دەست و پێی دەبەستێ و لەسەر تەختە خەوەکەی فڕێیدەدا.

پاندیۆن لە خۆشحاڵییەوە، پڕ بە زاری هاواری کرد: **(هەرچی دەتەوێ بیڵێ، من لێت ناترسم، وەک شاخی کەڵە کێوی سپی کۆت دەکەمەوە!)** کاڤیۆس، هەرگیز هاوڕێکەی بەم جۆرە لە شادییەکی منداڵانەدا نەدیبوو. لەو بارەیەوە خۆشحاڵ بوو، چونکە دەیزانی ماوەیەک پاندیۆن دڵ بە ئازار و شکاو بوو. کاڤیۆس دەربارەی منداڵێک کە سکالای لە باوکی کردبوو، هەندێکی منە من کرد و بە ئارامی لە پاندیۆنی دا. پاندیۆن دەسبەجێ ئارام بۆوە و گوتی وەک گورک برسیمە. هەردوو هاوڕێ خەریکی شیو خواردن بوون و پاندیۆن هەوڵیدا دۆزینەوە گەورەکەی بۆ هاوڕێکەی شی بکاتەوە. بە پێچەوانەی چاوەڕوانی پاندیۆن، کاڤیۆس سەبارەت بەو کارەی خۆشحاڵی خۆی پیشاندا و لەو بارەیەوە کۆمەڵێکی پرسیار لێ کرد. ئەو هەوڵیدا لە ناوەڕۆکی ئەو گرفتانە بگات کە پەیکەرتاش لە کارەکانیدا بۆ نیگار کردنی ژیانی واقعی لەگەڵی ڕووبە ڕوو بووەتەوە.

هەردوو هاوڕێ، تا تاریک بوونی شەو پێکەوە گفتوگۆیان کرد. لە پێش دەرگاکەیانەوە، لەپڕ شتێک پێش ئەو ئەستێرانەی گرت کە لەوێوە دەبینران و دەنگی خۆشی کیدیگۆ ژورەکەی پڕ کرد. ڕەش پێستەکە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو گەڕابووەوە و بڕیاریدابوو بەبێ وەستان بۆ بینینی هاوڕێکانی بێت. کاتێک دەربارەی ئاکامی ڕاوەکەی پرسیاریان لێی کرد، وەڵامێکی ڕونی نەدایەوە و گوتی ماندووە و سبەینێ دەسکەوتەکانی پێشانی ئەوان دەدات. کاڤیۆس و پانديۆن دەربارەی چوون بۆ داری ئابنۆس و مەرگی تاکڵ قسەیان بۆ کرد. کیدیگۆ تورە بوو، و لە پەرۆشیان نفرینی لە دۆستەکانی کرد و بە کاڤیۆسی گوت: (**چەقەڵی پیر**) و گوتی کارەکەی بە سوکایەتی کردن بە ئەرکی میوانداریی خۆی دەزانێت. سەرئەنجام کیدیگۆ هەندێک ئارام بووەوە، خەم و پەژارەی بۆ هاوڕێکەی پتر بوو لە تورە بوونەکەی.

وتروسکی و یۆنانیی بە کیدیگۆیان گوت، بۆ بەدەستهێنانی شتێک کە وەک کرێ بیدەن بە کوڕانی با بە پەرۆشن و لەو بارەیەوە ڕای ئەویان ویست. کیدیگۆ، پەرۆش بوونی ئەوانی لا گرنگ نەبوو، و بێ وەڵامدانەوە بە پرسیارەکەیان، ئەوانی بەجێهێشت. هاوڕێ خەمبارەکان، سەبارەت بە هەڵسوکەوتی سەیری کیدیگۆ کە لە مەرگی تاکڵەوە سەرچاوەی وەردەگرت، ڕەخنەیان لێی گرت و تا ماوەیەکی زۆر لە نێو جێیەکەیاندا جنگڵیان دا و نەیانتوانی بنوون.

بەیانی ڕۆژی دوایی، دەرەنگایەک کیدیگۆ هات. لە سیما مێهرەبانەکەیدا، زیرەکییەکی فریوکارانە دەبیندرا. هەموو لیبیایەکان و گروپێک گەنجی هۆزەکەی لەگەڵ بوو. ئەندامانی هۆزەکەی چاویان لە بێگانە سەرسوڕماوەکان دەکرد و بە ئارامی پێکەوە قسەیان دەکرد و بەرز پێدەکەنین و شتێکی ناڕونیان بە وشەی پچڕ پچڕ دەگوت. ئەوان ئاماژەیان بۆ جادویەکی سێحراوی کرد کە لەوە دەچوو لە کەلتوریاندا بێت. دەیانگوت، کیدیگۆ خاوەنی هێزێکە کە دەتوانێ داری ئاسایی بکات بە ئابنوس، شفرە و زیخەکانی ڕوبار بکات بە زێڕ.

بێگانەکان ناچار بوون لە نێوان ڕێگەی ماڵەکەیانەوە تا ماڵی کیدیگۆ، گوێیان لەو قسە پڕوپوچانە بێت. ڕەش پێستەکە، هاوڕێیانی بردە نێو کۆگایەکی بچووکی دەرەوەی ماڵەکەیان. دەرگای کۆگاکە بە گاشە بەرد گیرابوو. کیدیگۆ بە هاوکاریی چەند پیاوی هۆزەکەی، بەردەکانی بەلاوە نا و گەنجەکان لە دوولای دەرگاکە، لە دەوری کۆگاکە ڕاوەستان. کیدیگۆ سەری خوار کردەوە و لە دەرگاکە چووە ژورەوە و بە هاوڕێیانیشی

گوت به دوایدا بێن. وتروسکی، پاندیۆن و لیبیایەکان نەیاندەزانی ئەوانە چۆن مەبەستێکیان هەیە و بۆ ماوەیەک لە تاریکی کۆگاکەدا ڕاوەستان تا چاویان لەگەڵ ڕوناکییەک ڕاهات کە لە کولانەیەکەوە لە ژوری کۆگاکەی دەدا. ئەوان ژمارەیەکیان کۆلکەداری ڕەش و شفرەی فیل و پێنج زەمبیلی گەورەی پڕ لە فستقی دەرمان دی. کیدیگۆ، لە کاتێکدا تەماشای ڕۆخساری هاوڕێیانی دەکرد، گوتی:

- (**هەمووی ئەوانە هی ئێوەن. هۆزەکەی من، ئەوانەی بۆ ئێوە کۆکردوەتەوە، تا ئاسان و ئاسودە گەشتەکەتان بکەن. کوڕانی با لە جیاتی دوازدە کەس، دەبێ لە بەرامبەر ئەوانەدا، بیست چوار گەشتیار لەگەڵ خۆیان بەرن...**) کاڤیۆس بە دەنگی بەرز پرسی:

- (**خەڵکی ئێوە، دیارییەکی بەم جۆرە دەدەن بە ئێمە؟**) کیدیگۆ لە کاتێکدا هەوڵی دەدا، ئارامیی خۆی بپارێزێ، گوتی:

- (**چونکە ئێوە خەڵکانێکی باش و ئازان و زۆر کاری ئازایانەتان ئەنجام داوە. چونکە ئێوە هاوڕێی منن و یارمەرتیتان بەمن کردوە کە بگەڕێمەوە بۆ نیشتمانەکەم. هەندێک سەبر بکەن، هێشتا ماوە.**) ڕەش پێستەکە بە لایەکدا دەستی خستە نێو یەکێک لە زەمبیلەکان و هەگبەیەکی چەرمیی دەرهێنا کە بەڕادەی سەری مرۆڤێک گەورە بوو. هەگبەکەی دا بە کاڤیۆس و پێی گوت:

- (**بگرە.**) وتروسکی بە سەر سەری ئەوانەی لای بوون، دەستی درێژ کرد و چونکە هەگبەکە قورس بوو، خەریک بوو لە دەستی بکەوێت. ڕەش پێستەکە بە قاقا پێکەنی و لە خۆشییان سەمای کرد. پێکەنینی گەنجەکانی دەرەوەی کۆگاکە، دەنگدانەوەی دەنگی کیدیگۆ بوو. کاڤیۆس هەگبەکەی بە سنگی خۆیەوە نا و پرسی:

- (**ئەوە چییە؟**) کیدیگۆ کە خۆشیی لە سیمای دەباری، گوتی:

- (**چۆن سەربازێکی ئاقڵ و پیری وەک تۆ. ئەم پرسیارە دەکات؟ وەک ئەوەیە کە نەزانی لە دنیادا، تەنیا شتێک بەو ڕادەیە قورسە.**) وتروسکی بە زمانی نەتەوەکەی خۆی پرسی:

- (**زێڕ!**) کیدیگۆ لە قسەکەی گەیشت و گوتی:

- (**بەڵێ زێڕ!**) پاندیۆن لە کاتێکدا بە قامکی دەستی لە هەگبە پڕەکەی دەدا، پرسی:

- (**ئەم هەمووەت لە کوێ بەدەست خستووە؟**)

– **(لە جیاتی ڕاو، ئێمە چووین بۆ دەشتێک کە زێڕی لێ دەدۆزرێتەوە. هەشت ڕۆژان لەوێ ڕەڵمەکانمان هەڵکەند و لە ئاودا شوشتمانەوە...)** ڕەش پێستەکە هەندێک بێدەنگ بوو، و دواتر درێژەی پێدا و گوتی:

– **( کوڕانی با ئامادە نەدەبوون ئێوە بگەڕێننەوە بۆ نیشتمانەکانتان. کاتێک گەیشتنە دەریای وڵاتەکەتان، ڕێگاکانتان لێک جیا دەبێتەوە و هەر کامەتان ناچار دەبن بە لایەکدا بگەڕێنەوە بۆ نیشتمان. زێڕەکان بەش بکەن و بە وردی بیانشارنەوە کە کوڕانی با نەیاندۆزنەوە.)** کاڤیۆس پرسی:

– **(لەو کارەدا، چ کەسێکی ترتان لەگەڵ بوو؟)** کیدیگۆ، ئاماژەی بۆ ئەو گەنجانە کرد کە لە دەرەوەی کۆگاکە بوون و گوتی:

– **(ئەوانە هەموویان.)** هاوڕێیانی لە ژێر کاریگەریی ئەو کارەیاندا، بە تەواوی شاد ببوون و بە توندی بەرەو ڕەش پێستەکە چوون کە سوپاسی بکەن. ڕەش پێستەکان، کە بەو هەستە حەقناسیە شڵەژا بوون و پەیتا پەیتا جێی لاقەکانی خۆیان دەگۆڕی، یەکە یەکە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان. هاوڕێکانیش کۆگاکەیان بەجێهێشت و بەردەکانیان بە دەرگای کۆگاکەوە نا. کیدیگۆ بێدەنگ بوو، و شادی لێ ڕەوییەوە. پاندیۆن، هاوڕێ ڕەش پێستەکەی بەرەو خۆی ڕاکێشا، بەڵام کیدیگۆ دەسبەجێ لە نێوان دەستەکانیدا دەرچوو، و دەستی خستە سەر شانی پاندیۆن و چاوی لە چاوە تەڵاییەکانی بڕێ و پێی گوت:

– **(چۆن دەتوانم تۆ بەجێ هێڵم!)** ڕەش پێستەکە، بە پەنجەکانی سەرشانی یۆنانییەکەی کوشی و بە دەنگێکی گیراو گوتی:

– **(خودا شاهیدە، ئەگەر تۆ بۆ هەمیشە لێرە بمێنییەوە، هەموو زێڕی دەشتەکان و هەر چییەکی هەمە، تا دوا سەروەتم کە نێزەکەمە، پێت دەبەخشم...)** پەژارە، سیمای ڕەش پێستەکەی داپۆشیبوو، بە دەستەکانی سەرچاوی داپۆشی و پێی گوت:

– **(بەڵام من ئەم داوایە لە تۆ ناکەم. کاتێک دیل بووم، بە واتای نیشتمانم زانی...)** دەنگی کیدیگۆ بڕا، بەڵام دیسانیش دەستی پێکرد:

– **(دەزانم تۆ ناتوانی لێرە بمێنیەوە.... و هەر وەکوو دەبینی من بە هەموو توانامەوە، یارمەتی تۆ دەدەم کە بڕۆی....)** ڕەش پێستەکە لە پڕ دەستی لە پاندیۆن کردەوە و بەرەو ماڵەکەی ڕایکرد.

یۆنانیی گەنج، چاوی لەسەر هاوڕێکەی هەڵنەگرت، تا دڵۆپێک فرمێسک وەک پەردەیەک بەرچاوی داپۆشی. وتروسکی ئاخێکی قوڵی هەڵکێشا و ئارام و خەمبار گوتی:

– (**کاتێک دێت کە من و تۆش لێک جیا بینەوە.**) پاندیۆن بەرەو ئەو گەڕایەوە و گوتی:

– (**وڵاتەکانی ئێمە زۆر لە یەکتر دوور نین و بە بەردەوامی کەشتی لە نێوانیاندا هاتوچۆ دەکات، بەڵام کیدیگۆ.... ئەو لێرە لە بەشی ئۆکیومەن دەمێنێتەوە.**) وتروسکی چی تری نەگوت.

﹡﹡﹡﹡﹡﹡

پاندیۆن کە ئێستا لە داهاتووی خۆی دڵنیا بوو، هەموو فیکر و کاتی خۆی بۆ هونەرەکەی تەرخان کرد. خۆشەویستییەکی گەورە کە بنەمایەکەی لە خەبات بۆ ئازادیدا داڕژابوو، دۆزەرێکی "ئیلهام" گەورە بوو کە ئەوی ناچار دەکرد پەلە بکات. ئەو ئێستا دەیتوانی وردە کاریی زەق کارییەکانی ببینێت.

هەر سێ هاوڕێ دەبوو دەست لە ملی یەکتر لە تەنیشت دەریادا بوەستن کە بۆ گەیشتن بەو، خەباتیان کردبوو. دەریایەک کە بەڵێنی گەڕانەوەی بۆ نیشتمانەکەیان پێدابوون. پاندیۆن بڕیاری دابوو، لە بەشی پانی بەردەکەیدا، هەرسێ هاوڕێ کیدیگۆ ، کاڤیۆس و خۆی لە پانتایی ڕەوشەنی دەریادا نیگار بکات کە جگە لەو بەردە ڕەنگ سەوزە ئاماڵ شینە، هیچ شتێکی تر نەیدەتوانی ئەو پێشان بدات.

پەیکەرتاشی گەنج، لەسەر بەشی ناسکی کۆمەڵێک شفرەی ورد کراو کە ژنانی گوند بەشێوەی ئاسایی وردیان دەکردن و لەگەڵ جۆرێک مەڵهەم تێکەڵیان دەکردن، چەند وێنەی کێشایەوە. دۆزینەوەیەک کە دەستی پێگەیشتبوو، پێویستیی دەکرد کە بە بەردەوامی جەستەیەکی زیندووی لە بەرامبەردا بێت، ئەوەش هیچ کێشەیەکی بۆ دروست نەدەکرد، چونکە وتروسکی بە بەردەوامی لەلای بوو، و کیدیگۆ هەستی دەکرد بەم زووانە کەشتییەکان دەگەنێ و هەموو کارەکانی بەلاوە نابوو، و زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ هاوڕێیانی تێپەڕ دەکرد. پاندیۆن زۆر جاران داوای لە وتروسکی و ڕەش پێستەکە دەکرد کە لە ڕوو بە ڕوویدا بوەستن و دەستیان لە دەوری شانی یەکتر هاڵێنن. ئەوان لە کاتێکدا کە پێی پێدەکەنین، فەرمانەکەیان بەڕێوەدەبرد. هاوڕێیان زۆر جار دادەنیشتن و لەگەڵ یەکتر قسەیان دەکرد. دەربارەی نهێنییەکانیان، خەمەکانیان و پلانەکانیان پێکەوە دەدوان و

یەکتریان لە بیر و هزری خۆیان ئاگادار دەکردەوە و ئەم ڕاستییەی کە دەبووایە لە یەکتر جودا ببنەوە، وەک درو تا قولایی دڵیان دەچووە ژورەوە.

پاندیۆن، کاتی قسەکردنیش کاتی بە فیرۆ نەدەدا و بە لێوەشاوەیی کاری لەسەر بەردە سەختەکە دەکرد. هەندێک جار بێدەنگ دەبوو، و تەماشا کردنەکانی قوڵتر و وردتر دەبوونەوە. هەوڵی دەدا وردەکارییی ئەو هێڵانەی کە لای گرنگ بوون، لە سیمای هاوڕێیانیدا بدۆزێتەوە. وێنەی هەر سێ هاوڕێ، لە کاتێکدا باوەشیان بە یەکتردا گرتبوو، هەر دەهات و زەقتر دەبووەوە و ژیانی دەدرایە. وێنەی بەرزی نێوەڕاستیان، کیدیگۆ بوو، باسکی ڕاستە پاندیۆن کە هەندێک لە بەشی سپی بەردەکەدا خوار ببووەوە و کاڤیۆس لە باسکی چەپەدا بوو. کیدیگۆ و کاڤیۆس نێزەیان پێ بوو. ئەوان لەو باوەڕەدا بوون کە وێنەکەیان زۆر زیندووە، بەڵام پێداگرییان لەوە دەکرد کە پاندیۆن باش سەرنجی بە وێنەی خۆی نەداوە. پەیکەرتاشەکە ئەوەی بۆ گرنگ نەبوو.

وێنەی هەر سێ هاوڕێ، سەرەڕای ورد بوونیان، لە ڕادە بەدەر زیندوو بوون و شادی و شادمانیی ڕاستین لە هێڵەکاندا بەرچاو بوو. لە وێنەکەیاندا، جووڵەیەکی بەهێز و بە توانا، بەڵام ئارام و زەریف دەبیندرا. پاندیۆن بە سەرکەوتنەوە توانیبووی لە باسکەکانی کیدیگۆ کە لەسەر شانی وتروسکی و خۆی بوو، جووڵەیەک لە پشتگیریی و خۆشەویستی برایانە پێشان بدات. پەیکەرتاشی گەنج تێگەیشت کە سەرئەنجام لە خەڵق کردنی ئاسەوارێکی هونەرییدا سەرکەوتووە.

کاڤیۆس و پاندیۆن بە شێوەیەکی هەڕەشە ئامێز ڕاوەستابوون کە هێرشێکی بەهێز و لە ناکاو تێک بشکێنن. ڕاوەستانی ئەو سێ هاوڕێیانە پێکەوە، هێز و متمانەی بە پاندیۆن دەبەخشی. ئەو، هەموو توانای خۆی بەکار هێنا کە زەقکارییی وێنەکە بە باشترین تایبەتمەندی، بۆ ئەوانە نیگار بکات کە لە ماوەی درێژی کۆیلایەتیدا، بۆ گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان، لە ڕیزی باشترین دۆستانیدا بوون.

کاڤیۆس و کیدیگۆ دەستیان لە گاڵتە پێکردنی پاندیۆن هەڵگرت و چەندان کاتژمێر دانیشتن‌و هەناسەکانیان ڕاگرتو چاویان لە مەکارە سێحراوییەکەی بڕی. شێوازی بیر کردنەوەیان سەبارەت بە پاندیۆن، ئەشقێکی ناڕون بوو، دۆستی گەنج، دلێر، ڕووخۆش و تەنانەت لە منداڵ چوو، و هەندێک جار شەڕانی، خۆی بە پلەی هونەرمەندێکی گەورە

گەیاندبوو! ئەوە ڕاستییەک بوو کە کاڤیۆس و کیدیگۆی خۆشحاڵ و توشی سەرسوڕمان کرد.

پاندیۆن، هەموو خۆشەویستی خۆی سەبارەت بە هاوڕێکانی، لەو نیگارەدا بە شەوق و زەوقی خوڵقێنەر پیشاندا. بۆچوونی سەرەتایی ئەو، دەربارەی تاشینی وێنەی تسا لەسەر بەرد، ئیتر هیچ جوانییەکی نەبوو. تسا، یروما و نیوڕا، سێ ئافرەت لە سێ ڕەگەزی جیاواز بوون کە لە بواری جوانیدا لە خوشکی یەکتر دەچوون. ئەو، هەستێکی بە هێز و یەکسانی لەو سێیانەدا دەدیت... ئایا، ئەوانە لە هەموو بوارەکاندا خوشکی یەکتر بوون؟ ئەمەیان دیاردەیەک بوو کە پاندیۆن نەیدەزانی. ئایا تسا دەیتوانی، ئەو پێوەندییە سەخت و دۆستانەیەی کە ئەو لەگەڵ کیدیگۆ هەبوو، ئەویش لەگەڵ نیوڕا پێکی بێنێت؟

لە دۆستایەتی پاندیۆن لەگەڵ کاڤیۆس و کیدیگۆ و هاوڕێیەتی لەگەڵ کۆیلە ڕاکردوەکاندا کە ئێستا ژمارەیەکی کەمیان لە نزیک یەکتر مابوون، هاوفیکریی برایانە و تێکۆشانی هاوبەش هەبوو. بنەمای دۆستایەتی و هاوڕێ بوونیان لەسەر ئەمەگناسیی بە یەکتر و ئازایەتی دانرابوو. ئەوان برای ڕاستینی یەکتر بوون، هەرچەندە یەکێکیان لێرە لەژێر دارە سەیرەکانی ئەفریقادا لە دایکێکی وەک خۆی پێست ڕەش ببوو، و لە هەمان کاتدا ئەوی تریان لە کۆخێکدا کە بە تۆفانە دژوارەکانی باکور دەلەرزی، ئەو لە لانکەکەیدا نوستبوو، و باوکی سەربازی لە دەشتە پانە دوور کەوتووەکانی کەنارەی دەریای ڕەش، دژی سوارەی درندەکان شەڕی دەکرد... ئەوانەی سەدان جار لە کاتی کێشە و چارەڕەشییدا دڵیان بۆ یەکتر لێی دابوو، بە ڕەگ و پێستی بەهێزەوە بە یەکەوە گرێدرابوون و... و ئێستا جیاوازیی نێوان کیشوەرەکان، سیماکان، جەستەکان و ئایینەکانی بۆ گرنگ نەبوو.

ڕۆژەکان بە توندی تێدەپەڕین. پاندیۆن تێگەیشت کە سێ مانگ و نیو بەسەر هاتنیاندا تێپەڕیوە و کاتی بەڵێندراو بۆ هاتنی کوڕانی با بەکۆتا هاتووە. ئەو هەستێکی تێکەڵاو لە شڵەژان و ئاسودەیی هەبوو. شڵەژان بۆ ئەوە کە نەکات کوڕانی با هەرگیز نەیەن و ئاسودە لەوەی کە جیابوونە گومان هەڵنەگرەکەی لە کیدیگۆ دوادەکەوت. پاندیۆن زۆر جاران، بەهۆی شڵەژانێکی تاقەت بڕەوە، کارەکەی بەجێدەهێشت. هەرچەندە بەگشتی کارەکەی بەکۆتا هاتبوو. یۆنانیی گەنج پەیتا پەیتا دەچووە ڕۆخی دەریا و بە پەلە دەگەڕایەوە کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی دوور نەبێت.

ڕۆژێک، پاندیۆن خۆی ئامادە کرد بچێت لە دەریادا مەلە بکات. هەستا و داوای لە هاوڕێیانی کرد کە پێکەوە بچن، بەڵام ئەوان خەریکبوون بە هەژانەوە دەربارەی بەدەستخستنی گەڵای جووتن قسەیان دەکرد و لەگەڵی نەچوون. ئەوان لە پڕ کۆمەڵێکیان دەنگ و قیژەی بەرز بیست. کیدیگۆ لەجێی خۆی هەستا، ڕەنگی پەڕی و دڵی بە توندی وەلێدان کەوت. لە کاتێکدا هەندێک بەلادا دەهات، بەرەو ماڵەکەی ڕایکرد و سەری بەرەو هاوڕێ سەرسامەکانی گەڕاندەوە و هاواری کرد: **(دەبێ کوڕانی با بن!)**

خوێن گوشاری بۆ مێشکی وتروسکی و یۆنانیی هێنا. ئەوان بە جادەیەکی قوڵەدا کە بۆ پاندیۆن ئاشنا بوو، بەرەو دەریا ڕایان کرد. پاندیۆن و کاڤیۆس بە ئارامی لەسەر بەرزایی تەپۆڵکەیەک ڕاوەستان: **(کوڕانی با!)**

سێبەری ڕەنگ ئەرخەوانی و بۆری شاخێکی بەرز کە بەسەر دەریادا زاڵ بوو، بە مەودایەکی زۆر خۆی بەسەر دەریادا کێشابوو، و درەوشانەوەی شەپۆلەکانی ون کردبوو، و ڕەنگی ئاوەکەی بۆر. کەشتییەکان پێنج دانە بوون. دەکەڵەکانیان داکشاندبوو، و لە دوورەوە لە باڵندەیەکی ڕەش دەچوون کە لەسەر ڕەڵم نووستبن. پیاوە شەڕکەرە ڕیشدارەکانی نێو کەشتیەکان، لە کاتێکدا پێشبەندێکی زبر و ئەستوریان پێوە بوو، لە سەر ئەرشی "بان" کەشتییەکاندا لە هاتوچۆدا بوون. مەتاڵە برۆنزەکانیان دەدرەوشایەوە و تەوری دمپانی دەسک درێژیان بە دەستەوە بوو. کیدیگۆ، لە ماڵەکەیدا چاوەڕوانی وتروسکی و یۆنانیی بوو، و ئەوانیش گەڕانەوە بۆ لای. ڕەش پێست، پێی گوتن:

- **(کوڕانی با، لەکن سەرۆکەکانن. داوام لە خاڵم کردوە لەگەڵ سەرۆکی گەورە قسە بکات و ئەو خۆی سەبارەت بە ئێوە لەگەڵ ئەوان بدوێت. ئەوە ڕێگای هەرە دروستە و کوڕانی با ناوێرن دژی ئەو بوەستن و بە تەندروستی ئێوە دەگەیەننەوە بۆ نیشتمانەکانتان.)** و پێکەنینی بێ ڕۆحی ڕەش پێستەکە، هیچ شادییەکی پێوە نەبوو.

سەدان کەس لە کەنارەی دەریادا کۆببوونەوە کە ماڵئاوایی لەوانە بکەن کە بە کەشتییەکان گەشتیان دەکرد. کاتی ئاوا بوونی خۆر بوو، و کوڕانی با بەپەلە بوون کە لەو ڕۆژەدا بڕۆن. کەشتییەکانیان بار کردبوو. لە نێو بارەکاندا، کاڵای بە دیاریی دراوی کیدیگۆ دەبیندرا کە بۆ گەڕاندنەوەی کۆیلەکانی پێشوو بۆ وڵاتەکانیان، پێی دابوون. بۆ سوار بوونی کەشتی، گەشتکەرەکان ناچار بوون تا سەر سنگیان بچن لە ئاوەکەوە، تا بگەنە کەشتییەکان. سەرۆکەکانی کوڕانی با، هەندێک مانەوە و لەگەڵ سەرۆکانی ڕەش پێستەکان

قسە بکەن. داوایان لێ دەکردن، بۆ ساڵی داهاتوو، هەندێک کاڵای زیاتریان بۆ کۆ بکەنەوە و دڵنیایان کردنەوە لە کاتی دیارییکراودا بگەڕێنەوە.

کاڤیۆس لە تەنیشت کیدیگۆ ڕاوەستابوو. هەگبەیەکی پڕ لە پێست، کەلەی سەر و قژی مەترسیداری بەدەستەوە بوو. کیدیگۆ، بۆ بەبیر هێنانەوە دوو کێردی هاویشتنی دا بە پاندیۆن و کاڤیۆس. ئەو کێردانە، دۆزینەوەی خەڵکی "تەنگریلا" بوون. لە برۆنزێکی پان و تیژ دروست کرابوون. پێنج تیخیان هەبوو، چوار لە تیخەکانیان نیو کەوانەیی و لێوار تیژ بوون و تیخی پێنجەمیان درێژ و باریک بوو. دەسکی کێردەکان لە شاخی ئاژەڵ بوو، و ئەگەر دەستێکی بە ئەزموون کەڵکی لێوەرگرتبا، لە هەوادا وژەیان دەهات و لە مەودای بیست کوبیتیەوە نێچیرەکەیان دەکوشت.

پاندیۆن، بە پەژارەوە تەماشای دەوروبەری خۆی کرد و چاوی بەسەر خاوەنداران و گەشتکەرە نوێیەکانی کەشتییەکاندا گێڕا. باو و باهۆز سیمای تورەی ئەوانی سوتاندبوو، و وەک خشتی بۆری لێ کردبوون. ڕیشی درێژیان بەسەر ڕومەتە لاوازەکانیاندا کۆببووەوە. لە شێوازی ڕێگا ڕۆیشتنی قورسیان، گنجی سەر نێوچاوانیان و لە لێوەکانیاندا ئەو دڵفرەوانییە نەدەبیندرا کە تایبەت بە خەڵکی هۆزی کیدیگۆ بوو. بەو حاڵەش، پاندیۆن باوەڕی پێیان هەبوو. ڕەنگە ئەو باوەڕ پێکردنە بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە کوڕانی با، وەک ئەو سەبارەت بە دەریا بە ئەمەک بوون و بە ویست و داخوازی خۆیان، لەگەڵی دەژیان و خۆشیان دەویست، یان بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە ئەو، و کاڤیۆس وشەی ئاشنایان لە قسەکانیاندا دەبیست.

کوڕانی با، بە ڕەزامەندییەوە قبووڵیان کرد کە کۆیلەکانی پێشوو لە بەرامبەر ئەو شتانەدا، لەگەڵ خۆیان بەرن کە وەک کرێ پێیان درابوو. یورمفۆ، خاڵی کیدیگۆ تەنانەت بۆ بردنی شەش شفرەی فیل و دوو زەمبیل فستقی دەرمانیی کە وەک سامانی پاندیۆن و کاڤیۆس و لیبیاییەکان دەژمێردران، چەنەی لێ دابوو کە بە نرخێکی کەم بۆیان بگوازنەوە. کوڕانی با، بە دوور لە ویستی گەشتکەران کە دەیانویست هەموویان پێکەوە لە کەشتییەک دابن، ئەوانیان لە یەکتر جودا کردەوە. شەش لیبیایی لە کەشتییەکدا و پاندیۆن و کاڤیۆس و سێ لیبیاییش بۆ کەشتێکی تر دانران.

لەنگەرگەی کەشتییەکانی کوڕانی با لە نزیک دەروازەیەکی تەم و مژاویی زۆر دوور لە وڵاتی کیدیگۆ بوو. لە کەشێکی ئاساییدا، ئەو مەودایەیان بە نزیکەی دوو مانگ دەبڕی.

کـاڤیۆس و پانـدیۆن لەوە دەترسـان کە بیریـان لەو مەودا درێـژە نەکردبـۆوە و ئێسـتا تێدەگەیشتن کە کوڕانی با کەسانێکی لێزانن لە بەربەرەکانی دژی دەریا، بە ڕادەی لێزانیی فیلدارەکان دژی دەشتەکانی ئەفریقا بوون. پاندیۆن، لەو فیکرەدا بوو کە درێژایی دەریای سەوز تا بەندەری کوڕانی با و لەوێوەش تا نیشتمانەکەی ببڕێت، بەڵام ئەو مەودایە تەنیا کەمێک زیاتر لە یەک لە سێی مەودای نێوان گوندی کیدیگۆ تا بەندەری کوڕانی با بوو. لەبەر ئەوە، کـوڕانی بـا، پانـدیۆن و کاڤیۆسـیان دڵنیـا کـردەوە کە زۆر جـاران کەشـتی فینیقییەکان لە "تیرە"، "کوت"، "سیپروس" و دورگەی "سیدرا"وە دێن بۆ بەندەری ئەوان. بەو هەواڵە نیگەرانیـی پانـدیۆن و کـاڤیۆس کەم بـووەوە، بەڵام هەرکە پانـدیۆن پێـی گەیشـتە کەنارەی دەریا، چونکە بیری لەوە نەکرد بووەوە، بە پەژارەوە تەماشای دەریای کرد. لەوە دەچـوو، دەیەوێـت درێژیـی گەشـتەکەی هەڵسـەنگێنێت و دواتـر بەرەو کیـدیگۆ گەڕایەوە. فەرمانـدەی کەشـتییەکان کە ئەڵقەیەکی زێڕی بە قژی لولییەوە هەڵواسـیبوو، بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و فەرمانی پێدان کە سواری کەشتی بن. کیدیگۆ، دەستەکانی پاندیۆنی گرت و فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتەخوار. ڕەش پێستەکە بە ئارامی گوتی:

**- (پانـدیۆن، کـاڤیۆس بـۆ هەمیشـە ماڵئـاوا، کاتێـک گەڕانەوە بـۆ وڵاتە دوور کەوتووەکانتـان، کیـدیگۆ کە هەردووی ئێـوەی زۆر خـۆش دەوێـت، لەبیـر مەکەن. لە ڕۆژەکانی کۆیلەتیمان لە تاکیوم دا ئەو ڕۆژانە بە بیر بێننەوە کە دۆستایەتیمان کۆڵەکەی ڕاگرمـان بوو. ڕۆژەکانی ڕاپەڕین، هەڵاتن و ڕێپێوانە درێژەکەمـان بەرەو دەریـا بە بیر بێننەوە.... من هەمیشە لە ناخمدا لەگەڵ ئێوە دەبم، ئێوەی ئازیزتر لە گیانم، ئێستا خەریکن من بەجێ دێڵن.)** دەنگی ڕەش پێستەکە بەرە بەرە بەهێز تر بوو:

**- (بێگومانم، ئەو کاتە دەگات کە خەڵک فێر ببن و لە دەریا نەترسن. دەریـا، ئەوان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و هاودەنگیان دەکات.... بەڵام من هەرگیز جارێکی تر ئێوە نابیمەوە... ئاخ، چەندە خەمی من گەورەیە...)** هەنیسکی بەرز، جەستەی گەورەی کیدیگۆی ڕاوەشاند.

کوڕانی بـا، لەسـەر کەشـتییەکانەوە بـانگی گەشـتکەرانیان کرد و هەر سێ هـاوڕێ بـۆ دواجـار دەسـتیان لە ملـی یەکتـر کـرد. دەسـتەکانی پانـدیۆن کە هاوڕێکـانی گرتبـوو، شـل بـوونەوە و کـاڤیۆس لەوێ دوور کەوتەوە. ئەوان چـوون لە نێـو ئـاو و لمـی دەریـاوە و لە کاتێکدا پێیان لەسەر بەردە لوسەکانی ژێر ئاوەکە هەڵدەخلیسکا، بە پەلە بەرەو کەشتییەکان چوون.

پانـدیۆن دوای چەنـدان سـاڵ، بـۆ جـارێکی تـریش پێـی لەسـەر ئەرشـی کەشـتی دانـا. بیرەوەریـی ڕۆژانـی خۆشـی ڕابـردوو لە گەشـتە دەریاییەکانیـدا دڵـی پـڕ کردبـوو. ئەو بیرەوەریانەی کە تەمەنیان کورت بوو، و زوو لە نێو چوون. هەموو فیکری لەسەر ئەو جەستە ڕەشە بەرزە بوو کە دوورتر لە ئەوانی دەوروبەری، لە ڕۆخی دەریا ڕاوەستا بوو.

دەنگـی بێڵەکـان بەرز بـووەوە و بەرە بەرە تونـدتر بـوون و کەشـتییەکان، تەپـۆڵکە دەریاییەکانیـان بەجێهێشـت. دەریاگەڕەکـان، باگێڕەوەکانیـان "بادبـان" بەرز کـردەوە و بـا کەشتییەکانی بەرەو پێشـەوە برد. جەستەی ئەوانەی لە کەنـارەی دەریـا بوون، بەرە بەرە بچووکتر دەبوونەوە و بە زوویی کیدیگۆ کە هاوڕێیانی لە دەست چوو بوو، وەک خـاڵێکی ڕەشی بچـووکی لێهـات. هێڵـی کەنـارە، بە تـاریکیی ئێـوارە ون بـوو، بەڵام ترۆپکـی چیـا لە تاریکیدا، لەسەر کەشتییەکانەوە دەبیندرا. کاڤیۆس دڵۆپە فرمێسکێکی درشتی لە چاوی پاک کردەوە، هەرچەندە ئەوە یەکەم دڵۆپ نەبوو. شەمشـەمە کوێرەیەکی گەورە کە لە کەنـارەی نزیـک بە ڕێـی کەشـتییەکانەوە هەڵفـڕی بـوو، بـاڵی بە ڕووی پانـدیۆن دا خشـاند. ئەو لاواندنەوە نەرم و ئارامە، بۆ پاندیۆن وەک دوا وشـەی ماڵئـاوایی کردن بوو لە وڵاتێک کە بەجێی هێشتبوو، و بۆی بە پەرۆش بوو.

جیا بوونەوەی پاندیۆن لە هـاوڕێ ڕش پێستەکەی و لەو وڵاتەی کە تێیدا ڕەنجێکی لە ڕادە بەدەری چێشـتبوو، و بەشـێک لە دڵـی لەوێ بەجێهێشـتبوو، ئەوی توشـی هەسـتێکی تێکەڵاو بە ترس کردبوو. ئەو گیرۆدەی ئەو هەستە ببوو کە بێگومـان لە ڕۆژانـی ماندوو بوون و خەمی داهاتووی ماڵ و نیشتمانەکەی و ئەفریقا و یرومـا سـەرچاوەی وەردەگرت، کە بۆ هەمیشـە لە دەستیدا بوو، و ئێستا لەبەر چاوی بوون. بە بەجێهێشـتنی هەمـوو ئەو شـتانەی کە بـۆی ببـوون بە بەشـێک لە ژیـان و بە سـەرنج پێـدانی لەش و گیـانی، بەرەو یۆنان، گومانی لێ پەیدا بوو. گومـانەکەی لەوەوە دەهـات، کە ئایا دوای دوور کەوتنەوەی ئەو ماوە درێژە، کێ چاوی لە ڕێیەتی؟ چۆن لە لایەن خەڵکەکەیەوە وەردەگیرێتەوە؟ ئەو کە ئێسـتا دەگەڕایەوە، دۆخەکە بە تەواوی جیـاوازیی لەگەڵ ئەوکـاتە هەبـوو، کـێ زینـدوو مابوو؟ تسا، هێشتا زیندوو بوو، و هێشتا ئەوی خۆش دەویست؟...

کەشتییەکان، بە ئارامی بە نێوان شـەپۆلەکاندا بەرەو ڕۆژئـاوا دەچوون. کوڕانی بـا، بە گەشـتکەرانیان گوتبـوو، بەرلەوی کە بەرەو بـاکور بسـوڕێنەوە، بـۆ مـاوەی مانگێـک بەرەو ڕۆژئـاوا دەچـن. بـاهۆزی دەریـالوش، قژی پانـدیۆنی ئـاڵۆز کـرد. دەریـاگەڕانی کەم دوێ بە

ئارامی لەکن پاندیۆن دانیشتن و خەریکی کارەکانیان بوون. کوڕانی با کە لە خزمانی مەلەوانەکانی کۆنی کرێت بوون، لەبەر چاوی پاندیۆن بێگانە تر لە دانیشتوانی ڕەش پێستی ئەفریقا بوون.

یۆنانیی، جزدانەکەی سەر سنگی کوشی. ئەو بەردەی کە وێنەی کیدیگۆی لەسەر تاشیبوو، لە جزدانەکەیدا بوو. ئەو شوێنەکەی بەجێهێشت و چوو بۆ لای ئەو هاوڕێیانەی کە لە سوچێکی کەشتییەکەدا بە خەمباریی دانیشتبوون.

کەوانەی ڕەنگ نارنجی مانگ لە ژێر چیاکاندا هاتەدەر. لە ڕوناکیی ئەودا دەریالوش و هەموو وڵاتانی دنیای لە کەوانەیەکی گەورەتردا ڕوناک کردبوو. ڕوناکی مانگ بە هۆی قەڵشی نێوان چیاکان، چاڵاو و دۆڵە تەنگەکان پچڕ پچڕ بوو. بەرزاییەکانی سەر ڕێیەکەیان بەرە بەرە نزیک دەبوونەوە. کەشتییە بچووکەکان، ئازایانە بە نێوان لمە ڕەنگ زێوینەکاندا کە لمبۆزەی تیژیان بەرەو ئاسمانی پڕ لە ئەستیرە چوو بوو، دەڕۆیشتن و بە توندی بە نێوان شەپۆلە بەرزەکاندا سەروژێر دەبوونەوە.

ئەو دیمەنە، بۆ پاندیۆن لە دارستانی ژیانی خۆی دەچوو. لە مەودایەکی دووری پێش ئەو، شەپۆلە ڕەنگینەکان بەکۆتا دەهاتن و ئەستێرەکان داکشابوون و لەسەر ئاوی دەریادا، بە دروستی و بە هەمان شێوە کە لە ڕۆخی دەریای نیشتمانەکەیدا ڕاوەستابوون، دەچوونە پێشەوە. دەریالوش، ئەو پیاوە ئازایانەی لە باوەشی خۆی گرتبوو، و هاودەنگی لەگەڵ کردبوون کە بەسەر سنگی خۆیدا، بە مەودایەکی دوور بیانباتەوە بۆ نیشتمانەکانیان....

******

**- (ئوپالین[٦]، ئایا ئەو زەقکارییەت دی کە لەسەر بەردێک بە ڕەنگی دەریا تاشرابوو؟ ئەوە کاملترین کاری هونەریی ئۆنیادا و تەنانەت، ئەگەر ڕاستت بوێت، هی تەواوی یۆنانە.)**

ئوپالین، دەسبەجێ وەڵامی نەدایەوە. لە کاتێکدا، بە وردی گوێی بۆ "حیلەی" بلند و تورەی ئەسپێکی خۆشەویستی ڕاگرتبوو کە بە دەست کۆیلەیەکی بەهێزەوە بوو، خۆی لە کەوا "عەبا" پەشمە نەرمەکەیەوە پێچا. هەرچەندە بناری بۆری تەپۆڵکە بەردییەکان، ئێستا بە دەوەن و گوڵ داپۆشرابوون، بەڵام شنە بای بەهار لە بەر سێبەری تەویلەکاندا سۆزێکی ساردی هەبوو.... لە بەشی خواروودا، باخەکانی بادام "باوی" وەک هەورێکی ناسک، بە ڕەنگی مێخەک بەری ئاسمانیان گرتبوو. لە سەرووی ئەوان و سەرووتر لە گردەکان، پۆلی

گوڵی سور بە ڕەنگی تیرەی نزیک بە بنەوش، سەر دەوەنەکانیان داپۆشیبوو، و شنە بایەکی بەهاریی لەبەر سێبەری تەویلەدا سارد بوو. لە بەشی خواروودا، باخە بادامەکان وەک پەڵە هەوری ناسک بە ڕەنگی مێخەک بە ئاسمانەوە بوون و لە سەروی ئەوان و بەسەر دۆڵ و چیاکاندا، گوڵی سوری هەندێک بۆری نزیک بە بنەوش، لە سەر دەوەنەکان دەبیندرا. بایەکی سارد لە تەپۆڵکەکانەوە، بۆنی گوڵ و خونچەی بادامەکانی وەک موژدەی گەیشتنی بەهار بۆ دۆڵ و شیوەکانی ئۆنیادا دەهێنا. ئوپالین، هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و بە سەری پەنجەی دەستی، پتەی لە دارێک دا و بە ئارامی گوتی:

**– (بیستومە، کوڕێک ئەو زەقکارییەی کردوە کە ئاگنر بە کوڕی خۆی وەرگرتووە. ئەو بە ساڵان لە دەرەوە، لە وڵاتانی تردا ئاوارە بووە. بە خەیاڵیان ئەو مردبوو، بەڵام لەم دوایانەدا لە وڵاتێکی زۆر دوورەوە گەڕاوەتەوە و کچی ئاکنر، تسای جوان.... بێگومان دەربارەی ئەو شتت بیستووە؟)**

– (بیستومە تا شەش ساڵ کە باوەڕی تەواوی بە گەڕانەوەی خۆشەویستەکەی هەبوو، لە دیاریی کردنی هاوسەر خۆی پاراست و باوکی، ئەو هونەرمەندەش ئیزنی پێدا...)

**– (دەزانم کە ئاگنر نەک هەر ڕازی بوو کە کچەکەی چاوەڕوان بێت، بەڵکوو خۆشی چاوەڕوانی گەڕانەوەی کوڕەکەی بوو.)**

– (ئەوە یەکێکە لەو دیاردە دەگمەنانەی کە بار و دۆخ بە ئارەزووی مرۆڤ بەدی دێت. ئەو نەمرد، بەڵکوو گەڕایەوە و بوو بە هاوسەری تسا و هەروەها هونەرمەندێکی گەورە. جێی داخە کە تۆ نەتتوانی ئەو زەقکارییە ببینی؛ تۆ کەسێکی خیبرەی و بایەخی ئەوت دەزانی!)

**– (من، هەر بەم جۆرەی دەتەوێ، ئەنجامی دەدەم. دەچم تا ئاکنر ببینم، ئەو لە "کاپ ئاچلۆس" دەژی و نزیکەی بیست ستادیا لێرە دوورە....)**

– (بە داخەوە زۆر درەنگ بووە. ئەو هونەرمەندەی کە کاری ئەو زەقکارییەی کردوە، ئەوی بە دیاری داوە بە وتروسکییەکی هاوڕێی کە ماڵی بە شانییەوە. بنوارە، ئەو پیاوە لە ڕێگادا نەخۆش کەوت و پەیکەرتاش ئەوی هێنا بۆ ماڵی ئاگنر و تا تەندروستیی بۆ گەڕایەوە، خزمەتی کرد. دواتر گەوهەرێکی دایە کە هەموو ئۆنیادای دەناساند. وتروسکیش لە بەرامبەریدا پێستی ئاژەڵێکی دڕندەی قێزەونی دایە، شتێکی ترسناک کە پێشتر هەرگیز شتێک دەربارەی نەبیستراوە....)

**- (بە هەژاریی ڕۆیشت و بە هەژارییش گەڕاوەتەوە. ئایا، وانەی لە ئاوارە بوونەکانی وەرنەگرتوە کە دەگاتە هەر کەسێک، شتێکی بەنرخی بە دیاریی دەداتێ؟)**

**- (بۆ من و تۆ دژوارە، کەسێک کە ئەو ماوە درێژە لە وڵاتی بێگانە ژیاوە، بناسین. سەرەڕای ئەوەش، لەوە بداخم کە ئەو زەقکارییە لە دەست ئێمەدا نەماوە!)**

تەواو

---

١- Tengerla

٢- Niura

٣- Naxos

٤- کۆمەڵێک ئەستێرەی بچووک و گەورە لە کاکێشان و کۆمەڵێک ئەستێرەی گەورە لە نیوکەوانەی باشور.

٥- Cyprus قبرۆس

٦- Eupalin

# بەرهەمە چاپکراوەکانی نوسەر

١- بادانەوە یان پێچەقاندن.

٢- راپۆرت دەربارەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی کوردستان.

٣- کوردایەتی و حیزبایەتی.

٤- کورتە مێژووی ئاواز و گۆرانیی کوردی.

٥- لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و پێداچوونەوە بە بیرەوەرییەکانی کەریم حیسامیی دا.

٦- کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان.

٧- کۆمـاری دیمـوکراتی: ئایـدیۆلۆژی، سـتروکتور، سـتراتیژی، تاکتیـک و کردەوەکـانی پـارتی کرێکـارانی کوردستان PKK. ٦ جار چاپکراوەتەوە. جارێک بە زاراوەی کرمانجی سەرو نوسراوەتەوە.

٨- کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئاڵەکۆک بۆ غەنی بلوریان.

٩- راستییەکان بۆخۆیان دەدوێن.

١٠- کۆمەڵە و چۆنیەتی دامەزران و بەرێوەبردنی، بە هاوبەشیی لەگەڵ عاسـی رەبـاتی، نـەوزاد وەلـی، مسـتەفا ئایدۆغان و ڤێلدان تانریکلو.

١١- چاوخشاندنێک بەسەر وتارەکانمدا.

١٢- باشوری کوردستان لەنێوان دوو هەڵبژاردندا.

١٣- چەککردنی سەربازگەی مهاباد ١٩٧٩.

١٤- کۆماری کوردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧. کراوە بە فارسی.

١٥- رۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی یەکەم.

١٦- رۆژهەلاتی کوردستان لە دە ساڵ دا- ١٩٧٨- ١٩٨٨، بەرگی دووەم.

١٧- کورد لە سوید- لە مێژووی ٢٥ ساڵەی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دا.

١٨- تراویکەی پیلانەکان دژ بە نەتەوەی کورد. کراوە بە فارسی.

١٩- چەواشەکەرانی مێژووی کوردستان.

٢٠- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسێن.

٢١- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی رێزلێنان، بەرگی یەکەم.

٢٢- میدالیای بارزانی بەرزترین خەلاتی رێزلێنان، بەرگی دووەم.

٢٣- ئەحمەد توفیق- سەرکردەیەکی ون لە مێژوویەکی شێوێندراودا.

٢٤- کوردی ئێزدی لە مێژوو کوردستان دا.

٢٥- پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدولا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایک.

٢٦- قازی محەمەد- پێشەوای کورد و سەرۆک کۆماری کوردستان.

٢٧- لە نۆرویژەوە بۆ کوردسـتان، گەشـتێکی رۆژنـامەوانی بـۆ کوردسـتان (بە وێنە)، لە ١٩٧٥دا، ئامـادەکردنی: بەدرەدین ساڵح، من پێشەکیم بۆ نوسیوە.

٢٨- مەلا مستەفا بارزانی- پێشمەرگە و سەرۆک

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کردویەتە کوردی

١- مەکسیکی: نوسینی جەک لەندەن.
٢- مەگەر لە ولاتی ئێوەدا کەر نییە: نوسینی عەزیز نەسین.
٣- کوردەکان: نوسینی حەسەن ئەرفەع، چاپی دووەم.
٤- کورد تورک عەرەب: نوسینی سیسیل جۆن ئیدمۆندس، چاپی سێیەم.
٥- مێژووی شارستانییەت: نوسینی ئیزاک ئاسیمۆف و فرانک وایت.
٦- ئافرەت لە کاروانی مێژوودا: نوسینی سیامەک ستودە.
٧ بەرزبوونەوە و کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان: جەمیل حەسەنلی.
٨- خەبات بۆ ئازادی: نوسینی ئیڤان ئیفریمۆڤ.

## ئەو بەرهەمانەی نوسەر کە کراون بە فارسی

١- جمهوری کردستان ١٩٤٦/١/٢٢- ١٩٤٦/١٢/١٧، حەسەن ماوەرانی.
٢- سراب توطئەها بر ضد ملت کرد: حەسەن ماوەرانی.